# شار

پێشکێشە

بەیادی دووسەد ساڵەی

دامەزراندنی مەڵبەندی لەدایکبوونم .. شار

ح . ع

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**٢**

# شار

ڕۆمان

بەرگی یەکەم و دووەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
شار – رۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٠
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٣٧ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: لێزان عەبدولهادی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

# بەرگی یەکەم

# بەشی یەکەم

## ١

لە ئێوارەی ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەهاری ساڵی ١٩٤٢دا، زەلامێك بەخۆی و کەرێکەوە کە هەرچی شرەوپرەیەکی هەبوو لێی بار کردبوو، لە بەردەرگەی کۆنە خانوویێکی گەڕەکی سەرشەقامدا ڕاوەستا. دەرگەکە، لەو کاتەوەی ڕۆژ دەبووەوە و دەکرایەوە، ئیتر هەتا دنیا تاریك دادەهاتەوە، داخستن و بگرە پێوەدانیشی بۆ نەدەبوو. چونکە ناو خانووەکە، پوورە هەنگێك بوو بۆ خۆی و پێوەدان و داخستنی دەرگەکە، دەبووە کارێکی بێهوودە. بۆیە ئەم پێویستی بەلێدان و چاوەڕێکردنی بەدەنگەوەهاتنی نەبوو. بەکاوەخۆ، کەلوپەلەکانی لەسەر پشتی کەرەکە داگرت. بەدوو سێ باوەش، بردنیە ژوورەوە و گەیاندنییە بەردەمی ئەو ژوورەی، سەرلەبەیانی بەکرێی گرتبوو. ئینجا کەرەکەشی بردە ناو حەوشەکەوە و لە قوڕنەیەکەوە بەستییەوە. لەوەدا بوو وەربچەرخێ و بەرەو لای کەلوپەلەکانی هەنگاو بنێتەوە، میمکە حەلیمی خاوەن خانوو گەیشتە ئاستی و لێی ڕاپەڕی، وتی:

– ئەوە چییە؟! .. ئەمەیشت هەیە؟! .. تۆ هیچ باست نەکرد! . من ڕازی نابم ئەو کەرە لەم حەوشەیەدا بێ. خۆ ئێرە تەویلە نییە!.

سابیری حەماڵ، خراپ پەشۆکا و وەك ئەو خۆشی لە باسەکە بێ خەبەر بێ، لە جێی خۆی چەقی و هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە. تا کاتێ میمکە بەهەڕەشەوە وتی:

– فەرموو .. چۆن هاتوویت وەهاش کەلوپەلەکانتی لێ بار بکەوە و بڕۆ.. دەی فەرموو .. ئێرە تەویلە نییە!.

ئەوسا بەفریای خۆی کەوت. بەزەلیلییەکەوە پچڕپچڕ وتی:

– بەڵام .. بەڵام میمکە .. ئەو کەرە هی من نییە .. هی ناسیاوێکمە .. بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانم لێم خواستووە.

– مەمخەڵەتێنە .. ئەی بۆچی هێناوتە ژوورەوە و بەستووتەوە؟ .. بۆ یەکسەر بۆت نەبردەوە؟.

– ها .. ئاخر!..

– ئاخروماخری پێ ناوێ. ئەگەر درۆ ناکەیت فەرموو.. هیچ لەسەری مەوەستە. بیدە پێش خۆت و هەر ئێستا، لە بەرچاومی ون بکە.

سابیر نەك هەر لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت، بگرە دەستوبرد کەرەکەی کردەوە و دایە پێش خۆی. لە دەرگە کردییە دەرەوە و چوو دایەوە بە ناسیاوەکەی. کاتێکیش گەڕایەوە ماڵەوە و لەوەدا بوو بەرەو ژوورەکەی مل بنێ، میمکە بەگیری هێنایەوە. سەرلەنوێ بەهەڕەشەوە وتی:

– خۆ فرتوفێڵت لەژێر سەردا نییە؟! .. ئەو کەرە نایەتەوە بەم ماڵەدا!.

سابیر هەمدیس، بەزەلیلییەوە لە وەرامدا وتی:

– نەبەخوا میمکە .. دڵنیابە .. هەر ئەوەندە بوو کە بەخاوەنەکەیم وتبوو: فریا ناکەوم ئەمڕۆ بۆتی بهێنمەوە. بۆیە ...

ئەو وەك هێشتا لە دڵدا هەر لێی بەگومان بێ، قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– ئێ .. ئێ باشە! .. بەڵام ئەو کەرە نابێ بێتەوە بەم ماڵەدا. تێ گەیشتیت یان نا؟!.

سابیر ناچار سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند. ئیتر ئەو پشتی تێ کرد و جێی هێشت. ئەمیش خۆی کرد بەژوورەکەیدا.

***

خانووەکە پێوەی دیار بوو کە وەختی خۆی، جێنشینی خێزانێکی خانەدان بووە و بەڵام وردە وردە، بەر جەزرەبەی ڕۆژگار کەوتووە. کە لە دەرگەی حەوشە دەچوویت بەو دیودا، لەلای چەپەوە ڕووەو ڕۆئاوا، خانووە کۆنەکە خۆی بوو، کە لە دوو کەلەگی و پشت هەیوانێك و هەیوانێکی فراوان پێك هاتبوو. هەیوانەکە لە ناوەڕاستدا، بەتەیمانێك کرابوو بەدوو کەرتەوە. بەوە پشت هەیوان و کەلەگیی لای دەستەچەپی، لە کەلەگیی لای دەستەڕاست جیا دەکردەوە و دەبوونە دوو بەشی سەربەخۆ.

ئینجا بەو بەرەوە، ڕاست ڕووەو دەرگەی حەوشە، ریزە ژوور و هەیوانێك بوو کە ئەمان بەپێچەوانەی خانووەکەوە، پێیانەوە دیار بوو، کە لەمێژ نییە دروست کراون و بەتایبەتیش بۆ بەکرێدان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا، حەوشەیەکی پان و بەرینی بەبەرەوە مابوو.

میمکە حەلیم ئەم خانووەی بەمیراتی بۆ نەمابووەوە، بگرە هەشت نۆ ساڵێك لەوەبەر، بەپارەیەکی کەم کڕیبووی و هەر ئەویش ریزە ژوور و هەیوانەکەی ناو حەوشە و تەیمانی ناو هەیوانەکەی، تێدا دروست کردبوون. بەمجۆرە، وەختێ سابیری حەماڵ لەلای میمکە بووە کرێچی، خانووەکە چەندان ئادەمیزادی کەساسی تری وەك ئەمی لە ئامێز گرتبوو.

لە کەلەگییەکەی لای راستدا، میمکەی تاك و تەنیا خۆی. لە کەلەگی و پشت هەیوانی لای چەپدا، حەمە عەلیی مووچەخۆری بچووکی میری، بەخۆی و ژنەکەی و پێنج منداڵەوە. لە ژوور و هەیوانی یەکەمدا نزیك میمکە خۆی، خاوەری بێوەژنی نانکەری گەڕەك. لەوەکەی تەنیشتی ئەودا، خولەی پینەچی و ژنەکەی و چوار منداڵی سەرووپێچکە. لە سێیەمدا، قالەی قۆڵچی و ژنەکەی و دوو منداڵ. ئینجا لە چوارەمدا کە دەکەوتە سەرپەڕەوە ئەوە بوو کە سابیری لەمەڕ خۆمانی تێدا جێگیر بوو.

کاتێ پێی نایەوە ناو هەیوانەکە، دنیا روو لە تاریکبوون بوو. یەکەم شت دەستی برد بۆ فانۆسەکەی و دوای یەك دوو جار ڕاوەشاندنی، نایەوە سەر زەوی و دایگیرساند. ئینجا بردییە ژوورەوە و لە تاقێکدا داینا. بەدوایدا بەشل و شێواوییەوە، کەوتە رێکخستنی کەلوپەلەکانی. نوێن و جلوبەرگەکانی بردنە ژوورەوە و پرێمز و قاپ و قاجاغەکانی هەر لە هەیوانەکەدا هێشتنەوە. کە هەموو شتەکانی لە جێی خۆیان دانان، چوو حەسیرێکی لە بانی لە سووچی بنەوەی ژوورەکەدا ڕاخست. بەسەریدا، دۆشەکە شڕێکی تەنك و سەرینێکی چڵکن. ئیتر وەك ئەرکێکی زۆر زەحمەتی کێشابێ و کاتی حەسانەوەیەکی دووروودرێژی هاتبێ، خۆی هاویشتە سەر جێگەکە و لەسەر گازی پشت ڕاکشا. هەستکردنی بەحەوانەوە، بیر و هۆشی لێ گورج کردەوە و خەیاڵ بردییەوە. وەك هەموو جارەکانی تری، نەجمی بەلەعنەت کردەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

«ئەمە چەند جار گواستنەوە؟ .. ئەمە چەند شوێن و جێگە گۆڕین؟. پازدە .. یا بیست .. یا .. بەلەعنەت بیت نەجمە خێل.. تۆ نەبوویتایە من بۆچی لەوێ هەڵدەکەندرام و دەهاتمە ناو ئەم شارە دوابڕاوەوە!. وەك شەیتان هاتیتە بن کلێشەمەوە و وتت:

– سابیر.. شار زۆر خۆشە!. هەرچیت حەز لێ بێ لێیەتی!. وەرە با بچین و لە ژیانی پڕ چەرمەسەریی ناو ئەم کوێرەدێیە، خۆمان قورتار بکەین.

وتم:

– ئاخر بچین لەوێ چی بکەین؟!. من لە شوانی و تۆ لە سەپانییەکە زیاتر، چیی تر دەزانین بیکەین؟.

بەقسەی لووس لە خشتەت بردم، وتت:

– دڵ لە دڵ مەدە.. هەرچی ئیشێکت پێ خۆش بێ و ئارەزووت لێ بێ، لەوێ هەیە.

نەجمە خێل .. من مەیلم لەم هاتنە ناو شارە نەبوو. بەڵام تۆ لە کۆڵم نەبوویتەوە و ئاخری هەر قایلت کردم. چووم بەدایکە بێوەژنە بێ کەسەکەمم وت:

– دایە .. لەگەڵ نەجمەدا دەچین بۆ شار. دووسێ ڕۆژێکمان پێ دەچێ و دێینەوە.

کەچی هەر ئەو هاتنە شارە بوو! .. ئیتر نە چوومەوە و نە دایکەم جارێکی تر دییەوە».

نەجم پێشتر، دووسێ جار سەری لە شار دابوو. باش شارەزای بووبوو. شەو لە کوێ بخەون؟ .. چی هەرزانە بیخۆن؟ .. چۆن بۆ ئیش بگەڕێن؟ .. چاوساغ ئەو بوو، چاوساغێکی چاکیش. هەر بۆ ڕۆژی دوای گەیشتنیان، بەیانی لەگەڵ مەلابانگداندا ئەمی بەئاگا هێنا. دوای خۆی خست و بردییە ناو بازاڕ. تا ئێستاش لە بیرێتی کە یەکەم وەستا ئیشیان لەگەڵدا کرد، وەستا فەتاحی خوالێخۆشبوو بوو .. هات تۆزێ لێیان ورد بووەوە.

ئینجا لێی پرسین:

– خەڵکی کوێن؟.

نەجم وتی:

– تیلەکۆ.

– تیلەکۆ؟! .. لە چ ناوچەیەکە؟.

– گەرمیان .. لای کفری.

– نەمبیستووە .. بەهەرحاڵ .. کوا ساج و باڵینەکانتان؟.

پێیان نەبوو. وەستا وتی:

– قەیناکا .. وەرن دوام کەون.

سابیر ئەوە یەکەم ڕۆژ بوو لە ژیانیدا، جگە لە شوانی کارێکی تر بکا. گەلێ سەخت و ستەم بوو!. ڕۆژێك و دووان و سیان و هەستی کرد خەریکە دەیتۆپێنێ!. بە نەجمی

وت:

– من خەریکم دەپسێم .. با چۆن هاتووین، وەهاش بگەڕێینەوە دێیە کاولبووەکەی خۆمان.

ئەویش ئەگەرچی وەك ئەم کەنەفت بووبوو، بەڵام بەقسەی لووس، ئەو بیرەی لە مێشکی دەرکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لە دە ڕۆژ زیاتر ئەو ئیشەی بۆ نەکرا و وازی لێ هێنا.

دوایی شاگردیی کەبابچییەکی بۆ ئەم دۆزییەوە و خۆی هەر لەسەر کرێکارییەکەی بەردەوام بوو. ئەمیشیانی بۆ ماوەی دوو مانگ کرد. ئینجا شاگردی چایچی .. شاگردی خومخانەچی، کە هەمووی هەر ئەو بۆی دەدۆزییەوە. تا لە ئەنجامدا لێی بێزار بوو. پێی وت:

– تۆ کابرایەکی بوودەڵە و نەکارەیت. بڕۆ ئیتر نە دەتناسم و نە بمناسە!..

«نازانم بڵێم چی .. هەموو جارێ کە ئاوا بەبیرم دێتەوە، لە ئاستیدا نازانم بڵێم چی!.

ئەو ناهەقی بوو، ناهەقیشی نەبوو .. چی بکەم! .. کارەکانم پێ نەدەکران. بۆ من زەحمەت بوون. من وەك ئەو نەبووم. ئەو بەکرێکارییەکە ڕاهات و دوایی بووە خەلفە و ئێستا وا وەستایەکی باشی لێ دەرچووە. بووەتە خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆی. ژن و منداڵ و خانووی خۆیشی هەیە. منیش .. خوایە تۆبە .. خوا لێی تێك نەدا و دەست بەباڵییەوە بگرێ. چاکەی بۆم زۆر هەبووە. تا پێراریش، هەرچەند تەنگەتاو بووبوومایە، هەر ڕووم تێ دەکرد و یارمەتیی هەر دەدام. ئەو ڕاست دەکا .. من کابرایەکی بوودەڵەم .. زۆریش بوودەڵەم. تۆ بزانە ئەوە حەڤدە ساڵە من چیم بەسەر دێ! .. تۆ بزانە!..».

بەدوایدا، وەك بیر و هۆشی لەوە زیاتر لە عۆیەی دیمەنە پڕ لە ئەشکەنجە و ئازارەکانی ئەو ساڵانەی ژیانی نەیەن، لە کار کەوتن و مت و خامۆش بوون. بەجەستەش، بۆ ماوەیەکی زۆر ورتە و جووڵەی لەبەر بڕا. تا کاتێ لە خۆی بەئاگا هاتەوە، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و لای کردەوە بەلای چەپیدا. چاوێکی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. فانۆسەکە تەواو ڕووناکی دەکردەوە. ڕاست بووەوە و لەو پەنجەرە بچووکەوەی دەکەوتە سەر هەیوانەکە، ڕوانییە دەرەوە. دەرەوە بووبووە تاریکستانێکی ئەموستەچاو. ماوەیەك بینایی بەسەردا ڕاگیر کرد و هیچی نەدەبینی. دەستی برد

چراکە کز بکا تا پاڵ بکەویتەوە و بنوێ، کەچی لەو ساتەدا هەستی کرد تەواو برسییە. لە دڵی خۆیدا وتی: «دەبێ شتێك لە ژوورەکەدا هەبێت بیخۆم؟».

هەر خێرا وەرامی دایەوە کە: «نەء نییە». بەدەمییەوە هەستی برسێتییەکەی، تا دەهات پتر زۆری بۆ دەهێنا. کاری بەوە گەیاند کە ئەمجارە لە دڵی خۆیدا بڵێ: «چۆنە بچم داوای تۆزە خواردنێك لە میمکە حەلیم بکەم؟!. ئا دەچم دەڵێم: لەبەر گواستنەوەکە فریا نەکەوتم لە دەرەوە نان بخۆم، یا شتێ بکڕم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنمەوە بیخۆم».

بەهانەکەی بەلاوە پەسند و بەجێ بوو. هەڵسایە سەرپێ و بەرەو دەرگەی ژوورەکە هەنگاوی نا. لە ژوور و هەیوانیش بەدەرکەوت و پێی نایە ناو حەوشەکەوە. بەڵام لەوێدا گیری خوارد. کە روانییە پەنجەرەی ژوورەکەی میمکە و سەیری کرد تروسکەی لێوە بەدی ناکرێ، زانی کە نووستوە. دەستی لەو شووشت. بیری بۆ ئەوەکانیتر چوو. ئەوان تێیاندا هەبوو هێشتا چرایان دەسووتا. بەڵام چەندە سەری هێنا و برد، زاتی نەکرد روویان تێ بکا. بەکەساسییەوە کشایەوە و خۆی کردەوە بەژوورەکەیدا. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگەکەی تەپاوتلی دا، هێزی خەو بەسەر هێزی برسێتیدا زاڵ بوو. جەستەی لە ئامێز گرت و متی کرد.

## ٢

میمکە حەلیم، ژنەشای هەقیانەتی ناو پوورە هەنگەکە بوو. وەك فەرماندەیەك، فەرمانی بەرپەرچ نەدەدرایەوە. وەك دنیادیدەیەك، ئامۆژگارییەکانی پشتگوێ نەدەخران. وەك بەتەنگەوەهاتوویەکیش، تکای رەت نەدەکرایەوە. ئەوەی دەیوت و دەیکرد، لەلایەن سەرجەم کەسانی ناو پوورە هەنگەکەوە، جێگەی ئەوپەڕی رێز لێنان بوو. بەدڵ گوێڕایەڵی دەبوون و دەستیان بۆ بەسنگەوە دەگرت. بەدڵ خۆشیان دەویست و فەرمایشتی چۆن بووایە، وەهایان دەکرد. ئەمەش لە خۆیەوە نەهاتبوو. هۆیەکەی لە بنەڕەتدا دەگەڕایەوە بۆ میمکە خۆی.

ئەو وەختێ خانووەکەی کڕی، لە سەرەتادا چوار مانگی پڕ لە غەمگینی و کەساسیی گەلێ سامناکی تێدا بەسەر برد. هەستکردن بەتەنیایی لەو حەوشە و خانووە بەرینەدا، دەیپڕووکاند و هەراسانی دەکرد. فێری ئەم تەنیاییە نەبووبوو. پێشتر لەگەڵ رەحمەتییەکەی مێردیدا، لە هۆدە و هەیوانێکدا دەژیان لە خانوویەکدا کە دوو خێزانی تریشی تێدا بوون. بەڵام هەر دوای مردنی پیرەمێردەکەی بەساڵێك، خانوو فرۆشرا و خاوەنی نوێی، ئەمانی پەرەوازە کرد. ئەوسا بەناچاری بیری بۆ ئەوە چوو، بەو هەندە پارەیەی پیرەمێرد بۆی بەجێ هێشتبوو، ئەم خانووە بکڕێ و تیایدا ساکن ببێ.

لەو ماوەیەدا زۆرجار کە بیری لە وەزعی خۆی دەکردەوە، دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خانووەکە بفرۆشێتەوە و بچێ ژوورێك بەکرێ بگرێ. بەڵام حەمە عەلی، وەك فریشتەیەك بەفریای کەوت و رێگەی دامەزراندنی ئەم مەملەکەتەی لێ رووناك کردەوە.

قرچەی گەرمای نیوەڕۆیەکی هاوین بوو کە لە دەرگەی حەوشەیان دا. کە لێی کردنەوە و بینینی، قرچە لە دڵییەوە هات، بەتایبەتی بۆ ژنەکەی کە دیار بوو منداڵێکی شیرەخۆرەی لەژێر عەباکەیەوە بەباوەشەوەیە. یەکسەر بەبێ ئەوەی بزانێ چییان دەوێ، تای دەرگەی بۆ خستنە سەر گازی پشت و وتی:

– فەرموون .. فەرموون وەرنە ژوورەوە.

حەمە عەلی ویستی قسە بکا، وتی:

– میمکە .. ئێمە ...

ئەو قسەکەی پێ بڕی، وتی:

– فەرموون .. جارێ وەرنە ژوورەوە .. ئاوێکی سارد بخۆنەوە و کەمێ بحەوێنەوە.

بەناچاری ملیان بۆ دا. ئەویش بردنی و لە هەیوانەکەدا داینیشاندن. ئەمجاریش سەرنجێکی دانێ. ژنە عەباکەی لە سەری کردبووەوە و بەپەڕۆیەك ئارەقی لە سەر و ڕووی منداڵەکەی دەسڕی، لە کاتێکدا خۆی ئارەق بەچۆڕاوگە، بەروخسار و لاملیدا دەهاتە خوارەوە.

میمکە کەوتبووە ژێر کاری شەپولی دڵ پێ سووتانەکەوە و تەنیا لەم رووەوە تێی دەڕوانین. بەپەلە بەفراوێکی ساردی دانێ. ئینجا چوو باوەشینێکی هێنا و دایە دەستی دایکە. ئەوسا بەرامبەریان دانیشت و وەك ئان و سات، بیری بۆ ئەوە چووبێ کە دەبێ کارەساتێکیان لێ قەومابی، وتی:

– چ خێرتانە؟ .. چیتان لێ قەوماوە؟!.

حەمە عەلی چاوێکی بەدەوروپشتی خۆیدا گێڕا و وتی:

– میمکە .. بۆ هۆدە و هەیوانێك دەگەڕێین بەکرێی بگرین.

ئەو سەرسام بوو!. بیری بۆ هەرچییەك بچووایە، بۆ ئەمەیان نەدەچوو!. وتی:

– بەم قرچەی گەرمایە؟!.

– چی بکەین! .. خاوەن خانووەکە پێی لێ کردووینەتە کەوش و ناچاری کردووین. لە چێشتەنگاوەوە ئێمە دەگەڕێین.

بەمجۆرە، حەمە عەلی بۆی بووە فریشتەکە و ڕێگەکەی لێ ڕووناك کردەوە. ئەوانی خستە ناو پشت هەیوان و کەلەگییەکەی لای چەپەوە و تەیمانەکەی لە ناوەڕاستی هەیوانە بەرینەکەدا دروست کرد. خۆشی کەوتە ناو نیوە هەیوان و کەلەگییەکەی لای راستەوە. بەوە بناغەی مەملەکەتەکەی میمکە دامەزرا و لەوساوە ئیتر، هەر کەسێ ڕێگەی تێی بکەوتایە، لە خێروبێری بێ بەش نەدەبوو.

***

سابیری حەماڵ هەر لە یەکەم رۆژییەوە، وەك هەر ئەندامێکی تری ناو مەملەکەتەکە، کەوتە ژێر باڵی سۆزی دایکایەتیی میمکەوە. کە لە خەو هەڵسا، یەکەم شت زەبری برسێتییەکەی شەوێی بوو، مێشکی بزواند و چاوی پێ کردەوە. کە راست بووەوە و هەڵی روانی، لە پەنجەرەکەوە هەیوان و حەوشەکەی کەوتنە بەرچاو. وەهای بۆ چوو کە کات نزیکی چێشتەنگاوە. ئەم درەنگ لە خەو هەڵسانە، لەلای خۆی زۆر ئاسایی بوو. هیچ گوێی نەدایە و بۆ ماوەیەکی تر، هەر لەسەر ئەو باری دانیشتنە مایەوە، تا زەبری برسێتییەکە زۆری بۆ هێنا. خۆی خستە سەرپێ و کەوتە خۆکۆکردنەوە. لەوەدا بوو بەرەو دەرەوە هەنگاو بنێ و دەنگی میمکەی هاتە بەرگوێ، کە بەدەرگەکەیدا دەکێشا و دەیوت:

– سابیر .. هۆ سابیر!.

ئەم بەدەم کردنەوەی دەرگەکەوە وتی:

– بەڵێ .. بەڵێ میمکە.

– هەڵساویت؟!

– ئا بەڵێ .. ئەوە نییە.

– ئێ ئاخر کورم وا نیوەڕۆیە .. ئەی ناچیت..

لەو ساتەدا، ئەم گەیشتە ناو هەیوانەکە. ئەویش قسەکەی بەخۆی بڕی و کەمێ لێی راما.

ئینجا لەسەری رۆیشت و وتی:

– ئەی ناچیت بۆ ئیش؟ .. وا نیوەڕۆیە!.

سابیر کەمێ شڵەژا. سەرەتا نەیزانی چی بڵێ. دوایی بەفریا کەوت و وتی:

– با .. با وا دەچم .. ئەوە نییە خۆم ئامادە کردووە؟.

میمکە وەك گومانی لێی هەبێ، سەرنجێکی وردی بەمەغزای دایە و هیچی تری نەوت.

لە کاتێکدا سابیر بۆ خۆرزگارکردن لە سەرنجەکەی، لە هەیوانەکە دەرفرتایە دەرەوە و بەخێرایی خۆی کرد بەودیو دەرگەی حەوشەکەدا.

میمکە لەو بابەتە مرۆڤە نەبوو، فرتوفێڵی بەئاسانی بەسەردا تێ بپەڕێنرێ. رۆژێك

و دووان و سیان و سابیر ئەوە پیشەی بوو. جگە لەوەی کە دەڕۆیشتە دەرەوە، زۆری پێ نەدەچوو دەهاتەوە و خۆی دەئاخنییەوە ناو ژوورەکەی. ئینجا لە دەمەدەمی عەسردا، سەرێکی تری لە دەرەوە دەدایەوە و هەر زوو دەگەڕایەوە. بۆیە لە رۆژی چوارەمدا، چووە وێزەی. ئەو وەختە تازە لە خەو هەڵسابوو. لە هەیوانەکەدا خەریکی چا لێنان بوو. بە سۆزە دایکانەکەیەوە پێی وت:

– کوڕەکەم .. هیچم لێ مەشارەوە. من زوو پێم وتیت: ئەوەی دێتە ئەم ماڵەوە و تیایدا ساکن دەبێ، من بەجگەرگۆشەی خۆمی دەزانم. پێم بڵێ .. چیت لە دڵدایە .. چ گرفتێکت هەیە .. چیت بەسەر هاتووە بۆمی باس بکە و یاریدەت بدەم؟!.

ئەم لە قسەکانی تەواو سەرسام بوو. نەیدەزانی مەبەستی چییە!. بەسەرسوڕمانەوە لە وەرامیدا وتی:

– هیچ میمکە .. هیچم بەسەر نەهاتووە!.

– چۆن هیچ؟! .. تۆ ئەوە چوار رۆژە خۆت ئاخنیوەتە کونی ژوورەوە. ئەی تۆ نەتوت ئیشم حەماڵییە؟.

– با .. بەڵێ.

– ئەی کوا؟! .. بۆچی ناچیت بۆ ئیشکردن؟.

– ها؟! .. ئاخر .. من ..

– ئاخر تۆ چی؟ .. نەخۆشیت؟! .. دەردەداریت؟! .. ئەی چ خێرتە بڵێ بزانم.

– نەء .. هیچم نییە .. هەر دەمەوێ تۆزێ بحەوێمەوە.

میمکە لەوەبەر لە دڵی خۆیدا، گومانی لێ پەیدا کردبوو کە چ جۆرە مرۆڤێکە. بەڵام ئـەم گفتوگۆیەی لەگەڵیدا، گومانەکەی لەلا کردە راستییەکی زەق. بۆیە هەر خێرا بڕیاری خۆی دا و لە روویدا، بووە ئەو فەرماندەیەی کە فرمانی نابێ رەتکردنەوەی بۆ هەبێ. بەدەستی چەپی، یەخەی توند لە مشت گرت و بەلای خۆیدا رای کێشا، تا تەواو سەر و روخساری لە خۆی نزیك کردەوە. ئینجا بەدەستی راستی، پەنجەی شایەتمانی لە رووردا راوەشاند و بەهەڕەشەوە وتی:

– سابیر .. دەبێ ئیش بکەیت .. دەبێ رەنج بدەیت .. رەنج. تێم دەگەیت چیت پێ دەڵێم؟. تەمەڵ و تەوەزەل لەم خانووەدا جێگەی نابێتەوە .. تێم دەگەیت؟.

ئەم پەلامـاردانەکەی بـەلاوە زۆر لـە نـاکـاو بـوو. لـە ئـاسـتیدا حـەپـەسـا و نـەیـدەزانـی چـی بڵێ!.

تا وەختێ هەڕەشەکەی لێ دووبارە کردەوە و وتی:

– دەبێ ئیش بکەیت ئیش .. تێ گەیشتیت؟.

بەپەلە لە وەرامیدا وتی:

– بەڵێ .. بەڵێ باشە .. بەڵێ بەسەرچاو.

ئەوسا ئەویش لەلای خۆیەوە، دەستی لە یەخەی بەردا. ئەمجارە بەهێمنییەوە وتی:

– یانی سبەینێ بەیانی زوو، لە خەو هەڵدەستیت و دەچیت .. وانا؟.

– با بەڵێ.

میمکە دووسێ هەنگاو لێی چووە دواوە. کەمێ لێی ورد بووەوە. ئینجا وتی:

– برسیت نییە؟.

– نەء.

– هیچت پێویست نییە؟.

– نەخێر.

– شەکر و چا .. نان .. نەوت؟.

– نەء .. هەمن.

– شەوێ چراکەت نەدەسووتا.

– ئەوی راستی بێ نەوتم نەمابوو! .. نەمدەزانی نەماوە!.

– پارەت پێیە؟

– ئا بەڵێ.

– راستم پێ بڵێ .. درۆم لەگەڵدا مەکە.

سابیر خێرا دەستی کرد بەگیرفانیدا. شڕە جزدانێکی دەرهێنا. یەکالای کردەوە و خستییە پێش چاوی. ئیتر میمکە کە لێی دڵنیا بوو، پشتی تێ کرد جێی بهێڵێ، بەلام دوای دووسێ هەنگاو، وەرگەڕایەوە و وتی:

– نیوەڕۆ نان مەخۆ، من خواردنت بۆ دێنم. حەزت لە چییە؟.

– عەزێتە میمکە .. پێویست ناکا.

– لەسەری مەڕۆ .. حەزت لە چییە؟ ..

– هەرچییەك بێ لێت بەزیاد بێ .. هەرچییەك بێ ..

***

خاوەر کە ئەو کاتە لەبەر بەلووعەی ناو حەوشەکەدا خەریکی جلشتن بوو، وتە بەوتەی ئەم گفتوگۆیەی گوێ لێ بوو. بەدەمییەوە، شەپۆلی شانازی و خۆشەویستییەکی قووڵ بەرامبەر بەمیمکە، دڵ و دەروونی هەژاند و وردە وردە چۆڕاوگەی فرمێسکی لە چاوانیدا تەقاند!.

ئەمێك کە هەر لەگەڵ فامکردنەوەیدا خۆی بەبێ دایك بینیبوو، لەوساتەوەی پێش چوار ساڵ، بەبووکی بۆ کەریمی ڕەحمەتیی مێردی پێی نایە ئەم خانووەوە، میمکەی بۆ بووە دایکێکی بەهەقیانەت دایك. تا ئێستاش وەك دوێنێ ڕووی دابێ، لە بەرچاوێتی کە چۆن بەپیرییەوە هات و باوەشی پێدا کرد. چۆن ئەملا و ئەولای ماچ کرد و بەڕوویەکی گەش و خۆشەوە، بەرەوژووروو هەیوانەکەیان بردی. ئینجا کە دانیشتن، یەکەم قسەی ئەوە بوو کە وتی:

– کچە شیرینەکەم .. با پێت بڵێم .. کەریم ئەوە حەوت مانگە لەمماڵەدا لەگەڵمدایە. نازانم باسی بۆ کردوویت یان نا؟. من بەرامبەر بەو کەسەی دێتە ئەم خانووەوە، قەت ئەو بە کرێگرتەو خۆم بەخاوەن خانوو نازانم، بەڵکو بەمنداڵی خۆمی دادەنێم. سا حەز دەکەم ئاگەدار بیت کە لەم ساتە بەدواوە، تۆ کچمیت و من دایکت. کچ چی لە دایکی دەوێ و چۆن لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکا، وەهام لەگەڵدا بکە. وتت چی کەریم؟.

کەریم کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بەدیاریانەوە ڕاوەستابوو سەیری دەکردن، لە ناخدا گەزگەز باڵای بەقسەکان دەکرد و پێیان دەگەشایەوە. لە وەرامیدا، لەپی دەستی دا بەلاملی خۆیدا و بەدەنگێکی پڕ لە گەشکەدارییەوە وتی:

– ئۆباڵ بەم گەردنەم، هەرچیت وت گەردی پێوە نییە. حەوت مانگە لەگەڵتام و لەدایك دایکتر بوویت بۆم. نەك هەر بۆ من، بۆ هەمووومان.

ئەم لە بەهەشتێکەوە نەهاتبوو تا پێی بوترێ: دڵ لە دڵ مەدە و ئێرەیش هەر



میمکە حەلیم

بەهەشتە، بگرە لە دۆزەخێکەوە هاتبوو. شەش ساڵی ڕەبەق بوو، کارەکەری خێزانێکی چڕی پڕ لە منداڵی چەتوون بوو کە ڕۆژان ئازار و ئەشکەنجەیان پێ دەنۆشی. تا خوا کەریمی وەك فریشتەیەك بۆ نارد و دوای چەرمەسەرییەکی زۆر، لە چنگیانی دەرهێنا. بۆ کوێش؟ .. نەك هەر بۆ ناو لانەی ماڵ و مێردی خۆی، بگرە بۆ بن باڵی دایکێکی بەهەقیانەتیش دایك.

ئەم لەو ساتانەدا، شەرمی تازەبووکییەکەی دەمی بردە کلیلە و هیچی بۆ نەوترا و نەکرا. ئەمێکی ژەم بوردە تەنانەت لە دوو لەبزی شیرینی ئاوەها، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد راپەڕێ و بەجۆش و خرۆشەوە بچێ، هەر هیچ نەبێ لە پاداشتی ئەو لەبزە شیرینانەدا دەست و پێی ماچ بکا، کەچی بۆی نەکرا. بەڵام دوایی کار بەوە گەیشت کە زۆر ئاسایی بێ ئەم بچێ دەستی ماچ بکا، ئەویش سەری ئەم بخاتە کۆشی خۆیەوە و بۆی بدۆزێ، یا لە بەردەمی خۆیدا دایبنیشێنێ، قژی بۆ دابێنێ و پرچی بۆ بهۆنێتەوە.

– خاوەر .. خاوەر ..

میمکە بوو هاتبووە بەرامبەری و بانگی لێ دەکرد. بەڵام خاوەر لێی بەئاگا نەهات. هێشتا بەدەست و بازوو، جلەکانی لەناو تەشتەکەدا هەڵدەگلۆفت و بەچاو فرمێسکی دەچۆڕاندە خوارەوە. تا کاتێ ئەو بەرامبەری هەڵترووشکا، دەستی برد هەردوو قۆڵی گرت و ڕای وەشاندن و وتی:

– خاوەر .. کچەکەم .. چ خێرتە؟ .. بۆ دەگریت؟!.

ئەوسا وریا بووەوە و ڕاچەنی. فرمێسك بەری بینایی لێ گرتبوو. دەستی راستی بەرز کردەوە چاوی پێ بسڕێ، سەیری کرد کەفاوییە. گێرایەوە و لایدا بەلای جلە چڵکنە وشکەکاندا. میمکە نەیهێشت بەردەوام بێ. نەویـیە بن پاڵی و بەرزی کردەوە. بەکراسەکەی خۆی هەردوو دەستی لە کەفاوەکە سڕی و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی. لەوێ داینیشاند و سەری خستە کۆشی خۆیەوە. بەدەنگە پڕ لە سۆزە دایکایەتییەکەی وتی:

– خاوەر .. کچە شیرینەکەم .. پێم بڵێ .. بۆچی دەگریت؟!.

بەدەم کوڵی گریانێکی هێجگار بەجۆشەوە، تەنیا وتی:

– کەریم .. میمکە گیان .. کەریم ..

میمکە لە قسەکەی سەرسام بوو. کەریم لە سێ ساڵ و نیو لەوەبەرەوە، لە شەڕێکی

ئـان و ساتـی لـەگـەڵ دراوسیٚ دووکـانـێکدا، کێردێك چـەقـێنرابـووە گـازەرای پشتـی و فەوتێنرابوو.

خاوەریش تا ماوەی پتر لە ساڵێك بۆ کەریم ژیانی لەم تاڵ کردبوو، بەڵام لەوە بەدواوە وردەوردە هێور بووەوە و ئیتر ئاسایی رۆژگاری بەسەر دەبرد. دەیسا دەبیٚ ئەم هەڵچوونەی بیرەوەرییەکەی لە پای چی بیٚ؟!.

میمکە بەدرێژایی ئەو رۆژە و بۆ شەوێش تا خەو بردییەوە، بیروهۆشی هەر بەو باسەوە خەریك مابوو!.

***

٣

هەڕەشەکەی میمکە لە سابیر، ئەنجامێکی چاکی هەبوو. بەسەرێك وای لی کرد کە ئەگەر لەوەپێش ڕۆژێك حەماڵییەکەی بکردایە و سێ ڕۆژ پاڵی لێ بدایەتەوە، لەو وەختەوە وای لێ هات کە بەلایەنی کەمەوە، سێ ڕۆژ بیکات و ڕۆژێك پاڵی لێ بداتەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی هێندەی میمکە بۆی بکرایە، هەوڵی دەدا بەری پاڵدانەوەکەی لێ بگرێ، یاخۆ هیچ نەبێ نەیەڵێ خۆی بئاخنێتە ناو ژوورەکەیەوە. بەسەرێکی تر، ڕێگەی خۆش کرد سابیر و خاوەر لە ماوەیەکی کەمدا ببنە هاوسەری یەکتر. حیکایەتەکەش کە میمکە خۆی شانازیی پێوە دەکرد و زۆرجار بەخۆشنوودییەوە دەیدایەوە بەگوێی دانیشتوانی مەملەکەتەکەیدا، بەمجۆرە بوو:

بۆ بەیانیی ڕۆژی دوای هەڕەشەکە، هەر هێندەی میمکە پێی نایە هەیوانەکەی سابیرەوە و ویستی بانگی لی بکا، ئەو گورج لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە و لە بەردەمیدا قوت بووەوە. وتی:

– ئەوەتام .. ئامادەم .. وا دەڕۆم.

میمکە گەلێ پێی دڵشاد بوو. بۆی پێ کەنی. گەشکەیەکی هەستکردن بەسەرکەوتن لە ناخیدا برووسکەی دا. بەدەم هەنگاونانیانەوە بەرەو حەوشە، پەیتا پەیتا دەیوت:

– ئافەرم .. ئافەرم .. ئەئاوا .. هەموو ڕۆژێك ئەئاوا ... باشە؟.

ئەویش وەك منداڵێك و دایکی بەسۆزەوە فرمانێکی پێ بکا، بۆی دەسەلماند و دەیوت:

– باشە .. بەسەرچاو ... باشە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، میمکە بواری تەمەڵی و تەوەزەلییەکەی جارانی لێ بڕی. هەردەم چاودێریی دەکرد و لێی دەپرسییەوە. بگرە زوو زوو هەواڵی ئیشکردن و دەستکەوتەکەشی لێ دەپرسی و بەدەمییەوە، کەوتە ئامۆژگاریکردنی لە چۆنێتیی مەسرەفکردن و ڕێکخستنی ژیانی خۆیدا. لە سەرەتادا هەوڵی ئەوەی لەگەڵدا دا، نەیەڵێ لە چوونی بۆ ئیشکردندا ڕۆژبوێری بکا. بەڵام کە سەیری کرد پێداگرتنی لەسەر ئەم

مەسەلەیە، لەوانەیە هەر بەتەواوی ریسەکەی لێ بکاتەوە بەخوری، وای بەچاك زانی لەم رووەوە هەندێ چاوپۆشیی لێ بکا.

ئینجا کەوتە هاندانی بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ ژوورەکەی. یا ئازووقە بکڕێت و لە بریی نانخواردنی ناو بازاڕ، خواردن لە ماڵەوە بۆ خۆی ئامادە بکا. دواجار خستییە سەر ڕێگەی تەقەلادانی کۆکردنەوەی هەندێ پارەکە بۆ کاتی پێویستی یا تەنگانە بەفریای بکەوێ.

میمکە ئەگەرچی ئەم جۆرە مامەڵەیەی لەگەڵیدا، ڕەوشت و ڕەفتارێکی ڕەسەنی خودی خۆی بوو، نەك هەر لە ئاستی ئەمدا بگرە بۆ هەمووان، بەڵام لە ئامانجێکی خێرخوازیی تریشی بەدەر نەبوو کە هەر لە ڕۆژانێکی زووەوە لە مێشکیدا سەری هەڵدا. بۆیە ڕۆژێکیان لە ناکاوێکدا لێی پرسی:

– ئێستا چەندت پارە هەیە؟.

ئەو وەك پرسیارەکەی بەلاوە سەیر بێ، وتی:

– پارە؟! ...

– ئا .. ئێستا چەندت هەیە؟.

ئەم لەلای خۆیەوە وەهای بۆ چوو کە ڕەنگە خراپی لێ تێ بگا، بەدوایدا هەر خێرا وتی:

– گوێ بگرە .. چەند مانگە تۆ لێرەیت؟.

– چوار مانگ.

– نەء .. چوار مانگ و دە ڕۆژ.

– ئا .. ئا .. بەڵێ.

– ناسیوتم چیم و چۆنم؟. یا با بڵێین: لێم دڵنیا بوویت کە من لە جێی دایکتم و وەك دایکێکم بۆ تۆ و بۆ هەمووان.

– ئا بێگومان .. بێگومان .. لە دایکیش زیاتریت.

– کەوابێ ئێستا چەندت پارە هەیە؟.

ئەو وەك سەرسامییەکەی تەواو لێ ڕەوییبێتەوە و گرێکوێرەکەی بۆ کرابێتەوە، دەستی

برد بۆ ژێر سەرینەکەی. پارچە پەڕۆیەکی گرێدراوی دەرهێنا و خستییە بەردەمی. ئینجا دەستی کرد بەباخەڵیدا و جزدانە شڕەکەی خستە پاڵ پارچە پەڕۆکە. بەدوایدا بەکەیفخۆشییەوە وتی:

– ئەوەندە .. فەرموو.

– چەندە؟.

– وا تێ دەگەم سێزدە دینارە.

– کەمە .. وادیارە گزیت لێ کردووم. هەموو ئەو ڕۆژانە ئیشت نەکردووە کە لای من دەتوت کردوومە.

– نە بەخوا درۆم لەگەڵدا نەکردوویت. ئاخر خۆ لەسەر قسەی تۆ، زۆریشم کەلوپەل کڕیوە. ئەوە نییە .. سەیرکە .. خۆت دەزانیت ...

– باشە .. قەیناکە. ئێستا پێم بڵێ: حەزدەکەیت ژن بهێنیت؟. حەز دەکەیت ببیتە خاوەن ژن و ماڵوحاڵی خۆت؟.

ئەمجاریش پرسیارەکەی زۆر بەلاوە لە ناکاو بوو. ئەو مێشکی لە ئاستی ئەم جۆرە پرسیارانەدا، رادەوەستا و لە کار دەکەوت. ماوەیەکی دەویست تا زەفەر بەوەرامدانەوەیان بەرێ. وتی:

– ژنهێنان؟!.

میمکە وتی:

– ئا .. ژنهێنان .. ئا .. حەزی پێ دەکەیت؟.

ئەو لەبەرئەوەی هەر نەیدەزانی لە کوێوە قسە دەکا، تەنیا وتی:

– نازانم .. میمکە نازانم بڵێم چی!.

میمکە بەنیمچە توورەبوونێکەوە، دەنگی لە روویدا بەرز کردەوە و وتی:

– کورە کەی ئەمە قسەیە تۆ دەیکەیت!. بڵێ ئا یا نەء. خۆ من لەخۆڕایی نییە ئەم هەموو ڕاووڕێوییەت بۆ دەهێنمەوە. دەتەوێ ژنت بۆ بهێنم یا ناتەوێ؟!.

ئەوسا بەپەلە لە وەرامدا وتی:

– ئا .. بەڵێ .. بەڵێ .. دەمەوێ.

– لێم دڵنیایت کە دایکتم و وەك کوڕی خۆم سەیرت دەکەم.

– بەڵێ.

– ئەگەر ئەو پارانەشت ببەم و لای خۆم بۆتیان هەڵبگرم، دڵت غایلە ناکا؟.

– قەت نەء.

– دەگوێ بگرە .. ئا .. با بزانم ..

میمکە پارەی ناو پارچە پەڕۆکەی دەرهێنا و ژماردی. چواردە دینار بوو. هەروەها ئەوەی ناو جزدانەکەش کە دینار و نیوێك بوو. ئینجا وتی:

– پازدە و نیوە نەك سێزدە.

– بەڵێ.

– ئەوە دینار و نیوێکی با لەلای خۆت بمێنێتەوە. ئەم چواردەیەشی دەکەوێتە لای من.. چاکە؟.

– چاکە.

– دەگوێ بگرە .. من لەلای خۆمەوە بووکم بۆ دەستنیشان کردوویت و ئامادەی گواستنەوەیە. تۆیش ئیتر خۆت و چالاکی و گورجوگۆڵیت، لە ئیشکردن و پاشەکەوتکردنی پارەیەکی وەهادا کە بەزووترین کات کارەکەی پێ مەیسەر بکرێ.

ئەم دواین قسانە، گەشکەیەکی خۆشحاڵیی پێ دا. لەوەدا بوو دەم هەڵێنێتەوە و بپرسێ: کێیە، میمکە بواری پێ نەدا. هەر خێرا بەدوای قسەکانی پێشوویدا وتی:

– مەشپرسە کێیە؟ .. چەمکی مەردانەی لێ بکە بەلادا، چۆنم پێ وتیت وەها بکە و هەقت نەبێ .. باشە؟!.

لە وەرامیدا وتی:

– بەسەرچاو .. تۆ چۆن دەفەرموویت من وا دەکەم.

سابیر ئەگەرچی دوای مارەکردنی خاوەر، هەر زوو ئەو گڕ و کفەی لە ئیشکردندا خاو بووەوە و ڕووی لە تەمەڵی و تەوەزلییەکەی کردەوە، بەڵام نەیدەگەیاندە رادەی بێ تامی، بەتایبەتی کە میمکە و خاوەر هەموو کات دەنووکیان لەسەری بوو. ئەو بەسەرزاری بەیانییان ئاسایی بەرەو ناو بازاڕ ملی دەنا. نیوەڕوانیش دەگەڕایەوە،



سابیری حەماڵ

ژەمە نانەکەی دەخوارد و دەچووەوە دەرەوە. ئینجا دەمەدەمی ئێوارە دەهاتەوە. بەم پێیە دەیسەلماند کە درێغی ناکا و ئەرکی سەرشانی خۆی، بەرامبەر خێزانداریيەکەی بەجێ دێنێ. لە کاتێکدا ئەمان بەدەسکەوتەکەیدا دەیانزانی لە دیواخان چ باسە!. میمکە زوو زوو، یەخەی دەگرت و دەیوت:

– کوڕە سابیر بەسە .. تەمەڵی و تەوەزەلی بەسە. بوویتەتە خاوەن ژن و ماڵوحاڵ و ئەوەتا منداڵی یەکەمت بەڕێوەیە. دیارە بەدواشیدا ریزی پێوە دەگریت. دەبن بە دوو، بە سێ، بە شەش و زیاتریش. بەم وەزعەتەوە چۆنیان بەخێو دەکەیت؟!. عەیبە کوڕەکەم .. نە شەلیت .. نە کوێریت .. نە لاواز و بێهێزیت. ملت بەچوار تەور نابڕدرێتەوە. دەبەسە ئەم تەمەڵی و تەوەزەلییە. تۆ بڕوانە ژنەکەت .. ئەوە هی ئەوەیە بچێ بەو ورگەوە نانکەری بکا؟!.

ئەم قسانە کاریان زۆر تێ دەکرد و لە ناخدا، گەلێ پێیان پەرێشان دەبوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد چۆنی پێدەووترێ وەها بکا. بگرە هەموو جار، تەکانیشی دەدایە بەرخۆی و بۆ ماوەی چەند رۆژێك گورج دەبووەوە. کەچی وردە وردە، دەقەکەی لەوەبەری دەگرتەوە و سەرلەنوێ، فسی دەدایەوە. تا جارێکیان میمکە گەیشتە تینی، چاوی لێ پەڕاندە پشتی سەری و پێی وت:

– ئەرێ کابرا تۆ پیاویت؟! ، ، توخوا تۆ خۆت بە پیاو دادەنێیت؟!. حاشا .. سەدجار حاشا. ئەگەر موویەکی پیاوەتیت لە جەستەدا بووایە، ئەم هەموو فەزیعەتەی پێتی دەکرێ، هەر هیچ نەبێ بەئاستەمێك کاری تێ دەکردیت.

ئەو بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە و بەدەنگێك کە زەلیلی و دەستەوستانی لێ دەتکا، لە وەرامیدا وتی:

– بەدەست خۆم نییە میمکە .. وەڵڵا بەدەست خۆم نییە!. من پڕ بەدڵ حەز دەکەم و هێجگار زۆریش لە خۆم دەکەم کە ئێوە چۆن دەڵێن وەها بکەم، کەچی بۆم ناکرێ. نازانم بۆچی .. نازانم! .. خۆشم نازانم!.

میمکە کە خۆی ئامادە کردبوو هەر هیچی تێدا نەهێڵێتەوە و تەواو ڕیسوای بکا، لە ئاستی هەم قوڕگە پڕ لە گریانەکەی و زەلیلییەکەی و هەم مانا و مەغزای قسەکانیدا، حەپەسا و سەرسام بوو!. سەرنجێکی دایە خاوەر کە بەخۆی و ورگی هەڵاوساوییەوە، لە هەیوانەکەدا پاڵی دابوو بەدیواری تەنیشت دەرگەی ژوورەکەوە و هەردوو قاچی

درێژ کردبوون. لە چاو و ڕووی ئەویشدا، جۆرە تکا و پاڕانەوەیەکی خوێندەوە کە زوو لێی تێ گەیشت. هەر خێراش هێنایەوە بیری خۆی کە هەرچەندە دووقۆڵی باسیان لە سابیر بووبێ، ئەو لە دوا قسەیدا وتوویێتی:

– تەمەڵی و تەوەزەلییەکەی لێ دەرچێ، تا بڵێی پیاوێکی باشە.

بۆیە هەر خێرا یەخەی بەردا و بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ، جێی هێشتن. ئیتر سابیر بەپرتاو خۆی کرد بەژووردا. زۆری پێ نەچوو دەنگی هەنسك هەڵدانێکی کپی، گەیشتە بەرگوێی خاوەر کە لەلای خۆیەوە، زۆر دڵی پێی سووتا و بۆی تەنگەتاو بوو. تەقەلای دا یەکسەر خۆی بخاتە سەرپێ و بەخێرایی بچێ بەلایەوە، بۆی نەکرا و ناچار یەکەم جار خۆی خستە سەرلا. ئینجا ئەوساش بەزەحمەت خۆی بۆ خرایە سەرپێ و هەنگاوی نایە ژوورەوە. چوو لە تەنیشتییەوە دانیشت. ئەم بەدرێژاییی دە مانگی ژن و مێردایەتییەکەیان، لەو سیفەتی تەمەڵی و تەوەزەلییەی زیاتر، هیچ خراپەیەکی تری لێ نەدیبوو. بگرە بەپێچەوانەوە، کە میمکە هەر دوای ماوەیەك لێی پرسی:

– چۆنی دەبینیت؟.

لە وەرامیدا لە دڵەوە وتی:

– پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و بێ وەیە.

لەبەر ئەوە خاوەر لە ناخدا، ناڕەزاییەکی ئەوتۆی، بەرامبەری نەبوو. بگرە وای دادەنا کە ئەم بە نانکەرییەکەی، پارسەنگی تەوەزەلییەکەی ئەو دەداتەوە و بەم بارەدا گرفتەکە، دەچێتە رادەی نەبووانەوە. ڕۆژان و شەوانی ژن و مێردایەتییەکەیان لە مەملەکەتەکەی میمکەدا، ئاوەها بەسەر دەبردن. تا مریەمیان هێنایە دنیاوە و شیرازەی ئەو ژیانەیان لێ تێك چوو!.

***

هاتنە دنیاوەی مریەم، بریتی بوو لە دانانی گەرای مردنی دایکی. دایکە خۆی نەبێ، قەت هیچ کەسێکی تر بەم ڕاستییەی نەزانی. هەموو ئەو نەخۆشییەی تووشی هات، دەیاندایە پاڵ منداڵی دووەم کە دوو هەفتە ژیا و مرد. لە کاتێکدا ئەو خۆی چاکی دەزانی کە لە یەکەم ساتی بوونی مریەمەوە بووە و بەڵام لە دووەمدا، لێی دیاری دا و زەیفی لێ سەند. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێکی خۆشدەویست و بەهیچ کلۆجێ، نەك ئەو ڕاستییەی لەلای کەس نەدرکاند، بگرە لە ناخی خۆیشیدا قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان، بەلای گلەیی لێ کردنیدا نەچوو.

خۆشەویستییەکەی بەرامبەری، شێوەی هۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری وەرگرتبوو. تەنیا لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا کە دەچوو بۆ نانکەرییەکەی، بەناچاری لەلای میمکە بەجێی دەهێشت، دەنا لەوە بەدواوە بواری نەدەدا بە سات لێی دابپڕێ. هەردەم، یا لە سنووری ناو خانووەکەشدا بووایە، یا بەباوەشییەوە و یا لە کۆشیدا و یا پەلی بەپەلییەوە دەبوو. میمکە زۆرجار کە پێی دەوت:

– کچەکەم وا نابێ .. باش نییە تۆ وا دەکەیت.

لە وەرامیدا وەك بپاڕێتەوە دەیوت:

– نەء میمکە گیان .. توخوا وا مەڵێ. ناتوانم وا نەکەم .. ناتوانم.

خاوەر هەرکە منداڵی دووەم لە سکیدا بوو بە سێ مانگان، ئیتر ئازار لە جەستەیدا سەری هەڵدا. زۆرجار وای هەست دەکرد کە کسپەی ئازارێك بەبەر موسڵانیدا ڕادەبووڕێ و لە ئاستی پاشوویدا دەکوژێتەوە. بەدرێژاییی مانگەکانی تری سکی دووەمی، لەوە بەولاوە نەبوو.

بەڵام لە دوای دانانی سکەکەیەوە، ئیتر کە تەوژمی شاڵاوەکە زۆری بۆ دەهێنا، دەتوت دەمە گوێزانێك لە ناوەوە، بەو ناوچەیەی لەشیدا دەگەڕێ. لەو وەختەوە ئیتر بەکەوتنی ناو جێگە ئاشنا بوو، ئەگەرچی درێژەی نەدەکێشا و لە دوو سێ ڕۆژ زیاتری پێ نەدەچوو.

میمکە لە بەتەنگەوەهاتنیدا درێغیی نەکرد. ئەو چ لە بردنیدا بۆ خەستەخانەی حکوومەت و چ لە داوودەرمانی حەکیمی خۆماڵی و پروپیرێژنان و تەنانەت چ لە پەنابردنە بەر شێخ و مشایەخانیشدا، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری لەگەڵدا دا. کە هەر سوودی نەبوو، ئینجا لە دنیادیدەییی خۆیەوە، کەوتە پێداگرتن لەسەر ئامۆژگارییەك کە بەتاقە چارەسەری دادەنا.

پێی دەوت:

– مەیەڵە جارێکی تر سکت هەبێ، بەهەر جۆرێك دەبێ مەیەڵە!.

هەروەها هێندەی لێی دەزانی، ڕێوشوێنیشی بۆ دانا و بگرە هەر بەیناوبەینێکیش لێی دەپرسییەوە، تا وای لێ هات لێدوانی بەلایانەوە بووە باسێکی ڕۆژانە.

پێش سکی سێیەمی، ماوەی نێوان تەوژمە ئازارەکان، رووی لە درێژبوونەوە کرد و ئازارەکەش بەرەو کزبوون دەچوو. میمکە بەوە لە خاوەر دڵخۆشتر بوو، چونکە وای دادەنا کە ئەنجامی ئامۆژگارییەکەی خۆیەتی، بەتایبەتی دوای ئەوەی چوار مانگ بەسەر وادەی سکپڕبوونیدا تێپەڕی و هیچ دیار نەبوو. ئەو وەختە تەمەنی مریەمیش خۆی دابوو لە پێنج ساڵان و وەك پەپوولەیەك بەدەوری دایکیدا دەخولایەوە. بگرە وای لێ هاتبوو سووکەڵە ئیشیش بۆ دایکی بکا کە دایکە گەزگەز بالای پێ دەکرد.

بەڵام لە ئەنجامدا، جارێك لە جاران ئامۆژگارییەکەی میمکە پشتگوێ خرا و کار لە کار ترازا!. بەیانییەکی زوو بوو، میمکە لەبەر بەلووعەکەدا بوو کە قیژە و هاواری خاوەری کەوتە بەرگوێ و دەیوت:

– کوشتمت .. دەمرم .. تۆ کوشتمت .. تۆ ..

ئینجا سابیری بینی دەرپەڕییە دەرەوە و بەفڕکان خۆی بەدەرگەی حەوشەدا ئاودیو کرد. ئەم هەر خێرا بەمەزەنە بۆی چوو کە باس لە چییە. خورپەیەك دای لە دڵی و ڕاپەڕییە سەرپێ. بەهەڵەداوان بەرەو لای خاوەر چوو. کە خۆی کرد بەژووردا، سەیری کرد وا مریەمی لە کۆش ناوە، توند بەسنگییەوە نووساندووە و بەکوڵ دەگری!. لەو ساتەدا پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، بەهەڵە چووبێ و هەراکەیان لەسەر شتێکی تر بووبێ. کەچی نەء .. چۆنی بۆ چووبوو وەها بوو. کە لە پاڵیاندا دانیشت و بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

– خاوەر .. کچەکەم .. چی بووە .. بۆم باس بکە .. چی قەوماوە؟.



خاوەر

ئەو کوڵی گریانی زیاتر جۆشی سەند و هیچی بۆ نەوترا. بەڵام کە ئەم توند شانی ڕاوەشاند و بەپەرۆشترەوە پرسیارەکەی لێ کردەوە، وتی:

– میمکە گیان .. کوشتمی .. کوشتمی!.

– چۆن؟! .. پێم بڵێ بزانم؟!.

– ئامۆژگارییەکەت ...

– سکت هەیە .. ها .. سکت هەیە؟!.

– ئا ..

– بە چیدا دەزانیت؟.

– عوزرم میمکە گیان .. عوزرم ..

– چەندی بەسەردا تێپەڕیوە؟.

– دە ڕۆژ.

میمکە شان بەشانی ئەو پەشۆکابوو. بەڵام ئەوێکی دنیادیدە، هەر زوو دەرکی کرد کە دەبێ لەبەر دوو هۆ دان بەخۆیدا بگرێ و هێمن ببێتەوە. یەکەم بۆ دڵدانەوەی ئەو. دووەم کێ دەڵێ وایە؟!. بۆیە دوای کەمێ بێدەنگی و ڕامان، بەدەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ لێی پرسی:

– تۆ پێم بڵێ .. سابیر خۆی دەڵێ چی؟!.

– دەڵێ شتی وام نەکردووە.

– ئەی تۆ خۆت .. بیر بکەوە .. چاك بیر بکەوە.

– میمکە گیان .. هێندەی لە بیرم بێ و ئاگەدار بم نەمهێشتووە .. نازانم .. نازانم .. چۆن بووە؟!.

– دە کەوابوو پەلە مەکە .. سەبر بگرە تا ...

– میمکە سەبری چی بگرم؟! .. ئازارەکە .. ئازارەکە .. دوێنێ شەو تا بەیانی لەسەر سەر خولاندمییەوە!.

ئەم کسپەیەك دای لە هەناوی. دەستی لە شانی بەردا و بۆ ماوەی چەند ساتێك چاوی بەسەریدا رووا. تەوژمی ترسێك هەست و نەستی داگیر کرد. کە لە خۆی بەئاگا

هاتەوە، یەکسەر ڕاچەنییە سەرپێ و وەك فەرمانێکی بێ ڕەتکردنەوە دەربکا، وتی:

– هەڵسە بابڕۆین.

ئەو دوو چاوی پڕ لە چۆڕاوگەی فرمێسکی بۆ بەرز کردنەوە و بۆ ماوەی ساتەوەختێك تێی ڕوانی. ئینجا بێ هیچ پرسیار و وەرامێك، ڕاپەڕییە سەرپێ. پەلی مریەمی گرت و دوای کەوت. هیچ ڕاوەستان و گفتوگۆیەکیان بۆ نەبوو، تا خۆیان کرد بەماڵی داپیرە نەشمیدا. لەوێش گفتوگۆ درێژەی نەکێشا. میمکە مریەمی خستە باوەشییەوە و داپیرە و خاوەریش چوونە ناو ژوورێکەوە. جگەرەکێشانێکی پێ نەچوو هاتنەوە دەرەوە. داپیرە ڕاستەوخۆ وتی:

– سکی هەیە.

خاوەر بەبیستنی قسەکە، دارمایە سەر زەوی و لە هۆش خۆی چوو. میمکە بەپەشۆکاوییەوە چوو بەلایەوە. سەری بەرز کردەوە و نای بەسنگی خۆیەوە. قوڵپی گریانێکی بەکوڵ قورگی هێنایە سوێ. لەوەدا بوو لێی بتەقێتەوە و داپیرە وریای کردەوە. سەری خاوەری لە چنگ و سەرسنگی دەرکێشا و نیشاندییە سەر زەوی. هەندێ ئاوی لە ڕووی پرژاند. ئیتر زۆری پێ نەچوو بەئاگا هاتەوە.

میمکە لەو ساتانەدا، سابیری لا بووە کوڵەوەیبابێك و دەبوو سەری پان بکرێتەوە. کە گەڕانەوە ماڵەوە، رقێکی هێندە ئەستووری لە دڵدا بەرامبەر بزوابوو، بڕیاری وابوو لە بەردەرگەی حەوشەدا بۆی بچەقێ و تۆڵەی بەرودوای لێ بکاتەوە. بۆیە هەر هێندەی گەیشتنەوە ماڵەوە، تێڵایەکی بۆ گرت بەدەستەوە و بەحەوشەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن. خاوەر زوو تێ گەیشت نیازی چیی هەیە. چوو بەلایەوە و دوای پاڕانەوەیەکی زۆر، توانیی تێڵاکەی لە دەست وەربگرێ. میمکە بەدەم دەستبەردانییەوە لە تێڵاکە، وتی:

– لەبەر خاتری تۆ لەمەیان وازی لێ دێنم. ئەی خۆ هەر هیچ نەبێ، دەبێ بەقسە ریسوا و رەجاڵی بکەم.

خاوەر هیچی نەوت. بەدیارییەوە ڕاوەستا و لە هاتن و چوونی بەحەوشەکەدا، تەنیا تێی دەڕوانی. کەچی میمکە خۆی، دوای کەمێ وتی:

– بەڵام قسە پی وتن چ سوودێکی هەیە؟! .. لەگەڵ چوارپێیەکی گەلۆر و گەلحۆی وەهادا چ دادێك دەدا؟!.

ئیتر بەهەنگاوی خێرا، ناو حەوشەکەی جێ هێشت و خۆی کوتایە ژوورەکەیەوە. لە

قورنەیەکەوە دانیشت و فرمێسك چۆڕاوگەی بەستە چاوانی. خاوەریش کە لە سەرەتادا ویستی وازی لێ بێنێ، خۆی پێ ڕانەگیرا و دوای کەوت. کە بەو شێوەیە کەوتە بەرچاوی، چوو بەرامبەری دانیشت. هەردوو دەستی لە مشتی خۆی گرتن و بەدەم لێشاوی فرمێسکەوە کە دەیڕشت بەسەریاندا، کەوتە ماچکردنیان. میمکەش باوەشی کرد بەسەریدا و نووساندی بەسنگی خۆیەوە. دووقۆڵی دایانە پرمەی گریانێکی بە کوڵ.

***

خاوەر مانگی لێ وەرنەگەڕایەوە و لەسەر جێگە کەوت بۆ ماوەی دوو مانگی ڕەبەق، ئازارێکی کوشندە لەسەر ئەو جێگایە لوولی دا و هەر ساتێکی مردنێك بوو بۆ خۆی. میمکە حەلیمیش و سەرجەم دانیشتوانی مەملەکەتەکەی، لەگەڵیدا دەمردن و دەژیانەوە. ئەگەر ئەم بۆیان بووبووە دایکە دڵسۆزەکە، ئەویش بۆ یەك بەیەکیان بووبووە خوشکێکی هەرە دڵسۆز و لە هەڵسوکەوتیدا بەرامبەریان، کتومت شوێنپێی میمکەی هەڵگرتبوو.

شەوێکی تووشی زستان بوو. لە دەرەوە تفت هەڵبدایە دەیبەست. تاریکستانێکی ئەموستەچاویش، قۆڵی لە قۆڵی سەهۆڵبەندانەکە ئاڵاندبوو. کەچی ناو مەملەکەتەکەی میمکە بەیەکدا دەهات. کارەساتێکی جەرگبڕ، دەیورووژاندن و ئۆقرە و ئارامی لەبەر دەبڕین .. خاوەری خوشکی دڵسۆزیان، گیانی دەدا و دەمرد!.

میمکە لە دە ڕۆژ لەوەبەرەوە، لەگەڵ مریەمدا گواستبوونیەوە لای خۆی و بەسات ژوورسەری بەرنەدەدا. ئەو لە زووەوە لە دڵی گەڕابوو کە کۆتاییەتی. بەڵام ئەمشەو هەرکە دنیا تاریك بوو، چوو بەدوای ژنانی ناو مەملەکەتەکەیدا و لە خۆی کۆکردنەوە. فەرمانی پێ دان کە بچن منداڵەکانیان بەمێردەکانیان بسپێرن و خۆیان بێن لەگەڵیدا بن. هەروەکو فەرمانیشی بە ژنەکەی حەمە عەلی دا کە مریەم بباتە لای منداڵەکانی خۆی.

خاوەر بە بەرچاوی میمکە و سێ ژنی نزیکە تەمەنی خۆیەوە، لە گیانەڵادا بوو. هێشتا هۆشی بەخۆیەوە بوو. پیایاندا هەڵی دەڕوانی. ئینجا تەقەلای دا سەر بەرز بکاتەوە و چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. میمکە زوو لە مەرامی تێ گەیشت و بە ژنەکەی حەمە عەلیی وت:

– ڕاکە مریەم بێنە.

کە مریەم هێنرا و خرایە پێش چاوی، دەتوت مردن دە هەنگاو لێی کشاوەتە دواوە!

تارماییی گەشکەیەك کەوتە سەر ڕووی و سووکە زەردەخەنەیەك بەسەر لێوییەوە خۆی نواند. لەو ساتەدا میمکە لە خرمەخرمێکی ناو حەوشە و ئینجا لە خشەخشێکی ناو هەیوانەکە گوێ قوڵاخ بوو. فەرمانی بەخەجێی ژنی خولەی پینەچی دا بچێ بزانێ چییە. کاتێ چوو، گەڕایەوە و وتی:

– سابیرە .. دەڵێ حەز دەکەم بێم خاوەر ببینم.

میمکە ڕووی گرژ و مۆن بوو. لەوەدا بوو هەڵسێ بچێ خۆی دەری بکا و نەیکرد. دانی بەخۆیدا گرت و وتی:

– پێی بڵێ: پێویست ناکا .. با بچێ خەوی خۆی بکا!.

زۆری پێ نەچوو، خاوەر وەك هێزێکی ئەفسانایی بەبەردا کرابێ، چاوێکی خێرای بەهەمووواندا گێڕا و بەدەنگێکی زۆر ڕوون و ئاشکرای پڕ لە پاڕانەوەوە وتی:

– دەستم دامێنتان .. ئێوە و مریەم... ئامانەتیی ئێوە و مریەم...میمکە گیان مریەم... میمکە ئان و سات پەلاماری مریەمی دا، بەدەستی چەپی نووساندی بەسنگی خۆیەوە و بەدەستی ڕاستیشی، سەری ئەوی کەمێ بەرز کردەوە و بەئەسپایی نیشاندییە سەر ڕانی خۆی. کردەوەکەی تەواو ئامانجی پێکا. هەموو بەئاشکرا بینییان و هەستیان کرد کە چۆن هەردوو چاوی خاوەر، بەشێوەیەکی سەیر گەشانەوە!. چۆن تروسکەی زەردەخەنەیەکی خاو، نیشتە سەر لێوانی!. ئینجا چۆن وردە وردە جەستەی ڕووی لە خامۆشی کرد و چۆنیش هێدی هێدی، پێڵووەکانی بەسەر یەکتردا داکشان و کۆتاییی هات.

***

## ٥

میمکە لەو وەختەوەی تەرمی خاوەری تێدا ئاودیوی دەرگەی حەوشەی مەملەکەتەکەی کرا، ئیتر نەیدەهێشت مریەمی بە سات لێ دوور بکەوێتەوە. هەر بۆ رۆژی دواییش، باسەکەی لەگەڵ باوکیدا بڕانەوە. ئەو ئەگەرچی لە رۆژی بیستنی قسەکەی داپیرەوە، نەیدەدواند و چاوی بەسەریدا هەڵنەدەهات، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە نەك هەر دوواندی، بگرە ناچار بوو بانگی بکاتە لای خۆی و مەراییشی بۆ بکا. بەزمانێکی شیرین پێی وت:

– کوڕەکەم .. خۆت دەزانیت مریەم هێشتا لەو تەمەنەدا نییە کە تۆ بتوانیت لەلای خۆت بیهێڵیتەوە. تۆ خزمەتی منداڵێکی پێنجساڵانت پێ ناکرێ. لەبەر ئەوە حەز دەکەم لەلای من بێ و وەك کوڕەزایەکی خۆم بەخێوی بکەم. خۆت دەزانیت من بۆ دایکی چۆن بووم و دیارە بۆ ئەمیش هەروا دەبم. تۆش هەر لە هۆدە و هەیوانەکەی خۆتاندا دەبیت و رۆژانە بە بەرچاوتەوە دەبێ. دەڵێیت چی؟ .. وا باشتر نییە؟.

بۆ سابیر نەك تەنیا باشتر بوو، بگرە لەلای خۆیەوە سەری دنیای لێ هاتبووەوە یەك کە چی لەو تولفە بکا و چۆن چارەسەری گرفتەکەی بکا؟!. بگرە چەندە لێکی دەدایەوە و سەری دەهێنا و دەبرد، دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەپێی خۆی هاوار بەرێتە بەر میمکە و لێی بپاڕێتەوە کە بیگرێتە خۆی و لەو گرفتە رزگاری بکا. بۆیە هەر خێرا وتی:

– بەڵێ .. بەڵێ میمکە .. فەرمایشتت بەجێیە .. تۆ چۆنی بەچاك دەزانیت من وەها دەکەم.

ئینجا ئەو بۆ زیاتر دڵنیاکردنی، وتی:

– ئەوەش بزانە کە من هیچ شتێکم لە تۆ ناوێ. هیچ مەسرەفێکی .. هیچ پێویستییەکی. تۆ هیچ شتێکت ناکەوێتە سەر .. باشە؟.

ئەم لە دڵدا ئەمەشی هەر پێ خۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– خوا خێرت بنووسێ و جەزات بداتەوە. بەڵام منیش لەلای خۆمەوە درێغی ناکەم. بەڵێن بێ میمکە .. ئەگەر خۆم لە برسا بمرم و ڕەنجم بۆ خۆم بۆ نەدرێ، بۆ ئەوی بدەم.

میمکە لە دڵدا گاڵتەی بە بەڵێنەکەی دەهات و بەڵام نەیدایە ڕووی. ئەو مریەمی مەبەست بوو کە ئەوەتا بڕیاری بۆ دا بکەوێتە لای. ئیتر خوا دەیکرد، خۆی و ئەم بەڵێن و هەموو بەڵێنەکانی تری بەدۆزەخ شاد دەبوون. ئەو ئەگەرچی بەتەمەنە شەست و نۆ ساڵییەکەیەوە ڕووی لە پەککەوتەیی کردبوو، بەڵام بۆ بەخێوکردنی مریەمی کچی خاوەرەکەی، هەستی بە تین و توانا و سۆزی دایکێکی گەنجی زۆر کارامە دەکرد. بۆیە هەر لە ڕۆژی یەکەمی لەخۆگرتنیشییەوە، هەستی کرد هێندەی هەر دایکێك کە یەکەم پارچە جگەری خۆی لە باوەش دەگرێ، بەختیار و دڵخۆش و ئاسوودەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە یاریدەدانێکی بێ سنوور و خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەری گەورە و بچووکی هەر سێ خێزانەکەی تریشی دەچووە پاڵ ئەوانیش، بەتایبەتی گەورەکانیان، هەردەم دوا تکا و پاڕانەوەکەی خاوەریان لە گوێدا دەزرنگایەوە کە دەیوت:

– دەستم دامێنتان ئێوە و مریەم .. ئامانەتی ئێوە و مریەم ..

هەموو لەلایان بووبووە ئامانەتێك و بەئەرکی سەرشانی خۆیانیان دەزانی کە خزمەتی بکەن و ئاگەداری بن. ئیتر ئامانەتەکە، لەگەڵ بێ دایکییەکەی و ئەو بارودۆخە پڕ لە کەساسی و هەژارییەدا کە تیایدا دەژیا، لە سایەی ئەو خزمەتگوزارییە تایبەتییەدا، ساڵ لە دوای ساڵ بەخۆدا دەهات و نەشونمای دەکرد. ئەگەر میمکە هێشتا هەر ژنەشایەکەی جارانی مەملەکەتەکە بوو، مریەمیش لە سایەیدا، منداڵەشای مەملەکەتەکە بوو. قەت ڕووی نەدەدا کەسێك لە گەورەکان، لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ. قەتیش ڕووی نەدەدا، ئەگەر یەکێك لە بچووکەکان، هاوتەمەنی بێ یا سەروخوار، لە گەڵیدا بەیەکیاندا دابێ و لەسەری بووبێتە هەرا و ناخۆشی هەردەم دایکان و باوکانی ئەوان، وەك منداڵەشای کچی ژنەشای مەملەکەتەکەیان تێیان دەڕوانی. میمکەش لەلای خۆیەوە، بەردەوام گوێچکەی ئەمی بەڕێزلێنانی گەورە و خۆشویستنی بچووکی دانیشتوانی ناو مەملەکەتەکە پڕ دەکرد. ئیتر ئەنجام وەها کەوتەوە کە تا زیاتر بەخۆدا دەهات و فامی دەکردەوە، پێوەندیی نێوان ئەم و ئەوان، زیاتر ڕووی لە هۆگری و خۆشویستنی یەکتر دەکرد. تەنانەت پریشکی ئەم ئەنجامە، سابیریشی گرتەوە. چ میمکە و چ ئەوانی تریش، وردە وردە بوغز و ڕق و کینەکەی جارانیان بەرامبەری نەما. ئاسایی دەیاندواند و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. لەم ڕووەشەوە هەر میمکە دەستپێشخەریی کرد. ئەو دوای ڕێککەوتنەکەی لەگەڵیدا سەبارەت بەمریەم، تا ماوەی ساڵێکیش بەهیچ کلۆجێ ڕووی نەدەدایە. تا ڕۆژێکیان هەر هێندەی دنیا ڕووناك

بووەوە، وەك لە دەمێکەوە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی شەو بووبێ، ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەی هەنگاوی نا. بێ هیچ دوودڵییەك لە دەرگەی دا و خۆی کرد بەژووردا.

سابیر سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو لە جێگەدا کەوتبوو، بێ ئەوەی کەس لێی بپرسێتەوە. لە ڕۆژی یەکەمدا کەس پێی نەزانی. لە ڕۆژی دووەمدا بۆ ئێوارەکەی، ژنەکەی خولەی پینەچی ئاشکرای کرد و وتی:

– میمکە .. لەوە دەچێ سابیر نەخۆش بێ ..

ئەو بە کەمتەرخەمییەوە تەنیا وتی:

– پاڵی نەگەڕێ!.

لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا، ژنە هەمان هەواڵی دایەوە بەگوێی میمکەدا و ئەو هەر هەمان وەرامی دایەوە. کەچی لەو بەیانییە زووەی ڕۆژی چوارەمدا، ئاوەها بەپەلە خۆی گەیاندە ژوورەکەی. چووە ژوورسەرییەوە دانیشت و لێی پرسی:

– سابیر .. چیتە؟ .. نەخۆشیت؟!.

سابیر هێندە لە سەردانە لە ناکاوەکەی سەرسام بوو کە لە سەرەتادا تەنیا چاوی بەسەر ڕوویدا ڕوا و هیچ نەبزوا. ئینجا لە پڕ تەقەلای دا ڕاپەڕێتە سەر باری دانیشتن. بەڵام هێندە بیهێز بووبوو کە بۆی نەکرا و داڕمایەوە سەر جێگەکەی. میمکە بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ کەوتە خۆی. چی پێویست بوو بۆ نەخۆشێکی بێکەس و بیدەرەتان بکرێ کردی. ئیتر کاتێ ویستی جێی بهێڵێ و بگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی، ژنان و پیاوانی ناو مەملەکەتەکە هەموو لە خەو بەئاگا هاتبوون و بەهەواڵی ئەم مامەڵە نوێیەی ئەویان بەرامبەر سابیر زانیبوو. ئەو هیچی نەوت تا پیاوان بەرەو کار و فرمانی خۆیان چوون. ئەوسا ژنانی لای خۆی کۆ کردەوە و نهێنییەکەی لا ئاشکرا کردن. وتی:

– کچەکانم .. هیچ بەلاتانەوە سەیر نەبێ. ئەوەی کردم، لەسەر تکا و داخوازیی خاوەری ڕەحمەتی بوو. لەوەبەر زۆرجار خەوم پێوە دیوە، بەڵام قەت وەك ئەمجارەیان ئاوەها بەڕوونی نەهاتووەتە بەرچاوم. قەتیش ئاوەها بەئاشکرا لە دەم و دووی تێ نەگەیشتووم. من لەبەر بەلووعەکەدا دانیشتبووم قۆری و پیاڵەکانم دەشت، لە پڕ بەدیارمەوە قوت بووەوە. لە خەوەکەمدا سەرم لێی سوڕما کە لە کوێوە هات و چۆن پەیدا بوو. من وەك بڵێی لەو عاجز بووبم نەك لە سابیر، نەمدواند گوێم نەدایە. ئەو بەدەم پاڕانەوەوە وتی: «میمکە گیان توخوا گوناحە .. کەساس و کڵۆڵە». وتم: «کێ؟».

وتی: «سابیر». ئینجا وەك لە خۆم بەئاگا بێم کە من لە سابیر عاجزم نەك لەو، ڕاپەڕیمە سەرپێ و وتم: «ئەولاتر چیێ». ئیتر بەخێرایی بەرەو ژوورەکەی خۆم هاتم. کەچی هەستم کرد ئەو بەدوامەوەیە و هەر هاوار دەکا:

«میمکە گیان توخوا .. میمکە گوناحە .. کەساس و کڵۆڵە». بەڵام من هەر گوێم نەدایە.

خۆم کرد بەژووردا و دەرگەکەم خڕ داخست. لە کاتێکدا ئەو کەوتە ڕاوەشاندنی دەرگەکە و هەر هاواری دەکرد: «میمکە گوناحە». تا لە ناکاو وەك هەورەتریشقەیەك بدا لە دەرگەکە، دارمایە ناو ژوورەکە و زرمەیەکی ئەوتۆی لێ هەڵسا کە من لەلای خۆمەوە، وەختابوو زارەترەك ببم. کە خەبەرم بووەوە، وەك بینی ئاو دەلەرزیم.. تا ماوەیەك لە جێی خۆم سڕ بووم و ورتە و جووڵەم بۆ نەکرا. ئینجا هەڵسام چراکەم داگیرساند و دانیشتم. ئیتر تا دنیا ڕووناك بووەوە، خەو نەچووەوە چاوم. تێگەیشتن کچەکانم؟. تکا و داخوازیی خاوەرە و بەجێم هێنا. هیوام وایە ئێوەش وەك من بکەن. ئەوەی چوو، چوو. خاوەر ڕاست دەکا. گوناحە .. کەساس و کڵۆڵ و بێدەرەتانە.

***

ساڵ هات و ساڵ تێپەڕی و شەوێکیان، هەر میمکە خۆی بەر لە هەر کەسێکی تر، لە خۆی پرسی:

– ئەی ئاخۆ دوای مردنی من چی بەسەر دێت؟! .. خۆ من تا ساڵی تەقیانووس ناژیم؟.

پایزەشەوێکی ئەموستەچاوی خەمناك بوو. زۆر نەبوو نووستنی هەیوانیان گواستبووەوە ناو ژوور. مریەم لە تەنیشتییەوە، لە شیرین خەوی خۆیدا بوو. ڕووناکیی چراکە، ڕاستەوخۆ دەیدا لە ڕووی و وەك فریشتەیەك دەکەوتە بەرچاوی. لە دەرەوە، دەنگی نمەبارانێکی دەهاتە بەرگوێ کە تنۆکەکانی، ترپەترپێکی بەئاوازیان لە خۆڵی ناو حەوشەکە هەڵدەستاند، یا جارجارە بەدەم شەماڵەوە دەیاندا بەپەنجەرەی ژوورەکەدا.

لە پرسیارەکە دڵی داخورپا. ئەوساتە کراسێکی ئەوی بەدەستەوە بوو دەیدروو. دەستی پێوەی وشك هەڵات. ئاورێکی خەماویی بەلادا دایەوە و بەسۆزێکی تێکەڵ لە داخ و خەفەتەوە تێی ڕوانی. دەرزی و درووماNەکەی خستە لاوە و سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە. بەئەسپایی ڕوومەتی ماچ کرد. دەستێکی لەسەرخۆی بەسەر و قژیدا هێنا و

چاوی بەسەریدا روا.

تا وردە وردە زەردەخەنەیەك لە قووڵاییی ناخییەوە سەری هەڵدا و نیشتە سەر لێوانی. لەبەر خۆیەوە وتی:

– نا .. نامرم .. لەبەر خاتری تۆ نامرم. خوایەك بەو ئاسمانەوە هەیە و ئاگای لێمانە. دڵنیام لەبەر خاتری تۆ جارێ نامرێنێ .. ئا .. دڵنیام منت بۆ دەهێڵێ تا دەتگەیەنمە تەمەنی شووكردن .. تا دەتبەم بەبووكی و دەبیتە خاوەنی ماڵ و مێردی خۆت!

بەدوایدا تاسێك بردییەوە. وەك گومانی لە قسەكانی خۆی پەیدا كردبێ و ترسی مردنەكە سەرلەنوێ زۆری بۆ هێنابێتەوە، قیت بووەوە و كەوتەوە گوێ هەڵخستن. نمەبارانەكە هێشتا بەردەوام بوو .. هێشتا ترپە و تەقە بەئاوازەكەی هەر دەگەیاندە بەرگوێ. لەبەر خۆیەوە وتی:

– لە حەفتام تێپەڕاندووە. حەفتا و دووە، یا سێ، یا رەنگە چواریش بێ. میراتییەكە و بۆم ماوەتەوە، دەنا كێ بەوەندەی دەگەیەنێ؟!. دایكم نا، بەڵام باوكم و باپیرم بەوەندەیان گەیاند! . ئا هەر ئەوەندە نەك زیاتر.

ئاوڕێكی تری دایەوە بەلای مریەمدا. بەهێواشی دەستی چەپی درێژ كردە ژێر سەری. بەرزی كردەوە و وەك وێردێك بخوێنێ، لەبەر خۆیەوە وتی:

– خوایە .. بۆ خۆم نا، بۆ ئەم تولفەم بهێڵە. ئەگەریش نا، ئەوا چۆن تۆ بەمنت سپارد، منیش بەتۆی دەسپێرمەوە. توو گەورەییی خۆت بیپارێزە .. لە بەزەییی خۆتی بێبەش مەكە .. لە دەرد و مەینەتی بەدووری بگرە. لە دوای منی بەندەی خۆت، تۆ خۆت دەبیتە خاوەنی. خوایە .. خوایە ..

ئیتر هەر بەئەسپایی، سەری نیشاندەوە سەر سەرینەكەی. بە سۆزێكی قووڵترەوە، ڕوومەت و ناوچەوان و سەری ماچ كرد. هەڵسا و چوو چراكەی تەواو كز كرد. بۆ ماوەیەك هەر بەسەرپێوە، رووەو پەنجەرەكە راوەستا. دەیرڕوانییە دەرەوە و بەچاو هیچی نەدەدی. دەرەوە هێشتا ئەموستەچاو بوو. بەگوێ ترپە و تەقەی نمەبارانەكەی دەبیست. ئینجا گەڕایەوە تەنیشت مریەم و لە پاڵیدا ڕاكشا. هەر لەسەرخۆ، باڵی راستی بەسەر جەستەیدا كشاند. كە چاوی لێك نا بنوێ، هێشتا نمەبارانەكەی پایزەشەوەكە هەر بەردەوام بوو.

***

## ٦

ئاخۆ میمکە لەو پایزەشەوە خەمناکەدا، لە دڵی گەڕابوو کە دەشێ جارێکی تر ڕۆژی بەزیندوێتی لێ نەبێتەوە؟! ئا بەڵێ .. لە دڵی گەڕابوو!.

بۆ بەیانییەکەی، لە پڕێکدا زریکەیەکی جەرگبڕی مریەم کەوتە بەرگوێی دانیشتوانی مەملەکەتەکە و رای چەناندن. هەموو بەهەڵەداوان بەدەنگەوە چوون و داڕژانە ناو ژوورەکەیانەوە. مریەم ئەو وەختە تەمەنی گەیاندبوو بە نۆ ساڵان و تەواو فامی کردبووەوە.

ئەو لەبەرئەوەی شەوان زوو دەخەوت و ئینجا میمکە، دوای ماوەیەکی زۆر لە پاڵیدا ڕادەکشا و دەنووست، بەیانییان لەگەڵ دنیا ڕووناکبوونەوەدا بەئاگا دەهات. بەهێواشی خۆی لە پاڵی دەردەکێشا. دەچوو چایەکەی دەم دەکرد و تەدارەکی خواردنی بەیانیی ئامادە دەکرد. ئەوسا دەچوو خەبەری دەکردەوە و دەیهێنایە سەر حازری. ئەو بەیانییەش هەر وەهای کرد.

بەڵام کە چوو بەئاگای بێنێ، هەر زوو پێی زانی چی رووی داوە و هەتا هێز لە گەروویدا بوو زریکاندی. ئیتر بەدوایدا، بووە شین و شەپۆرێکی ئەوتۆ کە دەتوت هەر بەڕاستی، لەلایەن کچان و کچەزایانەوە، بۆ دایك و نەنکێکی هەرە دڵسۆز و خۆشەویست دەکرێ.

پیاوان هێشتا نەچووبوون بۆ سەر ئیش قاڵەی قۆڵچیش، زۆر نەبوو لە ئێشکگرییەکەی گەڕابووەوە. هەموو لەبەر هەیوانەکەی لەمەڕ میمکەدا، راوەستابوون و دەتوت خۆڵی مردوویان بەسەردا کراوە. هەمووشیان فرمێسك بەری چاوی تەنیبوون و تەوژمی گریان لە قوڕگیاندا قوڵپی دەدا. تا سابیر لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا و قوڵپی گریانی لە دەم دەرپەڕییە دەرەوە. ئینجا ئەوانیش لەگەڵیدا.

کاتێ دەرودراوسێ بەرودوا داباریـن و لێیان کۆ بوونەوە، یەکەم شت کە دەبوو بیکەن، دامرکاندنەوەی کوڵی گریانی پیاوەکان بوو، بەتایبەتی حەمە عەلی کە ئەگەر

مەسەلە پایە و پلە بووایە، چ لەلای میمکە تا لە ژیاندا بوو چ لەلای ئەمان خۆیان، دەبوو سەری گوریس لە دەست بگرێ و سەیری دەمی بکرێ. حاجی سلێمان چووە تەنیشتییەوە و وتی:

– کوڕەکەم .. باوکەکەم .. هەموو دەزانین لە دایك دایکتر بوو بۆتان. بەڵام هیچ دایکێك بۆ هیچ کەسێك تا سەر نامێنێ. مردن لە ڕێگەی هەمووانداية. ئێستاش تۆ بەر لە هەر کەسێکی تر، دەبێ دان بەخۆتدا بگریت و هێور ببیتەوە.

ئەم زوو تێ گەیشت. ئان و سات کوڵی گریانی خۆی نیشاندەوە. بەدەستەسڕەکەی فرمێسکی لە چاوی سڕی و کەوتە خۆی. پێکەوە لەگەڵ قالە و خولەدا کە ئەوانیش هێور کرابوونەوە، بەیاریدەی دراوسێکان، دەستیان کردە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی بەرێکردنی تەرمی میمکە بەرەو دوا مەڵبەندی.

حەمە عەلی لەو بێنەوبەرەیەدا، قەت بیری بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە سابیر بتوانێ هیچ یارمەتییەکی بدا. ئەمیش لەلای خۆیەوە، لە سەرەتادا بەکزۆڵەیی لە سووچێکی حەوشەکەدا ڕاوەستا و بەبێدەنگ فرمێسکی هەڵدەڕشت. تا کاتێ هەر چاوەڕوانی کرد و ئەو هیچ ئەرکێکی پێ نەسپارد، لە پڕێکدا بزوا و خۆی کرد بەژوورەکەیدا. کە هاتەوە دەرەوە، چوو ئەوی بانگ کردە لاوە. دەستی ڕاستی گرت و بەبێ ژمارە و ژمارەکاری، هەندێ پارەی خستە ناو مشتییەوە. وتیشی:

– گۆڕهەڵکەنێکی ناسیاوم هەیە .. دەچم دەیبەم بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەی. ئەمیشیان لەسەر من.

ئەو لە سەرەتادا واقی وڕما و حەپەسا. سەرنجێکی لە نێوان ڕووی سابیر و ناو مشتیدا هێنا و برد. تا کە تەواو بەئاگا هات، چاوی پڕبووەوە لە فرمێسك. بەدەمییەوە سەری ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵییەکی پڕ لە سۆزی بۆ لەقاند و لە یەکتر جیا بوونەوە.

***

دوای میمکە، حەمە عەلی ئاسایی جڵەوی مەملەتەکەی گرتە دەست. لە سەرەتادا قالەی قۆڵچی، تەقەلایدا بەربەرەکانێی بکا و لە ڕوویدا وەربگەڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەو هەر زوو ئاگەداری کردن کە هەموو دەبێ وەك جاران، کرێی خۆیان بدەن و کرێش بۆ مریەم کۆ دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ. ئەمە لە بنچینەدا ڕایەکی سەرەتایی بوو دەری بڕی و ئان و سات بەبیریدا هات، چونکە هەر دوای مردنی میمکە بەهەفتەیەك، سەری

مانگی بەسەردا هات و باسەکە وەك یەکەم گرفت یەخەی گرت. کلیلی چارەسەرەکەش قسەیەکی ژنەکەی بوو کە لە کاتی باسکردنی گرفتەکە لەگەڵیدا، لە ناکاوێکدا وتی:

– ئەریٚ بەڕاست بیرم کەوتەوە! .. تۆ دەزانیت میمکە دووسێ مانگێك لەمەوبەر، لەلای من وتی: نیازم وایە خانووەکە لەسەر مریەم تاپۆ بکەم؟!.

ئیتر ئەم سێ و دووی لیٚ نەکرد. بۆ شەویٚ قالە و خولە و سابیری بانگکردە لای خۆی.

دوای ئەوەی گرفتەکەی بۆ باس کردن و چارەسەرەکەی خۆی دا بەگوێیاندا، سێ دیناری کرێکەی خۆیانی لەبەردەمدا دانان. سابیریش کە پێی پێخۆشحاڵ بوو دوو دیناری کرێی هۆدە و هەیوانەکەی خۆی خستە سەر. خولە دوودڵ بوو. سەرنجێکی دایە قالە. کە سەیری کرد رووی گرژو مۆنە، لەسەرخۆ وتی:

– کاك حەمە عەلی .. تۆ پەلەی چیتە؟!. جاریٚ ئێمە هەموو بەکۆستی خۆماندا کەوتووین و نازانریٚ چیمان بەسەر دیٚ!.

ئەوسا قالە وەك بەدرێژاییی ئەو ماوەیە پیشی خواردبێتەوە. قسەکەی بەخولە بڕی و تەقییەوە. وتی:

– دیارە پەلەی چییەتی! .. بەئاشکرا دیارە !!.

ئینجا ڕاستەوخۆ رووی قسەی کردە ئەم و وتی:

– تۆ بەچیمان تیٚ دەگەیت؟ .. چوارپیٚ؟ .. کەر و گا؟!.

حەمە عەلی ئەگەرچی پیاوێکی وریا و وردبین و کارامە نەبوو، بەڵام چەندە بڵێیت سەرڕاست و دەست و داوێن پاك بوو. هەروەکو تا بڵێیت هێمن و لەسەرخۆ بوو. لەبەر ئەوە لە وەرامی ئەم قسانەدا، تەنیا وتی:

– خراپ لێم تیٚ گەیشتیت کاك قادر .. خوا لە گوناهت خۆش ببیٚ.

کەچی قالە کە بەپێچەوانەی ئەمەوە، زیاتر بەلای نەگریسی و چەتوونیدا دادەشکایەوە و کەم ئاگاداریی قسە و دەمودووی خۆی دەکرد، بەهەمان شێوە وتی:

– نەخێر .. چاکت تێگەیشتم. میمکە نیازی وابوو خانووەکە لەسەر مریەم تاپۆ بکا، ئەمە بەقسەی تۆ!. ئینجا تۆ دێیت یەکەم جار کرێکە لە ئێمە وەردەگریت گوایە بۆ ئەو. تا وردە وردە خانووەکەش دەکەیت بە هی ئەو. دواییش مارەی دەکەیت لە ئەحەی

کوڕت .. وانا؟! .. لەگەڵ سابیردا باشتان هۆنیوەتەوە!.

شەوێکی پایزەی خەمناکی تر بوو. چوارقۆڵی لە پشت هەیوانەکەدا دانیشتبوون و دەدوان. سەرەتا بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی بەسەرزاری بچووك بوو کە یەکێکیان چارەسەرێکی ساکاری لە مێشکی خۆیدا بۆ دانابوو. کەچی دوایی بووە دووان لە چارەنووسی مەملەکەتەکە. سابیر بەقسەکان تەنگەتاو بوو. کەس تووڕەبوونی سەرزارەکیی لێ نەدیبوو. کەچی ئەمجارەیان، بوختان نیوە تووڕەبوونێك تووڕەی کرد. بەحیرسەوە پچڕپچڕ وتی:

– من؟! .. قالە من؟! .. یانی ئێمە! ..

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا. خولە کە لەلای خۆیەوە هەستی کردبوو قالە زیاد ڕۆیشتووە، ویستی ئاوێك بەئاگرەکە بکا و وتی:

– ڕاوەستن برام .. ڕاوەستن. ئەوە چیتانە؟!. کفنەکەی میمکە هێشتا زەرد هەڵنەگەڕاوە.

گوناهتان دەگا. هیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەو.

قسەکانی کاری خۆیان کرد. قالە و سابیر لە جێی خۆیان مت و خامۆش بوون. حەمە عەلی دوای ماوەیەك بێدەنگی وتی:

– با جارێ باسەکە واز لێ بێنین. سبەینێ من دەچم پرس دەکەم. بزانین چۆن دەبێ.

ئیتر کەسیان لێی بەوەرام نەهاتن کە پرس بەکێ و چۆن و لەسەر چی؟!. وەك هەموو چووبنە کۆڵانێکەوە دەرچوونی بۆ نەبێ، هەڵسان و کۆڕەکەیان کۆتاییی پێ هێنا.

حەمە عەلی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، پیشەی پرسیار و ڕاوێژکردن بوو. هەر لە برادەر و ناسیاو و مەلای مزگەوتەکەی نزیکیانەوە بیگرە، تا دایەرەی تاپۆ و دادگە و شارەوانی. باسەکەی هێندە دووبارە کردبووەوە کە دەتوت نووسراوێك لەبەر دەخوێنێتەوە:

– ئێمە چوار خێزانین لە خانوویەکدا. خانووەکە هی میمکە حەلیم ناوێك بوو. میمکە خوا بردییەوە بۆ خۆی. خێزانەکەم لێی بیستبوو کە دەیەوێ لەسەر مریەمی کچی سابیری تاپۆ بکا، چونکە زۆری خۆشدەویست و سێ چوار ساڵ بوو گرتبوویە لای خۆی. ئێستا ئێمە چی بکەین؟. یەکەم: کرێ بە کێ بدەین؟. دووەمیش: خانووەکە چی بەسەر دێ؟.

دەمی هەرچییەکی دەکردەوە، هەر خێرا دەیپرسی:

میراتگری هەیە؟.

کە بەدڵنیاییەوە دەیوت:

– نەخێر .. من ئەوە سێزدە ساڵە لەگەڵیدام، قەت بەچاوی خۆم نەمدیوە کەسێك وەك خزم و خوێش لێی پرسیبێتەوە. قەتیش لە خۆیم نەبیستووە باسی بوونی کەسێکی لەو بابەتەی کردبێ.

دوو جۆر وەرامی دەدرایەوە. نەشارەزایان بەدەم زەردەخەنەیەکی بەمەغزاوە دەیانوت:

– برۆن لرفی خۆتانی لێدەن. بوونەتە خاوەنی خانووی خۆتان و بێ قرەوبرە تیایدا دابنیشن. ئەگەر هەر دەشتانەوێ ئەجری چاکەی میمکە بدەنەوە، چاوێکی تایبەتیتان لە مریەم بێ.

لە کاتێکدا شارەزایان دەیانوت:

– کاکی برا .. خۆت ماندوو مەکە. خانوو دەبێتە موڵکی میری. بۆیە چاکتر وایە بچیت مشووری ئەوە بخۆیت کە میری لە خانووەکەدا بتانهێڵێتەوە و لێتانی تێك نەدا.

حەمە عەلی ناچار سەرلەنوێ، پیاوانی مەملەکەتەکەی کۆ کردەوە و بەدوور و درێژی، ئەنجامی پرسیار و ڕاوێژکردنە سێ ڕۆژییەکەی خۆی بۆ باس کردن. قالە بەپێچەوانەی جاری پێشووەوە، وەك باوەڕی بەسەر ڕاستیی ئەو لە مەسەلەکەدا هێنابێ، وتی:

– ئەی ئێستا تۆ دەڵێیت چی؟ ..

ئەم بۆ وەرام کەمێ ڕاما. لە دڵدا لەم هەڵوێستە نوێیەی قالە سەرسام بوو. بەڵام کە خولەش وتی:

– ئا .. حەز دەکەین بزانین تۆ دەڵێیت چی؟.

ئینجا لە وەرامدا وتی:

– من دەڵێم خانووەکە دەبێ بەموڵکی میری و چاکتر وایە، بچین مشوورێکی مانەوەمان بخۆین.

هەموو بێ چەندوچۆن بۆیان مۆر کرد و ئەرکەکەشیان هەر بەخۆی سپارد. ئیتر لە

مـاوەی چـەند ڕۆژێکدا، هـەمـوو شتێکی یـەکـالا کـردەوە و مـەمـلـەکـەت، ڕەوتـی ژیـانـی ئـاسـاییی ڕۆژانـەی خـۆی گرتـەوە بـەر.

بەڵام ئەوە لە چوار مـانگی زیـاتر نەخـایـاند و مەملەکەت لێی قەومـایـەوە. ڕۆژێکیـان دەمـەدەمـی عەسر بوو کە کابرایەکی نەدیو و نەنـاسیـاو، لە دەرگـای حەوشەی دا. دەرگە وەك جـارانی لـەسـەر پشت بوو. کە حـەبێی ژنی قـالـە چـبوو بـەدەنگەوە، کابرا پێی نـابووە نـاو حـەوشەکەوە و بـەخـانووەکەدا هـەڵی دەڕوانی. حـەبێ وتـی:

– فەرموو کاکە .. چیت دەوێ؟!.

ئەو هـەر بـەدەم هـەڵڕوانینـەوە وتـی:

– پیـاوتـان کێ لە مـاڵە؟.

– بۆ چیتە؟!.

– هـەندێ قسـەم هـەیـە دەمـەوێ لـەگـەڵیدا بکـەم.

حـەبێ لـەسـەری نـەڕۆیشت. چوو قـالـەی بۆ نـارد. ئـەمیش کە لێی پرسی:

– فەرموو برام .. چیت دەوێ؟!.

ئـەو، بـێ هـیـچ پـێشەکـی و سەجـەرە خـوێنـدنـەوەیـەکـی خـۆی، بـەزمـانێکی پـاراو و لەسەرخۆ وتـی:

– کاکی خۆم .. ئەم خـانووە، بەپێی شەرع و بەپێی قـانوون هی منە. حەز دەکەم بەخۆشی بیبرێنیتەوە و حەز بەمەحکەمە و مەحکەمەکاری ناکەم. جا نازانم ئێوە چی دەڵێن؟.

قـالە لە سەرەتـادا، دەتوت کوتەکێك دراوە لە گزگلاگەی گوێی و وەهـا گێژوویژ بوو کە تەنانەت، سەروسیمـای کابرای هەر تەواو لە بەرچاو بزر بوو. بەڵام کە وردە وردە لێی بەئـاگـا هـاتـەوە، وەك سەروسیمـای شەیتـانێکی بکەوێتـە بـەرچـاو و هـاتبێ کەتنێکی گەورە بکـا، بـەوپـەڕی تووڕەیی و ڕق و کینـەوە هـەڵمـەتی بردە سـەر. بـەهـەمـوو هێزێکییـەوە، بەپـاڵ ئـاودیوی دەرگـەی حـەوشەی کرد و فڕێی دایە دەرەوە– بـەدەمیشییـەوە وتـی:

– نـەیـەیتـەوە بـەم نـاوەداهـەی شەیتـانی لـەعین.

کابرا خۆی ئیتر ببرایببر چـاوی بەچـاوی چ قـالە و چ کەسێکی تری نـاو مەملەکەتەکە نەکەوتەوە. چوو بەهۆی پارێزەرێکەوە، ڕێگەی دادگەی گرتە بەر و سێ مانگی پێ

نەچوو، نەك هەر بڕیاری بۆ درا، بەڵكو گەیشتە ئەوەی پۆلیس بێنە گیانیان و داوای چۆڵكردنی خانووەكەیان لێ بكەن. ئەمان بڕوایان هەر نەدەكرد و نەدەكرد!. تا كاتێ داواكردن بووە هەڕەشەی فڕێدانە دەرەوەی كەلوپەلەكانیان، ناچار بەرودوا كەوتنە چۆڵكردنی. تەنانەت لەناویاندا حەمە عەلی، تا دوا پڕزۆڵی كەلوپەلی ناو ماڵەكەیان فڕێ نەدایە ناو كۆڵان، هەر چۆڵی نەكرد. بەم شێوەیە، دانیشتوانی مەملەكەتەكەی میمكە حەلیم، هەریەكە بەلایەكدا پەڕەوازە بوون!.

***

## ٧

سابیر و مریەم کەوتنە بارودۆخێکی گەلێ سەختەوە. باوکە لەسەر رەفتاری تەوەزەلییەکەی بەردەوام بوو. رۆژێك دەچوو بۆ ئیشکردن و سێ رۆژ پاڵی لێ دەدایەوە. خانووە تازەکەش، دوو خێزانی لەمان برسی و ڕووت و ڕەجاڵتری تێدابوو کە لە بەزەیی بەولاوە، هیچی تریان بۆ مریەم لە دەسەڵاتدا نەبوو. بۆیە باوکی لە ئەنجامدا، بیری لەوە کردەوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. رۆژێکیان کە گەڕایەوە ماڵەوە، بانگی کردە تەنیشت خۆیەوە. بە سۆزەوە دەستی بەسەر و قژیدا هێنا و پێی وت:

– کچەکەم .. من خەمی تۆ تەواو تەنگەتاوی کردووم. دڵم لە خەفەتدا وەختە بتەقێ کە بەبرسێتی و ڕووتی دەتبینم. لەبەر ئەوە چارەسەرێکم بۆ حەواندنەوەت دۆزیوەتەوە و تۆش دەبێ بەقسەم بکەیت. دەبێ چیت پێ دەڵێم وەها بکەیت.

کچە نەیدەزانی مەبەستی چییە و لە کوێوە قسە دەکا. هیچی نەوت و بۆ تەواوکردنی قسەکەی گوێ قوڵاغ بوو. باوکە وتی:

– ماڵێك هەیە دەوڵەمەندن و لە هیچیان کەم نییە. سبەینێ بەیانی دەتبەمە ئەوێ و لەلای ئەوان دەژیت. ماڵی حاجی مەحمموودی عەلافی پێ دەڵێن. جارجار لە عەلافخانەکەیدا حەماڵیی بۆ دەکەم. پیاوێکی زۆر باشە. تۆ لە ماڵەکەدا تەنیا سووکە بەردەستییەکی حاجی ژن دەکەیت. لای ئەوان هەر هیچ نەبێ رووت و برسی نابیت. سبەینێ بەیانی دەتبەم .. باشە؟.

ئەمجاریش هیچ وەرامێکی نەدایەوە. نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە! . باش لە مەسەلەکە تێ نەدەگەیشت و بۆی نەدەهێنرایە بەرچاو. باوکەش لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت.

بۆ بەیانی جلوبەرگەکانی خستە ناو بوخچەیەکەوە و دایە دەستی. خستییە تەك خۆی و بەرەو ماڵی حاجی مەحموود کەوتنە ڕێ. لەوێ لە داڵانەکەدا هەروا بەسەرپێوە بەحاجی ژنی وت:

– ئەمە مریەمی کچمە وا هێناومە!.

حاجی ژن بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، چەناگەی مریەمی لە مشت گرت و بەسەریدا نوشتایەوە. بەزمانێکی شیرین وتی:

– بەخێر بێیت کچی جوان.

ئینجا دەستی لەو بەردا و رووی کردە باوکی، وتی:

سابیر لە دەرگە بەدەرکەوت و جێی هێشتن. حاجی ژن دەستی گرت و بەرەو ژوور بردی.

کردی بەژوورێکی خنجیلەی پاك و تەمیزی گەچکاریدا. بەرامبەری خۆی، داینیشاند و پێی وت:

– با لە ئێستەوە پێت بڵێم: لەمماڵەدا قەت خۆت بەکارەکەر دامەنێ. من بەدایکی خۆت و منداڵەکانیش بەخوشك و برای خۆت بزانە. ئەم ژوورەش لە ئێستەوە ژووری تۆیە. دەیبینیت چەند پاك و تەمیز و رێکوپێکە؟ .. دەمەوێ هەردەم وەهابێ. واتە دەمەوێ تەمەڵی نەکەیت و هەروەکو ئێستای، پاك و تەمیز و رێکوپێك رای بگریت. من حەزم لە تەمەڵی و پیس و پۆخڵی نییە. لەبەر ئەوە لە ئیشکردنیشدا، هەر ئەوەم لێت دەوێ. من هیچ کارێکی قورست پێ ناکەم. تەنیا هێندەم لە تۆ دەوێ سووکە بەردەستییەکم بۆ بکەیت و هیچی تر. باشە کچەکەم؟.

مریەم ئەگەرچی لە قسەکانی ئەمیش هەر زۆر باش تێ نەگەیشت، بەڵام ئاوازی سۆزدارییەکەی لە قسەکردنیدا، پەرەی دڵی دەلەراندەوە و وای هەست دەکرد میمکەی لێ زیندوو بووەتەوە. بۆیە بەدڵێکی، خۆشەوە لە وەرامیدا وتی:

– بەڵێ میمکە.

حاجی ژن کە درێژەی بەسەرهاتەکەی مریەمی پێشەکی پێ دەزانی، بە سۆزێکی دایکانەوە گوێچکەی گرت و بەپێکەنینەوە پێی وت:

– پێشم مەڵێ میمکە و بڵێ پووری، چونکە هێشتا نەبووم بەمیمك .. باشە!.

– بەڵێ پووری.

لەو وەختەوە مریەم، ئیتر بوو بەئەندامێکی خێزانەکە. لە وردەوە هەتا درشت، کەسێك بەچاوی کارەکەر سەیری نەدەکرد، بەتایبەتی، گەلاوێژ کە تازە بووبوو بەمامۆستای

قـوتـابـخـانـە. سەیـر ئـەوەیـە ئـەم ڕۆژی یـەکـەم کـە لـە قـوتـابـخـانـە گـەڕایـەوە و لەناو حەوشەکەدا کچەی بینی ژێر دارتووەکە گسك دەدا، هەر خێرا گومـانێك دایگرت. ئـازادی برا بچکۆلەی لە حەوشەکەدا بوو، لێی پرسی:

– ئەو کچە کێیە؟.

کە لە وەرامدا وتی:

– دایکم ڕای گرتووە ئیشی بۆ بکا.

چاوی پەڕییە پشتی سەری و بەرەو لای دایکی هەڵمەتی برد. وتی:

– دایە .. من هەر دەمزانی تۆ لەگەڵمدا ڕاستگۆ نیت. دەمزانی تۆ زۆرت حەز لێیە کارەکەر و کەنیزەکەت هەبن. زۆرت پێ خۆشە ببیت بەشاژن. پیرۆزت بێ .. تۆ پیرۆزت بێ.

بەڵام من ئیتر لەم ماڵەدا نابم. من دەچمە ماڵی خاڵم.

گەلاوێژ لەو بابەتە مرۆڤە بوو کە هەرچییەکی لە دوو توێی کتێبدا لەبارەی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەخوێندەوە، یا هەرچییەکی لە کۆبوونەوەکانیدا لەم ڕووەوە بۆ باس دەکرا، بەر لە هەر شتێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا جێبەجێی دەکرد و بەدیی دەهێنا. بۆیە ئاوەها بە ڕووی دایکیدا تەقییەوە. بەڵام دایکی بۆی پێ کەنی و بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– بێ ئەقڵ .. ڕاوەستە با جارێ حیکایەتەکەیت بۆ بگێڕمەوە.

کە لە نووکەوە بۆی باس کرد، ئیتر لەو ساتەوە بۆی بووە خوشکی گەورە، بەتایبەتی کە ئاغری و سەنگینی و گوێڕایەڵییەکی سەیری پێوە بینی!. تەنانەت لە سەرەتادا لێی بوو بەمەراق کە ئەوێکی بێ دایك و خاوەنی باوکێکی وەها بوودەڵە، دەبێ لە کوێوەی هێنابن؟ بەڵام دوای ماوەیەك کە وردە وردە کەوتە دواندنی ئەویش بەدوور و درێژی باسی دایکی و ئینجا باسی ژیانی خۆی لەگەڵ میمکەدا بۆ کرد، ئەوسا لە نهێنییەکە تێ گەیشت و هێندەی تر مریەمی لەلا خۆشەویست بوو. بەر لە هەموو شتێکیش، بڕیاری دا فێری خوێندەواریی بکا. ڕۆژێکیان پێی وت:

– مریەم .. حەز دەکەیت فێری خوێندەواریت بکەم؟.

ئەو هەر خێرا وتی:

– زۆر.

ئەم ویستی بزانێ ئاخۆ ڕەزامەندییەکەی لەبەر دڵی ئەمە یا بەڕاستێتی، لێی پرسی:

– ئەوانەی لە خانووەکەی میمکەدا لەگەڵتاندا بوون، منداڵیان هەبوو لە قوتابخانە بێ؟

– بەڵێ .. ئەحە و مەحموودی کاك حەمە عەلی لە قوتابخانە بوون.

– ئەی تۆ داوات لە میمکە نەکرد بتنێرێتە قوتابخانە؟.

– نەء.

– بۆچی؟ .. خۆت حەزت نەدەکرد؟.

– با .. خۆم حەزم دەکرد. بەڵام کاك حەمە عەلی کچێکی هەبوو لە تەمەنی مندا بوو، کەچی نەیناردبووە قوتابخانە. هەموو جارێکیش لێم دەبیستن کە چوونە قوتابخانە بۆ کچ نابێ.

– میمکەش دەیوت؟.

– بەڵێ.

– تۆش لەبەر ئەوە داوات نەکرد... وانا؟.

– بەڵێ.

گەلاوێژ بە سۆزەوە باوەشی کرد بەسەریدا و نووساندی بەسنگی خۆیەوە. بەگەشکەدارییەوە وتی:

– کچێ تۆ زۆر زیرەکیت .. زۆر!.

کە لە خۆی دوور خستەوە، دەستی برد بۆ تەنیشتی. کتێبێکی قەبەی لێ گرت بەدەستەوە و وتی:

– تەواو .. لە سبەینێوە دەست پێ دەکەین. دەبێ لە ماوەی دوو سێ ساڵدا، وەهات لێ بکەم بتوانیت وەك من کتێبی ئاوەها گەورە بخوێنیتەوە. بەڵام بەمەرجێك؟.

– بەڵێ.

– بێزار نەبیت .. تاقەتت نەچی .. خۆت ماندوو بکەیت و کۆڵ نەدەیت .. ئێ؟.

– بەڵێ.

***

مریەمی پەروەردەکراوی ناو باوەشی مەملەکەتەکەی میمکە، کەوتە ناو باوەشی مەملەکەتێکی تایبەتیی ترەوە. ئەمیان مەملەکەتی جۆرە قسە و باس و هەڵسوکەوتێکی تر بوو، بەتایبەتی لەلایەن گەلاوێژ و خاڵییەوە!. هەر دوای چوار ڕۆژ، دەمەدەمی عەسر بوو کە هەستی کرد وا باجی گەلاوێژ، تاکێکی دەرگای حەوشەی خستووەتە سەرپشت و خۆشی لە داڵانەکەدا ڕاوەستاوە. ئینجا چوار کچ بەرودوا بەبێ لە دەرگەدان، خۆیان کرد بەماڵدا و ڕاست ڕوویان کردە ژێرخانەکە. باجیش بەدوای چوارەمدا دوای داخستنەوەی دەرگەی حەوشە، چووە لایان و دەرگەی پێوە دا. ماوەیەکی زۆر لە ژوورەوە مانەوە، بێ ئەوەی هیچ دەنگە دەنگێکیان لێوە ببیسترێ. تا لە ناکاوێکدا دەرگە کرایەوە و یەکەم جار باجی هاتە دەرەوە. چوو دەرگەی حەوشەکەی کردەوە و سەرێکی کێشایە دەرەوە. ئینجا چوار کچەکە چۆن هاتبوون، ئاوەهاش بەرودوا ڕۆیشتن.

دوای سێ ڕۆژی تر، هەمان کردەوەی بینییەوە!. بەڵام ئەمجارەیان خاڵە (وەهاب) و چوار پیاو بوون. ئەمانیش بەهەمان شێوە هاتن و چوونە ژێرخانەکەوە. هاتنی ئەمان لە وەختێکدا بوو کە دنیا تاریك بووبوو. ئەم ئەو ساتە لەبەر بەلووعەکەی حەوشەدا، لەگەڵ پووریدا خەریکی شتنی قاپ و قاجاغی نانخواردنی ئێوارە بوون. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لێی بپرسێ کە ئەوانە چین و لەو ژێرخانەدا چی دەکەن و ڕووی نەهات بیکا!. بەڵام کە جارێك و دووان سیان دیمەنەکەی لە بەرچاو دووبارە بووەوە، خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕووی پرسیاری لە گەلاوێژ کرد. وتی:

– باجی .. ئەوە ئێوە کە دەچنە ژێرخانەکەوە و دەرگە لەسەر خۆتان پێوە دەدەن، چی دەکەن؟!.

گەلاوێژ وەك پرسیارەکەی بەلاوە چاوەڕواننەکراو بێ، کەمێ لێی ڕاما، ئینجا زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی و وتی:

– حەمامۆکێ دەکەین. تۆ حەمامۆکێ دەزانیت؟!.

– ئا .. ئەی چۆن! .. کە منداڵ بووم زۆرجار دەمکرد.

– کە منداڵ بوویت؟! .. بۆ ئێستا چیت؟!.

– ئێستا منداڵ نیم.

لەم قسەیەشی کەمێ ڕاما. دەستێکی بەسەروقژیدا هێنا و وتی:

– هەقتە .. منداڵ بوویتایە ئەو پرسیارەت بۆ نەدەکرا. حەز دەکەیت بزانیت چی دەکەین؟.

– بەڵێ زۆر.

– دەگوێ بگرە بۆتی باس بکەم. بەر لە هەموو شتێك، تۆ دەبێ ئاگەداری زمانی خۆت بیت و نابێ لای هیچ کەسێك، ئەوەی دەیبینیت بیدرکێنیت. چونکە ئەگەر بکەوێتە بەر گوێی پۆلیس، دێن دەمانگرن و حەپسمان دەکەن. دەزانیت بۆچی؟. لەبەرئەوەی حکوومەت زوڵم زۆر لە خەڵك دەکا و ئێمەش بەری لێ دەگرین. دەمانەوێ نەیهێڵین و حکوومەتێکی وا دروست بکرێ کە زوڵم و زۆر نەکا. کە زۆرداری نەهێڵێ و بەتەنگ هەژارانەوە بێ. تۆ کە دەمانبینیت هەموو جارێك دەچینە ژێرخانەکەوە و دەرگە لەسەر خۆمان دادەخەین، ئەوە دەچین دادەنیشین لەو باسە دەدوێین. بیری لێ دەکەینەوە کە چۆن ئەم حکوومەتە بڕووخێنین و چۆن حکوومەتێکی باشی لە جێگە دابنێین. تێم گەیشتیت وتم چی؟.

مریەم بەدڵنیایی و بەپەرۆشەوە وتی:

– بەڵێ .. بەڵێ باجی تێت گەیشتم .. لە بیرم دێ کە جارێکیان دوو پیاو، بەهەڵەداوان خۆیان کرد بەماڵی ئێمەدا. پۆلیس ڕاوی نابوون. میمکە بردنییە کونی ژوورەوە و حەشاری دان هەتا دنیا تاریك بوو، ئەوسا بەڕێی کردن. دوایی کە لێم پرسی: میمکە ئەوانە چی بوون؟.

وتی: دەیانەوێ ئەم حکوومەتە خراپە نەمێنێ و حکوومەتێکی باش جێگەی بگرێتەوە. لەبەر ئەوە پۆلیس ڕاوی نابوون بیانگرێ و حەپسیان بکا.

– کەوابوو میمکەش حەزی دەکرد ئەم حکوومەتە نەمێنێ؟.

– بەڵێ .. دەزانیت چی باجی؟.

– چی؟!.

– میمکە پێش مردنی بەچەند ڕۆژێك، لەگەڵ کاك حەمە عەلیدا کردی بەفەرتەنەیەك ئەوسەری دیار نەبێ.

– بۆچی؟ .. لەسەر چی؟!.

– لەسەر ئەحەی کوڕە گەورەکەی. ئەویش هەروەکو ئێوەیە. ڕۆژێکیان پۆلیس



مريەم

گرتبوویان. کەچی کە بەربوو، بۆ شەوێ باوکی لێی دا و دەری کردە دەرەوە، بەڵام میمکە چوو بەگژیدا و زۆری قسە پێ وت. ئەحەشی هێنایە لای خۆی و وتی: کوڕی ئازا و چابووك قابیل بەمنە نەك بە تۆی ترسنۆك و نەفام. بڕۆ سەری خۆت بدە بە بەردی ڕەقدا، وا ئەحە بوو بە کوڕی من.

– ئەی دوایی؟.

– دوایی هات بەمیمکەی وت: من کردم تۆ نەیکەیت.

ئیتر ئەحەی دانەوە.

– تۆ پێت خۆش بوو؟.

– نەء باجی .. حەزم دەکرد هەر لەگەڵ ئێمەدا بێ.

– بۆچی؟.

– نازانم هەر حەزم دەکرد.

گەلاوێژ دەستێکی تری پڕ لە سۆزی بەسەروقژیدا هێنا و تەنیا وتی:

– شەیتان!.

***

ئەو خۆشبەختییەی مریەم تەنیا هەشت مانگی خایاند و ئیتر باوکی لێی شێواند. ئەو بۆ نەگبەتی چەندە لە ئیشکردندا بوودەڵە و تەمەڵ بوو، هێندەش لە تێگەیشتندا گێل و گەمژە بوو.

زوو فریوی دەخوارد و دەخەڵەتا. تەنانەت منداڵێکی تۆزێ زۆرزان دەیتوانی لە خشتەی بەرێ، چ جایە میرزا سەلیمی عەلاف دەگا کە دەنکە جۆی بەدیواردا هەڵدەگێڕا.

حاجی مەحموود ئێوارەیەکیان کە گەڕایەوە ماڵەوە، سەرنجی دا گەلاوێژ و دایکی لێی لالووت و پەستن!. کە بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسین:

– دەبینم لەسەرخۆ نین! .. چیتانە؟!.

گەلاوێژ هەر پیشی خواردەوە و هیچی نەوت. دایکی دەمی لێ کردەوە و وتی:

– ناپرسیت کوا مریەم؟.

حاجی چاوێکی بەدەوری خۆیدا گێڕا. ئەمجاریش بەسەرسامییەوە وتی:

– چی بووە؟!.

– چی بووە؟! .. تۆ جارێ پێمان بڵێ بزانین چیت لە باوکی کردووە؟. لەخۆڕایی نییە. دەبێ دڵیت ئازار دابێ. دەبێ کردەوەیەکی خراپت بەرامبەر کردبێ!.

– تێم بگەیەنن چی بووە؟ .. بردییەوە؟.

– بەڵێ بردییەوە.

– چی وت؟ .. نەیوت لەبەر چی؟.

– باسی نەکرد. تەنیا وتی حەز دەکەم بیبەمەوە لای خۆم. زۆرمان هەوڵ دا نەیبا، بێ سوود بوو. چووبوو بەقیردا.

– ئەی بەچیدا دەزانن خەتای منە و دەبێ من کردەوەیەکی خراپم بەرامبەری کردبێ؟.

دایکە هیچی تری بۆ نەوترا. لەگەڵ گەلاوێژدا روانییانە یەکتر و خامۆش بوون. ئەم سەرێکی بادا و وتی:

– تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێن. من هەفتەیەکیش دەبێ چارەییم هەر بەرچاو نەکەوتووە!.

گەلاوێژ وتی:

– بابە شتێکی سەیرە .. ئەی دەبێ چی بێ؟!.

باوکی بەنیمچە تەوسێکەوە وتی:

– تۆ لە کن خۆت وریا و وردبینیت! .. سەبر بگرن .. سبەینێ روون دەبێتەوە.

بۆ رۆژی دوایی روون بووەوە. میرزا سەلیم کە ڕقێکی ئەستووری بەرامبەر حاجی لە دڵدا بوو، بەچەند قرۆشێك و هەندێ قسەی لووس و بەڵێنی درۆ، سابیری فریو دابوو. حاجی گەلێ تەقەلای لەگەڵدا دا کە پاشگەز ببێتەوە و کچە بێنێتەوە لایان، بێ سوود بوو. ئەو نەیدەتوانی، وەرامێکی ئاشکرا و ڕاست و دروست بداتەوە، بگرە تەنیا بڵمەبڵمی لێوە دەهات و دەیوت:

– وەڵا حاجی .. من .. بڵێم چی .. حەزم نەدەکرد .. ئاخر ..

تا کاتێ حاجی بێزاری دایگرت و وتی:

– قسەی ڕاستم پێ بڵێ .. وتت چی؟.

ئەو دەتوت لە ناکاوێکدا، بووەتە مرۆڤێکی خاوەن ڕا و تەدبیری خۆی، بەڕوونی وتی:

– حاجی .. من گفتم داوە و کچە ئێستا وا لەوێ .. ناتوانم پاشگەز ببمەوە.

حاجی ئیتر کۆڵی دا. گەلاوێژ و دایکیشی بەدوایدا، وردە وردە لە باسەکە سارد بوونەوە.

***

ماڵی میرزا ئەو شوێنە نەبوو مریەم بتوانێ تیایدا هەڵبکا. میرزاژن ئەگەرچی بەنەرمی لەگەڵیدا دەجووڵایەوە و ئاسایی وەك کارەکەرێك، گورجوگۆڵیی لە ئیشکردندا لێ دەویست و ئەمیش لەبەرئەوەی لە ئیشکردندا ئاسایی بوو بەلایەوە، بۆ خەوتنەکە نەبێ ئیتر بە سات حەوانەوەی بۆ نەبێ، کارەکەرییەکەی بۆ نەدەبووە گرفتێك و خۆی لەبەردا بۆ ڕاگیر دەکرا.

بەڵام منداڵەکان بوون کە دەردیان دەدایە و ژیانیان لێ دەکردە دۆزەخ. ئەوان هەر بەوەوە نەدەوەستان وەك فرفرۆکە بۆ بەجێهێنانی داخوازییەکانیان بیخولێننەوە، ئەم بە لەش سووکی و گورجوگۆڵییەکەی ئەو بارەشی هەر بۆ هەڵدەگیرا، بەڵام ئەوەی خۆی لەبەریدا بۆ ڕاگیر نەکرا، ئازارە دەروونییەکە بوو کە لەسەر دەستیاندا دەینۆشی .. «کارەکەر ئاو .. کارەکەر کتێبەکانم .. کارەکەر گۆرەوی .. کارەکەر دەرد و زەقنەبووت!! ..» سەرباری هەمووشی، هەر کامێکیان هەڵدەستا و دایدەپلۆست. تا جارێکیان گەیشتە تینی و دەستی لە یەکێکیان وەشاند. ئەوسا میرزا ژن، وەك مژدەیەکی خۆشی بداتێ، وتی:

– برۆ کچم برۆ .. بچۆرەوە بۆ لای باوکت. تۆ بەکەڵکی ئێمە نایەیت!

***

## ٨

مریەم بەو دەرکردنەی گەلێ پێخۆشحاڵ بوو. یەکسەر وەهای لە دڵ گرت کە باوکی دەیباتەوە بۆ ماڵی حاجی مەحموود. تەنانەت هەرکە لە ماڵی میرزا پێی نایە ناو کۆڵان و کەوتە ڕێ، بیری بۆ ئەوە چوو ڕاستەوخۆ ڕوو لەوێ بکا. بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: «نەء .. ئێستا نا .. سبەینێ لەگەڵ باوکمدا دەچم».

کە خۆی کرد بەژووردا، باوکی لەسەر جێگە شڕەکەی پاڵی دابووەوە و ناو ژوورەکەی بەدووکەڵی جگەرە قانگ دابوو. ئەو هەرکە بوخچەکەی بەبن دەستییەوە دی، گومانی کرد کە دەبێ شتێ قەومابێ. بەتەمەڵییەوە لێی قیت بووەوە و وتی:

– چی بووە؟!.

مریەم بوخچەکەی دانا و دانیشت. بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– دەریان کردم.

– بۆچی؟!.

– منداڵێکیان جنێوی پێ دام و تفی لێ کردم، منیش لێم دا.

– نەخێر نەیەیتەوە.

تەنیا هێندەی وت و ئیتر پاڵی دایەوە. بۆ شەوێ لە باوکی پرسی:

– سبەینێ دەمبەیتەوە بۆ ماڵی باجی گەلاوێژ؟.

باوکی کەمێ بۆ وەرام ڕاما. دوایی وتی:

– حەز دەکەیت؟.

بەخۆشحاڵییەوە وتی:

– ئا.

– ئەی ئەگەر ئەوان حەزیان نەکرد؟.

– ئەوان حەز دەکەن.

– بڕوا ناکەم.

– بۆچی؟!.

– دڵیان لێم یەشاوە. من دەزانم ئێستا حەز لە چارەم ناکەن و ڕقیان لێمە.

– بەڵام ئەوان منیان خۆش دەوێ.

باوکی لە وەرامیدا تەنیا وتی:

– با بزانین .. سبەینێ بیرێکی لێ دەکەمەوە.

ئیتر هەر ئەو بابزانینە بوو!. راستە بۆ سبەینێ و بۆ رۆژانی دوایی تریش بیری لێ کردەوە، بەڵام ئێستا و ئەوسا بڕیاری ناردنەوەی بۆ ماڵی حاجی مەحموود نەدا و لە بریی ئەوە، باسەکەی بەبارێکدا ساغ کردەوە کە هەر تەواو لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەر لێرەشەوە ئیتر، دەروێش کەریم ناوێك هاتە کایەوە و لە مریەم بوو بەمێمڵ.

سەوا و مامەڵەکە لە نێوانیاندا، راست لە بابەتی کڕین و فرۆشتنی پارچە کەلوپەلێك بوو دەروێش هەواڵی کچەی لە میرزا سەلیم بیست. یەکەم یەکتربینین و یەکەم سەوا و مامەڵەشیان، هەر لە عەلافخانەکەی ئەودا بوو. میرزا بوو بەدەروێشیدا هەڵدا و وتی:

– سابیر .. دەروێش حەمە کەریم پیاوێکی باش و تا بڵێی وەجاغزادەیە. بەشی خۆی بووەیە و خاوەنی ماڵ و حاڵ و خانووی خۆیەتی. لە دنیای خوادا تاقە یەك خوشکی هەیە و لەگەڵیدا دەژی. بەختێکی باشە بۆ کچەکەت و لە کیس خۆتانی مەدە. من تەنیا ئەوەندە دەڵێم و خۆشتان ئەوەتا دانیشتوون و ڕووبەڕوو قسەی لێ بکەن.

سابیر سەرنجێکی دایە دەروێش. پرسیارێك لە مێشکیدا تووسکەی دا: «ئاخۆ تەمەنی چەند دەبێ؟ .. چل و پێنج یا پەنجا دەبێ!». بەڵام هەر زوو سەرنجی لێ لادا و لە دڵی خۆیدا وتی: «با واش بێ .. قەیدی چییە»!. ئینجا لە وەرامی میرزادا وتی:

– وەڵا بڵێم چی میرزا .. من دەیدەمەوە دەست جەنابت .. خۆت وەکیل بە.

– نا .. من وام پێ باش نییە. من ئیتر دەخڵم نییە. خۆتان بی بڕێننەوە.

دەروێش هاتە قسە و وتی:

– خاڵە سابیر میرزا راست دەکا. با خۆمان قسەی لێ بکەین و وا من دەسپێشخەری دەکەم.

پێویست ناکا باسی خۆمت بۆ بکەم، لەم ڕووەوە میرزا شایەتیی بۆ دام. ئێستا حەز

دەکەم بزانم چەندت لێم دەوێ.

میرزا وتی:

– رەحمەت لە بابت .. ئەئاوا قسەی لێ بکەن .. ئەمەیان تەواوە.

سابیر وتی:

– سەد دینار.

ئەم وەك لەلای خۆیەوە چاوەڕوانی پرسیارەکە بووبێ، بێ رامان سەد دینارەکەی بەسەر دەمدا دەهات. بەڵام دەروێشیش وەك لەم جۆرە سەوا و مامەڵەکردنەدا کوڵابێ، خۆی خستە حاڵەتی ئەوپەڕی سەرسوڕمانەوە. چاوی زەق کردەوە و دەمی داچەقاند. بەو شێوەیەوە کەمێ بەسابیردا هەڵی ڕوانی. ئینجا رووی قسەی کردە میرزا و وتی:

– میرزا .. گوێت لێ بوو؟!.

میرزا سەرێکی لەقاند و وتی:

– سابیر .. تەماعکار مەبە .. زۆرە.

– زۆر نییە میرزا .. زۆر نییە.

دەروێش هەڵی دایە:

– سەد دینار و دەڵێ زۆر نییە!! .. لە کوێی بێنم؟!.

میرزا وتی:

– زۆرە سابیر .. کەمی بکەوە.

– با نەوەت بێ .. لەبەر خاتری تۆ.

دەروێش وتی:

– نیمە .. پێم هەڵناسووڕێ.

– لەبەر خاتری میرزا، با هەشتابێ.

بەهەرحاڵ، دوای گێرمە و کێشەیەکی زۆر، لەسەر پەنجا دینار گونجان. بەمەرجێ دەروێش، مریەم ببینێ و دڵی بیگرێ.

***

وەختێ ئەوان خۆیان کرد بەژووردا، مریەم خەریکی دروونەوەی قەڵبەی کراسێکی

باوكی بوو. لەوەبەر قەت رووی نەدابوو، باوكی بێتەوە و میوانی لەگەڵدا بێ. بۆیە بەبینینی دەروێش سەرسام بوو!.

– ئادەی كچم .. چایەكمان بۆ لێ بنێ.

ئەو وەختە ئەم خۆی خستبووە سەرپێ و ئەوان دانیشتبوون. بۆ چالێنانەكە جێی هێشتن و چووە هەیوان. سەرسامییەكەی هانی دا گوێ بۆ قسەكانیان هەڵبخا. بەئەسپایی دەدوان و باش لێیان تێ نەدەگەیشت. خۆی نزیك كردەوە و لە تەنیشت دەرگەكەدا دانیشت. بەدەم خۆخەریككردنەوە بەتەدارەكی چالێنانەكەوە، باشتر خۆی گوێ قولاغ كرد. قسەكانیانی بەڕوونی كەوتە بەرگوێ:

– باشە وا وتمان هەموو كەلوپەلێكت هەیە، ئەی خۆ دەبێ هەندێ جلوبەرگی بۆ بكەیت.

– بۆی دەكەم .. بەسەرچاو .. كە كەوتە لای خۆم، كام جلوبەرگ جوانە بۆی دەكەم.

– نیازت وایە كەی بیبەیت؟.

– سێ چوار رۆژ زیاتری پێ ناچێ. هەر ئەوەندەی خورشەی خوشكم جێگە و ڕێگەیەكمان بۆ ساز بكا. دێم دەیبەم. ئەمڕۆ كە رۆیشتمەوە، ئاگەداری دەكەم خەریك بێ و پەلەی لێ بكا خۆشم سبەینێ، مەلایەك لەگەڵ خۆمدا دێنم و مارەی دەكەم.

– ئەی پەنجا دینارەكەی من .. كەی دەمدەیتێ؟.

– سبەینێ .. هەر دوای مارەكردنەكەی.

مریەم هەر لە سەرەتاوە، كسپەیەك دای لە هەناوی و دەستی بەپیاڵەكانەوە وشك بوو. ئینجا وردە وردە هەستكردن بەترس و سامێكی نادیار لە ناخەوە، سەری لێ هەڵدا و دڵەلەرزەی پێ خست. باسەكەی هێندە لە ناكاو بەرگوێ كەوت كە لە ئاستیدا، لە سەرسوڕمان و تۆقین بەولاوە هیچی تری بۆ نەدەكرا. بەدوایدا تاسێكی قووڵ بردییەوە و كڕوكاس بوو. تا دەنگی باوكی بەئاگای هێنایەوە كە بانگی لێ كرد:

– مریەم .. چایەكە دەم نەبوو؟.

هیچ وەرامێكی نەدایەوە. ماوەیەكی تر خەریك بوو تا چای پێ گەیاند. دوو پیاڵەی بۆ تێ كردن و بردنییە ژوورەوە. بەدەم دانانیانەوە، سەرنجێكی خێرای دایە میوانەكە. ئەمجارە كسپەیەكی تیژتر دای لە هەناوی. كە گەڕایەوە ناو هەیوانەكە و دانیشتەوە،

دەتوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە.

زۆری پێ نەچوو، ئەوان هاتنە دەرەوە و بەلایدا رەت بوون. کاتێ لێیان بەئاگا هات و هەستایە سەرپێ، ئەوان لەوەدا بوو هەنگاو بنێنە ناو حەوشەوە. بۆ ماوەی چەند ساتێك، بەپێوە لە جێی خۆی چەقی. تا لە پڕێکدا، تەکانی دایە بەر خۆی و چووە بەر هەیوانەکە. لە پشتەوە پیایدا هەڵڕوانییەوە و هەر بەهەمان ئەنجامی گەیاند. ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارە مایەوە و چاوی بەسەر دەرگەی حەوشەدا روا. کە گەڕایەوە هەیوانەکە و دانیشتەوە، هەر وڕوکاس بوو. نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ. سەری دنیای لێ هاتبووەوە یەك. تا لە ناکاوێکدا بیرێك لە مێشکیدا برووسکەی دا. لە دڵی خۆیدا وتی: «باجی گەلاوێژ .. ئا .. ئەو بەفریام دەکەوێ .. پەنا دەبەمە بەر ئەو».

بزەیەك کەوتە سەر لێوی و رووی گەشایەوە. راچەنییە سەرپێ بەو نیازەی، یەکسەر بەرەو ئەوێ مل بنێ. پێڵاوی لە پێ کرد و تا ناو حەوشەکەش رۆیشت. لەوێدا هەڵوێستێکی بۆ کرد و بەرەو رۆئاوا ڕوانییە ئاسمان. رۆژ روو لە ئاوابوون بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

«درەنگە .. فریای چوون و هاتنەوە ناکەوم. سبەینێ بەیانی دەچم».

مریەم بەو پەنابردنەی بۆ لای گەلاوێژ، هێندە دڵخۆش بوو کە بەرامبەر بەکارەساتەکە، هیچ غایلەیەکی لە دڵدا نەما. بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیوت: «سبەینێ دەچم و بۆی باس دەکەم. ئەویش دایکی و باوکی ئاگەدار دەکا و دەمبەنەوە لای خۆیان. ئیتر ئەمان با هەر لە ورگی خۆیان بدەن». تەنانەت کە باوکی گەڕایەوە ماڵەوە و ویستی بەدوور و درێژی بۆی باس بکا، ئەم خۆی خلافاند و گوێی بۆ رایەڵ نەکرد. بگرە کە دەستیشی بەقسە کرد و لەسەری ڕۆیشت، ئەم هەر چ بەچاك و چ بەخراپ، هیچ گفتێکی لە دەم دەرنەهات ئەویش کە هیچی لەم نەبیست، لەلای خۆیەوە وای دانا کە لە باسەکە حاڵی نابێ و لە دڵی خۆیدا وتی: چاکتر وایە وازی لێ بێنم بۆ خۆی .. دوایی خۆی لێی تێ دەگا».

***

بۆ بەیانی هەر هێندەی باوکی پێی لە ماڵ بردە دەر، ئەمیش بەهەڵەداوان بەرەو لای گەلاوێژ ملی نا. کە خۆی کرد بەماڵدا و پێی نایە حەوشەکەوە، بەر لە هەر کەسێکی تر ئەوی بینی کە لەژێر دارتووەکەدا دانیشتبوو. سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕ کردبووەوە و

دەیخوێندەوە. بەبینینی دڵی پڕبوو لە گریان. بەڕاکردن بەرەوڕووی چوو. ئەویش هەر زوو لەم بەئاگا هات و واقی وڕما، بەتایبەتی کە ئەم چوو لە بەردەمیدا بەچۆکدا هات، سەری ئاخنییە کۆشییەوە و بەکوڵ دەستی کردە گریان!.

گەلاوێژ ترسی لێ نیشت و شڵەژا. سەری مریەمی لە کۆشی خۆی هەڵپچڕی و گرتییە ناو هەردوو لەپی مشتی. بەپەشۆکاوییەوە وتی:

– چی بووە .. چیت بەسەر هاتووە؟! .. پێم بڵێ!.

مریەم هەر هەنسکی هەڵدەدا و وەرامی بۆ نەدەدرایەوە. ئەو ساتە دایکی گەلاوێژیش بەئاگا هاتبوو. گەیشتبووە ئاستیان و پەیتاپەیتا دەیپرسی:

– گەلاوێژ .. مریەم .. چییە ئەوە؟ .. چ خێرتانە؟!.

گەلاوێژ وتی:

– دایە منیش نازانم .. دەبێ شتێکی خراپ قەومابێ!.

کە بەهەردووکیان هێمنیان کردەوە و لە گریان و هەنسک هەڵدانیان خست، وتی:

– باوکم .. دەیەوێ بمدا بە شوو؟.

بتدا بە شوو؟! .. بە کێ؟!.

– نازانم کێیە و ناوی چییە.

– لەگەڵ خۆیدا هێنایەماڵەوە و گوێم لێ بوو باسیان دەکرد .. باسی بەشوودانی من بە پیاوەکە.

– پیاوێکی چۆن بوو؟ .. ئادەی بۆمی باس بکە.

– پرچێکی درێژی هەبوو .. لاوازێکی کورتەباڵای جیقن و پیریش بوو.

– پیر؟! .. تەمەنی چەند دەبوو؟!.

– نازانم .. نازانم بڵێم چەند.

– وەکو باوکت دەبوو؟!.

– ئائا .. بەڵێ.

– نەتزانی ناوی چییە؟.

– نەء .. باوکم پێی دەوت دەروێش.

– دوایی باوکت پێی وتیت دەتدا بە شوو بەو پیاوە؟.

– بەڵێ.

– ئەی تۆ وتت چی؟.

– من هیچ قسەم نەکرد و ئیتر ئەویش لەسەری نەڕۆیشت.

گەلاوێژ وەها گرژ و پەست و تەنگەتاو بووبوو کە دەتوت زوڵمەکە لە خۆی دەکرێ. وەك بیەوێ بیداتە پاڵ دایکی، ڕووی دەمی تێ کرد و بەتەوسەوە وتی:

– دایە .. باشە؟!.

ئینجا ڕووی قسەی کردە مریەم و وتی:

– باوکت دەیەوێ لە کوڵ خۆیت بکاتەوە. تۆ لە ئێستەوە لێرە دەبیت و ئیتر مەچۆرەوە بەلایدا. ئەگەر هاتیش بەدواتدا، بڵێ نایەم .. باشە؟.

مریەم بە قسەکە گەلێ خۆشحاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا وەك بزانێ بەتەنیا هێندە نابڕێتەوە، وتی:

– ئاخر باجی .. ئەو فرۆشتوومی بەپیاوەکە بە پەنجا دینار! ..

گەلاوێژ لەم قسەیەش واقی وڕما وتی:

– فرۆشتن بە پەنجا دینار؟! .. ئەمیانت چۆن زانی؟!.

– گوێم لێ بوو باوکم بەپیاوەکەی وت: ئەی پەنجا دینارەکەی من .. کەی دەمدەیتێ؟!.

ئەمجاریش بەتەوسەوە بە دایکی وت:

– باشە؟!.

دایکە بە خەفەتبارییەوە وتی:

– بەڵام ئێمە چیمان دەسەڵاتە کچەکەم .. چیمان پێ دەکرێ!. منیش وەك تۆ بەتەنگییەوەم. خۆت نازانیت چۆنم؟ .. نامناسیت؟. چی بکەین؟ .. چیمان دەسەڵاتە؟.

گەلاوێژ وتی:

– کە مەسەلە فرۆشتن بێ و ئەو جانەوەرەیان بیدا بەم جانەوەر بەپەنجا دینار، با ئێمە سەدی بدەینێ و رزگاری بکەین. من سێ چوار مەعاشی داهاتووی خۆمی بۆ

تەرخان دەکەم. تۆ قسە لەگەڵ باوکمدا بکە .. تۆ رازی بکە سەد دینارم بداتێ بەقەرز و..

– گەلاوێژ .. کچەکەم .. چۆنت دڵت دێ ئەم قسەیە دەکەیت؟!. تۆ خۆت باوکت دەناسیت چۆنە. قەرزی چی؟!.

– ئەی چی دایە گیان .. ئەی چ قسەیەك بکەم و بڵێم چی؟! .. نازانم .. من هێندە دەزانم کە زوڵمە .. کە گوناحە و ئێمە دەبێ بەفریای بکەوین. تۆ خۆشت نەدەویست؟. تۆ بەکچی خۆتت نەدەزانی و نەتدەوت: خوا کچێکی تری پێ داوم؟. ئێ دەئەوەتا کچەکەی ترت بەو دەردە دەبرێ. منیش دەموت: خوشکێکی ترە و پێم دراوە. خوشکێك کە دەبێ من بەدەستی خۆم پەروەردەی بکەم. دەئەوەتا خوشکەکەم بەو دەردە دەبرێ. دایە .. کەمتەرخەمییەکەی جاری پێشووتان، بەم دەردەی بردووە. من جاری پێشوو تکام لێ کردن کە باوکی، بەچەند دینارێك دەمکوت بکەن و نەتانکرد. بۆچی نەتانکرد؟. وتتان گوایە ئەو باوکێتی و هەقتان بەسەریەوە نییە!. وانەبوو؟.

– با وابوو .. ئێستاش هەر وەهایە. ئەوە ڕاستییە و بە دەست من و تۆ نییە. کار هەروا دەکەوێتەوە.

– نەخێر وانییە .. ئەو باوکی نییە. باوکی بووایە نەیدەفرۆشت. باوك منداڵی خۆی نافرۆشێ.

– کچەکەم .. کارەکە هەروا ئاسان نییە. تۆ تێ گەیشتوویت. تۆ دەبێ باشتر لە هەر کەسێکی تر، لەم جۆرە باسانەدا شارەزابیت و وردی بکەیتەوە.

گەلاوێژ وەك بیەوێ ئەم قسەیەی دایکی بسەلمێنێ، مت و بێدەنگ بوو. ئینجا سەرنجێکی پڕ لە بەزەیی و سۆزی تێکەڵ لە خەفەتباری دایە مریەم کە بەحەپەساوییەوە بەمانیدا هەڵدەڕوانی و چاوەڕێی دوا قسەی دەکردن. دایکە هەستی کرد کە دەبێ بەلای دڵخۆشکردندا قسەیەکی تێدا بکا، وتی:

– کچم .. ئێستا ئێمە دەبێ، ئەوەی پێمان دەکرێ بۆی بکەین. تۆ خۆت پێم بڵێ: چیمان پێ دەکرێ؟.

گەلاوێژ چاوی لە مریەم لادا و کەمێ بیری کردەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «دایکم راست دەکا. ئەو گەلۆرە باوکێتی و سەری گرۆڵەکە بەدەست ئەوەوەیە». ئینجا وتی:

– دایە .. قسەی تۆیە .. دەبێ چیمان پێ دەکرێ بۆی بکەین.

– دەبڵێ بزانم.

– باوکی .. ئەو بەگیر بێنین.

– دەم خۆش .. ئەوەش ئیشی باوکتە. کە هاتەوە، دووقۆڵی ئەملا و ئەولای لێ دەگرین. دەڵێین: دەچیت سابیر دەدۆزیتەوە و دەیدوێنیت. وازی لێ ناهێنیت تا مریەمی لە چنگ دەردێنیت و بۆمانی دەهێنیتەوە .. باشە؟.

گەلاوێژ بەدەم بزەیەکی گەشەوە، لای کردەوە بەلای مریەمدا ئەویش، گەشکەیەکی پڕ لە شادمانیی کەوتبووە سەر ڕووی. بزەکە بەسەر لێوییەوە پتر درەوشایەوە و لە وەرامی دایکیدا وتی:

– زۆر باشە.

مریەم بەقسە هیچی بۆ نەوترا. بەکردەوە ڕاپەڕییە سەرپێ. قەڵەمبازی دا و خۆی گەیاندە لای دایکی گەلاوێژ. پەلاماری دەستی دا و ماچی کرد. ئینجا وەرچەرخا و بەرەو لای گەلاوێژ چوو. ئەم وەك چاوەڕوانی بێ، باوەشی بۆ کردەوە و لە ئامێزی گرت. بۆ ماوەیەك خامۆش بوون. کە دەستیان لە یەکتر بەردا و مریەم خۆی خستەوە سەرپێ، بەگەشکەدارییەوە سەیرێکی هەردووکیانی کرد. ئینجا بەدڵێکی پڕ لە بەختیارییەوە، جێی هێشتن و گەڕایەوە ماڵەوە.

***

کاتێ دووقۆڵییەکە ئەملا و ئەولایان لە حاجی گرت، حاجی هەر زوو چووە ژێر باری داواکەیانەوە و بەڵێنی دانێ کە درێغی نەکا. هەر بۆ ڕۆژی دواییش بەڵێنەکەی بردە سەر و سابیری بەگیر هێنا. درێغیشی نەکرد و چەندە لە توانایدا بوو، تەقەلای دا قایلی بکا. کەچی بێ سوود بوو!. کابرا لە ئاستی قسەکانیدا، دەبووە بتێك و ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە!. تا وەختێ حاجی بەبێزارییەوە وتی:

– سابیر .. قسە بکە بزانم چی دەڵێیت؟. خۆ من هەر ڕستم و هەر هیچت نەوت!.

ئەوسا تینی دایە بەرخۆی و وتی:

– حاجی .. قسەکانت هەموویان لەسەر سەرم. بەڵام کارەکە بڕاوەتەوە. کچەکە بووەتە حەڵاڵی ئەو پیاوە و سبەینێ دێ دەیبا. من چۆن بتوانم پەشیمان ببمەوە؟.

حاجی لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا. لە نووکەوە لەگەڵیدا تێ هەڵچووەوە. بەڵام هەر بێ

سوود بوو .. هەر لە ئەنجامدا هەمان قسەی کردەوە!. ئیتر ئەو رۆژە وازی لێ هێنا و نیازی وابوو، لە فرسەتێکی تردا بچێتەوە وێزەی. کەچی سابیر هەر هێندەی لەو جیا بووەوە، چوو دەروێشی ئاگەدار کرد. ئیتر بۆ رۆژی دوایی، کارەکەی پێ جێبەجێ کرد و بۆ رۆژی دواییی تریش، خورشە چوو مریەمی دایە تەك خۆی و بۆ دەروێشی هێنا بە بووکی!.

که خورشه مریەمی کرد بەکۆڵانەکەدا، کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوو. ئەو وەختە کات دەمەدەمی عەسری ڕۆژێکی ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول بوو. گەرمای هاوین ئەگەرچی رووی لە شکستی کردبوو، بەڵام هێشتا ئەوەندەی بەبەرەوە مابوو کە خەڵکەکە ناچاری سەرخەو شکاندنەکەی دوای نیوەڕوان بکا و بەوە کۆڵانەکە وەها چۆڵ و هۆڵ بێ.

ئەوی راستی بێ خورشە نەخشەکەی دەق وەها بۆ کێشرابوو، دەنا حەزی خۆی بەپێچەوانەوە بوو. ئەو دەیویست دانیشتوانی ناو کۆڵانەکە هەموو ئاگەدار بن و بزانن کە لە فلانە کات و ساتدا، ئەو بووك دەگەیەنێتە جێ و دەیکا بەماڵی کاکیدا. شەوێ زۆری لەگەڵ کاکیدا رست و گەلێ ڕاووڕێویی بۆ هێنایەوە و کاك هەر دەتوت قوڕقوشمی کراوەتە ناو گوێ. بگرە بۆ بەیانییەکەشی کە بەگیری هێنایەوە و پێی وت:

– کاکە .. تۆ بیری لێ بکەوە .. من دەزانم تۆ چیت مەبەستە .. بەڵام ئەی ئاخر .. کەچی کاك نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. دەستێکی لاساریی لە رووداهەڵتەکاند و تەنیا وتی:

– تۆ هەقت نەبێ .. بیخە ئەستۆی من .. بڵێ کاکم وەهای ویست.

بۆیە بەناچاری بەپێی نەخشەکەی کاکی ئیشەکەی مەیسەر کرد. هەر هێندەی گەیشتنە سەری کۆڵانەکە، دەمودەست تەکانی دایە بەرخۆی و بەرەو دەرگەی ماڵەوە هەڵمەتی برد، بەپەلە دەرگەی کردەوە و خۆی پێدا ئاودیو کرد. کەمێ چاوەڕوانی کرد تا مریەم کە ئەویش وەکو جوانوویەك بەدوایدا دابوویە نەرمە غار، گەیشتە ئاستی، دەرگەی خڕ داخستەوە. وەك ئەرکێکی گرانی بەرێکوپێکی بەجێ هێنابێ، عەباکەی لەسەری خۆی داگرت و دای بەسەر دەستی چەپیدا. دەستی راستیشی درێژ کرد بۆ مریەم. بە کەمتەرخەمییەوە قۆڵی گرت و بەرەو ژوور بردی. لەبەر هەیوانەکەدا دەستی لە قۆڵی ئەو بەردا. بەگورجی دەرگەی کەلەگییەکەی کردەوە و خۆی چووە ژوورەوە. بەڵام هەر خێرا لە دەرگە بەدەرکەوتەوە. ئەمجاریش دەستی دایەوە قۆڵی. بەدەم

بەکێشکردنییەوە پێی وت:

– وەرە بڕوانە .. ئەمە ژوورەکەتە .. بزانە چۆنم بۆ ڕازاندوویتەوە!.

مەریەم کە پێی نایە ژوورەوە و هەڵی ڕوانی، حەپەسا. چۆنی بۆ باس کرابوو وەهابوو. لە بنییەوە، سندووقێکی دولڵدوڵی و بەستەکە نوێن لەسەری. بەستەکە نوێن، بەجاجمێکی تازە داپۆشراون. بەلاتەنیشتەوە، دوو تاقی پڕ لە چینی و فەخفووری. ڕاخەر، دوو بەڕەی لاکێشیی نیوداشتە. بەبن دیوارەکەوە، دوو دۆشەك ڕاخراون و دوو سەرینـی پـەڕی گـەورەی کشتـەکداریـان، وەك پاڵپشت لـەسەرە. دیوارەکان هـەموو بـەوەرەقـی ڕەنگاوڕەنگی قورقوشمین ڕازێنراونەتەوە. پەنجەرەی سەر هەیوانەکە، پەردەیەکی قەنەوزی پێدا هاتووەتە خوارەوە. دیواری بەری لای دەرگەکە، سێ ئایەتی لە چوارچێوە گیراوی قورئانی پێدا هەڵواسراوە. نووسینەکانیان بەخەتێکی سپیی وەك چوڕی شیرن و بەسەر تەختێکی رەشی قەترانییەوەن.

ئەم دیمەنە ڕەنگاوڕەنگە دڵگیرە، ئاسوودەگییەکی سەیری بەدڵ و دەروونـی دا. بەخشی. ئەو بەدرێژاییی ڕێگەکە، ترس و سامێکی دڵپڕوێن هەراسانی کردبوو. وای لە دڵ گرتبوو کە بەرەو دۆزەخێك دەبرێ و لەو شوێنەدا هەر ساتێك لە ژیانی، مردن و ژیانەوەیەك دەبێ. کەچی ئێستا چی دەبینێ؟!.

– دانیشە مریەم گیان .. وەرە لێرەدا دانیشە.

چوو لەسەر یەکێك لە دۆشەکەکان دانیشت. بوخچەکەی بن دەستی دانا و ختییە تەنیشتی خۆیەوە. ڕووە ترش و تاڵەکەی لەوەبەری، روون بووەوە و گەشکەیەك بەسەریدا داکشا. لە دڵدا چووە سەر ئەو ڕایەی باوەڕ بەقسەکەی باوکی بێنێ کە پێی وت:

«کچەکەم .. پێم خۆش نییە دەستت لێ بەربدەم و بیەڵم لێم دوور بکەویتەوە. بەڵام ناتوانم بەر لە بەختت بگرم و لە ماڵ و مێردی خۆتت بێ بەش بکەم». ئەم ئەو ساتە لە دڵی خۆیدا بەم قسەیەی باوکی نەدەوت ئامین، چونکە بەدەستییەوە مارانگاز بوو! .. گومانکردنی بەرامبەر هەر گفت و بەڵێنێکی، مایەی تاقیکردنەوەی ڕۆژانەی بوو لەگەڵیدا. بۆیە کە بوخچەکەی نایە بن دەستی و بەدوای ئەو گفتەیدا ملی ڕێگای لەگەڵ خورشەدا گرتە بەر، تەنانەت خواحافیزیشی لێ نەکرد. کەچی ئەوەتا ئێستا حەزێکی لە ناکاو، زۆری بۆ دێنێ باوکی ببینێتەوە و بەپەرۆشەوە خواحافیزیی لێ بکا!.

– چۆنە؟ .. راستم پێ بڵێ .. بەدڵتە؟

مریەم هێشتا هەر حەپەسابوو. چاك لە قسەكە حاڵی نەبوو. هەر بەناو ژوورەكەدا هەڵی دەڕوانی و ڕووی تا دەهات زیاتر دەگەشایەوە. بەڵام كە بۆ جاری دووەم پرسیار پەردەی گوێی زرنگاندەوە:

– دە پێمبڵێ .. باشم بۆ ڕازاندوویتەوە؟!.

تەواو لە خۆی و لە پرسیارەكە بەئاگا هات. لەگەڵ ئەوەشدا لە وەرامدا تەنیا وتی: «بەڵێ» و ئیتر بەدوایدا، هەر بەدەم هەڵڕوانینەوە، بیر و هۆشی بەلای بەراوردكردنێكی پڕ لە سوێدا لای دا ... (لەولا، ژوورێكی تاریكی ڕەش داگەڕاو. بەڕە شڕێك و لبادێكی كون كون. دوو دۆشەكڵەی لە پەڕۆوپات دروستكراو. لێفەیەكی چڵكن و دوو كۆنە بەتانی. لە قوڕنەیەكیشەوە، هەندێ قاپ و قاجاغی فافۆن و پرەمزێك. لەگەڵ باوولێكی تەنەكەدا كە هەرچی جلوبەرگێكی شڕەوپڕەیان هەبوو تێی ئاخنرابوو).

– وەرە با تۆش وەكو ژوورەكەت بڕازێنمەوە.

ئەمجاریش وریا بووەوە. خورشەی بینی كراسێكی خامەكی ڕەنگ سەوزی بۆ ڕاگرتووە:

– ئەوە لەبەر بكە و بەرامبەرم دانیشە.

كراسەكەی لەبەر كرد و دانیشت. خورشە دەستی كردە ئارایشتكردنی. جوان جوان قژی بۆ داهێنا. چاوی بەكل بۆ ڕشت. سووراو و سپیاوێكی خەستی بۆ كرد و ئینجا ئاوێنەیەكی دایە دەست. بەدڵنیایی و شانازیكردنەوە بەئەنجامی كارەكەی خۆی، وتی:

– ئێستا سەیرێكی خۆت بكە .. بزانە چ بووكێكی نەشمیلانەیت!.

كە ڕوانییە ئاوێنەكە، باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەكرد. بۆ ماوەیەك كڕ و كاس بوو. تا وردە وردە بزەیەكی منداڵانە نیشتە سەر لێوی. دووسێ جار، بەتیلەی چاو سەیرێكی خورشەی كردەوە و ئیتر بینایی بەسەر وێنەكەی خۆی لە ئاوێنەكەدا ڕوا و مت و خامۆش بوو.

– ئێستا ئیتر وەختی ئەوە هاتووە بچم چێشتەكە لێ بنێم. تۆ حەزت لە چییە؟!.

لە پرسیارەكە بێ ئاگابوو. وەرامی نەدایەوە. خورشەش لێی دووپات نەكردەوە.

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، لەسەر ئەو بارە بەجێی هێشت و لە ژوور بەدەرکەوت.

***

گەڕانەوەی ئەو ئێوارەیەی دەروێش بۆ ماڵەوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەکانی پێشوودا نەبوو. چۆنی دەق پێوە گرتبوو وەها بوو. ئاسایی جیرەی لە دەرگەی حەوشە هێنا و خۆی کرد بەماڵدا. ئاسایی بەلای خورشەدا رابورد کە لەبەر بەلووعەکەی حەوشەدابوو. بێ هیچ سەرنجدانێکی. بەرەو ناو هەیوانەکە چوو. پێڵاوەکانی داکەند و خۆی کرد بەژووردا.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا، سەرنجێکی خێرای دایە مریەم کە ئەو کاتە چوارمەشقی بەبێ جووڵە دانیشتبوو. ئیتر بێ ئەوەی تەنانەت بەخێرهاتنیشی لێ بکا، زۆر بەهێمنی خۆی گۆڕی. کڵاو و مشکییەکەی نایە ناو تاقێکەوە. سەڵتە و کەواکەی بەبزمارێکدا هەڵواسی. قۆڵی کراسە بلوورییەکەی تا ئانیشك و دەرپێ خامەکەی تا قولەپێ هەڵکردن، بەدەمییەوە یەك دوو جاری تر، سەرنجی دایە مریەم کە بە سەرسوڕمانەوە تێی دەڕوانی!. ئیتر بەرەو دەرگە هەنگاوی نا و چووەوە دەرەوە. کاتێ گەیشتە بەربەلووعەکە، خورشە خۆی بۆ کەنار خست.

کە کەوتە دەسنوێژگرتن، ئەو بەگلەییەوە وتی:

– بۆچی تۆزێ زوو نەهاتیتەوە؟ .. تۆ بەخێر ..

نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا و وتی:

– لە دووکان خەریك مام .. باوکی وتی چی؟.

– هیچ .. تەنیا وتی: منداڵە و ئاگاتان لێی بێ؟.

– کابرایەکی چەند بێ ئەقڵە!. گوایە بە چیم تێ دەگا؟! .. بە پیاوێکی مەردەلۆخی بڵحی وەکو خۆی؟!.

خورشە وای بەچاك زانی هیچ نەڵێ. ئەم لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– لای خۆمان .. خۆ کەس نەیزانیوە؟!.

– نەء .. چۆنت وت وەهام کرد.

– خۆی دەڵێ چی؟.

– وەکو چی؟ .. بڵێ چی؟.

– دەڵێم یەعنی .. یەعنی هیچ قسەی نەکرد؟ .. هیچی نەوت؟.

– نەء.

دەستنوێژی گرت و بەربەلووعەکەی بەردا. چووە سەر تەلە بەردەکەی ئەولاترەوە. نوێژی دابەست و چووە حزووری، خوای گەورە و میهرەبانی خۆی.

دوای نوێژ، نانی ئێوارە خورا و ئیتر هەر زوو، وەختی چوونە لای بووکێی داهێنا. خورشە پێش جێهێشتنی مریەم، هەندێ ئامۆژگاریی سەرپێی دا بەگوێیدا و وتی:

– مریەم .. تۆ لە ئێستەوە دەبیتە ژنی حەلاڵی کاکم. ئاقڵ بە و ئامۆژگاریم لە گوێ بگرە. تۆ دەبێ خۆتی بۆ شل بکەیت .. خۆت بدەیت بەدەستییەوە و هەقت نەبێ. مەترسە .. هیچ نییە .. کارێکی زۆر ئاساییە. منیش ئەوەم لەگەڵدا کرا و هیچیش نەترسام. هەموو کچێك شوو دەکا و لەگەڵیدا دەکرێ. کاکم حەزی زۆر لە تۆیە و بۆت بەپەرۆشە. رەنگە تۆزێ سەرشێتی بکا. بەلام تۆ لێی بێ خەم بە و دڵت ختووره نەکا. ساتەوەختێکی پێ دەچێ و دەبڕێتەوە. باش مریەم گیان .. تێم گەیشتیت؟.

ئەو هەرچەندە، سەرێکی نیشانەی تێگەیشتنی بۆ لەقاند، بەلام لە ڕاستیدا دەتوت گوێزی بۆ دەژمێرێ. چونکە هەر هێندەی جێی هێشت و وتی:

– ئیتر وا دەڕۆم و کاکم دێتە لات.

ئەم برووسکەیەکی ترس و سام، دای لە هەناوی و خستییە دڵەلەرزە. ئارام و ئۆقرەی لەبەر بڕا و وەك لەوەدابێ، ها ئێستا ساتێکی تر دڕندەیەك پەلاماری بدا، پشتی نووساند بەدیوارەکەوە و خۆی گرمۆڵە کرد. ماوەیەکی کەم بەو شێوەیە لە چاوەڕواندا مایەوە و دڕندەکە پەیدابوو. بەهێواشی دەرگەکەی پاڵ پێوەنا و لەسەرخۆ، هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوە. بەهیچ جۆرێ نەیڕوانییە ئەم وەکو کەسی تر لە ژوورەکەدا نەبێ. وەها دەجوولایەوە. بەرەو بنەوەی ژوورەکە چوو. لەوێدا راوەستا، کەمێ هەڵی ڕوانی و ورد بووەوە. دەتوت پێوانەی شتێك دەکا و دەیەوێ، لە ئەنجامیدا نەخشەیەك دابنێ. ئینجا وەرچەرخا و بێ ئەوەی هیچ سەرنجێك بداتە ئەم، چوو دەرگەکەی بەکلیل داخست. رووی وەرگێڕا بکشێتەوە، کەچی رووی تێ کردەوە و بۆ دڵنیابوون لە داخستنی، یەك دوو جار هێنای و بردی. ئەم لە کردەوەکەی هەر تەواو زارەترەك بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «توخوا خوایە گیان .. چیم لێ دەکا؟!».

ئینجا کە بەدوای ئەو کردەوەیەیدا، زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ، بەرماڵەکەی لە



دەورێش

ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاخست و وەك هەر لە خواترسێکی دڵ و دەروون ساف، لەسەری بەچۆکدا هات و کشومات ملی بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە. مریەم ئاهێکی سرەوتدانی پێدا هاتەوە.

جەستە گرژ و گرمۆڵەبووەکەی، خاو بووەوە و وردە وردە نیشتەوە سەر باری، دانیشتنە چوارمەشقییەکەی لەوەبەری، هەرچەندە بەچاو، هێشتا هەر بینایی لێ غافڵ نەدەکرد.

***

بێدەنگییان بەلای خورشەوە، زۆری خایاند و بەلایەوە سەیر بوو!. «دەبێ چی بێ؟!». لە خۆی دەپرسی و وەرامی دەسگیر نەدەبوو .. «قەت ئەوە دەروێش نییە! .. ئاخۆ چی لەژێر سەردایە؟! .. ئاخۆ چ نەخشەیەکی تری لە بابەتی ئەوەکانی خۆی بەدەستەوەیە و جێبەجێی دەکا. خوایە چی بکەم! .. بەختی ڕەشی خۆمە و تووشی بووم. چی بکەم .. ئەوەی ..».

قسەکەی تەواو نەکرد و زریکەیەکی پڕ بەقوڕگ و دەمی، لە ژوورەکەی ئەوانەوە کەوتە بەرگوێ. زریکە بوو بە دوو، بوو بە سێ و قرتێنرا. ئەم لەلای خۆیەوە ڕاچەنی و وتی: «وەك جاران .. قەومای!». هەر زووش بیر و هۆشی، چوو بۆ دانیشتوانی ناو کۆڵانەکە و وتی:

«دیارە .. خۆ ئەو ئاسمان بەسەر ئەرزدا بڕووخێ، خۆی تێ ناگەیەنێ!. هەر دەبێ من بچم بەرەو روویان ببمەوە. خوایە .. چی بڵێم؟! .. ئۆف چۆن تووش بووم! ..».

دەروێش ئەمجارەیان، نەیهێشت زریکە لەو سێیە تێپەڕ بکا. نەخشەکەی هێندە توندوتۆڵ بوو کە نە بواری دا، زریکە ببێتە زریکەزریکێکی بەردەوام و بکەوێتە بەرگوێی دانیشتوان، نە خورشەشی تووشی سەریەشەکەی لەوەبەر کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم، ئارامی لەبەر هەڵگیرا. کە ماوەیەك چاوەڕوانی کرد و هیچ دەنگورەنگێك نەبوو، تینی دایە بەرخۆی و چوو بەلایانەوە. یەکەمجار لەبەر دەرگای ژوورەکەیاندا راوەستا و گوێی پێوەنا. بەئاستەم و لە دوور .. لە بنەوەی ژوورەکەوە، خشەخشێکی دەکەوتە بەرگوێ. کە هیچی لێ حاڵی نەبوو، بەئاستەمێك نووکی پەنجەی پێ دادا و بەدەنگی نزم وتی:

– کاکە .. کاکە! ..

کاك یەکەم جار وەرامی نەبوو. کە ئەم دووبارەی کردەوە و وتی:

– کاکە .. چیت کرد؟! .. چی بوو؟!.

کاك بۆی دەرپەڕییە لای دەرگەکە و بێ کردنەوەی، هەر لەودیوەوە بەتووڕەیییەوە وتی:

– بڕۆ وەلبە .. لێم مەپرسە تا خۆم ئاگەدارت دەکەم. ئەم کشایە دواوە و خۆی کردەوە بەپشت هەیوانەکەدا. ماوەیەك خۆی بە جلوبەرگ ڕێکخستن و قەدکردنیانەوە خەریك کرد.

ماوەیەکیش بەدروونەوەی بن قۆڵی کراسێکی خۆی و کاك لە ناکاوێکدا، خۆی لێ کرد بەژووردا و بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– بچۆ بەلایەوە.

ئەم سەرنجێکی خێرای دایە. کە هیچ نیشانەیەکی سەرنجڕاکێشی پێوە بەدی نەکرد، بەدڵنیایییەوە هەڵسا و چوو. کە هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوە و هەڵی ڕوانی، دڵنیایییەکەی لێ بووە، واق وڕمانیکی پڕ لە ترس و سام!. سەیری کرد ژوور تێکشێوێنراوە و مریەم دیار نییە!. کاتێ باشتر چاوی گێڕاو ورد بووەوە، دیمەنێکی وەهای کەوتە بەرچاو کە هێندەی تر حەپەساندی. لە سووچی لای راستی بنەوەدا، ژوورێکی تری گچکەڵە، بەکەلوپەلەکان دروست کرابوو. سندووقە دوڵدوڵییەکە، کرابوو بەدیواری لای چەپی. هەردوو دیواری سووچەکە، بووبوون بەدیواری پشتەوە و لای راستی. هەرچی نوێن و بوخچەی جلوبەرگ هەبوو، بۆی کرابوو بەدیواری چوارەم و دەلاقەیەکی وەك دەرگەی، تێدا هێڵرابووەوە.

هەر زوو تێ گەیشت مەسەلە چییە. بەرەو رووی قەڵەمبازی دا و پێشەکی، بەپەشۆکاوییەوە سەرنجێکی خێرای دایە ناوەوەی. بەو سەرنجە خێرایە، سەر و رووی مریەمی لەژێر پۆپەشمینەکەی کەوتە بەرچاو کە بێ ورتە و جووڵە راکشابوو!. بەپەلە خۆی گەیاندێ و پۆپەشمینەکەی لەسەر لادا. بەڵام چی ببینێ؟!. جەستەیەکی لە ناوقەدەوە بۆ بەرەو خوار خەڵتانی خوێن و وەك مردوو بێ جووڵە!. دەم ئاخنراو و شەتەکدراو!. هەردوو دەست بەستراو و جەڕێنراو لە پشتەوە!. بە بینینی دیمەنەکە هەر تەواو زارەترەك بوو. لەو ساتەدا گومانی نەبوو کە کاکی گیانی لەبەر بڕیوە. بێ ئەوەی دەستی تێوە بدا، پاشەوپاش کشایەوە و چوو بەشڵەژاوییەوە بە کاکی وت:

– کاکە .. بۆ وات کردووە؟!.

کاك هەر بە کەمتەرخەمییەکەی خۆیەوە وتی:

– چیم کردووە؟.

– کوشتووتە .. کوشتوو!!.

کەچی ئەو، بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی:

– ترست نەبێ .. نەمکوشتووە نا .. بچۆوە بەلایەوە دەیبینیت چ زرت و زیندوویەکە!.

خورشە باوەڕی بەقسەکەی بۆ نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای کەمێ رامان و حەپەسان، پشتی تێ کرد و خۆی گەیاندەوە لای جەستە بێ گیانەکە. ئەمجارە باوەشی پێدا کرد و هێنای لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا داینا. لە پاڵیدا دانیشت و سەرنجی لێ گیر کرد. هێشتا هەر لەو باوەڕەدا بوو کە مردووە. بەخوێنە زۆرەکەیدا، وای بۆ چوو کە دەبێ دەلاقەیەکی کردبێتە لەشی. سەری بەشوێن چۆڕاوگەی خوێنەکەدا شۆڕ کردەوە. هەردوو رانی لە یەکتری دوور خستنەوە و ورد تێی ڕوانی. قەتماغەی خوێنێکی نەرم و لینج، نەیدەهێشت باش ببینێ.

هەر بەدامێنی کراسەکەی مریەم خۆی، شوێنەکەی پاك کردەوە. کە باش سەرنجی دایە، ئاهێکی پێدا هاتەوە. روانییەوە ڕووی. هەستی کرد کە ئەگەرچی ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە، بەڵام هێشتا گەشیی ژیانی تێدایە. لابەلا سەری نیشاندە سەر لای چەپی سنگی. کە دەنگی لێدانی دڵی کەوتە بەرگوێی، گەشکەدار بوو. خۆی خستە سەرپێ بەو نیازەی شتێ بکا و نەیزانی چی بکا!. بەبێهوودە بەدەوری خۆیدا کەوتە چاوگێڕان و ڕاما.

تا دەنگی کاکی کەوتە بەرگوێ کە سەری کێشابووە ژوورەوە و دەیپرسی:

– چۆنە؟.

ئەم بێ ئاورلێدانەوەی وتی:

– ماوە! .. بەڵام نازانم چی بکەم!.

کاك کشایەوە دواوە و هیچی نەوت. ئەم بەبێ ئاگا لێی، دووبارە وتی:

– کاکە .. ئێستا من چی بکەم باشە؟!.

کە هەر چاوەڕوانی کرد و وەرام نەبوو، ئاوڕی دایەوە و زانیی کاك لەوێ نەماوە. ناچار خۆی چاکی لێ کرد بەلادا و چی پێ باش بوو کردی!.

***

## ١٠

خورشە ئەو شەوە، تا دنیا ڕووناك بووەوە بەدیار مریەمەوە ئێشکی گرت. زۆرجار خەو زۆری بۆ دەهێنا و دەکەوتە وەنەوزدان. بەڵام ترسێك لە ناخیدا لە مریەم، بەردەوام بەئاگای دەهێنایەوە و پشووی بەرگەگرتنی، لەلا درێژە پێ دەدا.

ئەم هێشتا، هەر خەریکی پاککردنەوە و جل گۆڕین و تیمارکردنی بوو، کە ئەو چاوی کردەوە و هەڵی ڕوانی. سەرەتا وەك منداڵێك کەوتە بەرچاوی کە خەوێکی سامناکی دیبێ و بەسەریدا خەبەری بووبێتەوە. سەرنجی دا بەگێژ و وێژییەوە بینایی بەبەردەمی خۆیدا گێڕا، تا گەیاندییە ئاستی ڕووی ئەم. ئینجا دوای کەمێ حەپەسان و رامان، وردە وردە چاوی زەق بوونەوە و دەمی داچەقاند. بەدەمییەوە سەرتاپای جەستەشی، وەك بینی ئاو کەوتە لەرزین. ئەم وای هەست کرد لەوەدایە، بداتە زریکە و هاوارێکی بێ ئامان و لەگەڵیدا، هەڵمەت هێنان و هەڵاتن بەرەو دەرەوە. بگرە ترسی ئــەوەشی لــێ نـیشت کــە دەستوبرد، وەك پڵنگێکی برینـدار پـەلامـاری بدا!. بـۆیـە هـەر بەدانیشتنەوە، پاشەوپاش لێی کشایەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی، خۆی لێ خستە سەر چیچکان.

مریەم ئەگەرچی نە دایە زریکە و هاوار و نە پەلاماری دا، بگرە بەسەر دەمدا خۆی گرمۆڵە کرد و بەکوڵ کەوتە گریان و هەنسکدان، کەچی ئەم ترسەکەی هەر لە دڵدا ما و بــەرۆکـی بیروهۆشی هــەر بــەرنــەدەدا!. هــەرچــەنـد دەچـوو بــەلایــەوە و تــەقــەلای دەدا بــیــلاوێـنــێـتــەوە و یــاریـدەی دا، بەچاوزەقبوونەوە و دەم داچــەقــانـدنـە ترسـنـاکـەکـە، ڕووبەڕووی دەبووەوە و ئیتر ئەمیش، ناچار هەر بەو شێوەیە لێی دەکشایەوە دواوە، تا لـە ئـەنـجـامدا بڕیـاری دا، چیی تر نـەچـێ بـەلایـدا و دووراو دوور، ئـێشکـی بگرێ و چاودێریی بکا.

لە بەرەبەیاندا، کاتێ کاکی تاق و تۆقی بەردایە ناو ماڵەکە، ئاهێکی پێدا هاتەوە و کەمێ دڵی حەوایەوە. کاك لەسەر پیشەی ڕۆژانەی، لە ژوور بەدەرکەوت و چووە ناو حەوشەکە. ماوەیەك هات و چوو. ئینجا لایدایە بەربەلووعەکە و کەوتە دەسنوێژگرتن.

ئەم دەیزانی رەفتاری داهاتووی چی دەبێ. سەرنجێکی دایە مریەم. کە سەیری کرد وەنــەوز دەدا و خــەو دەیبـاتـەوە، پێخۆشحاڵ بــوو بەئەسپایی خــۆی کشانــدەوە و بەردەرگەکەی گرت. هەر هێندەی هەستی کرد دەروێش گەیشتووەتە دەرگەکە، سەری لێ کێشایە دەرەوە و لەسەرخۆ وتی:

– دەنگ هەڵبڕە.

– بوەستە؟.

– ئا

کاك زەردەخەنەیەکی پڕ لە تەوسی دا بەڕوویدا و وتی:

– دنیات لە خۆت هێنابووەوە یەك!.

– ئێستاش هەر وەهام.

– ئێستاش؟! بۆ؟

– ئاسایی نییە.

– ئاوا؟ لاچۆ بزانم!.

تەکانی دا بچێتە ژوورەوە و نەیهێشت، وتی:

– کاکە .. لەوە زیاتر دەردم مەدێ. بچۆ بەلای ئیشی خۆتەوە و وازی لێ بێنە بۆ من.

– وازی لێ ناهێنم .. درۆ دەکا .. هیچی نییە!.

– کاکە درۆی چی! .. تۆ دەزانیت چیت لێ کردووە؟!.

– چیم لێ کردووە؟! .. گوایە خۆ ..

خشەخشێك لە ژوورەوە، سەرنجی خورشەی راکێشا. سەری بردە ژوورەوە و هەڵی ڕوانی.

سەری کێشایەوە دەرەوە و وتی:

ئێوارە کە هاتیتەوە قسەی لێ دەکەین.

کاك بەقسەی کرد و رۆیشت. ئەمیش چووەوە بەلای مریەمەوە. سەیری کرد هەستاوە سەرپێ و گوێ قوڵاغ بووە. وای بۆ چوو کە گوێی لە قسەکانیان بووە و خۆی خستووەتە سەرپێ، ئامادەی ڕاکردن بێ. لێی چووە پێشەوە و بەسەر و زمانێکی شیرینەوە وتی:

– مریەم گیان چیت دەوێ؟ .. بۆ هەڵساویتە سەرپێ؟!.

ئەو لە جێی خۆی دانیشتەوە و وەرامی نەدایەوە. ئەم بەرامبەری دانیشت و وتی:

– مریەم گیان .. دەتبینم ترسێکی زۆرت لێ نیشتووە. تۆ لەخۆڕایی وا لە خۆت دەکەیت. ئەو ترسە لە دڵت دەربکە. هەر ئەمجارە وەهابوو، لەمەودوا وا نابێ، منیش یەکەم جار وەکو تۆم لێ هات و ئیتر ئاسایی بوو.

خورشە کە ئەم قسانەی بۆ دەکرد، چاك دەیزانی درۆ دەکا و خۆی وەهای لەگەڵ نەکراوە. بەڵام وای لە مێشك چەسپیبوو، کە ناچارە و دەبێ بۆ هێمنکردنەوەی وابڵێ بۆیە دای بەدەمییەوە و وتی:

– منیش تەمەنم هەر دوو ساڵێك لە تۆ زیاتر دەبوو. مێردەکەم شەو کە هاتە لام وتی: دەبێ دەست و پێت ببەستمەوە. منیش لە سەرەتادا وەکو تۆ ترسم لێ نیشت. لە دڵی خۆمدا وتم:

هەبێ و نەبێ دەیەوێ سەرم ببڕێ!. بەڵام کە تێی گەیاندم دەبێ وابێ و نابێ بترسم، ئیتر خۆم دا بەدەستییەوە. هەردوو دەستم و هەردوو قاچمی توند شەتەك دا. خۆ منیش وەکو تۆ خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشت. کەچی بۆ بەیانی، وەك نە بام دیبێ و نە باران، هیچم نەبێ و تۆش لەخۆڕایی خۆت تۆقاندووە، ئەگینا ساغ و سەلیمیت.

مریەم گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو. دەیزانی چی دەڵێ و بەڵام هەر بەئاستەمیش، ترسەکەی لە دڵدا نەدەرەوانەوە. لەبەر ئەوە، هیچ وەرامێکی نەدایەوە و هەر بەکروکامی مایەوە. خورشەش وەك هەستی کردبێ کە باوەڕی پێ ناکا، لە سەری نەرۆیشت و بێدەنگ بوو. ئینجا دوای ماوەیەك، هەڵسا و چووە دەرەوە. بەدەم چەند جارێك ئاوڕدانەوە، بەخێرایی بەرەو دەرگەی حەوشە چوو. بەپەلە بەکلیل دایخست و کلیلەکەی نایە گیرفانی کەوا کەیەوە. کە گەڕایەوە وتی:

– دەهەڵسە بابچینە دەرەوە. تۆ بچۆ دەموچاوت بشۆ و بایەکی باڵی خۆت بدە. منیش دەچم خواردنێکی خۆشت بۆ ئامادە دەکەم .. باشە؟.

ئەمجاریش هەر ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە. هەڵسا و لە ژوور بەدەرکەوت. چووە بەربەلووعەکە و دەستی کردە دەموچاوشتن. بەدەمییەوە بە تیلەی چاو، چەند جارێك ڕوانییە دەرگەی حەوشە. کە لێ بووەوە، ئاوڕێکی خێرای دایەوە بەلای خورشەدا کە ئەو وەختە لە هەیوانەکەدا، خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو. تەواو لە خۆی دڵنیابوو کە

ئەو هەڵاتنەی هەڵات، ئیتر نەك خورشە، بگرە باڵندەش بەتۆزی پێیدا ڕاناگا. سێ و دووی لێ نەکرد. وەك ئاسك بەرەو دەرگەکە قەڵەمبازی دا. پەلاماری دایە و بەنیازی کردنەوەی، تاق و تۆقی پێ خست. کەچی دەرگە بەدەستییەوە نەهات. کە هەر تەقەلای دا و بێ سوود بوو، لە جێی خۆی دارمایە سەر زەوی. پاڵی دا بەدەرگەکەوە و خۆی پێوە گرمۆڵە کرد. سەری نایە کۆشی خۆیەوە و بەکوڵ دەستی کرد بەگریان.

خورشە کە تاق و تۆقەکەی کەوتە بەرگوێ، ئاوڕی دایەوە بەلایدا و هەر لە جێی خۆیەوە، کەوتە سەیرکردنی هەستی بەرەزامەندی کرد لە خۆی و پێ خۆشحاڵ بوو!. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر خێرا چوو بەلایەوە و لە تەنیشتییەوە دانیشت. بەسۆزەوە دەستی بەسەر و قژیدا هێنا. دیسان بەسەر و زمانێکی شیرینەوە وتی:

– مریەم .. خوشکەکەم .. کچەکەم .. ئاقڵ بە و ئەو ترس و سامە، لە دڵی خۆت دەربکە، هەوڵدانی هەڵاتن و راکردن، هیچ دادێکت نادا. تۆ ئێستا لە حزووری خوا و پێغەمبەردا، بوویت بە ژنی کاکم و حەڵاڵی ئەویت. بۆ کوێ دەچیت؟ .. روو لە کوێ دەکەیت؟ .. پەنا دەبەیتە بەر کێ؟!. هەر کوێیەك و هەر کێیەك بێ، دادت نادا. کاکم هەر دەتهێنێتەوە لای خۆی. خۆت بێ ئەقڵ مەکە .. هەر دەتهێنێتەوە.

مریەم ئەگەرچی، کە خورشە دەستی دایە بن باڵی و خستییەوە سەرپێ، خۆی بۆ شل کرد و لەگەڵیدا بەرەو هەیوانەکە هەنگاوی نا، بەڵام لە دڵدا سەبارەت بەقسەکان، هێشتا هەر دەتوت گوێزی بۆ دەژمێردرێ.

***

دوو شەو و دوو رۆژی رەبەق، ئەمە حاڵی ئەو دوو مرۆڤە بوو. مریەم هەردەم، تەقەلای هەڵاتنی دەدا و خورشەش بەردەوام، تەقەلادانەکەی لێ پووچ دەکردەوە. وەکی تر دەروێشیش لەلای خۆیەوە، بەردەوام بەپێی تاپۆ رەشەکەی تەنکەی باخەڵی، لە هەقی خۆی دەپرسییەوە و سنگی بێ ئارامیی بۆ دەکوتا!. تا کاری بەوە گەیشت کە لە شەوی سێیەمدا، بگاتە تینی و پەلامار بدا!.

کات نزیکی نیوەشەو بوو. کۆڵان تەواو کپ و خامۆش و تاریك بووبوو. مامۆستا حەمەلاو، دوا کەسی دانیشتوانی بوو کە هەروا چارەکە سەعاتێك دەبوو، کتێبەکەی سەر کۆشی خستبووە لاوە و دوا گلۆپی ماڵی خۆیانی کوژاندبووەوە، ئینجا لە پاڵ پەرە خانی ژنیدا راکشابوو بنوێ. هەروەها مریەم و خورشەی ئێشکگریشی، لە نزیکەی

سەعاتێك لەوەبەرەوە، لە دەریای تاریکستانی ژوورەکەیاندا، نوقمی شیرین خەوی خۆیان بووبوون و ورتە و جووڵەیان لەبەر بڕابوو. لە کاتێکدا دەروێش، ئەگەرچی ئەویش دەمێك بوو گڵۆپی کوژاندبووەوە بنوێ، بەردەوام لەناو جێگەکەیدا گینگڵی دەدا و بورکانێك لە ناخیدا، هەراسانی دەکرد!. گەلێکی تەقەلا لەگەڵ خۆیدا دا، بورکانەکە کپ بکاتەوە و ئەو نیازەی سەرکوت بکا کە وەك گێژەڵووکە لە ناخیدا سەری هەڵدەدا!. بەڵام بێ سوود بوو!. لە ئەنجامدا خۆی دا بەدەستییەوە و ملی پێوەنا. بە ڕقێکی تێکەڵ لە پەرۆشییەکی بێ ئامانەوە، ڕاپەڕییە سەرپێ. گڵۆپی ژوورەکەی خۆی داگیرساند. بەبێ تەقەوڕەقە، لە ژوور بەدەرکەوت و پێی نایە ناو هەیوان. بەئەسپایی دەستی بەدەرگەی پشت هەیوانەوە نا و چووە ژوورەوە. دەستی کوتا و گڵۆپی داگیرساند. خورشە لەسەر گازی پشت ڕووەو گڵۆپەکە خەوتبوو. لەگەڵ یەکەم ساتی تیشکدانەوەیدا، بەئاگا هات و ڕاپەڕییە سەر باری دانیشتن.

هەر ئان و سات کاکی بینی کە هێشتا دەستی بەسویچی گڵۆپەکەوە بوو. لە سەرەتادا کردەوەکەی ئاسایی وەرگرت، وتی:

– ها کاکە؟ .. چیت دەوێ؟.

کاك بەقسە وەرامی نەدایەوە. تەنیا پەنجەی شایەتمانی نیشاندە سەر هەردوو لێوی خۆی و لەسەرخۆ، چوو لە تەنیشتییەوە هەڵترووشکا!. بە مەغزاوە سەیرێکی مریەمی کرد کە ڕووەو دیوار لە سەرلا نوستبوو. ئینجا بەچرپە وتی:

– تۆ بچۆوە ئەودیو بنوو .. ئیتر بەسە.

خورشە تێ گەیشت. ڕاچەنییە سەرپێ و بەرەو ناو هەیوان پەلکێشی کرد. لەوێ پێی وت:

– کاکە! .. دەستم دامێنت! .. تۆ چی دەکەیت؟!.

دەروێش بەتووڕەییییەوە وتی:

– چی دەکەم؟ .. سەیرە! .. ژنم نییە؟!.

– با .. بەڵام ئاخر سەبر بگرە. ئێستا بچیت بەلایدا شێت دەبێ .. هار دەبێ!.

– بۆچی؟ .. بۆ گوایە من چیم لێ کردووە؟!.

– هیچ .. خۆ من ناڵێم هیچت لێ کردووە .. بەڵام جارێ ...

– تۆ هەقت نەبێ .. بچۆ خەوی خۆت بکە و هەقت بەسەرمانەوە نەبێ.

بەدەمییەوە، پاڵی بەخورشەوە نا و ئاودیوی ژوورەکەی تری کرد. ئەم هەر بەدەنگی نزم وتی:

– کاکە مەکە .. بۆ خاتری خوا مەکە ..

ئەو وەرامی نەدایەوە و دەرگەی پێوە دا. ئیتر ئەم کە دەیزانی چ کارەساتێك لە ئان و ساتدایە بقەومێ، هەر لە هەیوانەکەدا مایەوە. چاوەڕێکردنی زۆری نەخایاند و قەوما. زریکەیەکی سامناك لەناو ژوورەکەوە شریخەی دا و بەدوایدا مریەمی دی، وەك تێسکەی تفەنگ دەرپەڕییەوە دەرەوە و خۆی گەیاندە حەوشە. لەوێش چوو لە ناوەڕاستیدا، ڕووەو هەیوانەکە راوەستا و زریکە لە دوای زریکەی پڕ بەقوڕگ و دەم، بەئاسمانی کپ و خامۆشی کۆڵانەکەدا شریخە پێ دەدا. ئینجا لەملاوە کاکی، بەدەم ڕستێك جنێوی پیسەوە، بەرەو لای ئەو شاڵاوی برد. ئەو بەدەم زریکە زریکەیەکەوە، بەناو حەوشەکەدا کەوتە ڕاکەڕاکە و ئەمیش بەجنێوە پیسەکانییەوە بەدوایدا.

مامۆستا حەمەلاو یەکەم کەس بوو هەراکەی کەوتە بەرگوێ. زۆری بەلاوە سەیر بوو، چونکە هەستی کرد کە ئەوە دەنگی کیژێکی منداڵە و لە دڵی خۆیدا وتی: «کێیە و چی دەکا لەوێ و بۆچی دەزریکێنێ؟!». ناچار ژنەکەی خەبەر کردەوە وتی:

– پەرە .. هەڵسە .. هەڵسە گوێ بگرە!.

ئەویش سەری سوڕما و بگرە ترسیشی لێ نیشت!. ڕاست بوونەوە و بەپەلە خۆیان گەیاندە کۆڵان. سەیریان کرد پوور مەنیجیش هاتووەتە دەرەوە و بەرەو دەرگەی ماڵی دەروێش دەچێ. حەمەلاو لێی پرسی:

– پوورە مەنیج .. ئەوە چییە؟!.

– وەڵا کوڕم منیش نازانم .. پێم سەیرە!.

کە گەیشتنە بەر دەرگەکە، زریکە و هاوار و ڕاکەڕاکە هەر بەردەوام بوو. پوور مەنیج لە دەرگەی دا و بانگی کرد:

– خورشە .. دەروێش .. بیکەنەوە .. چیتان لێ قەوماوە؟!.

کەچی لە بریتیی وەرامی ئەوان، زریکە و هاوارەکە بەرەو ڕوویان هات و خۆی کوتایە پاڵ دەرگەکەوە. ئینجا دەنگی خورشەیان بیست کە دەپاڕایەوە و دیوت:

– مریەم گیان .. بە ساقەت بم .. بەقوربانت بم .. بێدەنگ بە .. مەقیژێنە .. مریەم گیان بەسە.

پوور مەنیج بەتووڕەیییەوە وتی:

– کچێ خورشە .. بیکەوە بزانم چیتانە .. خێراکە بیکەوە. خورشە نەیدەزانی چی بکا. کاك لەولاوە هێشتا بەخۆی و شوڵکێکەوە، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا ڕاوەستاوە و ئامادەی هەڵمەتهێنانە. مریەم لەملاوە، پشتی لە دەرگەکە توند کردووە و هەر دەزریکێنێ.

پوور مەنیجیش لە کۆڵانەوە، پەیتاپەیتا داوای کردنەوەی دەرگەی لێ دەکا. ماوەیەك ڕاما. تا لە ناکاو وازی لە مریەم هێنا و ڕای کردە لای کاکی، وتی:

– کاکە .. دەستت ماچ دەکەم .. بچۆوە ژوورەوە و وازی لێ بێنە بۆ من .. دەستت ماچ دەکەم.

کاك دوای کەمێ بێدەنگی، وەك ئان و سات بورکانەکەی دامرکابێتەوە، پشتی تێ کرد و ڕۆیشت. ئەوسا ئەم، گورج گەڕایەوە لای مریەم. بەدەنگێکی نزم وتی:

– مریەم گیان .. بەساقەت بم .. وا دەرم کرد و ڕرۆیشت .. ئیتر مەترسە و بێدەنگ بە. بەدوایدا بەو نیازەی هێمنی بکاتەوە، باوەشی پێدا کرد و کەوتە ماچکردنی. ئینجا بەو مەبەستەی کە لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا بواری ڕاکردنی نەدا، بەدەستی چەپی توند مەچەکی ئەوی گرت و بەدەستی ڕاستی، کلیلی لە گیرفان دەرهێنا و دەرگەی پێ کردەوە. لەگەڵ کردنەوەیدا، هەردوولا لەناو دەرگەکەدا کۆمەڵ بوون. مریەم لە بریی هەوڵدانی ڕاکردن، لە جێی خۆی داڕمایە سەر زەوی و لەبەر پێیاندا گرمۆڵە بوو!. خورشە دەستی لێ بەرنەدا و لەگەڵ کەوتنەکەیدا، لە پاڵیدا خۆی دانیشاند. پوور مەنیجیش هەر خێرا دانیشت و تێی ڕوانی. تیشکی گڵۆپی پشت هەیوانەکە، لە پەنجەرەی سەر هەیوانەکەوە دەیانگەیشتێ. کە ڕووی کچەی باش کەوتە بەرچاو، تێ گەیشت باس چ باسە!. بە تەوسێکی تێکەڵ لە ڕقەرە وتی:

– هەمدیسان بەزمەکەیە؟!.

خوشە وەرامی بۆ نەدرایەوە. سەری داخست و خۆی کڕ کرد. ئەو وتی:

– لە کەیەوە هێناوتانە؟.

– لە بەسرپێرێوە.

– ئەی بۆچی باست نەکردووە؟.

– چی بکەم پوور مەنیج گیان .. خۆت کاکم ناناسیت؟!. دەسەڵاتم چییە! .. وتی: نامەوێ باسی بکەیت .. منیش ..

– تۆش چونکە وەکو ئەو بێ ویژدان و بێ بەزەییت، بەقسەت کرد .. وانا؟.

– ئاخر ....

– ئاخر ئەگەر وەك ئەو نەبوویتایە، هیچ نەبێ نەتدەهێشت ئەم تولفە ئاوەها زارەترەك بكا.

دەیبینیت؟.. زارەترەك بووە زارەترەك!.

ڕوانییەوە ڕووی. ئەگەرچی بەچاو زرتوزیت بوو، بەڵام بەجەستە دەتوت مردووە. دوای کەمێ بیرکردنەوە وتی:

– ئێستا نیازی چیت هەیە؟ .. چی دەکەیت؟!.

خورشە زوو تێ گەیشت لە کوێوە قسە دەکا. زووش هێنایە پێش چاوی خۆی کە ئەگەر ئەوە ڕوو بدا، کاکی چ گاڵەیەکی پێ دەکا. بۆیە خێرا وتی:

– دەیبەمەوە ژوورەوە، بەدیارییەوە دادەنیشم و ئێشکی دەگرم .. نایەڵم بێت بەلایدا.

– ئەی لەمەوبەر بۆ وەهات نەکرد؟.

– وەهام کرد .. بەخوا پوور مەنیج گیان وەهام کرد. لە شەوی یەکەمەوە ئیتر نەمهێشتووە توخنی بکەوێ.

– ئەی ئەوە نییە توخنی کەوت و زارەترەکی کرد؟.

– نا وانەبوو .. دەرگەکەم دانەخستبوو .. ئەو ..

– کچەکەم .. چاکتر وانییە من بیبەمە لای خۆم تا ..

– نانا .. پوور مەنیج دڵنیابە .. نایەڵم .. ئەمجارە دەرگەکە دادەخەم.

پەرەخان کە تا ئەو ساتە لەگەڵ حەمەلاودا، بێدەنگ ڕاوەستابوون و نەیاندەویست قسە بەپوور مەنیجی نەنکە گەورەی هەموو دانیشتوانی کۆڵانەکە ببڕن، هەڵی دایە و وتی:

– خورشە خان .. بەقسەی بکە. با چەند رۆژێك لای ئەوبێ، تا هێور دەبێتەوە و ئەو ترس و سامەی لە دڵدا دەرەوێتەوە. گوناهتان دەگا. منداڵە و لە کاکت زارەترەك بووە. با .. خورشە نەیهێشت تەواوی بکا و وتی:

– نایەڵم .. بەخوا ئەگەر دەستم داوەتە یەخەی، نایەڵم بچێ بەلایدا. دڵنیا بن.

ئیتر وەك ترسی لێ نیشتبێ کە لەوانەیە بەزۆر بیبەن، مریەمی لە باوەش گرت و وتی:

– پوور مەنیج .. تۆ وەرە .. توخوا وەرە سەیر بکە.

کە گەیشتنە ژوورەوە، مریەمی لەسەر جێگەکەی خۆی ڕاکشاندەوە و وتی:

– فەرموو بڕوانە .. لەو وەختەوە، ئاوەها لە تەنیشت خۆمییەوە دەنوێنم. خەمت نەبێ .. ئەمجارە دەرگاکە دادەخەم و تا مریەم تەواو ئاسایی نەبێتەوە، نایەڵم پێی لێ بنێتە ئەم ژوورەوە.

***

## ١١

سەرجـــەم دانیشتوانی کـۆڵانـــەکــە، لـــە کـردار و ڕەفتاری نـامرۆڤـانـەی دەروێش ئاگەداربوون.

هـەموو چ لەناو خۆیاندا کە باس بهێنرایەتە سەر ئەو، چ ڕووبەڕوو لەگەڵیدا تێك دەگیران، دەیانبوغزاند و تف و لەعنەتیان دەکرد. کەس خۆشی نەدەویست و ڕێزی لێ نەدەنا. کەس حەزی نەدەکرد مەرحەبای لێ بکا و بیدوێنێ. کەچی ئەو قەت تەڕبوونی بۆ نەبوو. قەت خام بای پێدا نەدەهات و هەموو کات دەتوت، نە بای دیوە و نە باران!.

ئەمە ژنی سێیەمی بوو دەیهێنا کە گەورەترینیان لە کاتی مارەکردنیدا، لە تەمەنی سێزدە ساڵاندا بوو!. بچووکترینیشیان کە مریەم بوو، لە تەمەنی یازدە ساڵاندا بوو!. ئەو لە ژنهێناندا، ئەم تەمەن منداڵ خواستنەی، لەلای خۆی کردبووە کارێکی پیرۆز لە ژیانیدا. لە ڕووی تیروتوانج و تف و لەعنەتی خەڵکەکەدا، گەزگەز باڵای پێ دەکرد و گەشکەیەکی تەلیسماوی دایدەگرت!. تەنانەت ئەگەر یەکێك لە نزیکەوە نەیناسیایە و بۆ خوا پێی بوتایە:

دایدەگرت!. تەنانەت ئەگەر یەکێك لە نزیکەوە نەیناسیایە و بۆ خوا پێی بوتایە:

– ئێ ئاخر کابرا .. تۆ دەبێ ویژدانت هەبێ .. گوناحت دەگا وا دەکەیت.

زۆر ئاسایی لە وەرامیدا دەیوت:

– ئێ ئاخر کابرا .. تۆش دەبێ بێ ئەقڵ نەبیت کە تێ نەگەیت، هەموو لەزەتی ژیان لەوەدایە کە من دەیکەم.

هەروەکو ئەوەشی لە نزیکەوە نەیناسیایە، سەری سوڕدەما کە چۆن چۆنی ئەو کچە منداڵە ناسکانە، دەکەونە لای ئەم بەدفەساڵە؟!. بەلەشولار، لەڕولاوازێکی کورتەباڵای جیقن. بەسەروسیما، دەموچاو ئاولاویـیـەکـی ڕوومـەت قـوپـاوی چـەنـاگـە درێژ. بەجلوبەرگ، کەوا و سەڵتە و کڵاو و مشکییەکی نیوداشت. بەتەمەنیش، لە چل و پێنجی تێپەڕاندبوو. بەڵام دانیشتوانی کۆڵانەکە و ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، دەیانزانی

که نهێنییەکە، لە پەنابردنە بەر فرتوفێڵ و خەڵەتاندن و پارە و پوول و لە هەژاری و کەساسیی نێچیرەکانیدایە.

حیکایەتی ژنی یەکەمی، بەندە بەشووکردنی خورشەوە. ئەو وەختە باوکی لە ژیاندا مابوو. خورشە کە تەمەنی گەیاندبووە بیست و سێ ساڵی و لەبەر بێبەشییەکەی، هەم لە جوانیی سەروسیما و لەشولار و هەم لە جوانیی گیان و سەروزمان، مێش نەبووبووە میوانی، لە ناکاو بەختێکی باشی بۆ ڕەخسا. باوکە لە دڵدا پێی گەشکەدار بوو، چونکە داخ و خەفەتێکی گەورەی لێ دەرەواندەوە. بەتایبەتی کە ئەوەشی بۆی داوا کرابوو، کوڕی برادەرێکی خۆی بوو کە باشی دەناسی و لە ڕەوشت و ڕەفتاری زۆر ڕازی بوو.

هەموو شت لە نێوان هەردوو باوکدا، بەئاسانی بڕێنرایەوە و کارەکە بەرەو مەیسەربوون دەچوو. کەچی کاتێ دەروێش پێی زانی، کردییە شەڕی مەغلووبە!. یەکسەر چووە وێزەی باوکی و بەبێ هیچ پێشەکییەك، بەدەمارگرژییەوە وتی:

– بابە .. ئەی تۆ نازانیت منیش ژنم دەوێ؟!.

باوکە سەری لە قسەکەی سوڕما!. تەنیا بە حەپەساوییەوە تێی دەڕوانی و نەیدەزانی چی بڵێ!. کە ئەو دووبارە وتی:

– ها! .. نازانیت؟!.

ئەوسا لە وەرامیدا وتی:

– با .. بەڵام نازانم مەبەستت چییە؟!.

– مەبەستم خورشەیە.

– چییەتی؟.

– نایدەی بەعەزەی عەلی چاوەش؟.

– با .. ئێی؟.

– منیش خوشکەکەی ئەوم دەوێ.

– جا ئەو کوا خوشکی وای هەیە وەختی شووی بێ؟.

– چۆن نییەتی؟ .. ئەی عەتاو چییە؟

– عەتاو؟! .. دەزانیت تەمەنی چەندە؟!.

– بەڵێ دەزانم .. چی تێدایە .. خۆ هەر لەو تەمەنەدا نامێنێتەوە!

باوکی بێدەنگ بوو. کەمێ بیری کردەوە. ئینجا لەسەرخۆ وتی:

– کورم کەریم .. ئەوەی تۆ دەیڵێیت، خەیاڵێکی پووچە و جێبەجێ نابێ. مەشبەرە هۆی لەدەستدانی ئەو بەختە باشەی، بۆ خوشکەکەت ڕەخساوە .. گوناهت دەگا.

ئیتر باوکە هەر بۆی ڕست و ئەو هەر نەیبیست. دوایی تریش، زۆر تەقەلای لەگەڵدا دا ئەو باسەی لە مێشك دەربێنێ و هەر بێ سوود بوو. تا وەختێ دەروێش کاری بەوە گەیاند بچێتە سەر ماڵی کوڕە و تەشقەڵەیان پێ بکا، باوکە ئیتر گەیشتە تینی. دەمەدەمی ئێوارە بوو کە تێلایەکی لێ گرت بەدەستەوە و لە پشت دەرگەی حەوشەکەدا، خۆی بۆ مەڵاس دا.

هەر هێندەی پێی نایە ناو حەوشەوە، بەربووە گیانی و شل کوتی مەرگی کرد. ئینجا کردییە دەرەوە و وتی:

– برۆ تۆ کوڕی من نیت.

لەو کاتەوە سەری خۆی هەڵگرت و بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق، کەس هیچی لەبارەوە نەبیستەوە. تا لە پڕ، دوای مردنی باوکی بەچوار مانگ پەیدا بووەوە. ئەوساش خۆی، هەر هیچی بۆ کەس نەگێڕایەوە. بگرە لە زمانی خورشەوە بڵاو بووەوە کە ئەو ساڵانەی لە کەرکووك بەسەر بردووە. هەر لەوێ، کچێکی سێزدە ساڵانی مارە کردووە و بەڵام کچە، تەنیا شەش مانگ ژنی بووە و ئیتر بەلایەوە دانەنیشتووە. ئەمیش دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر لەگەڵ کەسوکاریدا، تەڵاقی داوە.

***

هاتنەوەکەی دەروێش، بەپێچەوانەی سەرهەڵگرتنەکەیەوە کە لە ئەنجامیدا شووکردنەکەی خورشە ئاسایی جێبەجێ بوو، بووە هۆی تەڵاقدانی. باوکە ئەگەرچی لە دڵدا حەزی دەکرد کە خورشە و مێردەکەی، هەر لە سەرەتاوە بێن لەگەڵ ئەمدا بژین، بەڵام دوای دوو ساڵ، کاتێ رووی لە کەنەفتەیی کرد، ئینجا حەزەکەی بۆ دەربڕین و ئیتر مێردەش، مەردانە هاتە پێشەوە و دڵی نەشکاند. لەگەڵیدا، نزیکەی چوار ساڵیان پێکەوە بەشادمانی بردە سەر، تەنیا گرفتی منداڵ نەبوون نەبێ کە وەك داخ و خەفەتێکی دڵتەزێن، بەبێدەنگ لە ناخدا ئازاری دەدان. کەچی بەدوای مردنی باوکە و هاتنەوەی دەروێشدا، ژیان لە عەزیز بەتایبەتی، بووە دۆزەخ.



خورشه

ئەو هەر هێندەی پێی نایەوە ناو ماڵەوە، دەمودەست ئاگری سووری بردە گیانی عەزیز، ئەم زۆر بەڕێزەوە بەخێرهاتنەوەی لێ کرد و وتی:

– گەلێ پێخۆشحاڵم بەهاتنەوەت کاکە کەریم ... یاخوا بەخێربێیتەوە .. سەر سەرمان هاتیتەوە.

بەڵام ئەو بەبێ هیچ وەرامدانەوەیەك، خۆی کرد بەکەلەگییەکەدا و چوارمەشقی بەبێدەنگ لێی دانیشت!. بگرە کە ئەمان سەربـاری ئەو کردەوەیەشی، چوون لە نزیکییەوە دانیشتن و سەرلەنوێ بەگەرموگوڕییەوە بەخێرهاتنەوەیان لێ کرد، ئەو سەرنجێکی پڕ لە رق و کینەی دایە عەزیز و وتی:

– بۆچی ئاگەدارتان نەکردم؟!.

عەزیز شڵەژا و نەیزانی چ وەرامێکی بداتەوە. خورشە هەڵی دایە و وتی:

– ئاخر کاکە .. ئێمە کوا شوێنی تۆمان پێ دەزانی؟!.

ئەو چاوێکی لێ زەق کردەوە و وتی:

– دیارە! .. دەزانیت بۆچی پێتان نەدەزانی؟.

– . . . .

– سووك و ئاسان، چونکە نەتاندەویست بزانن.

– کاکە وا مەڵێ ... بەخوا زۆرمان هەوڵ دا. بەڵام تۆ بێ بەڵابیت، وەها خۆت بزر کرد کە ..

– ئائا وایە! .. کەم و زیادی نییە!.

– باوەڕ بکە .. بەتایبەتی عەزیز زۆر خۆی ماندوو کرد.

– عەزە؟! .. کەس نا عەزە؟! .. ماشەڵڵا! ..

عەزیز هەڵی دایە و وتی:

– باوەڕم پێ بکە کاکە کەریم .. شوێن نەما نەچم. کەس نەما لێی نەپرسم. بەڵام تۆ ..

– ڕاست ناکەیت.

– مەجبووریم چییە درۆ بکەم! .. درۆ ناکەم.

خورشە وتی:

– کاکە درۆ ناکا .. تۆ زۆر سەیریت!.

– دە دەمت لێك نێ .. چۆن درۆ ناکا؟ .. ئەویش درۆ دەکا و تۆش.

بەدوایدا ڕاپەڕییە سەرپێ و کەوتە خۆگۆڕین. کە کەوا و سەڵتەکەی داکەند و کڵاو و مشکییەکەی لە سەری داگرت، ئینجا قژە درێژەکەی بۆ یەکەم جار کەوتە بەرچاویان و لێی حەپەسان. سەرنجێکی پڕ لە سەرسوڕمانیان دایە یەکتر. ئەو لێیان بەئاگا بوو. بەتووڕەیییەوە وتی:

– چیتانە؟ .. پرچم چەقییە چاوتان؟!. دەروێشم .. ئا بەڵێ من ئێستا دەروێش کەریمم .. تێگەیشتن؟.

ئینجا بێ چاوەڕوانکردنی وەرامیان، لە شێوەی فەرماندا ڕووی قسەی کردە خورشە و وتی:

– دۆشەك و سەرینێکم بۆ ڕابخە. ماندووم و دەمەوێ رابکشێم. دواییش بچنە دەرەوە و وەلبن!.

کە جێیان هێشت، عەزیز لە ناخدا دەکوڵا. ئەو چەندە پیاوێکی ژیر و دانا بوو، هێندەش لەسەرخۆ و بەسەبر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرامبەر کردار و گفتارە ناشیرینەکانی دەروێش خۆی پی ڕانەگیرا. لە سەرەتادا بە سەرسوڕمانێکی بێ ئەندازەوە وتی:

– خورشە .. بەڕاست ئەوە چی بوو؟!.

– چی؟.

– کاکت .. بۆ وای کرد؟!.

– خورشە ویستی دڵی بداتەوە، وتی:

– پێی سەغڵەت مەبە. بەم گوێ وەری گرە و بەویان دەری بکەوە دەرەوە.

– هەروا سووك و ئاسان؟!.

– ئائا .. ئەو هەروا بووە .. پێی سەغڵەت مەبە.

– چۆن پێی سەغڵەت نەبم؟!. کێ دەڵێ نیازی وانییە لەگەڵماندا بمێنێتەوە؟!. ئەگەر

وابێ، ژیانی چۆن لەگەڵدا بەسەر دەبرێ؟!.

– کێ دەڵێ وای نیازە؟. سەبرت هەبێ. بابزانین چی دەکا.

– خورشە .. با هەر لە ئێستەوە قسەی لێ بکەین. ئەگەر ویستی بمێنێتەوە .. یا ڕەنگە ..

– ڕەنگە چی؟.

– ئەگەر نەشمێنێتەوە، ڕەنگە بیەوێ خانووەکە بفرۆشێ.

– تۆ بڵێی؟! ..

– دەڵێم ڕەنگە ..

– ئەوسا ئێمە چی بکەین؟.

– دەچینەماڵی باوکم. مەبەسم ئەوەیە بڵێم: لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەچینە ماڵی باوکم.

– تۆ چۆنت حەز لێ بێ، من وادەکەم.

کەچی کاتێ دەروێش ژیانی لە عەزیز کردە دۆزەخ و ئەم دوا بڕیاری خۆی دا، خورشە وای نەکرد. وەکو دەروێش لەو ماوەیەدا گیرۆدەی جادوویەکی کردبێ، زۆر بە بێباکییەوە لە ڕووی بڕیارەکەدا وتی:

– نەء نایەم .. تۆ دەتەوێ من بۆ دۆزەخێك بەریت. گوایە بێم ببمە کارەکەری دایکت و خوشکەکانت؟! .. نایەم.

عەزیز هەوڵی زۆر لە گەڵدا دا قاییلی بکا. کە هەر بێ سوود بوو وتی:

– ئاخر خراپت بەسەر دێ.

– خراپم بەسەر دێ؟! .. بۆ نیازی چیت هەیە؟! .. سەرم دەبڕیت؟!.

– نەء .. لە سەربڕین خراپتر .. تەڵاقت دەدەم.

– بیدە .. باکم نییە.

عەزیز لەو ساتەدا، تەوژمی بەزەییەکی قووڵ زۆری بۆ هێنا و بە سۆزەوە وتی:

– خورشە .. هۆشت بێنەوە بەرخۆت. من تۆم خۆش دەوێ. من خێر و خۆشیم بۆ تۆ دەوێ. بەقسەم بکە و زەرەر ناکەیت .. بەقسەم بکە.

کەچی ئەو، لووتی لێ کردە ئاسمان و وتی:

– بەقسەت ناکەم.

ئیتر ئەوە دوا ساتی ژن و مێردایەتییان بوو.

***

## ١٢

خورشە وردە وردە، بووە تەنیا کۆیلەیەکی دەروێش. هەرچۆنێکی هەڵبسووڕاندایە، قەت نەیدەوت نەء!. خۆ ئەگەر جارجارێکیش لە دەمی دەربچووایە، قەت نەئەکەی کاری نەدەکردە فەرمایشتەکانی ئەو و هیچی لێ نەدەگۆڕین!. بۆیە بەردەوام لە ئاستی کردار و ڕەفتارە چەپەڵەکانیدا، دەستەوستان دەوەستا و لە زەلیلی بەولاوە، هیچی تری بۆ نەدەمایەوە!.

دوای گەڕانەوەکەی بەماوەیەك، سەرلەئێوارەیەکی درەنگ بوو کە لەگەڵ پیرێژنێك و کچێکی منداڵدا، خۆی کرد بەماڵدا. هەر لە ڕێوە وتی:

– خورشە .. ئەمە پوورە ڕەحمەیە و ئەوەش فاتمی کوڕەزایەتی. کەمێ لەمەوبەر چووم لە لای مەلا مارەم کرد.

ئینجا وتی:

– خواردنێکی باشیان بۆ بکە .. برسییانە.

ئیتر چووە ژوورەوە بۆ خۆگۆڕین. بەڵام خورشە، هەر هێندەی ئەوانی لە هەیوانەکەدا دانیشاند، چووە لای کاکی و بەدەنگی نزم وتی:

– کاکە .. تێم بگەیەنە .. ئەوانە کێن و چین؟!.

– کێن و چین؟! .. ئەی من چیم پێ وتیت؟ .. گوێت لێ نەبوو؟!.

– با .. بەڵام نابێ بزانم؟.

– چی بزانیت؟! .. ژنە و هێناومە و بڕایەوە.

– باشە پیرۆزت بێ .. ئەی چۆن چۆنی بوو؟.

– ئێ ئێ .. تێگەیشتم چیت دەوێ. باشە باش .. دوایی بۆتی باس دەکەم. جارێ بچۆ خواردنێکی چاکیان بۆ بکە. دواییش تۆ پیرێژن لەگەڵ خۆتدا ببە سەربان و لەوێ بنوون. جێگە بۆ من و فاتمیش لە خوارەوە دابخە.

– لە هەیوان؟.

– نەء .. لە ژوورەوە.

کاك فەرمایشتی بە چی  بوو، وەهای کرد. هەر دوای نانخواردن بەماوەیەك، بەپیرێژنی وت:

– پووریێ .. دیارە تۆ ماندوویت و منیش وەك تۆ. چاکتر وایە من و تۆ بچینە سەربان و بخەوین.

پیرێژن سەرنجێکی پڕ لە سۆز و بەزەییی دایە فاتم لەولاوە، بەکزۆڵەیی دانیشتبوو.

ئینجا بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە، هەڵسا و بەرەو حەوشەکە هەنگاوی نا. بەڵام لەبەر پەیژەکەدا گیری خوارد. بەدەنگێکی پڕ لە کەساسییەوە وتی:

– خورشە خان .. بیێ زەحمەت بچۆ کاکتم بۆ بانگ بکە.

کە کاك هات، وەك لێی بپاڕێتەوە پێی وت:

– دەروێش .. کوڕەکەم .. خۆت دەزانیت چەندە منداڵە. دەستم دامێنت .. ئاگات لێی بیێ و لەگەڵیدا لەسەرخۆبە.

دەروێش وتی:

– فەرمایشتت لەسەر سەرم. چۆن دەفەرموویت وا دەکەم.

ئیتر کە دووقۆڵی  چوونە سەربان و دانیشتن، پیرێژن خۆی، کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیان و وتی:

« .. خوا کاکتمان بۆ بهێڵیێ .. خوا دەست بەباڵییەوە بگریێ. پیاوێکی زۆر باش دیارە. زۆر خێرەومەند و مەردە. تا ماوم ئەم چاکە و پیاوەتییەیم لە بیر ناچێتەوە و لە بەرچاوم دەبیێ. لە خوای گەورەی بۆ دەپاڕێمەوە، قەت نوشستی نەهێنیێ و لە دەرد و بەڵا بەدوور بیێ. چەند جوامێرانە هات بەهانامانەوە و باڵی سۆز و بەزەییی خۆی بەسەرماندا کێشا. سەری دنیامان لیێ هاتبووەوە یەك. نەماندەزانی قوڕی کویێ بەسەر خۆماندا بکەین. دوو مانگی ڕەبەق بوو، ئێمە لەم کەلاوە و لەو کەلاوەدا، بەدەم ترس و لەرزەوە شەومان ڕۆژ دەکردەوە. بەڕۆژیش بۆ سواڵکردن تا تاریك دادەهات، لەم پاڵ دیوار و ئەو پاڵ دیواردا کزۆڵەمان دەبەست. دەك خوا جەزات بداتەوە و ناخۆشی و دەرد و بەڵا، بەخۆتەوە نەبینیت».

خورشە دوو جۆر هەستی لە ناخدا بزوا: سەرسوڕمان و شانازیکردن. لەویاندا گومان زۆری بۆ دەهێنا و لەمیاندا، دەکەوتە ژێر ڕکێفی کۆیلەیتییەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئارەزووی زانینی درێژەی بەسەرهاتەکە، هانی دا بپرسێ:

– بەڵام پوورە ڕەحمە .. تێم ناگەیەنیت ئێوە بۆچی و چۆن وەهاتان بەسەرهات؟.

– با کچەکەم .. گوێ بگرە بۆتی باس بکەم. ئەو تولفەی بینیت و سەرنجت دا چەندە ناسك و نازدار و ئاغر و سەنگینە، تا سێ مانگیش لەمەوبەر، لە ژوورێکی کۆنە خانوویەکدا دەژیاین.

ماوەی پێنج ساڵ بوو خاوەنەکەی، لە ڕێی خوادا دابووینێ و سەرمان تێدا کز گرتبوو. بەخێر و سەدەقەی دەرودراوسێ و خەڵکی گەڕەکەکەش، کولەمەرگی دەژیاین. کەچی ڕۆژێکیان، خاوەن خانووەکە هات وتی:

– پوورە ڕەحمە .. وا خراپ لە منیش و لە ئێوەش قەوما.

من دڵم قرچەی کرد و زانیم مەبەستی خانووەکەیە. ماوەیەك بوو مقۆمقۆ لەناو دراوسێکاندا هەبوو. وتم:

– مەحموود گیان .. بوو بەڕاست؟.

ئەو وتی:

– بەڵێ پوورێ .. بەداخەوە هەمووی بەرجادەکە دەکەوێ. ئەمڕۆ ئیمزایان پێ کردم کە لە ماوەی مانگێکدا چۆڵی بکەین.

من وتم:

– مەحموود گیان بەقوربانت بم .. چیمان لێ دەکەیت؟.

ئەو وتی:

– نازانم پوورێ .. نازانم قوڕی کوێ، بۆ خۆشمان و بۆ ئێوەش بەسەرمدا بکەم!.

من لە تاو ئەو، قڕوقەپم لێ کرد. ئەو وتی:

– دەڵێن هەندێ پارەمان دەدەنێ. خوا کەریمە .. با بزانین چۆن دەبێ.

دوای مانگەکە، ڕەوەیەك پۆلیس هاتن و بەزۆر پێیان چۆڵ کردین. مەحموود خۆی کوتایە ماڵە خزمێکییەوە و بۆ من و فاتەش زۆر زۆر تەنگەتاو بوو. بەڵام هیچی بۆ

ئێمە بۆ نەکرا.

خـۆی و ژنـەکـەی و شەش مـنـداڵ بـوون و خـزابـوونـە ژوورێکـەوە. هـێنـدە بـۆمـان بەپەرۆش بوو، تـا دوو هـەفتەش لـە کەلاوەکاندا، شوێنپێمانی هەڵدەگرت و لێمانی دەپـرسیـیـەوە. هـێنـدەی بـۆی هـەڵسووڕایـە، خـواردنـی بـۆ دەهـێنـایـن. ئـیـتـر لـەوە بـەدوا نەمـانـدیـیـەوە.

خورشە بەدڵ گوێی بۆ قسەکانی رایەڵ کردبوو. بەدەمییەوە وردە وردە، هەستێکی بەجۆشی بەزەیی پێداهاتنەوەی لە ناخدا بزوا. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، کاکی بەڕاستی باڵیان بەسەردا بکێشێ و ئەمیش، وەك دایك و خوشکێکی خۆی خزمەتیان بکا. بۆیە لە وەرامیدا وتی:

– پووری دڵ لە دڵ مەدە .. خوا یار بێ ئیتر ئەمە، کۆتایی نارەحەتی و ناخۆشیتان دەبێ.

وای دابنێ کە دەرووی ڕەحمەتە و خوا لێتانی کردووەتەوە.

پیرێژن هیچی تری نەوت. هەستی بەماندووبوونێکی زۆر دەکرد. دەروێش ئەو رۆژە، گەلێ ڕاکەڕاکەی پێ کردبوون، تا لە ئەنجامدا گەیاندبوونییە لای کۆلکەمەلایەك و کارەکەی ساز دابوو.

مانگ ئەو ساتە، بەسەر سنگی ئاسمانەوە خەرمانەی دابوو. رووناکییەکی زیوینی بەسەربانەکە دەدا. ڕووی پـووره ڕەحمە کـە راکشابـوو بـنـوێ، لەژێر رووناکییە زیوینییەکەدا، شێوەی ڕووی مۆمیایەکی دەنواند. بە جەستەش، هیچ جووڵەیەکی نەدەکرد. دیمەنەکەی سەرنجی خورشەی بەتوندی ڕاکێشا و چاوی بەسەریدا روا. ئەمجاریش هەستی بەزەیییەکەی لێ بزوایەوە. بەڵام کە وردە وردە بیر و هۆشی لایدایەوە بەلای خودی خۆیدا، وەك بێوەژنێکی بەخت رەشی بێچارە، ئەوی فەرامۆش کرد و پەتی بۆ زنجیرەی خەیاڵەکانی خۆی بەرەڵا کرد.

***

بۆ بەیانی زوو، کاتێ پیرێژن چوو بەلای تولفەکەیەوە و پێی زانی کە دەروێش ئەو شەوە بە چ دەردێکی بردووە، بەجۆرێك چاوی پەڕییە پشتی سەری کە دەتوت تا خوێنی نەخواتەوە دەست هەڵناگرێ. ئەو سەرەتا خەریك بوو لە ڕوویدا، دەمدرێژی بکا و وتی:

– ژنی خۆمە و بەپێی شەرعم لەگەڵدا کردووە!. کەس هەقی قسەکردنی نییە!.

بەڵام ئەم، نەیهێشت لەوە زیاتر دەم هەڵبێنێتەوە. هەر خێرا دەستی لێ دایە کێردێك. وەك هەموو تین و توانای گەنجێتیی هاتبێتەوە بەر، چووە گیانی و کونەمشکی لێ کرد بە عەمبار.

خورشە لەلای خۆیەوە، گومانی نەما کە ئەگەر بەردەستی بکەوێ دەیکوژێ. بۆیە دایە زریکە و هاتوهاوار و پەنای بردە بەر دراوسێکان. وەختێ ئەوان بەهەڵەداوان داباریـنە ناو حەوشەکەوە، نەنە ڕەحمە هێشتا هەر بەدوای دەروێشدا ڕاکەڕاکەی بوو. تا خەڵکەکە بەریان لێ گرت و کێردەکەیان لە دەست سەند. کە لێیان پرسی: مەسەلە چییە؟. هیچ وەرامێکی نەدانەوە. چوو پەلی فاتەی گرت کە لە هەیوانەکەدا کزۆڵەی کردبوو. هەڵیسانە سەرپێ و چووە بن باڵی. بەکێشی کردە ناویانەوە و وتی:

– بڕوانن ئەو بێ شەرەفە چی لێ کردووە!.

ئیتر بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ، بەناویاندا بەرەو دەرگەی حەوشە بەکێشی کرد و ئاودیوی کۆڵان بوون. ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشتن، ئێستا و ئەوسا نە دەروێش و خورشە و نە هیچ یەکێك لە خەڵکەکە، چاوی بەچاویان نەکەوتەوە.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان، دەروێش خۆی کوتایە کونی ژوورەوە و دەرگەی لەسەر خۆی داخست. خورشە لەلای خۆیەوە، حیکایەتەکەی بۆ دراوسێکان گێڕایەوە.

***

## ١٣

فاتم نەنە ڕەحمەی هەبوو، دەستی لە دەرویش بۆ بداتە کێرد و لە چنگی رزگاری بکا، بەڵام مریەم لەوەش بێبەش بوو. ئەم ئەوەی هەیبوو، باوکێکی بوودەڵەی گەمژە بوو کە بەفرۆشتن فرۆشتبووی و لە ئاکامیدا، لە پێوەندیی باوك و فرزەندییە ئاساییەکەش شۆرابووەوە. بۆیە ئەم ئەگەرچی، پەلەقاژەیەکی زۆری بۆ دەربازبوون کرد، کەچی هەر لە داوەکەدا مایەوە!.

سەرەتا هەر دوای چەند ڕۆژێك، سەرلەئێوارەیەك فرسەتی هێنا و وەك ئاسك دەرپەڕییە ناو کۆڵان و تا لای باوکی نەوەستایەوە. باوکی لەسەر پیشەی خۆی، لەسەر دۆشەکڵە شڕێك، پاڵی دابووەوە و بەدووکەڵی جگەرە ژوورەکەی قانگ دابوو. کە مریەم بەهەناسەبڕکێ خۆی کرد بەژووردا و بێ ئەوەی هیچ بڵێ دانیشت، ئەو بە کەمتەرخەمییەوە تەنیا وتی:

– بۆچی هاتوویتەوە؟.

ئەم لە وەرامیدا پچڕپچڕ وتی:

– بابە .. فریام کەوە .. بۆ خاتری خوا رزگارم کە ..

ئەو هەندێ خۆی قوت کردەوە و وتی:

– بۆچی؟! .. چی بووە؟!.

– بابە نازانم بڵێم چی .. نازانم چۆنی باس بکەم!.

– کچەکەم .. من دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت .. بەڵام چاکتر وایە لەخۆڕایی خۆت سەغڵەت نەکەیت. ئێستا تۆ بوویت بەخاوەنی ماڵ و مێردی خۆت. تۆ ..

– ماڵ و مێردی چی بابە! .. تۆ نازانیت چی لێ کردم و چی بەسەرهێنام! .. من دەترسم .. دەترسم ..

– لە چی؟!.

– لەو.

– بۆچی؟! .. ئەو مێردتە .. ژن چۆن لە مێردی خۆی دەترسێ؟!.

– ئاخر دەمکوژێ.

– دەتکوژێ؟! .. بۆچی؟! .. خۆ هار نەبووە!.

– بابە لە هار خراپترە! .. خراپترە! .. بەخوا خراپترە!.

– وا نییە کچم وا نییە .. تۆ خراپی تێ گەیشتوویت. ئەو مێردتە و تۆی خۆشدەوێ.

– مێردی چی و خۆشەویستیی چی! .. ویستی بمکوژێ.

– نانا .. نابێ .. خۆ شێت نەبووە.

– بابە تۆ دەڵێیت چی! .. من دەڵێم هارە و لە هاریش خراپتر. بگرە سەگێکی هارە.

– کچێ وای پێ مەڵێ .. ئەو پیاوە مێردتە. ژن چۆن وا بەمێردی خۆی دەڵێ؟!.

– دەیلێم و خراپتریش .. چونکە ئەو کابرایە مێردم نییە.

لەم کاتەدا، دەروێش وەك ڕەشەبا خۆی کرد بەژووردا. بەرامبەر مریەم دەست لە کەمەر ڕاوەستا و لە شێوەی زەبەلاحێکدا خۆی نواند!. تا چەند ساتێك بەبێدەنگ، لەسەر ئەو بارە خۆی هێشتەوە. تەنیا لێوی خۆی دەکرۆشت و دانی جیڕ دەکردەوە. تا لە ناکاوێکدا نەڕاندی:

– هەستە پێشم کەوە .. هەستە خێرا!.

مریەم ئەگەرچی لە ترساندا خۆی خزاندە تەنیشتی باوکییەوە، بەلام وەك ئەو قیژاندی:

– نایەم!.

ئینجا ئەو دەستی برد بۆ باخەڵی سەڵتەکەی. چەقۆیەکی هەورامیی لێ دەرهێنا. لەسەرخۆ کردییەوە. دوو سێ جار بەم دیو و بەودیودا، لە لەپی دەستی خۆی خشاند و وتی:

– پێشم دەکەویت، یا بەم چەقۆیە گۆشاوگۆش سەرت ببڕم؟!.

ئەم زارەترەك بوو. هەموو لەشی کەوتە لەرزین و زیاتر خۆی ئاخنییە تەنیشت باوکییەوە. ئەوسا باوکی هاتە قسە و وتی:

– وا نابێ دەروێش .. وا نابێ. تۆ لە کن خۆت پیاوێکی ئاقڵیت. چەقۆکە بخەرەوە گیرفانت.

– تا هەڵنەسێت و پێشم نەکەوێت، نایخەمەوە گیرفانم.

– دێتەوە .. چەقۆکە لابە .. دێتەوە.

– با هەڵسێتە سەرپێ .. بزانم ..

مریەم هێشتا هەر دەلەرزی. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– هەڵناسم و نایەمەوە.

دەروێش خۆی خستە شێوەی هەڵمەت بردنەوە و قەڵەمبازێکی دایە پێشەوە. چەقۆکەی لێ ڕاست کردەوە و وتی:

– نایەیتەوە .. ها .. نایەیتەوە؟!.

– . . . .

– ئادەی بڵێ نایەمەوە و سەرت لە لەشت جیا بکەمەوە!.

لێرەدا سابیر، بەتەمەڵییەکەوە خۆی خستە سەرپێ. بەری لە دەروێش گرت و بەنیمچە تووڕەبوونێکەوە وتی:

– دەروێش .. وتم: وانابێ. وتم: تۆ لە کن خۆت ئەقڵت هەیە. منداڵەکە مەتۆقێنە و چەقۆکە بخەرەوە گیرفانت.

ئینجا ئەو، دوو سێ هەنگاو کشایە دواوە. خۆی کەنار خست و وتی:

– فەرموو .. بزانم چی دەکەیت. بەڵام چەقۆکە هەر ناخەمەوە گیرفانم. من دەزانم ئەم کچەی تۆ، چۆن و بەچی ئاقڵ دەبێ .. من دەزانم چۆنی ئاقڵ دەکەم.

– ئاخر نازانیت .. ئەوەتا پێتەوە دیارە کە نازانیت.

– نەخێر دەزانم و چاکیش. بەڵام ئەوەتا تۆ لێمی تێك دەدەیت .. تۆ لێمی دەشێوێنیت.

– من؟! .. کابرا تۆ خەریکیت قسەی زیاد دەکەیت!.

– ئا دەیکەم .. بەڵێ دەیکەم .. ئەم کچە جاران کچی تۆ بوو. بەڵام ئێستا، ژنی من و موڵکی حەڵاڵی خۆمە. گوایە ئەمەت لە بیر چووە .. ها .. لە بیرت چووە؟!.

سابیر بەم قسانە، نیمچە گڕ و کفەکەی نیشتەوە. بەدەنگێکی لەسەرخۆ وتی:

– دەروێش .. مریەم کچێکی ئاقڵ و هێمن و بێ وەیە. بەڵام تۆ کە دەزانیت ئەو منداڵێکە، تولفێکە .. تۆ دەبێ بزانیت چۆن لەگەڵیدا دەجووڵێیتەوە. چۆن دڵی ڕادەگریت و کارێك ناکەیت، لێت تەوەلا ببێ.

ئیتر دەروێشیش، دەمودووی خۆی گۆڕی. بەسەروزمانێکی شیرینەوە وتی:

– ئێ ئاخر دەفەرموو لە خۆی بپرسە و بزانە لە چیی کەمە. چ بێ دڵییەکی کراوە. کێ هێندەی نووکی دەرزییەك، ئازاری پێ گەیاندووە. کێ لە گوڵ کاڵتری پێ وتووە. ئێستاش مەرج بێ لەسەر دەستی تۆدا، با بێتەوە و دەیخەمە سەر ئەم سەرەم. مەرج بێ هیچ بێ دڵییەکی نەکرێ. خۆت دەزانیت، ئەوەی هەیە و نییە لە ماڵەکەدا لەگەڵماندا، هەر خورشەیە. خورشەش ئەوەتا لە خۆی بپرسە، بزانە چەندی خۆشدەوێ .. چەند بەدەورویشتیدا دێ و چەند خزمەتی دەکا. ئیتر بۆ دەتۆرێ؟! .. بۆ ڕادەکا؟!.

مریەم لە ئاستی ئەم قسانەدا، وەها واقی وڕما و حەپەسا، کە دەمی چووە کلیلە و هیچی بۆ نەوترا!. بگرە کە باوکیشی لەلای خۆیەوە، ڕووی دەمی تێ کرد و وتی:

– ئـــێ دە ڕاست دەکـا کـچـەکـەم .. بـۆچـی بـەئـاقڵـی بـەلای مـاڵ و مێردی خـۆتـەوە دانانیشیت؟!. دەهەڵسە دەی خۆت بێ ئەقڵ مەکە .. هەڵسە لەگەڵیدا بڕۆوە.

هێندەی تر بەناخی وڕی و کاسیدا چووە خوارەوە و لە ئاکامیدا، تەواو ئاگای لەوان بڕا.

تەنیا بەهەست و نەست، خۆی دەخواردەوە و دەکولا. کە هەر لێکی دایەوە و زەفەری بەئەنجام نەبرد، بەهەست و نەستیش خامۆش بوو .. دەتوت بەسەر دنیاوە نەماوە! . بۆیە کاتێ باوکی دەستی دایە پەلی، ڕاستی کردەوە و وتی:

– دەهەڵسە کچم .. هەڵسە دەی ..

ئەم وەك بووبێتە بەرخێك و قەسابێك بۆ سەربڕین بیداتە بەر خۆی، ئاوەها کەوتە سەرپێ. پێش دەروێش کەوت و بەرەو ماڵەوە ملی نا!.

***

هەر هێندەی پێیان نایە ناو حەوشەکەوە، دەروێش لە پڕێکدا، پەلاماری مەچەکی دا و توند گرتی. بەرەو کەلەگییەکە بردی و وتی:

– ڕادەکەیت؟! .. ئێستا خۆت دەبینیتەوە .. بزانە چیت لێ دەکەم!.

مریەم هێشتا هەر بەرخەکە بوو. نە خۆی ڕاپسکاند و نە ورتەی لە دەم هاتە دەرەوە، بگرە خۆی بۆ شل کرد و دوای کەوت. خورشە کە ئەو ساتە لە ژوورەوە بوو، بە بینینیان ڕاپەڕییە سەرپێ و لێیان ڕاما. بەڵام کاتێ کاکی بەسەریدا قیڕاند:

– بڕۆ تەنافەکەی حەوشەم بۆ بێنە؟.

بەبێ پرسیارکردن، بەخێرایی فەرمانەکەی بەجێ هێنا. تەنافەکەی دایە دەستی و خۆی کەلاخست. کاك هەردوو دەست و هەردوو قاچی بەرخەکەی، ڕاست وەك ئامادەکردنی بۆ سەربڕین، پێکەوە شەتەك دان و وتی:

– باشە؟! .. دە فەرموو ئێستا ڕابکە دەی .. دە فەرموو .. دەرگە لەسەر پشتە!.

مریەم وەك هیچ دەربەست نەیەت، بەبێ جووڵە لەسەر لا لێی کەوت!. ئینجا دەروێش، وازی لەو هێنا و چووە وێزەی خورشە. لێی چووە پێشەوە و پەنجەی شایەتمانی لە ڕوودا ڕاوەشاند. وتی:

– ئێستا نۆرەی تۆیە .. چاك گوێم لێ بگرە و قسەکەم بچەسپێنەرە مێشکتەوە. ئەمجارە هیچ .. بەڵام بۆ جاری داهاتووت بیەڵێت ڕابکا، تۆش لەگەڵ ئەودا، گۆشاوگۆش سەر دەبڕم.

خورشە بە زەلیلییەوە وتی:

– ئاخر کاکە .. خۆ خەتای من نەبوو.

– ئەی کێ؟! .. من؟!.

– کاکە ..

– بەسە .. لەسەری مەڕۆ .. ئەوەی وتم، دووبارەی ناکەمەوە.

– . . . .

– با ئەوەشت پێ بڵێم: دەبێ هەتا لە کەلی شەیتان دێتە خوارەوە، ئەئاوا بێ. قوزڵقورتەکەش تۆ دەیکەیت بەدەمییەوە. تێ گەیشتیت؟!.

– . . . .

مریەم دوو شەو و دوو ڕۆژی ڕەبەقی، بەو شێوەیە بەسەر برد. تا لە شەوی سێیەمدا، ئێش و ئازار زۆری بۆ هێنا و ناچاری پاڕانەوەی کرد. دەروێش بە هەلی زانی و وتی:

– یانی تەواو؟ .. ئاقڵ بوویت؟.

– ئا.

– ئیتر ڕاناکەیت؟.

– نەء.

– ئەی ئەگەر رات کرد؟.

– جارێکی تر بمبەستەوە.

– بتبەستمەوە؟! .. بەتەمای ئەوە مەبە .. گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم.

– . . . .

– ئێ؟.

– ئێ.

لەوەدابوو دەست بەرێ بیکاتەوە و نەیکرد. چوو خورشەی بانگ کردە لای خۆیان.

دوای ئەوەی تۆبەکردنەکەی بەمریەم دووبارە کردەوە، ئینجا ئازادی کرد.

***

## ١٤

مریەم بەجۆرێکی وەها لە دەروێش تۆقیبوو کە هیچ تۆبە و بەڵێنێکی لە ئاستیدا، بۆ نەدەبرایە سەر. دوای هەڵاتنەکەی ئەوجارەی، دەستی لە باوکی شت و کەوتە پەنابردنە بەر دراوسێکان. هەڵاتنەکانیشی، وەخت و سەعاتیان بۆ نەبوو، چونکە بەندی ئەو ساتانە بوون کە دەروێش، تەقەلای دەدا زەفەری پێ بەرێ. جاری وا دەبوو لە نیوەشەودا، سەربانە و سەربان ڕای دەکرد و خۆی دەکوتایە ماڵێکیانەوە. لە هەموو جارێکیشدا، لەو ماڵەدا دەبووە شەڕی مەغلووبە!. ئەم یەکسەر دەچوو، خۆی دەئاخنییە پاڵ پیاوێکی ناو ماڵەکەوە و بەدەم پاڕانەوەیەکی جەرگبڕەوە، داوای دەکرد بیپارێزێ. ئەویش بەدوایدا وەك شێتێکی بەڵەسە بوو، هەڵمەتی دەبرد و دەچوو ڕووبەڕووی پیاوە، دەیکردە هاتوهاوار و شاتەشات. تا لە زۆربەی جاردا کار بەوە دەشکایەوە، دەست بدەنە یەخەی یەکتر. ئینجا لەلای پیاوەکەوە کەسوکاری و لەلای دەروێشیشەوە خورشە، بێنە کۆڕی شەڕەوە و لەناو کۆڵانەکەدا، ببێتە ئاژاوەیەکی گەورە!.

یا زۆرجاریش، هەلی دەربازبوونی بۆ دەرەوەی ماڵ بۆ نەدەڕەخسا، بگرە تەنیا لەناو حەوشەکەدا بەدەم زریکە و هاوارەوە، دەیدایە چوارناڵە و ئەویش بەنەڕەنەڕ و جنێودانی پیسەوە بەدوایەوەیە لەمیشیاندا، دراوسێکان هەر خۆیان پێ ڕاگیر نەدەکرا. زریکە و قیژە جەرگبڕەکەی مریەم، تەنگەتاوی دەکردن و ناچار دەبوون بێن بەدەنگەوە. ئیتر لێرەشدا هەندێ جار، شەڕی مەغلووبەکە هەر ڕووی دەدا. بەتایبەتی لەگەڵ حەمەلاودا کە ماڵ بەماڵەوە بوون و منداڵە وردەکانی، بەقاووقیژەکە زارەترەك دەبوون. دەستیان دەکردە گریان و لە ترساندا، جێگەیان بەخۆیان نەدەگرت ئەویش ئیمانی لە کەللەدا نەدەما و دەچووە وێزەی دەروێش کە ئەنجام زۆرجار، بەوە دەشکایەوە دەست بدەنە یەخەی یەکتر.

دانیشتوانی کۆڵانەکە، تەواو بێزار بوون. لە ماوەیەکی کەمدا، ماڵی تێدا نەما، دوو جار و سێ جار ئەم بەزمەی بەنەسیب نەبووبێ. لە سەرەتادا، هەموو پڕ بەدڵ بەزەییان بە مریەمدا دەهاتەوە و بەتەنگەوە بوون پارێزگاریی لێ بکەن. بەڵام وردە

ورده، لەلایان بووە بەڵایەك و بەسەریاندا نازڵ بووبێ!. دەروێش لێیانی کردە ئەو بەڵایە، دەنا ئەوان لە دڵدا، هەر دەیانزانی کە تولفێکی بێ گوناهی بەسزمانە و تووشی ئەو بەختە ڕەشە بووە.

کاتێ مریەم خۆشی ئەوەی لا ڕوون بووەوە، وازی لەوان هێنا و بیری بۆ دوورتر لەناو کۆڵانەکە چووەوە .. بەڵام نەك بۆ لای باوکی، بگرە بۆ لای گەلاوێژ.

***

دەمەدەمی عەسر بوو کە بە پێی پەتی و سەری قۆتی، خۆی کرد بەماڵدا. گەلاوێژ و دایکی، لەژێر دار توووەکەدا دانیشتبوون چایان دەخواردەوە. تا گەیشتە لای ئەمانیش، هێشتا هەر ڕای دەکرد. پێوەی دیار بوو کە وا دەزانێ، ئەوەی لە دەستی هەڵاتووە بەدوایەوەیە!. کە گەیشتە ئاستیان، خۆی خستە پشت گەلاوێژەوە. ئەو کاتە ئەمان، ڕاپەڕیبوونە سەرپێ و بە سەرسوڕمانەوە هەڵیان دەڕوانی. چاوەڕێ بوون یەکێك هەر بەڕاکردن، بەدوایدا خۆی بکا بەماڵدا!. کە کەس دیار نەبوو، دایکە بەرەو دەرگەی حەوشە چوو. دایخست و گەڕایەوە. ئینجا گەلاوێژ بەلای مریەمدا وەرچەرخا و لێی ورد بووەوە. سەرنجی دا ئارەق چۆڕچۆڕ، بەناوچەوان و لاملیدا دێتە خوارەوە و وەك بینی ئاویش دەلەرزێ. لە تەنیشت خۆیەوە داینیشاند و بۆ هێمنکردنەوەی، سەری نووساند بەسنگی خۆیەوە. بە سۆزێکی خوشکانەی قووڵەوە، کەوتە دەستهێنان بە سەر و قژیدا و هیچی نەوت. دایکی لێی هاتە قسە و وتی:

– مریەم .. چی ڕووی داوە؟.. چیت بەسەر هاتووە؟!.

گەلاوێژ سەرنجێکی پڕ لە گلەییی دایەوە دایکی و بە تەوسێکەوە وتی:

– یانی نازانیت؟ .. پێویست بە پرسیار دەکا؟!.

– با کچم دەزانم .. بەڵام با خۆی باسی بکا و بزانین چی بووە!

– باسی چی بکا؟! .. ئاشکرایە .. لە دەست جانەوەرەکە هەڵاتووە. وانییە مریەم؟.

– با بەڵێ.

– ئاخر با بزانین چۆن .. با باسی بکا.

گەلاویژ وەك قسەکەی بەلاوە پەسندبێ و بەڵام تەنیا خۆی بەخاوەنی گرفتەکە بزانێ، پەلی مریەمی گرت و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی. لەوێ بەرامبەر بەخۆی

داینیشاند و وتی:

– ئێستا دەی .. لە نووکەوە بۆمی باس بکە. چیت بەسەرهات؟ .. شەرم مەکە .. هەموویم بۆ باس بکە.

بەبێ شەرمکردن، بەسەرهاتی خۆی، لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. ئینجا بەپاڕانەوە وتی:

– باجی گیان .. بەقوربانت بم .. مەیەڵە بمباتەوە .. توخوا مەیەڵە.

گەلاوێژ بەبیستنی بەسەرهاتەکە، وڕ و کاس بووبوو!. ئەگەر نەیزانیایە کە ئەوەی قسەکانی بۆ دەکا، تولفێکە و هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ، منداڵێکە و هێشتا لە تەڵەکەبازی و درۆودەلەسەی وەها گەورە و گران بەدوورە، ستەم بوو باوەڕیان پێ بکا. ئەم تا ئەو کاتە، بەسەرهاتی وەهای نە بەرگوێ کەوتبوو، نە لە هیچ کتێبێکیشدا خوێندبوویەوە!. بۆیە تا ماوەیەك، هەر بەحەپەساوییەوە دەیڕوانییە مریەم و هیچی بۆ نەدەوترا. بەڵام کە پاڕانەوەکەی لێ دووبارە کردەوە، بەپەرۆشەوە باوەشی پێدا کرد و نووساندی بەخۆیەوە. بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە، پچڕپچڕ لە وەرامیدا وتی:

– دڵنیابە مریەم .. دڵنیابە خوشکەکەم .. نایەڵم ..

ماوەیەك لەسەر ئەو بارە، بەبێدەنگ مانەوە. گەلاوێژ مێشکی خۆی هەڵدەووشی:

چی بکا باشە؟!. گرفتەکە چۆن چارەسەر بکا؟!. زۆر ڕانەما و بڕیاری خۆی دا. وتی:

«نایەڵم بکەوێتەوە لای ئەو دڕندەیە». ئیتر، دەستی لێ بەردا و لە خۆی دوورخستەوە.

لە شێوەی فەرماندا وتی:

– گوێ بگرە .. من هەرچییەك دەڵێم، دەبێ وا بکەیت.

– بەڵێ باجی.

– تۆ لە ئێستەوە، سەر لەم ژووره نابەیتە دەرەوە. نابێ کەس بتبینێ. تێ گەیشتیت؟.

– بەڵێ .. بەسەرچاو.

ئەوی جێ هێشت و چووە وێزەی دایکی. هەر لە شێوەی فەرماندا، بەویشی وت:

– دایە .. من وا بڕیاری خۆم دا. مریەم ئیتر ناچێتەوە لای ئەو دڕندەیە. نایەڵم وەکو جاری پێشوو، بەگورگان خواردووی بدەن!.

– ئێمە بەگورگان خواردوومان دا؟!. نازانیت چەندمان هەوڵ بۆ دا؟!.

– هەوڵێکی پووچ.

– ئێ ئاخر . . . .

– ئێ ئاخر ئەمجارە وازی لێ بێنن بۆ من. من هەوڵەکەی بۆ دەدەم.

– چی دەکەیت؟ .. بابزانم.

– نایدەمەوە دەستیان.

– ئاخر کچەکەم .. بۆ تۆ وا دەزانیت شاری بێ حاکمە؟!. یەکێکیان باوکێتی و ئەوی تریان مێردی. کە هاتن داوایان کردەوە، دەڵێیت چی؟!

– یەکەم، شاری بێ حاکمە و ئەولاتریش. ئەگەر وا نەبووایە، خۆ دەبوو جەنابی حاکمی شار، ئاگایەکی لەم ستەمکارییە هەبووایە و شەکرێکی تێدا بشکاندایە!. دووەمیش، کە هاتن سووك و ئاسان دەڵێین: لای ئێمە نییە. ئەوەتا ئاگەداریشم کردووە کە سەر لە ژوورەکەی من نەهێنێتە دەرەوە، تا ...

– تا دەچن پۆلیس دێننە سەرمان و لە ژوورەکەت، دەری دەکێشنە دەرەوە . ئینجا ئەوسا ..

– ئینجا ئەوسا، ئێوە تووشی دەردی سەری دەبن .. وانا؟!.

– با ..

– یانی بەلای تۆوە، یاریدەدانی تولفێکی ستەم لێکراو و رزگارکردنی، ئەوە ناهێنێ؟! ..

– ئەگەر بۆمان رزگار بکرایە، با دەیهێنا. بەڵام بۆمان ناکرێ.

– دەکرێ .. ئەگەر ئەو ترسەتان لە دڵدا نەبێ، دەکرێ.

– ئەگەر سەریشمانی لە رێیدا دابنێین، هەر ناکرێ.

– دایە ئەمە مەلابەزێنییە!. کەوابێ دەیبەمە ماڵی خاڵە وەهابم، با بۆ خۆی لەوێ بێ.

– هەمدیس؟!.

– بۆچی چییەتی؟ .. یانی تۆ ...

– نەء .. مەیڵێ شەیتان .. ئەوەم مەبەست نییە. بەڵام خاڵە وەهابت خۆی، لە هەر ئان و ساتێکدا راپێچ کرا، دەکرێ. ئەو خۆی بەمۆڵەق وەستاوە، ئینجا بەزمی مریەمیشی

بچێتە پاڵ؟!.

– تۆ وای تێ دەگەیت نەك ئەو.

هەردووکیان بێدەنگ بوون. تا دایکە وتی:

– چاکتر وایە ئێوارە کە باوکت هاتەوە، باسەکەی لەگەڵدا یەکالا بکەیتەوە.

باری سەرنجی باوکیشی، وەك دایکی بوو. ئەویش وتی:

– کچم .. تۆ وا دەزانیت، سەری دنیا بە پووش گیراوە!.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای دەمەتەقێیەکی زۆر، باوکی تەنیا هێندەی گفت دا کە وتی:

– وا جاریَ لێرەیە .. با بزانین چۆن دەبێ.

ردەشێ باوکی مریەم بێ. گەلاوێژ خێرا راپەڕییە سەرپێ و وتی:

– بابە .. دایە .. تکاتان لێ دەکەم، ئێوە هەقتان نەبێ. وازی لێ بێنن بۆ من.

ئیتر بێ چاوەڕێکردنی وەرامیان، بەرەو دەرگەی حەوشە چوو. بانگی کرد:

– کێیە؟.

– خۆمانین.

– خۆتان کێن؟.

– باوکی مریەم.

کە دەرگەی کردەوە، ئاسایی وتی:

– فەرموو .. چیت دەوێ؟!.

ئەو وەك جۆرە خەجاڵەتییەك دایگرتبێ، تۆزێ راما. ئینجا پچڕپچڕ وتی:

– مریەم .. دەڵێم .. بەڵکو رووی کردبێتە لای ئێوە.

– بۆچی ؟ .. چی بووە؟!.

– هیچی وانەبووە. تۆزێ عاجز بووە عەسر ...

دەروێش کە تا ئەو ساتە خۆی کەنار خستبوو، تەکانی دایە پێشەوە، قسەکەی بەو بڕی و وتی:

– کەس عاجزی نەکردووە. وتوێتی دەچم سەرێك لە باوکم دەدەم و ئیتر نەگەڕاوەتەوە.

گەلاوێژ هەر خێرا هەستی کرد دەبێ دەروێش بێ، ئان و سات حەزێك لە ناخیدا بزوا کە سەرنجێکی وردی بداتێ و سەر و سیمای جانەوەرەکە، بەباشی ببینێ، بۆیە باشتر سەری کێشایە دەرەوە و پیایدا هەڵڕوانی. لە دڵی خۆیدا وتی: «کتومت .. مریەم چۆنی وت وەهایە».

ئینجا لە وەرامی قسەکەیدا تەنیا وتی:

– ئێ؟!

– ئێ وتمان بەڵکو هاتبێتە ئێرە و وا ..

– نەهاتووەتە ئێرە.

گەلاوێژ قسەکەی بەرقەوە کرد. بەڵام خێرا بەخۆی زانی. سەر و زمانی خۆی گۆڕی و وتی:

– دڵنیابن .. ئەگەر بهاتایەتە ئێرە، نەماندەهێشت گیر ببێ و هەر زوو دەماننناردەوە.

سەروزمان شیرینییەکە دادی نەدا. دەروێش لەلای خۆیەوە، قسە ڕقاوییەکەی قۆستبووە و و گومانی پێ پەیدا کردبوو. بە توانجێکەوە وتی:

– ئێمەش حەزمان دەکرد لای ئێوە بووایە، چونکە ئەو ئێوەی زۆر خۆشدەوێ و ئێوەش بەتەنگییەوەن. ئەو ئێستاش لە هەر کوێیەك بێ، ئەگەر ئەقڵی هەبێ، دەبێ هەر ڕوو لە ئێوە بکا!.

گەلاوێژ دڵی لە قسەکە گوشرا. لەگەڵ ئەوەشدا، دانی بەخۆیدا گرت و وتی:

– خوا بکەم وا بکا .. ئێمە هەر زوو ئاگەدارتان دەکەین.

ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و ئەمیش گەڕایەوە لای دایکی و باوکی. وتی:

– تەواو .. پاڵم پێوەنان.

کە باوکی لێی پرسی:

– باوەڕیان کرد؟ .. گومانیان نەبوو؟.

ئەم وتی:

– نەء .. هەر هیچ.

***

## ١٥

هەر بۆ ڕۆژی دوایی لە چێشتەنگاودا، پۆلیسێك كە بەرێككەوت ناسیاو دەرچوو، لەبەر دووكانەكەی باوكی گەلاوێژدا راوەستا و بەرێزەوە سڵاوی كرد. ئەم فەرمووی لێ كرد دابنیشێ و ئەو دوودڵ بوو. بەڵام دوایی ملی دا و دانیشت. چاوەڕوانی كرد تا چای بۆ هات و خواردییەوە و ئینجا وتی:

– كاكە حاجی .. بمبەخشە .. ناردوویانم كە .. ئەوی راستی بێ، لە سەرەتادا حەزم نەدەكرد بێم. وتم: من ناچم .. یەكێكی تر بنێرن. دوایی سەیرم كرد، من بێم باشترە لە یەكێكی نەدیو و نەناسیاو. وا تێ دەگەم شتێكی وەهاش نییە كە خوانەخواستە! ...

حاجی بەقسەكانی، دڵی ختوورەیەكی كرد. لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەخۆیدا گرت و وتی:

– منیش پێم خۆشە كە تۆ هاتوویت نەك یەكێكی تر. فەرموو بیڵێ بزانم.

پۆلیسەكە، تینی دایە بەرخۆی و وتی:

– لە پۆلیسخانە داوات دەكەن.

– خێرە؟!.

– خوا یاربێ خێر دەبێ.

– نازانیت بۆ چییە؟.

– بمزانیایە، سێ و دووم لێ نەدەكرد و دەموت.

لە پۆلیسخانەش هەر بەرێككەوت، ئەفسەرێكی لاوی رۆشنبیری بوو بە تووشەوە. ئەو ئەگەرچی ئەمی نەدەناسی، بەڵام بەسەروزمانێكی شیرینەوە، پێشوازیی كرد و وتی:

– مامە حاجی .. من وەهات دەبینم كە تۆ پیاوێك نیت، بە پێچ و پەنا قسەت لەگەڵدا

بکرێ. من باوەڕم وایە کە تۆ ڕاست و دروست، وەرامی پرسیارەکانم دەدەیتەوە. وایە یان نا؟.

حاجی لە ڕێگە، ترسی ئەوەی لە دڵدا بوو کە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و قسەی ناشیرینی پێ بوترێ، بۆیە بەو دەمودووەی ئەفسەرەکە خۆشحاڵ بوو. لە وەرامیدا وتی:

– بەهەڵە نەچوویت. من نازانم درۆ بکەم. فەرموو.

ئەفسەرەکەش، بەلەرەی پڕ لە راستگۆییی دەنگی دا، تەواو لێی دڵنیا بوو. وتی:

– دەروێش کەریم ناوێك هاتووە دەڵێ، گوایە ژنەکەی کە مریەمی ناوە، لە ماڵی ئێوەیە. ڕاست دەکا؟.

– بەڵێ.

– لە کەیەوە؟.

– دوێنێ.

– چ وەختێك؟.

– من لە ماڵ نەبووم. وتیان دەمەدەمی عەسر هاتووە.

– نەتپرسی بۆچی هاتووە؟

– با بەڵێ .. وتیان لە دەست مێردەکەی هەڵاتووە.

– چاکە. من لێت ناپرسم: بۆچی یەکسەر نەتناردەوە بۆ لای ماڵ و مێردی خۆی. قەیناکا .. ئەو پاڕاوەتەوە و ئێوەش بەزەییتان پیادا هاتووەتەوە. بەڵام کە باوکی و مێردەکەی هاتن .. هاتن یا نەهاتن؟.

– هاتن.

– چ وەختێك بوو؟.

– شەو .. دەوروبەری سەعات نۆ.

– خۆت چوویت بەدەنگیانەوە؟.

– نەء .. کچەکەم.

– ئەی تۆ خۆت بۆچی نەچوویت؟.

حاجی لە دڵدا پەشۆکا. پێی ناخۆش بوو، ناوی گەلاوێژ بێتە کایەوە. ترسا تووشی

بێنەوبەرە ببێ. دوای کەمێ بێدەنگی، وتی:

– تکایەکم هەیە .. ئەگەر دەتوانیت بۆمی جێبەجێ بکە.

– فەرموو.

– ئەگەر دەکرێ، با کچەکەم تووشی بێنەوبەرە نەکرێ.

ئەفسەر هەر خێرا وتی:

– دڵنیابە .. هیچ نیازێکی لەو بابەتەم نابێ. بەهەرحاڵ، چ وەرامێکتان دانەوە؟.

– وتمان: نەهاتووەتە ئێرە. ڕەنگە دەروێش و باوکی، بۆیان باس کردبیت کە ئەو تولفە، بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك، لەلای ئێمە بوو. وەك هەر منداڵێکی خۆمان سەیرمان دەکرد و ئەویش، زۆر هۆگری ئێمە بووبوو. لەبەر ئەوە، بەزەییمان پیایدا هاتەوە و ترساین بەو شەوە، بیبەن ئازاری بدەن.

ئەفسەرەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– وتت تولف؟! .. مەبەست چییە؟!.

– منداڵە .. بەتەمەن زۆر منداڵە.

– چەند دەبێ؟.

– یازدە  یا دوازدە ساڵ.

– سەیرە!.

حاجی بە هەلی زانی، هێندەی ئاگەدار بوو، بەسەرهاتەکەی مریەمی بۆ گێڕایەوە. ئەوسا ئەفسەرەکە وتی:

– مامە حاجی .. ئێستا باش حاڵی بووم مەسەلە چییە!. چاکت کرد بۆت باس کردم. بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، کابرا شکاتی لێ کردوویت کە گوایە تۆ، ژنەکەیت لێ زەوت کردووە و لە ماڵەکەتدا حەشارت داوە.

– خوا بیگرێ .. من بۆ ئەم بوختانەی، حەواڵەی خوای دەکەم.

ئەفسەرەکە، دوای کەمێ لێڕامان و بیرکردنەوە، وتی:

– داخی گرانم مامە حاجی، بەزەیی من و تۆ بەرامبەر بەو تولفە، داد نادا. کارەکە وا کەوتووەتەوە کە تولفەکە بووەتە حەڵاڵی ئەو کابرایە و دەبێ بدرێتەوە دەستی. بۆ

تۆش، تەنیا هێندەم پێ دەکرێ کە نەیەڵم لێت بکرێتە تاوانێك.

حاجی وتی:

– تی دەگەم .. خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ و وێنەت زۆر بکا. منیش هەر ئەوەندەم لێت دەوێ.

ئیتر ئەفسەرەکە، موختاری گەڕەك و دوو پۆلیسی نارد و مریەمیان هێنا. دایەوە دەست دەرویش و بەرێی کرد. ئینجا بەدەستی خۆی، کەوتە هێنان و بردنی فایلی حاجی. تا لە عەسرێکی درەنگدا، بڕیاری بەرەڵاکردنی ئەویش ئیمزا کرا.

کە گەڕایەوە ماڵەوە، ناوماڵ جمەی دەهات لە کەسوکار و دەرودراوسێ. هەموو هەواڵیان بیستبوو کە بەرەڵا دەکرێ و چاوەڕوانی هاتنەوەکەی بوون. گەلاوێژ لەلای خۆیەوە، زۆر بۆی بەپەرۆش بوو. بەردەوام پێیەکی لەناو دالان و پێیەکی لە بەردەرگە بوو. کە گەیشتە جێ، ئەو یەکەم کەس بوو پێشوازیی لێ کرد. باوەشی کرد بەملیدا و بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە، وتی:

– بابە گیان . . . .

باوکیشی، بە سووکە گلەییەکی پڕ لە سۆزی باوکانەوە، تەنیا وتی:

– با بزانین چی تریشم بەسەر دێنیت؟!.

***

# بەشی دووەم

## ١

هەواڵەکە، وەکو ئاگر و پووشوو، بەناو شاردا بڵاو بووەوە!. «تاقمەکەی خولە پیزە، کوژران و لاشەکانیان لە بەردەرکی سەرا دانراوە، تا خەڵك بچن بەچاوی خۆیان ببینن».

ئاسان نەبوو خەڵکەکە، تەنیا بەبیستن باوەڕ بکەن، چونکە بەلایانەوە ستەم بوو تاقمێك چەکداری چابووك و ئازا کە ساڵانێ بوو دابوویانە شاخ و گاڵەیان بە میری دەکرد، ئاوەها بەئاسانی هەموو بکوژرێن!. بەڵام کە سەدان کەس بەوێدا ڕابوردن و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە، هەواڵەکەی بەناسیاو و نەناسیاودا دەگەیاند و دەیوت: بەچاوی خۆم دیمن، ئیتر بوو بەڕاست و ڕێچکە بەسترایە بەردەرکی سەرا.

خورشید کە ئەو ڕۆژە کرێکارییەکەی نەبووبوو بەنسیب و هاتبوو لە چاخانەکەی لەمەڕ زۆرابی برایدا، دەستی کردبووە دۆمینەکردن، یەکەم جار باوەڕی بەهەواڵەکە نەکرد و بە تەوسێکەوە وتی:

– میرییە و درۆی ئاسایی خۆی دەکا .. شەش بێش ..

برادەرەکەی پوولی خۆی دا بەسەر مێزەکەدا و وتی:

– لەوە بەولاوە نییە .. دوو بێش.

– ئاخۆ بزانە چ سێ چوار ڕێبوارێکی داماون و لەمان بوونەتە تاقمەکەی خولە پیزە!.

– یا لە خەڵکەکەیان دەکەنە ئەوان! .. قەپات.

کەچی لەو ساتەدا، ئەورەحمانی برادەریان خۆی کرد بەچاخانەکەدا. کە لە تەنیشتیانەوە دانیشت، وەك دڵنیا بێ کە ئەمانیش هەواڵەکەیان بیستووە و باوەڕیان نەکردووە، بەخەمبارییەوە وتی:

– دەزانن هەواڵەکە ڕاستە؟!.

ئەمان گومانیان لێ کرد. خورشید وتی:

– یانی ئەوان خۆیانن؟!.

– خۆیانن.

– چۆنت زانی؟!.

– لەوێ بووم .. ئێستا لەوێوە هاتم.

– خۆ تۆ نایانناسیت و لەوەبەر نەتدیون .. چووزانیت ئەوانن؟!.

– هەبوون لەوەبەر دیویانن و ناسیویاننەوە.

خورشید پوولەکانی فڕێ دایە سەر مێزەکە. کەوتە سەرپێ و وتی:

– دەمەوێ بەچاوی خۆم بیانبینم.

برادەرەکەی وتی:

– منیش.

ئەوان ڕۆیشتن. زۆراب بەدەم دانانی پیاڵەیەك چاوە لە بەردەمی ئەوڕەحماندا، وتی:

– ناڵێن چۆن بەگیر هاتوون؟!.

– با .. خۆخۆری!. دەڵێن: بوون بەدوو بەشەوە. ئەو بەشیان، شەو ئەم کوشتووە کە لە شیرین خەودا بوون و ئینجا هاتوون، لای حکوومەت خۆیان داوە بەدەستەوە. واتە ناپاکی لەناو خۆیاندا، بەفەوتاندنی داون!.

یەکێك لە ناکاو، لە نزیك ئەوڕەحمانەوە هەڵی دایە و وتی:

ئەرێ ئێوە وا دیارە، لەناوبردنی ئەو تاقمە جەردە و پیاوکوژەتان پێ ناخۆش بێ؟!.

کە ئاوڕیان لەلایدا دایەوە، زۆراب تەنگەتاو بوو!. ئەم مانگێك دەبوو دەیبینی، ڕۆژی دوو سێ جار خۆی دەکا بەچاخانەکەدا و بەتەنیا لە قوڕنەیەکەوە دادەنیشێ. دوو سێ پیاڵە چا دەخواتەوە و لە پڕێکدا، لە چاو ون دەبێ. کاتێکیش پێش چەند ڕۆژێك، لە وەستای پرسی:

– وەستا .. تۆ سەرنجت داوەتە ئەو کابرایە؟ .. دەبێ کێ بێ و چ کارە بێ؟!.

وەستا تەنیا وتی:

– ئەوە خولەی مام سادقە .. هەقت بەسەریەوە نەبێ. من دەیناسم و دەزانم چییە و

چی نییه؟.

بۆیه وەك ترسێکی نادیار لە ئاستی قسەکەیدا سەری لێ هەڵدابێ، لە وەرامی خولەدا وتی:

– ئێمە؟! .. نەء! .. کێ هەیە فەوتاندنی دەستە و تاقمی جەردە و پیاوکوژی پێ ناخۆش بێ؟!.

– ئەی دەتانبینم پێی سەغڵەت بوون و داخیان بۆ دەخۆن.

– بۆچی داخیان بۆ دەخۆین! .. خۆ برای باوکمان نین.

– من برای باوکیشم بوونایە، لەبەرئەوەی دز و جەردە بوون، ئەم قەلاچۆکردنەیانم هەر پێ خۆش دەبوو.

زۆراب لەوەدابوو، بەباری لایەنگرتندا وەرامی بداتەوە و ئەورەحمان کە تا ئەو ساتە هەر گوێی گرتبوو، هەڵی دایە و وتی:

– باشە تۆ تێم ناگەیەنیت، جەنابت بۆچی هێندە بەقەلاچۆکردنی ئەوانە دڵخۆشیت؟!.

گوایە باوکتیان کوشتبوو؟!.

– نەء .. باوکمیان نەکوشتبوو.

– ئەی؟!.

– باوك و برای خەڵکی تریان کوشتبوو. رێگری و جەردەیی و دزییان کردبوو. تالانکاری و مالات فڕاندن و ڕاووڕووت و تۆقاندنی ژن و منداڵ و .. دەتەوێ بدەم بەدەمییەوە و هەرچی پیاوخراپییەکیان لەو سالانی پێشووەدا کردووە، بۆ باس بکەم کە لە باسکردن نایەت؟!.

– نەء .. بۆمی باس مەکە. لە تۆ باشتری دەزانم. بەلام با من لە تۆ بپرسم: بۆچی وایان لێ هات؟!.

– چونکە پیاو خراپ بوون.

– پیاو خراپ؟! .. ئاگەداریت خولە پیزە خۆی، لە سەرەتادا چۆن ئەو رێگەیەی گرتە بەر؟.

– ئاگەدارم .. چی تێدایە .. با بچووایە وەك ئەو هەموو خەڵکە، سەربازییەکەی خۆی بکردایە. ئینجا بگەڕایەتەوە ماڵە کاولبووەکەی خۆی و پاڵی لێ بدایەوە. سەربازی چییە! .. خۆ پێی نەدەمرد!.

– ئەی نەدەبوو جەنابی بارچاوەشەکە، ئەوەی نەکردایە کە بە بەرچاوییەوە بەرامبەر پیزەی دایکی کردی، بەتایبەتی کە قورئانی بۆ بەدەستەوە گرتبێ و بەپیرییەوە بردبێ.

– نەدەبوو .. کابرا پۆلیسێك بوو ئەرکی سەر شانی خۆی بەجێ دەهێنا.

– یانی بەلای تۆوە، پۆلیس و جاسووس دەبێ ویژدانیان نەبێ؟! .. دەبێ مانای بەزەیی نەزانن چییە؟ .. دەبێ تەنانەت ڕێز لە قورئانی پیرۆزیش نەنێن؟!.

وەستا تایەر لەلای خۆیەوە، هەر لە سەرەتاوە لێیان گوێ قۆڵاغ بووبوو. هەر لە سەرەتاشەوە، دڵی گوشرا و تەنگەتاو بوو. تا کاتێ هەستی کرد خەریکن پەت دەپچڕێنن، بەتایبەتی کە سەرنجی دا، خولە بەو دوا قسەیەی ئەوڕەحمان تێکچووە و لێو دەکرۆژێ. بەپەلە خۆی گەیاندە ئاستیان و وتی:

– ئەرێ ئێوە باس لە چی دەکەن! .. تکایە بیبڕنەوە .. تەواو .. حیکایەتەکە کۆتایی هات. خولە پیزە و تاقمە جەردەکەی، ناویان چوو بەکۆڵەکەی ئاشدا و بڕایەوە. قسە لە شتێکی تر بکەن.

زۆراب زوو تێ گەیشت. کشایەوە و چوو بەلای وەجاخەکەیەوە. خولەش، ئەگەرچی لە ناخدا هێشتا هەر دەکوڵا و وشەی (جاسووس)ەکە جگەری ئاگر دەدا، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت. تەنیا خێسەیەکی ژەهراویی بە ڕووی ئەوڕەحماندا دا و بەخێرایی، ناو چاخانەکەی جێ هێشت.

دوای ئەوە مشتومڕێکی تر دەستی پێ کرد. وەستا تایەر پاش ئەوەی ڕوانییە ئەملا و ئەولای خۆی و دڵنیابوو قسەیان نابیسترێ، دەستی لە ئەوڕەحمان نایە کەمەر و بەدەنگێکی کەمێ نزم وتی:

– ئەرێ بەڕاست، تۆ نانی شوانت خواردووە؟!.

ئەو زەردەخەنەیەك گرتی، وتی:

– من؟ .. بۆ؟.

– بۆ؟! .. تۆ مەبەستت لەو قسەیەت چی بوو؟!.

– کام؟.

– یانی نازانیت کام؟!.

– ها! .. بابا .. مەبەستم ئەوە بوو بڵێم: تۆ جاسووسیت.

– جا وایە؟.

– بێگومان.

– چووزانیت؟.

– ئیتر .. دەزانم.

وەستا لێی ڕاما. دەستێکی بەدەم و سمێڵی خۆیدا هێنا. لچێکی هەڵقورچاند و لەبەر خۆیەوە (ئم)ێکی سەرسامیی لە دەم دەرچوو. ئینجا زۆر لەسەرخۆ و بەزمانێکی شیرین وتی:

– ئێ دە کوڕی باوکم .. تکایە گوێ لە برای خۆت بگرە. تۆ بەتەنگ کاولکردنی ماڵی خۆتەوە نیت، مەبە. بەڵام هەقی کاولکردنی ماڵی منت نییە. من بابایەکم، دەستم بەکڵاوی خۆمەوە گرتووە با نەیبا و وازم لێ بێنە.

– یانی چۆن؟ .. مەبەستت چییە؟!.

– مەبەستم ئەوەیە کە ئەوێکی ئاگر و تۆیەکی بەنزین، پێکەوە لەم چاخانەی منەدا جێگەتان نابێتەوە.

– هێشتا ماومە چاك تێ بگەم.

– باشە .. با چاك تێت بگەیەنم .. کوڕی باوکم .. من حەز ناکەم، تۆ ئیتر هاتوچۆی چاخانەکەم بکەیت.

– جا بۆچی من؟ .. بۆ ئەو نەبێ؟!.

– ئەو؟! .. تۆ قسەی سەیر دەکەیت! .. نەموت ئەو ئاگری سوورە؟!.

– با .. بەڵام خۆ وتت: منیش بەنزینم.

– ئا وایە .. وتم و وا ئێستا ئەوەش دەڵێم کە بۆ من وا لەبارترە، بەنزینەکە لە ئاگرەکە دوور بخەمەوە.

ئەورەحمان ئەو کاتە، رووی لەوە کردبوو کە شێوەی گفتوگۆکە، بەلای گاڵتەوگەپدا بشکێنێتەوە. ئەو دەیزانی، وەستا تایەر چ پیاوێکی نیازچاك و دڵ و دەروون پاك و بێ وەیە.

دەیزانی لە کوێوە قسە دەکا و ئەم لە دڵدا، هەقی خۆی دابوویە. بەڵام حەزی گاڵتەوگەپەکە لەگەڵیدا، وای لێ کرد لە وەرامیدا بڵێ:

– ئێ ئاخر ئاگرە سوورەکە، هەمووی مانگێکە هاتوچۆی قەلەندەرخانەکەت دەکا. لە کاتێکدا بەنزینەکە، ئەوە پێنج ساڵی رەبەقە، هاوەڵ و هاودەنگ و هاوخەمتە. یا باشە بۆچی من لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، برا و برادەرت بووم و کەچی وا ئەمڕۆ بووم بە بەنزین؟!. عەیب نییە تۆ ئاوا، لە ترسی جاسووسێکی خوێڕی دەرم دەکەیت؟!.

ئەم قسەکانی بۆ گاڵتەوگەپ کرد، کەچی ئەو، وەك لێی بووبنە رم و شیر و تیر و بچەقنە جەرگ و دڵی، دوای کەمێ رامان و حەپەسان، لە ناکاوێکدا لەپی دەستی بەتوندی کێشا بەناوچەوانی خۆیدا و بەدەمییەوە، کەوتە کرۆشتنی لێوی خۆی!. بەدوایدا ئیتر بەخەفەتبارییەوە، چووەوە شوێنەکەی خۆی و کڕوکاس دانیشت. ئەم کە بەهیچ کلۆجێ بیری بۆ ئەم ئەنجامە نەچووبوو، لە ئاستیدا تاسێك بردییەوە و چاوی بەسەر دیمەنەکەیدا روا. بەڵام هەر زوو وریا بووەوە و بە قەڵەمبازدێك خۆی گەیاندە لای. بەدەنگێکی تێکەڵ لە پەشیمانی و رێزلێنانەوە وتی:

– وەستا گیان .. تکات لێدەکەم .. بم بەخشە. من گاڵتەم لە گەڵدا کردیت. خۆ ئەمە یەکەم جارمان نییە!. تۆ چەند خۆش بڕوایت!. گوێ بگرە .. تۆ ڕاست دەکەیت. بۆ منیش و بۆ تۆش، چاکترە وا بکەم کە وتت. من ئیتر نایەم. ئا .. بۆ هەردوولامان وا چاکترە.

وەستا هێشتا وڕ بوو. لە قسەکانی تێ گەیشت و نەیزانی چ وەرامێکی بداتەوە.

ئەورەحمانیش لەوە زیاتر رانەوەستا. خواحافیزییەکی بەپەلەی لێ کرد و لە چاخانەکە چووە دەرەوە.

***

## ٢

ئەورەحمان لە یەکەم رۆژی ناسیاوی پەیداکردنییەوە لەگەڵ خورشیددا، لە خۆی دڵنیا بوو کە قوتابییەکی نموونەیی بەنەسیب بووە و ئەمیش دەبێ، خەباتگێڕێکی نموونەیی لێ دروست بکا و بیخاتە کۆڕی تێکۆشانەوە.

ساڵ و نیوێك لەمەوبەر بوو کە بەیانییەکیان، لە مەیدانی ڕاوەستانی کرێکارانی قوڕدا، بۆ یەکەم جار ئەو ناسیاوییەی لەگەڵدا پەیدا کرد. ئەم هەر هێندەی بەدیی کرد، ئان و سات هەستی کرد کە زەحمەتکێشێکی ترە و دێتە ریزی فرۆشیارانی هێزی بازووەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «تۆ بڕوانە .. بەئاشکرا پێوەی دیارە .. ساج و باڵێنەکەی نەفت و نوێن. جلوبەرگی گەردیان پێوە نییە. سەر و سیمای نەژاکاوە. چاویشی خەواڵووە. هێشتا ڕانەهاتووە وا زوو لە خەو هەڵسێ. یا سەیری جۆری ڕاوەستان و هەڵڕوانینەکەی بکە! .. نازانێ چی بکا و چۆن هەڵبسووڕێ!».

کە بەرەو ڕووی هەنگاوی نا، باشتر لێی ورد بووەوە: «گەنم ڕەنگێکی چاو و برۆ و قژ ڕەش. سمێڵی تازە بۆر کردووە. ڕوویێکی گەشی پاك و تەمیزی کەمێ درێژکۆڵەیە. باڵا مامناوەندی و لەش پتەو و بەخۆوە. تەمەن .. ئا تەمەن .. دەبێ چەند بێ؟!. شازدە یا حەڤدە .. زیاتر نییە».

گەیشتە لای. بەرامبەری ڕاوەستا. بە ڕوویەکی گەشەوە، مەرحەبای لێ کرد و وتی:

– لەوە دەچێ یەکەم رۆژت بێ. لەمەوبەر نەمدیویت.

ئەو سڵەمییەوە. دەمودەست ئامۆژگارییەکەی باوکی، لە گوێیدا زرنگایەوە کە پێی وت:

– ئاگەداری خۆت بە و وریابە وەستاکان نەتخەڵەتێنن، یا کرێکارەکان تەشقەڵەت پێ نەکەن.

تیایاندا هەیە قوماربازن و لە خوایان دەوێ، یەکێکی تازەکوورەی وەکو تۆیان بۆ بڕەخسێ و پێی ڕابوێرن!.

بۆیە دوای کەمێ ڕامان، بە ڕوویەکی نیمچە گرژەوە، لە وەرامیدا وتی:

– نەخێر وانییە .. من دەمێکە کرێکاری دەکەم.

بەڵام ئەوڕەحمانی خاوەن تاقیکردنەوەیەکی زۆر لەم بواری بەپیرەوەچوونەدا، لە ڕووی وەرامەکەیدا هیچ خۆی تێك نەدا، بگرە هەر بەسەروزمانە شیرینەکەیەوە وتی:

– کاکی برا .. من ئەوە پێنج ساڵە، ئەم کارەم دەست داوەتێ. ئەو وەختە تەمەنم، لە ئێستای تۆ کەمتریش بوو. هیچ گومانێکم لێ مەکە. من پڕ بەدڵ حەز دەکەم، وەك برایەکی خۆم، دەستت بگرم و هێندەی پێم بکرێ، یارمەتیت بدەم. دەتەوێ یارمەتیت بدەم؟.

ئەو هێشتا هەر بەگومان بوو. بەرپەرچی دایەوە و وتی:

– بۆچی حەز دەکەیت یارمەتیم بدەیت؟ .. نە دەتناسم و نە دەمناسیت!.

ئەم لێی پەست نەبوو. بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی:

– وانییە .. تۆ من ناناسیت، بەڵام من تۆ دەناسم.

– دەمناسیت؟! .. چۆن؟! .. پێم بڵێ بزانم.

– بە هەڵە مەچۆ .. بەو بارەدا نا کە ناوت چییە و کوڕی کێیت و خەڵکی چ گەڕەك و کۆڵانێکیت .. نەء.

– ئەی چۆن؟ .. مەبەستت چییە؟!.

– ئا .. گوێ بگرە پێت بڵێم: تۆ نەهاتوویت ببیتە کرێکاری قوڕ؟.

– با ..

– نابینیت منیش کرێکارێکی قوڕم وەکو تۆ؟.

– با ..

– کەوابوو ...

ئەم بەدەم قسەکەی بۆ تەواو نەکرد، بگرە بەدوایدا، بە ڕوویێکی ڕوون و زەردەخەنەیەکی گەشەوە، قۆڵی بەقۆڵیدا و لە تەنیشتییەوە راوەستا. ئەو لە سەرەتادا، دوودڵ بوو. ئینجا وردە وردە، گەشەیەك کەوتە سەر ڕووی و بەدەمییەوە، بزەیەك گرتی: ئیتر کە ئەمیش لێی دڵنیا بوو، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی برایانەوە وتی:

– تەواو؟ .. بووینە برادەر؟.

– تەواو .. سوپاسیشت دەکەم.

– دە ئێستا گوێ بگرە تێت بگەیەنم .. دەبینیت چ ڕاکەڕاکە و فەرتەنەیەکە؟!.. دەزانێت بۆچی وەهایە؟

– نەء .. بۆچی؟.

– ئاسانە .. کرێکار زۆرە و ئیش کەم. واتە دەبێ ڕەنجی فەرهاد بدەین و خۆمان دابمەزرێنین. ئەم باسە قووڵ و دوور و درێژە و لق و پۆپی زۆر لێ دەبێتەوە. ئێستا جارێ گرینگ ئەوەیە، تۆ ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار ساج و باڵینەکەت قوڕاوی ببن و چەند قرۆشەکە ببەیتەوە بۆ دایك و باوکت، تا بەر چەمۆڵە و تف و جنێویان نەکەویت.

خورشید لەم قسەیەی پەست بوو. لێی ڕاچەنی و وتی:

– ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟! .. دایك و باوکم و چەمۆڵە و تف و جنێو؟!.

ئەمیش یەکەمجار لەو پەستبوونەی سەرسام بوو. بەڵام کە هەر زوو لێی تێ گەیشت، لە دڵدا پێخۆشحاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– بۆ گوایە لەو بابەتە نین؟!.

– بێگومان نەء .. من تا ئێستا لێم نەبیستوون، هیچ قسەیەکی ناشیرینیان پێ وتبم. بۆچی دایك و باوکی وەها هەن؟!.

– ئا برام .. ئا هەن .. ئەی ئەرێ بەڕاست، خۆ ئێمە هێشتا ناوی یەکترمان نەزانیوە!.

– من ناوم خورشیدە .. خورشیدی وەستا حەمەعەلیی کۆپانردوو.

– یانی باوکت ئێستاش هەر ئەو ئیشە دەکا؟.

– ئا بەڵێ.

– منیش ناوم ئەوڕەحمانە .. ئەوڕەحمانی حەمەی حەمامچی.

– باوکت حەمامی هەیە؟.

ئەم پێ کەنی، وتی:

– ئەگەر حەمامی هەبووایە، ئێستا من دەبوو لە کوێ بم؟.

وەڵا خۆ ڕاست دەکەیت. چیت دەکرد لێرە!. باشە ئەی چییە؟.

– ناتر بوو.

– بوو؟!.

– ئا بوو .. بەمردنی ئەو، ئیتر من ناچار بووم دەست بدەمە کرێکاری.

– بمبەخشە .. تۆ .. تۆ ..

– من چی؟ .. بیڵێ ..

– تۆ .. نازانم چۆن قسە دەکەیت؟! .. تۆ دەمخەیتە داوەوە!.

– بەهەڵە مەچۆ .. وەك برادەرێك و لە دێرزەمانەوە یەکتری بناسین، قسەت لەگەڵدا دەکەم. تکایە بیرت بۆ هیچ شتێکی تر نەچێ.

ئەو تۆزێ خامۆش بوو. ئەم بەپێویستی زانی ڕوونی بکاتەوە، وتی:

– ئێمە بەختەوەرین کە دایك و باوکمان لەو بابەتە نین. دیارە لەو بابەتە دایك و باوکە هەن، با زۆریش نەبن. ئەم باسەش لق و پۆپی هەر زۆر لێ دەبێتەوە و با جارێ ئەمیش واز لێ بێنین. بەڵام منیش باوکێکم هەبوو کە بەلایەوە ئاسایی بوو، گیانی خۆیم بۆ بخاتە سەر بەری دەستی. دایکیشم هەروەکو ئەوە. کە باوکم مرد، من هەر دوای مانگێك بڕیارم دا واز لە خوێندن بێنم و جێگەی باوکم بۆ خێزانەکە بگرمەوە. دایکم ڕازی نەدەبوو. دەیوت: «تۆ نابی واز لە خوێندن بێنیت. من دەتانژیەنم .. من دەچم نانەوایی، جلشۆری، خزمەتکاریی ماڵان دەکەم و گوزەرانتان مەیسەر دەکەم». من پێم لێ کردە کەوش، وتم: «منێکی چوارپەل ئەستووری مل وڕت هەبم و بیەڵم بچیت خزمەتکاریی ماڵان بکەیت، ئەمە گوایە خوێندن تەواو دەکەم؟! .. قەت نابێ».

– چاکت کرد .. منیش بوومایە ..

– ڕاوەستە .. جارێ با قسە و باسمان لەولا بوەستێ ..

لەو ساتەدا، ئەوڕەحمان وەستاکەی خۆی بەدی کرد کە بەرەو ڕوویان دەهات. ئەم چوو بەپیرییەوە. هەر هێندەی ئەو وتی:

– خۆت و هاوەڵەکانت ئامادە بن.

ئەم خێرا بەدەنگێکی پڕ لە تکاوە وتی:

– وەستا گیان .. هاوەڵێکی تازەشم هەیە. زۆر حەز دەکەم ئەویشمان لەگەڵدابێ.



ئەوڕەحمان

– لێی دڵنیایت کە ئیشکەر و گورجوگۆڵە؟.

– بەڵێ.

– کامەیە؟.

کە بردییە بەر دەمی، وەستا بزەیەك گرتی و وتی:

– یانی تازە دێتە ریز؟!.

– بەڵێ وەستا.

– با خاتری تۆ بێ .. بیهێنە.

***

لەوە بەدوا، وردە وردە بوونە برادەری گیانی بەگیانی، لە کرێکارییەکەدا، بەدەگمەن نەبێ، دەنا قەت لە یەکتری دانەدەبڕان. بووبوایە پێکەوە دەچوون بۆ ئیش و نەشبووایە، پێکەوە کاتیان لە چاخانەکەی وەستا تایەر، بەئەزنیف و دۆمینەکردنەوە بەسەر دەبرد. تەنانەت زۆرابیش، هەر لە ڕێگەی برادەرێتییەکەی ئەمانەوە، لەلای وەستا تایەر دامەزرا. ئەو وەختە مانگێك دەبوو بێ ئیش بوو. چاخانە نەما لەناو شاردا ڕووی تێ نەکا و بێ سوود بوو. تا ڕۆژێکیان ئەوڕەحمان و خورشید، بەسەر بۆڵە و خوتەی وەستادا خۆیان کرد بەچاخانەکەدا. سەیریان کرد عەبە ڕەشی خەلفەی دیار نییە و خۆی لە جێی ئەو، ئیشەکە دەکا!. پێش ئەوەی ئەمان بپرسن، ئەو هات بەلایانەوە و وتی:

– چاوتان لێیە عەبە چ ناپیاوییەکی لەگەڵدا کردووم؟!. خۆ خۆتان دەزانن من چۆن بووم بۆی؟ .. خۆ دەزانن؟.

وەستا بەدڵێکی پڕ لە کەسەرەوە قسەی دەکرد و دەتوت، لە دەمێکەوە چاوەڕوانی یەکێکی وەك ئەمان بووە کە داخ و خەفەتەکەی خۆی، لە بەردەمیاندا هەڵبڕێژێ. ئەوڕەحمان بەپەرۆشەوە وتی:

– چی بووە وەستا؟ .. چی قەوماندووە؟!.

– وەڵا بڵێم چی! .. دوای ئەوەی کردم بەپیاو، سووك و ئاسان جێی هێشتم و ڕۆیشت!.

– بۆ کوێ؟!.

– بۆ ئەزمڕ.

– ئەزمڕ؟! .. چی دەکا لەسەر ئەو شاخە؟!.

– کوڕە ئەو ئەزمڕ ناڵێم نا .. ئەزمڕی ناو شارم مەبەستە.

ئەوڕەحمان سەیرێکی خورشیدی کرد. ئەویش سەری سوڕمابوو. شانێکی هەڵتەکاند و وتی:

– منیش تێ ناگەم!.

ئینجا کە ئەوڕەحمان وتی:

– وەستا تێ ناگەین مەبەستی تەواوت چییە!.

ئەوسا ئاشکرای کرد و وتی:

– کوڕی باوکم .. جەنابی عەبە ڕەش، چووە چاخانەیەکی بۆ خۆی کردووەتەوە و ناویشی ناوە، گازینۆی ئەزمڕ. ئێستا تێگەیشتن؟.

ئەمان سەیرێکی یەکتریان کردەوە و زەردەخەنەیەك گرتنی. ئەوڕەحمان وتی:

– ئێ بەڵام وەستا گیان خۆ ئەو ..

وەستا قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– دەزانم .. مەیڵێ .. گوایە تۆ من ناناسیت و نازانیت چۆنم؟!.

– ئاخر ئەو ...

– تۆ جارێ پێم بڵێ .. نامناسیت؟.

– با بێگومان.

– دە گوێ بگرە .. دەزانیت من گلەییەکەم لە چییە؟.

– لە چی؟.

– ئەو کەی بەمنی وتبێ باشە کە دەڕوا؟.

– کەی؟.

– دوێنێ ئێوارە و وەختی چاخانە هەڵگرتن!. ئەمە ویژدانە؟!. نەدەبوو بەلایەنی کەمەوە، پێش دوو هەفتە .. دە ڕۆژ .. کوڕە هەفتەیەك ئاگەداری بکردمایە؟. نەدەبوو وابێ؟.

– ئۆباڵ بەگەردنم وایە.



خورشید

– خـۆ مـن پـڕ بـەدڵ، پـێخـۆشحـاڵـم کـە بووەتە خـاوەنـی چـاخـانـەی خـۆی. بـەڵام بەویژدانتان، ئەوەی کردی ناپیاوی نییە؟.

– . . . .

– دەفەرموو من ئێستا چی بکەم؟ .. خەلفە لە کوێ پەیدا بکەم؟.

خورشید بەبیستنی قسەکە، وەك لە ناکاو لە شتێك بەئاگا بێتەوە کە دەبوو زووتر بیری بۆی بچێ، ڕاپەڕییە سەرپێ و ڕوانییە ئەوڕەحمان. وەستاکە لەلای خۆیەوە، ئەو ڕاپەڕینە سەرپێیەی خورشیدی ئاسایی وەرگرتبوو، لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و وتی:

– بەمەرجێکیش وەکو عەبە خۆی بێ. وەك ئەو، ئیشکەر و دڵسۆز و مەردانە بێ و بەڵام، ئەو ناپیاوییەی ئەوم لەگەڵدا نەکا.

ئەو وەختە ئەوڕەحمانیش ڕاپەڕیبووە سەرپێ. گورج وتی:

– هەیە .. وەستا هەیە.

خورشید خۆی پێ ڕانەگیرا. وتی:

– ئا وەستا گیان هەیە .. تۆ بڵێ کوا و ئێمە بیهێنینە بەردەستت.

ئەوڕەحمان بە پەرۆشترەوە وتی:

– کتومت لەو بابەتەشە کە خۆت دەتەوێ. ئیشکەرە .. دڵسۆزە .. مەردە .. پیاوە.

– کێیە؟.

– زۆرابی برای خورشید. ماوەیەکە بێ ئیشە.

– بۆچی؟ .. ئەی لای وەستا سەعی نەبوو؟.

– با .. بەڵام .. بۆچی نەتزانیوە کە چاخانەکەی کردووە بە نانەواخانە؟!.

– نەوەڵا .. ئێستا لە ئێوەی دەبیسم.

ئەوڕەحمان و خورشید، بۆ چاوەڕوانی وەرام بێدەنگ بوون. تا وەستا، وەك لە پڕێکدا بیری بکەوێتەوە، وتی:

– بەخوا چاك بوو. وەڵاهی لە بەیانییەوە، سەری دنیام لێ هاتبووەوە یەك. با بێت کاکە .. با بێت و من مەمنوون.

ئیتر لە ڕۆژی دواییەوە، زۆراب بۆ وەستا و بۆ چاخانەکەش بووە کۆڵەکەیەکی پتەو.

***

## ٣

چاخانەکە، دەکەوتە سەر مەیانی ماستفرۆشەکان. دوو دووکـــان بـــوون و لەیەك درابوون. بۆ دانیشتن، جێگەی دوو قەنەفە و سێ مێزی، بۆ دۆمینە و تاوڵەکردن تێدا بووبووەوە کە ئەمانیش، یەکی چوار کورسیی تاکیان بەدەوردا بوو. بەڵام فرۆختی زۆری، پتر لەلایەن دووکاندارە مامیلەکانەوە بوو، نەك لەوانەی دەهاتن دادەنیشتن. ئەگەرچی هەر لە دەوروبەری مەیانەکە دوو چاخانەی تریش هەبوون، کەچی دووکاندارەکان زۆرتر روویان لەمیان دەکرد. ئەویش بەزۆری، بەهۆی گورجوگۆڵی و خزمەتگوزاریی زۆرابەوە بوو.

ئەم لەو کاتەوەی لەگەڵ تاریك و ڕووندا، دەرگەی دەکردەوە و پێی دەنایە ناو چاخانەکەوە، هەتا ئەو کاتەی سەرلەئێوارەیەکی درەنگ دایدەخستەوە، وەك فرفرۆکە بەناو چاخانەکە و بەسەر دووکانەکاندا دەخولایەوە. قەت داخوازیی داواکارانی دوا نەدەخست. لە دوورترین دووکانەوە، کە داوای چا یا ماستاوی لێ دەکرا، دەمودەست داواکەی جێبەجێ دەکرد. لەناو چاخانەکەشدا هەروەها و بگرە بەدەستوبردتریش بوو.

سا وەستـــا تایەریش، بەرامبەر بەو فیداکارییەی لە ئیشکردندا، پیاوانە ئەجری دەدایەوە. بەسەرێك لەو ماوە کورتەدا کە لە ساڵە وەختێك زیاتر نەبوو، سێ جار رۆژانەکەی بۆ زیاد کرد. یەکەم جار لە هەشت پەنجاییەوە بۆ نیو دینار. ئینجا بۆ دوازدە پەنجایی و دوایی بۆ سێ چارەکە دینار. بەسەرێکیش، گەلێکی خۆشدەویست و زۆری ڕێز لـێ دەنـا و بـــەردەوام، دەمـــی بە ستایشکردنییەوە بوو. تەنانەت خۆشەویستییەکەی بەرامبەری لەو رۆژانی دواییەدا، رووی لەوە کرد لە دڵی خۆیدا، بڕیاری سازدانی کارێکی خێریشی بۆ بدا. ئەو ئەگەرچی ماوەیەك لە مێشکی خۆیدا گیریدا و هەر دەیهێنا و دەیبرد، بەڵام هەموو جار دەیوت: «کوڕە وەڵاهی کەسمان لەو پیاوتر و نەجیبتر، بەنەسیب نابێ». ئیتر کە بڕیاری دا، یەکەم کەس خازەی ژنی بوو نیازی دڵی خۆی لەلا ئاشکرا کرد و شەوێکیان پێی وت:

– خازە .. شتێکم لە دڵدایە و دەمەوێ بۆتی باس بکەم، بزانم تۆ چی دەڵێیت؟.

خازە وتی:

– یاخوا خێربێ .. بڵێ بزانم!.

– وا تێ دەگەم تۆ تا ئێستا، تەنیا سێ چوار جار زۆرابت دیوە. ئەوەش لەو جارانەدا بووە، کە بۆ نانخواردن داوەتمان کردووە .. وانا؟.

– با .. ئیی! ..

– بەڵام من، وا ساڵێکە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە، لەگەڵیدام و چاك چوومەتە بنج و بناوانی، هەم خۆی و هەم کەسوکارییەوە. خۆی گەنجێکی کەموێنەیە. تا بڵێی رەوشت بەرز و بێ خەوش و داوێنپاکە. تا بڵێی گورجوگۆڵ و چابووك و چالاکە. کەسوکاریشی، خێزانێکی گەلێ بەحورمەتن ، گەردیان پێوە نییە.

خازە پێویستی بەوە نەبوو، وەستا لەسەری بڕوا. لە کورتی بڕییەوە و وتی:

– تێت گەیشتم .. نازە بۆ زۆراب .. وانا؟.

– دەم خۆش.

– دە گوێ بگرە با منیش قسەی خۆم بکەم. من بەو سێ چوار جارە، زۆر لەو ساڵە وەختەی تۆم باشتر ناسی. هەموو ئەو شتانەی تۆ لەبارەیەوە وتت، من لە یەکەم سەرنجدانییەوە هەستم پێکردن و هەر لەو وەختەشەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: «خۆزگە بە نەسیبی نازە دەبوو».

– ئاوەها هەی جانانە .. ئەی بۆ زوو قسەت نەکرد؟.

– چونکە دەمزانی تۆ دەیکەیت.

کەمێ بۆ یەکتری خنانەوە و ئینجا بێدەنگییەك دایگرتن. هەردووکیان بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆنی بسازێنن. تا وەستا کەوتەوە قسە و وتی:

– خازە گوێ بگرە .. دەزانیت چی دەکەین؟.

– چی؟.

– وا من و تۆ لەلای خۆمانەوە رێك کەوتین. بەڵام دەبێ نازەش ڕازی بێت و ئەمەیان دەکەوێتە ئەستۆی تۆ کە بیدوێنیت. ئینجا .. ئینجا منیش .. باشە خۆ نابێ من خۆم بچم، یەخەی بگرم و بڵێم: وەرە کچەکەم بخوازە! .. دەبێ؟!.

– دیاره نابێ .. ئەی چی دەکەیت؟.

– دەچم یەکێکی خۆمانەی لێ ڕادەسپێرم.

– کێ!؟

– وازی لێ بێنە بۆ من .. با بیرێکی لێ بکەمەوە.

وەستا پێشتر بیری لێ کردبووەوە و دەسنیشانی کردبوو. «کێ بێ لە ئەوڕەحمان پەسندتر بێ؟». بەڵام کوا ئەوڕەحمان؟!. بۆ ئەمیشیان، هەر ئەو شەوە بڕیاری خۆی دا و بۆ بەیانییەکەی، هەر گەیشتە چاخانەکە و زۆرابی بانگ کردە لای خۆیەوە. وتی:

– زۆراب .. ئەمشەو خەوم بەئەوڕەحمانەوە بینی .. خەوێکی ناخۆش. ئەو نەگریسە، مانگ و نیوێکی ڕەبەقە، سەری نەکردووە بەم چاخانەیەدا. خۆ کفرم نەکرد. قسەیەك بوو بەسەرمدا هات و لە دەمم دەرچوو. ئەگینا من بەقەد چاوی خۆمم خۆشدەوێ. خۆ ئێمە وامان نەوت!.

زۆراب گەلێکی پێ خۆش بوو. هەر خێرا چوو بەئەوڕەحمانی وت:

– وەستا بەپەرۆشەوە هەواڵت دەپرسێ. بەقسەکانیدا وا دیاربوو، کە پەشیمانە و حەز دەکا بێیتەوە.

– ئەی تۆ چیت وەرام دایەوە؟.

– من؟ .. وەڵا ڕاستوڕاست وتم: وەستا بێ قەزا بیت .. تۆ خۆت پێت نەوت: ئیتر مەیە؟. ئێ ئەوڕەحمانیش، لەبەرئەوەی خاتری تۆی دەوێ و حەز ناکا دڵت بشکێنێ، بەقسەی کردوویت و نایەت. کەچی وتی: ئێ باشە من، نامەقووڵییەك بوو کردم، ئەو بۆچی دەیکا بە ڕاست!.

– سیخوڕەکە هێشتا هەر دێت؟.

– نەء .. دوو هەفتە دەبێ دیار نییە.

ئەوڕەحمان کەمێ بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

– کاکە زۆراب .. وەستا تایەر پیاوێکی ئەوەند چاکە .. ئەوەندە دڵ و دەروون پاکە کە دەهێنێ پێڵاوی بخرێتە سەر سەر. بەڕاستی من هەرچەندە بەزۆری لەبەر دڵی ئەو نەدەهاتم، بەڵام پاراستنی خۆشمی تێدابوو. من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی، کە هاتنەکەی خولە بۆ منە. بۆیە بەپێویستم زانی، هەم دڵی وەستا ڕابگرم و هەم خۆشم،

لەو خوێڕییە بپارێزم.

زۆراب بەخۆشحاڵییەوە وتی:

– یانی مژدەی بدەمێ؟.

– ئا .. بێگومان.

بۆ ڕۆژی دوایی، هەر هێندەی پێی نایە ناو چاخانەکەوە، وەستا بۆی ڕاپەڕییە سەرپێ. بەسۆزی باوکێکەوە کە بەناهەق کوڕێکی خۆی تۆراندبێ و ئاشتی بکاتەوە، وتی:

– ئێ باشە جەناب .. وا من قسەیەك بوو کردم. تۆ بۆچی هێندە دڵت ناسك بوو ..

ها؟ .. تۆ بۆچی؟!.

ئەم بۆی پێ کەنی، وتی:

– وەستا گیان .. من قسەی تۆ لەلام فەرمانە. وتت: مەیە، نایەم. وتت: وەرە، دێم.

– زۆراب چیی وت؟.

– وتی: وەستا دەڵێ بێت و وا هاتووم.

– یانی ئەوەندە عال و سالیت؟!.

– بەڵێ.

وەستا لە دڵدا دەخنایەوە. بە خۆشنوودییەوە وتی:

– دەدانیشە مەلعوون .. دانیشە.

***

ئەوڕەحمان وەستای باش دەناسی. بەدەمی خۆی، سەجەرەی ژیانی بۆ گێڕابووەوە. ئێوارەیەکیان، دووقۆڵی لە چاخانەکەدا مابوونەوە. لەوەدابوون بڕۆن و قسەیان قسەی ڕاکێشا. وەستا وتی:

– باشە بەڕاست، ئێوە بەئەسڵ خەڵکی کوێن؟.

ئەم وتی:

– ئەسڵی نزیك یا دوور؟.

– با بڵێین هەردووکیان.

– بۆ نزیکەکە، هەر ئێرە .. ناو شار. باوکم و باپیرم هەر لەدایکبووی ئێرەن. بەڵام بۆ دوورەکە، ئەودیو.

– ئەودیو؟! .. یانی ...

بەسەرسامییەوە پرسیارەکەی کرد و بەدەمییەوە، دەستیشی بۆ لای رۆهەڵات درێژ کرد. ئەورەحمان دووپاتی کردەوە و وتی:

– ئا بەڵێ.

ئەو وتی:

– کوێ؟.

– بانە.

– ئاوەها! ... جا کێ دەڵێ ئێمە خزم نین؟!.

– خزم؟! .. چۆن؟.

– منیش بانەییم .. من نەك باو و باپیرم، بگرە خۆشم لەوێ لەدایك بووم.

– ئەی وەستا .. چۆنە پێت ناوترێ: تایەر بانەیی؟ خۆ من دوو پشتیشم هەر لێرە لەدایك بوون، کەچی هێشتا زۆرجار، بە ئەورەحمانی حەمە بانەیی ناو دەبرێم.

وەستا زەردەخەنەیەکی بەمەغزای کەوتە سەر لێو. دوای کەمێ رامان، وتی:

– خۆم هەر لە سەرەتاوە، نەمهێشت کەس پێ بزانێ. بگرە تا ئێستاش، هەر کەم کەس پێ دەزانن.


– بۆچی؟ .. پێم سەیرە!.

– پێت سەیر نەبێ. لە سەرەتادا، ئەو بارە ناهەموارەی تێی کەوتبووم، وەهای دەخواست. دەبوو کەس نەزانێ، چیم و کێم و کوێندەریم. دواییش کەساڵ هات و ساڵ تێ پەڕی و ژیانم رەوتی ئاسایی خۆی گرتە بەر، ئیتر کەس پێویستی بەزانینی نهێنییەکە نەمابوو.

– نهێنی؟! .. وەستا دەبێ چیت کردبێ؟!.

– خراپم تێ مەگە. پیاوم نەکوشتووە. لە پیاوکوژ دەچم؟!.

– دوور لە تۆ .. تۆ و پیاوکوشتن؟!. بەڵام دەبێ حیکایەتێکی بەسەیروسەمەرە بێ!.



وەستا تایەر

– ڕاستە .. حیکایەتێکە بۆ خۆی. حەز دەکەیت بۆتی بگێڕمەوە؟. تا ئێستا بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە. خۆ درەنگت نییە؟.

– هەرگیز نەء .. فەرموو .. دڵم لەلاتە.

وەستا دەتوت هێزێکی ئەفسانـاوی، بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکەی پاڵی پێوە دەنێ. بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. ڕوخساری وردە وردە، ڕووی لە داگیرسان دەکرد. بەبێ ئاگا، باری دانیشتنەکەی خۆی گۆڕی. لە جامخانەکەوە ڕووەو ڕۆهەڵات، چاوی بەئاسماندا ڕوا. بەدەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ، کەوتە گێڕانەوەی حیکایەتەکە و وتی:

– من ئەو وەختە، تەمەنم بیست و سێ ساڵ بوو. بەخۆهەڵکێشان نەبێ، لاوێکی گەلێ قۆز بووم. زۆر کچی جوان، بەئاواتەوە بوون و لە خوایان دەویست، بازی دڵم بەسەریانەوە بنیشێتەوە. تا لە ئەنجامدا، بەسەر خازەوە نیشتەوە کە باوکێکی زۆر قیرسچمەی هەبوو. ئەو وەختە باوکم، سێ ساڵ بوو فەرمایشتی خوای بەجێ هێنابوو. بۆیە خاڵم کرد بەگژیدا. خاڵ چەندە کردی و کۆشای، سوودی نەبوو. ئینجا چووم دەستی خزم و کەسوکاری خۆیم ماچ کرد و هەر نەهاتە ژێربار. دواجار پەنام بردە بەر، پیاوماقووڵ و ریشسپییان. کەچی هەر دادی نەدا و لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە!. ئیتر، هیچ ڕێگەیەك نەما هەڵگرتن نەبێ. ئەویش بەناچاری، دەبوو هەڵاتنی لەگەڵدا بێ بەخۆم و دایکم و برا بچووکمەوە.

شەوێکی زۆر تووش و سەختی زستان بوو. ئەژنۆیەك بەفر، لەسەر زەوی بوو. باوکم ماڵ و حاڵێکی مامناوەندیی بۆ بەجێ هیشتبووین. ئەوەی توانیم بەدزییەوە بیکەم بەپارە، کردم و هەرچیش مابووەوە، دەستم لێ شتن.

من و دایکم و زایەری برام، لە تەواوی سەعات دوازدەی شەودا، بەخۆمان و ئەو دوو هێستر و گوێدرێژەوەی هەمانبوون، بەبێ قرەوبرە لە ماڵ هاتینە دەر و کەوتینە ڕێ. خازەش دەبوو لە قەراغ شار چاوەڕوانمان بکا. من دڵم زۆر لە مەراقدا بوو. دەموت: ئەی ئەگەر نەهات؟!. خۆ ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە بەخوری!. من ئەمەشم لێك دابووەوە. دایکم و زایەرم ئاگەدار کردبوو کە ئەگەر نەشیەت، تازە ئێمە گەڕانەوەمان نابێ و هەر دەڕۆین.

دەمزانی ناتوانم لەو شارەدا بمێنم و ببینم، خازەکەم دەدرێ بەیەکێکی تر. کەچی کە ئێمە گەیشتینە شوێنەکە، سەیرمان کرد ئەو چاوەڕێی ئێمە دەکا.

چوار قۆڵی هەی پێمان لێ کرد و هاتین. زەحمەتییەکی زۆرمان چەشت. وەرە بەفر تا ئەژنۆ هەڵسابێ و شەوبێ و بەناو شاخ و داخدا، ڕێگە بگرە بەر .. دەبێ چەندە ستەم بێ؟!. بەڵام بەوەی باش بوو، کە ئاسمان سایەقەیەکی ساماڵ بوو. مانگ بەتەختی ئاسمانەوە، ڕووناکییەکی وەهای پێ دەداین، کە بەرپێی خۆمان ببینین. دوو هێستر و گوێ درێژەکەش، تەواو یەك چاویان کردبووینەوە. دایکم و خازەمان گەرم پێچابووەوە سپاردبوومانن بەسەر پشتی هەردوو هێستر. کەلوپەلی پێویستمان، لە گوێدرێژ بار کردبوو. من و زایەریش، دوو لاوی چابووك و چالاك بووین و ملمان پێوە دەنا.

وەستا کەمێ بێدەنگ بوو. ئینجا سەیرێکی ئەورەحمانی کرد و بە ڕوویەکی گەشەوە وتی:

– تۆ دەزانیت .. ئەگەرچی شەوێکی زۆر سەخت و ستەم بوو، کەچی هێندەش خۆش و شیرین بوو، کە هەتا ئێستاش تامەکەی لەژێر دانمدایە.

– هەقتە .. ئەی دوایی؟.

– دوایی .. ترسی گرتن و گێڕانەوەمان نەبێ بۆ ئەودیو، ئیتر دڵم غایلەی هیچی نەدەکرد.

هێندەمان پارە پێ بوو کە تا لە شوێنێك دەگیرسێینەوە، خەمم نەبێ. کچەیە و لای یەکەم مەلا کە تووشی هاتین، کردمە حەڵاڵی خۆم. دایکە و برایە و هیچ گلەیییەکیان لێم نییە. تەنیا ئەو ترسە .. ئەوە هەراسانی دەکردم!.

– ئەی ترسی باوك و کەسوکاری کچە؟.

– نەبابە .. هەڵم سەنگاندبوون بای چەندن.

– یانی هەر هیچیان نەکرد؟!.

– هەر هیچ .. بیستم ئامۆزایەکی، هەوڵێکی دابوو بەدواماندا بێت. بەڵام گەیشتبووە سەر سنوور و گەڕابووەوە.

– ئەی تۆ؟ .. تەقەلات نەدا دڵی باوکی ڕازی بکەیت و بەینتان خۆش ببێتەوە؟.

– با .. دوای چوار پێنج ساڵێك. بەتایبەتی کە خازە زۆری لێ کردم. کەچی وەرامی ئەو. تەنیا هێندە بوو کە وتبووی: پێی بڵێن، هەر کەسەمان بەڕێی خۆی.

***

دوای چەند ڕۆژێك، وەستا نیازەکەی دڵی خۆی لای ئەوڕەحمان درکاند. ئەو ساتە ناو چاخانەکە، تا ڕادەیەك چۆڵ بوو. کە ئەم چووە ژوورەوە، ئەو هەڵسا و بەرەو ڕووی هات. قۆڵی گرت و بردییە کەنارێکەوە. بەدەنگێکی نزم، وتی:

– هەندێ ئیشم پێت هەیە.

ئەوڕەحمان بۆ گاڵتەوگەپ وتی:

– هەمدیسان دەرکردن نەبێ؟!.

– نەء مەلعوون .. شتێکی ترە .. دانیشە.

کە دانیشتن، وتی:

– خۆت دەزانیت من چەندە تۆم خۆشدەوێ. ئاگەداریشیت چۆن هەردەم لە کاتی پێویستدا، ڕاوێژم پێ کردوویت .. وایە یان نا؟.

– وایە.

– ئینجا ئەمجارەش، دەمەوێ بۆ کارێك ڕاوێژت پێ بکەم، کە لە ئەنجامیدا یاریدەی برادەرێکی خۆشەویستی خۆشت دەدەیت.

– فەرموو وەستا گیان .. ئامادەم.

– ئەو کوڕە باشە دەبینیت؟.

ئەو بەدەم بزەیەکی بە مەغزاوە، بەچاو و برۆ ئیشارەتی بۆ زۆراب کرد. ئەم بەگومان بوو، وتی:

– زۆراب؟!.

– زۆراب.

– ئا .. چییەتی!؟

– با بۆت باس بکەم .. ئاخۆ من لەسەر هەق نابم، ئەگەر بەخیلی بەباوکی ببەم و بڵێم:

خۆزگە کوڕی من بووایە؟.

ئەم هێشتا هەر تێ نەدەگەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– با بەڵێ .. چیی تر؟.

– وا بەو بارەیاندا، کوڕی من نییە و هی باوکێتی. بەڵام خۆ بەبارێکی تردا، هەر دەتوانم بیکەم بەکوڕی خۆم؟.

ئەوڕەحمان لێرەدا، تێ گەیشت مەبەستی چییە و گەشکەیەك گرتی. بەبێ ئاگا ڕاپەڕییە سەرپێ و ئاوڕێکی بەلای زۆرابدا دایەوە. ئینجا ڕووی وەرگێڕایەوە و پەلاماری دەستی وەستای دا. بەڵام ئەو، بەدەم لێوگەستنێکەوە، داینیشاندەوە و وتی:

– ڕاوەستە .. تۆ چی دەکەیت؟! .. هێشتا لە کوێمانە؟!.

– فەرموو .. فەرموو وەستا .. بمبەخشە .. قسەکەتم هێندە پێ خۆش بوو، خۆم پێ ڕانەگیرا. دەی بزانم ئەرکی سەر شانی من چییە؟.

– ئا .. با پێت بڵێم .. خۆت دەزانیت جوان نییە من بچم یەخەی بگرم و بڵێم: وەرە کچەکەم بخوازە. بگرە جوان نییە، تەنانەت بشزانێ کە من تۆم ڕاسپاردووە. بۆیە داخوازیم ئەوەیە، تەنیا بیدەیت بەگوێیدا و بزانم چی دەڵێ.

– بەسەر ئەم چاوانە و ئەم سەرە. بەڵێن بێ چۆنت فەرموو وابکەم.

– با شتێکی تریشت پێ بڵێم.

– فەرموو.

– هەر هێندەی هەستت کرد دڵی پێوەی نییە، ئیتر زوو دەست لە یەخەی بەردە.

– دەم خۆش .. ئەم قسەیەشت لەسەر سەرم.

ئیتر کاتێ ئەوڕەحمان دەمودووی زۆرابی تاقی کردەوە، دەرکەوت کە نەك هەر ڕازییە، بگرە خەویشی پێوە دەبینی.

***

## ٤

دەرەوەی چاخانەکە سەرمایەکی ئەوتۆ بوو، تفت هەڵبدایە بەحەواوە دەیبەست. شەو و ڕۆژێك بوو بەبێ بوار، گا بە شەستە و گا بە نمە، ئاسمان بارانی دادەڕژاند. ئینجا بەدوایدا کردییە بەستەڵەکێکی وەها، کە تەنانەت شەختەی سەر زەوی و چلوورەی گویسوانەکان، مەگەر لە سێ چوار سەعاتێکی نێوان سەر چێشتەنگاو و نزیکی عەسردا، تۆزێ رویان لە توانەوە بکردایە. کەچی ناو چاخانەکە، بەهۆی زۆپا دارینە گەورەکەوە کە سوور بووبووەوە و نێڵەنێڵی پێ کەوتبوو، دەتوت حەمامە.

ئەوڕەحمان کە خۆی کرد بەژووردا، کەسیرە بووبوو. دەمی گۆی نەکرد بەباشی بە زمان سڵاو بکا. تەنیا بڵمەبڵمێکی لێوە هات و ئیتر بەدەست پارسەنگی دایەوە. وەختێکیش لە تەنیشت خورشیدەوە دانیشت و بەخێرهاتنی لێ کرا، هەر بەدەست وەرامی دایەوە.

زۆراب هەر خێرا، چایەکی لە بەردەمدا دانا و وتی:

– وەك ژیشکت لێ هاتووە!.

کە هاتە وەرام و وتی:

– سەرماکەی لەوەدا نییە!.

هێشتا دەم و لێوی، هەر نیوە ئیفلیج بوو. زۆراب بەگاڵتەوگەپەوە وتی:

– ئەشەدوبیللا .. دەم و لێو ئیفلیج دەکا.

خورشید هەڵیدایە و وتی:

– بەختەوەرە .. بەس نییە سەری کون نەکردووە!.

– وەکو کابرا ..

ئەوڕەحمان وتی:

– سەر کون کردن؟!.

کاتێ ئەوڕەحمان خۆی کرد بەچاخانەکەدا، خورشید زۆر نەبوو دەستی کردبوو، بەگێڕانەوەی حیکایەتی سەرما و سەر کونکردنەکە!. بۆیە وتی:

– با ئەمیش لە سەرەتاکەیەوە بیبیسێ .. کاك ئەوڕەحمان .. بەڕێوە بووم دەهاتم بۆ ئێرە و ڕێککەوتی شتێکی سەیرم کرد!. لە یەکێ لە کۆڵانەکانی گەڕەکی خۆماندا، هەر هێندەم نەزانی یەکێك لە پێشمەوە، هاواری لێ هەڵسا. کە چووم بەدەنگییەوە، سەرنجم دا خوێن لە تەوقی سەرییەوە فیچقە دەکا. بەخێرایی سەیرێکی ئەملا و ئەولام کرد، لە خۆم و خۆی بەولاوە کەسی ترم نەدی. من پێم سەیر بوو!. لێم پرسی: «کێ بوو؟!. کێ لێی دایت؟!».

قسەی خۆمان بێ، من لە دڵدا دەترسام بڵێ: تۆ!. کەچی ئەو پێ کەنی!. دانەوییەوە و چلوورەیەکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە، وتی: وەڵا برا ئەمە بوو! .. ئێستا چی پێ بڵێم و چی لەگەڵدا بکەم؟!. منیش باشم بۆ هات و ڕاست وتم: وەڵا کاکی خۆم .. هیچ سێ و دووی لێ مەکە. بیبە بیتوێنەوە و ئاوەکەی بخۆوە. بەڵام ئەو چی بڵێ باشە؟. وتی: نەخێر وا ناکەم .. سزایەکی کوتوپڕی دەدەم. ئیتر کەوتە کرماندنی و وتی: وا باشتر نییە؟. وتم: با و هەردووکمان دامانە قاقای پێکەنین.

ئەوڕەحمان دەم و پلی کرابووەوە. وتی:

– باشە چلوورەکە چەند دەبوو؟! .. دەبێ گەورە بووبێ؟!.

خورشید وتی:

– زۆر نا .. بەڵام گوێسوانەکە بەرز بوو. بۆ نەگبەتیی ئەو، باڵەخانە بوو.

– من ئەمە یەکەم جارە شتی وا دەبیسم!. ئێمەش دەبێ بۆ لەمەودوا، ئاگامان لە خۆمان بێ.


– یانی بەژێر گوێسوانەدا ڕەت نەبین؟!. ئێ کۆڵانەکانی شار هەموو بەگوێسوانەن.

– نەء .. کە ڕەت دەبین، سەیری ئاسمان دەکەین!.

– ئەی بەر پێمان؟!.

– بۆ بەرپێمان دەبین بە کوێر .. گۆچان بەدەستەوە دەگرین!.

ئەمان لەم قسە و باسانەدا بوون و حەمەشین خۆی کرد بەژووردا. ئەو بەپێچەوانەی هەمووخەڵکەکەوە، دەتووت لەگەڵ سەرما و بەستەڵەکەکەدا، پەیمانێکی



حەمە شین

تایبەتیی بەستووە!. نە ئەو لەم بەگلەیی بێ و نە ئەم توخنی ئەو بکەوێ!. چی لە بەردا بێ باشە؟!. شرواڵ و ستارخانییەکی یەخەکراوەی داچەقاو. لەژێر ستارخانییەکەوە، تە نیا کراس و بلووزێکی تەنك و ئیتر سەر و مل بەرەڵا. زۆرجاریان لێ پرسیبوو:

– ئێ کورە ئاخر تۆ چۆن ڕەق نابیتەوە؟!.

ئەویش زۆر جاری وتبوو:

– ئێ کوڕە ئاخر بەیەکتری ڕاهاتووین و سیوامان بۆتەوە و ئاە!.

حەمەشین نەك تەنیا لەگەڵ سەرما و گەرمای ئاسایی ژیان، بگرە لەگەڵ سەرجەم سەرما و گەرماکانیدا ڕاهاتبوو. چڵپاوی نەمابوو، بە پاشەڵیدا هەڵنەپژابێ. گێژاو و تەنکاوی لێ نەمابووەوە، خۆی لێ نەدابێ و لێیان نەپەڕیبێتەوە. کام کەلی سەختە و کام ڕێگەی تەختانییە، گرتبوونییە بەر. تەمەنی لەگەڵیدا بیست و شەش و تاقیکردنەوەی لە بۆتەیدا، بیست و شەش هەزار!. دەستی دابووە سەدویەك ئیش و لە یەك بەیەکیان، یا بێزار بووبوو یا دەرکرابوو. قەت ڕووی نەدەدا، ڕۆژانی مانگێك بەبێ نانەوەی گێچەڵێك ببات سەر. بۆیە بووبووشە، مامیلێکی هەمیشەییی گرتیگە، ئەگەرچی قەت ڕێککەوتی نەکردبوو زۆری تێدا بمێنێتەوە. ئەمەشی بەزۆری لەبەر ئەوە بوو، کە هەم دەستی زۆر خراپی نەدەوەشاند و هەم هێندە قسەخۆش و دڵ و دەروون پاك و بەئەمەك بوو، کە زۆرجاران خاوەن هەق لێی خۆش دەبوو، چ راستەوخۆ و چ بەشەفاعەت بۆکردن.

ئەو زۆربەی گێچەڵەکانی، لە وەختی سەرخۆشیدا کە لە عەسرەوە دەستی پێ دەکرد، لێی دەقەومان. ئەوەی نەیناسیایە دەیوت:

– باشە ئەم کابرایە کە ڕۆژێك ئیش دەکا و دە ڕۆژ بێ ئیشە، چۆن دەژێ و بە چی هەموو ڕۆژ دەخواتەوە؟!.

بەڵام ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، ئاگەدار بوون کە دایکە بێوەژنەکەی، ڕەنجی فەرهاد بۆ ئەم دەدا. ئەمیش لە عۆیەیدا، هێندەی خۆشدەویست کە تەنانەت لە کاتی سەرخۆشیشدا، لە بەردەمیدا دەبووە مەڕی پێغەمبەر.

حەمەشین سەرباری هەموو شتێك، ڕۆژنامەیەکی دەنگوباسی ناو شاریش بوو!.

هێندە دەگەڕا و سەری بەم کون و بەو کوندا دەکرد، هەواڵی ڕۆژانەی سەرزاری خەڵکەکە نەدەما پێ نەزانێ. جگە لەوەی کە لە گێڕانەوەشدا، تام و کامێکی تایبەتیی

خۆی پیێ دەدا و بەهاراتێکی وەهای پێوە دەکرد، کە گوێگری مەست و سەرسام دەکرد.

کە خۆی کرد بەژووردا، یەکەم کەس ئەورەحمان بەدیی کرد. یەکسەر بۆ هەڵبڕی و بانگی لێ کرد. ئەو خۆشی هەرچەند دەهاتە چاخانەکە، شوێنی پەسندی دانیشتن، یا لای وەستا تایەر بوو یا ئەورەحمان و خورشید. ئەگەرچی هەموو جارێکیش، هەر دەبوو ماوەیەك لای وەستا دابنیشێ، چونکە زۆر بەتەنگییەوە دەهات و گەلێ چاکەی لەگەڵدا کردبوو.

ئەورەحمان لە دەمێکەوە خستبوویە مێشکی خۆیەوە، کە ئەو حەمەشینە بەدمەستە بەرەڵا و بێ ئامانج و خواستە لە ژیاندا، بگاتە نەك تەنیا مرۆڤێکی ئاسایی، بگرە خاوەن ئامانجێکی باڵا و پیرۆز و خەباتیشی بۆ بکا. بۆ ئەم مەبەستەش، لەو وەختەی ناسیاویی لەگەڵدا پەیدا کرد، هەوڵی زۆر داوە و ئەنجام تا ئێستا تەنیا هێندە بووە، ببێتە برادەرێکی ئەوتۆێ کە جێگەی باوەڕ و متمانەی بێ.

هەر هێندەی دانیشت، خورشید کە زۆر حەزی لە قسەکانی بوو، وتی:

– کاکە حەمە .. تازەترین هەواڵی ئەمڕۆت چی پێیە؟.

– تازەترین هەواڵ؟ .. وا تێ دەگەم نەیڵێم باشترە!. حەز ناکەم لە منی ببیستن!.

– بەپێچەوانەوە .. هەرچییەکە با لە تۆی ببیستین.

– ئاخر سامناکە .. جەرگبڕە!.

– قەیناکا .. بیڵێ.

حەمەشین کەمێ لەسەری وەستا. دەتوت دڵی بەرایی نادا بیڵێ. تا لە ئەنجامدا وتی:

– ئێوە قەت بیستووتانە، ئاژەڵێك بەئاژەڵیی خۆیەوە، بەچکەکەی خۆی سەرببڕێ؟!.

– سەربڕین نەء .. بەڵام خواردن ئا.

– توخوا؟!! .. وەکو ؟!.

– پشیلە.

– دایکەکە بەچکەکەی خۆی دەخوا؟!.

– دایکەکە نا .. باوکە ..

– هەر قبووڵمە .. خۆ دایکەکە نایخوا؟.

– نەء.

– دە لای هەواڵەکەی من، دایکەکە خواردوویێتی .. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: دایکێك منداڵەکەی خۆی سەربڕیوە!.

– چی؟! .. دایك و منداڵی خۆی سەرببڕێ؟!.

– وادەڵێن.

– چۆن؟!.

– ئەم بەیانییە زوو، لە کۆڵانێکی گەڕەکی دەرگەزێندا، ڕێبوارێك لە پاڵ دیوارێکدا پریاسکەیەکی دیوە. کە کردوویێتییەوە، مەلۆتکەیەکی سەربڕاوی تێدا بووە.

مام ئەمین کە یەکێك بوو لە هاموشۆکەرانی چاخانەکە، لەولاوە هەڵیدایە و وتی:

– پەنا بەخوا .. ئاخر زەمانە!.

ئەوڕەحمان نەیهێشت زنجیرەی گفتوگۆکە بپچڕێ و وتی:

– باشە بەچیدا زانراوە کە دایکی سەری بڕیوە؟. بۆچی پیاوێکی دڕندە نەبێ؟. ستەمە دایك دەستی بچێتە جگەری خۆی، با بڵێین زۆڵیش بێ!.

حەمەشین وتی:

– ئەرێ خۆ ڕاست دەکەیت! .. بۆچی دایکی بێ؟!.

– هیچ بەڵگەیەك هەبووە؟.

– نەء .. خەڵکەکە هەر لە خۆیانەوە، دەڵێن زۆڵ بووە و خۆی لێ رزگار کردووە.

– جا بۆچی سەری دەبڕێ؟!. خۆ دەچوو لە بەردەرگەی مزگەوتێکدا دایدەنا.

خورشید وتی:

– من وای بۆ دەچم، کە باوکە کەتنکەرەکە، بەفێڵ منداڵەکەی لە چنگ دایکە دەرهێنابێ و بەو دەردەی بردبێ.

ئەوڕەحمان وتی:

– دەم خۆش .. دەشگونجێ بۆ خەڵەتاندنی دایکە وتبێتی: دەیبەم دەیدەم بەدایەنێك بەخێوی بکا.

– یا هەر فێڵێکی لەو بابەتە.

هەواڵەکە، هەست و نەستی دانیشتوانی چاخانەکەی وەها هەژاند، کە گەلێ قسەی تری لێ کرا و درێژەی کێشا. تا هەر خورشید کۆتاییی پێ هێنا و وتی:

– کاکە حەمە چیی ترت پێیە؟.

– هەر لەو بابەتە؟.

– نانا .. لە بەلەزەتەکان.

– نییە.

– هەر هیچ؟!.

– ها؟ .. با .. خۆم.

– ئێ دە لەوەم بۆ بڵێ .. خۆ گێچەڵ نییە؟.

– ها؟ .. وەڵا بڵێم چی .. با بڵێین تێکەڵە.

– دەی فەرموو.

– دوێنێ ئێوارە، بۆ ریش چووم و خەریك بوو سمێڵیشی بنێمە بان.

– تۆ؟!. چۆن؟.

– ئۆفیك .. وتم نیو: قاپ بەقەرز. وتی: نییە. من هەر وتم: هەبێ باشە و ئەو هەر وتی: نەبێ باشە. تا کار گەیشتە ئەوەی، خەریك بوو لەگەڵ ئەویشدا تێکی بدەم. بەڵام باش بوو لە دوا ساتدا، شەیتانم بەلەعنەت کرد و وازم هێنا. قسەی خۆشمان، هەڕەشەی لێ کردم کە شکاتم لێ دەکا. ئیتر ئەوە سڵی پێ کردمەوە و وتم: ئەم چلەی زستانە و حەپسخانەیان نەوتوە.

– چ عەجەب نەیدا؟!. خۆ تۆ قەت پارەی ئەوت نەخواردووە. خۆی نازانێ کە تۆ پارەی هەر کەس بخۆیت، هی ئەو ناخۆیت؟.

– با .. منیش بەلامەوە سەیر بوو!. بەڵام وابزانم خۆی لە شتێك پەست بووبوو. یا داخێکی لە دڵدا بوو بە منی ڕشت!.

– هەر ئەوەیە .. ئەی دوایی .. چۆن پەیدا کرا؟.

– دایکە رۆحەکە .. چووم خۆم لێ خستە قاڵبێکەوە، کە ها ئێستا ها ساتێکی تر، لە داخ و خەفەتدا شەق دەبەم و لێك دەبمەوە. ئیتر هەر خێرا، گرێی فەقیانەکەی کردەوە.

چارەکە دینارێکی دامێ و چووم عارەقەکەم پێ نۆش کرد.

مام ئەمین لەولاوە، لەبەر خۆیەوە و بەڵام کەمێ بەدەنگی بەرز وتی:

– بەزەقنەبووتت بێ.

حەمەشین زۆرجار لە گەڵیدا، دەیکردە بەزم و هەرا. ئەو لە دڵەوە و ئەم بۆ گاڵتەوگەپ. بۆیە دوای ئەوەی چاوێکی لە ئەورەحمان و خورشید داگرت، لای کردەوە بەلایدا و وتی:

– مام قەلەموون وتت چی؟.

مام ئەمین ڕقێکی ئەستووری سەیری، بەرامبەر مەیخۆران لە دڵدا بوو. بەدەستی بووایە سەری هەڵدەکەندن. هەر جارێك ئەو لە چاخانەکە بووایە و حەمە خۆی پێدا بکردایە، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– وا گووخۆرەوەکە هات.

ئەمیش هەردەم، گاڵەی بەو دەکرد و بەهۆی ڕەقەڵەیی و ملە باریك و قورتمە قۆقزەکەیەوە، بەمام قەلەموون ناوی دەبرد. مام ئەمین لە وەرامی پرسیارەکەیدا وتی:

– دەڵێم بە زەقنەبووت و زەهری ماریشت بێ.

– لەشت دەخورێ مام قەلەموون؟ .. هەستم بیرازێکت بکەم؟.

ئەم ئەگەرچی وەها وەرامی دایەوە، بەڵام قەت ڕووی نەدابوو، دەستی لێ بەرز کردبێتەوە و لە شەڕە قسەی تێ پەڕاندبێ، کە ئەمەشی هەر بۆ گاڵتەوگەپ لەگەڵدا دەکرد. ئەو وتی:

– ئائا .. گونم بیراز دەکەیت.

– بۆچی تۆ گونت هەیە؟.

– وسبە عارەقخۆری خوێڕیی پیس.

– خۆ گوێتان لێ بوو خەڵکینە .. بەشایەت بن .. بەرم دەن و مەمگرن، با بیکەم بە پارووویەك.

لەگەڵ قسەکەیدا، لێی ڕاپەڕی گوایە هەڵمەت بەرێ، بەڵام دەستوبرد خورشید پەلاماری دا و خۆی وەها نیشان دا، کە بەزەحمەت حەمەی بۆ دابین دەکرێ.

– بەرم دە .. تۆ بەرم دە قەیناکا نایکەم بەپاروو. لەبەر خاتری ئێوە، هەنجن

هەنجنی دەکەم و دەیدەم بەسەگ بیخوا.

مام ئەمین ئەو ساتە، بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی کەوتبووە سەرپێ. جەستە وشك و ڕەقەکەی لە حیرسا، لە یەك بینا دەلەرزی. قۆقزییەکەی قورتمی، وەك مەکۆی جۆلا دەهات و دەچوو. پەیتاپەیتاش دەیوت:

– ئابزانم دەمکەیت بە چی .. ها .. بە چی؟.

– دەتکەم بە ..

کەمێ خۆی شل کرد. لەسەرخۆ ڕووی پرسیاری کردە خورشید کە بەری لێ گرتبوو، وتی:

– تۆ پێم بڵێ .. بیکەم بە چی باشە؟.

– کاکە حەمە .. بیکە بەخاتری ئێمە .. بەهیچی مەکە و وازی لێ بێنە.

ئەو کەوتەوە خۆڕاپسکاندن و وتی:

نابێ.. قەت نابێ.. دەیکەم بە.. ئا بە دۆغرەمە بۆ مەزەی عارەقەکەی ئەمڕۆم.

ئەوڕەحمان هەڵیدایە و وتی:

– بەڵام کوا تۆ لەگەڵ عارەقدا مەزە دەخۆیت؟.

ئەو خۆی هێمن کردەوە. دوای ماوەیەك بێدەنگی، وەهای نیشان دا کە بیری لێ دەکاتەوە و وتی:

– خۆ ڕاست دەکەیت .. من دۆغرەمەم بۆ چییە؟!.

ئینجا ڕووی قسەی کردە مام ئەمین و لەسەرخۆ وتی:

– دانیشە مام قەلەموون دانیشە .. پێویستم پێت نییە. حەمد و سەنای خوا بکە کە مەزەخۆر نیم. دەنا ...

– دەنا چی؟ .. چیت لە دەست دەهات؟.

– لاحەولە وەلا .. خەڵکینە ...

ئیتر ئەوڕەحمان و خورشید، نەیانهێشت لەوە زیاتر لەسەری بڕوا و دایانمرکاندەوە. وەستا تایەریش لەلای خۆیەوە، مام ئەمینی بردە لای خۆی و هێمنی کردەوە.

***

## ٥

هـەر ئـەو ڕۆژە بـۆ ئـێوارەکـەی، لـە کـاتـێکدا کـە وەستـا و زۆراب لـەوەدابـوون وەجـاخ بکوژێننەوە و هەڵگرن، کابرایەك بەوەزعێکی ناهەمواری زۆر کەساسەوە خۆی کرد بەژووردا. سەرما وەها کەسیرەی کردبوو، کە بەزەحمەت خۆی بەپێوە بۆ ڕاگیر دەکرا. بەرگێکی شڕی چڵکن لەبەردا. کۆنە جامانەیەك بە لەچك لەسەر و ملیدا. جووتێ پێڵاوی دڕاو لە پێدا. بەکورتی سەراپای دیمەنی، وەك سواڵکەرێکی گەلێ کلۆڵ دەکەوتە پێش چاو.

ئەوان سەرەتا لێی بەئاگا نەهاتن و هەر بەکاروباری خۆیانەوە خەریك بوون. ئەمیش کە پێی نایە ژوورەوە، بۆ ماوەیەك ڕەق ڕاوەستا و تەنیا دوو چاوی گێژووێژی پڕ لە هەناسەساردیی، لە نێوان ئەوان و ناو چاخانەکەدا دەگێڕا. تا وەستا وەرچەرخا بڕوانێتە دەرەوە و بەدیی کرد. لە یەکەم سەرنجدا، بەسواڵکەرەکەی زانی و دەستی برد بۆ گیرفانی، خێرێکی پێ بکا. کەچی کە باشتر سەرنجی دایە، بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– سابیر! .. ئەوە تۆیت؟!.

ئـەم ئـەگـەرچـی لـە هـاموشۆکـەرانـی چـاخـانـەکـە نـەبـوو، بـەڵام لـەگـەڵ وەستـادا کـە دانـەوێڵەی بۆ ماڵەوە لە حاجی مەحمووی عەلاف دەکڕی، سووکە ناسیاوییەکیان هەبوو. زۆر جار ڕێك کەوتبوو، ئەم دانەوێڵەکەی بردبووەوە بۆ ماڵەوەیان. سابیر هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە. وەستا بەرەو ڕووی چوو، وتی:

– فەرموو .. فەرموو دانیشە.

کەچی لە بریی بزووتن و هەنگاونان، لە جێی خۆی دارِمایە سەر زەوی. وەستا کە دانەوییەوە بەسەریدا و لێی ورد بووەوە، وای کەوتە بەرچاو کە لە حەوت ساڵان ڕاست بووەتەوە!. بەوە پەشۆکا و بەدیارییەوە حەپەسا. تا دەنگی زۆراب وریای کردەوە کە وتی:

– ئەوە چی بوو وەستا؟! .. بۆ وای لێ هات؟!.

– نازانم! .. هەر لە خۆیەوە بەلادا هات و کەوت!.

– دەیناسیت؟.

– ئا.

– کێیە؟.

– سابیر .. سابیری حەماڵ.

– دەبێ مردبێ؟!.

وەستا بەدوای ئەم قسەیەدا، سەری شۆڕ کردەوە گوێ بنێ بەسەر دڵییەوە و جموجۆڵی تێدا پەیدا بووەوە. وەستا هێور بووەوە و لێی پرسی:

– چیتە سابیر؟! .. چیت بەسەر هاتووە؟!.

– سەرما .. سەرمامە .. مردم ...

وەستا خێرا بەزۆرابی وت:

– هەڵی گرە لەگەڵمدا، با بیخەینە سەر یەکێ لە قەنەفەکان.

ئینجا وتی:

– زۆپاکەی بۆ داگیرسێنەوە.

کە زۆپا کەوتەوە نێڵەنێڵ و ناو چاخانەکە بووەوە بە حەمام، سابیریش وردە وردە بووژایەوە و کەوتەوە سەرخۆی. زۆری پێ نەچوو راست بووەوە و دانیشت. وەستا لەلای خۆیەوە هەستی کرد، کە کەسیرەبوونەکەی جگە لە سەرما، برسێتیشی لە پاڵدایە. بۆیە بەزۆرابی وت:

– تۆ بچۆ هەر چۆنێك دەبێ، لەم نزیکانە هەندێ خواردنی بۆ پەیدا بکە. منیش چایەکە دەم دەکەمەوە.

زۆراب وتی:

– وەستا .. لەم نزیکانە هیچ دووکانێك نەماوە.

– دووکان؟ .. ئا ڕاستە .. باشە ماڵ .. ماڵە خزمێك یا ناسیاوێك .. نییە؟.

– با .. ماڵی قالەی پوورزام.

– دە خێراکە.

نیو سەعاتی پێ نەچوو، یەکێك لە مێزەکانی بە خواردن بۆ ڕازێنرایەوە. دوای تێرخواردن و سێ چای خەلیس بەسەریدا، وەستا چوو پاکەتێ جگەرەی (غازی) و شقارتەیەکی، لە چاوی مێزەکەی خۆی بۆ دەرهێنا. هەڵی پچڕی و لە بەردەمیدا داینا. ئینجا کە سەیری کرد وەزعی بۆ قسەکردن لەبارە، وتی:

– ئێ سابیر .. ئێستا قسە بکە .. چیت لێ قەوماوە؟.

ئەو جگەرەیەکی داگیرساند. سێ چوار مژی قووڵی یەك لەسەر یەکی لێ دا. ئەوسا بەدەنگێکی پڕ لە کەساسییەوە وتی:

– وەستا نازانم بڵێم چی! .. ئەوەی بەسەر من هاتووە، یاخوا بەسەر دوژمنیشت نەیەت!.

– ئادەی بیگێڕەوە بزانم.

– توخوا وەستا، یەکێك هەر تۆزێ ویژدانی هەبێ، لە ڕۆژێکی وەهادا، تەنانەت سەگ و پشیلەش لە ماڵی خۆی دەردەکا؟!.

– دەرکردن؟! .. کێ؟!.

– خاوەنی ئەو ماڵەی ژوورم لەلا بەکرێ گرتبوو.

– لەبەر چی؟!.

– گوایە سێ مانگە کرێم نەداوەتێ. ئێ ئاخر ئەوە ویژدانە؟. چەند لێیان پاڕامەوە، وتم: کوڕی باوکم .. گریمان کرێم نەداونەتێ و هەقتانە دەرم بکەن، بەڵام تۆزێ بەزەییتان لە دڵدا بێ. ڕۆژەکەی ڕۆژی ئەوە نییە. وتم: بەم زەمهەریرە من ئێستا ڕوو لە کوێ بکەم. ڕەق دەبمەوە .. دەمرم. سوودی نەبوو. وتیان: بەحەیای خۆتەوە و بەخۆشی بڕۆیت چاکترە، دەنا بەفڕێدان خۆت و کەلوپەلت، فڕێ دەدەینە دەرەوە.

وەستا دڵی گەلێ پێی سووتا. دەستبەجێ بڕیاری خۆی دا و لێی پرسی:

– کرێی ژوورەکەت چەندە؟.

– دینار و چارەکێك.

– یانی چوار دینار چارەکێك کەمیان قەرزاریت؟.

– بەڵێ.

وەستـا دەستـی بـە بـەربـاخـەڵدا  کـرد. پێنـج دینـارییـەکی دەرهێنـا. لـەسـەر پـاکـەتـە جگەرەکە بۆی دانا و وتی:

– ئـەوە پـێنـج دیـنـار .. ئـێستـا یـەکسەر بـچـۆ، کـرێی سێ مـانـگـەکـە و مـانـگـێکی داهـاتووشیان بدەرێ و بیخە چاڵی چاویانەوە. دیارە زۆر پارەپەرست و ناپیاون، دەنا خۆت واتەنی، لە ڕۆژێکی وا تووشدا، پیاوێکی بەسزمانی وەکو تۆ چۆن دەردەکرێ!.

ئەو کەمێ گیری خوارد و بیری کردەوە. جگەرەیەکی تری ئاگر دا و کەوتە مژلێدانی. ئینجا وتی:

– وەستا .. من هەتا مردن، ئەم مەردایەتییەتم لە بیر ناچێ و دەستم هەر بەدوعاوە دەبێ، کە خوا دەس بەباڵتەوە بگرێ و قەت شکستی نەهێنێت. بەڵام ئەوی راستی بێ، ئەوان تا سێ چوار مانگ لەمەوپێشیش، لەگەڵمدا وەها نەبوون. بگرە بەپێچەوانەوە، زۆر بۆم باش بوون و بگرە زۆر یاریدەشیان دەدام. خۆ ئەوان زۆرجار، کرێی دوو مانگ و سێ مانگیان، لەسەرم دەبووە قەرز و دەنگیان نەدەکرد.

وەستا سەری لەم قسانە سوڕما!. وتی:

– سەیرە! .. سابیر قسەی سەیرت لێ دەبیستم!. باشە لەسەر چی وا لێت هەڵگەڕانەوە و کار گەیشتە دەرکردنت؟.

زۆرابیش وتی:

– بەڕاستی سەیرە! .. چۆن شتی وا دەبێ؟!.

سابیر سەرێکی کلۆڵیی لە خۆی لەقاند. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی:

– دەروێش .. دەروێشی لەعنەتی بەو دەردەی بردم. ژیانی نەك هەر لە من، بگرە لەوانیش تاڵ کرد. ئیتر کە سەیریان کرد لەخۆڕایی بۆیان بوومەتە بەڵای لابەلا، ناچار دەریان کردم. ئەوان لەمەدا ناهەقیان نییە. من تەنیا گلەییی ئەوەیان لێ دەکەم کە دەبوو چەند ڕۆژێکی تر سەبرم لێ بگرن، تا شوێنێکم دەدۆزییەوە.

– ئەو دەروێشە کێیە؟!.

– مێردی مریەمی کچمە.

– ئێ جا چیی لە تۆ دەویست؟.

– وەستا .. با حیکایەتەکەت لە نووکەوە بۆ بگێڕمەوە .. من تاقە ئەو کچەم هەبوو.

کە دایکی مرد، تا ماوەی سێ ساڵ بەدڵ و بەگیان بەخێوم کرد. بەڵام حەزم دەکرد، زوو بەختێکی باشی بۆ ببێ و بکەوێتە لای ماڵ و مێردی خۆی و بحەوێتەوە. کەچی ئەو لەعنەتییەم لێ پەیدا بوو. هاتە بن کلێشەمەوە و ئەگەرچی تەمەنی سێ هێندەی مریەم بوو، ئاخری قالیی کردم ...

– دوایی؟.

– دوایی کچە بەلایەوە دانەنیشت. زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا دا و سوودی نەبوو. هەر هەڵدەهات و دەمناردەوە. تا لە هەشت نۆ مانگێك لەمەوبەرەوە، بۆ دواجار هەڵات و کەس نەیزانی کوێ چوو. ئیتر دەروێش لەو وەختەوە، یەخەی منی گرت. هەر دەهات و دەیوت:

ژنەکەمم لە تۆ دەوێتەوە. منیش هەر دەموت: کوڕە کابرا بەچیت باوەڕ سوێندت بۆ دەخۆم، کە منیش وەك تۆ لێی بێ ئاگام و نازانم لە کوێیە و چی بەسەرهاتووە. کەچی هەر دەیوت: ئیللان و بیللان، تۆ دەزانیت و لێمی دەشاریتەوە!.

– جا ڕاست ناکا؟

– نەبەخوا وەستا .. باوەڕم پێ بکە .. نازانم کوێ کەوتووە و چی بەسەرهاتووە!.

– ئەی باشە خاوەنی ماڵەکە بۆچی لێت بێزار بوون؟.

– ئاخر وردە وردە وای لێ هات، چووە گیانی ئەوانیش. لە سەرەتادا کە دەهات، ئەوەی بەمنی دەکرد دەیکرد و دەڕۆیشت و وەل دەبوو. بەڵام لەو دوو سێ مانگی دواییەدا، هەر تەواو وەك سەگی هاری لێ هات و کەوتە گرتنی قاچی ئەوانیش. تا ئەم بەیانییە، گەیاندییە دەست وەشاندن لە منداڵێکی ڕواڵیان. ئیتر بۆ نیوەڕۆ کە باوکیان هاتەوە، ئیمانی لە کەللەدا نەما. هاتە لام و وتی: جەناب .. ئێمە لە پای چی کابرایەکی خوێڕی بێت و لە ماڵەکەی خۆمدا، دەست لە منداڵم بوەشێنێ؟!. فەرموو چۆڵی بکە و ڕزگارم ببێ. من وتم: تۆ هەقتە .. تەواو هەقتە. بەسەرچاو چۆڵی دەکەم. بەڵام لێم ڕاوەستە تا ئەم زەمهەریرە دەبڕێتەوە. کەچی ئەو وتی: قەت لێت ڕاناوەستم .. ئێستا .. هەر ئێستا دەبێ بڕۆیت. ئیتر وەك وتم، پاڕانەوە و لالانەوە سوودی نەبوو. تەنیا هێندەم پێ کرا رازیی بکەم کە شڕەوپڕەکانم جارێ لەوێ بن و خۆم هاتمە دەرەوە. نەمدەزانی چی بکەم و کوێ بچم!. لەو ساتەوە تا هاتمە ئێرە، بەبێهوودە هەر دەسووڕامەوە و سەرما دەیدا لە بن دەستم.

– ئەی بۆ هەر زوو نەهاتیت بۆ ئێرە؟.

– وەڵا چووزانم وەستا! .. ئاخر پیاو کە سەری لێ شێوا، چی لە بیر دەمێنێ؟!.

هەردووکیان بێدەنگ بوون. دیاربوو کە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە، بیر لە چارەسەر دەکاتەوە. یا بابڵێین: وەستا لەوەی کە گرفتەکە چۆن چارەسەر بکا. سابیریش لەوەی کە ئاخۆ وەستا چی بۆ دەکا. هەر لەو ساتەدا، زۆراب کە بەگوێ لەلای ئەمان و بەدڵ لەلای (نازە)کەی بوو، هەڵیدایە و بۆ هەردوو مەبەست وتی:

– وەستا چار چییە؟ .. وەختیش درەنگ بووە.

ئەو وەك ئاگای لەم لایەنە بڕابێ و لە ناکاوێکدا لێی بەئاگا بێتەوە، خێرا سەری هەڵبڕی و ڕوانییە دەرەوە. دنیا تەواو تاریك بووبوو. کە هەستی کرد نەگەیشتووەتە دوا بڕیار و دەشبێ قسەیەك بکا، ڕووی قسەی کردە سابیر و وتی:

– چار جارێ هەر ئەوەندەیە، کە ئەمشەو لێرە بخەویت و بۆ سبەینێ خوا کەریمە.

ئیتر هەڵسایە سەرپێ و وتی:

– هەرچۆنێك دەبێ ڕایبوێرە. تا بەخەبەریت، زۆپاکە با بسووتێ. کە نووستیشیت، بەتانییەك ئا ئەوەتا لەو سووچەدا، بیدە بەخۆتدا. تەنیا ئاگات لە ئاگری زۆپاکە و جگەرەکەت بێ.

سابیر ئەمجاریش، کەوتەوە سوپاس و ستایشکردن.

***

وەستا ئەو شەوە تا خەو بردییەوە، هەر بیری لە سابیر دەکردەوە کە گرفتەکەی چۆن چارەسەر بکا. بەزۆر باردا هێنای و بردی و زۆر سەری بۆ لێکدایەوە. تا ئەنجامی بەوە شکاندەوە، کە جارێ تا ژوورێك دەدۆزێتەوە، هەر لە چاخانەکە بخەوێ و ورگەکەشی بۆ تێر بکا.

بۆ بەیانی، بانگی کردە لای خۆیەوە و لێی پرسی:

– ژوورەکەت لە چ گەڕەکێك بوو؟.

– سەرشەقام .. هەر لە کۆنەوە لەو گەڕەکەدا بووم. قەت لێی دوور نەکەوتوومەوە.

– دە ئیتر پێویستە لێی دوور بکەویتەوە. بەقسەی برای خۆت بکە و بچۆ لە مەڵکەندی، یا سابوونکەران و یا کانێسکان ژوورێك بدۆزەوە.

– بۆچی؟!.

– بۆ ئەوەی لەعنەتییەکە، نەتوانێ شوێنەکەت پێ بزانێ.

– ئای وەستا دەمخۆش .. کوڕە هەزار جار دەمخۆش. ئەوە من بۆچی تا ئێستا بەمەم نەدەزانی. تومەز بۆیە هەموو جار شوێنەکەمی بەئاسانی دەدۆزییەوە!. دەیزانی دوور ناکەومەوە و هەر لەو دەوروبەرەم.

– چاوت لێیە .. ئەی خوا بۆچی ئەقڵی بە بنیادەم داوە!.

– بەسەرچاو .. هەر لە ئەمڕۆوە دەچم وا دەکەم.

دوای ماوەیەك بێدەنگی، وەستا وەك لە ناکاو شتێکی گرینگی بەبیردا هاتبێ، سەیرێکی سابیری کرد و لێی ورد بووەوە. بەدەمییەوە لە دڵدا وتی: باشە یانی چی من شەوێ بیرم بۆی نەچوو؟!. ئینجا ڕووی قسەی تێ کرد و وتی:

– سابیر شتێکی تر.

– بەڵێ .. فەرموو.

– چۆنە واز لە حەماڵییەکە بێنیت و لێرە، سووکە بەردەستییەکی زۆراب بکەیت؟. تۆ چوویتەتە تەمەنەوە و ڕەنگە حەماڵییەکەت بۆ زەحمەت بووبێ. ئیتر منیش لەلای خۆمەوە، درێغیت لێ ناکەم.

ئەو لە خۆشییاندا، بۆ ماوەیەك حەپەسا. پێی عەیب نەبووایە، پەلاماری دەستی دەدا و ماچی دەکرد. بەڵام تەنیا بە گەشکەدارییەوە وتی:

– من چیم دەوێ وەستا .. من چیم لەوە زیاتر دەوێ!. نازانم لە ئاستی ئەم هەموو پیاوەتییەدا، چی بڵێم و چۆن ...

وەستا نەیهێشت لەسەری بڕوا. وتی:

– سابیر .. تۆ پیاوێکی بێ وەییت و پێویستت بەدەستگرتن هەیە. من ئەرکی سەر شانی خۆمە و بەجێی دێنم. ئێستا ئیتر تۆ و دۆزینەوەی ژوورەکە. دەنا چاخانە چاخانەی خۆتە و من و زۆرابیش، برا و کوڕت.

سابیر لەو ساتانەدا، ناوی میمکە حەلیم و کردارەکانی بەرامبەر بەم، وەك برووسکە بەمێشکیدا ڕابوارد. لە دڵی خۆیدا وتی: یادت بەخێر و گۆڕەکەت پڕ لە نوور بێ .. دەك جێگەت بەهەشتی یەزدان بێ.

– حەپەساویت .. بیر لە چی دەکەیتەوە؟!.

– ها؟! .. هیچ .. بیر لە هیچ ناکەمەوە.

– دەهەڵسە بکەوە خۆت.

– بەڵێ بەسەرچاو.

لە مەبەستەکەی تێ گەیشت. هەڵسا چوو بۆ لای زۆراب. وەستا هەر خێرا بانگی لێ کرد:

– ئەوەم مەبەست نەبوو. جارێ بچۆ بۆ ژوورەکە بگەڕێ.

ئەوسا وەرچەرخایەوە و وتی:

– بەڵێ باشە .. بەڵێ.

***

## ٦

ئەوڕەحمان ماوەیەك بوو هەستی دەکرد، کە خورشید ئاسایی نییە. دەتوت شتێکی بەسەر هاتووە و لە دڵی خۆیدا حەشاری دەدا. وەك جاران ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین نییە. ئارەزووی جارانی بۆ ئەزنیف و دۆمینەکە نەماوە. ئەو جار جارەشی کە دەیکا، لە پڕ خەیاڵ دەیباتەوە و ئاگای لە یارییەکە نامێنێ، یا هەڵەی زۆری تێدا دەکا و بەردەوام دەدۆڕێ. ئینجا کە هاوبەشیی یارییش ناکا، کپ و خامۆش دادەنیشێ و تاس دەیباتەوە. پێوەی دیارە کە تەنیا بەلەش لە چاخانەکەدایە، دەنا بەبیر و هۆش لە شوێنێکی ترە. هەروەها لە ئیشەکەشیدا، هەر بەو دەستوورە ڕەفتار دەکا و ڕوو لە کەم توانایی  و بگرە کەمتەرخەمییە کە تەنانەت، وەستا و کرێکارە هاوەڵەکانیشیان، لێی کەوتوونەتە مقۆمقۆ. ئینجا سەرباری هەمووی، لەو ماوەیەدا چەند ڕۆژێکی تێ کەوتبوو کە بەبێ هیچ هۆیەك، نەچووبوو  بۆ ئیش، یا کە هەردووکیان ئیشیان نەدەبوو، بۆ ماوەیەك لەم بزر دەبوو، بێ ئەوەی باسی بکا بۆ کوێ چووە!.

ئەم بەپێی هەردوو پێوەندیی برادەرێتی و تێکۆشان، ئاسایی بوو لە باسوخوازی زۆر تایبەتیشدا، پرسیاری لێ بکا و بزانێ چ گرفتێکی هەیە. بەڵام وای بەچاك زانی کە پێش دواندنی خۆی، پرسیارێك لە زۆراب بکا و بزانێ لە ماڵەوە چۆنە. بانگی کرد و لە کەنارێکەوە دانیشتن. لێی پرسی:

– کاکە زۆراب .. تۆ هەستت نەکردووە کە خورشید، ماوەیەکە گۆڕاوە و لەسەر خۆی نییە؟!.

– با .. تۆش هەستت پێ کردووە؟.

– بێگومان.

– دەسا لای ئێمەشەوە نەك هەر من، بگرە دایکم و باوکیشم، بەتایبەتی دایکم، هەر تەواو بۆی سەغڵەت بووە.

– لێتان نەپرسیوە چییەتی؟.

– من و باوکم نەء .. بەڵام دایکم، زۆری هەوڵ داوە بزانێ چییە و هەر وتوویەتی: دایە هیچم نییە و تۆ لەخۆڕایی مێشکی خۆت خەریك کردووە.

– تۆ چۆنی تێ دەگەیت؟.

– نازانم .. سەیرە .. زۆر سەیرە!.

ئەورەحمان بیرێکی لێ کردەوە. وتی:

– چاکتر وایە دایکت زۆر سەر نەکاتە سەری. وازی لێ بێنن بۆ من.

***

ڕۆژێکی خۆشی هەرەتی بەهار بوو، کە فرسەتی لێ هێنا و هەرچییەکی لە دڵ و دەروونیدا حەشار دابوو، پێی هەڵڕشت. ئەو ڕۆژە ئیشەکەیان، برێتی بوو لە دەست پێداهێنانی خانووی برادەرێکی وەستاکەیان و هەر لە دوای نیوەڕۆوە لێ بوونەوە. کە بەرەو ماڵ بوونەوە، پێی وت:

– ئیشێکم پێت هەیە .. زوو خۆت بگۆڕە و وەرە بۆ چاخانە.

لەوێش بێ ئەوەی بیەڵێ دابنیشێ، وتی:

– بابڕۆین.

لە دەرەوە وتی:

– پیاسەیەکی لای وەیس خۆشە .. ڕات بەچییە؟.

– ڕۆژەکەش هەر ڕۆژی چوونە سەر وەیسە.

ڕێگەیان بەدەم هەمەجۆر قسە و باس و بەتایبەتی سیاسەتەوە بڕی. خورشید ئەگەرچی تەنیا تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندبوو، بەڵام بەهۆی ئەمەوە کە بەردەوام هانی دەدا بۆ خوێندنەوە و بەردەوام کتێبیشی بۆ پەیدا دەکرد، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بەهەنگاوی خێرا پێش دەکەوت و ئاسۆی بیری فراوان دەبوو. بۆیە توانای وتووێژکردن و دەربڕینی بۆچوون و باری سەرنجی خۆی، پەیدا کردبوو.

کە گەیشتنە وەیس، بەپانایی دەشتەکە سەیرانکەرانیان بینی دەستە دەستە دانیشتبوون و کۆڕی چاخواردنەوەیان گەرم کردبوو. دیمەنێکی دڵگیر بوو، بەتایبەتی کچان و ژنان بەجلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی ڕازاوەیانەوە، یا منداڵان کە لەناو سەوزەگیا قەرسیلییەکەدا، یارییان دەکرد. ئەمان ماوەیەك ڕاوەستان و هەڵیان ڕوانی. تا

ئەورەحمان وتی:

– با بچین لەو کەنارەدا دابنیشین.

بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– دەبوو ئێمەش شتێکمان بهێنایە بۆ خواردن.

خورشید هیچی نەوت. کە دانیشتن ماوەیەك بەبیدەنگی مانەوە. تا ئەورەحمان، بەدەنگێکی پڕ لە خەمخواری و بەتەنگەوەهاتنەوە وتی:

– ئینجا ئێستا، با بێینە سەر باسەکەمان.

ئەو وەك گومانێکی پەیدا کردبێ، تەنیا سەرنجێکی دایە و قسەی نەکرد. ئەم وتی:

– خورشید براکەم .. ئێمە ئەوە زیاد لە دوو ساڵە، لە نزیکەوە یەکتری دەناسین و وەك دوو برا، بەتەنگ یەکترییەوە هاتووین .. وایە یان نا؟.

– بێگومان وایە.

– قەتیش هیچمان لە یەکتری نەشاردووەتەوە و هەر گیروگرفتێکمان بووبێ، بۆ یەکتریمان درکاندووە. ئەمیش وایە یان نا؟.

– وایە .. بەڵام ...

– بەڵام تۆ گرفتێکت هەیە و لێمی دەشاریتەوە .. بۆچی؟.

– من؟ .. کوا؟ .. هیچم نییە!.

– با .. خۆت بەهەڵە مەبە. تۆ مانگێك زیاترە لەسەر خۆت نیت. ئاسایی نیت .. خەفەتباریت و تاس دەتباتەوە و خامۆشیت. بگرە لە ئیشکردنیشدا وەك جاران نەماویت. مێشکت بە شتێکەوە خەریکە. پێم بڵێ بزانم چییە و یاریدەت بدەم.

– . . . . .

– لە ماڵیشەوە هەر ئاسایی نیت. دەزانیت دایکت لە چ حاڵێکدایە؟. دەزانیت بەدەست ئەو وەزعەی تۆوە، چەند لە زەلالەتدایە؟. تکایە بۆمی باس بکە .. چیتە؟.

خورشید هەناسەیەکی هەڵکێشا و کەمێ ڕاما. ئینجا زەردەخەنەیەکی خەماویی کەوتە سەر لێو و تەنیا وتی:

– ئەشق . . .

ئەم باوەڕی بەگوێی خۆی نەکرد، وتی:

– چی؟! .. وتت چی؟!.

– وتم ئەشق .. یانی ئاشقم .. یانی ئەو تیرەی داوێتی لە دڵم، نەك هەر سمیوێتی، بگرە دەلاقەیەکی تێ کردووە.

– ئێ باشە .. گریمان توونێلێکی تێ کردووە! .. بەڵام بۆچی وات بەسەرهاتووە؟!.

– چونکە حاڵم شەقە و بەختم لەقە!.

– تێت ناگەم .. بۆچی؟!.

– چونکە ئەو لە ئاسمانە و من لە ئەرز!.

– حەی! .. جا ئیتر بۆچی خۆت بێ ئەقڵ کردووە؟!. ئەگەر وابێ، منیش با بڵێین: حەزم لە کچەکەی حەمید بەگە. دەبێ؟!.

– بۆ تۆ نەء نابێ .. بەڵام بۆ من ئا.

– بۆچی؟ .. بۆ تۆ کوڕی عەلی ئاغایت؟!.

– نەء .. بگرە لەبەرئەوەی کە ئەویش، کچی حەمید بەگێك نییە و کچی ناشڵێم کورتاندروویەکە، بەڵام کچی بەقاڵێکە کە خاوەنی کوێرەدووکانێکە.

– ئای! .. قسەکانت سەیرن! .. تۆ بە مەتەڵ قسە دەکەیت!.

– لە خۆتەوە فێر بووم. لە بیرت دێ .. ڕۆژەکەی بۆ یەکەم جار یەکتریمان ناسی؟. دەزانیت منیش هەمان ئەم قسەیەی تۆم کرد؟.

– ئافەرم .. بیرت تیژە و هەقتە. دەفەرموو بڵێ بزانم. بەڵام ڕاوەستە .. چاکتر وانییە لە نووکەوە بۆمی بگێڕیتەوە؟.

– بێگومان .. منیش هەر وەهام نیاز بوو.

– دەفەرموو دەی .. بەمەرجێ لێی نەپەڕێنیت .. هەر هیچ.

– تەنانەت شتە هەرە تایبەتییەکانیش؟.

– هەرە تایبەتی؟! .. وەکو چی؟.

– یانی لێمی دەردەهێنیت؟. هەر قەیناکە .. وەك ئەوەی ماچم کردبێ.

– چی؟! .. ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟!. دەی .. ئادەی خێرا و لە نووکەوە .. فەرموو .. هەموو

لەشم گوێیە.

خورشید هەستێکی شانازیکردن بەخۆیەوە، لە ناخدا هەژاندی. تەوژمێکی خوێن، هورووژمی بردە ناو دەمارەکانی ڕوویەوە و ڕەنگێکی ئاڵی گەشیان پێ دا، بگرە بریقەیەکی تایبەتیشی خستە ناو چاوانییەوە. ئینجا بەدەم بزەیەکی ورشەدارەوە، وەك داستانی دڵدارییەکی بەجۆش و خرۆش بگێڕێتەوە، وتی:

– ئەو ڕۆژە بێنەوە بیرت و بەرچاوت، کە چووین ژوورێکمان بۆ مام یەحیا ناوێك، لە حەوشەکەیاندا دروست کرد. ئەوە بوو پێنج ڕۆژی خایاند. دەسا من ئا لەو پێنج ڕۆژەدا بوو، تیری ئەشقەکە چەقییە دڵم و ئیتر لەو ساتەوە، شیلەی ئەشقی لێ دەچۆڕێنێ!. ئینجا با بۆتی باس بکەم کە چۆن ڕووی دا. بێگومان تۆ خۆت دەمناسیت و دەزانیت، کە لەو بابەتە نەبووم و نیم، چاوبڕکێ و ئەم جۆرە شتانە، لەگەڵ کچانی ئەو ماڵانەدا بکەم کە ڕێمان تێیان کەوتووە.

خۆت ئەمە باش دەزانیت. بەڵام ئەختەر، یا دەبێ بڵێم ئەختەرەکەم، خۆی دەسپێشخەریی کرد و بزواندمی. دیارە وەها نا کە ڕاستەوخۆ هاتبێ و خوانەخواستە، خۆی هاویشتبێتە باوەشمەوە. بگرە تەنیا دوو سێ جار، نووکی تیرەکەی نیشان دام و تێی گەیاندم کە دەیەوێ تێمی بگرێ و ئیتر کاکە منیش، کە قەت ئەوەم لە خۆم چاوەڕوان نەدەکرد، وەك بڵێی هێزێکی ئەفسانـاوی هانم بدا، سنگم بۆ دەرپەڕاند و وتم : ها بەساقەت بم .. ها وەهای تێ بچەقێنە، کە بەئامان و زەمان دەرهاتنەوەی بۆ نەبێ. سەیرە! .. دەزانیت دڵداری مرۆڤ دەکا بە شاعیر! دەشزانیت لە ماوەی ئەم مانگ و نیوەدا، من بەردەوام وێڵی دوای دیوانە شیعر بووم!. بۆیە وا هەست دەکەم، کە داستانەکەت بە شیعر بۆ دەگێڕمەوە. بەهەرحاڵ، با بیکەمەوە بەقسەی ئاسایی.

لە ڕۆژی دووەمەوە، هەستم کرد بەدزییەوە سەرنجم دەداتێ. ڕۆژی سێیەم، نازانم لە بیرت ماوە یان نا، بەخۆی و سوراحییەك ماستاوەوە هات و یەکی پەرداخێکی داینێ. تۆ دەتوانیت بڵێیت: ماستاوەکەم لە بیرە. بەڵام ناتوانیت بڵێیت: ئاگام لێ بوو کە پەرداخی دووەمی، بۆ تۆ بەتایبەتی تێ کردەوە و وتی: ماندوو دیاریت .. ئەمەش بخۆوە، ماندوویێتیت دەشکێ. تۆ لەولاوە، سەرقاڵی ئیشکردن بوویت. ئینجا لەمە بەولاتریشەوە وتی: ژوورەکە بۆ من دەکرێ. ئاگەداربە .. بەسەرمدا بڕووخێ لە تۆی دەناسم!. ئێ خۆ منیش هێندە گەمژە نیم تێ نەگەم. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ، لە ئاستیدا دەمم چووە کلیلە!.

من پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، وەرامێکی خێرای پڕ بەپێستی خۆی بدەمەوە. کەچی بۆم نەکرا .. تەنیا چاوم بەسەر ڕوویدا رووا و بەرامبەری، کرِوکاس چەقیم. ئیتر ئەویش، وەك لە ناکاو شەرمی زیادەڕۆیی دایبگرێ، سەری داخست و ڕۆیشت.

دەتوانم بڵێم: ئەوەی تۆ دوایی وردە وردە هەستت پێ کرد و ئەوەتا دوای مانگ و نیوێك لەبارەیەوە پرسیارم لێ دەکەیت، ئا لەو ساتەوە دەستی پێ کرد. لەو ساتەوە ئیتر ئارام و ئۆقرەم لەبەر هەڵگیرا. شەوەکەی، تا نزیکی بەرەبەیان خەو نەچووە چاوم. لەناو جێگەکەمدا، هەر پێدا دەچوومەوە و بەدەستییەوە گینگڵم دەدا. تا لە ئەنجامدا بڕیارم دا، هەرکە دیمەوە، دڵمی بۆ بخەمە سەر بەری مشتم و بڵێم: ها وابوو بەموڵکی تۆ و چی لێ دەکەیت بیکە. ئەو ساتە نەمدەزانی گرفتە گەورەکەم لە چیدا دەبێ .. قوڕە خەستەکەم لە کوێدا بۆ دەگیرێتەوە!.

کە هاتمە سەر باسی ئەمەیان، ئینجا نۆرەی قسەکردنی تۆ دێ. چونکە من دەزانم تۆ، تا ئێرە لە دڵی خۆتدا دەڵێیت: جا باشە ئەم هەموو تەنگەتاوی و خەفەتبارییەی بۆچییە؟!. کچی مام یەحیای بەقاڵە و دەچین بۆتی دەخوازین و سووك و ئاسان، دەیکەینە باخەڵت. بەڵام نەء .. کارەکە وا ئاسان نییە .. با بۆتی تەواو بکەم ..

بۆ ڕۆژی دوایی، دەبێ ئەمیشت لە بیر بێ کە بۆ نیوەڕۆ، نان و چێشتێکی تایبەتیمان بـۆ کـرابـوو. تۆ بیهێنەوە بـەرچـاوی خـۆت .. جگـە لـە بـرنـج و شلە پڕ لـە گۆشتەکە، مریشکیشی لەگەڵدا بوو. دیارە لە ناوتاندا، تەنیا من بەنهێنییەکەم دەزانی و ئاگەدار بووم کە کێی لە پشتەوەیە. نەییسا .. ئێوە بەوپەڕی تام و کامەوە، خۆتان لێ مڕ کرد. لە کاتێکدا من، دەتوت لەسەر ئاگر دانیشتووم و پارووی ئاگر بۆ دەمم دەبەم. من بەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی دامنابوو، سەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستمی گڕ تێ بەردابوو. ئێوە چوونەوە سەر ئیش و من بەبیانووی دەست شتنەوە، خۆم دواخست. تا فرسەتم هێنا و ڕاست وتم: هیچ ترسی ڕووخانەکەت نەبێ ... لە نێوانی هەردوو خشتێکیشدا، تیلماسکێك لە دڵی خۆمم داناوە.

ئەو چاوێکی وەهای بۆ هەڵبڕیم و ئاخنییە ناو چاومەوە، کە ئەگەر زوو چاوم لێ لانەدایە، بەشەوارەی دەخستم. بەدوایدا دەنگیم هاتە بەرگوێ کە وتی: دڵنیایت کە بەوە ئیتر ناڕووخێ؟!. وتم: زۆر دڵنیام. بەڵام خۆ خوانەخواستە ئەوە ڕوو بدا، ئەوا منیش ئاسمانم بەسەردا دەڕووخێ. بگرە من دەسووتێم و دەبم بەخۆڵەمێش و گەردم بە با



ئەختەر

دەچێ. ئەو وتی: قسەکانت شیعرن! .. تۆ شاعیریت؟. وتم: نەء .. بەڵام بۆ لەمەودوا، دەبم بە شاعیر.

لە رۆژی چوارەمدا هەر ئەوەندە و ئیتر دایکی، گفتوگۆکەمانی قرتاند و پاشماوەکەی کەوتە رۆژی پێنجەم. ئای رۆژی پێنجەم! .. چ مژدەیەکی پڕ لە شادمانی و بەڵام چ هەواڵێکی پڕ لە جەخاریشت بۆ من پێ بوو!. لەو رۆژەدا، ئەو بە من و من بەوم وت: خۆشم دەوێیت. کەچی هەر لەو رۆژەشدا، لێم بیست کە قوتابیی پۆلی چواری سانەوییە و من بەوە بەندی دڵم پچڕا. هەرزوو هەستم کرد کە دەبێتە چ کۆسپێکی سەخت و ستەم. من وەهام دانابوو کچی ناوماڵ بێ. ئەو رۆژانە بەردەوام لە ماڵەوە بوو، کەچی تومەز مۆڵەتی نیوەی ساڵ بوو.

پێویست ناکا تۆ لەم رووەوە هیچ بڵێیت. من خۆم لە یەکەم ساتەوە، بۆی چووم و ئیتر هەر ئەمەشە، کە لەو وەختەوە لە مێشکمدا گێژ دەخوا و پێوەی دەتلێمەوە. هەر چۆنێکی لێك دەدەمەوە، ناگەمە ئەنجام. رەنگە بڵێیت: چیت داوە لەم سەریەشە و گێچەڵە؟!.. وازی لێ بێنە و ببڕێتەوە!. بەڵام هەروا ئاسان نییە. لە سەرێکەوە، ئەشقەکە و تیرەکەیە و بڕاوەتەوە. لە سەرێکی تریشەوە، ئەو گاڵتەی بەقسەکەم دێ کە گوایە، ئەو قوتابییە و من کرێکار و دەڵێ: تۆ قەت نابێ ئەمەت هەر بەبیریشدا بێت. من کەمەنی خۆم هەڵداوە و خورشیدەکەی خۆمم پێ گرتووە و هێز نییە لە باوەشمی دەربێنێ. ئەمە وشە بەوشەی قسەی خۆیەتی و باوەڕم پێ بکە، من هیچم نەخستووەتە سەر. من هێندەم وتەوە، تا جارێکیان گەیشتە تینی و وتی: ئێ ئاسانە .. لە سبەینێوە ناچم بۆ قوتابخانە و واز لە خوێندن دێنم. بەمجۆرە وەك یەکمان لێ دێ .. تۆ کرێکار و من کچی ناوماڵ. بەڵام من لەلای خۆمەوە وتم: بێتو ئەمە بکەیت، لە سبەینێوە ئیتر بڕاییبڕ نامبینیتەوە. ئینجا ئەو وتی: نایکەم .. بەمەرجێك تۆش ئیتر، ئەو باسە بڕاییبڕ لە مێشکی خۆت دەربکەیت .. بەڵێن دەدەیت؟.

بەڵێنم دایە و تەنیا بەسەرزاری بردمە سەر. چونکە ئەگەرچی لەگەڵ ئەودا، قەت نەمهێنایەوە کایەوە، بەڵام لەگەڵ خۆمدا، رۆژی سەد جار دەیهێنمەوە کایەوە. کاکە ئەوڕەحمان .. بەدەست خۆم نییە. بەرۆکی مێشکم بەرنادا و بەرنادا!. ئەمەیە بەسەرهاتەکەم و ئێستا فەرموو بزانم، تۆ چۆنی تێ دەگەیت و بیروڕا و ئامۆژگاریت بۆم چییە؟.

***

ئەورەحمان ئەگەرچی، بەبیر و هۆش زۆر بەوریاییەوە، گوێی بۆ قسەکان ڕایەڵ کردبوو .. ئەگەرچی چاك دەیزانی چی دەڵێ و باش لێیان حاڵی دەبوو، بەڵام شان بەشانیان بەدڵ و دەروون، حیکایەتەکەی خۆی و ئاسکۆڵی بۆ خۆی دەگێڕایەوە و بەدەمییەوە دەیوت: «هێندەی مەسەلە پێوەندیی بەئەشقەکە و تیرەکەوە هەبێ، هیچ جیاوازییەکمان لە نێواندا نییە. ئا خورشید .. ئێمەش، من و ئاسکۆڵەکەم، کەمەنەکەمان بۆ یەکتر هەڵداوە و یەکترمان پێ گرتووە. ئا ئێمەش .. هەمان ئاگر لە دڵماندا نێڵەنێڵێتی. بەڵام داخ خورشید .. داخ بۆ جیاوازییە گەورە ناپەسندەکە!. داخ بۆ دوو دڵە پاك و بێگەردەکەتان کە چ چەپەرێکی نەگریسیان خراوەتە نێوانەوە!».

– نۆرە قسەتە .. بۆچی بێدەنگیت؟!.

خورشید بەم قسەیە وریای کردەوە. سەرەتا نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە!. بەڵام کە بیرێکی خێرای لێ کردەوە، وتی:

– ئەگەر راستت دەوێ، ترسەکەت لە جێی خۆیدایە. گریمان خوێندنی تەواو کرد و بوو بەدوکتۆر!. دوکتۆر و شوو بەکرێکارێکی قوڕ بکا؟! .. ئەقڵ دەیگرێ؟! .. بۆ ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە نایگرێ.

– یانی بەڕای تۆ، دەبێ وازی لێ بێنم؟.

– ها؟! .. نەء .. ناتوانم ئەوە بڵێم.

– ئەی چۆن؟.

– بەردەوام بە. لەوانەیە هێندە راستگۆ بێ، کە گوێ نەداتە ئەو جیاوازییە.

– با بڵێین ئەو وەها. ئەی دایکی و باوکی؟ .. ئەی کاکی؟!.

– کاکیشی هەیە؟.

– بەڵێ.

– ئیشی چییە؟.

– لەگەڵ باوکیدایە لە دووکان.

– بۆ ئەمەیان، لەگەڵ خۆیدا باست نەکردووە؟.

– خۆی کێ؟.

– ئەختەرەکەت .. قابیلە بڵێم کاکی؟!.

– با .. لێم پرسیوە .. دەڵێ تۆ هەقت نەبێ. وتیشی کە زۆر دواکەوتوون و لەم شتانەدا وشکن. بەڵام وتی کە جارێ بۆ ئەو وەختە، زۆری ماوە.

– لەوە دەچێ، کچێکی ئاقڵ بێ.

– ئەرێ بەڕاست، باش بوو ئەم قسەیەت کرد. نەك هەر ئاقڵە، بگرە زۆریش تێ گەیشتووە. من وای تێ دەگەم پێوەندیشی هەبێ. قسەکانی لە قسەی خۆمان دەچێ.

– تۆ لەو ماوە کەمەدا، ئەم شتانەت هەموو چۆن پێ زانی؟!. تۆ تا ئێستا چەند جارت دیوە؟.

– زۆر .. دیارە تا ئێستا بێ ئاگا بوویت لەوەی کە لە پڕ ون دەبووم!.

– نەء .. چاك لێت بەئاگا بووم .. لە کوێ دەتدی؟!.

– ڕێگەی قوتابخانە .. بەتایبەتی دوای دەوامی عەسرانیان.

– هەروا ئاسایی .. لەسەر جادە و بەبەرچاوی قوتابییەکانی ترەوە؟!.

– نانا .. هێجگار وانا .. دوور لە قوتابخانە و لەناو کۆڵاندا.

– هێشتا هەر باش نییە .. مەکە .. وا مەکە.

– ئەی چی بکەم .. چار چییە؟! .. کوێی تر هەیە؟!.

ئەوڕەحمان تۆزێ ڕاما و بیری کردەوە. ئینجا وتی:

– ماڵی ئێمە، لای دایکم. بەڵام بەمەرجێ ...

– چییە؟.

– بێ تامی نەکەیت و بەیناوبەینێك بێ.

– بەڵێن بێ و سوپاست دەکەم.

ئیتر هەردووکیان خامۆش بوون. وەخت ڕوو لە درەنگی بوو. ڕۆژ لەوەدا بوو، بەپشتی گۆڕستانەکەی گردی شێخ محێدیندا دابخزێتە خوارەوە. زۆربەی سەیرانکەران ڕۆیشتبوون و ئەوەکانی تر، خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد. ئەوڕەحمان سەرنجێکی ئاراستەی لای گردەکە کرد. ئینجا ئاوڕێکی بەلای دەشتەکەدا دایەوە و وتی:

– هەڵسە بابڕۆین.

بەدەم ڕێگەوە، کەوتەوە قسە و وتی:

– ئێستا با بێینە سەر باسی خۆت.

– لە چ بارەیەکەوە؟.

– لەو بارەیەوە کە دەڵێی بەسەر دنیاوە نیت. ئیتر تەواو .. دەبێ بێیتەوە سەرخۆت و هەڵسوکەوتت وەك جاران بێ. دەبێ ببیتەوە بەخورشیدە قسەخۆشە دەم بەپێکەنین و چست و چالاکەکەی جاران. دەبێ بەڵێنم بدەیتێ.

– ئاخر خۆ من بەدەست خۆم نییە.

– تێ دەگەم .. بەڵام دەبێ تەقەلا بدەیت. با شتێکیشت پێ بڵێم: لەوەپێش هەقت بوو وا بیت، چونکە نهێنییەکە لە دڵ و دەروونتدا پەنگی دەخواردەوە بەو دەردەی دەبردیت. لە کاتێکدا ئێستا، وا منت لەگەڵدام و هاوخەمتم. بۆ لەمەودوا، پێویستیت بەو حەشاردانە نابێ. ئەوە من و هەر چیت دەبێ و نابێ، بۆمی باس بکە و لە دڵی خۆتدا گلی مەدەوە. منیش وەك ئەرکێکی سەر شانم، چۆنم ئەقڵ پێ شکا و چیم لە دەست هات، دێم بەدەنگتەوە و بۆتی دەکەم.

خورشید لەو ساتانەدا، تەوژمێکی خۆشەویستیی ئەوتۆ لە دڵیدا بەرامبەری خرۆشا، کە حەزی دەکرد باوەشی پێدا بکا و بەپەرۆشەوە ئەملا و ئەولای ماچ بکا. بەڵام دانی بەخۆیدا گرت. تەنیا دەستی خستە ناو دەستی خۆیەوە و زۆر بەگەرمی هەڵیووشی. بەدەنگێکی پڕ لە سۆز و ستایشیشەوە وتی:

– نازانم بڵێم چی و چۆنت سوپاس بکەم!.

ئەوڕەحمان بزەیەکی گەشی بەروودا دا و وتی:

– هیچ مەڵێ و قەتیش منەتی لێ مەزانە. ئەرکی سەر شانمە و بەرامبەرت، وەك برایەکی خۆشەویستم بەجێی دێنم.

پێش جیابوونەوەیان لە یەکتری، خورشید وتی:

– دایکم خەریکی کفتەلێنان بوو. تۆش زۆرت حەز لێیەتی. دەڵێیت چی؟.

ئەوڕەحمان نەك هەر بۆ کفتە خواردنەکە، بگرە بۆ بینینی ئاسکۆڵیش، بە پەرۆشەوە بوو بچێ. بەڵام کە سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، سووکە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی:

– فریا ناکەوم .. ئیشم هەیە.

***

## ٧

سابیر ئەگەرچی لە تەمەڵی و تەوەزەلییەکەی جارانی نەکەوتبوو، بەڵام وەستا تایەر کە هەر زوو تێ گەیشت و هەستی کرد چی لە مۆخەکەیدایە، گوێی نەدایە و بەو وردە ئیشانەی دەیکرد لێی رازی بوو، بەتایبەتی کە ئیشی بازاڕی بۆ ماڵەوە لە کۆڵ کردبووەوە و هەرچییان پێویست بووایە، دەیکڕی و بۆی دەبردنەوە. لە چاخانەکەشدا، ئیشە سەرەکییەکەی، کۆکردنەوەی پیاڵە بەتاڵەکان و هێنانەوەی ئەوەکانی دووکانەکان بوو.

چوار مانگی بەبێ گێچەڵ، بەوجۆرە بەسەر برد و گەلێ لە وەزعی خۆی رازی بوو. چ لە دڵدا و چ لە روو، هەردەم دەمی بەدوعای خێرەوە بوو بۆ وەستا. ئەو جگە لە رۆژانەکەی، یارمەتیی تریشی زۆر دەدا. بۆ ئەوێك کە لەو رۆژەوەی پێی نابووە ناو شارەوە قەت سەرسووکیی بەخۆیەوە نەدیبوو، رۆژانی ئەم چوار مانگەی وەها دادەنا، کە وەك پاشا دەژی. ژوورێکی پاك و تەمیز لە ماڵێکی باشدا و لە کۆڵانێکی تەریکی گەڕەکی کانێسکان، دوور لە چاوی دەروێشە غەزەبە لەعنەتییەکە. رۆژانەیەکی مسۆگەر لە کیسەی پیاوێکی خێرخواز، ژەمە خواردنی دەستی دایکی نازە و نازە. ئیشێکی ئاسانی بێ نقەوجقە. ئیتر لەوە زیاتر چی دەوێ؟!. تەنانەت رۆژێکیان لای ئەوڕەحمان وتی:

– باوەڕ بکە، وەهام لە مێشك چەسپیوە کە ئەگەر ئەو وەستایە نەبووایە، من ئێستا لەژێر خاکدا دەبووم.

ئەوڕەحمان حیکایەتەکەی سابیری پێ دەزانی، بەڵام تا ئەو وەختە رێك نەکەوتبوو، بەدوور و درێژی لەم بارەیەوە لەگەڵیدا بدوێ. بۆیە ئەو رۆژە، بەتایبەتی کە هەر خۆیان لە چاخانەکەدا مابوونەوە، بە هەلی زانی و کەوتە دواندنی. سەرەتا سەبارەت بەقسەکەی خۆی وتی:

– ژێرخاك؟ .. بۆچی؟!.

ئەو وتی:

– چۆن بۆچی؟! .. شەوی بەسەردا دەهات و دەبوو لە پاڵ دیوارێکدا بکەوم. ئیتر سەرما ڕەقی دەکردمەوە و ئاە!.

– بێ قەزا بیت، هێجگار وەهاش؟! .. هەزار خێرەومەند هەبوون جێگەت بکەنەوە.

دەچوویت لە دەرگەی ماڵێکت دەدا و دەتوت: بۆ خاتری خوا .. ئەمشەو جێگەم نەکەنەوە، سەرما دەمکوژێ.

– جا جێگەیان دەکردمەوە؟.

– ئا.

– من دەڵێم نەء.

– بۆچی؟.

– ئەی ئەوەی دەری کردم، ماڵێك نەبوو لە ماڵان؟!.

– باشە ئەوەیان هیچ .. ئەی ماڵی خوا .. ئەقڵت پێی نەدەشکا؟

– وەڵا خۆ ڕاست دەکەیت.

– ئەی توونی حەمامێك؟.

– ئێ ئێ .. دە کوڕە چووزانم. ئەمانەم لە خەیاڵ نەبوو.

– سا لەبەرئەوەی ئەمانەت لە خەیاڵ نەبوو، قسەکەی خۆت ڕاستە و لێی پەشیمان مەبەوە. ڕێت نەکەوتایەتە ئێرە و وەستا بەهاناتەوە نەهاتایە، ئەو شەوە سەرما دەیکوشتیت.

– نەء .. قەت پەشیمان نابمەوە و هەر وەها دەبوو.

ئەوڕەحمان بانگی کردە زۆراب کە خۆی بۆ پێچانەوەی وەجاخەکە ئامادە دەکرد و وتی:

– ئەرێ قۆرییەکە دەبێ بنکرێکی تێدا مابێ؟.

– زۆراب وتی:

– ماوە .. دەخۆیتەوە؟.

– ئا .. هەموومان .. وەرە تۆش دانیشە .. مام سابیر قسەمان بۆ دەکا.

ئەو بەقسەکە پێخۆشحاڵ بوو، وتی:

– ڕاست دەکا .. دەوەرە دانیشە با دوو قسە بکەین.

زۆراب چایەکانی هێنا و دانیشت. ئەوڕەحمان جەمسەری گفتوگۆی دامەزراندەوە و وتی:

– مام سابیر .. تۆ تا ئێستا باسێکی ژیانی خۆتت بۆ نەکردووین. هەر ئەوەندە دەزانین، ژنت هێناوە و مریەمت لێی بووەوە دوایی مردووە. ئەمیشت بەشوو داوە بە لەعنەتییەکە و لەگەڵیدا، تووشی گێچەڵەکە بوویت. باشە ئەی پێش ژنهێنانەکەت؟.

سابیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. جگەرەیەکی ئاگر دا و دوو سێ مژی قووڵی لێ دا. ئینجا بەدوور و درێژی و لە نووکەوە، بۆیان کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی، هەر لە ڕۆژانی منداڵییەوە لە گوندەکەیاندا، هەتا ئەو ئێوارەیەی ریی کەوتە چاخانەکە.

خورشید سەبارەت بەمریەم، ڕقی زۆر لە سابیر هەڵسا. دانی بەخۆیدا گرت هەتا لە قسەکانی بووەوە و ئینجا وتی:

– یانی مریەمت بەفرۆشتن فرۆشت! .. بە کێش؟! .. بەدڕندەیەك و بەیەکێك کە بەباوکی دەشێ! .. وانییە؟!.

– دەستم بشکێ .. چی بکەم ..

– هەر دەستت؟ .. بگرە ..

ئەوڕەحمان نەیهێشت تەواوی بکا، وتی:

– خورشید .. تازە شتەکەی لە دەست قەوماوە. وازی لێ بێنە.

– ئێ کوڕە ئاخر ..

– واز بێنە.

ئەوی بێدەنگ کرد و خۆی وتی:

– باشە تۆ هیچ هەواڵێکی نازانیت؟.

– کێ.

– مریەم .. خۆ لەعنەتییەکە ناڵێم.

– نەبەخوا .. هەر هیچ.

– هیچ هەوڵێکت داوە بەدوایدا بگەڕێیت؟.

– ئا .. ئەو ماڵانەی بۆ گەڕام کە دەشیا بچێتە لایان، بەتایبەتی ماڵی حاجی مەحموودی عەلاف، چونکە گەلاوێژی کچیان زۆر بەتەنگییەوە دەهات. دوو سێ جار چووم و لێیان پاڕامەوە کە ئەگەر دەزانن. کەچی لە دواین جاردا، گەلاوێژ پێی وتم: وتمان نازانین و بڕایەوە .. ئەمجارە بێیتەوە، سەگت پێوە دەنێم.

– دیارە دەبێ لە دڵت چەسپیبێ کە لای ئەوانە.

– ئا ئەرێ وەڵا .. قسەی خۆشمان بێ، پڕ بەدڵ حەز دەکەم لای ئەوان بێ. ماڵێکی زۆر باشن.

خورشید خۆی پێ ڕانەگیرا. سەرلەنوێ بەگرژییەوە وتی:

– ئەی کە وات دەزانی، بۆچی لەژێر باڵیانت دەرهێنا و تووشی ئەو جانەوەرەت کرد؟!.

سابیر بە زەلیلییەوە وتی:

– بڵێم چی کوڕەکەم .. هەژاری و برسێتییەکە، کەتنەکەی پی کردم و لە دەستم دەرچوو.

– ئا بەڵێ .. ڕەشە خێزانت بەسەردا کەوتبوو!. تۆ هەر خۆت و ئەو تولفە بوون .. تۆ ..

ئەمجاریش ئەوڕەحمان بێدەنگی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر خۆیەوە وتی:

– دەك پاڵت نەگەڕێ.

ئەوسا زۆراب، سەیرێکی دەرەوەی کرد و وتی:

– ئەرێ درەنگە .. نەڕۆین؟.

هەموو ڕوانییانە دەرەوە. دنیا تەواو تاریك بووبوو. ئیتر هەڵسان و هەریەکە بەرەو ماڵەوە، بڵاوەیان لێ کرد.

***

دەرویش قەت لەوەبەر، ڕێی نەکەوتبووە چاخانەکەی وەستا تایەر. ئەو هەر لە

بنەڕەتدا، حەزی لە دانیشتنی چاخانە نەدەکرد. ئەو جارجارەش کە دەچوو، هەر بۆ خواردنەوەی چا یا ماستاو یا سیفۆنێك بوو کە ئەمیانی زۆر حەز لێ دەکرد. کەچی بەیانییەکیان، کە سابیر لە قوژبنێکی چاخانەکەدا دانیشتبوو، لە ناکاوێکدا خۆی کرد بەژووردا و وەك شەیتان لێی پەیدابوو!. ئەو وەنەبێ پێی زانیبێ کە لێرەیە و بەتایبەتی بۆی هاتبێ، بگرە دوای زۆر گەڕانی تر، ئینجا بڕیاری دابوو کە چاخانەکانی بۆ تەی بکا.

بۆیە کە پێی نایە ژوورەوە، ئاسایی کەوتە هەڵڕوانین. بەڵام هەر هێندەی بەدیی کرد، وەك ئاگرێکی سوور بەرەو رووی شاڵاوی برد. ئەم ئاگای لێی نەبوو. جگەرەیەکی نابوو نەلالێوییەوە و خەیاڵێکی قووڵ بردبوویەوە. کاتێ بەخۆی زانی، کە ئەو دەستی دابووە یەخەی و بەدەم دان جیڕکردنەوەیەکی شێتانەوە دەیوت:

– ئەوە تۆیت هەی گەووادی تەرەسی دەسبڕ!. من لە ئاسمان و لەژێر ئەرز بۆت دەگەڕام و کەچی هەر لەسەر ئەرز دەتدۆزمەوە؟!. من چوار مانگە بۆت دەگەڕێم .. چوار مانگە!.

سابیری گەلێ بەخۆوە و بەهێز و توانا، لە چاو دەروێشی ریوەڵە و جیقندا، هێندەی لێ دەترسا کە خۆشی هەرچەند سەری دەهێنا و دەبرد، نەیدەزانی بۆچی؟!!. لەوەبەر، چەند جار هاتبێتە وێزەی، هەر ئەو داشی سوار بووە! .. هەر ئەو نەڕاندوویێتی و یەخەی ئەمی ڕەتاندووە!. لە کاتێکدا ئەم، لە ئاستیدا بەشی هەر تۆقین و لەرزین و زمان لاڵبوون بووە!. هەموو جارێکیش هەر ئەو، بەدەم هەڕەشە و گوڕەشەوە، دەستی لە یەخەی بەرداوە و بەدەم لێزمەی جنێوی پیسەوە، بەجێی هێشتووە!. ئیتر ئەمیش، وەك مۆتەکەیەك لە کۆڵی هاتبێتە خوارەوە، هەناسەیەکی ساردی رزگاربوونی هەڵکێشاوە و دڵی حەواوەتەوە!. بۆیە ئەمجارەش، بەدەستییەوە بووە پەڕێکی دەم رەشەبا و سەراپای جەستەی کەوتە لەرزین.

ویستی قسە بکا و دەمی چووە کلیلە. دەروێش لەلای خۆیەوە، توندتر یەخەی ڕەتاند و وتی:

– بەئەقڵی ریژگاوت، وات دەزانی خۆت حەشار داوە و ناتدۆزمەوە؟!. بۆ کوێ دەچیت؟!. بچیتە ئاسمان یا ژێر زەوی، هەر دەتدۆزمەوە .. ئا بە تۆپیویش دەتدۆزمەوە!. کوا مریەم؟ .. لە کوێیە؟ .. پێم بڵێ .. زوو پێم بڵێ تا نەمتۆپاندوویت!. من مریەمم لێت

دەوێ .. مریەم!.

ئەو وەختە وەستا و زۆراب، بەهەڵەداوان هاتبوون بە هانایانەوە. وەستا پەلاماری شانی دەروێشی دا و بەتوندی، وەری چەرخاند بەلای خۆیدا. بەتوورەیییەوە وتی:

– ئەوە چییە کابرا؟! .. هار بوویت؟! .. چیت لەو پیاوە دەوێ؟!.

– هەر لەو ساتەدا زۆرابیش، دەستی پێ لە یەخەی بەردا و وتی:

– کوڕە تۆ شێتیت .. یان چی؟!.

هەر بەدەمییەوە، لە سابیری پرسی:

– ئەمە کێیە؟! .. چی دەوێ؟!.

دەروێش وەك چاوەڕوانی ئەم لەسەرکردنەوەیە نەبێ، لە جێی خۆی مت بوو!. ئینجا کە وەستا سەرنجێکی دایە و وتی:

– لەعنەتییەکە نەبێ؟!.

کە سابیریش بەدەم ترس و لەرزەکەیەوە وتی:

– با خۆیەتی .. با وەستا لەعنەتییەکەیە.

ئەوسا وریا بووەوە. وەرچەرخایەوە بەلای سابیردا. دەستی بەرزکردەوە پیایدا بکێشێ و بەڵام وەستا، کە هێشتا توند شانی گرتبوو، نەیهێشت و دایە پێش خۆی. بەتەکان بەرەو لای دەرگە بردی. ئەو کەوتە خۆڕاپسکاندن و وتی:

– ئەوە چییە؟! .. ئێوە هەقتان چییە بەسەرەوە؟! .. ئێوە بۆچی لەسەری هەڵدەدەنێ؟!.

وەستا هیچ وەرامێکی نەدایەوە. تەنیا کە فڕێی دایە دەرەوە، وتی:

– بڕۆ ملت بشکێنە .. جارێکی تر پێ بنێیتەوە ناو ئەم چاخانەیە، پێت وردوخاش دەکەم.

ئەو نەڕۆیشت. هەر لەبەر چاخانەکەدا مایەوە و دەستی کردە نەڕەنەڕ و جنێودان بەسابیر. تا کاتێ زۆراب بۆی چووە دەرەوە و وتی:

– کوڕە بەحەیای خۆتەوە بڕۆیت باشە، دەنا بیراز دەکرێیت.

ئیتر هەر بەدەم جنێودانەوە، بەر چاخانەکەی بەردا و ڕۆیشت. لە ژووریشەوە، سابیر داڕمابووە سەر کورسییەکە و هێشتا هەر دەلەرزی. کە وەستا و زۆراب چوونەوە

بەلایەوە، بەدەنگێکی پڕ لە زەلیلییەوە وتی:

– ئاخری دۆزیمییەوە .. هەمدیس ژیانم لێ تاڵ دەکاتەوە. لە کۆڵم نابێتەوە.

وەستا دڵی دایەوە، وتی:

– حەدی چییە .. هیچ ترست نەبێ. ئەگەر حەیای هەبێ، ئیتر نایەتەوە بەم ناوەدا.

– ئاخر وەستا حەیای نییە. من باشی دەناسم.

– ئەگەر هاتەوە، تێلاترێن دەکرێ.

– ئێ ئاخر ئێوە لە پای چی، لەسەر من تووشی ئەو گێچەڵە ببن؟.

زۆراب وتی:

– مام سابیر .. خەمی ئەوەیانت نەبێ. ئێمە دەزانین تۆ بێ گوناهیت و ئەو گوناهبار. ئەو دێت بە بەرچاوی ئێمەوە، زوڵم لە تۆ دەکا. ئێ خۆ ئێمە دار و بەرد نین. تۆش نەبیت و هەر یەکێکی تر بێ، دەبێ هەڵبدەینێ. بەلام من بزانم ئیتر نایەتەوە.

– بەخوا کاکە زۆراب دێتەوە .. من دەیناسم چ ماڵێکە!.

سابیر ئەم قسەیەی، زۆر بەزەبوونی و کەساسییەوە کرد.

***

٨

– شتێکم لە دڵدایە، دەزانم نابێ بیدرکێنم و خۆم پێ ڕاناگیرێ.

خورشید کە ئەم قسەیەی کرد، لە خۆشییاندا دەخنایەوە.

ئەوڕەحمان وتی:

– بیڵێ قەیناکا.

– لەگەڵ خۆماندایە.

– کێ؟.

– ئەختەر.

– چۆنت زانی؟.

– خۆی دەری خست .. من لەو سێ چوار دانیشتنەی پێشوومـاندا، بەنیـازی ڕاکێشانی بەلای خۆماندا، کەوتمە دواندنی، کەچی ئەو لە دواجاردا، بەپێکەنینەوە وتی: عەزیەت مەکێشە .. منیش لە ڕیزدام.

ئەوڕەحمان پیرۆزبـاییی لێ کرد و پێخۆشحاڵ بوو. وتیشی:

– دە ئیتر خەمی خۆییت نەبێ. پێشتر من لە دڵدا، ترسی گەورەم لە خۆی بوو، کە حەز دەکەی هەروا تەمێك بێ و زۆری پێ نەچێ بڕەوێتەوە!. بەڵام ئێستا نەء .. دیارە لە ناخی هەم دڵ و دەروون و هەم بیر و هۆشەوەیە.

– منیش هەر زوو ئەمەم بەخەیاڵدا هات.

– دەسا من شتێکی تریشم بەبیردا هاتووە، کە ئەگەر بیبەیتە سەر، هیچ کۆسپێکت لە ڕێگەدا ناهێڵێ.

– ئادەی بزانم!.

– دەست بکەیتەوە بەخوێندن.

خورشید لە سەرەتادا باوەڕی بەگوێی خۆی نەکرد! .. دوایی وەهای لە دڵ گرت کە گاڵتەی لەگەڵدا دەکا. بۆیە بەدەم نەرمەپێکەنینێکەوە وتی:

– گاڵتەیەکی خۆشە.

ئەورەحمان وەرامەکەی بەدڵ نەبوو، وتی:

– بۆ پێ دەکەنیت؟ .. گاڵتەی چی؟!.

ئەو خێرا باری خۆی گۆڕی. کەمێ حەپەسا و ئینجا وتی:

– توخوا بەڕاستتە؟!.

– ئەی بۆ نەء؟ ..

– تازە من و خوێندن کوجا مەرحەبا!.

– گوایە هێندە بێ باوەڕیت بەخۆت؟.

– نەء .. بەڵام چۆن؟ .. تێم بگەیەنە.

– ئا .. با تێت بگەیەنم .. هەموو کتێبەکانی سنفی شەشت بۆ پەیدا دەکەین. خۆت سەعییەکی باشیان تێدا دەکەیت. مامۆستایەکی برادەری خۆشمان ڕادەسپێرین کە هێندەی پێویست بێ، دەرست پێ بڵێ. ئینجا ساڵی داهاتوو، دەچیت بەخارجی ئیمتیحان دەدەیت.

– ئاخر ...

– ئاخر و ماخری ناوێ .. ئەوسا کە لە شەش دەرچوویت، بەشەو دەخوێنیت تا سێ تەواو دەکەیت.

– دوای ئەوە.

– دوای ئەوە دەچیتە قوتابخانەی مامۆستایان و دەبیتە مامۆستا.

خورشید هەردوو ئانیشکی دادایە مێزەکە و چەناگەی نیشاندە ناو لەپی دەستییەوە. سەرنجێکی بە مەغزای دایە ئەورەحمان و بەدەم بزەیەکی بەمەغزاترەوە، وتی:

– باشە گریمان وا من، ئەقڵم گرتی و شانم دایە بەر. ئەی چ عەجەب، هەمان نەخشەت بۆ خۆت دانەناوە؟!. خۆ بۆ تۆ زۆر لە من ئاسانترە!.

ئەورەحمان پێ کەنی، وتی:

– قسەی خۆمان بێ، یەکەم جار نەخشەکەم بۆ خۆم دانا و ئینجا تۆشم لەگەڵدا تێهەڵکێش کرد.

– واتە تۆش دەس پێ دەکەیتەوە؟.

– منیش.

– ئێستا تەواوە .. ئێستا دەتوانم باوەڕ بەخۆم بکەم، کە دەتوانم خوێندن تەواو بکەم و ئەگەر وەك ئەختەر نەبم بەدوکتۆر، ببم بەمامۆستا.

– منیش هەروەها .. ئەگەرچی من، بەو بارەی تۆدا پێویستم پێی نییە.

– دیارە .. چونکە تۆ دڵت، بەتاڵ و حەتاڵە و لەوە دەچێ هەروەهاش بمێنێتەوە.

ئەوڕەحمان زەردەخەنەیەك گرتی. سەرنجێکی خێرای ئاراستە کرد و وتی:

– وانییە.

ئەو دەمی داچەقاند و حەپەسا. دوای کەمێ ڕامان وتی:

– یانی .. یانی تۆش دڵت پێکراوە؟!.

– نا .. مەبەستم ئەوە بوو بڵێم: هێندە وشك نیم وەك تێم گەیشتوویت.

– یانی هەر هیچ نەبێ دڵت تەڕە؟.

– بێگومان .. خۆ دار و بەرد نیم.

– دە بەو خوایە پێکراوە. بیڵێ .. دەبی بیڵێیت.

– هێشتا نەپێکراوە. بەڵام بەڕێوەیە.

– بۆمی باس ناکەیت؟.

– نەء.

– بۆچی؟ .. من هەر زوو لە نووکەوە بۆم باس نەکردیت؟.

– من جیاوازم. تۆ وەختێك بۆت باس کردم کە پێکرابوو .. کە فرمێسکی لێ دەچۆڕا و ئەوە بوو فریات کەوتم. بەڵام من هێشتا هیچی لێ ناچۆڕێ، تا پێویستم بەیاریدەی تۆ هەبێ. کە گەیشتە ئەو حاڵە، بێگومان ئاگەدارت دەکەم.

– با وابێ .. بەهەرحاڵ، پێم خۆشە بێیتە ڕیزەوە.

ئەوان لە گەرمەی ئەم گفتوگۆیەدا بوون و حەمەشین پەیدا بوو، کە لە چاو جارانیدا،

دەمێك بوو نەهاتبوو. بۆیە هەر دانیشت و ئەورەحمان وتی:

– چییە ئەوە؟ .. گیرابوویت؟! .. تۆ مانگێك زیاترە دیار نیت!.

حەمە بەپێکەنینەوە وتی:

– نەء بەپێچەوانەوە .. بەرەڵا بەرەڵای بەرەڵا بووم؟.

– قسەکەت سەیرە! .. یانی چی؟!.

– یانی لە شار نەبووم .. چووم بۆ بەغدا.

– بەغدا؟! .. چی گەیاندتییە ئەوێ؟!.

– کورە چووزانم .. وتیان لەوێ رۆن رژاوە و چووم. وتم بەڵکو هیزەیەکی لێ کۆ بکەمەوە و بیهێنمەوە و کەچی فش.

خورشید هەڵیدایە و وتی:

– ئادەی بەقوربانە .. بیگێرەوە بزانین!. بەخوا رەنگە حیکایەتێکی خۆش بێ.

– کورە نەوەڵا خۆش نییە .. زەلامێکی لە بابەتی خۆم، هاتە بن کلێشەمەوە و وتی: لەوێ بەسووکە ئیشێك، رۆژی چنگێك پارەت دەس دەکەوێ. جگە لەمە، ئەوەندەش باسی گۆگنەزەرەکەی بۆ کردم کە وەختابوو، هەر ئەو ساتە بەراکردن بۆی بکەومە رێ.

– دوایی ...

– دوایی بیست و سێ رۆژی تێدا مامەوە و وەختابوو لە برسا بمرم. بەوەی باش بوو، ئەو هەندێ پارەی پێ بوو. مەمرە و مەژی خواردنەکەی بۆ دەکڕیم.

– ئەی ئارەقەکە؟.

– جارجارێك لەگەڵ خۆیدا.

– ئەویش هاتەوە؟.

– نەء .. جارێ لە هەندەکە، تۆزێکی پێ ماوە.

– ئەی گۆگنەزەرەکە؟.

حەمە سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و بەدەنگی نزم وتی:

– ئا .. ئەو پیاوەتییەشی لەگەڵدا کردم .. دووجار لەگەڵ خۆیدا بردمی.

– خۆش بوو؟.

– کوڕە نەوەڵا .. پیاو قێزی دێتەوە. بەدەست چاپکردنەکەی لەمەڕ خۆمان، زۆر خۆشترە و هیچیشی تێ ناچێ. خۆ ئەم نوکتەیەتان بیستووە؟.

– ئا .. هەر لە دەمی خۆت.

خورشید لە پرسیارکردن کەوت. ئەوڕەحمان وتی:

– ئەی چیت دی لە بەغدا؟ .. چۆنت وەخت بەسەر دەبرد؟.

– ئا .. ئەشەدوبیللا .. تەلەڤزیۆنەکەی .. چوونەکەم ئەوەی باش بوو کە تەلەڤزیۆنم دی. بەخوا شتێکی خۆشە.

– بەڕاست خۆ دوو سێ مانگە کەوتووەتە کار. ئێ.. چۆنە؟ .. ئادەی ..

– کاکە شتێکە هەروەکو ئەو ڕادیۆیە و بەڵام گەورەتر. ئیتر ئەو گۆرانیبێژانەی تۆ لە ڕادیۆوە تەنیا گوێت لە دەنگیانە، لەوێدا خۆشیان دەبینیت. یا ئەوەی دەنگوباس دەخوێنێتەوە. ئینجا فلیمیش .. یانی تۆ لە چاخانەیەکدا دانیشتوویت و کەچی بەبێ بیتاقە کڕین، وەك لە سینەما بیت وەهایە.

وەستا تایەر کە ئەو وەختە چووبووە دەرەوە، بەسەردا هاتەوە و هەر هێندەی چاوی پێی کەوت، هات بەلایەوە و وتی:

– حەمە .. ئەوە تۆ لە کوێیت؟!. لێمان بوویت بە ئەستێرەی سیوەیل!. خەریکی چی بوویت؟.

ئەوڕەحمان گورج لە بریی ئەو وتی:

– لە بەغدا بووە؟.

– بەغدا؟! .. بۆچی؟!.

ئینجا خۆی، هێندەی دەشیا بۆ وەستا باس بکرێ، حیکایەتەکەی سەرلەنوێ بۆ گێڕایەوە. کە لێ بووەوە، وەستا وتی:

– کوڕە هەر چاکە سەرت هێنایە دواوە.

– بۆچی وەستا؟.

– ئەی کەی تۆ و بەغدایان وتووە!. تۆ لێرە نەبێ، لە هیچ شوێنێکی تر ناتوانیت بژیت.

– بەخوا ڕاست دەکەیت وەستا .. سەگ لە قەسابخانەدا نەمرێ، عومری خەسارە!.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین. بەڵام وەستا بەدەم پێکەنینەکەیەوە، دوو سێ جار وتی:

– دوور لە تۆ.

ئەو ساتە ئیتر، وەختی هەڵگرتنی چاخانەکە هاتبوو. زۆری پێ نەچوو، هەریەکە بەڕێی خۆیدا، بڵاوەیان لێ کرد. بەڵام وەستا لە بیری نەچوو کە لە دەرەوە، حەمە بباتە لاوە و نیو دیناری بنێتە مشتەوە.

***

وەستا کە گەیشتە ماڵەوە، لووتی بەلووتی زایەری برایدا تەقییەوە. ئەوان ئەگەرچی بە سەرزاری، پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا باش بوو، بەڵام ئەم لە دڵدا لێی رازی نەبوو.

ئەو بەپێچەوانەی ئەمەوە، فرت و فێڵاوی و قوماربـاز و بەپێچ و پەنا بوو. هەروەکو بۆ پارە و پوولیش زۆر تەماعکار بوو. ئەم هەرچەندە لە سەردەمی لاویدا، زۆر ئامۆژگاریی دەکرد و بەدڵ و بەگیان هەوڵی دابوو بیخاتە سەر ڕێی چاکەکاری، کەچی لە ئەنجامدا ئەو پیاوە دەرنەچوو کە ئەم دەیویست. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەهای دادەنا کە برایە و چوار منداڵی هەیە کە ئەم مامیانە و هیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەوان و ئەو دایکە چاکەی هەیانە، دەبێ دڵی رابگرێ.

دوای نانخواردن، زایەر وتی:

– کاکە .. قسەیەکم هەیە دەمەوێ بیکەم و بزانم تۆ ڕات بەچییە!.

– دەی فەرموو.

– ئاخر حەزدەکەم هەر دووقۆڵی بین.

– هەستە با بچینە ئەودیو.

لەوێ کە دانیشتن، وتی:

– کاکە .. دەمەوێ ژن بێنم.

ئەم قسەکەی هێندە بەلاوە سەیر بوو، کە واقی وڕما و لە بەرامبەریدا هیچی بۆ نەوترا!.

تا کاتێ ئەو دەسپێشخەریی کرد و وتی:

– خۆ گوڵناز، هیچ عەیب و خراپەیەکی نییە و من زۆری لێ رازیم. بەڵام ...

ئینجا ئەم بە ڕوویەکی گرژەوە وتی:

– بەڵام چی؟! .. هیچ عەیب و خراپەیەکی نییە. زۆریش لێی ڕازیت. ئەوەش بڵێ کە چوار منداڵت لێی هەیە. ئیتر چیت لێی دەوێ و ئەم ژنەی بۆچی بەسەر دێنیت .. ئەم غەدرەی بۆ لێ دەکەیت؟! .. ها بۆچی؟!.

– ئاخر کاکە .. حەزم لە ژنهێنانێکی تریشە. یا چاکتر وایە بڵێم: کچێکم دیوە و زۆر چووە بەدڵمدا و بەدەست خۆم نییە!.

ئەم زیاتر سەری سوڕما، وتی:

– حەی .. دڵداری دەکەیت؟!. بە ژنێك و چوار منداڵ و بەو تەمەنەوە، تیری ئەشق دڵتی پێکاوە؟!.

– نا کاکە. مەسەلەکە وانییە. هەر ئەوەندەیە بینیم و سەیرم کرد زۆر جوانە و کە بیرم لێ کردەوە، وتم هێنانەکەشی ئاسانە .. ئیتر ئاوابوو.

– لە کوێ دیت و چۆن ئاسانە؟ .. ئادەی بزانم ..

– هەر لێرە، لە ماڵی ئێوە.

– کێیە؟!.

– خوشکەکەی زۆراب .. لەگەڵ نازەدا هاتبوو.

وەستا ئەمجارە دایە قاقای پێکەنین. زایەر دەمی داچەقاند و چاوی بەسەر ڕووی کاکیدا ڕوا. ئینجا کاك دوای ئەوەی تێر پێ کەنی، زۆر هێمنانە و لەسەرخۆ وتی:

– گوێ بگرە کوڕی باوکم .. یەکەم: هەر لە بنەڕەتەوە واز لە کەڵکەڵەی ژنهێنان بێنە و ماڵی خۆت وێران مەکە. ژنێکی زۆر ڕێکوپێك و ئاغر و سەنگین و چوار منداڵی ژیکەڵە و جوان و زیرەکت هەن. دووەم: ئەو کچە تەمەنی پازدە شازدە ساڵە و تۆ تەمەنت چل و چوار ساڵە واتە دوورە حەزت لێ بکا و پێت ڕازی ببێ. سێیەمیش: ئەگەر بەتەمای خەڵەتاندن و قایلکردن، یا با بڵێین: کڕینیت لە کەسوکاری، تەماکەت بەتاڵ و پووچە، چونکە ئەوان لەو بابەتە نین. تێ گەیشتیت؟.

– یانی پەنا بەرمە بەر خەڵکی تر؟.

– یانی قسەکانم نەچوونە مێشکتەوە .. واز ناهێنیت؟!.

– نەء.

– سا کەوابوو ئا .. بڕۆ کێ بۆت دەکا با بیکا .. بزانم دەتوانێ.

– ئەی چییان وەرام بدەمەوە؟!.

وەستا چەندە لە خۆی دڵنیابوو، کە قەت لەو کارە ناهەموارەدا بەشداری ناکا، هێندەش سوور بوو کە نەیکا، دایە لایەنی گاڵتەوگەپ و وتی:

– بڵێ کاکم چۆلەکەم بۆ ناگرێ!.

زایەر تا ماوەیەك پیشی خواردەوە و بێدەنگ بوو. ئینجا لە ناکاوێکدا، ڕاپەڕییە، سەرپێ بڕوا، وەستا وتی:

– بشڵێ کاکم پێم دەڵێ: چۆلەکەیەکی زۆر جوان و ڕەنگینم بۆ گرتوویت و هەر ئەو سەروزیادتە. جەناب لە بیرت نایەت، بۆ گوڵناز چۆن شێت و هار بووبوویت؟ .. لە بیرت نایەت، بە چ هەوڵ و تەقەلایەك بۆم سەندیت؟ .. چەند پیاوی ماقووڵم کرد بەگژیاندا تا ڕازیم کردن؟ .. لە بیرت نایەت؟!. ئێستاش ...

ئەو لەوە زیاتر ڕانەوەستا. بێ خواحافیزی کردن، بەتووڕەییەوە ڕۆیشت. وەستا کە گەڕایەوە، خازە لێی پرسی:

– ئەرێ زایەر بۆچی وا تووڕە بوو؟ .. باسی چیتان دەکرد؟!.

– هیچ .. شتێکی نێوان خۆمان بوو.

– نێوان خۆتان وەکو چی؟.

– نەیزانیت چاکترە.

خازە لەو وەختەدا، لەبەر منداڵەکان کە گوێ قولاغ بووبوون، وازی هێنا و لەسەری نەڕۆیشت. بەڵام دوایی کە چوونە ناو جێگەوە، چووەوە گیانی. تا لە ئەنجامدا ناچاری کرد لە نووکەوە بۆی بگێڕێتەوە وتیشی:

– بەهیچ کلۆجێ، نابێ لای کەس باسی بکەیت با نەگاتەوە بەگوڵناز، بەڵکو ئەمە خوایە واز بێنێ و بەوەندە ببڕێتەوە.

***

## ٩

عەسری ڕۆژێکی چلەی هاوین بوو کە ئەختەر، دوای خۆگۆڕین و کەمێ دەست بەخۆداهێنان، بەدایکی وت:

– دەچم سەرێکی ماڵی پوورە لەیلێم دەدەم. هیچ ڕاسپاردەیەکت هەیە؟.

– ئا .. بڵێ: کوا بەشە قەرەخەرمانەکەمان؟. ئەو منی دەسخەڕۆ کرد. وتی: تۆ مەیکە، من بەشی تۆش دەکەم. کەچی هیچی دیار نەبوو.

– یانی ئەمانەی هەموو پێ بڵێم؟.

– نانا .. هەر بڵێ کوا قەرەخەرمانەکە.

کاکی ئەختەر کە ماوەیەك بوو، لەو زۆر چوونە دەرەوانەی بەتەنیا کەوتبووە نیمچە گومانێکەوە، لە ناکاوێکدا وەك گومانەکە زۆری بۆ هێنابێ، ڕاپەڕییە سەرپێ!. کەمێ ڕاوەستا و بیرێکی لێ کردەوە. ئینجا بڕیاریدا و بەپەلە خۆی گۆڕی. سەرەتا نیازی وابوو. بەدزییەوە دوای بکەوێ و شوێنپێی هەڵبگرێ. بەڵام کە باشتر بیری کردەوە، ڕای گۆڕی و بۆ ئەوەی ماوەیەك خۆی دوابخا، بەبیهووده بەناو ماڵەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن. دایکی هەستی پێ کرد، وتی:

– مەجی .. چ خێرتە؟!.

مەجی شڵەژا. وتی:

– ها؟ .. من؟ .. هیچم نییە. دەمەوێ بچمە دەرەوە.

ئیتر بەخێرایی لە ماڵ چووە دەرەوە. هەمدیس بۆ خۆدواخستن، بەڕێگەیەکی دوورتردا کۆڵانە و کۆڵان، بەرەو ماڵی پووری چوو. کە گەیشت، بێ دانیشتن وتی:

– پوورێ .. دایکم دەڵێی قەرزی بەسەرتەوە هەیە. سەری زمانی و بنی زمانی، قەرەخەرمانەکەیە و دەڵێ: بۆچی بۆی نەناردم؟!.

– پێش تۆ ئەختەریش هەر باسی کرد. کوڕە حازرە باوکم، وەڵڵا حازرە!. من لەو

وەختەوەی کردم، بەشەکەیم بەجیا دانا و ئیتر ڕێك نەکەوت بۆی بنێرم. کە یەکێك دەبوو بیبا، من لە بیرم نەدەبوو. کە لە بیرم دەبوو، لەو ساتەدا کەس بەدەستەوە نەدەبوو. فەرموو هەر ئێستا تۆ بۆی بەرە و ڕزگارم ببێ.

– زۆرە؟.

– زۆرە .. ئەختەر بۆی هەڵنەدەگیرا، دەنا بەودا دەمنارد.

– یانی ئەختەر هات و ڕۆیشت؟!.

– ئا.

– بۆ کوێ؟!.

– بۆ ماڵەوە .. بۆ کوێی تر هەیە بچێ؟!.

– سەیرە! .. چۆن وا زوو؟!.

– نازانم .. وا تێ دەگەم ئیشێکی بە خەجێ هەبوو.

خەجێ کە جگە لە خزمایەتییەکە، لەگەڵ ئەختەردا هەم دەستەخوشك و هەم هاوپۆل و هاوقوتابخانە بوون، لەو ساتەدا لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە بۆ هەیوان و وتی:

– نەء دایە .. نەچووەوە بۆ ماڵەوە. لای من وتی: دەچم سەرێکی ماڵی مامۆستا گەلاوێژیش دەدەم.

ئەو لە نهێنییەکەی ئەختەر ئاگەدار بوو. هەموو شتێکی بەدرێژی پێ دەزانی و لەلاشی ئاشکرا بوو، بۆ کوێ چووە. بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆی زانی بەفریای بکەوێ، بەتایبەتی کە هەر زوو گومانی لە هاتنەکەی مەجی کرد. ئەم بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– مامۆستا گەلاوێژ؟! .. ئیشی بەماڵی ئەوان چییە؟!.

– بەلاتەوە سەیر نەبێ. ئەوان هەر بەناو مامۆستا و قوتابین. ئەگینا لە ڕاستیدا، بوونەتە دەستەخوشکی یەکتری.

– ماڵیان لە کوێیە؟.

– نازانم .. من قەت نەچووم. جا ماڵیانت بۆ چییە؟.

خەجێ ماڵی گەلاوێژی چاك پێ دەزانی. لەبەرئەوەی لێپرسراوی ئەمان

هەردووکیان بوو، کۆبوونەوەیان بەردەوام لەوێ دەکرا. بەڵام بۆ شوێنەونی، قسەکەی هێندە بەبێزاری و ڕووگرژییەوە کرد، کە مەجی لەلای خۆیەوە تەریق بووەوە. ئینجا کە پووریشی وتی:

– مەجی کورِم .. چیتە؟ .. تۆ قسەی سەیر دەکەیت؟.

ئیتر لەسەری نەڕۆیشت و وتی:

– کوا قەرەخەرمانەکە؟.

بۆ ئەوەشی وەها خۆی نیشان بدا کە ئاساییە، بزەیەکی خستە سەرلێوی خۆی و وتی:

– با بچم لە بەردەمیدا دایبنێم و ئۆخەی بکا.

دوای ڕۆیشتنی، خەجێ سەری دنیای لێ هاتەوە یەك. دەیزانی کە نیوەی دەلاقەکەی پینە کردووە. بەڵام ئەی نیوەکەی تری چۆن؟!. ئەختەر بۆ لای خورشید چووە، نەك گەلاوێژ. باشە چۆنی ئاگەدار بکا کە ئەگەر مەجی پرسیاری لێ کرد، هەمان وەرامی ئەم بداتەوە؟. ئەم دەیزانی کە لە ماڵی برادەرێکی خورشید یەکتری دەبینن. بەڵام کێیە و ماڵیان لە کوێیە؟ .. نازانێ. زۆر تەنگەتاو بوو. گەلێ مێشکی خۆی هەڵووشی و چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە. تا لە ئەنجامدا، بڕیاری دا هەڵمەت بەرێ و چی دەبێ با ببێ. بەدایکی وت:

– دایە .. حەز دەکەم بچم ئەمشەو، لە ماڵی پوورە ئامین بم.

دایکی داواکەی بەلاوە سەیر بوو!. لە ناخدا یەکسەر بەستییەوە، بەهاتنەکەی ئەختەر و مەجی و قسەکانییەوە. بە سەرسامییەوە وتی:

– بۆچی؟!.

– بۆچی؟! .. جا دایە پرسیاری پێ دەوێ؟!. ماڵی بێگانەیە؟!. هەر ئەوەندەیە کە ئەختەر، بۆ ئەوە هاتبوو شەو لەلای بم و وتم نایەم. بەڵام ئێستا وا پەشیمان بوومەوە و دەچم.

دایکی، نە مرۆڤێکی ساوێلکە بوو، نە زۆریش بێ خەبەر لە پسەپس و بێنەوبەرەی نهێنییان. بەڵام پڕ بەدڵ، لە ئاغری و سەنگینی و دڵ و دەروون پاکییان دڵنیابوو. ڕاستە نەچووبووە بنج و بناوانەوە کە خەریکی چین و بە چ دەردێکەوە گرفتارن، کە

ترسی هیچ کردار و ڕەفتارێکی ناشیرین و نابەجێی لێ نەدەکردن. بۆیە بەدەم بزەیەکی پڕ ماناوە وتی:

– بەخوا چەتیوینە .. من دەزانم شتێکتان لە ژێر سەردایە و لە منی دەشارنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕۆ قەیناکا. ئەوەش بزانە، دوایی هەر پێ دەزانم و لە چنگم دەرناچن. مەڵێن نەخوێندەوارە و نافامێ.

خەجێ بەگەشکەدارییەوە، دەستی کردە ملی. ماچی کرد و وتی:

– دایکە .. دەزانیت چی؟.

– چی؟!.

– زۆر زۆرم خۆشدەوێیت.

دایکی بۆی پێ کەنی، وتی:

– پێم گەیشت .. سوپاست دەکەم .. بڕۆ خوات لەگەڵ.

کاتێ گەیشتە جێ، سەیری کرد مەجی وەك خۆی مەڵاس دابێ، لە هەیوانەکەدا کورسییەکی داناوە و ڕووە و دەرگەی حەوشە دانیشتووە. کە گەیشتە ئاستی، ئەو بەدەم خێسەیەکەوە وتی:

– سەیرە! ..

ئەم بەکەمتەرخەمییەوە وتی:

– چیت پێ سەیرە؟.

– ئەم هاتنەت .. من پێش تۆزێ لە ماڵی ئێوە نەبووم؟!.

– با .. جا چییە؟.

– تۆ هیچ باسی ئەم هاتنەت نەکرد!.

– جا بۆچی باسی بکەم؟! .. لەگەڵ ئەختەردا ڕێك کەوتبووم کە بێم شەو پێکەوە بین و وا هاتووم. ئیتر سەیرەکەی لە کوێدایە؟!.

ئەو ئیتر بەدەم زەردەخەنەیەکی بە مەغزاوە، وتی:

– ئاوا! .. ئێ ئێ! .. بەخێربێیت .. زۆر بەخێربێێت!.

لەو ساتەدا، پووری لە ژوور هاتە دەر و لێی بەئاگا هات. بەگەرمەوە بەخێرهاتنی

لێ کرد. ئەمیش دوای وەرامدانەوە، خۆی کرد بەژوورەکەی ئەختەردا، لە کاتێکدا مەجی کە بەم هاتنەی زیاتر لە ئەختەر کەوتە گومانەوە، وای بۆ چوو کە جارێ ناگاتە هیچ ئەنجامێك و بۆی بەگیر نایەت. بۆیە هەڵسا و لە ماڵ چووە دەر.

زۆری نەخایاند، ئەختەر پەیدا بوو. کە چاوی بەخەجێ کەوت وا لە هەیوانەکەدا لەگەڵ دایکیدا دانیشتووە، زۆری بەلاوە سەیر بوو!. خەریك بوو بەقسە دەری ببڕێ و خەجێ چاوێکی لێ داگرت، وتیشی:

– دەبینیت؟ .. من وەکو تۆ نیم. من کە بەڵێنم دا و وتم: دێم شەو لەلات دەبم، دێم.

ئەختەر خێرا تێ گەیشت کە شتێك لە کایەدایە. بەخێرهاتنی لێ کرد و چووە ژوورەوە. کە خەجێ خۆی گەیاندێ، ئەم بەدەنگێکی نزم لێی پرسی:

– چی بووە؟!.

ئەویش بەدەنگی نزم وتی:

– کاکت .. لەوە دەچێ شتێکی پێی زانیبێ.

– چۆن؟! .. بەچیدا؟!.

باسەکەی بۆ گێڕایەوە و ئینجا وتی:

– کەوابێ ئەگەر لێی پرسیت: لە کوێ بوویت، بڵێ: لە ماڵی مامۆستا گەلاوێژ بووم.

– تۆ بڵێی؟! .. بڕوا ناکەم بیگەیەنێتە ئەوە.

ئیتر کاك هاتەوە، ئەم دەستی لەسەر دڵی بوو. کەچی کە هاتەوە، نەك هەر هیچی لەو بارەیەوە نەوت، بگرە سەروزمانیشی هێندە لەگەڵیاندا ئاسایی بوو کە دەتوت هەر هیچ ڕووی نەداوە.

***

شەو کە کاتی خەوتن هات، بەرودوا بڵاوەیان لێ کرد. مەجی کردبووی بەپیشە و هەر لە حەوشەکەدا دەنووست. سەربانیش دوو چیغی لێ ساز درابوو. یەکێکیان بۆ دایکە و باوکە و منداڵە وردەکان. دووەمیش بۆ ئەختەر و خوشکێکی کە تەمەنی دە ساڵان بوو.

مانگەشەوێکی گەلێ دڵگیر بوو. مانگ بەتەختی ئاسمانەوە خەرمانەی دابوو. تیشکێکی زیوینی وەها گەشی بەدنیا دەدا، کە پەڕەی دڵی دەلەراندەوە. کاتێ ئەمان

سەرکەوتنە سەرەوە و ڕاکشان بنوون، خوشکی بچووك لە زووەوە چووبووە شیرین خەوی خۆیەوە. هەردووکیان خۆیان خستبووە سەر گازی پشت و چاویان بڕیبووە ئاسمان. ماوەیەك بەخامۆشی مانەوە. هەریەکەیان لە دەریای هەست و نەستی خۆیدا مەلەی دەکرد. تا ئەختەر لەبەر خۆیەوە وتی:

ئەی مانگ من و تۆ هەردووك هاودەردین

هەردووك گرفتار یەك ئاهی ساردین

خەجێش هەر لەبەر خۆیەوە بۆی سەندەوە و وتی:

تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە

منیش دەربەدەر بەشارانەوە

ئەوسا ئەختەر، بێ سەربزواندن وتی:

– تۆ چی تێدا دەبینیت؟!.

ئەو وتی:

– مـن؟ .. وێنـەی شۆڕەسوارێکـی مـەرد و کـارامـەی ئـەوتـۆ، کـە بـەتـەنـیـا شمشێر وەشاندنێك، ئەم رووە تەڵخەی دنیام بۆ بگۆڕێ بە ڕوویەکی گەش. ئەی تۆ؟.

– من وێنەی خورشیدی تێدا دەبینم، چونکە دەزانم ئەو شۆڕەسوارەکەیە.

– دڵنیایت کە بەهەڵە نەچوویت؟.

– تەواو دڵنیام .. چۆن دڵت دێ ئەو قسەیە بکەیت؟.

– ببوورە .. من هێشتا لە دنیای خەیاڵدام و تۆ، پێت ناوەتە دنیای ڕاستەقینەوە. جیاوازییەکەش ئاشکرایە چەندە.

– ئاشکرایە .. بۆیە حەز دەکەم، تۆش بێیتە دنیاکەی منەوە و دەشتوانیت.

– چۆن؟!.

– ئەوڕەحمان.

– ئەوڕەحمان کێیە؟!.

– برادەرەکەی خورشید .. ئەوەی لە ماڵیان یەکتر دەبینین.

خەجێ لە قسەکەی پەست بوو. خۆی بۆ خستە سەرلا و بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– لە گۆترە؟! .. یانی تۆش لە گۆترەخوازانیت؟ .. سەیرە!.

ئەختەریش رووەو ئەو، خۆی خستە سەرلا. لەسەرخۆ وتی:

– نەء .. وای تێ مەگە .. بیبینە و بیدوێنە و هەڵی سەنگێنە، ئینجا دەزانیت چ کوڕێکە. دەترسم دوایی، تووشی دەروێشێکی دەغەزاری دڕندە بیت!.

– تۆ ئەو کوڕە وەها دەبینیت .. کێ دەڵێ بەلای منەوە وەها دەبێ. یا ئەگەر وەهاش بێ، کێ دەڵێ ئەو دڵی بەتاڵە!.

– ها؟! .. خۆ ڕاست دەکەیت .. کێ دەڵێ!.

هەردووکیان بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون و بە قسەکانی خۆیاندا دەچوونەوە. تا ئەختەر کەوتەوە قسە و وتی:

– حەز دەکەیت بچمە بنج و بناوانییەوە؟.

خەجێ خێرا وتی:

– نەء .. جارێ وازی لێ بێنە .. با بیرێکی لێ بکەمەوە.

سەرلەنوێ بێدەنگ بوونەوە. بەڵام لە ناکاو، خەجێ وتی:

– ئەرێ بەڕاست .. بۆچی لەناو ئەو هەموو جۆرە پیاوەدا کە هەن دەروێشێکی دەغەزاری دڕندەت، بەسەر دەمدا هات؟!.

– وەڵا چووزانم! .. لەو ساتەدا، حیکایەتەکەی مریەم و مێردەکەیم بەبیردا هات .. ئەوەی ماموستا گەلاوێژ بۆی گێڕاینەوە.

– تا ئەو ڕادەیە؟.

– ئەی بۆ نەء .. گریمان دەروێشەکە نا، پیاوێکی پیری دەوڵەمەندی شەیتان ڕوو داوای کردیت و باوکت رازی بوو، چی دەکەیت؟.

– باوکم شتی وای لێ ناوەشێتەوە.

– نانا .. دەڵێم گریمان ..

– نایکەم.

– پێت لێ دەکاتە کەوش و دەڵێ: هەر دەبێ بیکەیت.

– پێی لێ دەکەمە کەوش و دەڵێم: هەر نایکەم.

– ئاخر هەر بەوەندە ناوەستێ. دەڵێن: وەرە بۆمانی روون بکەوە بۆ نایکەیت؟ .. دەبێ شتێکت لەژێر سەردابێ. دەبێ حەزت لە یەکێ کردبێ و پێمان بڵێ کێیە. یا رەنگە دوورتر برۆن و بڵێن: دەبێ خۆت دۆڕاندبێ و لە ترسی ئاشکرابوونت نەیکەیت.

– هاها! .. مەمتۆقێنە. گوایە هێندە بێ ویژدان و بێ بەزەیی دەبن؟!.

– نەء .. بۆ ئەوان بڕوا ناکەم. بەڵام شتی وا زۆر ڕووی داوە. گرفتەکە لەوەدایە کە بۆ نموونە کاکم، بەلایەوە دەشێ کە خۆی لە دە خوشکی دە کەس بکا و پێوەندییان لەگەڵدا ببەستێ، کەچی ئەگەر یەکێك حەز لە خوشکەکەی خۆی بکا و پێوەندیی لەگەڵیدا هەبێ، دەبێتە کفری حەوت مەزەب و گۆشاوگۆش سەربڕینی، بەئەرکی پیرۆزی سەر شانی خۆی دەزانێ و گوایە، پێی شەرەفمەند دەبێ!.

– بەڕاستی سەیرە!.

– سەیر و بەس!!.

هەردووکیان خامۆش بوونەوە. خۆیان ختسە سەر گازی پشت و روانییانەوە خەرمانەی مانگ. خەیاڵ هەریەکەیانی بەلایەکدا برد. خەجێ، کارەساتەکەی نێوان خۆی و مەجیی هاتەوە پێش چاو. تا ئەو کاتە، تەنیا نیوە و نیوەچڵ بۆ ئەختەری باس کردبوو. بەو نیازەی بەبارە ڕاستەقینەکەیدا بۆی بگێڕێتەوە، باسی بردەوە سەر ئەو و وتی:

– باشە تۆ بۆ لەمەودوا، بەرامبەر بەگومانەکەی کاکت، چی دەکەیت؟.

ئەختەر وتی:

– پێش وەرامدانەوەت، ئێستا شتێکم بیر کەوتەوە .. با پێتی بڵێم.

– ئادەی ..

– خورشید و ئەوڕەحمان بڕیاریان داوە دەست بکەنەوە بەخوێندن. حەز دەکەم بزانیت کە نەخشەکەش ئەوڕەحمان دایناوە.

– چی دەکەن؟ .. چۆن؟!.

کە بۆی باس کرد، خەجێ وتی:

– جا تۆ بڵێی بۆیان بچێتە سەر؟.

– من دڵنیام.

– دیاره زۆرت پێ خۆشه.

– زۆر زۆر .. ئەی تۆ؟.

– من؟! .. من بۆچی؟!.

– هیچ .. هیچ تۆ جارێ بیری لێ دەکەیتەوە .. وانا؟.

– با واز لەو باسە بێنین .. با بێینەوە سەر پرسیارەکە.

ئەختەر بێدەنگ بوو. ئەم هەر لەو ساتەوەی خەجێ هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند، مێشکی خۆی ئاڵاندبووە هەمان پرسیار و بەدەستییەوە دەتلایەوە. هەر دەیهێنا و دەیبرد و نەدەگەیشتە ئەنجام. بۆیە لە وەرامیدا وتی:

– نازانم .. جارێ نازانم .. دەبێ زیاتر بیری لێ بکەمەوە.

– بەڵام پشت گوێی نەخەیت باشە. کاکێکی بلّح و بێ ئامانت هەیە .. خۆ پێت ناخۆش نییە؟.

– نەء .. دەزانم .. چاك بوو تۆ هەر زوو خۆت لێ رزگار کرد.

– دەزانیت من لە وەختی خۆیدا، نیوە و نیوەچڵ بۆم گێڕایتەوە؟.

– توخوا؟! .. چۆن؟ .. ئادەی بزانم.

– من تەنیا هێندەم بۆ باس کردیت کە وتی: من خۆم خۆشدەوێ و حەزم لێتە. بەڵام قسەی خۆمان بێ هەر ئەوەندە نەبوو، بگرە پەلاماری دام و شاڵاوی هێنایە سەرم!. هەستم کرد نیازی زۆر خراپە و زانیم چی دەوێ. بۆیە منیش، ئەگەرچی زارەترەك بووبووم، بەڵام ئەوە وای لێ کردم کە هەرچی تین و توانا لە جەستەمدایە، لێی بخەمە کار. ئیتر پاڵێکی وەهام پێوە نا، کە لەولاوە لنگەوتلوور دام بەزەویدا. بەدوایدا فرسەتم هێنا و ئەو ڕاکردنەی ڕام کرد، هەتا ماڵی خۆمان نەوەستامەوە.

– ئەی دوای ئەوە؟.

– ئیتر ببڕایببڕ، وازی هێنا و لە کۆڵم بووەوە.

– نەء .. وای تێ مەگە .. دێتەوە وێزەت. ئاگات لە خۆت بێ.

– ڕاست دەکەیت. منیش ترسم هەر لێی هەیە و خۆمی لێ دەپارێزم.

– ئینجا چاوت لێیە؟ .. بەلایەوە دەشێ خۆی، تەنانەت بەرامبەر تۆی پوورزای

ئاوەها کردار بکا، چ جایە بێگانەیەك دەگا. کەچی بە کفری دەزانێ، ئەگەر کوڕێك پێوەندییەکی دڵداری و بەنیازێکی پاکیش، لەگەڵ خوشکەکەی خۆیدا ببەستێ!.

ئەمجاریش دوای ماوەیەك بێدەنگی و هەڵفڕینی هەریەکەیان، بەئاسمانی خەیاڵی خۆیدا، هەر خەجێ لە ناکاو لێی پرسی:

– ئەختەر .. راستم پێ بڵێ: خورشید هیچت لێ ناکا؟!.

– وەکو چی؟.

– ناڵێم وەکو شاڵاوەکەی کاکت بۆ من، بەڵام هیچ دەستت بۆ ناهێنێ؟.

– قەت نەء .. لە کاتێکدا بیشیکا ئاساییە، چونکە من دەچم بەحوسن و رەزای خۆم، دڵ و گیان و جەستەی خۆمی دەخەمە بەردەست.

– ئەی چی دەکا؟.

– حەز دەکەیت بۆتی باس بکەم؟.

– زۆر.

– دە گوێ بگرە .. هەرکە دەگەمە جێ، یەکەم جار دایکی ئەوڕەحمان پێشوازیم لێ دەکا.

ئینجا کە خورشید دێ، دەکانباتە ژوورەکەی ئەوڕەحمان. بەڵام سەرنجم داوە کە چاومان لێ غافڵ ناکا. جگە لەوەی ئەو، هەر لە یەکەم جارەوە وتی: کوڕە هۆ و .. ئەوە پێتان دەڵێم:

لێتان ببینم پێ خوار دابنێن، جارێکی تر لەم ماڵەدا یەکتری نابیننەوە. ئیتر کەیفی خۆتانە.

– خۆ دایکی ئەوڕەحمان بەدیارتانەوە دانانیشێ .. باسی ئەوم بۆ بکە .. چی دەکا؟.

– ئەو .. تا قسەی خۆشم بۆ دەکا، قسەی ناخۆش. تا دەنگوباسی ئەم دنیا فراوانەم بۆ دەگێڕێتەوە، دەنگوباس. ئینجا کە جارناجارێکیش فرسەتم لێ دەهێنێ ...

ئەختەر تەواوی نەکرد. روانییەوە خەرمانەکەی مانگ و مت بوو. خەجێ کە لێی وورد بووەوە، لەژێر تیشکی مانگەشەوەکەدا، زەردەخەنەیەکی پڕ لە شادمانیی بەسەر لێوەوە بینی. ئەم بۆ تەواوکردنی قسەکە بەپەرۆش بوو، وتی:

– ئێ؟! .. كە فرسەتت لێ دێنێ، چی دەكا؟!.

ئەختەر بێ ڕوو وەرگەڕاندن بەلایدا، هەر بەدەم زەردەخەنەیەكەوە وتی:

– بەئەسپایی، بەڵام بە سڵەمینەوەیەكی پڕ لە شەرمنییەوە، ڕوومەتم .. ناوچەوانم .. چاوم ماچ دەكا.

– هەر ئەوەندە؟.

– هەر ئەوەندە.

– ئەی ناترسیت لە پڕ شاڵاوت بۆ بێنێ؟.

– حەیفت نەكرد .. خورشید و ڕەفتاری وەها؟! .. دوورە .. زۆر دوورە.

ئەو وەختە، شەو تەواو درەنگ بووبوو. هەردووكیان خەو زۆری بۆ هێنابوون. كە بڕیاری خەوتنیان دا و بێدەنگ بوون، زۆری نەخایاند خەو بردنییەوە.

***

## ١٠

زایەر بەقسەی کاکی نەکرد و قەوماندی. ناردییە خوازبێنیی ئاسکۆڵ و بەدوایدا زنجیرەیەك بۆمبا تەقییەوە. یەکەم جار خورشید یەخەی کاکی گرت و وتی:

– هەبێ و نەبێ لەژێر سەری تۆدایە!.

ئەو واقی وڕما، وتی:

– چی؟!.

– ناماقووڵییەکەی زایەر.

– بۆچی؟! .. چی بووە؟!.

خورشید هەستی کرد کە ڕەنگە پەلەی کردبێ. دەمودووی خۆی گۆڕی و ئەمجارە لەسەرخۆ وتی:

– کاکە .. بەڕاستتە کە نازانیت؟.

– بێگومان .. باست لە چییە؟!.

– زایەر .. جەنابی ناردوویێتییە خوازبێنیی ئاسکۆڵ!.

ئەویش لە سەرەتادا، حیرس گرتی و وتی:

– یانی چی! .. زایەر و ئاسکۆڵ کوجا مەرحەبا؟!.

بەڵام کە لە خورشید و قسەکانی بەئاگا هاتەوە، باسە سەرەکییەکەی واز لێ هێنا و بەدەنگێکی پڕ لە گلەییییەوە وتی:

– باشە من جارێ دەمەوێ بزانم: بۆچی وەهای بۆ چوویت؟ .. عەیبت نەکرد؟!. یا لەو وەختەوەی لێتان جیا بوومەتەوە، لەلاتان بوومەتە بێگانەیەك و زۆرابەکەی جاران نیم؟.

خورشید زۆر تەریق بووەوە و سەری داخست. بێ سەیرکردنی وتی:

– کاکە .. نازانم بڵێم چی! .. بمبەخشە .. کە بیستم، زۆر کەللەیی بووم. وتم: ڕەنگە زایەر وەستای قایل کردبێ و ئەویش لەگەڵ تۆدا قسەی کردبێ. بمبەخشە.

زۆراب لەسەر پیشەی خۆی، هەر خێرا هێمن بووەوە. دەستی نایە سەر شانی و وتی:

– هیچ دڵگران مەبە و لە بیر خۆتی بەرەوە. بەڵام تۆ بۆم باس بکە .. چۆن بووە؟.

کە بۆی گێڕایەوە، لە دوا قسەیدا وتی:

– دەبێ بەپشتی وەستا نەیکردبێ؟.

زۆراب وتی:

– لەمەشیاندا پەلە مەکە .. وازی لێ بێنە بۆ من. من دەیدوێنم.

دوای تۆزێ بێدەنگی، لە ناکاو وتی:

– ئەرێ بەڕاست .. حەز مکەم بزانم: بۆچی دەتەوێ بچینە بنج و بناوانییەوە؟!.

سووك و ئاسان دەڵێین: نایدەین و بڕایەوە.

– نەء کاکە .. نایدەین ئەوە هیچ .. بەڵام دەترسم شتێك لەژێرەوە هەبێت و نەیەڵێت، بە نەئەکەی ئێمە ببڕێتەوە!.

– ئاوا؟ .. چاکە .. وەستا واز لێ بێنە بۆ من.

وەستاش لەلای خۆیەوە، هەر هێندەی هەواڵەکەی لە دەمی زۆراب بیست، تەقییەوە و وتی:

– قەومای .. ئەو خوێڕییە ئاخری قەومای!. چەندە ئامۆژگاریم کرد .. چەندە وتم : کوڕە نەکەیت .. کەچی! ...

ئیتر، وەك بیەوێ ئان و سات بچێ، دەست بداتە یەخەی زایەر و ڕیسوای بکا، هەڵسایە سەرپێ. بەڵام زۆراب داینیشاندەوە و وتی:

– تۆ هیچ خۆت سەغڵەت مەکە .. داوایەکە و کردوویێتی و لە وەرامیدا، دەوترێ نەء و دەبڕێتەوە.

***

هەر دوای سێ ڕۆژ، بۆمبای هەرە گەورە، لە بن دەستی زایەر خۆیدا تەقییەوە. هەواڵ دەماودەم پێچە بەدەورەی خۆی کرد، تا گەیشتەوە بەرگوێی گوڵنازی ژنی. بەدوایدا، سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق تەنیا بەسەر زیندوو بوو، دەنا بەهەست و نەست و بیر و هۆش، لە ڕیزی مردوواندا بوو. تا لە عەسری ڕۆژی سێیەمدا، وەك هێزێکی ئەفسانەییی

بەبەردا کرابێ، لە ناکاوێکدا شێتانە ڕاپەڕییە سەرپێ. پەلاماری عەباکەی دا، لە ماڵ دەرپەڕییە دەرەوە و بەرەو لای دایکی ئاسکۆڵ، تەکانی دا.

ناسیاوییان لەگەڵ یەکتردا تا ئەو کاتە، تەنیا هێندە بوو کە دووجار، لای دایکی نازە ڕێککەوتی یەکتریان کردبوو. بەڵام هەرکە پێی نایە ناو ماڵەوە، زوو تێ گەیشت بۆچی هاتووە.

هەر هێندەی ئەو سەری باسەکەی دەرخست، ئەم خێرا وتی:

– دڵ لە دڵ مەدە .. وتمان: نەء و نەئەکەشمان، ببڕاییبڕە.

ئەو کە تا ئەو وەختە، تەمێکی چڕی داخ و خەفەت ڕووی تەنیبوو، بەو قسەیە تا ڕادەیەك ڕوون بووەوە و دڵی حەوایەوە. ئینجا ئەم بۆ زیاتر دڵنیاکردنی، وتی:

– باشە ئەو کابرایە شێت بووە .. هار بووە .. ئەی چی؟!. تۆ چ عەیبێکت هەیە؟!. لە جوانی و ڕێکوپێکیدا .. لە ماڵداری و کارگوزاریدا .. لە سك و زاو منداڵ پەروەریدا، هیچ عەیبێکت نییە. ئیتر بۆ وا خۆی بێ ئەقڵ کردووە؟!.

بەم قسانە، هێندەی تر گەشکەدار بوو. پێی نابەجێ نەبووایە، هەڵدەستا و بۆ دەربڕینی ڕێزی خۆی لە عۆیەی ئەو هەڵوێستەیدا، دەست و پێی ماچ دەکرد. بەڵام لە وەرامیدا وتی:

– نازانم .. سەبری خان منیش نازانم بۆ وای کرد؟!. تا ئێستا قەت شتی وای بەبیردا نەهاتووە!.

– هیچی وا لە نێوانتاندا ڕووی نەداوە، پاڵی پێوە نابێ بۆ ئەم کارە؟.

– نەء .. هیچ .. هەر هیچ. ئاخر من زیاتر ئەوە سەرسامی کردووم، کە هیچ شتێك ڕووی نەداوە!.

– دە کەوابێ، چاکتر وایە تۆش لەلای خۆتەوە، هەر وای دابنێیت کە شەیتان زەفەری پێ بردووە و ئەمەی لە دەست قەوماندووە.

– جا ئاخر دوای چی؟ .. دوای ئەوەی داخێکی وەهای نا بەدڵمدا، کە تا مردن لە بیرم نەچێتەوە؟.

– بەگوێی ئەم خوشکەتی بکە و لە بیر خۆتی بەرەوە. شەیتانە و چووبووە بن کلێشەیەوە. تۆ وای بۆ لە قەڵەم بدە.

– ئاخر بۆچی .. بۆچی سەبری خان؟. خۆم پێ ڕاناگیرێ .. دڵم وەختە بتەقێ.

ئەم پرسیاری (بۆچی)یە، کە جاری هەزارویەك جارە بوو، لە خۆی دەکرد و وەرامی دەسگیر نەدەبوو، هێندە دڵی پڕ لە ناسۆر کرد کە بەدوایدا، هەردوو چنگی لە قژی خۆی گیر کرد و بەهەموو هێزییەوە ڕنییەوە. لەگەڵیشیدا، کوڵی گریانی تەقییەوە و پەیتاپەیتا دەیوت:

– بۆچی؟! .. بۆچی؟!.

سەبری خان، دڵی بۆی پڕ بوو لە گریان، وەك خوشکێکی گەورەی، دەستی لە قژی پێ بەردا و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە، وتی:

– خوشکەکەم .. من لە تۆ دنیادیدەترم و حەز دەکەم، ئامۆژگاریم لە گوێ بگریت. ئەو بۆچییە لە مێشکی خۆت دەربهاوێژە و لەوە زیاتر پێوەی مەتلێرەوە. ئەو پرسیارە دادت نادا و بەهیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێ. قەت نەتبیستووە و نەتدیوە، فلانە پیاو، دوو یا سێ یا چوار ژنی هەبێ؟!. کەوابێ تۆ شوکرانە بکە کە بۆی نەچووە سەر.

ئەو هێور بووبووەوە و بۆ قسەکان گوێ قولاغ بوو. ماوەیەك لە ئاستیاندا، تاس بردییەوە و بێدەنگ بوو. تا وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ، وتی:

– با .. بیستوومە و دیویشمە. بەڵام قەت بەبیرمدا نەهاتووە بەسەر خۆم بێ. گوایە دەشیا بەسەر منیش بێت؟!.

ئەم هەستی کرد، کە ئەگەرچی قسەکەی لە بنەڕەتدا ڕاست و دروستە، بەڵام لەگەڵ مەقامدا نەدەگونجا و نەدەبوو بیکا. بۆیە بایدایەوە و بەلای دڵنیاکردنیدا و وتی:

– خوشکێ .. خراپ لە قسەکەم تێ مەگە. نەشیا و خوا یاربێ، بۆ لەمەودواش هەر ناشێ.

پێم وتیت کە شەیتان چووبووە بن کلێشەیەوە و وەك بینیت، ڕیسەکەی بووەوە بەخوری.

ئیتر، قسەیەك لەملا و قسەیەکی تر لەولاو گفتوگۆ کۆتاییی پێ هات. گوڵناز بەدڵێکی شادەوە، خواحافیزیی کرد و دایکی ئاسکۆڵیش، بەوپەڕی ڕێزلێنانەوە بەڕێی کرد.

***



زایەر

هەر لەو رۆژانەدا، ئاسکۆڵ و ئەورەحمانیش، کەوتبوونە وەزعێکی ناهەموارەوە. ئەورەحمان نا، ئەو لە ئەنجام دڵنیابوو، بەڵام ئاسکۆڵ ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو، کە ئەویشی لەگەڵ خۆیدا، راپێچی ناو گێژاوی بێ ئارام و ئۆقرەییەکە دەکرد. تا لە دوا یەکتربینینیاندا، لە کاتێکدا کە ئەم چۆڕاوگەی فرمێسکی هەڵدەڕشت و دەکڕووزایەوە، ئەو بەنیمچە تووڕەبوونێکەوە پێی وت:

– ئاسکۆڵ .. من پێم وتیت: تۆ هەر بۆ من دەبیت و من بۆ تۆ. تۆ لەخۆڕایی وا لە خۆت دەکەیت! .. بۆ وا دەکەیت؟!.

ئەم هەر بەدەم گریانەوە، وتی:

– ئاخر دەترسم .. ئەورەحمان گیان من تۆقیم. تۆ نازانیت من لە چ حاڵێکدام؟!.

– تۆ زۆر سەیریت! .. وەرامی نەدرایەوە و نەوترا نەء؟!.

– با ..

– ئەی ئیتر ترسی چی؟!.

– نازانم .. هەر دەترسم.

– بەڵام ترسێکی پووچ و بێ مانا .. دەبڵێ وانییە؟.

ئاسکۆڵ هیچ وەرامێکی نەدایەوە. ئەورەحمان دوای کەمێ لێڕامان و لێوردبوونەوەی، بۆ یەکەم جار لەو وەختەوەی دڵیان دا بەیەکتر، خۆی لێ نزیك کردەوە و چووە تەنیشتییەوە.

دەستێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی بەسەر و قژیدا هێنا. دوای کەمێ دوودڵی و سڵکردنەوە، زیاتر خۆی لێ نزیك کردەوە و لەشی نووساند بەلەشییەوە. دەستی کردە ملی و بەئەسپایی ڕوومەتی ماچ کرد. بەدەنگێکی نزم چرپاندی بەگوێیدا:

– قسەیەکم پێیە دەمەوێ پێتی بڵێم. بەڵام بەمەرجێك، فرمێسك وشك بکا و هەنسك نەمێنێ.

ئاسکۆڵ وەك دەستبەجێ دڵی قسەکەی پێ ڕاگەیاندبێ، ئاورێکی بەلایدا دایەوە و سووکە زەردەخەنەیەك، کەوتە سەر لێوی. وردە وردە، فرمێسك وشکی کرد و هەنسك هەڵدان کپ بووەوە.

– ئینجا ئێستا مەرجێکی تریشم هەیە، دەبێ پێ بکەنیت .. دەی بۆم پێ بکەنە.

ئەو بێ ئاوڕدانەوە بەلایدا، بەنازێکەوە بەنەرمی بۆی پێ کەنی. ئەم، ڕوومەتی نووساند بە ڕوومەتییەوە و وتی:

– ئاسکۆڵە گیان و دڵەکەم .. ئەگەر بنێرمە خوازبێنیت، شووم پێ دەکەیت؟.

ئەو وەك گوڵ گەشایەوە. هێندەی پێ دڵشادبوو کە خۆی پێ ڕانەگیرا، شەرمی شکاند و دەستی کردە ملی. هەردووکیان بۆ ماوەیەك ئاوا دەست لەملان مانەوە. تا ئاسکۆڵ لە خۆی وریا بووەوە و دەستی لێ بەردا. ئەوڕەحمانیش وەك ئەوی کرد و وتی:

– دوێنێ شەو لەگەڵ دایکمدا باسم کرد و یەکالاٌمان کردەوە. زۆر زۆری پێ خۆش بوو.

وتی: لە سبەینێ زووتر نییە دەچمە خوازبێنی. بەلاٌم من وام بەچاك زانی، بیخاتە پێنج شەش ڕۆژی تر. ئێستا فەرموو تۆ قسە بکە. رات بە چییە؟.

ئەو ئەمجارە، کەوتە هەڵڕشتنی فرمێسکی شادمانی. بەچاو فرمێسك و بەلاٌم بەدەم و بە ڕوو، دەخنایەوە و پێ دەکەنی، بگرە شاگەشکە دەبوو. دەیویست وەرام بداتەوە هیچی بۆ نەدەوترا. تا کاتێ ئەوڕەحمان وتی:

– ئەگەر حەز دەکەیت سبەینێ دەینێرم.

ئەو کەوتە قسە و وتی:

– سبەینێ درەنگە .. ئێستا بینێرە.

– ئێستا وا ئێوارەیە .. چۆن دەبێ؟

– گاڵتە دەکەم .. تۆ کەی بەباش دەزانیت، وابکە.

کە هەڵسان بڕۆن، ئەوڕەحمان دیواری دوودڵی و سڵکردنەوەی ڕماندبوو. ڕووبەڕووی راوەستا. دوای گەشتێکی پڕ لە شادمانی و بەختیاری، بەناو چاوە رەشە گەشەکانیدا، لێوی نا بەلێوییەوە و بەجۆش و خرۆشەوە ماچی کرد.

***

## ١١

ڕۆژێك لە ڕۆژانی بێ ئیشیی ئەوڕەحمان و خورشید بوو. لە چاخانەکە سەرقاڵی ئەزنیفکردن بوون، کاتێ زۆراب وریای کردنەوە و وتی:

– گوێ بگرن! ..

بەدەمییەوە، سەرنجی بۆ رادیۆکە راکێشان. رادیۆ هەواڵی کۆچی دواییی، شێخ مەحموودی حەفیدی ڕادەگەیاند. ئەوان و هەموو دانیشتوانی ناو چاخانەکە، بۆ ماوەیەك لە جێی خۆیان وشك بوون. هەموو تەمی خەفەتباری دایگرتن. ئەوڕەحمان و برادەرەکانی، دەستیان لە ئەزنیفەکە هەڵگرت و کڕوکاس دانیشتن. وەستا تایەر یەکەم کەس بوو. دەمی هەڵهێنایەوە و وتی:

– لاحەولە وەلا .. شێخی گەورەشمان لە دەست چوو.

سابیر بەدوایدا وتی:

– خوا عافووی بکا .. خوا بەبەهەشتی شاد بکا.

کەسی تر قسەی نەکرد. هەموو هەر لە خامۆشیدا مانەوە. تا ساڵحی لاستیکبڕ، بەپرتاو پەیدابوو. بەپەشۆکاوییەوە لە وەستای پرسی:

– وەستا .. تۆ گوێت لێ بوو؟! .. ڕاستە؟!.

– ڕادیۆکە وای وت مام ساڵح.

– ئای قوڕ بەسەرم. ئای ماڵی وێرانم .. ئای پشتی شکاوم.

ئەمەی وت و هەر بەپرتاو، دەرپەڕییەوە دەرەوە. ناهەقیشی نەبوو. هەموو دەیانناسی کە لە وەختی خۆیدا، یەکێك بووە لە شەڕوانە هەرە ئازاکانی و چەند جار ئەو دەستی دابێتە تفەنگ و ڕاپەڕیبێ، ئەم دەستوبرد لە بەردەمیدا قوت بووەتەوە و خۆی کردووەتە فیدای.

دیمەنەکەی مام ساڵح، بیر و هۆشی ئەوڕەحمانی خستە گەڕ. وریای کردەوە کە ئەم

کۆچی دواییەی شێخ، کۆچکردنێکی ئاسایی نییە. بۆیە دوای ئەو، ئەمیش بێ ئەوەی بزانێ بۆچی، هەڵسا و بەرەو دەرەوە هەنگاوی نا. خورشید لێی پرسی:

– بۆ کوێ؟!.

– هیچ کوێ .. هەروا سەرێك دەکێشمە دەرەوە.

کە چووە دەرەوە و هەڵیڕوانی، بۆی دەرکەوت کە بەهەڵە نەچووە. خەڵکەکە بەئاشکرا پێیانەوە دیاربوو، هەواڵەکەی چۆنی هەژاندوون. بەتایبەتی کە مام ساڵحی بینییەوە، جێ بەخۆی ناگرێ و بەناو خەڵکەکەدا، دەخولێتەوە و ناوی شێخ بووەتە وێردی سەر زمانی. ئەوسا گەیشتە ئەنجام. خورشیدی بانگ کرد و وتی:

– دەچم بزانم چی هەیە.

– چاوەڕوانت بم؟.

– ئا.

زۆر دوور نەکەوتەوە و گەڕایەوە. بانگی لێ کردەوە و وتی:

– چاکتر وایە تۆش بچیت، برادەرانی ترمان ئاگەدار بکەیت. پێیان بڵێ: سەعات دوازدە لێرە بن. خۆشت یەکسەر، بگەڕێوە و چاوەڕوانم بکە.

ئەوڕەحمان بەدەم ڕێوە، سەرنجی دا شار خرۆشاوە. لەسەر جادە، لەناو دووکان و بازاڕدا، لە هەر کوێیەك دوو کەس و زیاتر لەگەڵ یەکتردا بدوانایە، باس هەر لە شێخ و کۆچی دوایی شێخ بوو. کە گەیشتە لای دەبۆکە، سەعەی برادەری خۆیانی بینی، کە لەگەڵ سێ چوار کەسدا ڕاوەستابوو. ئەم بۆ ئاگەدارکردنی، لایدایە لایان. لە دەمودووی ئەوانەوە تێ گەیشت، کە تەرمی شێخ لە بەغداوە خراوەتە ڕێ. ئینجا سەعەی بانگ کردە لاوە و پێی وت:

– باش بوو بینیمیت .. خورشیدم نارد بەدواتاندا بگەڕێ. سەعات دوازدە لە چاخانەکەی وەستا تایەر بن. تۆش ئەگەر سمایل و عەزیزت بینی، ئاگەداریان بکە.

لەو جیا بووەوە و بەرەو سابوونکەران هەڵکشا. لە نزیك کتێبخانەکەی قاراغادا، ئازادی ساڵح ئەفەندیی تووش بوو. ئازادی قۆشمە و قسەخۆش، هەر لە دوورەوە زەردەخەنەیەکی بەڕووداوا و کە گەیشتە ئاستی، وتی:

– وەرە بزانم .. وەرە .. ئەمە ئەو ڕۆژەیە، کە دەتوانم قورتمت بگرم و نەیەڵم فززە بکەیت.

ئەمیش پێ کەنی و وتی:

– قەت نەتتوانیوە و ناتوانیت.

– خۆ هیچ نەبێ ئەمرۆ دەتوانم.

– چۆن؟! .. ئادەی بزانم!.

– تۆ جارێ پێم بڵێ: نیازی چیتان هەیە؟ .. چی دەکەن؟.

– لەو بارەیەوە، هێشتا هیچم لەلا روون نییە. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئامادەم، هەرچییەك بۆ پێشوازیکردنی تەرمی شێخ بکرێ، بەپەرۆشەوە بەشداریی تێدا بکەم.

– تۆ؟! .. جا تۆ هەقت بەسەر شێخ و تەرمی شێخەوە چییە؟!. ئەو شێخی ئێمەیە نەك هی تۆ .. پادشا و پێشەوا و قارەمانی ئێمەیە نەك تۆ.

– نەخێر وانییە .. هی هەموو کوردێکە.

– بۆچی تۆش کوردیت؟!.

– بێگومان .. بگرە ئەگەر دوا ئەنجام لێك بدەینەوە، من لە تۆ کوردتر دەردەچم، چونکە دڵسۆزتر دەبم بۆ نەتەوەی کورد.

– ئاوا! .. نەتەوەی کورد! .. یانی کورد بووە بە (ئوممە)؟!.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. بەڵام ئەوڕەحمان هەر زوو دەمی خۆی گرت و ئەویشی وریا کردەوە، وتی:

– ئاگەدار بە .. خەڵکەکە چمان پێ دەڵێن!.

سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆیان کرد. کە دڵنیا بوون، ئەوڕەحمان لەوی پرسی:

– ئەی ئێوە .. نیازی چیتان هەیە؟.

ئەو وتی:

– منیش وەکو تۆ .. جارێ هیچ نازانم.

کە لەویش جیا بووەوە، ئیتر بەهەنگاوی خێرا بەرەوژوور ملی نا، تا گەیشتە چوخمەکەی سابوونکەران. خۆی پێدا کرد و کورتە کۆڵانە بەرینەکەی پشتەوەی بڕی. ئینجا بەلای چەپدا وەرگەڕا و هەر بەلای دەستە چەپیدا، لە بەدەمی دەرگەیەکدا راوەستا. روانییە ئەملا و ئەولای خۆی و لە دەرگەی دا. زۆری نەخایاند، دایکی نەوزاد

بەدەنگییەوە هات و فەرمووی لێ کرد. ئەم چووە ناو دالانەکەوە و کە دایکە دەرگەی داخستەوە، لێی پرسی:

– لە ماڵە؟.

– لە ماڵە .. بەڵام چەند برادەرێکی تری لەلایە.

– ئاگەداری بکە کە هاتووم، با بزانم چی دەڵێ.

کە ڕۆیشت، هەر خێرا هاتەوە و وتی:

– دەڵێ با نەڕوا .. ئیشم پێیەتی.

چوو لای دایکە دانیشت. زۆری پێ نەچوو برادەرەکان ڕۆیشتن و نەوزاد هاتە لای، وتی:

– باش بوو هاتیت، دەنا دەبوو بێم بەدواتدا بگەڕێم.

ئەم هەستێکی شانازیکردن بەخۆوە دایگرت. وتی:

– هەموو برادەرانی لای خۆشمم ئاگەدار کردووە، کە لە چاوەڕوانکردندا بن.

– زۆر چاکت کردووە .. تەواو لە جێی خۆیدا بووە. ئینجا گوێ بگرە .. ئا .. جارێ با بزانم، چیت هەواڵ پێیە؟.

ئەم هەرچییەکی دیبوو یا بیستبوو، بۆی باس کرد. ئینجا ئەو وتی:

– دەگوێ بگرە .. ئێمە هەر لە شەوێوە، هەواڵەکەمان پێ زانی بڕیار بەمجۆرەیە:

یەکەم: دەبێ سەرجەم برادەران و لایەنگرانی خۆمان، وەك ئەرکێکی سەرشان، بەشداری لە پێشوازیکردنی تەرمەکەدا بکەن. دووەم: چەند تین و توانامان هەیە، بیخەینە گەڕ بۆ هاندانی جەماوەر لە بەشداریکردندا.

ئەو بێدەنگ بوو. ئەم چاوی بڕیبووە دەمی و بەتەمای شتی تر بوو. ئەو دوای کەمێ، دەری بڕی و وتی:

– سێیەمیش: دەبێ پێشوازی و بەڕێکردنی تەرمەکە، بەهێمنی ببرێتە سەر.

ئەوڕەحمان لە دڵدا، ناقایل بوو. ئەگەرچی لە دەربڕیندا پەلەی نەکرد، بەڵام کە ئەو هەستی پێ کرد و وتی:

– چیت لە دڵدایە بیڵێ .. حەز دەکەم بیڵێیت.

ئەوسا وتی:

– وا دەڵێم .. سەبارەت بەدووەم، شار خۆی هێندە خرۆشاوە، کە هیچ پێویستی بەهاندانی ئێمە نییە. بۆ سێیەمیش، بۆچی دەبێ بەهێمنی بێ؟!.

نەوزاد بەدەم گوێ لێ گرتنییەوە، بەوردی سەیری دەکرد و سووکە بزەیەکیشی کەوتبووە سەر لێو. لە وەرامیدا وتی:

– چاکت کرد ڕای خۆت دەربڕی. جا با وەرامت بدەمەوە. هەڵەیە ئەگەر وا بزانیت، خەڵکەکە پێویستییان بەهاندانی ئێمە نییە. ڕاستە شار خۆی خرۆشاوە. بەڵام هەمووی نییە و بگرە زۆربەشی نییە. بۆ دووەمیش، نهێنییەکە لە دڕندەکەدایە. خۆت دەزانیت چ دڕندەیەك ئێستا، فەرمانڕەوای شارەکەیە و چۆن بۆ دەستەمۆکردنی شارەکە، بەتایبەتی هەڵیان بژاردووە و ناردوویانە! .. دەزانیت؟.

– دەزانم.

– خۆ دەشزانیت، چۆنی هەوڵ داوە و دەدا بیکا؟.

– دەزانم .. بەئاگر و ئاسن.

– دەم خۆش .. ئەوێکی لەزەت چێژ لە وشەی (ئیرمی)، لێی چاوەڕوان دەکرێ، قەسابخانەیەك بۆ خەڵکەکە بنێتەوە .. لێی ناکرێ؟.

– با .. بەڵام یەکەم: بەوە قولانجێکی تر لە گۆڕەکە، بۆ ئاغاکانی و ڕژێمەکەیان هەڵدەکەنێ.

دووەمیش: دەڵێن لە بەغدایە.

– ڕاستە .. لە بەغدایە .. ئەی گوایە ناتوانێ لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا، لە ڕێگەی تەلەفۆن یا برووسکەوە لێرە بێ؟!. یا هەر هیچ نەبێ، خۆ کلکەکانی لێرەن و بابڵێین: نیوەی لە دڵەوە نیوەی لە ترسی ئەو، هار دەبن.

ئەوڕەحمان لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت. هەڵسا بڕوا، نەوزاد وتی:

– چاکتر وایە دوای نیوەڕۆ، یەکتر ببینینەوە. نەوەکو شتی نوێ هەبێ.

– سەعات چەند؟.

– دوو.

– لێرە؟.

– نەء .. لە ماڵی حەمە کەریم .. ئەوێ باشترە.

ئەورەحمان لە گەڕانەوەیدا بەرەو چاخانەکە، تووشی لەتیفی برای بوو کە لەگەڵ دوو برادەریدا بەرەوژوور هەڵدەکشان لێی پرسی:

– دەڵێی دەوامتان نەکردووە؟.

– نەء .. هەموو هاتینە دەرەوە.

– ئەی بۆ کوێ دەچن؟.

– هیچ کوێ .. هەروا دەگەڕێین. دەمانەوێ بزانین چی هەیە.

– حەمدیت نەدیوە؟.

– با .. لەگەڵ برادەرێکیدا بوو.

– هەوڵ بدە بیبینیتەوە. با لەگەڵ خۆتدا بێ و مەیەڵە لێت داببڕێ. ئاگاداری خۆشتان بن.

***

چاوەڕێکردنی گەیشتنی تەرم، زۆر درێژەی کێشا. خەڵکەکە تا دەهات تەنگەتاو دەبوون و هەمەجۆر قاو، لە ناویاندا بڵاو دەبووەوە و بێ ئارامی وای لێ دەکردن، بەسەدویەك باردا لێکی بدەنەوە. زۆربەی قاوەکانیش کە دادەکەوتن، باسیان هەر لە پیلانی میری دەبوو کە گوایە نایەڵێ تەرم بگاتە ناو شار. خۆ هەرچەندە بەیناوبەینێك، ئۆتۆمبێلێکی کرێ دەگەیشتە جێ و لە قلیاسانەوە تا ناو شار، جارانی جار رادەگیرا و هەواڵی راست و دروستی لێ وەردەگیرا، یا بگرە جاری وا دەبوو ئۆتۆمبێلێك بەتایبەتی دەنێردرا و هەواڵی راستی دەهێنایەوە، کەچی ئەوانە هیچیان دڵی خەڵکەکەی نەدەحەواندەوە و قاوداکەوتن، کۆتایی نەدەهات!.

ئەورەحمان یەکێك بوو لەوانەی، بەتایبەتی نێردران. کە سەعات دوو چووەوە بۆ لای نەوزاد، سەیری کرد مامۆستا کەمالی لەلایە. ئەو هەر زوو وتی:

– بێگومان یەکتری دەناسن .. مامۆستا و قوتابین.

مامۆستا بزەیەك گرتی و هیچی نەوت. بەڵام ئەم واقی وڕما! .. ئەم وەهای دەناسی کە ئەگەرچی لە رووی مامۆستایەتییەوە، گەلێ بەتوانا و شارەزایە، بەڵام لە رووی

سیاسییەوە، لەناو قوتابییەکاندا هەبوون گومانیان لێ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، زوو وریا بووەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– بێگومان .. بێگومان.

ئینجا نەوزاد وتی:

– دەمەوێ بچن بزانن، تەرم گەیشتووەتە کوێ و چی هەیە و چی نییە و هەر خێرا بگەڕێنەوە.

– لە کوێ یەکتر ببینینەوە؟.

– لای شەخسەکەی وەیس .. هەر لەوێ دەبم تا دێنەوە.

ماموستا ئۆتۆمبێلێکی ئۆپڵی نیوداشتی هەبوو. سوار بوون و کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنە لای باخچەی گشتی، ئیتر تا مشیراوا، بەزەحمەت دریان بەخەڵکەکە بۆ دەدرا. هەرچەندە تا قلیاسانیش، سووکە قەڵەباڵغییەك ڕێگەی هەر پێ دەگرتن، بەڵام لەوەبەدوا ئۆپڵ باڵی پێ گیرا. تا کاتێ لە تاسلووجە ئاودیو بوون، پیرەمێردێك چەقی ڕێگەی پێ گرتن و ناچاری ڕاوەستانی کردن. ئەو پێشی ئۆتۆمبێلەکەی گرت و وتی:

– یا لەگەڵ خۆتاندا دەمگەیەننە لای شێخ، یا دەبێ بەسەر لاشەکەمدا ڕەت ببن.

ماموستا سەری لێ بردە دەرەوە و وتی:

– دە تۆ وەرە لای منەوە قسە بکە.

– ناڕۆیت؟.

– نەء .. دڵنیابە.

پیرەمێرد هەرکە گەیشتە تەنیشتییەوە، وەك ترسی هەڵاتنیانی هەبێ، توند قۆڵی گرت و بەپاڕانەوە وتی:

– کوڕەکەم .. دەستم دامێنت .. ئەوە سەعاتێکە من لێرە ڕاوەستاوم. کەس بۆم ڕانەوەستا!. ناچار وام کرد کە کردم.

– ئێ ئێ باشە .. چیت دەوێ فەرموو.

– بمگەیەننە لای شێخ.

– بەسەرچاو .. بەڵام ئێمە یەکسەر دەگەڕێینەوە. تۆ دوایی چی دەکەیت؟.

– ئێوە بمگەیەنن و هەقتان نەبێ.

کە سوار بوو، ئەوڕەحمان بەدەم ڕێوە دواندی. وتی:

– مامە لە کوێوە هاتوویت؟.

– خاوێ.

– خەڵکی ئەوێیت؟.

– بەڵێ.

– لەوە دەچێ ڕۆژانێکت لەگەڵ شێخدا بەسەر بردبێ؟.

ئەوڕەحمان چاوەڕوانی وەرامی کرد و نەبوو. وای زانی بیر دەکاتەوە کە چۆن دەست پێ بکا.

بەڵام مامۆستا کە لە ئاوێنەکەوە، سەرنجی دەدایە و دەیبینی، لای کردەوە بەلای ئەمدا و چاوێکی لێ داگرت. ئەم کە ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد هۆن هۆن فرمێسک بەچاویدا دێتە خوارەوە. بۆیە ئیتر خۆیان لێ بێدەنگ کرد و نەیاندواند.

بەدرێژاییی ماوەی تاسڵووجە و دەربەند، خەڵکی گوندەکانیان دەدی هاتبوونە سەر جادە و چاوەڕوانی تەرم دەکەن. یا هەبوون بەتەپڵ و دەفەوە، بەدەم زیکرکردنەوە بەرەو دەربەند دەچوون، کە گەیشتنە ئەوێ خەڵکێکی زۆریان دی بەیەکدا دەهاتن و زۆربەشیان، لە دەوروبەری بەردەقارەمان گرد بووبوونەوە. مامەی پیرە لێرەدا، هەردوو دەستی خستە سەر ئەم شان و ئەو شانی ئەوڕەحمان و مامۆستا و وتی:

– کوڕگەل داخوازییەکی تریشم هەیە .. نازانم زات بکەم بیڵێم؟!.

مامۆستا وتی:

– بیڵێ و لەسەر سەرمان.

– یەك تۆز بۆم رابوەستن، بەڕاکردن دەچم زیارەتێکی بەردەقارەمان دەکەم و دێمەوە.

مامۆستا ئۆتۆمبێلی راگرت و وتی:

– کەڵکی راکردنت نەماوە. لەسەرخۆ بڕۆ و ماتەل مەبە.

– هیچ ماتەل نابم.

پیرەمێرد بەڕاستی بەلۆقە بۆی چوو. کە گەیشت، بەپەرۆشەوە ماچی کرد. ئینجا بۆ ماوەیەك سەری پێوە نووساند و جووڵەی نەکرد. دوایی وەرگەڕایەوە و دایەوە لۆقەکردن. دوو سێ کەس لەوانەی لە نزیکییەوە بوون، ویستیان بیدوێنن و بۆیان ڕانەوەستا. کە گەیشتە جێ و کەوتنەوە ڕێ، ئەورەحمان لێی پرسی:

– مامە وا دیارە، لە شەڕەکەی ئێرەدا لەگەڵیدا بوویت.

ئەو ئەمجاریش، لە وەرامدانەوەدا گیری خوارد. بەڵام دوای کەمێ، بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

– بەڵێ .. لەگەڵیدا بووم و برینداریش بووم.

– لەگەڵ خۆیدا؟.

– نەء .. من لە سەرەوە بووم بەبۆمبای تۆپ بریندار کرام. پێش کۆتاییهاتنی شەڕەکە گواستمیانەوە. من ڕازی نەدەبووم. تەڵەزمێك ڕانی ڕاستمی پێکابوو. دەمتوانی تەقە بکەم و زۆرم وت: کوڕە باوکم خۆ من بەڕانم تەقە ناکەم، ڕان با بۆ خۆی وردوخاش ببێ، من بە پەلەپیتکە و دەست و مەچەك و شان دەیکەم کە ساغ و سەلیمن. کەچی بێ سوود بوو .. بەزۆر کۆڕی شەڕیان پێ چۆڵ کردم.

– لەوە دەچێ لە دڵدا لێت بووبێ بە کەسەر؟.

– زۆر.

– ئێ ئاخر مامە ناهەقیان نەبووە. ڕانت خوێنی زۆر لەبەر نەدەڕۆیشت؟.

– با بەرێ وەڵا .. وەك فوارە.

– ئێ دە لەو گەرمەی شەڕەدا، کەس نەیدەپەرژایە سەر تیمارکردنت و دوای ماوەیەك خوێنت تێدا نەدەما و دەمردیت.

– کوڕە جا چاکتر بوو! ..

– چاکتر بوو؟! .. بۆچی؟!.

– وازم لێ بێنە باوکەکەم .. هەر خۆم دەزانم بۆچی!.

ئەورەحمان کە هەستی کرد دڵی زۆر پڕە، خۆی بێدەنگ کرد، بەتایبەتی کە مامۆستاش بەچاوداگرتنێك هەر هەمان ڕای بۆ دەربڕی.

کە گەیشتنە چەمچەماڵ، سەیریان کرد خەڵکەکە، وروژاون. هەر زوو بۆیان روون بووەوە کە تەرم لەوێ نزیك بووەتەوە. مامۆستا وتی:

– پێویست ناکا زیاتر بڕۆین.

ئەوڕەحمان رایەکەی پەسند کرد. ئەوسا مامەی پیرەش وتی:

– دەیسا منیش ماڵی برازایەکم لێرەیە. دڵنیام ئەوان تەدارەکی خۆیان ساز داوە. دەچم لەگەڵ ئەواندا دەبم.

پیرەمێرد بەهەڵەداوان رۆیشت. ئەمان چوونە قەراغ شار و راوەستان. زۆری نەخایاند کاروان لە هەورازەوە دیاریدا. سەدان ئوتومبێل بەرێچکە دەهاتن.

لەناو شارەکەشەوە عەشاماتێك و لە پێشیانەوە ژمارەیەکی زۆر دەروێش، بەدەم زیکرکردنەوە بەرەو روویان دەچوون. ئەمان تا ماوەیەك بەبێدەنگ، بەدیمەنەکەیاندا هەڵڕوانی. تا ئەوڕەحمان وریا بووەوە و وتی:

– مامۆستا .. چاکتر وایە ئێستا بگەڕێینەوە .. دەترسم دوایی ڕێگەمان لێ بگیرێ.

ئەو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– مەڵێ مامۆستا .. خۆ لە قوتابخانە نین.

ئەوڕەحمان پێ کەنی، وتی:

– راستە .. ئا .. برادەر .. چاکتر وانییە.

ئەو وتی:

– با .. با وا چاکترە .. قسەکەت بەجێیە.

ئیتر ئۆپڵە نیوداشتی ئیش پێ کرد و بەرەو لای نەوزاد، باڵی پێ گرتەوە.

***

## ١٢

وەختێ تەرم گەیشتە قەراغ شار، ڕۆژ بەدەم کەلدا داخزابووە خوارەوە و تەنیا کزە ڕووناکییەکی پەمەیی کاڵی، بەبەری لای ڕۆئاوا دەدا. لە کاتێکدا لە بەری لای ڕۆهەڵاتەوە، پەردەیەکی تەنکی تاریکی، ڕوو لەوەبوو خۆی بەسەر ئاسمانی شاردا بکێشێ و وردە وردە، کزە ڕووناکییەکەی لای ڕۆئاوا ڕابماڵێ.

سەرجەم خەڵکی شار، درێژاییی ڕۆژێکی ڕەبەقیان، لە چاوەڕێکردندا بردبووە سەر. هەموو هەر لە بەیانییەوە، وایان لە دڵ گرتبوو کە تەرم لە نیوەڕۆدا دەگاتە جێ و لە عەسردا، بەرەو دوا مەڵبەندی بەڕێ دەکرێ. کەچی نە نیوەڕۆ گەیشت و نە عەسر و نە سەرلەئێوارەش و ئیتر ئەوە، وای لێ کردبوون کە دەتوت بەسەر ئاگرەوەن.

ئەو کاتە ئەوڕەحمان، لە نەوزاد دابڕابووەوە و لەگەڵ خورشیددا، بەدەشتەکەی خوار وەیسدا پیاسەیان دەکرد. کە هەواڵەکەیان بیست، بەپەلە خۆیان گەیاندە سەر جادە. بە گەیشتنیان، لەگەڵ تەرمەکەدا کە بەسەر ئۆتۆمبێلەکەوە بوو، یەکانگیر بوونەوە. ئەوان بڕیاریان وابوو، کە بست بەبست لەگەڵ تەرمەکەدا بن. کەچی شەپۆلی عەشاماتەکە، ڕێگەی لێ گرتن و بواری نەدان.

زۆری نەخایاند، تەرمەکەیان لە دووریی هەنگاوێکەوە، بەسەر شانی خەڵکەکەوە بینی. ئەوڕەحمان قۆڵی خورشیدی گرت، بەرەوپێش تەکانی پێ دا و وتی:

– ئێستا تەواوە .. با خۆمان بگەیەنینە نزیکییەوە.

ئەو وتی:

– چی تەواوە؟! .. مەبەستت چییە؟!.

– دەقەومێ.

– بەچیدا دەزانیت؟!.

– دڵم وام پێ دەڵێ.

– دڵت؟!.

– نانا .. ئەقڵیشم .. تۆ خێراکە .. دوایی پێت دەڵێم.

تەواو نزیك بوونەوە. خەڵکەکە هێشتا بەکشوماتییەوە، تەرمیان بەرەوپێش دەبرد.

سەدان شان بەبێدەنگ، لە زۆرانبازیدا بوون بۆ گەیشتنە ژێر تەرم و هەڵگرتنی، با بۆ ماوەی سێ چوار هەنگاوێکیش بێ کە لە ڕاستیدا، هیچ شانێك چەندە بەهێز و تواناش بووایە، لەوەندە زیاتری بۆ نەدەڕەخسا و هەر خێرا تەوژمی چەندان شانی تر، کەلای دەخست. بۆیە ئەمان تەنیا بەنزیکبوونەوەکە رازی بوون و تەقەلای چوونە ژێر تەرمیان نەدا.

– بیخەنە سەر دەست .. کوڕگەل تەرمی پێشەواکەتان بگرن بەسەر دەستەوە.

یەکێك لەوانەی شانی گەیاندبووە ژێر تەرمەکە، لە شێوەی نەعرەتەیەکدا، ئەم قسەیەی کرد. ئەورەحمان قۆڵی خورشیدی گرتەوە و وتی:

– قەوما.

خورشید نەگەیشت قسە بکا و یەکێکی تر نەڕاندی:

– شێخ لەتیف لە کوێیت؟! .. شێخ لەتیف، نەڕەشێرەکەی کورد و کوردستان، بەبێ تۆ بەڕێ دەکرێ.

ناوبردنی شێخ لەتیف، ناخە ورووژاوەکەی خەڵکەکەی تەقاندەوە. یەکێکی تر هاواری کرد:

– بەرەو گرتیکە .. دەبێ شێخ لەتیف تەرمی باوکی ببینێ.

عەشاماتەکە دەستوبرد، بوونە لافاوێك و بەرەوژوور شالاّوی برد. لافاوەکە ئیتر لەو ساتەوە، ئەورەحمان و خورشیدی لە یەکتر دابڕاند.

کاتێ تەرم گەیەنرایە بەر گرتیکە، کار لەوە ترازا کە برێتی بێ لە تەنیا نیشاندانی بەشێخ لەتیف، بگرە بووە داواکردنی بەردانی و ئینجا بووە، خۆنیشاندانێکی پڕ لە ڕق و کینە و تووڕەیی، بەرامبەر رژێم.

ئەورەحمان هەر هێندەی لە گرتیکە نزیك بووەوە، عەشاماتەکەی بینی سەرلەنوێ، تەرم بەرەوخوار دەبەنەوە. نەیدەزانی بۆچی؟!. لە دووسێ کەسی پرسی و هیچیان، ڕانەوەستا وەرامی بداتەوە. تا ناسیاوێکی بەرچاو کەوت، قۆڵی گرت و بەدەم

ڕۆیشتنەوە پرسیارەکەی لێ کرد. لە وەرامیدا وتی:

– بۆ بەردەرکی سەرا.

لە دڵی خۆیدا وتی: «دەبوو بمزانیایە .. بەجێیە .. پەلامارداني سەرا .. ڕۆژێتی..».

ئیتر وەك خەڵکەکە، بەلۆقە بەرەوخوار بووەوە. کە گەیشتە ئاستی دەرگەکەی لاتەنیشتی سەرا، بواری نەما بەرەو پێشتر بچێ خۆی گەیاندە سەر شۆستە و هەندێ ملەقۆتێی کرد.

تەرمەکەی کەوتەوە بەرچاو کە بەسەر دەستی جەماوەرەکە، وەك ئالایەك دەشەکایەوە و جەماوەری ژێر ئالاکەش، ڕووەو سەرای مەڵبەندی دوژمن تەکانیان دەدا. هەستێکی نارەزایی لەخۆ، لە ناخیدا سەری هەڵدا و تەنگەتاوی کرد. لە دڵی خۆیدا وتی: «دەبێ لەوێ بم .. دەبێ لە ڕیزی هەرە پێشەوە بم». تەکانی دا و کەوتە دڕدان بەخەڵکەکە. ماوەیەکی باش چووە پێشەوە. لەوەدابوو پێ بنێتە ناو بەردەرکی سەراوە و زرمەی سێ چوار گوللەی کەوتە بەرگوێ. ڕاوەستا و هەڵی ڕوانی. نەگەیشت باش ببینێ و لێزمەی گوللەبارانی بیست.

بەدەمییەوە، لافاوی عەشاماتەکە، بەرەو دەرەوەی مەیدانەکە شەپۆلی دا. دەمودەست شەپۆل گەیشتە سەری و ڕایماڵی. کە خۆی گرتەوە، گەیشتبووە ناو کۆڵانەکەی بەرامبەر دەرگەی لاتەنیشتی سەرا. لەوێ حەزێك لە ناخییەوە، بەتوندی هانی دا ڕابوەستێ و بزانێ چی ڕوو دەدا. خۆی ئاخنییە لاپاڵی دیوارێك و کەوتە سەیرکردن. هێشتا خەڵکەکە بەلێشاو، لە ترسی گوللەبارانەکە، بەناو کۆڵانەکەدا بەرەژوور هەڵدەکشان. ئەوە زۆری نەخایاند و ناو کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوو. ئەمیش خەریك بوو لاپاڵەکە جێ بێڵێ و بڕوا و کوڕێکی ڕواڵی لەسەری کۆڵانەکەوە بینی. هەر زوو بۆی دەرکەوت کە بریندارە و بەزۆر خۆی بەکێش دەکا.

سێ و دووی لێ نەکرد و بەڕاکردن بەرەو ڕووی چوو. هەر ئەم گەیشتە ئاستی و کوڕە بەلادا هات. پەلاماری دا لە باوەشی بگرێ و دوو دەستی تری بینی یاریدەی دەدەن. ئەم سەری بۆ هەڵبڕی و وتی:

– تەنیا لەگەڵمدا بەرزی بکەوە و ئیتر وازی لێ بێنە بۆ من.

کە لە باوەشی گرت و هەنگاوی نا، دوو ژن و پیاوێکی بینی بەخۆیان و بەتانییەکەوە، بەڕاکردن بەرەوڕووی دێن. کە گەیشتنە ئاستی یەکتر، پیاوەکە وتی:

– بێنە بیخەینە ناو ئەم بەتانییەوە و یارمەتیت بدەین.

ئەم وتی:

– پێویست ناکا .. قورس نییە.

ئەوان وایان دانابوو بیبەنەماڵی خۆیان. کاتێ گەیشتنە بەردەرگەی ماڵەکە و ئەم هەر بەرەوژوور ملی نا، پیاوەکە وتی:

– دەتەوێ بۆ کوێی بەریت؟!.

– بۆ خەستەخانە.

یەکێ لە ژنەکان وتی:

– وەی! .. خەستەخانە؟! .. بۆ بەردەستی حوکمەت؟!.

ئەم وتی:

– خوشکێ .. برینەکەی هی ئەوە نییە لە ماڵان بێ .. ناچارییە.

ئیتر کۆڵانە و کۆڵان، برینداری ڕافڕاند. ئەوی بە خەستەخانە سپارد و خۆشی هەر کۆڵانە و کۆڵان، بەرەو ماڵ بووەوە.

***

کە خۆی کرد بەماڵدا، دایکی بەبینینی جل و بەرگە خوێناوییەکەی شێت بوو. لەوەدابوو بیکاتە شین و شەپۆڕ و ئەم دەستوبرد وتی:

– نەکەی دایە .. بریندار نیم .. دەنگ هەڵنەبڕیت .. هیچم نییە.

ئەو باوەڕی نەکرد، وتی:

– چۆن هیچت نییە هەی قوڕ بەسەرم؟! .. تۆ هەموو لەشت خەڵتانی خوێنە .. تۆ ..
ئەم قسەکەی پێ بڕی، وتی:

– نەء دایە .. بریندارێکم بەباوەش گەیاندە خەستەخانە .. خوێنی ئەوە.

دایکە هێشتا هەر باوەڕی نەدەکرد. پەلاماری دا و بەپەرۆشەوە، کەوتە دەست کوتان لە شان و مل و سنگی. بەوەش هەر دڵنیا نەبوو. ستارخانی و ئینجا کراسەکەی لەبەر داکەند و چاك لێی وردبووەوە. ئیتر وەك نەتوانێ لەوە زیاتر خۆی بەپێوە ڕابگرێ، دانیشت و پاڵی دا بەدیوارەوە. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەوە و لە جووڵە کەوت.

ئەوڕەحمان تەنگەتاو بوو.

رای کردە تەنیشتییەوە و بانگی لێ کرد:

– دایە .. دایە گیان .. چ خێرتە؟ .. وەرامم بدەوە ..

دایکە سەری بەرز کردەوە و بەدەنگێکی نزم وتی:

– خەمت نەبێ .. هیچم نییە .. هەر ئەوەندەیە کە لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا، مردیشم و ژیاشمەوە!.

ئەم گلەییی لە خۆی کرد. لە دڵدا وتی: «کەی من ئەوەندە بێ ئەقڵ بووم؟ .. چۆن ئەم دیمەنەم نەهێنایە بەرچاوی خۆم؟. هەقێتی .. دەبوو بچم لە شوێنێك خۆم بگۆڕم و ئەوسا بێمەوە». لەم کەینوبەینەدا بوو، کە دایکی وەك کێچ ڕاچەنییەوە. وەك لە پڕێکدا، ترسی کارەساتێکی کوشندەی لە دڵدا بزوابێ، بەپەشۆکاوییەکی زۆرەوە وتی:

– کەوابێ راستە؟!.

ئەوڕەحمان لێی تێ نەگەیشت. وتی:

– چی؟!.

– وتیان کوژراو و برینداری زۆر هەیە!.

– من زۆرم نەدی.

دایکە لەگەڵ ئەوەشدا، شێتانە ڕاپەڕییە سەرپێ .. شێتانە بەدوو چاوی ئەبڵەقەوە، یەخەی گرت و وتی:

– ئەوڕەحمان .. لەتیف و حەمدی!! ..

ئەمە یەکەم جاری بوو، دایکی ئاوەها ببینێ. لە شێوەی یەخەگرتنەکەیدا، گوناهبارکردنێکی ئەوتۆی خوێندەوە، کە لەوەبەر هیچ نیشانەیەکی لێ پێوە نەدیبوو!. بەڵام گوێی نەدایە و خەمی گەورەی، هێمنکردنەوەی بوو، وتی:

– دایە گیان .. هێجگار وانییە .. هیچ ترست نەبێ .. هەر ئێستا پەیدا دەبنەوە.

ئەویش لەلای خۆیەوە، وەك خێرا هەستی بەمەغزای کردەوەکەی خۆی کردبێ، دەستی لێ بەردا. بەشێوەی جاری پێشوو، چوو دانیشتەوە و ورتە و جووڵەی لە خۆی بڕی. تا زۆری پێ نەچوو حەمدی پەیدابوو. کە بەتەنیای بینی، سەرلەنوێ ڕاچەنییەوە.

بەرەوپیری رای کرد و وتی:

– ئەی لەتیف؟! .. ئەو کوا؟!.

حەمدی سەرنجێکی خێرای لە نێوانیاندا هێنا و برد و وتی:

– ئێستا دێتەوە.

دایکی وتی:

– یانی چی: ئێستا دێتەوە؟! .. پێکەوە بوون؟.

– بەڵێ.

– ئەی بۆ کوێ چوو؟ .. بۆ لەگەڵ تۆدا نەهاتەوە؟.

– برادەرێکی بریندار بوو .. چوون بیگەیەننەماڵەوە.

– راستم پێ بڵێ .. برادەرێکی یا خۆی؟.

– دایە .. درۆت لەگەڵدا ناکەم. برادەرێکێتی و برینەکەشی سووکە. ئەو خۆی نەیدەهێشت لەگەڵیدا بچن، ئەمان رازی نەبوون. ماڵەکەشیان دوور نییە. مەگەر لەوێ گل بخواتەوە، دەنا هاکا پەیدا بووەوە.

لەتیف گلی نەخواردەوە. هەر زوو هاتەوە و ئیتر دایکە، دڵی تەواو حەوایەوە. وردە وردە گەشکەکەی جارانی بەبینینیان بەکۆمەڵ، کەوتەوە سەر ڕوو. بەگورجی نانی شێوانی خستنە بەردەم. بەدرێژاییی ماوەی نانخواردنەکە و دوایی تریش، بەردەوام سەرنجی دەدایە ئەوڕەحمان. دڵی پێی ڕادەگەیاند کە لە قسەکانی دڵگران بووە. بۆیە لە خۆی بەگلەیی بوو. بڕیاری دا نەیەڵێ بەسەر بچێ. لێی نزیك بووەوە و چووە بن دەستییەوە. باوەشی کرد بەسەریدا و ماچی کرد. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– دەزانم دڵگرانیت .. لێمی مەگرە .. تۆ نازانیت ..

ئەوڕەحمان نەیهێشت تەواوی بکا. دوو پەنجەی دەستی راستی نایە سەر لێوی و بێدەنگی کرد. دەستی چەپیشی کردە ملی و وتی:

– هەرگیز نەء .. هەرگیز لێتی ناگرم. وای دابنێ کە هەر هیچ نەبووە.

ئەوان دەستیان لە یەکتری بەردا و بۆ یەکتر خنانەوە. حەمدی و لەتیف سەریان سوڕمابوو!. بەپەرۆشەوە بوون بزانن مەسەلە چییە. بەڵام هەڵیان گرت بۆ دوایی. کە

چوونە ژوورەکەی خۆیان، لەتیف خێرا وتی:

– کاکە .. ئەوە چی بوو؟ .. دایکم مەبەستی چی بوو؟!.

کاك وتی:

– هیچ .. شتێکی بەینی خۆمان بوو.

حەمدی وتی:

– کاکە .. لەوە دەچوو قسەیەکی ڕەقی پێ وتبیت!.

ئەوسا کاك، بەپێویستی زانی بۆیانی باس بکا. دوای باسکردنی وتی:

– بەلاتانەوە سەیر نەبێ .. کە وترا دایك دەبرێتەوە. واز لەوە بێنن .. یا بێینە سەر باسی هەراکە .. چیتان بەسەرهات و چیتان دی؟.

ئەوان چییان دیبوو باسیان کرد. ئەمیش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە و دوایی وتی:

– من کە لە خەستەخانە هاتمە دەرەوە، بیستم کە تەرمەکە براوەتە مزگەوتی گەورە و سبەینێ دەنێژرێ.

لەتیف وتی:

– راستە .. ئێمەش وامان بیست.

***

ئەوان لەم قسە و باسانەدا بوون و لە دەرگە درا. ئەوڕەحمان کە کردییەوە، خورشید بوو بەپرتاو خۆی کرد بەماڵدا. زۆر پەشۆکابوو!. ئەم لێی پرسی:

– چی بووە؟!.

ئەو بەدەنگێکی پڕ لە ناسۆرەوە وتی:

– ئەختەر ..

تەنیا هێندە و ئیتر بەسەر دەمیدا نەدەهات تەواوی بکا!. ئەم دڵی خورپەی کرد، وتی:

– چییەتی؟!.

ئەو ئینجا زۆری لە خۆی کرد. بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە، وتی:

– کوژراوە.

– چی؟! .. کێ وتی؟ .. چۆنت زانی؟.

– لە دراوسێیەکی خۆمانم بیست.

– چۆن؟ .. چی وت؟.

– وتی: دەڵێن: ئەختەر ناوێك، لە تەقەکانی بەردەرکی سەرادا کوژراوە.

ئەورەحمان بیرێکی لێ کردەوە. ئینجا لێیپرسی:

– وەك بزانیت هاتبوو بۆ بەشداریکردن؟.

– سەرلەبەیانی بینیم و بۆ عەسریش، جارێکی تر دیمەوە.

– قسەت لەگەڵدا کرد؟.

– – هەروا چاك و چۆنییەك.

ئەم بێدەنگ بوو. کەمێکی تر بیری کردەوە و وتی:

– راوەستە.

چووە ژوورەوە. خۆی گورج کردەوە و دایکیشی ئاگەدار کرد. دایکە بەدەنگێکی پڕ لە سۆز و تێکەڵ لە نیمچە پاڕانەوەیەکیشەوە، وتی:

– ئاگەداری خۆتان بن.

ئەم دڵنیای کرد و دەرپەڕییەوە بۆ ناو حەوشە. وتی:

– با بڕۆین.

کە لە ماڵ بەدەرکەوتن، خورشید وتی:

– چی دەکەین؟.

– دەچین ساغی دەکەینەوە.

بەدەم رێوە، باسی لاوە بریندارەکەی بۆ کرد کە چۆن گەیاندییە خەستەخانە و چۆن قادری برینپێچی لەوێ بینی و وتی:

– برادەرێکی دێرینی باوکمە. تا ئێستاش کە پێویستمان بەخەستەخانە و تیمارکردن و دەرمان دەبێ، هەر پەنا دەبەینە بەر ئەو. پیاوێکی زۆر مەردانەیە. هەر بەمەرجێ هاتبێتەوە ماڵەوە، هەواڵی ڕاست و دروست لەلای ئەوە.

کە لە دەرگەیان دا، خۆی لێی کردنەوە. ئەو بیری بۆ ئەوە چوو، کە دەبێ برینداریك

هەبێ و بۆ تیمارکردنی، بەدوایدا هاتبن. وتی:

– ئەوڕەحمان تۆیت؟ .. دیارە بریندارتان هەیە .. فەرموون دانیشن تا خۆم ئامادە دەکەم.

ئەم وتی:

– نەء مامە قادر .. عەزێت مەکێشە، ئەوەیان نییە. بگرە پرسیارێکە و وا تێ دەگەم، وەرامەکەی لای تۆیە.

– ئاوا؟ .. دەفەرموون وەرنە ژوورەوە .. فەرموون.

– مامە پێویست ناکا .. تەنیا دەمانەوێ بزانین: ئاخۆ ئەختەر ناوێك هەیە کوژرابێ؟.

خورشید، کسپەیەك لە هەناوی هەڵسا و گوێ قولاغ بوو. ئینجا کە وشەی «ئا»ی لە زاری قادرەوە کەوتە بەرگوێ، هەستی کرد دڵی لە باتیی لێدان، قرچەقرچ دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەخۆیدا گرت و هیچی نەوت. ئەوڕەحمان وتی:

– کێیە؟.

ئەو وتی:

– ژنەکەی رەشۆڵ .. بۆچی؟ .. مەبەستت چییە؟.

– رەشۆڵی گۆرانیبێژ؟.

– ئا ..

– بەداخەوە.

– نەمزانی پرسیارەکەتان لەبەر چی بوو؟.

– هیچ .. نەماندەزانی کێیە و کێ نییە .. ویستمان بزانین. بمانبەخشە .. عەزێت بوو.

کە گەڕانەوە، بەدەم ڕێوە ئەوڕەحمان وتی:

– دڵنیا بوویت؟.

خورشید ئەگەرچی بەهەست و نەست و لە ناخدا، پێخۆشحاڵ بوو کە ئەختەرەکەی خۆی نییە، بەڵام بەئەقڵ و بیر و هۆش و بەدیوی دەرەوەدا، لە خۆی بەئاگابوو کە ئەو ئەختەریش هەر مرۆڤێکە و بەگوللەی دوژمن شەهید بوو .. کە بەدەستی کۆنەپەرستان

چرای ژیانی کوژێنراوەتەوە. لەبەر ئەوە لە وەرامدا، هەر بەخەفەتبارییەوە وتی:

– بەهەرحاڵ، ئەم ئەختەر نەبوو ئەو ئەختەر بوو.

کە گەیشتنە جێ، ئەورەحمان وتی:

– بەملا و بەولادا مەڕۆ .. ڕاست بۆ ماڵەوە. ئێستا وەك سەگی هاریان لێ هاتووە و دەگەزن.

***

## ١٣

بـۆ ڕۆژی دوایـی، خەڵکێکی زۆر بـەنیـازی بەشداریکردن لـە نـاشتنـی تـەرمـی شێخدا بەرودوا ڕوویان کردە بەر مزگەوتی گەورە. بەڵام هەرچی دەگەیشت، یەکسەر دەیزانی کە هەر شەوێ نێژراوە و دەگەڕایەوە دواوە. ئەورەحمان و خورشیدیش کە بۆ ئەو مـەبـەستـە نـەچـووبـوون بـۆ ئیش، هـەر وایـان بـەسـەرهـات. نـاچـار کشانـەوە بـچن بـۆ چاخانەکە و لەبەر قەسرەکەی تۆفیق قەزازدا، دەنگی جاڕچییان کەوتە بەرگوێ کە دەیوت: «خەڵکینە! .. فەرمانی میرییە و پێتانی ڕادەگەیەنم: لە ئەمڕۆوە .. لە سەعات شەشی سەرلەئێوارەوە تا شەشی بەیانی، هیچ کەسێك نابێ لە دەرەوەی ماڵی خۆیدا بـێ. لـەو وەختـە بـەدواوە، هـەر کـەس ببـیـنـرێ بێ چـەندوچۆن تـەقـەی لێ دەکرێ. بەڕۆژیش، هەر کەس سەربزێوی بکا و بیەوێ ئاژاوە بنێتەوە، بەتوندی سزا دەدرێ».

ئـەورەحـمـان بـەبـیستـنـی جـاڕەکە، بـەپێویستـی زانـی بـچـێ سەرێك لـە نـەوزاد بـدا. بەخورشیدی وت:

– تۆ بچۆرەوە بۆ چاخانەکە .. من دەڕۆم، تۆزێ ئیشم هەیە.

– دێیتەوە؟.

– ئا .. زۆرم پێ ناچێ.

کـە گـەیشتـە بـەردەرکـی سەرا، بـەیـاننـامـەیـەکیشی بەهـەمـان مـانـا بینی، بـەنـاو خەڵکەکەدا بڵاو دەکرایەوە. دانەیەکی وەرگرت و بەرەوژوور هەڵکشا. زۆر نەڕۆیشت، وەستا جەلالی بەرگدرووی بەدەست دوو پۆلیسەوە بینی، بەرەو حەپسی ڕاپێچیان دەکرد. بەوەدا لە دڵی گەڕا، کە شاڵاوێکی گرتنی تێکۆشەرانی ناسراویش دەستی پێ کردووە.

بەیاننامەکە و جاڕەکە و گرتنەکەی وەستا جەلالی، بەنەوزاد ڕاگەیاند. ئەو وتی:

– بینیت؟ .. خۆ لە بیرتە دوێنێ چیمان باس کرد. ئەمە بەخێر کابرا خۆی لێرە نەبوو!. ئەی ئەگەر لێرە بووایە چی ڕووی دەدا؟!. هێندەی تا ئێستا زانرابێ، سێ کوژراو

هەیە.

– سێ؟! .. یەکێکیان ئەختەرە .. دووانەکەی تر کێن؟!.

– فەقێیەك و منداڵێك.

– ئەی بریندار؟.

– تا ئێستا ئەوانەی خەستەخانە پێ دەزانین کە سێزدەن. ئەوانەشی نەچوونەتە خەستەخانە، دیارە سێ چوار ئەوەندە دەبن.

ئەورەحمان لە دڵدا، هێشتا لەسەر ڕای ڕۆژی پێشووی سوور بوو. وتی:

– بەهەرحاڵ، ڕاپەڕینێکی تری خەڵکی ئەم شارە بوو، بەڕووی ڕژێمی کۆنەپەرستاندا.

نەوزاد سەرنجێکی بەمەغزای دایە. زەردەخەنەیەکیشی بەڕوودا دا و لەو بارەیەوە هیچی تری نەوت.

***

کە گەیشتەوە چاخانەکە، کەوت بەسەر بەزمی حەمەشیندا. خورشید هەر لە ڕێوە پێی وت:

– وەرە .. وەرە بزانە چی رووی داوە!.

– چی بووە؟!.

– ئەمیش برینداره.

– بریندار؟! .. کوێی؟!.

– لاڕانی.

– چیغە یا سمراوە؟.

کە لە تەنیشتییەوە دانیشت بڕوانێ، حەمە وتی:

– کوڕە باوکم کاك ئەورەحمان .. ئەمانە شتەکەیان وا بەزل گرتووە! .. ئەگینا چیغ بێ یا سمین یا هاڕینیش، من خۆم وام داناوە کە نووکە دەرزییەکە و چووە بەلاڕانمدا.

– با ببینم.

– بێ قەزا بیت .. چی ببینیت؟ .. شوێنی نووکە دەرزییەك؟!.

– حەمەشین .. خۆتم لێ مەکە بەفس فس پاڵەوان. هەڵسە سەرپێ و شرواڵەکەت داماڵە بزانم.

حەمە هێندەی رێز لێ دەنا، کە لەوە زیاتر بەرهەڵستیی نەکرد. شرواڵی کردەوە و برینی نیشان دا. برین بەقوماشی کراسە کۆنێکی دایکی پێچرابوو. ئەورەحمان کە قوماشەکەی لێ کردەوە، تۆپەڵێك لۆکەی ناو سەرین و دۆشەکی بەسەرەوە بینی، کە وەك قیر و زفت پێوەی نووسابوو. هەندێ هەوڵی دا لێی بکاتەوە و بێ سوود بوو. وازی لێ هێنا و وەك خۆی بەستییەوە. هەستایە سەرپێ و وتی:

– هەڵسە پێشم کەوە با برۆین.

– بۆ کوێ؟.

– بۆ تیمارکردنی برینەکەت نەگبەت .. تۆ چیت کردووە؟!.

– چیم کردووە؟.

– وەڵا هیچ! .. خێراکە پێشم کەوە.

ئەمجاریش بەرهەڵستیی نەکرد. شرواڵی بەستەوە و بەشەلەشەل پێشی کەوت. ئەورەحمان پێش ئەوەی هەنگاو بنێتە دەرەوە، خورشیدی بانگ کرد و وتی:

– ئەگەر درەنگم پێ چوو، لە ماڵەوە چاوەڕوانم بکە .. دێمەوە بۆ ئەوێ.

وەك وتی درەنگی پێ چوو. یەکەمجار حەمەی بردەوە ماڵی خۆیان و بە دایکی وت:

– مەیەڵە پێ لە ماڵ ببزوێ .. وا دەچم دوکتۆرێکی بۆ دێنم تیماری بکا.

دایکە ترسا، وتی:

– دوکتۆر؟! .. بەقوربانت بم .. بۆچی؟!.

ئەم دڵنیای کرد، وتی:

– ترست نەبێ .. هیچ نییە .. بەڵام بۆ ئەوەی برینەکەی زوو خۆش ببێتەوە، دەبێ دوکتۆرێك تیماری بکا.

دوای ئەملا و ئەولاکردنێکی زۆر، قادری دۆزییەوە و گەیاندییە لای حەمە. ئەویش کە قوماشی لە برین کردەوە و تۆپەڵە لۆکەی پێوەلکاوی بینی، نەك هەر سەری سوڕما، بگرە تووڕەش بوو. وتی:

– ئەی باشە تۆ کابرا، ئەوەندە ئەقڵت نەبوو!.... شەیتان بەلەعنەت بێ .. ئێستا من چیت پێ بڵێم؟!.

ئەو متەقی لە خۆی بڕی. دایکی هەڵیدایە و وتی:

– من پێم وت دوکتۆر .. وتم: ئەوە نابێ .. پیسە .. راوەستە با بچم لەو ماڵە دراوسێیانە لۆکەی پاکت بۆ پەیدا بکەم. کەچی بەقسەی نەکردم و وتی: تۆ هەقت نەبێ .. زۆر باشە.

– جا بۆ بەقسەت کرد؟ .. بتکێشایە بەدەمیدا. دیارە ئەم لە بابەتی کەرە دێزەکەیە.

– ئای دەم خۆش .. ئەرێ وەڵا لەو بابەتەیە.

حەمە بەقسەکە پێ کەنی. قادر وتی:

– پێ دەکەنیت؟! .. راوەستە بۆم .. ئێستا دۆزەخ بەچاوی خۆت دەبینیت. وا تێ نەگەیت من پێتی دەبینم .. نەء .. ئەنجامی کەمتەرخەمییەکەی خۆتە.

ئیتر کەوتە خۆی. گەلێ هەوڵی دا، بەهێواشی لەگەڵ تۆپەڵە لۆکە و برینەکەدا مامەڵە بکا و هێندەی بۆی بکرێ، ئازاری لێ گل بداتەوە و بێ سوود بوو. حەمە دۆزەخەکەی هەر بینی و کەچی نەیوت ئاخ. کاتێ قادر کارەکەی ئەنجام دا، خۆی هەموو لەشی نیشتبووە سەر ئارەق. دەستەسڕی دەرهێنا و کەوتە سڕینی دەموچاوی. ئینجا سەیرێکی حەمەی کرد، کە ئەویش ئارەق چۆڕاوگەی بەستبووە سەر و ڕووی و پێوەی دیاربوو کە لە چ حاڵێکی ناهەمواردایە. بۆیە بەئەوڕەحمانی وت:

– ئەو ئارەقە لە دەموچاوی بسڕە. عەجەب بەرازێکە!.

حەمە بەو حاڵەشییەوە، بەم قسەیەش هەر پێ کەنی!. بەدەمییەوە وتی:

– من وام دەزانی هەر حەمەشینم .. تومەز کەری دێز و بەرازیشم.

قادر سەیرێکی ئەوڕەحمانی کرد و وتی:

– بمبەخشە.. مەبەستم تانووت لێدانت نەبوو .. تۆ زۆر زۆر ئازایت .. زۆر بەجەرگیت.

ئەوڕەحمان لە بریی حەمە وتی:

– دڵنیابە .. ئەویش مەبەستی گلەییکردن نییە .. هەر بۆ قسە خۆشییە.

قادر تێ گەیشت. کەوتە تیمارکردنی برین. برین ئەگەرچی چیغ بوو، بەڵام هەم

قووڵ و هەم درێژبڕ بوو. جگە لە پیسبوون و جەراعەتکردنی. کە لێ بووەوە، ڕووی قسەی کردە ئەوڕەحمان و وتی:

– من وای بەچاك دەزانم ببرێتە خەستەخانە.

حەمە خۆی هەڵیدایە و وتی:

– چی؟! .. خەستەخانە؟! .. من بۆ ئەو نووکە دەرزییە بچمە خەستەخانە؟!. بێ قەزابیت دوکتۆر .. من لایەکی سەریان هێنامە خوارەوە، چەقۆیەکیان چەقاندە قەبرغەم، ئەم دەستی چەپەمیان شکاند و نەچوومە خەستەخانە و خوش بوومەوە .. ئێستا بۆ ئەمە بچم؟!.

قادر قسەکانی بەلاوە سەیر بوون!. وەك بەفیشاڵکردنیان بزانێ، بەمەغزاوە ڕوانییە ئەوڕەحمان. ئەو بزەیەك گرتی و بەحەمەی وت:

– هەتیو خۆت بێ ئەقڵ مەکە. ئەمەیان جیاوازە. هەڵسە با بچین بۆ خەستەخانە.

– ئا .. لەوێشەوە بۆ گرتیکە! .. بەخوا کاکە من ئەم گاڵتەیە ناکەم. وازم لێ بێنن.

– بۆ ئێمە پۆلیسین؟.

– ئای! .. کاکە ئەوڕەحمان بۆچی وای تێ گەیشتیت؟. من چۆن ناماقووڵیی وا دەکەم؟!.

– ئاخر قسەکەت وای دەگەیاند.

– سەرم دا لە بەرد .. حاشا و دوور لە ئێوە. من مەبەستم حکوومەتە بۆگەنەکەیە. بچمە خەستەخانە، دەکەومە داویانەوە. ناکەوم؟.

قادر هەڵیدایە:

– نەء .. دەڵێیت: لەو حەلەدا، بەو ناوەدا رابوردم و پێکرام.

– حەو! .. دەڵێی نایانناسن! .. بۆ کاك قادر نازانم، ئەگەرچی مادام تۆ هێناوتە دەبێ وەکو تۆ بێ. بەڵام ئەی تۆ کاك ئەوڕەحمان .. نایانناسیت چ ماڵێکن؟!.

ئەوان پێکەنین و وەرامیان نەدایەوە. ئەم وتی:

– نە بابە نەء .. من بۆ هەر شتێکی تر فەرمایشت بکەن، سەرم لە ڕێتاندایە. بەڵام بۆ ئەمیان نەء. زۆر سوپاسیشتان دەکەم و تا مردن، چاکەتانم لە بەرچاو دەبێ.

قادر ئیتر، دەستێکی دڵسۆزانەی خستە سەر شانی و وتی:

– دە گوێ بگرە .. ناچیت بۆ خەستەخانە مەچۆ. من خۆم ڕۆژی دووجار، بەیانی و ئێوارە، دێم تیمارت دەکەم. بەمەرجێك ..

حەمە قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– ئاخر ئەوەش پێویست ناکا .. عەزێتێکی زۆرە بۆ تۆ. من خۆم دەناسم .. پشیلەی حەوت ڕۆحم و بەم سووکە زامە، هیچم لێ نایە. ئیتر تۆ ئەو زەحمەتە بۆ بکێشیت؟.

قادر بەقسەکانی قارس بوو. بەنیمچە توورەبوونێکەوە وتی:

– کوڕە کابرا تۆ شێتیت یا چی؟ .. سووکە برینی چی و تەڕەماشی چی؟!. ئەوەی جەنابت ناوی دەبەیت بەسووکە برین، ئەگەر تیمارێکی باش نەکرێ دەتکوژێ.

ئینجا تۆپەڵە پەڕۆ و لۆکەکەی، لە ڕووی نزیك کردەوە و وتی:

– ئەمە کاری کردەیە؟! .. ئەمە دەبێتە هۆی کوشتنت. ژەهرە مارێکە و ناوتەتە سەر برینەکەت. ژەهرەکەش لەوانەیە، ئێستا بەناو خوێنەکەدا بڵاو ببێتەوە و بەرەو مردنت بەرێ.

حەمە نەك لە ترسی وشەی مردن، بگرە لەبەر دڵی ئەوان، دەستەمۆ بوو. وتی:

– بەڵێ .. بەڵێ باشە .. سەرم لە ڕێتاندایە .. چی دەفەرموون وا دەکەم.

– ئاوا کوڕی باش .. ئاقڵ بە .. خۆ من دەزانم تۆ، کون لە جەرگتدا نییە و لە مردن ناترسیت. بەڵام بۆچی لەخۆڕایی بفەوتێیت؟.

– بەڵێ .. بەڵێ وایە.

– دەگوێی لێ بگرە و بزانە چ ئامۆژگارییەکت دەکا و بەقسەی بکە.

– بەڵێ فەرموون.

ئەوسا قادر، بەهێمنی پێی وت:

– کاکی برا .. وەك وتم، ڕۆژی دووجار دێم بۆ تیمارکردنت. بەمەرجێك لە ماڵ سەر نەبەیتە دەر، بگرە لەسەرجێگەش نەبزوێیت. تۆ جگە لەو وەزعەی برینەکەت، خوێنێکی زۆریشت لەبەر ڕۆیشتووە. وایە یان نا؟.

– بەڵێ وایە .. زۆر زۆر .. شڕە و پڕەی دایکم نەما لە خوێن هەڵنەکێشرابن.

– کەچی هێشتا ماویشیت؟!.

– ئەریٚ وەڵا .. ئەوە نیم؟.

– ئەشەدوبیللا .. پشیلەی حەوت رۆحیت.

– ئەی نەموت؟.

هەموو پێکەنین. دوایی قادر وتی:

– سا بۆیە دەڵێم: دەبیٚ لە جێی خۆت جووڵە نەکەیت و چاك بحەوێیتەوە.

– بەسەرچاو.

کاتیٚ هاتنە سەر بەجێهێشتنی و ویستیان برۆن، ئەو بەدەنگێکی تێکەڵ لە داخوازی و لە تکاوە وتی:

– کاکە ئەورەحمان .. ئەی عارەقەکە؟.

ئەوان سەیرێکی یەکتریان کرد. ئەورەحمان وتی:

– تۆ جاریٚ پێم بڵیٚ: دوێنیٚ چیت کرد؟.

– پێش هەراکە چارەکێکم فڕ کردبوو. وام دانابوو دوایی تەواوی بکەم. کەچی ئەوەبوو حوکمەت بۆی تەواو کردم.

– یانی داوەتی ئەو بوویت؟.

– ئەی .. نامەخوا زۆر سەغییە!.

قادر لەلای خۆیەوە وتی:

– دەکەوابیٚ مەرجێکی تریش .. نابیٚ بخۆیتەوە.

– سەرم لە رێتە ... بەڵام خۆ من نایکەم بەسەر برینەکەمدا! .. من دەیکەمە ناو ورگمەوە.

– بتکردایە بەسەر برینەکەتدا، زۆر چاکتر دەبوو وەك لەناو ورگت.

– دەی باشە هەر قایلم .. وای لیٚ دەکەم!.

قادر هەستی بەخۆشەویستییەکی قووڵ کرد بەرامبەری. بە سۆزێکی باوکانەوە دەستی خستەوە سەر شانی و بزەیەکی گەشی دا بە ڕوودا، وتی:

– بۆ ئەمیان نایکەمە مەرج و تەنیا وەك تکایەك، تکات لیٚ دەکەم کە دان بەخۆتدا

بگریت و نەکەیت بخۆیتەوە. چەند رۆژێك.. هەر چەند رۆژێك، تا دێیتەوە سەرخۆت و لەوەلا حەز دەکەیت بەقەڕابە بخۆوە.

بۆ وەرام قەدەرێ ڕاما و بیری کردەوە. لەو ساتەدا پڕ بەناخ، هەستی دەکرد کە ئەگەر وتی «ئا»، دەبێ ئەگەر پەتۆی بردووە بیباتە سەر. تا کاتێ قادر وتییەوە:

– تکایە نەك فەرمان .. تکات لێ دەکەم.

ئەو وتی:

– سەرم لە ڕێتە .. بەسەر ئەم چاوانە.

– یانی تکاکەم بەجێ دێنیت؟.

– لای من تکا نییە .. فەرمانە و فەرمانت لەسەر سەرم.

کە جێیان هێشت، قادر وتی:

– تۆ بڵێی بیباتە سەر؟.

ئەورەحمان وتی:

– دڵم وام پێ دەڵێ کە دەیباتە سەر.

***

## ١٤

– حەز دەکەیت زوو مارەت بکەم و بتگوێزمەوە؟.

ئەورەحمان ئەگەرچی، بەکپی دڵی لەگەڵ ئاسکۆڵدا گۆڕییەوە و هەراکەی زایەری لێ دەرچێ کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك سەرشێتی کردن، هەر بەکپیش نیشانەی کرد و بوونە دەزگیرانی یەکتر، بەڵام لە ناخدا بەردەوام بۆ لە ئامێزگرتنی دەسووتا و بەو خولیایەوە دەتلایەوە.

مەسەلەش برێتی نەبوو، لە تەنیا پەیرەوکردنی پێوەندییە سروشتییەکەی نێوان نێر و مێیەك، بگرە گڕی ئەشقێکی بێگەردیشی چووبووە پاڵ و دەیکردنە یەك گیان لە دوو جەستەدا .. دوو جەستەی لە یەکتر دابڕاو .. «بۆچی نەچینە پاڵ یەك؟ .. چ هۆیەك هەیە؟ .. چ کۆسپێك لە رێگەدایە؟ .. چ چەپەرێك لە نێواندایە؟. هیچ .. مەگەر هەژاری و دەستکورتییەکە بێ، دەنا هیچی تر لە ئارادا نییە گیرمان بدا. بۆ ئەمیشیان، ئاسکۆڵەکەی خۆمە و دەیناسم چ جۆرە مرۆڤێکە. جگە لەوەی ئاسکۆڵەکەی لەمەڕ خێزانێکیشە کە دەزانم چین و چی نین. ئیتر بۆ نەء؟!».

ئەم کە پرسیارەکەی لێ کرد، ئاوا بیری لێ کردبووەوە و بڕیاری خۆی دابوو. ئەویش وەك گوڵ پێی گەشایەوە. ئەگەر بەردەوام شەرم دەمکوتی نەکردایە، لە زووەوە دەیوت: «ئەرێ دڵم تەقی .. تا کەی یەك گیان بین، لە دوو جەستەی دوور لە یەکتردا؟!». بۆیە بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە گەشکەدارییەوە وتی:

– چۆن نەء! .. ئەی تۆ حەز ناکەیت؟.

– با .. بێگومان .. بەڵام یەك شت گیرم دەدا.

– چییە؟.

– خۆت دەزانیت، من ئەرکی ژیاندنی خێزانێکم لە ئەستۆیە کە هەر منیان هەم. لەبەر ئەوە . . .

– لەبەر ئەوە ناتوانین لێیان جیا ببینەوە .. وانا؟.

– با .. وام مەبەستە.

– جا ئەوە قسەی پێ دەوێ؟ .. گوایە من نایزانم؟.

– یانی ڕازییت؟.

– چۆن ڕازی نابم! .. نامناسیت؟.

– ئاخر وتم: قسەی لێ بکەین باشترە .. با پێشەکی ئاگەدار بیت.

– چاکت کرد .. بەڵام دڵنیابە، لە ئێستەوە هەتا مردن، تۆ چۆنت حەز لێ بێ من وا دەکەم.

– هێجگار واش نا .. بەڵکو من هەڵەم کرد .. یا پێم خوار دانا .. یا من . . .

– نایکەیت .. من زیاتر مەبەستم، پێوەندیی نێوان خۆم و خۆتە. دەتناسم و لێت دڵنیام.

ئەوڕەحمان بەخۆشحاڵییەوە، بۆی پێ کەنی. لێی نزیك بووەوە ماچی بکا، ئەو هەڵسا و چووە دەرەوە. بەبیانووی هێنانی پەرداخێك ئاوەوە، چاوێکی گێڕا. دایکی لە پشت هەیوانەکەدا، هێشتا هەر خەریکی کار و فرمانی خۆی بوو. کە گەڕایەوە، ئاوەکەی دانا و بەپەرۆشەوە دەستی کردە ملی. دەمی نا بەدەمییەوە و ماچێکی گەرمی کرد. ئینجا وتی:

بەساقەت بم .. خێراکە .. دڵم تەقی .. تۆ نازانیت من لە چ حاڵێکدام. شەو تا بەیانی، لەناو جێگەکەمدا گینگڵ دەدەم. بەیانیش تا شەو دادی، دەڵێی بەسەر دنیاوە نیم. چەندە خێرا بکەیت، هێشتا هەر درەنگە.

ئەوڕەحمان نووساندی بەخۆیەوە، وتی:

– منیش ئاسکۆڵ گیان .. منیش وەکو تۆم و خراپتریش.

کە دەستیان لە یەکتر بەردا، بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون. تا ئەوڕەحمان کەوتە قسە و وتی:

– تەواو .. لە ئێستاوە هەتا مانگێکی تر، دەبێ هەموو شتێك ببڕێنمەوە. تۆ ئەوەندەت لەسەرە، شەو و ڕۆژ بژمێریت. ڕەنگە بیست ڕۆژ .. پازدە ڕۆژ. بەڵام نابێ لە سی تێپەڕ بکات و دەبێ دەست لە ملان و سەر بەتەنیشت سەرەوە، شەوگار ڕۆژ بکەینەوە.

ئاسکۆڵ گیان .. تۆ بیهێنه بەرچاوت .. عەسرێکی درەنگ لەسەر ئیش دێمەوە. سەر و سەکوتم بەپنتکە قوڕ و گەچ سواغ دراوە. هەر خۆم دەکەم بەماڵدا و لە بریی دایکم، تۆ دێیت بەپیرمەوە. من دڵم نایەت دەمم بێنم و ماچت بکەم، نەوەکو تێوە بچیت. تۆ گوێ نادەیتێ، باوەش دەکەیت بەسەرمدا و ئیتر ئەوڕەحمان، ها بگرە ماچ بەلێزمە. ئینجا پەلکێشم دەکەیت بۆ بەربەلووعەکە. سەر و قژ و دەموچاو و دەست و پێم پێ دەشۆیت. بەخاولییەك بەدەستی خۆت وشکم دەکەیتەوە. دوایی دەمبەیتە هەیوانەکە یا ژوورەوە. بەرگی ئیشم پێ دەگۆڕیت و هی دەرەوەم پێ لەبەر دەکەیت. ئێستا ئیتر پاك و تەمیزم و من باوەشت پێدا دەکەم. تێر تێر ماچت دەکەم و دەستت لێ بەردەدەم. دەچم بەلای کتێبەکانمەوە. کتێبی دەرسەکانی ئەو ڕۆژە جیا دەکەمەوە. دەیانخەمە بن دەستم و بەرەو قوتابخانە دەڕۆم. لەوێ لایەکی مێشکم لەلای دەرسەکان دەبێ و لایەکەی تری لەلای تۆ. کە دەوام تەواو دەبێ، بەپەرۆشەوە دێمەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر شەوگاری سەر بەسەرەوەی من و تۆ دەست پێ دەکا .. ئیتر تا ڕۆژ دەبێتەوە، دەست لە ملانی یەکتر دەبین .. یەکتر لە باوەش دەگرین.

ئەم قسەکانی وەها دەکرد، کە دەتوت خەوێك دەگێڕێتەوە. ئەویش وەهای دەبیستن کە وشە بەوشەیان، کت ومت وەك ئەوەکانی ناو دڵی خۆیین. بۆیە وتی:

– کەوابێ تۆش وەکو منیت!.

– ئەی وات دەزانی تەنیا کە دەتبینم بیرم دەکەویتەوە؟.

– نا .. واش نا .. بەڵام نەمدەزانی، مێشکت ئاوا بەوردی، پێمەوە خەریکە.

– هەر خەریك؟! .. بگرە زەلالەتێتی!. ئەوەش بزانە، زۆر بەکورتی قسەم بۆ کردیت و هەندێ شتیشم هەر دەرنەبڕی.

– وەکو چی؟!.

– نایڵێم .. ناوترێ .. دوایی باسی دەکەم.

هەردووکیان پێ کەنین. تا دوای ماوەیەك بێدەنگی، ئەوڕەحمان هەڵسا بڕوا و وتی:

– وەك وتم: دڵ لە دڵ مەدە .. لە ئێستەوە تا مانگێك .. لە سەرمی بکە بەماڵ .. بەمەرجێك لە بەڵای لابەلا بەدوور بین.

***

لە بەڵای لابەلا بەدوور نەبوون و هەر دوای دوو ڕۆژ، خراپ بەئەوڕەحمانەوە درا!. ئەو لەو دوو ڕۆژەدا، تەنیا هێندە فریا کەوتبوو کە دایکی لە نیازەکەی ئاگەدار بکا و پێکەوە بکەونە نەخشەدانان، کاتێك زایەر وەك کوڵەوەیبابێك چزەی لێ هەڵساند!.

هیچ کەسیان و تەنانەت وەستا تایەریش، سەریان لێ دەرنەدەکرد زایەرێك، کە ئەگەر ئیشێکی زۆر پێویست و پەلەی بە کاکی نەبووایە سەری نەدەکرد بەچاخانەکەدا، بۆچی ماوەیەك بوو هەموو ڕۆژ قوت دەبووەوە، یا ڕۆژ هەبوو دوو جار و سێ جار پەیدا دەبوو!. وەستا هەر زوو پرسیارەکەی لە خۆی کرد. کە هیچ وەرامێکی لەلا نەبوو، لە دڵی خۆیدا هێشتییەوە و دەنگی نەکرد. کاتێکیش زۆراب هەر لەو بارەیەوە پرسیاری لێ کرد، تەنیا وتی:

– ئەگەر ڕاستت دەوێ، سەری لێ دەرناکەم!. ئێ خۆ ناشێ لە خۆی بپرسم .. برایە و دێتە چاخانەکەی کاکی .. وەهام وەرام دەداتەوە .. وانییە؟.

– بێ کەم و زیاد .. هەر ئەوە وەرامی دەبێ.

ئەوڕەحمان و خورشیدیش، لە سەرەتادا لێی سەرسام بوون. پرسیارەکەیان دەکرد و وەرامیان دەسگیر نەدەبوو. تا کاتێ سەیریان کرد هەموو جار، بە ڕوویەکی خۆش و سەروزمانێکی شیرینەوە، سڵاویان لێ دەکا و ئاسایی دێت و دەچێ، وردە وردە پشتگوێیان خست. ئەوە هەروا بیست ڕۆژێکی خایاند و ئیتر، پیلانەکەی خۆی ئەنجام دا.

ڕۆژەکە، ڕۆژی سەرماوسۆڵەیەکی ئەوتۆ بوو، کە زۆر ئاسایی بوو مرۆڤ، لە کاتی دانیشتنیدا لەناو چاخانە – حەمامەکەی وەستادا و خەریکبوونی بەدۆمینە و ئەزنیفەوە، ئاگای لە پاڵتۆیەکی فرێدراوی لاتەنیشتییەوە ببڕێ. ئەو وەك هەر مار و مێرووییەك، فرسەتی لەو بێ ئاگاییە هێنا و بەئەوڕەحمانییەوە دا. بەدەستووری جارانی پێشووی، خۆی کرد بەچاخانەکەدا و سڵاوی لە کاکی و زۆراب کرد. دەستی دایە کورسییەك و چووە تەنیشت زۆپاکەوە دانیشت. پێویستی بەسڵاوکردن لە ئەوڕەحمان و خورشید نەبوو. هەم ئەوان سەرقاڵی یاری بوون و هەم بۆ ئەمیش وا باش بوو. دانیشتنەکەی هەر ئەوەندە بوو تا چایەکی خواردەوە و جگەرەیەکی کێشا. ئیتر چۆن هاتبوو، وەهاش چووەوە دەرەوە. بەدوایدا زۆری پێ نەچوو، خولە جاسووس و دوو پۆلیس خۆیان کرد بەژووردا و ڕاستەوخۆ، بەرەو لای ئەوڕەحمان چوون.

وەستا بەبینینیان، قرچەیەك لە دڵی هەڵسا و ڕاپەڕییە سەرپێ. بۆ ماوەی چەند ساتێك، لە جێی خۆی چەقی و هیچی بۆ نەکرا. تا کاتێ تینی دایە بەر خۆی و بزوا، ئەوان گەیشتبوونە ئاستی ئەورەحمان و بەسەر سەریەوە راوەستابوون. کە بەقەڵەمبازد خۆی گەیاندە لایان، گوێی لێ بوو خولە دەیوت:

– ئەورەحمان .. هەستە سەرپێ.

ئەو هەر بەدانیشتنەوە، ئاوڕێکی دایەوە و بینینی. سەرەتا دڵی خورپەیەکی کرد و هیچی نەوت. بەڵام کە خولە دووبارە وتی:

– هەستە سەرپێ.

ئەوسا بزەیەك گرتی و بەتەوسێکەوە وتی:

– بۆچی؟ .. خێرە؟!.

خولەش هەر بەتەوسەوە وتی:

– خێر دەبێ ئینشاڵا .. تۆ هەستە.

لێرەدا وەستا لێی بەقسە هات، وتی:

– کاکە مەحموود .. مەسەلە چییە؟ ..

خولە رووی لێ گرژ کرد، وتی:

– وەستا .. تۆ هەقت نەبێ و قسەی تێدا مەکە.

خورشید و یاریکەرەکان، دەستیان بەپوولەکانەوە وشك بووبوو. دانیشتوانی تری ناو چاخانەکە، هەموو حەپەسابوون. زۆراب و سابیر لە پشت وەستاوە، بەبێدەنگ راوەستابوون. خولە کە بۆ جاری سێیەم وتییەوە:

– هەڵنەستیت، بەزۆر ڕاستت دەکەینەوە.

ئینجا هەڵسا و ڕووبەڕووی راوەستا. خولە وتی:

– وەرە ئەملاترەوە و دەستت هەڵبڕە.

ئەو تێ گەیشت کە دەیەوێ بیپشکنێ. لەبەرئەوەی تەواو لە خۆی دڵنیابوو، هەر بەدەم زەردەخەنە پڕ لە تەوسەکەوە، هەنگاوێك لە کورسییەکەی دوور کەوتەوە و دەستی بەرز کردەوە. خولە بۆ شوێنەونی، گیرفانەکانی و بەرباخەڵی گەڕا. دوایی وتی:

– کوا پاڵتۆکەت؟.

بۆ ئەمیشیان، زۆر لەسەرخۆ دەستی دایە و بەگاڵتە پێهاتنەوە وتی:

– فەرمووو جەناب.

خولە ئەمجاریش هەر بۆ شوێنەونی، گیرفانی ئەملا و ئەولا گەڕا و هیچی بەدەستەوە نەهات. کەچی کە کردی بە بەرباخەڵەکەیدا و دەری کێشایەوە، هەندێ کاغەزی دەرهێنا و پێش سەیرکردنیان، سەرنجێکی بەمەغزای دایە ئەورەحمان. ئەویش ئەگەرچی خورپەیەکی تیژڕەوی ساتەوەختی، بەهەناویدا برووسکەی دا، بەڵام لەبەرئەوەی تەواو لە خۆی دڵنیابوو کە هیچی پێ نییە، هەر وای دانا کە دەبێ، کاغەزی ئاسایی بێ و بەبێ ئاگا خستبێتییە گیرفانییەوە. کەچی کاتێ خولە کردنییەوە و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی خۆیانی کەوتە بەرچاو، وەها حەپەسا کە دەتوت بەسەر دنیاوە نەماوە!.

خولە وەك سەرکەوتنێکی گەورەی بەدی هێنابێ، ئاوڕێکی پڕ لە شادمانیی لە وەستا دایەوە و وتی:

– وەستا .. ئێستا زانیت مەسەلە چییە؟!.

ئەو پێی زانی. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی گێل کرد و وتی:

– نەوەڵا .. چییە؟ .. ئەوانە چین؟!.

– ئەمانە رەحەتەلقومن! .. کاکم بەناو خەڵکدا دەیانبەشێتەوە تا عافێتی بکەن. وانییە کاکم ئەورەحمان؟!.

«گوایە سەرباری کەتنەکەی پێم کراوە، ئەم لاقرتێیەش؟!» ئەو لە دڵی خۆیدا وای وت و حیرسێکی توند گرتی. بۆیە لە وەرامیدا بەرقەوە وتی:

– نەخێر وانییە خولە جاسووس .. ئەوانە نە هی منن و نە فرم بەسەریانەوە هەیە. بەڵکو تۆ خۆت، خستووتنە گیرفانمەوە.

خولە لە بریی ئەوەی بەقسەکەی قارس ببێ، دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– وایە .. کەم و زیادی نییە .. یانی ئەم هەموو زاتانە، کوێر و نابینان؟.

ئەورەحمان بەرامبەر پیلانە نەگریسەکە، کە هێشتا نەیدەزانی چۆن ساز کراوە، لە دڵدا هەر دەکوڵا و لە وەرامدا وتی:

– نەء .. ئەوان کوێر و نابینا نین .. تۆ .. تۆی جاسووس وەهایت، دەنا ئەم ڕەفتارە چەپەڵەت لێ نەدەوەشایەوە. بەڵام خۆت دەبینیتەوە چیت بەسەر دێت.

– یانی هەڕەشەم لێ دەکەیت؟! .. خەڵکینە .. خۆ گوێتان لێ بوو؟. ئەمە تاوانی دووەمت .. چیی تریش؟!.

خورشید کە لەولاوە خۆی خواردبووەوە و دەتوت لەسەر ئاگر دانیشتووە، ڕاچەنی و وتی:

– خولە جاسووس .. تۆ ..

ئەوڕەحمان گورج قسەکەی پێ بڕی و داینیشاندەوە. ئینجا لەسەرخۆ بەخولەی وت:

– ئێستا پێم بڵێ: چیت دەوێ؟.

– چیم دەوێ؟! .. ئەوە وتنی بۆ چییە؟! .. فەرموو پێشمان بکەوە.

کە پێشیان کەوت وڕۆیشتن، وەستا بەئەرکی سەرشانی خۆی زانی هەوڵێك بدا. بەدوایاندا چووە دەرەوە. خۆی گەیاندە خولە و بردییە لاوە. بەدەنگی نزم وتی:

– کاکە مەحموود .. دەستم دامێنت! ..

– فەرموو ..

– چارەیەك ..

– وەکو چی؟.

– مەیبە .. بەرەڵای بکە و من لە خزمەتتدام.

خولە تۆزێ راما. دوایی وتی:

– وەستا ناکرێ .. حەزم دەکرد بمتوانیایە .. بەڵام کارەکە لە بنەڕەتدا، لە دەست مندا نەبووە و لە دەستیشمدا نییە. دەنا دەمکرد.

– ئەی ئەوە نییە تۆ دەیگریت و دەیبەیت؟!.

– با .. ئاخر یەکێکی تر هەیە کە خەبەری لێ داوە. خۆ من لە خۆمەوە نەهاتووم. من فەرمانم پێ کرا.

– ئەو یەکە کێیە؟.

– چووزانم وەستا .. خۆ غەیبزان نیم.

وەستا لە كۆڵی نەدەبووەوە. ئەمجارە بەنیمچە پاڕانەوەیەكەوە وتی:

– كـاكـە مەحموود .. بیكە بەخاتری من. بیبە قەینـاكـا، بـەڵام كـاغـەزەكـان سەرەونگووم بكە و بڵێ هیچی پێ نەبوو. چەند دەفەرمووێت دەتدەمێ.

– وەستا .. شتەكە وا ئاسان نییە. ئەگەر لە بەینی خۆماندا بووایە دەبوو. ئەی ئاخر لەولاوە كابرای خەبەردەر و لەملاشەوە، ئەو دوو پۆلیسە و خەڵكەكە هەن. ئیتر چۆن بتوانم؟.

– لە خەڵكی ناو چاخانەكە مەترسە .. هەموو خۆیین. بۆ دوو پۆلیسەكەش، رازییان دەكەین.

– ئەی كابرا؟.

– كابرا با هەر لە ورگی خۆی بدا.

خولە بزەیەك گرتی و هەر زوو كوژاندییەوە. ئەو ئەگەرچی ئاگەداری كەینوبەینی داواكردنەكەی ئاسكۆڵ لەلایان زایەرەوە نەبوو، بەڵام دەیزانی كە زۆر بەپەرۆشە ئەوڕەحمان بخاتە داوەوە. بۆچی و لەبەر چی؟! . . . تەنیا هێندەی لێ دەبیست، كە ئاژاوەچییەكی زۆر بزێوە و دەبێ لەو گورجوگۆڵییە بخرێ. كە پێشی وت:

– ئەی ئاخر، حیسابێك بۆ كاكت و چاخانەكەی ناكەیت؟.

وتی:

– بەپێچەوانەوە .. دەمەوێ كاكم و چاخانەكەی، لەو ئاژاوەچییە رزگار بكەم.

ئیتر هەر زایەر خۆی، نەخشەكەی دانا و وتی:

– لەبەرئەوەی تـۆ دەنــاسن و دەستت لـە رووە، بـەتۆ جێبەجێ ناكرێ. من خۆم دەیخەمە داوەكەوە. تۆ تەنیا گرتنەكەیت لەسەر دەبێ.

كە پێی وت:

– ئەی ناترسیت ئەم كارەت ئاشكرات كا؟. چ وەرامێكی معاون ئەكرەم دەدەیتەوە؟. خۆ خۆت دەزانیت چەندی بەلاوە مەبەستە، تۆ هەر لە حەشاردا بیت.

ئەو وتی:

– دەزانم .. بەڵام یەكەم: نایەڵم ئاشكرا ببم. دووەمیش: بەگرتنی ئەوڕەحمان، دەبی

خەڵاتمان بکا.

لەبەر ئەوە خولە لە وەرامی وەستادا وتی:

– ناتوانم .. وەستا ناتوانم.

ئیتر بواری هیچ قسەیەکی پێ نەدا. بەخێرایی هەنگاوی نا و کەوتە ڕێ. ئەوڕەحمان و دوو پۆلیسەکەش بەدوایدا.

***

## ١٥

گرتنەکەی ئەورەحمان، خەمێکی گەورە بوو بۆ هەمووان و بەتایبەتی بۆ وەستا. چونکە کاتێ دوای پازدە رۆژ، دەمیان گەیشتێ و پێی ڕاگەیاندن کە کەتنەکە زایەر کردوویەتی و کە قسەکەی بەرگوێ کەوتەوە، لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە پشتی سەری. وەها لە چاخانەکە دەرپەڕییە دەرەوە کە ئەگەر بەرچنگی بکەوێ، دەمودەست لە حەوت سالان راستی دەکاتەوە. بۆیە زۆراب ترسێکی زۆری لێ نیشت و بەدوایدا هەڵمەتی برد. بەگیری هێنا و کەوتە تکا لێکردنی، کە هێمن ببێتەوە و دان بەخۆیدا بگرێ. تەنانەت بۆ دامرکاندنەوەی، بێ ئەوەی باوەڕی بەقسەکەی خۆی هەبێ، وتی:

– وەستا پەلە مەکە .. تکایە .. کێ دەڵێ وایە! .. دوور نییە ئەورەحمان بەهەڵە چووبێ.

بەڵام ئەو هەر دابین نەبوو. خۆی ڕاپسکاند و ملی پێوەنا. خواوڕاستان لە ماڵەوە بەگیری هێنا. هەرکە گەیشتە ئاستی، هەردوو چنگی لە یەخەی گیر کرد و بەپاڵ و تەکان بردی، تا نووساندی بەدیوارێکەوە.

گوڵناز و منداڵەکان، واقیان وڕما و لە جێی خۆیان وشك بوون. زایەریش کە هەر زوو لە فیکەی خۆی تێ گەیشت، تەقەلای دا خۆی گێل بکا و وتی:

– چییە کاکە؟! .. چی بووە؟! .. بۆ وام لێ دەکەیت؟!.

کاك توندتر، دەست و پەنجەی گیر کرد. دانی لێ جیر کردەوە و بەحیرسەوە وتی:

– هەی بێ شەڕەف .. هیچ نامەردییەکت نەدۆزییەوە بیکەیت، جاسووسی نەبێ؟!. گەوادیت بکردایە باشتر نەبوو .. ها .. باشتر نەبوو؟!.

ئەو بێ ئەوەی لە جێی خۆی ببزوێ، وتی:

– کاکە جاسووسیی چی؟! .. تۆ دەڵێیت چی؟! .. من نازانم تۆ مەبەستت چییە؟!.

– نازانیت هەی بێ ئابڕوو؟ .. نازانیت کێ ئەورەحمانی بەگرت دا؟! .. کێ کاغەزەکانی خستە گیرفانییەوە و چوو خەبەری لێ دا؟! .. نازانیت!.

– من؟!.

– ئا تۆ .. تۆی نامەرد و ناپیاو .. تۆی گەواد و تەرەس.

– درۆیە .. کاکە درۆیە .. شتی وانییە.

– درۆیە؟! .. بۆچی ناتناسم چ مالێکیت؟! .. با .. زۆر باشت دەناسم. ئێستا چیت لێ بکەم باشە .. ها .. چیت لێ بکەم؟!.

بۆ ماوەی چەند ساتێك، هەردووکیان لەسەر ئەو بارە، بێ ورتە و جوولە مانەوە. لەو دەستەمۆیی و زەلیلی و لەمیش، ئاگر دەرپەڕین لە چاو، بە ڕووی برا بچووکێکدا کە لە بریی سەربەرزی، شەرمەزاریی بۆ دەهێڵێتەوە. تا کاتێ، دەنگی هەنسك هەڵدانی گوڵنازی کەوتە بەرگوێ، ئاوڕی بەلادا دایەوە و بینی چۆن داڕماوەتە سەر زەوی، سەری ناوەتە کۆشییەوە و بەکوڵ دەگری و منداڵەکانیش بەدیارییەوە هەر واقیان وڕماوە، هەستی بەزەیی بەوان بەسەر تووڕەیییە بێ ئامانەکەیدا زاڵ بوو. ڕووی وەرگێڕایەوە بەلای زایەردا. هەرچی تف لە دەمیدا بوو، تۆپەڵی کرد و بەهەموو هێزێکییەوە، تووڕی هەڵدایە سەر ڕووی. بەدوایدا، هەتا هێزیش لە توانای دەست و بازوویدا بوو، جەستەی لە دیوار کردەوە و بەلای چەپدا فڕێیدا. جەستە ڕەتی برد و لەولاوە، بەبەرچاوی منداڵەکانەوە، لنگەوتلوور کەوت. ئەوسا وەستا وتی:

– وەها هاتبووم هەر بەخنکاندن بتخنکێنم. بەڵام بەقوربانی ئەو ژنە و ئەو منداڵانەت بیت. وا دەڕۆم .. نەخەڵەتابیت هەتا لە ژیاندا ماوم، لە هیچ کونێکەوە چاوت بخەیتەوە بەرچاوم.

***

وەستا کە گەیشتەوە چاخانەکە، بەسەر خەم و جەخارێکی سەخت و ستەمتردا چوو. هەر هێندەی پێی نایە ژوورەوە، سەیری کرد وا دەروێش یەخەی سابیری گرتووە و وەك قیر و زفت پێوەی لکاوە، لە کاتێکدا زۆراب و خورشید لێی نەویون و هەوڵ دەدەن دەستی لە یەخەی پێ بەربدەن. کە دیمەنەکەی دی، ئیمانی لە کەللەدا نەما و بەهەمان ڕق و کینەکەی لەمەڕ زایەرەوە، بەرەو لایان قەڵەمبازدی دا. پڕی کرد بەدەروێشدا و دوای دووسێ جار ڕاوەشاندنی، دەستی پێ لە یەخەی سابیر بەردا. ئینجا بەرزی کردەوە و گرتی بەسەر هەردوو دەستییەوە. بەرەو دەرەوە ڕای فڕاند و وەك پارچە سیپاڵێك، فرێی دایە بەرچاخانەکە. ئیتر بێباکانە، وەرچەرخا و هەنگاوی نایەوە ناو

چاخانەکە. لە کاتێکدا دەروێش، وەك فرێدانەکەی بەو شێوەیە، رق و کینەیەکی ئەوتۆی لە دڵدا جۆش دابێ کە بەخوێن رشتن نەبێ دانەمرکێتەوە، دەستوبرد پڕی کرد بە لەتە خشتێکدا و بەدوای وەستادا، خۆی کردەوە بەژووردا. هێندەش بەخێرایی کێشای بەپشتی سەریدا، کە نەك کەس فریا نەکەوت وریای بکاتەوە، بگرە کەسیش بەتەواوی نەیزانی دەستەکەی چۆن وەشاند!. خوێن وەکو فوارە، لەسەری وەستاوە فیچقەی کرد و بەلادا هات. یەکێك لە دانیشتوان کە زۆر لێوەی نزیك بوو، نەیهێشت بکەوێتە سەر زەوی و باوەشی پێدا کرد. زۆرابیش خێرا گەیشتە ئاستی و لەسەر قەنەفەیەك پاڵیان پێدایەوە.

سابیر بەبینینی دیمەنەکە، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، سەراپای هەست و نەست و بیر و هۆشی، گڕی تووڕەبوونێکی بێ ئامانیان تێ بەربوو!. سابیرە بێ وەیە لە دەروێش تۆقیوەکەی جاران نەما کە هەبوو. بگرە لەو ساتانەدا، لەلای بووە ئەسپێیەك و دەبوو بێ چەندوچۆن، بفلیقێنرێتەوە و کردیشی. لە کاتێکدا ئەو سەربەاری کەتنەکەشی، بەنیازی هەڵمەتهێنانەوە بۆ سەر ئەم، لەناو دەرگەی چاخانەکەدا راوەستابوو هەر جنێوی دەدا، ئەم بە سێ چوار قەڵەمبازد، خۆی گەیاندە لای خاکەنازە بچووکەکەی سەر وەجاخەکە. بەپرتاو دەستی دایە و بەرەوڕووی چوو. ئەو وەك بەهیچ کلۆجێ نەچێتە ئەقڵییەوە کە ئەم دەتوانێ دەستی لێ بوەشێنێ، تا خاکەنازەکەشی لێ بەرز کردەوە، لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد و بەتەمابوو چاکتر لێی بچێتە بەرەوە، تا لەتە خشتەکە بسرەوێنێتە سەری ئەمیش، بەڵام ئەم بواری نەدا و هەتا هێز لە دەست و بازوویدا بوو، خاکەنازی لەسەر شان کێشا بەتەوقی سەریدا و خوێن فیچقەی کرد. لەگەڵیدا رەتی بردە دەرەوە و کەوت. ویستی خۆی بخاتەوە سەرپێ و ئەم، جەزرەبەکەی لێ دووبارە و سێبارە کردەوە. ئەو دەستی نایە سەر سەری و لەسەر زەوییەکە گرمۆڵە بوو. ئەم هەر وازی لێ نەهێنا، سێ جاری تریش لەسەر یەك، کەللەی سەری داپلۆستەوە، تا خەڵکەکە دەستیان گرت و کەلایان خست. ئیتر دەروێش، بۆ ماوەیەکی کەم لە خوێنی خۆیدا گەوزا و لنگەفرتێی کرد. تا وردە وردە جووڵەی لەبەر برا و خپ بوو.

ئەو وەختە زۆراب و خورشید، لە ژوورەوە بەوەستاوە خەریك بوون و لە کارەساتەکەی دەرەوە بێ ئاگا بوون. تەنانەت کە سابیر هاتەوە ناو چاخانەکە بۆ لای وەستا و زۆراب بەدیی کرد، وتی:

– ڕاکە عەرەبانەیەك بێنە.

ئینجا کە خورشید وتی:

– کاکە .. چاکتر وایە بەکۆڵ بیگەیەنینە سەر جادە و لەوێوە، سواری عەرەبانەیەکی بکەین.

سابیر وەك هیچ ڕووی نەدابێ، وتی:

– وازی لێ بێنن بۆ من .. هەر تۆزێ یاریدەم بدەن تا دەیکەمە کۆڵم.

کە وەستایان بەکۆڵی دادا و لە چاخانەکە بەدەرکەوتن، ئەوسا بەکارەساتەکەیان زانــی و واقــیــان ورمــا!. بـەدیـار لاشە لـە خـوێن گـەوزاوەکـەی دەروێشەوە، چـەقین و بەسەرسوڕمانەوە ڕوانییانە یەکتر!. زوو تێگەیشتن چی رووی داوە و بیریان بۆ سابیر و لاشەکەی کۆڵی چووەوە.

کە ئاوڕیان بەلایدا دایەوە، سەیریان کرد بەرەوژوور ملی ڕێگەی گرتووەتە بەر. نـاچـار بـەخـێرایـی بـەدوایـدا کـەوتـنـە هـەنـگـاونـان. کـە گـەیشتـنـە ئـاسـتـی، زۆراب بەسەرسامییەوە وتی:

– مام سابیر .. ئەوە تۆ چیت کردووە؟!.

ئەو لە وەرامدا، لەسەرخۆ و بەتەواوی ڕەزامەندییەوە لە خۆی و لە کارەکەی، وتی:

– ئەوەم کردووە کە دەبوو لە دەمێکەوە بیکەم.

قسەکەی هێندە بەمانا و پڕ بەپێست بوو، کە زۆراب و خورشید هیچیان بۆ نەمایەوە بیڵێن.

ئیتر سێقۆڵی، وەستایان گەیاندە خەستەخانە. ئەو خرایە ژێر تیمارکردنەوە و ئەمان، بۆ زانینی ئەنجام بەدیارییەوە مانەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو، دوو پۆلیس پەیدا بوون. یەکێکیان وتی:

– کامتان سابیری حەمە ساڵحە؟.

سابیر خۆی وتی:

– منم.

پۆلیسەکان کەلەبچەیان کرد و بردیان.

***

# بەشی سێیەم

## ١

کات نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، کە فەرهاد گەیشتە بەر ماڵی نەوزاد و لە دەرگەی دا. وەرز ئەگەرچی روو لەوە بوو وەربگەڕێ و پێ بنرێتە بەهارەوە، بەڵام هێشتا سەرماوسۆڵەی زستان، دوا پاشەکشەی لێ نەکردبوو. چوار رۆژ بوو، شەپۆلی وشکە سەرمایەکی سەخت، ناوچەکەی گرتبووەوە و فەرهادیش، لەو رۆژی چوارەمەیدا بوو کە بەرەو ناوشار، ملی رێگەی گرتە بەر.

دایکی نەوزاد کە دەرگەی کردەوە، بەبینینی وەك گوڵ گەشایەوە. وەها باوەشی کرد بەسەریدا و ئەملا و ئەولای ماچ کرد، کە دەتوت پارچە جگەرێکی خۆیەتی و بۆ ماوەیەکی زۆر، لێی دوور کەوتووەتەوە. بەدەمییەوە پەیتاپەیتا دەیوت:

– فەرهاد .. کوڕە شیرینەکەم .. تۆ چیت بەسەر هات؟!. کوێ کەوتیت و لە کوێ بوویت؟. دەزانیت چەندمان بیر دەکردیت؟.

ئەمیش بەوپەڕی رێز و خۆشەویستییەوە، لە وەرامیدا وتی:

– باوەڕم پێ بکە پوورێ، منیش وەك ئێوە .. بەردەوام لە خەیاڵمدا بوون قەت لە بیرم نەچوونەتەوە. بەڵام خۆت دەزانیت وەزعم چۆنە و بەتایبەتیش کە لەناو شاردا نەبووم. دەنا . . .

– دەزانم .. هەر زوو لە نەوزادم پرسی و ئاگەداری کردم، کە لەناو شاردا نەماویت. بەڕاست لە کوێ بوویت؟!.

– قەراغ .. ماڵی باوکم.

– دە سەیری کە! .. گوایە ئەمەشتان هەر دەبێ نهێنی بێ؟!. ئەو وتی: نازانم لە کوێیە. دواییش کە هەواڵتم لێ دەپرسی، هەر دەیوت نازانم!.

– گلەیی لەو مەکە .. راستی وتووە.

– یانی نەیدەزانی؟.

– نەء.

– کەوابوو دەبێ گلەیی لە خۆت بکەم .. وانا؟.

– با .. لە خۆمی بکە و گلەییت لەسەر سەرم. لەگەڵ ئەوەشدا خۆت دەزانیت کە ناچارییە و دەبێ وەها بین.

ئەو وەختە گەیشتبوونە ژوورەوە. دایکە بەتەنیا خۆی لە ماڵ بوو. فەرهاد پاڵتۆکەی داکەند. کڵاو و جامانەکەی لەسەری داگرت. دانیشت و لە تەنیشت خۆیەوە داینان. دایکی نەوزادیش، راز و گلەییی واز لێ هێنا و وتی:

– دیارە برسیتە ..

ئەم وتی:

– ئەگەر شتێکی حازر هەبێ.

– هەیە و رێککەوتێکی چاکیشە .. ئەوەی حەزت لێ دەکرد.

– ساوەرەکەیە؟.

– خۆیەتی .. گۆشتەکەی لەگەڵدا نەماوە. بەڵام ترشیاتەکەی دەستی خۆم، پارسەنگی دەداتەوە.

بەدەم نانخواردنەوە، هەواڵی نەوزاد و منداڵەکانی پرسی. ئەو لە وەرامدا وتی:

– نەوزاد تۆزێ پێش پێی تۆ، چووە دەرەوە. ئازاد و شیرینیش چوونەوە بۆ قوتابخانە.

– لە خوێندنەکەیاندا چۆنن؟.

– زۆر باشن .. بەڵام زەلالەتمە بەدەست ئازادەوە.

– لە چ روویەکەوە؟.

– زۆر سەرەڕۆیە. دایم دڵم لە مشتمدایە. کۆ لە هیچ ناکاتەوە و هەر ملی پێوە دەنێ.

فەرهاد لە دڵدا، پێخۆشحاڵ بوو. کەچی لە ڕوو وتی:

– نابێ وابێ .. کاکی پێویستە ئامۆژگاریی بکا و نەیەڵێ.

– دەیکا .. خوا هەڵناگرێ زۆری لەگەڵدا دەڵێ و بێ سوودە. شەیتانە .. ئەویش هەموو جار دەڵێ: گەورە ئاو دەرێژێ و بچووك پێی لێ دەخا!. کە پێی دەڵێ: قەیناکا .. پێی لێ

بخە، بەمەرجێك ئاگەداری خۆت بیت پێت نەخزێ و نەکەویت. لە وەرامدا دەڵێ: جا چییە؟! .. ئەوپەڕەکەی، بەدیدەنیی (خەزعەل)ەکەی لەمەڕ خۆت شاد دەبم و سڵاوی تۆشی پێ دەگەیەنم!.

فەرهاد ئەمجاریش لە دڵدا، بەقسەکە خنایەوە و بگرە بزەیەکی گەشیش، کەوتە سەر لێوی. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– وا نامێنێ .. چاك دەبێ.

ئیتر دوای نانخواردنەکە، هەڵسا و خۆی گورج کردەوە. دایکی نەوزاد، چاوەڕێی ڕۆیشتنی لێ نەدەکرد. وتی:

– چی دەکەیت؟!.

ئەم وتی:

– دەڕۆم .. ئیشێکی پەلەم هەیە.

– بەبێ هیچ حەوانەوەیەك؟!.

– ماوەم بەدەستەوە نییە .. پەلەمە.

ئەو وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ، وتی:

– سەیرە! .. دەڵێی بۆ مزگەوتی دەکەن.

ئەم زەردەخەنەیەکی گەشی دا بە ڕوودا، وتی:

– ئەی تۆ؟!.

– ڕاست دەکەیت .. منیش!.

ئینجا باسەکەی گۆڕی و وتی:

– چی بەنەوزاد بڵێم؟ .. شەو دێیتەوە؟.

– بەدەست خۆم نەبێ، حەز دەکەم. وەکی تریش، نازانم.

***

فەرهاد تامەزرۆی، هەم بەسەرکردنەوەی برادەرانی دێرینی و هەم خولخواردنێکی خێرا بوو، بەناو شاردا. هێشتا نزیکەی دوو سەعاتی مابوو، بۆ ئەو کاتەی دانرابوو بۆ بینینی و زانینی ئەو کارەی بۆی بانگ کرابوو.

ماڵی نەوزاد، زۆر لە شەقامی سەرەکیی گەڕەکەوە دوور نەبوو. کۆڵانێك و هەر دوای تێپەڕبوون بەلای چەند دەرگەیەکدا، ئینجا وەرگەڕان بەلای ڕاستدا بۆ کورتە کۆڵانێکی تر، کە دوای چل پەنجا هەنگاو دەیگەیاندە ژێر چوخمەکە و ئیتر، شەقامی سابوونکەران بوو. یەکەم سلاوی، لە مچۆلی کەبابچی بوو کە هەر هێندەی بەدیی کرد، بە بەرکۆشەکەی دەستی سڕی. بەر وەجاخەکەی بۆ خەلفەکەی چۆڵ کرد و هات بەپیرییەوە. زۆر بەپەرۆشەوە پێشوازیی لێ کرد و وتی:

– دانیشە .. ساڵێکە نەمدیویت!. دانیشە بزانم لە بنی چ بیرێکدا بوویت!.

ئەم نیازی دانیشتنی نەبوو. وتی:

– بمبەخشە ماوەی دانیشتنم نییە. دەبێ بڕۆم.

– بڕۆیت؟! .. شتی وانییە. ساڵێکە ساڵێك .. دانیشە.

– ئاخر ئیشی پەلەم هەیە. ئەمجارە با وابێ. بەلام مەرج بێ، لە نزیکترین فرسەتدا، بێمەوە و چەندت پێ خۆشە لەلات دابنیشم.

– کەوابێ، با بەتەنیا ماوەی جگەرەکێشانێك دانیشتنی تێ بکەوێ .. جگەرەیەك و چایەك و خوات لەگەڵ.

بەناچاری دانیشت. ئەو خێرا لێی پرسی:

– لە کوێ بوویت؟ .. جارێکیان هەواڵتم لە کاك نەوزاد پرسی. وتی: ئەگەر ڕاستت دەوێ نازانم.

– ڕاستی وتووە .. نەیدەزانی.

– ئەی لە کوێ بوویت؟.

– قەراغ .. لای باوکم .. ئەی تۆ .. چۆن بوویت؟.


– من؟! .. تۆ خۆت بڵێ . . .

– سێ جار؟.

– نەء .. هێجگار ئەوەندە بێ ویژدان نین!.

– ئەی؟ ..

– دوو .. هەردوو جارەکەش بەراپۆرتی قالە ڕێوییەکەی خۆم، خوا دەست بەباڵییەوە



فەرهاد

بگرێ!. یەکەمیان نۆزدە ڕۆژ و دووەمیان تەنیا چوار ڕۆژ. دەزانیت تۆزێ لەمەوبەر لێرەوە تێپەڕی. بانگم کرد و وتم: هەی ڕێویی سەگباب .. من و هەشت نۆیەکی وەکو منت نەبن، تۆ چی دەکەیت؟. وتی: وەڵڵاهی مچۆل ڕاست دەکەیت .. دەرم دەکەن و دوایی لە بێ ئیشیدا، خۆم و ماڵ و منداڵم لە برسا دەمرین!.

هەردووکیان دایانە پێکەنین. کە کەوتنەوە قسە، فەرهاد وتی:

– نۆزدە ڕۆژەکە، لەسەر هەرای پێشوازیکردنی تەرمەکەی شێخ .. وانا؟.

– با .. چۆنت زانی؟!.

دیارە .. ڕاپەڕینێکی وا گەورە لە شاردا بقەومێ و تۆی لەسەر نەگیرێیت؟ .. چۆن دەبێ؟! .. تۆ خۆت قبووڵ دەکەیت؟.

– نە ئەشەدوبیللا .. قبووڵم نەکردووە و نایکەم. یاخوا هەر خۆش بیت کاکە فەرهاد.

ئینجا هەر ئەم خۆی، وەك ڕەمڵ لێدانەکەی پێشوو هانی دابێ، وتی:

– چوار ڕۆژەکەشت پێ بڵێم؟.

– دەی بزانم.

– بەبۆنەی یەکی ئەیارەوە.

– نە بابە نە .. تۆ چۆن ڕازی دەبیت کە من لای حکوومەت هێندە بێ بایەخ بم، بەبۆنەی یادومیادی وەها پڕوپووچەوە بگیرێم؟!.

– ئەی چی؟.

– بۆ شتی زل بچۆ .. زل! .. شتێك لەو بابەتەی، ترسی هەڵتەکاندنی تاج و تەختێکم لێ بکرێ!.

– ئێ ئێ .. جلووسی جەنابی مەلیکە بچکۆلە.

– دەبوو وابێ .. کەچی ئەمیشیان نەبوو.

– ئەی چی؟! . . . دەبڵێ بزانم.

– ژنهێنانی خاڵی.

– ژنهێنانی خاڵی؟! .. وەڵا ئەمەیان زۆر سەیرە!.

– منیش بەلامەوە زۆر سەیر بوو!. کە هاتن بردمیان و سەیرم کرد هیچ لە ئارادا

نییە، عاجباتی مام!. بەتایبەتی کە فڕێیان دامە ژوورەوە و ڕۆژێك و دووان هیچیان لێ روون نەکردمەوە، هەر وەختابوو مێشکم بتەقێ. شێت و هار بووم و کردمە هاتوهاوارێك، ئەوسەری دیار نەبێ. ناچار هاتن بەدەنگمەوە. وتیان: چیت دەوێ .. بۆ وا دەکەیت؟.

وتم: هیچ .. تەنیا دەمەوێ بزانم لەسەر چییە؟!. یەکێ لە پۆلیسەکان وتی: خەم مەخۆ .. سبەی دووسبەیەك بەردەبیت. نەڕاندم و وتم: بەربوون و بەرنەبوونم مەبەست نییە .. دەمەوێ بزانم لەسەر چی گیراوم!. ئیتر کە پێیان وتم، دامە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆ کە پۆلیسەکانیش، خۆیان پێ ڕانەگیرا و لەگەڵمدا پێکەنین.

بەدوای قسەکەدا، دایانەوە قاقای پێکەنین. ئەوسا فەرهاد، ڕاپەڕییە سەرپێ و وتی:

– دانیشتنێکی دوور و درێژمان پێ دەوێ .. جارێ خوا حافیز.

***

بەرەوخوار کەوتە ڕێ. بەلای چاخانەکەی وەستا فەتاحدا ڕابورد و لای نەدا. دەیزانی وەك مچۆل بەگیری دێنێ. کە گەیشتە ئاستی حەمامی موفتی، لەگەڵ حەمە بۆردا یەکدگیر بوونەوە کە لە کۆڵانی تەنیشتی حەمامەکەوە، دەهاتە سەر جادە بەبیروباوەڕ لە یەکتر جیاواز بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ ڕێزیان لە یەکتر دەنا. ئەم لەو ئاگەدار بوو کە دوای تەواوکردنی پلەی سانەوی، لە دایەرەی ئاووکارەبا دامەزرابوو. بۆیە لێی پرسی:

– هەر لە دایەرەکەی پێشووت ماویت؟.

ئەو وتی:

– هەر لەوێم .. ئەی تۆ .. دەمێکە ناتبینم!.

– لەناو شاردا نەبووم.

ئەم تەنیا هێندەی وت. ئەویش هەقی بەخۆی نەدا، پرسیاری لێ بکا. بەدەم قسە و باسی هەمەجۆرەوە، بەرەوخوار بوونەوە. کە گەیشتنە ئاستی کتێبخانەکەی قاراغا، مۆڵەتی جیابوونەوەی خواست و بەلای چەپدا لای دا. لەبەر کتێبخانەکەدا، هەڵوێستێکی کرد و ڕوانییە سێ پلیکانە کووڕەکەی. بینایی بەسەردا سەر خست، تا گەیاندییە ئاستی دەرگە شووشەبەندەکەی. حەزێك لە ناخیدا هانی دەدا، سەربکەوێتە

سەرەوە و بەیادی ئەو ڕۆژانەوەی کە دەچوو بەعانەیەك تێروپڕ ڕۆژنامە و کتێبی دەخوێندەوە، سڵاوێکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی، لە قاراغای ریش سپیی قەڵەمکراوی ڕووی نوورانی بکا. کەچی نەیکرد و لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەمیشیان با هەر بمێنێ بۆ فرسەتێکی تر». ئیتر بەکۆڵانەکەی لاتەنیشتدا، کە پتر لە ئاودرێك دەچوو وەك لە کۆڵان، شۆڕ بووەوە.

کە لە شەقامی کاوەوە سەری دەرکردەوە، بەهەنگاوی خێرا پەڕییەوە و ڕووەو ناو بازاڕ ملی نا. هەر هێندەی پێی تێ نا، ئەمجاریش چاخانە یەك دوو کانییەکەی بلەی حەلاو، یەخەی گرتەوە. لابدا یا لانەدا؟. ئەمیش بۆ گرتن، وەك کچۆل مەعمیلێکی تری پۆلیس بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، لابدا و هەواڵێکی بپرسێ. بەڵام نەیکرد و بەخێرایی بەلایدا رابورد. کە گەیشتە ئاستی قەیسەریی وەسمان پاشا، هیچ لێی دوودڵ نەبوو. لایدا و بەپلیکانەکانیدا ڕۆچووە خوارەوە. بەدەمییەوە لە دڵی خۆیدا وتی: «سەیرە! .. قەت ڕێککەوتی نەکردووە، شتێکم لە هیچ دووکانێکی کڕیبێ!. کەچی هەرچەند بەلایدا رادەبوورم، دەبێ سەرێکی هەر پێدا بکەم!». ناهەقیشی نەبوو .. بریق و باقی جۆران قوماشی ڕەنگاوڕەنگ و کەلوپەلە جوان رازاوەکانی ناو دووکانەکانی، ئاوی چاویان دەبرد و دڵی مرۆڤیان، کەمەنکێش دەکرد.

لە دەرگەی ئەو سەرییەوە، لە نزیك حەوزەکەی ناو بازاڕەوە، سەری دەرهێنایەوە. راوەستا و کەمێ راما کە ئاخۆ ڕوو لە کام لا بکا؟. لە ئەنجامدا هەر بەرەوخوار کەوتەوە ڕێ. بەلای حەوزەکەدا رابورد. چووە ناو گوزەری مزگەر و ئینجا سەراجەکانەوە. لەوێوە بۆ کووچەی خومخانەکان و بەلای راستدا، بۆ ناو عەلافەکان و ئیتر مەیانی ماستفرۆشەکان. دووره سەرنجێکی دایە دووکانەکەی مام مەولوو کەمالی بینی خەریکی سەودا و مامەڵەکردن بوو. هەناسەیەکی خەفەتباریی بۆ هەڵکێشا لە پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندیدا پێکەوە بوون. لە پۆلی سێیەمدا بەدیار نەکەوت، کە لێیان پرسییەوە، بۆیان دەرکەوت باوکی ئیفلیج بووە و ئەو بۆ هەڵسووڕاندنی دووکانەکەی، جێگەی گرتووەتەوە. ئەم تا لەناو شاردا، بەیناوبەینێك سەری لێ دەدا. دەیزانی چ ئەرکێکی سەخت و ستەمی بەسەر شانەوەیە. ڕەشە خێزانێکی باوکی و ژنێك و دوو منداڵی خۆشی. دیدەنیی ئەمی نەخستە وەختێکی تر. بەرەو ڕووی چوو. کە گەیشتە ئاستی و سڵاوی لێ کرد، ئەو بەکڕیارێکەوە خەریك بوو. یەکەم جار بێ ئاوڕلێدانەوە وەرامی دایەوە. بەڵام کە لێی بەئاگا هات، بەقەڵەمبازد لە دووکان بۆی دەرپەڕییەوە

دەرەوە و بــەگــەشکــەداریـیــەوە، پـێشوازیـی لـێ کـرد. بـەڕاکـێشان ڕای کـێشایـە ناو دووکانەکەوە و وتی:

– ئەرێ وەرە بزانم تۆ لە کوێ بوویت؟!. ئەرز قووتی دابوویت، یا ئاسمان هەڵی لووشیبوویت؟!. یەك تۆز سەبرم لێ بگرە تا ئەو پیاوە بەڕێ دەکەم.

ئەم بەنیازی دانیشتن لای نەدا. بەڵام لە ئاستی گەرموگوڕیی پێشوازیکردنەکەیدا، لە ڕوودا داما و دانیشت. ئینجا ئەو کە کابرای بەڕێ کرد، بەرامبەری دانیشت و وتی:

– خۆ خوانەخواستە نەگیرابوویت؟.

– نا نەء ..

– کەوابێ لێرە نەبوویت؟.

– ئەمیانە ..

کەمال برایەکی بچووکی خۆی لەلا بوو، بەردەستی بۆ دەکرد پێی وت:

– ڕاکە بابە گیان .. بەزۆراب بڵێ دوو چای جوانمان بۆ بێنێ .. ئەی لە کوێ بوویت؟.

– لە قەراغ .. ماڵی باوکم.

ئەوان لەم جۆرە پرسیار و وەرامانەدا بوون و زۆراب چایەکانی هێنا. کەمال هەر لە ڕێوە لێی پرسی:

– ئەمڕۆ زۆرتان پێ چوو .. من سەعات یەك و نیو بوو چوومەوە بۆ نانخواردن و ئێوە هێشتا نەهاتبوونەوە .. بە چی گەیشت؟.

– وەڵا کاکە کەمال زوڵمیان لێ کرد .. زۆریان حوکم دا.

– چەند؟.

– دە ساڵ.

– خـوا بـیــانـگـرێ .. زۆرە .. هـی ئـەوەنـدە نـیـیـە. وا تـێ دەگـەم ئـەگەر کچەکەی بدۆزرایەتەوە و شایەتیی بۆ بدایە، بۆی باش دەبوو.

– زۆر بۆی باش دەبوو. بەڵام چی بکەین .. پەیدا نەکرا.

کە زۆراب ڕۆیشت، کەمال یەکسەر حیکایەتەکەی سابیر و دەروێشی بۆ گێڕایەوە. ئەم لەبەرئەوەی لە دڵدا بڕیاری وابوو بچێ ماوەیەکیش لە گازینۆی ئەوقاف دابنیشێ،

خۆی لە پرسیار و وەرام پاراست. هەر هێندەی ئەو حیکایەتەکەی تەواو کرد، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و راست بووەوە. ئیزنی لێ خواست و جێی هێشت. بەرەوژوور بەبازاڕی لاستیکبڕەکان و بەر لە بەلەدییەدا، رووەو جادەی تازە هەڵکشا. کە پێی تێ نا، خێرا بیری بۆ چاخانەکەی مام تەها چوو، کە بەردەوام دوو قەنەفە شڕی لەسەر شۆستەکە دادەنا و ئەوانەی لە دوای نیوەڕۆوە لەسەری دادەنیشتن، هەموو برادەر و ناسیاوی ئەم بوون. حیسابی خۆی کرد کە رابوردن بەلایاندا، وەختێکی زۆر دەکەوێ لەسەری. بۆیە بەلای چەپدا وەرچەرخا. لە شەقام پەڕییەوە و بەبەر مزگەوتی گەورەدا، خۆی گەیاندە گازینۆکە کە ئەویش جمەی دەهات لە برادەر و ناسیاوان.

***

## ٢

فەرهاد لاوێکی تا بڵێی شۆخ و شەنگ بوو. هەر پێوانەیەك بۆ جوانیی سەر و سیما و ڕێکوپێکیی ئەندامانی لەشی پیاوێك دابنرێ، لەودا هەبوو. چاو و برۆ و سمێڵێکی چڕی ڕەشی قەترانی. ناوچەوانێکی ساف و دوو ڕوومەتی گووپن و چەناگەیەکی خڕ. لووتێکی ڕێك و دەم و لێوێکی کەمێ ئەستوور. لەگەڵیاندا، باڵایەکی مامناوەندی و لەشێکی پتەوی بەخۆوەی دوور لە ورگنی و قەڵەوی. ئەمە جگە لە پاك و تەمیزی و شیکی لە پۆشاکدا، کە چەندە کۆنیش بوونایە، قەت نەیدەهێشت گەردی چڵکنی و پۆخڵییان لێ بنیشێ. ئەوەی یەکەم جار بیبینیایە و لە نزیکەوە نەیناسیایە، قەت بەخەیاڵیدا نەدەهات کە ئەم کابرایە، دەروێش و دێوانەیەکی ڕێگەی تێکۆشانێکی سەخت و ستەم بێ و سەر و گیانی خۆی بۆ نەزر کردبێ.

فەرهادی تەمەن بیست و پێنج ساڵی، داستانێکی لەگەڵ ئەم سەر و گیان نەزرکردنەدا هەبوو. داستانەکە دەگەڕایەوە بۆ ئەو دەمەی، کە پۆلی شەشەمی سەرەتاییی تەواو کرد و بۆی لوا بێتە ناو شارەوە. ئەویش لە سایەی مامۆستا ڕەسووڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیانەوە بوو، کە بەفریای کەوت و کارەکەی بۆ سازاند.

ئەمێك کە هەموو ساڵێك یەکەمی پۆلەکەی دەبوو، سەلماندبووی کە تا چ ڕادەیەك هۆگری خوێندنە و بۆی ئامادەیە. بەڵام کە پۆلی شەشی بڕی و کار هاتە سەر ناردنی بۆ شار، بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندن، باوکی لەبەر هەژارییەکەی، سەری دنیای لێ هاتەوە یەك.

چەندە هێنای و بردی، نەیتوانی شان بداتە بەر مەسرەفەکەی، ئەگەر لە بەشی ناوەخۆ وەرنەگیرێ. ئینجا لەبەر ئەوەشی وەهای لە دڵ گرتبوو، کە تا خاوەن پشت و دەستڕۆیشتووان ڕاوەستابن وەرگرتن لەو بەشەدا بەر کوڕەکەی ئەم ناکەوێ، بڕیاری دا سەری خۆی لێ سووك بکا و وازی پێ بێنێ لە خوێندن.

فەرهادی زیرەك و هۆگری خوێندن، هاواری بردە بەر دایکی. دایك لە باوك

بەپەرۆشتر نەبوو بۆ باسەکە، بەتایبەتی کە هەڕی لە بڕی بایەخەکەی نەدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سۆزی دایکێتییەکەی بەسەریدا زاڵ بوو. یەخەی باوکەی بۆ گرت کە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. باوکە ئەوسا بیری بۆ مامۆستا رەسووڵ چوو. بەباشی زانی ڕاوێژێکی پێ بکا.

کاتێ رازی دڵی خۆی بۆ باس کرد، ئەو بەجۆش و خرۆشەوە وتی:

– مام رەحیم .. تکات لێ دەکەم .. گوناهت دەگا. کوڕەکەت دواڕۆژێکی گەلێ رووناکی لە بەردەمدایە. لە زیرەکیدا منداڵێکی دەگمەنە. حەیفە واز لە خوێندن بێنێ.

ئینجا کە باوکە، بەخەفەتبارییەکیی تێکەڵ لە زەلیلییەوە وتی:

– مامۆستا .. خۆ من پڕ بەدڵ حەز دەکەم بەردەوام بێ. بەڵام چیم دەسەڵاتە! .. چی بکەم! .. مەسرەفەکەیم پێ هەڵناسێ.

ئەو وتی:

– راست دەکەیت. ئاگام لە حاڵت هەیە. بەڵام تۆ گوێ بگرە .. ئێوە هیچ خزمێکتان لەناو شاردا نییە؟.

مام رەحیم قەدەرێ راما. دوایی بەکەمتەرخەمییەکەوە وتی:

– با .. ئامۆزایەکم هەیە .. بەڵام ئەویش دەرامەتی تەواو نییە.

– بەینتان چۆنە؟.

– زۆر باشە. کە رێم دەکەوێتە شار، لای ئەو میوان دەبم.

– دەگوێ بگرە .. ناتوانیت هەر بۆ خەوتنەکە، جێگەی بکاتەوە؟.

– با .. بۆ ئەوەیان رەنگە بتوانێ.

– لە خانووی کرێدایە؟.

– نەء .. هی خۆیەتی. ئەگەرچی کۆنە خانوویەکی پەرپووتە، بەڵام ژوورێکی زیاد لە پێویستی خۆیانی تێدایە. من کە دەبمە میوانیان، لەو ژوورەدا دەنووم.

– بڕایەوە .. ئیشەکە ئاسان بوو. تۆ دەتوانیت، بابڵێین: ئەگەر لە دەمی خۆشتانت گێڕاوەتەوە، مانگی شتێك بدەیت بەئامۆزاکەت بۆ خواردنەکەی؟.

– دەتوانم .. ئەگەر بەپارەش نەبێ، بە ئازووقە.

– زۆر چاکە .. منیش پێویستییەکانی قوتابخانە و خەرجیی گیرفانم، لە ئەستۆ دەبێ.

مام ڕەحیم لە ئاستی ئەم قسەیەدا حەپەسا. ئەگەرچی دەیزانی کە ئەو جگە لە مووچەکەی، هەندێ موڵکی هەیە و هێندەی مووچەکەی دەسکەوتی دەداتێ، دەشیزانی کە خاوەنی هەم ڕەشە خێزانێکە و هەم کوڕێکیشی لەناو شاردا دەخوێنێ و مەسرەفی دەکێشێ. بۆیە لە وەرامیدا وتی:

– ئاخر ماموّستا .. تۆ خۆت ..

ئەو نەیهێشت تەواوی بکا، وتی:

– من چەندە بەتەنگ کوڕەکەی خۆمەوەم، هێندەش بەتەنگ فەرهادەوەم کە بەردەوام بێ لەسەر خوێندن. مام ڕەحیم .. تۆ ڕاستە کوڕتە و لە زۆر رووی ترەوە، لە منی باشتر دەناسیت. بەڵام من لەم رووەوە، زەڕەنگەرێکم و دەزانم فەرهاد چ زێڕێکە.، هیچ دڵ لە دڵ مەدە. من دەتوانم ئەو مەسرەفەی بکێشم. کامەرانی کوڕم ڕادەسپێرم، لەم بارەیەوە هەرچییەکی پێویست بوو، بۆی جێبەجێ بکا.

مام ڕەحیم ئەگەرچی لەوەبەریش، گەلێ ڕێزی لێ دەنا و وەك پیاوێکی دەست و دڵ و داوێنپاك دەستی بۆ بەسنگەوە دەگرت، لەو ساتانەدا بەلایەوە هەر تەواو بووە وەلییەك و ئەگەر پێی عەیب نەبووایە، هەڵدەستا و دەستی ماچ دەکرد.

ئیتر ئەوەی ماموّستا نەخشەی بۆ کێشا، بەزیادەوە و بەباری گونجاوتریشدا جێبەجێ بوو. ئامۆزا نەك هەر ڕازی بوو جێگەی فەرهاد بکاتەوە، بگرە قسەکەی باوکەی هەر لە بنەڕەتەوە رەت کردەوە، کە گوایە بۆ مەسرەفی خواردنی یاریدە وەربگرێ و وتی:

– وەك کوڕی تۆیە، کوڕی منیشە. منداڵەکانی ترم چییان خوارد، ئەویش دەیخوا.

فەرهاد لە پۆلی یەکەم و دووەم و لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی سێیەمیشدا، هەر یەکەمی قوتابخانەکەیان بوو. هەموو ماموّستاکان، دوارۆژێکی گەشیان بۆ چاوەڕوان دەکرد. بگرە لە دەرسە زانیارییەکاندا هێندە لێهاتوو بوو، کە تەنانەت ماموّستای کیمیا و فیزیا، هەرچەند ناوی ئەو لەناو ماموّستاکانی هاوەڵیدا بهاتایە کایەوە، دەیوت: «ئەم قوتابییە، زانایەکی بلیمەتی لێ دەردەچێ». کەچی لە پۆلی چوارەمدا، کە زۆری نەمابوو ساڵی خوێندن کۆتایی بێ و ئەویش بەیەکەمی ببڕێ، لە

ناکاوێکدا دیوارێکی سەخت خرایە نێوانی ئەو و بەردەوامبوونییەوە لەسەر خوێندن!.

ئـەوێکی کوڕە جووتیارێکی هـەژاری بـەسکـێ تـێر و بـە سکـێ بـرسی، لـە ڕۆژانـی سەرەتای پۆلی یەکەمییەوە، هەر هێندەی ئەلفێکی لەبارەی زۆر و جەوری زۆرداران و چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی بەگوێدا چرپێنرا، بێ سێ و دوو لێکردن، تێکۆشانیشی لە پاڵ خوێندنەکەدا، کردە ئەرکێکی تری سەر شانی خۆی. بێگومان لەمیشیاندا، شان بەشانی زیرەکی و بەهرەداری و چابووکییەکەی لە خوێندندا هەڵدەسووڕا و کە گەیشتە پۆلی چوارەم، بووبووە کارگێڕێکی ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی قوتابییان. ئەو ڕۆژانە شالاوەکـــەی ڕژێم، کـــە دوای ڕاپەڕینەکەی کـانـوون هـێنـابـوویـە سەر بـزووتـنـەوەی نیشتمانی، لەوەدابوو لە گەرموگوڕییەکەی بکەوێ و ئەم ئیتر پشتی لێ بکاتەوە. چونکە هۆگرییەکەی بۆ خوێندن، وای لێ کردبوو کە لە دڵدا زۆر حەز بکا بەر گرتن نەکەوێ. کەچی بێ سوود بوو .. ئاخری شەوێکیان پێوەی درا.

ئەو شەوە بەهیچ کلۆجێ، گرتنی بەخەیاڵدا ڕانەبوردبوو. تا ئەو کاتەی هەستی کرد، بەبێ حەزی خۆی پێڵووی بەسەر یەکدیدا دادەکشێن، هەر خەریکی سەعیکردن بوو. بۆ ڕۆژی دوایـی، لـە دوو دەرسدا دوا تـاقـیـکـردنـەوەی مـانـگـانـەیـان هـەبـوو. نـەیدەویست دەستیان لێ هەڵبگرێ، تا تەواو بۆیان ئامادە نەبێ. ئیتر کە راکشا بنوێ، وای دانابوو دەمودەست خەو بیباتەوە و فریا نەکەوت. دەنگی لێدانی دەرگەی حەوشەی کەوتە بەرگوێ. یەکەم جار هەر لە جێوە، چاوی کردەوە و گوێ قوڵاغ بوو. کە دوای چەند ساتێك، بەبێ ئارامی لە دەرگە درایەوە، دڵی خورپەیەکی کرد. ڕاپەڕی و خۆی خستە سەر باری دانیشتن. خورپەکەی لێ بووە دڵەکوتێ. ژوورەکەی ئەم لە خانووەکەدا، تەریك کەوتبوو. کە هەڵسایە سەرپێ و لە ژوور بەدەرکەوت بۆ ناو حەوشە، مام حەسەنی بینی دەرگەکەی دەکردەوە. بەدوایدا، ئەفسەرێك و چوار پۆلیسی بینی، ڕژانە ناو حەوشەکەوە. گوێی لێ بوو ئەفسەرەکە ناوی ئەمی برد. گومانی نەما. لە جێی خۆی ڕاوەستا تا هاتن بەلایەوە. ئەفسەرەکە لێی پرسی:

– تۆیت فەرهاد ڕەحیم؟.

وتی:

– منم.

– دیارە ئەمە ژوورەکەتە.

– بەڵێ.

– پێشمان کەوە بۆ ژوورەوە.

کە چوونە ژوورەوە و پۆلیسەکان کەوتنە پشکنین، مام حەسەن کە زۆر سەرسام بووبوو، وتی:

– بەگم چی بووە؟! .. چی کردووە؟!.

ئەفسەرەکە وەرامی نەدایەوە. رووی پرسیاری کردە فەرهاد. وتی:

– مەسەلە چییە؟! .. تێم بگەیەنە.

ئەو لە وەرامیدا، بەهێمنییەوە وتی:

– هیچ نییە مامە .. خەم مەخۆ .. بەهەڵەچوون. من هیچ لە خۆمدا شك نابەم.

– دەترسم شەڕ و شۆڕێکت قەوماندبێ؟!.

– نەء .. هیچم نەکردووە.

– ئەی چی؟!.

ئەفسەرەکە گفتوگۆکەی پێ بڕین. بە فەرهادی وت:

– بەپەلە خۆت بگۆڕە.

ئەو کەوتە خۆگۆڕین. مام حەسەن تەقەلایەکی تری دا بزانێ مەسەلە چییە و ئەفسەر هەر وەرامی نەدایەوە. بگرە کە سەیری کرد وا فەرهاد ئامادەیە، بەپۆلیسەکانی وت:

– کەلەبچەی بکەن.

ئیتر لەو کاتەوە، گەشتێکی سێ ساڵەی پڕ لە دارکاری و ئازاری دەست پێ کرد. نەوزادیشی هەر لەو ماوەیەدا، لە گرتیکە ناسی و وەك لەوێ بوونە برادەری یەکتر، کە بەرودوا بەریش بوون، سەرلەنوێ یەکیان گرتەوە و ئەمجارە چ لای خۆیان و چ لای دایکی نەوزاد، هەر تەواو بوونە برا. هەردووکیشیان دوای بەربوون، هەریەکە لەلای خۆیەوە، هەوڵێکی زۆریان دا بگەڕێنەوە، ئەویان بۆ سەر کارەکەی کە مووچەخۆرێکی بچووك بوو، ئەمیشیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەکەی و سەری نەگرت. تەنانەت فەرهاد لە دوا تەقەلادانیدا، رێی خرایە دایەرەی پۆلیس کە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ بدرێ و لە ئەنجامیدا، نەك هەر بڕیاری بۆ نەدرا، بگرە تووشی لێدانیش بوو!. لە

سەرەتـــادا کـــابـــرای بـــەرپێوەبـــەر، بەرێزلێنانێکی زۆرەوە پـــێشوازیـــی لـــێ کـــرد و بەسەروزمانێکی شیرینەوە پێی وت:

– فەرهـاد کورم .. من بیستوومە و دەزانم، تۆ چەندە زیرەك و بەهرەداریت. حەیفە دواڕۆژی رووناکی خۆت بدۆڕێنیت. بەو مرۆڤە بوودەڵە و خویڕییانە تەفرە مەخۆ. ئەوانە داخی دڵی خۆیان، بەخەڵەتاندنی ئێوەومانان دەرێژن. تۆ گوڵێکیت و لە بریی ئەوەی لە ئینجانەیەکی رازاوەدا خۆت بڕوێنیت، ماوەت داوە ئەوانە لە سەرەنوێلکێکدا بتڕوێنن. هۆشت بێنەوە بەر خۆت. تەنیا ئیمزایەك دەکەیت و ئیتر هەر ئێستا، یەکسەر دەچیتەوە قوتابخانەکەت و دەوامی خۆت دەکەیت.

بەدوایدا دووسێ دێر نووسین و قەڵەمێکی خستە بەردەست. ئەم بەبێ سەیرکردنی نووسینەکەش، دەیزانی چی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، چاوێکی پێدا خشاند. ئینجا بەدەم سووکە بزەیەکەوە وتی:

– بمبەخشە .. ئەمە تۆمەتی پێوەنداریم لەگەڵیاندا دەسەلمێنێ.

ئەو وتی:

– قـەیـنـاکـا .. گرینگ ئـێمـەیـن .. لای ئـێمـە وا نـاکـەوێتـەوە. کە ئیمزاکەت کرد، دەیسەلمێنیت کە لەگەڵیاندا نەبوویت و نیت.

– بمبەخشە .. نایکەم.

ئەم شێوەیەکی ئەوتۆی دا بە لەرەی دەنگی، کە نایکەمەکەی ببڕای بێ. ئەویش لەلای خۆیەوە، یەکسەر تێ گەیشت و لە شێوەی هەڕەشەدا وتی:

– یانی هەر نایکەیت و نایکەیت؟.

کە ئەم وتی:

– نەء.

ئـەو ئـیـنـجـا، بـەدەم ژەهـراوییـەوە، بەفـیـزێکـەوە دەستـی نـا بـەدوگمـەی زەنگدا. کە بەردەستەکەی بەدەنگەوە هات، وتی:

– بڕۆ سەلیم و ئەحەم بۆ بانگ بکە.

زۆری پێ نەچوو، دوو چەتەووڵ خۆیان کرد بەژووردا. ئەم تێ گەیشت. بەدرێژاییی سێ ساڵەکە پێی راهاتبوو. هیچ خۆی تێك نەدا و بگرە سەرلەنوێ، بزەیەکی خستەوە

سەر لێوی خۆی. بەدەمییەوە سەرنجێکی بێباکانەشی، لە نێوانی ئەو و چەتەووڵەکاندا هێنا و برد.

ئەوێکی بەپیشە سەرنج ورد، هەستی پێ کرد و کەللەیی بوو. بە ڕوویەکی گرژەوە وتی:

– بە چی پێ دەکەنیت؟.

ئەم خۆی گێل کرد. وتی:

– من؟! .. بەهەڵەچوویت .. پێ ناکەنم.

ئەو لە ناخدا دەکولا. بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و ئاسایی لە شێوەی هەڕەشەدا وتی:

– کەوابێ نایکەیت .. ها؟!.

لەگەڵیدا سەیرێکی چەتەووڵەکانیشی کرد. ئەمیش وەك ئەو سەیرێکی کردن و وتی:

– نایکەم.

ئەو بە چەتەووڵەکانی وت:

– تا بەر ئەمدیو دەرگەی دەرەوەی سەرای بەرن.

ئینجا ڕووی پرسیاری کردە ئەم و وتی:

– تا ئەوێت بەسە؟!.

ئەم وەك بیەوێ، پێشەکی تۆڵەی خۆی لەو شەق و مستەکۆڵانە بستێنێتەوە کە بەفەرمانی ئەو ئاراستەی دەکرێ، بە تەوسەوە وتی:

– وەڵا جەناب .. ئەگەر ڕای منت مەبەستە، حەز دەکەم شەرمی تێ نەکەوێ و تا ئەودیوی دەرگەکە بێ، نەك ئەمدیو .. دەکرێ؟.

ئەوی بەپیشە دان بەخۆداگر، خۆی پێ ڕانەگیرا. چاوی پەڕییە پشتی سەری و شالاوی برد. یەکەم مستەکۆڵە و شەقی ئاراستە کرد و بەسەر چەتەووڵەکانیشیدا نەڕاند:

– پێش گەیاندنی بەمدیو دەرگەکە، دووسێ سووڕیشی بەناو حەوشەکەدا پێ بخۆن!.

لەوەبەدوا، فەرهاد دەستی لە خوێندن شت و بووە برایەکی تری نەوزاد و کوڕێکی تری دایکی نەوزاد. پتر لە دوو ساڵی لەگەڵ ئەواندا بەسەربرد و ئیتر فەرمانی پێ کرا

کە ناو شار جێ بێڵێ. ئەم ئەگەرچی نەدەچووە خانەی راونراو و هەڵاتووانەوە لە دەست پۆلیس، بەڵام وەها چاودێری دەکرا کە دەیانویست بست بەبست هەنگاوی هەڵبگرن. لەبەر ئەوە دەبوو هەردەم لایەکی مێشکی، بەحیلە و حەواڵە دۆزینەوە خەریك بکا بۆ خۆپاراستن. تەنانەت کاری لەگەڵ خولە جاسووسدا کە بۆ چاودێریکردنی ئەم تەرخان کرابوو، وردە وردە بەوە گەیشت بەئاشکرا راز و گلەیی لە یەکتر بکەن. ئەم جارێکیان بەئەنقەست، هێندەی بەشەقام و کۆڵان و پەناپاسارەکانی ناو شاردا بەدوای خۆیدا سووڕاندەوە، تا ئەو لە پەلوپۆ کەوت و هاواری لێ هەڵسا. بەدەنگێکی پڕ لە زەلیلییەوە، بانگی لێ کرد و وتی:

– کاك فەرهاد .. تکایە راوەستە.

ئەم بەمەزەنە بۆی چوو مەسەلە چییە. حەزی دەکرد بداتە قاقای پێکەنین و دانی بەخۆیدا گرت. راوەستا و رووی بۆ وەرگێڕا. کە گەیشتە ئاستی، بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە تەوسەوە وتی:

– لەگەڵ منت بوو؟!.

– ئا بەڵێ.

– فەرموو .. خێرە؟!.

– تکایە تۆزێ بەزەییت لە دڵدا بێ .. تکایە.

– بۆ خوانەخواستە، هیچ خراپەیەکم بەرامبەرت کردووە؟.

– ئەهـ بێ قەزا بیت .. جا لەوە زیاتر دەتەوێ چی ترم لێ بکەیت؟.

– چیم لێ کردوویت؟ .. بڵێ بزانم.

– کوڕە پسام .. پڕووکام .. ئەژنۆم شکا .. قاچم کول بوو!. ئیتر لەوە زیاتر چیم لێ بکەیت؟!. بیکە بەخاتری خوا .. تۆ منت کردووە بە سەگی پێ سووتاو!.

ئەمجارە خۆی پێ ڕانەگیرا و دایە قاقای پێکەنین. ئینجا بەدەنگێکی تێکەڵ لە تەوس و بەزەییەوە، وتی:

– ئێ باشە برام .. تۆ بۆ مزگەوتی دەکەیت؟!.

– نەء .. نەبەخوا .. بۆ هەشت منداڵەکانم .. هەشتن هەشت.

– کاسبیی تر زۆرە بیکەیت .. بۆچی ئەمیان؟.

– ئاخر چی بکەم .. ئەمیانم لە چارە نووسراوە!.

فەرهاد نەیویست زیاتر لەسەری بڕوا، وتی:

– ئیستا تۆ فەرمایشتت بە چییە؟ .. چیت لە من دەوێ؟.

– مەمکە بە سەگی پێ سووتاو .. ئەوەندە بەدوای خۆتدا مەمگێڕە.

– چاکە .. تۆش ئەوەندە دوام مەکەوە .. تۆزێ کەمتر بۆ مزگەوتی بکە.

لەو ڕۆژەوە، خولەی بەدوای خۆیەوە نەدییەوە. بەڵام دوای چوار پێنج ڕۆژ، هەستی کرد کە سمە کەچەڵ جێگەی گرتووەتەوە و خراپ تەنگەتاوی دەکا. ئیتر ئەوە بوو فەرمانەکەی بەجێ هێنا و ناوی شاری جێ هێشت.

***

## ٣

لەو رۆژانەدا، ولآت رووداوێکی مەزنی بەخۆیەوە دەبینی، کە برێتی بوو لە پێکهاتنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو. بانگکردنەوەکەی فەرهادی چابووك و چالاکیش لە تێکۆشاندا بۆ ناو شار، پێوەندیی بەو بارودۆخە نوێیەوە هەبوو کە رووداوەکە دەیهێنایە ئاراوە. بۆیە سەرلەنوێ لە ماڵی نەوزاد جێگیر بووەوە و لەناو شاردا کەوتەوە گەڕ.

ئەو ئەگەرچی لەوەبەر، جارانی جار بەلای چاخانەکەی وەستا تایەردا رەت بووبوو، بەڵام قەت رێککەوتی نەکردبوو پێی تێ نابێ. لەبەر ئەوە کاتێ بەئیشێکی پەلە، بۆ بینینی خورشید رووی تێ کرد، وەستا و زۆراب سەرەتا بەچاوی گومانەوە تێیان روانی!. ناهەقیشیان نەبوو، ئەو جگە لە ناسراوییەکەی لەلایان، هێندەش پاك و تەمیز و پۆشتە و پەرداخ بوو، کە بەلایانەوە هی ئەوە نەبوو سەر بەچاخانەکەی ئەماندا بکا!. لەمەش سەیرتر بەلایانەوە، بینینی خورشید بوو کە بەرزەپێ بۆی راپەڕی، بەگەرمەوە پێشوازیی لێ کرد و بردی لە سەروو خۆیەوە داینیشاند!.

ئەو کاتە حەمەشین، بەقسە خۆشەکانی، کۆڕی بۆ گەرم کردبوون و هەموو دەم بەخەندە و پێکەنین بوون. خورشید هەر خێرا، تاریفی بۆ فەرهاد کرد و وتی:

– ئەمە کاکە حەمەیە .. حەمەشین .. بەرۆژنامەی دەنگوباسی ناو شار بەناوبانگە.

بێ گومان خۆشی بەهاراتێکی چاکیان پێوە دەکا و تامێکی تایبەتییان دەداتێ.

حەمە وتی:

– یانی من ئەوەندە بەناوبانگم و بەخۆم نازانم؟!.

خورشید وتی:

– نانا .. ئەوەندە خۆت بێ فیز مەکە .. دەیزانیت .. بەڵام تۆ قسەکەت تەواو بکە .. کابرا گەیشتە کوێ؟.

حەمە دەنگی خۆی گۆڕی و بەلاساییکردنەوە وتی:

– ئا .. سەڵەوات لە دیاری نەوەی پێغەمبەری مەزن، خاوەن شکۆ مەلیکە بچکۆلەی خۆشەویستمان، وا گەیشتە قەراغ شار .. خەڵکینە .. هەموو شاگەشکە ببن .. هەموو هەڵپەڕن .. زەماوەند بکەن. هاتنی مەلیکی خۆشەویست و خاڵی پایەبەرزی بۆ شارەکەمان، خێر و بەرەکەتی بۆ دێنێ. لە بەڵای ناگەهان دەیپارێزێ. دەی هەڵپەڕن .. لێدەن لە حەوشی گەورە، یاپراخە و دووگی چەورە!.

– ئەمەشی وت؟!.

– بۆچی ناگونجێ وتبێتی؟. چی تێدایە .. کابرا لەو ساتەدا، بیری بۆ مەنجەڵە یاپراخەکەی ماڵەوەیان چووە و بەسەر دەمیدا هاتووە!.

– یانی مەلیك و وەسی و مەنجەڵە یاپراخی لەلا تێکەڵاو بوون؟.

– ئا .. بێ کەم و زیاد.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و لە هەموویان بەجۆشتر فەرهاد. ئەو هەرچەندە نەیدەزانی حەمەشین کێیە و چییە، کەچی لە دڵدا، هەستی بەخۆشەویستییەکی زۆر کرد بەرامبەری. دوای شەپۆلی پێکەنینەکە، هەر خورشید لێی پرسی:

– هەواڵی تر چیت پێیە؟.

حەمە وتی:

– کاکە خورشید .. دەڵێی دەتخورێ بۆ گرتیکە و منیش لەگەڵ خۆتدا ڕاپێچ بکەیت!.

– سەیرە! .. بۆچی؟!.

– ئەی تا ئەو هەواڵە وەستابێ، چۆن دەبێ هەواڵی تر فززەی لێوە بێ؟!.

– ئێ ئێ .. تێ گەیشتم .. ئۆبال بەگەردنم وایە. هیچ بابە .. نابێ هیچ هەواڵێکی تر هەبێ!.

لەو وەختەدا، مام ئەمین خۆی کرد بەژووردا. کە دانیشت رووی پرسیاری کردە خورشید. وتی:

– کەی لە بەغدا هاتیتەوە؟.

– پێرێ عەسر.

– ئەی دوێنێ دیار نەبوویت؟.

– وەڵا مام ئەمین پێم نەکرا بێم.

– ئەورەحمان چۆنە؟ .. وتیان لەگەڵ دایکیدا چوون بۆ لای.

– وابوو .. زۆر باشە .. سەلامی هەبوو بۆت.

– خوا بیپارێزێ .. خوای لە پشت بێ. ناڵێن کەی بەر دەبێ؟.

– مام ئەمین زۆری ماوە. هێشتا چوار مانگی تەواو نەکردووە. زستانی داهاتوو ئینجا بەردەبێ.

– ئێ دەبەخوا من ئەوەندەی بیر دەکەم، وام دەزانی زۆری نەماوە بەرببێ. کوڕە نەگاڵتە .. پیاو بۆ ماوەی رۆژێك کوڕی وەهای لە بەرچاو ون ببێ، وا دەزانێ مانگێکە.

فەرهاد پەلەی رۆیشتنی بوو. هەر هێندەی کەمێ بێدەنگی کەوتە نێوانەوە، فرسەتی هێنا.

هەڵسا و وتی:

– من دەبێ بڕۆم.

خورشید کە هەر لە سەرەتاوە دەیزانب دەبێ ئیشێکی پەلەی پێی هەبێ، بەبیانووی خواحافیزییەوە، تا دەرەوەی چاخانەکە لەگەڵیدا چوو. لەوێ فەرهاد وتی:

– پێویست بەکۆبوونەوەیەکی خێرا دەکا.

– کەی؟.

– سبەی شەو.

دوای رێککەوتن لەسەر کات و شوێن، لە یەکتر جیا بوونەوە. خورشید کە گەڕایەوە، زۆراب بەدەنگی نزم لێ پرسی:

– ئەوە کێ بوو؟.

لە وەرامدا تەنیا وتی:

– ناسیاوە.

وەستاش هەر بەدەنگی نزم وتی:

– من یەکەم جارە دەبینم! .. یانی باشی دەناسیت؟.

خورشید وتی:

– زۆر باش .. خەمتان نەبێ.

ئینجا کاتێ چووەوە ناو کۆڕەکە و دانیشتەوە، حەمە بە لاقرتێوە وتی:

– ئەرێ بەڕاست، ئەو کابرا پۆشتەوپەرداخە کێ بوو؟!. دەتوت کوڕە ئاغا و بەگە!.

خورشید وتی:

– کوڕە ئاغا و بەگ نییە. بەڵام باوکی تۆزێ دەوڵەمەندە. بەدەستیانەوەیە خانوو بکەن. وەستام بەرەو رووی منی کردووەتەوە، کە کرێکاری باشی لەگەڵ خۆمدا بۆ بەرم. بۆ ئەوە هاتبوو. کوڕێکی زۆر باشیشە.

– دەوڵەمەند بێ و کوڕی باش بێ؟! .. ئەقڵ نایگرێ.

– وتم باوکی دەوڵەمەندە نەك خۆی .. ئەویش کەمێك.

– خراپتر.

– سەیرە! .. چۆن؟!.

– سامانەکەی باوکی بۆ ئەم نامێنێتەوە؟.

– با.

– دەسا ڕەنگە ئەگەر باوکی دەست لە هەندێ زۆر و جەور بگێڕێتەوە، ئەم هەرچی لە توانایدا بێ بیکا، تا بیکاتە دوو ئەوەندەی کە هەیە.

خورشید لەم قسەیەی سەرسام بوو، وتی:

– کاکە حەمە .. خەریکیت بەفەلسەفە قسە دەکەیت!.

حەمە دوور لە گاڵتەوگەپ و بەجۆرە شانازیکردنێك بەخۆوە، وتی:

– جا بۆچی بەلاتەوە سەیرە! .. یانی لێم ناوەشێتەوە وەها بم؟!.

خورشید لە ئاستی قسەکەیدا، ئەمجارە هەر واقی وڕما!. بۆ ماوەی چەند ساتێك بێدەنگ بوو. بەخێرایی، بەکردار و رەفتاری چوار پێنج مانگی پێشوویدا چووەوە. هەروەکو بیری کەوتەوە کە چۆن ئەوڕەحمان، بەشێوەیەکی تایبەتی هەواڵی پرسی و چۆن بەپەرۆشەوە بوو بزانێ حاڵی بە چی گەیشتووە. ئەوسا بەدەنگێکی پڕ پاشگەزبوونەوەوە وتی:

– بمبووره کاکە حەمە .. لە قسەکەم دڵگیر مەبە .. من ..

ئەو نەیهێشت تەواوی بکا، وتی:

– دڵگیری و ملگیری واز لێ بێنە .. خۆت نازانیت کە لەو بابەتە نیم؟. بەڵام پێم بڵێ: نابێ؟.

ئەم یەکسەر وتی:

– با .. بەرێ وەڵڵا دەبێ و زۆر چاکیش دەبێ.

ئیتر کە بەدڵی ناخ لە یەکتری حاڵی بوون، وازیان لەو باسە هێنا و بایاندایەوە سەر، قسەی خۆش کردن.

***

لە گەرمەی قسەی خۆش و قاقای پێکەنیندا بوون، کە خورشید لە ناکاوێکدا، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و ڕاچەنییە سەرپێ!. حەمە وتی:

– چی بوو؟ .. دەرزیت پێدا کرا؟!.

ئەم تەنیا وتی:

– باش بوو بیرم کەوتەوە .. من خواحافیز!.

لە ڕاستیدا بیری نەچووبووەوە. ژوانی بینینی ئەختەر و لە بیر بچێتەوە؟!. قەت ناشێ.

تەنیا هێندە بوو، کە حەمە بەقسە خۆشەکانی، لە چارەکە سەعاتێکی پێشوودا غافڵی کردبوو. دەنا کە هەڵسا و کەوتە ڕێ، تەواو وادەی خۆی بوو.

کە گەیشتە جێ، ئەو دانیشتبوو گوێی لە دایکی ئەورەحمان دەگرت، کە باسی سەفەرەکەی بەغدایان و ئەورەحمانی بۆ دەگێڕایەوە. ئیتر کاتێ دایکە کۆتایی بەقسەکانی خۆی هێنا و بۆ بوارپێدانیان، هەڵسا و وتی:

– با بچم چایەکتان بۆ لێ بنێم.

ئەم بەدڵێکی خۆشەوە، بەئەختەری وت:

– مژدەیەکت بدەمێ؟.

ئەو وتی:

– جارێ پێم بڵێ: زۆر خۆشه یا کەم؟.

– ها؟ .. قسەی خۆمان بێ، کەم.

– ئەی دەبۆ زۆر نەبوو؟.

– ئاخر بڵێم چی! ..

– دەبڵێ بزانم.

– مامۆستا سادق، لە هەموو دەرسەکاندا تاقی کردمەوە.

– ئێی؟!.

– لە هەموویاندا دەرچووم و وتی: ئیتر لێت ناترسم .. دەرچوونت مسۆگەرە.

– بەنووسین، یا هەر بەدەمی؟.

– نانا .. تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە .. بەنووسین و پرسیاری لە ڕادەی ئەوەکانی بەکالۆریادا.

ئەو شاگەشکە بوو. وتی:

– جا ئەوە کەمە؟! .. ئەگەر ئەوە کەم بێ، ئەی زۆرەکە کامەیە؟!.

ئینجا سەیرێکی لای دەرگەی ژوورەکەی کرد. کە دڵنیا بوو، سەری لە خورشید نزیک کردەوە. لێوی نا بەلێوییەوە و بەپەلە ماچی کرد. بەدوایدا وتی:

– ئەوەش مژدانەکەی. بەڵام پێم بڵێ: زۆرەکە بەلای تۆوە کامەیە؟.

ئەم تۆزێ بۆ وەرام راما. دوایی تینی دایە بەرخۆی و وتی:

– زۆرەکە ئەوەیانە، کە بەبێ سڵکردنەوە، چ لە خۆمان و چ لە هەر کەسێکی تر، پڕ بەئارەزووی دڵ، لێوی یەکتر هەڵمژین و یەکتر لە ئامێز بگرین.

کەچی ئەو، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە پێوەی دیاربوو، کە شتێك لە ناخیدا تەنگەتاوی دەکا، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە و خامۆش بوو!. ئەم بە پەشۆکاوییەوە وتی:

– ئەختەر گیان .. ئاسایی نیت .. چیت لە دڵدایە؟!.

وەرامی ئەو، چۆڕاوگەی فرمێسك بوو کە بە کپی، بەسەر گۆنایدا ڕژایە خوارەوە. ئەم هێندەی تر پەشۆکا. خۆی لێ نزیك کردەوە. هەردوو دەستی خستە ناو دەستی خۆیەوە

و وتی:

– ئەختەر .. پێم بڵێ .. چی بووە؟!.

ئەوسا، بەقورگێکی پڕ لە قوڵپی گریانەوە وتی:

– کاکم ..

– چییەتی؟! ..

– تاقیبم دەکا.

– چۆن؟.

– لەو ڕۆژانی دواییەدا، دووجار دیومە کە لە قوتابخانە دێمە دەرێ، بەدزییەوە دوام دەکەوێ. ئیتر نازانم لەوەپێشیش، چەند جار دوام کەوتن و ئاگەدار نەبووم.

– ئەی ئەمڕۆ؟.

– زۆر ئاگام لە خۆم بوو .. نەمدی.

ماوەیەك بێدەنگ بوون. دایکی ئەوڕەحمان، دوو پیاڵە چای بۆ هێنان، داینان و جێی هێشتنەوە. خورشید لێی پرسی:

– چی بکەین؟ .. تۆ چی بە باش دەزانیت؟.

ئەو وتی:

– با ماوەیەك یەکتری نەبینین.

ئەم وتی:

– بەڵام ئاخر ..

قسەکەی تەواو نەکرد. ئەختەر وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ، بەنیمچە تووڕەییەکەوە وتی:

– من یا بۆ تۆ دەبم یا بۆ گڵ!. بڕیارێکە و داومە و تیایدا لەسەر هەقم. هیچ هێزێك ناتوانێ پێمی بگۆڕێ.

بەقسەکەیدا دیاربوو کە لە ناخدا، چ هەژانێك هەژاوە. تەنانەت ئەم لەلای خۆیەوە، ترسی لێ نیشت و شڵەژا. بەبێ ئاگا لە خۆی، دەستی گرتەوە ناو دەست و ماچی کردن. وەك بپاڕێتەوە، وتی:

– ئەختەر گیان .. تۆ بەم قسانەت دڵم دەتەقێنیت .. تۆ چی دەڵێیت؟!.

ئەو وەك ئەشقە بێگەردەکەی، ڕق و کینەیەکی بێ ئامانی بەرامبەر بەو زوڵمە لە دڵدا پێ پەیدا کردبێ، بەهەمان شێوە وتییەوە:

– یا بۆ تۆ دەبم یا بۆ گڵ.

خورشید هێندەی تر ترسی لێ نیشت و دەمی بەسترا!. تا کاتێ دایکی ئەوڕەحمان سەری لێ دانەوە و بەو شێوەیە بینینی، دوای هەندێ سەرنجدان و رامان وتی:

– چیتانە؟! .. بۆ وا خەفەتبارن؟! .. مەسەلە چییە پێم بڵێن!.

خورشید لەوەدابوو وەرام بداتەوە و ئەختەر لەلای خۆیەوە، ڕاپەڕییە سەرپێ. هەموو گیانی وەك بینی ئاو دەلەرزی. بۆ ماوەی چەند ساتێك، بەرامبەر بەخورشید ڕاوەستا و پیایدا هەڵڕوانی. ئینجا وەك تەواو ئاگای لە دایکی ئەوڕەحمان بڕابێ، دانەوییەوە و ماچێکی خێرای کرد. بۆ جاری سێیەم وتی:

– یا بۆ تۆ دەبم یا بۆ گڵ!.

ئیتر بەپرتاو، بەخۆی و کتێبەکانی بن دەستییەوە، هەنگاوی نا و لە ماڵ بەدەرکەوت.

دایکی ئەوڕەحمان، دیمەنەکەی هێندە بەلاوە سەیر بوو، کە واقی وڕما و لە جێی خۆی وشك بوو!. تا کاتێ سەرنجی دایە خورشید و سەیری کرد ئەویش گێژ و حۆل هەڵدەڕوانی، کەوتە قسە و وتی:

– خورشید کوڕەکەم .. چیتان لێ قەوماوە بۆمی باس بکە!. با بیزانم باشە.

کە باسەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە، ئەو وتی:

– هەمووی تێ گەیشتم، تەنیا دواین قسەکەی نەبێ. مەبەستی چی بوو؟! .. تۆ تێی دەگەیت؟!.

خورشید بەناخ .. لە قووڵاییی دەروونیدا، تێی دەگەیشت و بەلام دڵی بەراییی نەدەهات دەری ببڕێ. بۆیە لە وەرامدا وتی:

– نەء!.

***

## ٤

هەر دوای چوار رۆژ، ئەنجامی تاقیبکردنەکە دیاری دا. ئێوارەیەکی درەنگ بوو، کە خورشید لە چاخانەکە هاتە دەر تا بەرەو ماڵ ببێتەوە. زۆراب کە لەوەدابوو وەجاخ بکوژێنێتەوە و هەڵبگرێ، پێی وت:

– مەڕۆ .. دەچینە ماڵی خۆمان .. کفتەمان هەیە.

ئەم لەبەرئەوەی، بەڵێنێکی لەگەڵ فەرهاددا لە ماڵەوە هەبوو، وتی:

– حەزم دەکرد بێم .. بەڵام لە ماڵەوە ئیشم هەیە و دەبێ بڕۆمەوە.

زۆر دوور نەکەوتەوە، گومانی لە دوو کەس کرد کە دەشێ دوای کەوتبن. بیریشی تەنیا بۆ ئەوە چوو، کە دەبێ سیخوڕ بن و تاقیبی بکەن. لە سەرەتادا زۆر گوێی نەدانێ و ڕێی خۆی گرتە بەر. بەڵام دوای کەمێ، کە بەڵێنەکەی لەگەڵ فەرهاددا بیر کەوتەوە، لە دڵی خۆیدا وتی: «وەختابوو هەڵەیەکی گەورە بکەم!. چاکتر وایە نەڕۆمەوە تا خۆمیان لێ ون دەکەم».

لەبەر ئەوە، کە گەیشتە سەر جادەی تازە، ڕاست ڕووەو مزگەوتی گەورە، لە شەقام پەڕییەوە. ئینجا هەر هێندەی لە قەسرەکەی تۆفیق قەزاز ڕەت بوو، بەلای چەپدا وەرگەڕا و بەهەنگاوی خێرا، بەرەوخوار شۆڕ بووەوە و لەوێوە، بۆ ناو کۆڵانەکانی کانێسکان هەڵکشا.

کەچی کە ئاوڕێکی دایەوە و سەیری کرد وا هەردووکیان، چەند هەنگاوێکیان ماوە بگەنە ئاستی، زۆر سەرسام بوو، بەتایبەتیش کاتێ یەکێکیان لەگەڵ ئاوڕدانەوەکەیدا، بانگی لێ کرد و وتی:

– ڕاوەستە مەڕۆ .. مەترسە هیچت لێ ناکەین .. تەنیا قسەیەکە و پێتی ڕادەگەیەنین.

ڕاوەستا تا گەیشتنە ئاستی. ئەم وتی:

– چیتان لێم دەوێ؟!.

هەر ئەوەی بانگی لێ کردبوو، وتی:

– واز لە ئەختەر بێنە، دەنا خراپت پێ دەکرێ!.

ئەم ئەوساتە تێ گەیشت، باس چ باسە. پێش وەرامدانەوەیان، سەرنجێکی تایبەتیی دایە، سەر و سیما و ڕوویان. هەر خێرا لێیان حاڵی بوو، کە دوو شەلاتیی بەکرێ گیراون و دوورن لەوەی کەسوکاری ئەختەر بن. بێ هیچ شڵەژانێك وتی:

– ئەختەر؟! .. ئەختەر کێیە و مەبەستتان چییە؟!.

شەلاتییەکە وتی:

– خۆگێلکردنی پێ ناوێ .. دەستی لێ بەردە، دەنا دۆزەخ بەچاوی خۆت دەبینیت!.

تەنیا هێندە و ئیتر لێیاندا ڕۆیشتن. ئەم هەتا لە چاویشی ون بوون، هەر لە جێی خۆی چەقیبوو سەیری دەکردن. دوایی کە وریا بووەوە، بەدەم کۆڵێك خەم و خەفەتەوە، کەوتەوە ڕێ. کۆڵانی بڕی و پێی نایە سەر شەقامی کانێسکان. سەرلەنوێ ڕووەو مزگەوتی گەورە بووەوە. بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕێککەوتی تووشبوونەوەیان، ڕێگەی کۆڵانەکەی پشتی مزگەوتی گرتە بەر و لەوێوە بەرەوژوور هەڵکشا.

بەدرێژاییی ماوەی ڕێگەکە، مێشکی وەها لە باسەکەوە ئالابوو، کە وەختێ گەیشتە ماڵەوە، شەکەتییەکی تەواوی پێوە دیاربوو. تەوژمی پەژارەیەکی قورس، بەڕوویەوە دەبینرا و وڕ و کاسی کردبوو. دایکی بەر لە هەر کەسێکی تر، هەستی پێ کرد و بۆی هەراسان بوو. ئەم دەیزانی وەختی نانخواردنە و دەبێ بچێتە سەر سفرە. کەچی نەیتوانی .. یەکسەر چووە ژوورەکەی خۆی و کشومات دانیشت. دایکە پەشۆکا و چوو بەلایەوە. سەر و ڕوومەتی خستنە ناو هەردوو لەپە دەستییەوە و وتی:

– خورشید .. لەسەرخۆت نیت! .. چیتە؟!.

ئەم ویستی وەرام بداتەوە. بەڵام کە زانی قورگی پڕ لە گریانی بواری نادا، پاشگەز بووەوە و هیچی نەوت. ئەو هێندەی تر دڵی بۆی گوشرا. بەشپرزەیییەوە لێی پرسی:

– خورشید .. کوڕەکەم .. چیت لێ قەوماوە .. پێم بڵێ ! ..

ئەوسا زۆری لە خۆی کرد و تەقەلای دا، دەنگی ئاسایی بێ و وتی:

– هیچ دایە .. هیچ نییە .. تۆزێ پەستم.

– لە چی؟! .. پێم بڵێ بزانم .. دڵم شەقی برد.

– دایە ..

لەو ساتەدا لە دەرگەی حەوشە درا. ئەم لە سەرەتادا گوێی نەدایە. بەڵام کە لە ناکاوێکدا بەڵێنەکەی بەبیر هاتەوە، وەها ڕاچەنی و ڕاپەڕییە سەرپێ، کە دایکەش لەلای خۆیەوە، دڵی قرچەیەکی کرد و کاتێ وەك ئەو خۆی خستە سەرپێ، هەموو گیانی کەوتبووە لەرزین. کە خورشیدی بینی بەرەو دەرەوەی ژوورەکە هەنگاو دەنێ، پەلاماری دا و ڕای کێشایە دواوە، وتی:

– تۆ مەچۆ! ..

ئینجا بێ چاوەڕوانکردنی هیچ قسەیەك، خۆی هەڵمەتی بردە دەرەوە. لەوێش کە سەیری کرد وا نەریمان بەرێوەیە بچێ دەرگە بکاتەوە، بانگی لێ کرد:

– نەریمان .. راوەستە .. جارێ مەیکەوە.

نەریمان کشایەوە. دایکەش لەوەدابوو بگەڕێتەوە و خورشید سەری کێشایە دەرەوە، وتی:

– دایە .. ئەوە کاك فەرهادە ..

دایکە باوەڕی نەدەکرد، وتی:

– چووزانیت؟!.

– دەزانم .. چاوەڕوانی دەکەم.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر باوەڕی نەکرد. خۆی چوو بەدەنگەوە. کە دڵنیابوو، ئینجا کردییەوە و فەرمووی لێ کرد.

خورشید هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا دا کە هێمن بێتەوە و لە حزووری فەرهاددا، ئەو بارە دەروونییە ناهەموارەی دەرنەکەوێ. تەوژمی دارکاری و ئازارەکەی ناو ناخی، لەوە بەدەربوو بتوانێ، سەروبەری حەشار بدا. بۆیە ئەو دوای هەندێ گفتوگۆکردن، ناچار دایە ڕووی و وتی:

– تەواو نیت .. هیچ گرفتێکت هەیە؟!.

ئەم خۆی لێ بەهەڵە برد. وتی:

– هەست دەکەم لەشم داگیرساوە و سەریشم کەمێ دێشێ.

ئەم درۆی لەگەڵدا نەکرد. قسەکەی بەباری تەندروستیدا، راست و دروست بوو. بەڵام ئەو کە ئەم بارەیانی مەبەست نەبوو، لە دڵدا لێی بەگومان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەری نەڕۆیشت و وای دانا، کە دەشێ لە ئەنجامی گرفتێکی ناو خێزانەکەیاندا بێ. بۆیە زۆر درێژەی بە گفتوگۆیەکان نەدا و زوو جێی هێشت.

هەر ئەو رۆیشت و دایکە هاتەوە وێزەی. کەوتەوە پرسیار لێکردنی. ئەو لەبارەی ئەختەرەوە، هیچی نەدەزانی و بیری تەنیا بۆ سیاسەتەکە دەچوو. لەبەر ئەوە راستەوخۆ پێی وت:

– لەوە دەچێ ترسی گرتنت هەبێ .. پێم بڵێ .. هیچ قەوماوە؟!.

ئەم ئەگەرچی وشەی (ترس)ەکە دڵگرانی کرد، بەڵام بۆ خۆڕزگارکردن، ئەم هەلەی لەدەست نەدا و وتی:

– ئا . . .

– چۆن؟.

– کە دەهاتمەوە، دوو سیخوڕ دوام کەوتن و لە کۆڵانێکدا رایان گرتم. وتیان: ئەگەر واز نەهێنیت دەتگرین!.

دایکە زوو باوەڕی کرد. ئەو ئەگەرچی، بەهەمـوو هەڵسوکەوتێکی ئەمیش و زۆرابیشی پێ دەزانی و نەك هەر بەری لێ نەدەگرتن، بگرە هێندەی کار بەم هەڵبسووڕایە یاریدەشی دەدان، کەچی هەمان ئەو ترسە بەردەوام دڵی دەپرواند و هەراسانی دەکرد. بۆیە ئەویش وەك بەفرسەتی بزانێ، دەمودەست وتی:

– ئێ دەکوڕە شیرینەکەم .. واز بێنە و سەری خۆت رەحەت بکە. خەڵکی تر زۆر هەن نەناسراو بن و بیکەن. تۆ لەبەرئەوەی ناسیویتیان، قەیدی چییە! . . . مەیکە!.

ئەم قسە جەرگبڕانە، خەمە سەرەکییەکەیان لە بیر بردەوە. لە جێگەی، شەپۆلێکی تووڕەییان خستە سەر رووی. بەبێ ئاگا لە خۆی، وتی:

– دایە .. ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟! .. دەزانیت چ! ..

خەریك بوو بڵێ: «چ قسەیەکی نابەجێ . . .» ، بەفریای خۆی کەوت. نەیهێشت لە دەمی دەربچێ و قووتی دایەوە. ئەو چاوی بەسەر رووی ئەمدا روا و خامۆش بوو. ئاشکرا بوو کە (چ) گلەیییەکی لێ دەکا. ئەم چەندە تەریق بووەوە، هێندەش هەستی کرد

کە خەریکە لە خۆی تێك دەدا. دانی بەخۆیدا گرت و هێمن بووەوە. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– دایە گیان .. شتەکە هەروا ئاسان نییە .. وازی لێ بێنە بۆ خۆم. خەمت نەبێ. خۆمی لێ دەرباز دەکەم.

ئیتر دایکە لەلای خۆیەوە، سۆزی دایکایەتییەکە پێی ڕاگەیاند، کە چاکتر وایە بەرۆکی بەربدا و کاتێ هەڵسا بەجێی بێڵێ، وتی:

– ئەی لەبەر خاتری من، شتێك ناخۆیت؟.

ئەمیش هەر لەبەر خاتری ئەو وتی:

– با . . .

***

بۆ ماوەی سێ هەفتە، ئەختەر و خورشید یەکتریان نەدی. ئەم ئەگەرچی بەپێچەوانەی جاری پێشووەوە، ئاسایی دەچووە سەر ئیش و ئەرکەکانی تری سەر شانی بەجێ دەهێنا، بەڵام تەمی داخ و خەفەتی کارەساتەکە، بە سات لە ڕووی نەدەرەوییەوە. شادمانی و هەمووکات دەم بەخەندەکەی جارانی پێوە نەدەبینرا. سەرجەم ئەوانەی لێوەی نزیك بوون، لەو گۆڕانەی ئاگەدار بوون، بێ ئەوەی کەسیان بەنهێنییەکەی بزانێ. تاقە کەس کە دەگونجا بیزانێ، دایکی ئەورەحمان بوو کە ئەویش سێ هەفتە بوو، چاوی بەچاوی نەکەوتبوو. لە کاتێکدا لەوەبەر، بەتایبەتی لە دوای گرتنی ئەورەحمانەوە، هەر ڕۆژە نارۆژێ سەری لێ دەدان. لەبەر ئەوە کاتێ دایکی خورشید هاواری بردە بەر و وەزعەکەی بۆ باس کرد، هەر زوو زانی مەسەلە چییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچی نەدرکاند و تەنیا وتی:

– گەنجە .. خەمی مەخۆ .. خۆی چاك دەبێ.

بەڵام کە دایکە هەر هێنای و بردی، ئەوسا وتی:

– خۆ خۆت ئاگەداریت کە چۆن لە دوای گرتنی ئەورەحمانەوە، جێگەی ئەوی بۆ گرتبوومەوە. ڕۆژە نارۆژێك دەهات بۆ لامان. کەچی ئەوە سێ هەفتەیە پێی نەناوەتە ئەم ماڵەوە!.

– ئاخر سەیرە! .. بۆچی؟! .. ئێ منیش ئەوە سێ هەفتەیە، نەمدیوە بەیانی بچێتە

دەرەوە رووی گەش بێ و ئێوارە بێتەوە، تروسکەی خەندەیەکی لەسەر لێو بێ!.

– وەك وتم: گەنجە .. خەمی مەخۆ.

خورشید وەها .. خۆ ئەختەر ، راست لە ناوجەرگەی دۆزەخێکدا سات بەساتی رۆژ و شەوی بەسەر دەبرد. کاکی بۆی بووبووە دۆزەخەکە. هەرچەند چاوی بەچاوی دەکەوت، دەیبینی زەردەخەنەیەکی ژەهراویی پڕ لە تەوس دەدا بە ڕوویدا!. تا وای لێ هات جارێکیان، قسە بەسەر قسەدا هات و ئەو، سەرنجێکی ژەهراویی تری لە زەردەخەنەکەوە ئاراستە کرد و وتی:

– بەڵێ .. کە هەبن ئەوەندە بەدڕەوشت بن دایك و خوشکی خۆیان نیکاح بکەن، دەبێ ئەوانە لەگەڵ غەیرەدا چۆن بن؟!.

مەجی بەبێ هیچ هۆیەکی زانراو، خۆی خستبووە خانەی کۆنەپەرستانەوە. بەسەرێك بە شان و باهووی رژێمەکەیانیدا هەڵدەدا، بەسەرێکیش دوژمنایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی دەکرد. ئەو هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ داوودەزگاکانیاندا نەبوو، یا هیچ بەرژەوەندییەك لەگەڵیاندا نەیدەبەستەوە، کەچی زیاتر لە پاشا خۆی پاشایەتیخواز بوو!. هەروەکو هیچ زیانێکی لەلایەن بزووتنەوەی نیشتمانییەوە پێ نەگەیەنرابوو، کەچی لە کۆنەپەرستان و رژێمەکەیان زیاتر لێی بەرق و کینە بوو. ئەو ئەگەرچی زۆر کەسی لێ دەناسین و دەیبینی بە بەرچاوییەوە، وەك هەر مرۆڤێکی تر لە ژیاندا هەڵدەسووڕێن و کردار دەکەن، کەچی بەردەوام ئەو قسەیەی، وەك ڕاستییەکی ڕەپ و ڕەوان دەوتەوە!.

ئەختەر لە زووەوە بەمەی دەزانی و لەوەبەر، زۆرجاری لێ بیستبوو. لە هەموو ئەو جارانەشدا، هەر خۆی لێ گێل دەکرد و وەرامدانەوەی، بەبێ سوود دەزانی. ئەم تەنانەت، پێش پێوەندی بەستنیشی لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانیدا، دڵی لەو جۆرە بیروڕایانەی کاکی دەگوشرا و لێیان پەست دەبوو. ئینجا دوایی، سەرەتا گومانی ئەوەی لێ کرد کە سیخوڕ بێ.

کە لەمەشدا بۆی دەرکەوت وانییە و لە خۆیەوە ئەو قسانە دەکا، بێدەنگیی لە ئاستیدا بەچاك زانی. بەڵام ئەمجارەیان کە سەرباری هەموو شتێك، گڕی ئەشقەکەش دەیسووتاند و مێشك و دڵ و دەروونی هێنابووە سوێ، لێی ڕاپەڕی و بەدەنگێکی پڕ لە رق و کینەی بێ ئامانەوە وتی:

– تۆ تاکەی ئەم قسە پڕوپووچانە دەکەیت؟! .. تاکەی هەروا مێشك بۆگەن دەبیت؟!. تۆ لە خۆت تەریق نابیتەوە؟!. چیت لەم قسانە دەست دەکەوێ؟!. بەکرێگیراوی حکوومەتیت؟ .. مەعاشت دەدەنێ؟ . . . جاسووسیت؟.

مەجی قسەکانی هێندە بەلاوە لە ناکاو و چاوەڕواننەکراو بوو، کە سەرەتا لە ئاستیاندا کتومت وەك بتێکی لێ هات! .. سەر و شان ملێکی قوتی رەق راوەستاو. دوو چاوی ئەبڵەق بەسەر ڕووی ئەختەردا. دەمێکی داچەقیو و ڕەنگێکی وەك لیمۆ زەرد. لەگەڵ ناخێکی وەها هەژاودا، کە ها ئیستا ها ساتێکی تر، بتەکە دەکاتە پڵنگێکی بریندار و شاڵاوێکی بێ ئامانجی ئەوتۆ دەبا، کە هێز نەبێ بتوانی بەری لێ بگرێ.

دایك لەولاوە ئاگای لە کەینوبەینەکەیان هەبوو، هێندەی سەری لە قسەکانی ئەختەر سوڕما، پتر لە دیمەنەکەی مەجی تۆقی، ئەویش تا چەند ساتێك، دەستی راستی بەسەر شفتەکەی سەر بەری دەستی چەپییەوە، وشك بوو. ئەگەرچی چاوی بەسەر ڕووس مەجیدا روابوو، بەڵام ترس و سام هانی دا خێرا ببزوێ. ڕاپەڕی و خۆی گەیاندە لای ئەختەر.

پڕی کرد بەپەلیدا و بەکێشی کرد. ئەو لێیان وریا بووەوە. وەك پڵنگە زامارەکە، شاڵاوی برد و گەیشتە سەریان. پاڵێکی توندی بەدایکییەوە نا و لە ئەختەری دوور خستەوە. ئینجا پەلاماری قژی ئەمی دا و بەهەموو هێزێکییەوە، پاشەوپاش بەرەو دواوە ڕای کێشایەوە.

بەدەمییەوە نەك قسە، بگرە وەك پشکۆی ئاگری لە دەم دەرپەڕێ، وتی:

– ئادەی وەرە بزانم .. وەرە بیڵێرەوە .. بزانم وتت چی؟!.

ئەختەر رقێکی هێندە ئەستووری کەوتبووە دڵ، کە بۆ رزگارکردنی سەر و قژی خۆی لە چنگی، دەربەست نەبوو تەنانەت ئەگەرچی پێستی سەریشی پێوەی هەڵکەندرێ. بۆیە بەهەموو هێزییەوە، سەری خۆی راپسکاند و لە چنگی دەرهێنا. دوو سێ هەنگاو لێی دوور کەوتەوە و ڕووبەڕووی راوەستا. بەوپەڕی رق و کینە و تووڕەیییەوە وتی:

– مەجی .. باش تێ گەیشتیت وتم چی و پێویست بەوتنەوەی ناکا. بەڵام با قسەیەکی تریشی بخەمە سەر. من مەڕومالاتێك نیم تۆ خاوەنم بیت و بەئارەزووی خۆت هەڵم سووڕێنیت. ئاگەداربە .. لەم ساتە بەدواوە، من منم و تۆ تۆیت .. تێ گەیشتیت؟!.

مەجی جارێکی تر، بووەوە بەبت و لە ورتە و جووڵە کەوت. ئەمجارە وەك بڵێی مێشکی سڕ بووبێ، نەیتوانی لە جێی خۆی ببزوێ ورتەشی لە دەم بۆ نەهاتە دەرەوە. ئینجا دایکە بەهەڵی زانی، پەلی ئەختەری گرت و بەکێشی کردەوە. بردییە ژوورەکەی و دەرگەی داخست.

ویستی قسە بکا و بواری نەدا. وتی:

– دایە گیان .. دەستت ماچ دەکەم .. هیچ مەڵێ و وازم لێ بێنە. من دەزانم چ کاکێکی مێشك بۆگەنم هەیە!.

دایکە کە نەیدەزانی نهێنییەکە لە کوێدایە، ملی بۆ پاڕانەوەکەی دا و هیچی نەوت. تا زۆری پێ نەچوو، دەنگی بەیەکدادانی دەرگەی ژووری ئەولا و ئینجا دەرگەی حەوشەیان، کەوتە بەرگوێ و ئیتر دڵنیا بوون، کە مەجییان لە کۆڵ بووەوە و ڕۆیشت.

***

## ٥

– سەیرە! .. بوو بە چی؟! .. نە ڕۆژێك و نە دووان نە سیان! .. هەموو عەسرانێك باران و لەم وەرزەدا! .. سەیرە!.

قسەکەی وەستا تایەر لە جێی خۆیدا بوو. وەرز کۆتاییی بەهارە و پێ نراوەتە هاوینەوە.

کەچی پێنج ڕۆژی ڕەبەقە، هەر هێندەی عەسر دادێ، پەڵەهەورێکی ڕەش، بەری ئاسمانی شار دادەگرێ و لە ناکاوێکدا، لێزمەی بارانێکی خەست دادەڕێژێتە خوارەوە و ئیتر چۆن پەیدا بووە، وەهاش ڕەت دەبێ و خۆی ون دەکا!.

ئەو ڕۆژەش دوای لێزمە بارانەکە بوو، کە حەمدیی برای ئەوڕەحمان، خۆی کرد بەچاخانەکەدا. بەدەنگێکی نزم بەخورشیدی وت:

– دایکم دەڵێ: ئیشێکی بەپەلەم پێیەتی و دەبێ هەر ئێستا بێت.

ئەم ئەگەرچی بۆ هەر ئیشێك بووایە، سەری پێوە نەبوو گورج ڕاپەڕێ بچێ بەدەنگییەوە. بەڵام بۆ ئەمیان، هەر خێرا بیری بۆ ئەختەر چوو. کاتێ بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە جێ و پێی نایە حەوشەوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بەدیی کرد. تەزوویەکی خۆشی و شادمانی، بەهەناویدا ڕابوارد. کەچی کە چووە ژوورەوە و لە نزیکەوە سەرنجی دایە، ئەمجارە بروسکەیەکی جەرگبڕ دای لە ناخی دڵی!. چی ببینێ؟! . . . ئەختەرە ناسك و نەشمیلە ڕوو گەشە دەم بەخەندەکەی جاران، بووەتە کیژێکی تازێباری ڕوو پڕ لە پەژارە و خەمی چاو سووتاوە، بەچۆڕاوگەی فرمێسك!!.

تا چەند ساتێك، هەر بەپێوە چاوی بەسەریدا ڕوا و لە جێی خۆی وشك بوو. کە پێی نایە ژوورەوە، لە دایکی ئەوڕەحمان بەئاگا بوو کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو. بەڵام لەوەبەدوا، ئیتر ئاگای لێی بڕا. بۆیە کاتێ دانیشت و ئاوڕی بەلایدا دایەوە و نەیبینی، لە خۆی کەوتە گومانەوە کە ئاخۆ بینینەکەی ڕاستەقینە بوو یان نا!.

دەنگی پڕ لە ناسۆری ئەختەر، بیر و هۆشی لەو باسە کەلا خست، کە وتی:

– خورشید .. چی بکەم؟! .. چیم ئامۆژگاری دەکەیت؟!.

ئەم بەپەرۆشەوە وتی:

– ئەختەر .. دڵەکەم .. چیتە؟! .. بۆ وات بەسەر هاتووە؟!.

– حاڵم زۆر خراپە .. ژیانم لێ تاڵ بووە .. چی بکەم باشە؟. بۆ ئەوە هاتووم و هاوارم هێناوەتە بەرت.

– چی بووە؟! .. بۆمی باس بکە .. چی قەوماوە؟!.

– کاکم .. کاکە مێشك بۆگەنەکەم .. ژیانی لێ کردوومەتە دۆزەخ.

– چۆن؟!.

– پێمانی زانیوە .. تا ئێستا بەئاشکرا نەیداوەتە ڕووم. بەڵام ڕۆژ نییە بە تەوسەوە پێمی نەڵێ.

منیش گەیشتووەتە تینم و لێی ناخۆمەوە. تا ئەمڕۆ کار بەوە گەیشت، لە ماڵ وەها بێمە دەرەوە کە بچمە ماڵی پوورم و ئیتر تا ئەو لەو ماڵەدا بێ، سەری پێدا نەکەمەوە.

خورشید بەدرێژاییی گفتوۆکەیان، ئەگەرچی بەسەرزاری ئاسایی لەگەڵ ئەختەردا دەدوا، بەڵام لەگەڵ خۆیدا باسی لەوە بوو، کە ئاخۆ ئەمیش حیکایەتی دوو شەلاتییەکەی لا بدرکێنێ یان نا؟. تا کاتێ ئەو دوای کەمێ بێدەنگی وتی:

– جارێکیان هەندێ قسەی بەمەغزای ئەوتۆشی کرد، کە بۆنی هەڕەشەکردنی لە تۆ لێ دەهات. منیش هەر بەمەغزا پێم ڕاگەیاند، کە بێت و پەنجەیەك لە تۆ بدرێ، ئەگەر پێم نەکرێ ئەو بکوژم، خۆم دەکوژم.

ئەوسا بڕیاری دا کە نەك هەر نەیدرکێنێ، بگرە هەر نەیەڵێ پێ بزانێ. ئینجا بۆ دڵنیاکردنیشی وتی:

– هیچ ترسی منت نەبێ و ناتوانێ هیچ بکا. بۆ تۆش وا تێ دەگەم، ماڵی پوورت شوێنێکی باشە و چاکت کردووە هاوارت بردووەتە بەر ئەوان، بەتایبەتی کە خەجێش هاودەنگتە و دەستەخوشکێکی دڵسۆزتە.

– ئەی دوای ئەوە؟!.

– دوای ئەوە، تۆ چی بەباش دەزانیت من وا دەکەم.

– هەر چۆنێکم بڕیار دا؟.

– سوێند بێ بەم گەردنەم .. هەر چۆنێکت بڕیار دا.

ئەختەر دەیزانی گرفتەکەی چەندە ئاڵۆزە و لێ ڕزگاربوونیشی، چەندە سەخت و ستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەسوێندەکەی خورشید وەها دڵی حەوایەوە، کە خۆی پێ ڕانەگیرا .. لە ناکاوێکدا شالاوی بۆ برد و توند دەستی کردە ملی. کەوتە ماچکردنی گەردنی و بەدەم هەنسك هەڵدانەوە، پەیتاپەیتا دەیوت:

– بەقوربانی ئەو گەردنەت دەبم .. من گەردنی تۆم بۆ سەلامەت بێ، هیچی ترم ناوێ.

– بۆ یەکتربینینیش، با جارێ لەسەر بڕیاری پێشوومان بەردەوام بین، تا چارەیەك دەدۆزینەوە.

– وا دەکەین، بەمەرجێ زۆر نەخایەنێ. دڵم شەق دەبا نەتبینم.

– دڵ لە دڵ مەدە .. من لە تۆ خراپترم.

ئەختەر کە هەڵسا بڕوا، سەیرێکی دەرگەکەی کرد و بەدوایدا، دەستی کردەوە ملی. ئەمجارە لێوی نا بەلێوییەوە و بەپەرۆشەوە ماچی کرد. کە هەنگاوی نا بڕوا، وەك شتێکی گرینگی بیر بکەوێتەوە، ڕاوەستا و وتی:

– خورشید .. کاکم کابرایەکی هەم دواکەوتووە و هەم سەرسەختە. دەستم دامێنت .. وریابە و ئاگات لە خۆت بێ.

– قسەکەت لەسەر سەرم .. خەمت نەبێ.

ئیتر کە ئەو ڕۆیشت، ئەم لە ڕووی دایکی ئەورەحمانەدا، ویستی سەبارەت بەسەرنەدانی لێیان، دەست پێشخەری بکا و وتی:

– شەرمەزارم .. دەبوو ..

ئەو نەیهێشت تەواوی بکا، وتی:

– نەء .. قەت وا مەڵێ .. حەز ناکەم قسەی وا بکەیت. دەمزانی لە چ حاڵێکدایت. بەڵام با لە شتێك ئاگەدارت بکەم.

– فەرموو.

– دوای دانیشتنی جاری پێشووتان بە سێ چوار ڕۆژ، دوو زەلام هاتن و هەڕەشەیان لێ کردم!.

هەواڵەکە، قرچەی لە دڵی خورشید هەڵساند. چەندە بەسەرزاری لێی حەپەسا و واقی وڕما، دە ئەوەندە لە ناخدا پێی کەللەیی بوو. بەدەنگێکی تێکەڵ لە رق و سەرسوڕمانەوە وتی:

– هەڕەشە؟! .. چۆن؟! .. وتیان چی؟!.

– وتیان: ئەگەر بۆ لەمەودوا، بواریان بدەیت لە ماڵەکەتدا یەکتری ببینن، ئاگر بەردەدەینە خۆتان و ماڵتان.

ئەم لە توورەییدا، خوێن هورووژمی هێنایە سەر و ڕووی هەموو گیانی کەوتە لەرزین. ویستی قسەی تر بکا و هیچی بۆ نەوترا. ئەو هێمنی کردەوە، وتی:

– خورشید .. لەسەرخۆبە .. دوو شەلاتیی خوێڕی بوون و هاتن قسەیەکیان کرد یا نەکرد. بۆچی وا خۆت تەنگەتاو دەکەیت؟!.

ئەم خۆی هێمن کردەوە، وتی:

– بەڵام ئاخر ئێوە.

ئەو ئەمجاریش، نەیهێیشت تەواوی بکا. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– ئێمە چی؟ .. کوڕی خۆم نیت؟ .. لە جێگەی ئەوڕەحمان نیت؟. گوناهمان چییە؟!. ئەوڕەحمانەکەم، ئاسکۆڵی لەمەڕ ئەو دایك و باوك و کاك و برایەی بوو بەنسیب و خورشیدەکەشم، ئەختەری لەمەڕ ئەم کاکە بێ مێشك و جانەوەرە! .. داخ!.

ئەم بەقسەکە، تەواو هێور بووەوە. تەنانەت سووکە خەندەیەکیش کەوتە سەر لێوی و وتی:

– با بێگومان .. چۆنت وت وایە. بەڵام من لەلای خۆمەوە .. وەك ئەو کوڕەت کە هەم، پێم ستەمە بەهۆی منەوە، تووشی گێچەڵ ببن.

– هیچ ستەم نەبێ. ماڵ ماڵی دایکی خۆتە و بەهیچ جۆرێکی تر سەیری مەکە. یا بابڵێین: وەك چۆن ئاسکۆڵ بووکی خۆمە، هەروەهاش ئەختەر بووکی خۆمە و لە هەر ساتێکدا پێ دەنێتە ناو ئەم خانووەوە، ماڵی خۆیەتی و هەقی خۆیەتی، کە چۆن ئارەزوو دەکا، وەها بێت و بڕوا.

خورشید لە ئاستی ئەم قسانەدا، خۆی پێ ڕانەگیرا. پڕی کرد بەدەستیدا و ماچی کرد.

ئەویش پڕ بەپڕی سۆزی هەر دایکێك بەرامبەر جگەرگۆشەیەکی، سەری ئەمی خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە و ناوچەوانی ماچ کرد.

***

ئەمجارە هەر بۆ ڕۆژی دوایی، دوو زەلامەکە دوای کەوتنەوە. کە هەستی پێکردن، خۆی بۆیان ڕاوەستا تا گەیشتنە ئاستی، یەکێکیان بەدەنگێکی تێکەڵ لە هەڕەشە و گاڵتە پێ کردنەوە وتی:

– کوڕی باش! .. وتمان وازی لێ بێنە و نەتهێنا. بۆچی تۆ وات دەزانی گاڵتەت لەگەڵدا دەکەین؟!.

ئەم بێ سڵەمینەوە وتی:

– ئێوە پێم ناڵێن: چیتان لە من دەوێ و مەبەستتان چییە؟!.

– کوڕی باش .. پێمان وتیت و خۆگێلکردن دادت نادا.

– کاکی خۆم .. ئێوە بەهەڵە چوون. دەبێ کەسێکی ترتان مەبەست بێ و لەخۆڕایی یەخەی منتان گرتبێ.

ئەوی تریان لێی هاتە پێشەوە. چاوی لێ زەق کردەوە و بەڕقەوە وتی:

– پێمان رادەبوێریت؟!.

ئینجا ئاوڕی دایەوە بەلای هاوەڵەکەیدا و وتی:

– وتت چی؟ .. بیگۆڕین؟.

هاوەڵەکەی قۆڵی گرت و لایدایە دواوە، وتی:

– نەء.

بەدوایدا، رووی قسەی کردە خورشید و وتی:

– گوێ بگرە کوڕی باش! .. با بۆتی باس بکەم حیسابەکەمان چۆنە. ڕاستە من ئەگەر، ماوەیەکی پێ بچێ و نێچیرێکم دەست نەکەوێ تۆزێکی بکوتم، بەئیرادەی خوا هەموو لەشم دێتە خوروو! بەڵام تۆ بەختەوەر بوویت کە لەو ماوەی پێشوودا، نێچیرم

زۆر بوون و ئێستا جارێ لەو حاڵەتەدا نیم. بۆیە کەمێ پێش شادبوونمان بە دیدەنیت، لەلای ئەم پیاو باشە شەفاعەتم بۆ کردیت. ئەو وەکو من نییە .. زوو زوو لەشی دێتە خوروو. تکام لێ کرد و وتم:

با مۆڵەتێکی تری بدەینێ. پێشی دەڵێین کە ئەمە دوا ئاگەدارکردن دەبێ و ئیتر بۆ جاری سێیەم، لەشمان هاتبێتە خوروو یان نا، ئەوا دەبێ خۆی یاسینی خۆی بخوێنێ. پیاو باش وانەبوو؟.

رووی پرسیارەکەی کردە هاوەڵەکەی. هاوەڵ دانی جیڕ کردەوە و وتی:

– با بەداخەوە وابوو .. چیت لێ بکەم .. ناتوانم دڵت بشکێنم .. دەنا من ئەوە نیم، کاری ئەمڕۆ بخەمە سبەینێ. سا ئێستاش ئەوەتا هەموو پێستی لەشم، وەها هاتووەتە خوروو کە . . .

بێ تەواوکردنی قسەکەی، سەرلەنوێ لە خورشید نزیك بووەوە و خۆی گیڤ کردەوە. یەکەمیان قۆڵی گرتەوە و وتی:

– نایەڵم .. عەیبە .. ئێمە چۆن لە بڕیاری خۆمان پەشیمان دەبینەوە؟!.

ئینجا ڕووی قسەی کردەوە خورشید و وتی:

– لە بیرت نەچێ .. بۆ جاری داهاتوو، بەتەما مەبە ئەم بابەتە گفتوگۆیەی تێ بکەوێ.

هەر یەکسەر، لە نووکی پەنجەی پێتەوە هەتا تەوقی سەرت، دەست بەشێلانت دەکرێ. جا چۆن شێلانێك؟! .. باوەڕ بکە، ئیتر هەتا مردن، تووشی سێ بەڕۆ و رەقیتە نابیت!.

جارێ خوا حافیز.

کە لێی جیابوونەوە و ڕۆیشتن، ئەم نەك بڵێی لە ترساندا، بگرە لە سەرسامیدا بەرامبەر بەجیهانە عاجباتییەکەی ئەو جۆرە مرۆڤانە، کە یەکەم جار بوو ئاوەها لە نزیکەوە رێککەوتی بکا و بیناسێ، بۆ ماوەیەك حەپەسا و واقی وڕما!. لەو ماوەیەدا، گرفتەکەی خۆی لە بیر کرد و مێشکی ئالآیە جیهانە تایبەتییەکەی ئەوانەوە. بۆچی و چۆن و لە چییەوە دروست دەبێ؟!.

– خورشید! .. ئەوە بۆ وا چەقیویت و بەسەر دنیاوە نەماویت؟!. چ خێرتە؟!.

زۆراب بوو بەسەردا هاتبوو. کە وریا بووەوە و ئەوی بینی، شڵەژا. نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە. تا لە ئەنجامدا وتی:

– چاوەڕێی برادەرێکم دەکرد.

ئەم قسەکەی وەها کرد، گوایە بۆ فەرمانێکی تایبەتییە. کەچی ئەو زوو تێ گەیشت کە وا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– دیت بچینە ماڵی خۆمان؟.

ئەم لەو ساتەدا، وەهای بەمێشکدا رابورد، کە دەبێ یەکێك لە گرفتەکەی ئاگەدار بکا و چاکتریش وایە، ئەو یەکە کاکی بێ. بۆیە وتی:

– چیتان هەیە؟.

– ئەگەر نازە بڕیاری نەگۆڕیبێ، قووبووڵی و تاسکەبابی.

– هاتووم.

کە هەنگاویان نا بڕۆن، ئەو بە مەغزاوە وتی:

– ئەی برادەرەکەت؟!.

ئەم گوێی نەدایە. وتی:

– دیارە نایەت .. زۆر دواکەوت.

بەدەم ڕێوە، زۆراب هەستی بەخورشید کرد کە لەسەرخۆی نییە و مێشکی بەگرفتێکەوە خەریکە. تا قسەیەك یا پرسیارێکی لێ نەکردایە، ورتەی لێوە نەدەهات. ئینجا لە ماڵیشەوە، کە سەیری کرد هەروا کڕوکاس و کەمدووە، ناچار پێی وت:

– خورشید .. ئاساییت نابینم! .. چیتە؟!.

ئەم کە هێشتا درکاندنی باسەکەی لەلای کاکی، هەر دەهێنا و دەبرد و ساغی نەکردبووەوە، بە دوودڵییەوە وتی:

– هیچ .. هیچم نییە.

کە ئەو وتی:

– نابێ! .. بەئاشکرا پێتەوە دیارە!.

ئیتر ناچار بوو ساغی بکاتەوە .. ئا یا نەء؟. زۆر لەسەری نەوەستا و دوا بڕیاری دا.

وتی:

– نەء.

کاکی سەرسام بوو. وتی:

– چی نەء؟! .. مەبەستت چییە؟!.

کە بەخۆی زانی، (نەء)ەکەی ناو دڵی دەربڕیبوو نەك وەرام بۆ قسەکەی کاکی، شڵەژا. کەمێ راما و ئینجا وتی:

– هیچم نییە .. ویستم بڵێم نەء هیچم نییە.

زۆراب دڵنیابوو کە گرفتێکی هەیە و نایەوێ باسی بکا. ئەمیش بەدڵی ئەوی کرد و لەسەری نەڕۆیشت.

خورشید کە لە ماڵی کاکی بەدەرکەوت، دنیا تەواو تاریك بووبوو. ناو کۆڵان تاریکستانێکی ئەموستەچاو بوو. ئەوە سووکە سامێکی لە دڵدا بزواند و شێوەی دوو زەلامەکەی، هێنایەوە پێش چاو. بەڵام هەر زوو لە دڵی خۆیدا وتی: «نەء نایکەن .. بیانویستایە، هەر لەوێ دەستیان لێ دەوەشاندم».

بەدڵنیاییەوە هەنگاوی نا و کەوتە ڕێ. دەبوو بچێ بۆ لای فەرهاد. ئەو پێی وتبوو:

– ئەگەر بۆت کرا، شەوێ سەعات نۆ سەرێکم لێ بدە.

کە گەیشتە سەر شەقامی سەرەکی، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. هەشت و نیو بوو. ملی پێوە نا بەرەو ئەوێ بچێ، بەڵام زۆر نەڕۆیشت و بیری گۆڕی. لە دڵی خۆیدا وتی:

«لە قسەکەیدا وا دیاربوو کە چوونەکەم زۆر پێویست نییە. ئەو وتی: ئەگەر بۆت کرا. واتە ئەگەر بۆم نەکرا، بۆم هەیە نەچم».

دەیزانی بارە دەروونییەکەی تەواو نییە و ئەویش وەك کاکی، بەگیری دێنێ، خۆی قایل کرد کە نەچێ و بەرەو ماڵ بووەوە. کەچی زۆری پێ نەچوو، جارێکی تر ڕای گۆڕی. وای بۆچوو کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکەی هەڵدێ. وەرچەرخایەوە و بەرەو لای فەرهاد، ملی ڕێگەی گرتە بەر.

***

٦

فەرهـاد بۆ جاری سێیەم، مریەمی لە ماڵی وەهـاب بینییەوە. ئەم ئەگەرچی لەوەبەر، پێوەندیی لەگەڵ وەهـابدا، نەگەیشتبووە رادەی هـاتووچۆکردنی بۆ ماڵەوەیان، بەڵام ناسیاوییان لەگەڵ یەکتردا، دەگەڕایەوە بۆ رۆژانی گرتیگە. ئەویش هـەر لەو ماوەیەی ئەمدا، بۆ ساڵەوەختێك رێگەی تێی کەوتبوو. ئیتر کە بەرودوا لە گرتیگە بەربوون، تا هـاتنەوەکەی بۆ ناو شار، رێککەوتی نەکردبوو پێوەندییان، لە ناسیاوییەکەی گرتیگە تێپەڕ بکا.

لە جاری یەکەمدا، گومانی نەبوو کە مریەم کچێتی. لە هـەموو روویەکەوە، بەتەمەن، لەرێکوپێکی و تەمیزی، بەئاغر و سەنگینییەکەی، هـەر دەبوو بێ هیچ گومانکردنێك، کچی گەورەی ئەوێکی تەمەن چل ساڵەی رۆشنبیر و کارگوزار ببێ، بەتایبەتی کە منداڵەکانی تری، هـەموو بەتەمەن بەدوای ئەودا دەهـاتن!.

لە جاری دووەمدا، بەکردار و رەفتار و دەم و دووی گەلاوێژدا کە دەیزانی خوشکەزای وەهـابە، وەهـای بۆ چوو، کە نابێ مریەم خاڵۆزای بێ و دواجار، گومانی کرد کە کچی وەهـاب بێ!.

بـەڵام لـە جـاری سێیـەمدا، وەهـاب نـەك هـەر نـهێنییـەکـەی لـەلا ئـاشکرا کرد، بگرە داستانەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. لەو جارەدا، کات درەنگ وەختێکی شەو بوو کە لە کار و فرمانی ئاساییان بوونەوە. فەرهـاد ویستی بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و ئەو نەیهێشت. وتی:

– نایەڵم بڕۆیت .. یەکەم، کات زۆر درەنگە. دووەمیش، حەز دەکەم ئەمشەو پێکەوە بین .. تۆ حەز ناکەیت؟!.

فەرهـاد بێ ئەوەی بزانێ بۆچی، لە ناخدا حەزی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، دایە پاڵ هۆیەکی تر و وتی:

– با .. بەیادی شەوان و رۆژانی گرتیگەوە .. حەز دەکەم و وا مامەوە.

وەهـاب وتـی:

– پێخۆشحاڵم .. بەڵام شتێکی تریش!.

– فەرموو.

– من جارجار، سەری خۆمی بۆ گەرم دەکەم .. ئەی تۆ؟.

– بۆ ئەوەیان من نەء ... بمبەخشە.

– حەز دەکەم .. ناگونجێ من بخۆمەوە و تۆ سەیرم بکەیت!.

– بمبەخشە .. قەت نەمخواردووەتەوە.

– تەنیا ئەمجارە .. با بەبۆنەی دانیشتنەکەمانەوە بێ. کەمێك بخۆوە .. هەر بۆ هاوبەشیکردنم.


لە ئەنجامدا ملی دا. بەدەمییەوە کەوتنە گفت و گۆکردن و جۆران باسوخوازیان هێنایە کایەوە. تا ئەم لە دەرفەتێکدا و لە شوێنی خۆیدا، لێی پرسی:

– ئەرێ بەڕاست، مریەم چی تۆ دەبێ؟!.

ئەوسا ئەو، حیکایەتەکەی بەدوور و درێژی بۆ گێڕایەوە. کە لێ بووەوە ئەم وتی:

– قسەی خۆمان بێ، من لە هەوەڵەوە، وام زانی کچتە!.

– جا وەك دەیبینیت، هەر بەڕاستی بووەتە کچمان. من هیچ جیاوازییەکی، لەگەڵ منداڵەکانی ترماندا ناکەم. ئەویش ئێمە هەر بەدایك و باوکی خۆی دەزانێ. تەنانەت گەلاوێژ دوای کارەساتەکەی باوکی بەماوەیەك، داوای کرد بیباتەوە لای خۆی. من لە دڵدا پێم خۆش نەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی دەمزانی، کە هەم خۆشی دەوێ و هەم رزگارکەریشی لە مەینەتییەکەی ئەو بوو، خستمە قاڵبێکی وەهاوە کە چاکتر وایە پرس بەخۆی بکەین. کەچی پرس پیکردنەکە، بۆی بووە مایەی ئازارێکی دەروونیی سەخت، چونکە نەیدەتوانی چ بە (ئا) و چ بە (نەء)، وەرام بداتەوە. پێوەی دیاربوو کە حەز دەکا لەلای ئێمە بمێنێتەوە و دڵیشی نەدەهات، لە رووی حەزەکەی گەلاوێژدا بڵێ نەء. ناچار گەلاوێژ خۆی دەست پێشخەریی کرد. کە هەفتەیەك رابورد و گفتەکە هەر نەدرا، ئەو هات و دەستی کردە ملی. ئەملا و ئەولای ماچ کرد و بەسۆزەوە پێی ووت: تەواو .. تێ گەیشتم و دڵ لە دڵ مەدە. لای من بیت یا لێرە، هەر خوشکە خۆشەویستەکەمیت. مریەم لە وەرامدا بەقسە هەر هیچی نەوت، بگرە باوەشی کرد بەملیدا و کەوتە ماچکردنی



وەهاب

ئەملا و ئەولای. کە دەستیشی لێ بەردا، هۆن هۆن فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە.

ئەم گێڕانەوە دراماتیکییەی وەهاب، فەرهادی سەرسام کرد و مریەمی لەلای کردە تەلیسمێك، کە بشێ داستانێکی بەدەوردا بتەنرێ!. لەو ساتانەدا، لە بریی مریەمە ئاساییەکە، کە وەك کیژێکی نەشمیلە و جوان و ژیکەلە کەوتبووە بەرچاوی، کچە قارەمانی یەکێك لە داستانە فۆلکلۆرییەکانی بەمێشکدا رابورد و خەیاڵ بردییەوە. تا ئەو وریای کردەوە و وتی:

– گوێت لێم بوو؟!.

لە وەرامیدا وتی:

– چاك .. وتە بە وتە.

ئەم کە هێشتا یەك پێکی خواردبووەوە، وتی:

– دەکرێ پەرداخێکی تریش بخۆمەوە؟.

ئەو بڕیاری وابوو، بوار بەخۆی نەدا هانی بدا، یا بیەڵێ زۆر بخواتەوە. بەڵام کە سەیری کرد هێشتا یەك پێکە، وتی:

– بۆ ناکرێ .. فەرموو.

کە یەکەم قومی لێدا، رووی پرسیارێکی لە ناکاوی کردە وەهاب و وتی:

– لە وەختی خۆیدا، مریەمت لە کارەساتەکە ئاگادار کرد؟.

– بێگومان.

– ئەی چۆن لە باوکی نەپرسییەوە؟!. من بەرێککەوت بەرگوێم کەوت، کە پۆلیس بۆی دەگەڕان تا بچێ شایەتیی بۆ بدا.

– ئاگەدار بووم .. قسەی خۆمان بێ، من بەباشم نەزانی خۆی دەربخا. دەمزانی ئەو هیچ هەست و سۆزێکی، بەرامبەر بەباوکی نییە. وتم جا کەوابێ، بۆچی وەزعی لێ تێك بچێ و ببێتە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانی خەڵك.

– شایەتیی ئەم، سوودی بۆ باوکی زۆر دەبوو.

– ئەگەر تاقە شایەت بووایە. بەڵام من هەر زوو بیستم، کە پێنج شەش شایەتی هەن. خۆم چووم بۆ محاکەمەکردنەکەی و کە دیمن شایەتیی زۆر باشیان بۆ دا، ئیتر

گومانم لە دروستیی بڕیارەکەم نەما.

وەهاب بێدەنگ بوو. قومێکی لە پێکەکەیدا و جگەرەیەکی داگیرساند. ئەم وتی:

– وا تێ دەگەم، دەرکەوتنەکەی زەرەری بۆ تۆش دەبوو.

– لەسەر زارم بوو بڵێم .. بێگومان و لە دوو سەریشەوە: یەکەمیان، دەکەوتمە بەر سزادان بەحوکمی قانوون، یا هیچ نەبێ یەخەمی دەگرت. دووەمیان، منیش لەگەڵیدا دەبوومە بنێشتە خۆشەکە.

– ڕاست دەکەیت .. بڕیارەکەت لە جێی خۆیدا بووە.

دوای قەدەرێ بێدەنگی، فەرهاد پرسیارێکی تری کرد، وتی:

– ئەی بۆ لەمەودوا؟ .. باسەکە چۆن دەکەوێتەوە؟.

ئەو بۆ وەرام گیری خوارد. دەستی برد بۆ پێکەکەی و قومێکی لێ دا. مژێکی قووڵیشی لە جگەرەکەی گیر کرد. ئینجا وتی:

– ئەوی ڕاستی بێ، من هەتا ئێستا ئەم پرسیارەم بەو مانایەی تۆ مەبەستتە، لە خۆم نەکردووە. ڕاستە .. مێرد کوژراوە و باوك حەپسە و منیش بەشێوەیەکی ناقانوونی، بۆی بوومەتە فەرمان لە دەست!. ڕاستە .. چۆن دەکەوێتەوە؟!.

– باشی بۆ چوویت .. ئەوەم مەبەست بوو. حاڵەتی لەوەپێشی وەختیی بوو. دەتتوانی لە ئاستیدا بڵێیت: وا جارێ حەشارمان داوە و بابزانین چۆن دەبێ. لە کاتێکدا ئێستا، دەبێتە هەمیشەیی و ناکرێ تا سەر، هەروا لە حەشاردابێ.

– ڕاست دەکەیت .. جگە لەوەش گریمان سبەی ڕۆژێ، بەختێکی باشی بۆ بوو. خۆ من بەلامەوە، وەك کچێکی خۆم سەیری دەکەم و بوار بەخۆم نادەم، ببمە کۆسپ لە ڕێگەیدا. ئەو کاتە چۆن؟!. ئەمە هەروا بۆ نموونە.

– مریەم خۆی، هیچ باسی باوکی بۆ نەکردوویت؟.

فەرهاد کە ئەم پرسیارەی کرد، تروسکەی نەخشەیەك لە مێشکیدا سەری هەڵدابوو.

– با بێگومان .. بە دوور و درێژی.

– بە باسکردنەکەی ئەودا، چۆنی تێ گەیشتوویت؟ .. چۆن مرۆڤێکە؟.

– بڵح، تەمەڵ و تەوەزەل، کەمتەرخەم، بێبەش لە هەست و سۆزی باوکێتی، گێژ و

حۆل و هەردەم کڕ و خامۆش، بێوەفا و نامەرد و هیچ لەخۆ نەگرتوو .. هەروەها.

– نەء .. ئەمەیان نەء!. کارەساتی رۆژی کوشتنەکەی دەرویش، لەگەڵ ئەم سیفەتەی دواییندا ناگونجێ. ئەوەی سەبارەت بەکارەساتەکە هەر لە خۆتم بیست، دەری دەخا کە ئەو پیاوە هەرچییەك بێ، نامەرد و بێوەفا نییە. ئەگەر وا بووایە، دەرویش وەستا تایەری بەکوشتن بکوشتایە، ئەو هەر خامباشی پێدا نەدەهات. کەچی ئەو بەپێچەوانەوە، وەفادارییەکی زۆر بەهێز بۆ وەستا و مەردایەتییەکی رەسەنیش کە لە ناخیدا مت و خامۆش بوو، هانیان دا بۆ ئەوەی کە کردی.

– ئەی بۆ نەدرێتە پاڵ رق هەستانێکی ساتە وەختی؟. ئەو جۆرە مرۆڤە، با بەدرێژایی تەمەن بۆ یەك جاریش بێ، شتی وایان لێدەوەشێتەوە.

– ئەی بۆ بارەکەی تردا نەبێ؟. ئەو جۆرە مرۆڤانە، بەردەوام لە سەرپێن وەفاداری و مەردایەتییان لێ بوەشێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام، سەریان دەکوترێتەوە و پیشێل دەکرێن، تەنیا دەرفەتی ئەو جاروبارەیان بۆ هەڵدەکەوێ!.

وەهاب وەك لە ناخدا روو لە سەلماندنی قسەکە بێ، لە ئاستیدا هیچی دەرنەبڕی، بگرە وتی:

– با واز لەمەیان بێنین .. دەمەوێ بزانم، مەبەستی سەرەکیت چی بوو؟.

ئەم لە بۆچوونەکەی دڵنیابوو، وتی:

– مەبەستی سەرەکیم، پێوەندییەکی پتەوی بەو گفتوگۆیەمانەوە هەیە.

– چۆن؟!.

– من باوەڕم وایە مەردایەتی و پیاوەتیی لێ دەوەشێتەوە.

– با وابێ .. ئێی؟!.

– ئا .. بڕوانە .. تۆ یا هەر کەسێکی تر کە جێگەی باوەڕ بێ، لەگەڵ مریەمدا دەچن بۆ سەردانی باوکی لە گرتیگە. بە وردی گرفتەکەی بۆ باس دەکەن و ئەو هەست و سۆزی باوکێتییە پیشێڵکراوەی دەبزوێنن. ئینجا قایلی دەکەن کە لە جێی خۆی، بەرەسمی تۆ بکاتە بەرپرسیاری و تا لە گرتیگە بەردەبێ، تۆ وەك کچێکی خۆت سەرپەرشتیی کاروباری بکەیت .. بزانن دەڵێ چی.

وەهاب لە سەرەتادا، لە رووی قسەکانیدا دەمی داچەقاند و تاس بردییەوە. ئینجا کە

پیایاندا چووەوە و چاك لێیان حاڵی بوو، بەشانازییەوە سەلماندی و وتیشی:

– سانەویت تەواو نەکردووە و وەها! .. ئەی ئەگەر ببوویتایە بە پارێزەر، چۆن دەبوویت؟!.

– یانی نەخشەکەمت بە دڵە؟.

– زۆر .. خۆشم لەگەڵیدا دەچم.

– نەء .. تۆ راوەستە .. یەکەم جار خۆت مەچۆ. چاکتر وایە ئافرەتێکی لەگەڵدا بێ نەك پیاو.

– ئەمیشیانت زۆر راستە. رەنگە ئەگەر من بچم، باسەکە بەجۆرێکی تر تێ بگا.

– بێگومان .. هەقیشێتی. ئەگەر دایکی نەبەز بۆی دەکرێ، با ئەو بچێ.

ئیتر فەرهاد لەو پێکی دووەمەی زیاتر نەخواردەوە. کاتێکیش هاتنە سەر نووستن، پێش ئەوەی خەو بیباتەوە، ماوەیەکی زۆر مێشکی بەمریەمەوە خەریك بوو.

***

هەر دوای هەفتەیەك کە رێککەوتی سەردانی مانگانەی دەکرد لە حەپسەکان، مریەم لەگەڵ دایکی نەبەز و دایکی ئەورەحمان و خورشیددا، بەرەو بەغدا خرایە رێ. وەهاب بە وردی نەخشەکەی بۆ باس کردبوو. ئەو ئەگەرچی لە سەرەتادا سڵەمییەوە و ترسی لێ نیشت، بەڵام لە ئەنجامدا هەرچۆنێك بوو قایل کرا و هێنرایە ژێر بار.

لە بەغدا، خورشید یەکەمجار دایکی نەبەز و مریەمی گەیاندە شوێن مەقسەد و ئاگاداری کردن، کە دوای تەواوبوونی وەختی سەردانەکە، لە بەردەرگەی گرتیگەکەدا چاوەڕوانی بکەن. ئینجا خۆی و دایکی ئەورەحمانیش، چوون بۆ گرتیگەی لەمەڕ ئەورەحمان.

ئەو کاتەی سابیر ناوی خۆی کەوتە بەرگوێ کە لە قاوش بچێتە دەر بۆ حەوشە، بیری بۆ هەر کەسێك بچووایە کە رۆژێك لە رۆژان ناسیبێتی و هاتبێ بۆ سەردانی، بۆ مریەم نەدەچوو.

لەبەر ئەوە کە دوای ماوەیەك هەڵڕوانین بەحەوشەکەدا بەدیی کرد، یەکەم جار خوریەیەك دڵی راتەکاند و لە جێی خۆی چەقی. بگرە بۆ ماوەی چەند ساتێك، دیمەنەکەی لە بەرچاو لێڵ و تەماوی بوو. ئینجا کە سەرلەنوێ بەری بینایی لێ

روون بووەوە و سەیری کرد وا دەستی بۆ بەرز کردووەتەوە و بانگی لێ دەکا، گومانی نەما کە خۆیەتی. ئان و سات شەپۆلێکی تێکەڵ لە هەمەجۆر هەست و سۆز، لە قووڵاییی ناخییەوە هورووژمی هێنا و لوولی دا. بەهەنگاوی خێرا بەرەو رووی تەکانیدا. کە گەیشتە ئاستی، وەك هێشتا هەر سووکە گومانێکی لە دڵدا مابێ، راوەستا و چاوی بەسەر رووویدا ئەبڵەق بوو. تا لە ناکاوێکدا، دایە پرمەی گریان و باوەشی پێدا کرد. تا ماچی کرد ماچ و ئینجا نووساندی بەسنگی خۆیەوە. بەڵام وەك نەتوانێ لەوە زیاتر خۆی بەپێوە رابگرێ، بەهێواشی نیشتە سەر زەوی و مریەمیش لەگەڵیدا. بەدانیشتنیشەوە، جارێکی تر کەوتەوە ماچکردن و هەڵووشینی و نووساندنی بەسنگی خۆیەوە. هەموو نیشانەیەك وای دەگەیاند، کە بێ دەربڕین بەقسە، داوای لێبووردن و خۆشبوون لە گوناهی دەکا.

بەرامبەر بەم رەفتارەی، مریەم و دایکی نەبەزیش دەروونیان خرۆشا و گریان. تەنانەت مریەم، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، هەستی کرد کە ئەو باوکی ئەمە و ئەمیش کچی ئەو.

ئیتر کاتێ جێیان هێشت، نەك تەنیا نەخشەکەی سەلماند، بگرە رووی قسەی کردە دایکی نەبەز و وتی:

– من ئەوەتا سزای خراپەکاریی خۆم بەرامبەر بەمریەم دەنۆشم و چوومەتە ژێر باری. بەڵام لەگەڵیدا، هەردەم دەستم بە نزاوە دەبێ، کە خوا لە عۆیەی ئەو چاکەیەتاندا، ئەجرتان بداتەوە و دەست بەباڵتانەوە بگرێ.

***

## ٧

مریەمی ئێستا، کچۆڵە لەڕولاواز و ڕەنگ زەردەکەی جاران نەبوو، بگرە بووبووە کیژێکی خڕ و خەپانی نەرمونیانی ڕەنگ و ڕوو گەشی گەلێ نەشمیلە و جوان. ئاودامان ئێسك سووکی و شیرین و ناسکیی لێ دەباری. بەکردار و ڕەفتار و سەروزمانیش، هێندە هێور و ئاغر و سەنگین بوو، کە قەت بەبیردا نەدەهات ڕۆژێك لە ڕۆژان، تووشی چەرمەسەرێیەك بووبێ. تەنیا هێندە نەبێ کە جارجارێك، لە ناکاوێکدا تاسێك دەیبردەوە. پەردەیەکی ئەستووری پەژارە و خەم، بەڕوویدا دادەکشا. ڕەنگە گەشەکەی لە ڕوو دەپەڕی و زەرد هەڵدەگەڕا. چاوی گێژوویژ دەبوو. دەتوت خەونێکی سامناکی دیوە و بەسەریدا ڕاچەنیوە.

کە کەوتە ماڵی وەهاب، لە سەرەتادا زوو زوو ئەو حاڵەتەی بەسەردا دەهات. بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و بەیاریدەی سۆز و خۆشەویستیی هەم وەهاب و خێزانەکەی و هەم گەلاوێژ، وردە وردە ڕووی لە ڕزگاربوون کرد و لەبەرئەوەی ماوەی ساڵێك دەبوو بەسەری نەهاتبوو، هەموو وایان دانابوو کە بەتەواوی لە کۆڵی بووەتەوە. کەچی وانەبوو! .. لە پڕێکدا سەری لێ هەڵدایەوە و لە کوێش؟! .. لە ماڵی فەرهاد و لە حزووری ئەودا!.

ئەو وەختە مریەم ڕوو لەوە بوو، ببێتە تەتەرێك لە نێوان ئەو و وەهابدا. لە دوای گەڕانەوەکەی لە بەغدا و چارەسەرکردنی گرفتی خۆحەشاردانی، ئەمە جاری چوارەم بوو ڕێی دەکەوتە لای فەرهاد. لە جارەکانی پێشوودا بەحزووری دایکی نەوزاد، کار و فرمانەکە هەرچییەك بووایە، بەجێ دەهێنرا و بەڕێیان دەکرد. بەڵام لەم جارەدا وا ڕێك کەوت کە تەنیا خۆی لە ماڵ بوو. مریەم نامەیەکی لە وەهابەوە بۆ هێنابوو. دایە دەستی و بەرامبەری دانیشت.

لە کاتێکدا کە ئەو خەریکی خوێندنەوەی نامەکە بوو، ئەم هەستێك کە لە یەکەم بینینییەوە لە ناخیدا کرۆکی کردبوو، هانی دا فرسەت بێنێ و پڕ بەئارەزووی دڵ، سەیری بکا و پیایدا هەڵڕوانێ. بەدەمییەوە سات لە دوای سات، ئەو هێزە نهێنییەی



گەلاوێژ

لەوەبەر هەستەکەی لە ناخدا کرۆك پێ کردبوو، توندتر و ئاشکراتر کاری لێ دەکرد. هەروەکو تێ وردبوونەوەکەی ئاوا لە نزیکەوە، دیمەنی فەرهادی گەلێ قۆزتر و جوامێرتر خستە پێش چاوی. لە دڵدا لەوپەڕی شادمانی و خۆشحاڵیدا بوو، کە لە پڕ خۆزگەیەك لە ناخی دەروونییەوە تروسکەی دا. کەچی شان بەشانی، ئان و سات خورپەی سامێکی جەرگبڕیش، وەك تێسکەی تفەنگ بەهەناویدا رابورد!. خۆزگەکە دەرویشی بەبیر هێنایەوە و دەرویشیش، ترس و سامەکەی لێ ورووژاند!. ئیتر حاڵەتەکەی بەسەردا هاتەوە و بەسەر دنیاوە نەما.

فەرهاد گەیشتە کۆتاییی نامەکە و پێش سەرهەڵبڕینەوە، وتی:

– گەلاوێژ لەوێ بوو؟.

کە وەرام نەبوو، سەری بەرز کردەوە و تێی ڕوانی. لەو دیمەنەی کەوتە بەرچاوی، گەلێ سەرسام بوو!. یەکەمجار هەروا بە حەپەساوییەوە سەرنجی دایە و هیچی بۆ نەوترا. ئینجا کە هەر چاوەڕوانی کرد و هیچ گۆڕانێکی پێوە نەدی، وتی:

– مریەم .. گوێت لێم بوو؟!.

کە ئەمجاریش هەر وەرامی نەبوو، ترسی لێ نیشت و لێی نزیك بووەوە. هەردوو شانی گرت و ڕای وەشاند. وتی:

– مریەم .. چیتە؟! .. بۆ وات لێ هاتووە؟!.

کەچی ئەو لە جیاتیی وەرامدانەوە، بەدەستووری جارەکانی سەرەتای ڕوودانی حاڵەتەکە، کە وەك منداڵێك و بەدەم خەونێکی سامناکەوە رابچەنێ، خۆی دەهاویشتە باوەشی یەکەم کەسەوە کە دەچوو بەلایەوە، ئاوەها خۆی ئاخنییەوە باوەشی فەرهادەوە و خۆی تێدا گرمۆڵە کرد. ئەو سڵەمییەوە و لە یەکەم ساتدا گومانی لێ کرد. بەڵام کە سەیری کرد سەراپای جەستەی وەك پەڕی دەم ڕەشەبای لێ هاتووە، گومانەکەی لە دڵ دەرکرد و خۆی لێ بێدەنگ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، حاڵەتەکەی هێندە بەلاوە ستەم و ئاڵۆز بوو، کە سەری لێ دەرنەدەکرد و نەیدەزانی چی بکا!.

گرفتەکە زۆری نەخایاند و چۆن لە ناکاو دروست بوو، ئاوەهاش کۆتاییی هات. جەستەی مریەم، دوای ماوەیەکی کەم لە لەرزین کەوت و خامۆش بوو. لەگەڵیدا وەك گومانی لە وەزعی خۆی کردبێ، لە پڕ سەری بەرز کردەوە. ئیتر هەر هێندەی ڕووی

فەرهادی بینی، وەك كێچ قەڵەمبازدی دا و لە باوەشی دەرپەڕییە دەرەوە. ئەویش لە یەكەم ساتدا، گومانی لەم كرد و لێی ڕاما!. بەڵام كە تەواو لە خۆی بەئاگا هاتەوە، تەریقییەكی ئەوتۆ دایگرت كە حەزی دەكرد ببێ بەتنۆكێك ئاو و بچێ بەناخی زەویدا. ئیتر هەر ئەوەی بۆ مایەوە، پشتی تێ بكا و بەپەلە خۆی لە بەرچاوی ون بكا.

***

مریەم كە گەڕایەوە ماڵەوە، دەبوو لەژێر عەباكەیەوە، بوخچەیەك چاپەمەنیی بۆ دابەشكردن پێ بێ. كەچی وەهاب سەیری كرد نەك هەر ئەركەكەی بەجێ نەهێناوە، بگرە زۆریش شپرزەیە!. ئەم ترسی ئەوەی لە دڵ گەڕا، كە ماڵی فەرهاد بەر شاڵاوی پۆلیس كەوتبێ و ئەو خۆی دەرباز كردبێ. بۆیە خێرا لێی پرسی:

– چی ڕووی داوە؟! .. بۆ وا پەشۆكاویت؟!.

مریەم كە بەدرێژاییی ڕێگە، بیری لێ كردبووەوە و بڕیاری دابوو شەرم نەكا و كارەساتەكەی بۆ باس بكا، بەرامبەری دانیشت و بەدەم هەنسك هەڵدان و فرمێسك ڕشتنەوە، هەمووی بۆ گێڕایەوە. وەهاب حەزی كرد بپرسێ و بزانێ، بۆچی و چۆن و لە چییەوە هات. بەڵام كە تۆزێك بیری لێ كردەوە، بەباشی نەزانی و لە دڵی خۆیدا هێشتییەوە، تەنیا دەستێكی پڕ لە سۆزی بەسەریدا هێنا و وتی:

– هیچ پێی تەنگەتاو مەبە و لە دڵی مەگرە.

ئەو وتی:

– ئاخر ئێستا ئەو چۆنم تێ دەگا؟!.

– ڕاست دەكەیت .. ڕەنگە خراپی تێ بگا و هەقیشێتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانە. ها ئەهە .. وادەچم بۆی ڕوون دەكەمەوە.

وەهاب هەڵسایە سەرپێ و كەوتە خۆئامادەكردن. ئەو دەمی هەڵهێنایەوە قسە بكا و تەنیا وتی:

– ئەی ئاخر . . .

ئەم وتی:

– ئەی ئاخر چی؟ .. بیڵێ ..

– دەترسم گومانی لە دڵدا بمێنێ و وابزانێ، من بەئەنقەست وام كردووە!.



مريەم

ئەم لەو ساتەدا پشتی لێی بوو. کە ئەم قسەیەی لێ بیست، وەرچەرخا و سەرنجی دایە.

بزەیەك گرتی و لە دڵی خۆیدا وتی: «تۆ بڵێی وا نەبووبێ؟!». بەڵام کە سەیری کرد ئەویش بەمدا هەڵدەڕوانی، گورج رووی وەرگێڕایەوە و وتی:

– هیچ ترست نەبێ .. باشی تێ دەگەیەنم. ئەی بەڕاست تۆ پێم بڵێ: تۆ گومانت لەو نەکرد؟!.

– با بەڵێ .. ئەی نەموت: کە هۆشم هاتەوە بەرخۆم، سەرم سوڕما؟.

– ئاخر «سەرم سوڕما»، ئەوە ناگەیەنێ.

– مەبەستم ئەوەبوو.

وەهــاب پــیــاوێکــی زیــرەك و هۆشیار و وردبین بــوو. بــەتــایــبــەتــی لــە بــواری پێشبینیکردندا، زوو ئـەنجامـی شتـێکـی لـە شتـێکـی تـرەوە دەردەکێشا و لـەم رووەوە، بووبووە خاوەنی دەستێکی باڵا لە رەمڵ لێداندا. بەدەم ڕێوە، لە نووکەوە پێدا چووەوە و سەرجەم کارەساتە پێوەندارەکانی بەفەرهاد و مریەمەوە، بەدرێژاییی پێنج مانگی رابردوو، هێنایەوە پێش چاوی خۆی. لە ئەنجامیدا، رەمڵەکەی لێ دا و وتی: «ئا .. مەیلیان بەلای یەکتردا هەیە». پێشی خۆش بوو.

لە دڵدا بۆ خۆی خنایەوە و وتی: «بۆ نەء! .. پڕ بەپێستی یەکترن و هەزار جار پیرۆزیان بێ».

کە گەیشتە بەردەرگەکە، گەیاندبوویە ئەو رادەیەی، کە ئاخۆ بیدا بەگوێیدا یان نا؟. لە ئەنجامدا وتی: «نەء .. وەختی نییە .. جارێ با گرفتەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە».

فەرهاد هەرکە بەدیی کرد، بۆی چوو کە هاتنەکەی پێوەندیی بەکارەساتەکەوە هەیە و دڵی داخورپا!. گومانی لە مریەم کرد و وتی: «بوختانێکی بۆ نەکردبم؟!». بەڵام کە ئەو بەسەروزمانێکی شیرینەوە سڵاوی کرد و دانیشت، دڵی تا ڕادەیەك حەوایەوە. ئینجا کە وەهاب بێ پێچوپەناو راستەوخۆ، چووە ناو باسەکەوە و وتی:

– مریەم کارەساتەکەی بۆ گێڕامەوە. من لەلای خۆمەوە، وام دانا کە تۆ بێ گومان دەبێ بەلاتەوە سەیر بووبێ. بۆیە بەپێویستم زانی بێم و بۆتی روون بکەمەوە.

نەك هەر دڵی ئارامی گرت، بگرە هاتنەکەشی گەلێ پێ خۆش بوو، وتی:

– بەخوا چاکت کرد .. بگرە دەبێ زۆر سوپاست بکەم. تۆ دەزانیت بە جەڕاندن مێشکمی جەڕاندبوو؟! .. ئادەی بزانم ..

کە بە دوور و درێژی بۆی باس کرد، فەرهاد وتی:

– قەت بۆ ئەمەیان نەچووبووم.

– ئەی چۆنی بۆ چووبوویت؟!.

– وەڵا بڵێم چی! .. دەموت رەنگە، جارجار حاڵەتێکی شێتایەتیی بەسەردا بێت!.

وەهاب کەمێ بێدەنگ بوو. لە دڵدا لێکی دایەوە و بەهەلی زانی. وتی:

– دەزانیت ئەویش وای وت!.

– یانی چۆن؟.

– وتی: دەترسم بە شێتم بزانێ.

ئەم لە قسەکەی راما. ئەو ئەمجاریش فرسەتی هێنا و وتی:

– ئەی قسەی خۆمان بێ .. تۆ هیچ گومانێکت بەدڵدا رانەبورد؟!.

– گومان؟ .. وەکو چی؟!.

– وەك ئەوەی لە دڵدا وتبێتت: رەنگە بەئەنقەست وای کردبێ!.

– نا نەء .. ئەمەیان نەء.

– ئەو خەمی ئەمەشی لێ هاتبوو. لێی بووبوو بەمەراق. وتی: دەترسم وەهام تێ بگا.

فەرهاد تەنیا بە (نانەء)ێکی تر وەرامی دایەوە. لە کاتێکدا وەهاب وای بۆ چوو، کە وەرامە راستەکە (ئائا)یە. ئیتر لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت و جێی هێشت.

کە گەیشتەوەماڵەوە، بەسەر دانیشتنی سێقۆڵیی گەلاوێژ و مریەم و دایکی نەبەزدا چوو، کە باسیان لە کارەساتەکە بوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا، بێدەنگ بوون و کەوتنە چاوەڕوانکردنی گفتی ئەم. ئەمیش هەر خێرا وتی:

– بۆم روون کردەوە و بەئاسانی تێم گەیشت.

مریەم هەڵیدایە و بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

– گومانی لی نەکردبووم؟!.

بە کەمتەرخەمییەوە لە وەرامیدا وتی:

– نا نەء .. تەنیا خۆی واتەنی: مێشکی پێوەی جەڕی بوو!. ئیتر کە بۆم باس کرد، بەلایەوە ئاسایی بوو.

دایکی نەبەز کە هەر لە بنەڕەتەوە حەزی نەدەکرد، مریەم بخرێتە گێژاوی ئەو جۆرە کاروبارانەوە، وتی:

– باوکی نەبەز .. من زوو پێم وتیت: مریەم هی ئەو جۆرە ئیشانە نییە. بەڵام تۆ بێ قەزا بیت، بەقسەت نەکردم!. ئێستەش نەچووە بچێ .. تەواو .. ئیتر ئەو ئیشانەی پێ ناکەیت.

کەچی مریەم، وەك هێزێك لە ناخەوە، لە عۆیەی ئەو قسەیەدا شالاوێکی ئاگراویی بۆ بێنێ، بەدەنگێکی تێکەڵ لە پاڕانەوە و بەرپەرچدانەوەوە، وتی:

– ئاخر خۆ من هەموو جار وام لێ نایەت! .. خۆ من! . . .

ئینجا وەك ئان و سات، لە خۆی بەئاگا هاتبێتەوە کە چ زەللەیەك دەکا و تەقەلا بدا بەری لێ بگرێ، دووجاری تر وتی:

– خۆ من .. خۆ من ..

ئیتر قسەکەی بەخۆی بڕی. چاوێکی خێرای بەڕووی ئەواندا گێڕا و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. بەدەستووری هەڵاتنەکەی لای فەرهادی، لەلای ئەمانیش هەڵات و چووە ژوورەکەی خۆی!. لەوێ بەکوڵ دەستی کردە گریان!.

وەهاب سەرنجێکی پڕ لە گلەییی دایە دایکی نەبەز. ئەویش زوو لێی تێ گەیشت و هەڵسا و چوو بەلای مریەمەوە.

***

گەلاوێژ لە ناخدا دەکوڵا و ئەویش، شالاوێك ناو دڵ و دەروونی دەخرۆشاند!. وای دادەنا کە مریەم خەریکە دەسدرێژی دەکاتە سەر هەقێکی ڕەوای، چونکە بەدەستووری خاڵی، هەر زوو هەستی کرد لە دیواخان چ باسە!. ئەم ئەگەرچی هێشتا هیچی بەهیچ نەگەیاندبوو، بەڵام لە یەکەم ساتەوە کە چاوی بەچاوی فەرهاد کەوت، خۆزگەیەکی وەك ئەوەکەی مریەمی لە دڵ گرت و ئیتر تا دەهات، ڕووی لە بڵێسەداری دەکرد.

خۆزگەی یەکەم ساتەکە، بۆ دیمەنی شۆخ و شەنگی و شیکییەکەی بوو. دیمەنەکەی

بەلاوە هێندە کاریگەر بوو، کە ئەمێکی سەنگین تەنانەت لە ناخیشدا، لە ئاستیدا خۆی بۆ زەوت نەکرا و خۆزگەکەی خواست. کەچی بۆ لەوەدوا، وردە وردە ئیتر سیفەتەکانی تریشی، بۆی دەبوونە کەمەند و بەگیریان دەهێنا. تا وایان لێ کرد، تەواو بەبیر و هۆش و هەست و نەستی ئاشنا ببێ و لە ئەنجامدا، وەهای لە دڵ بگرێ کە موڵکی خۆیەتی و هیچ پێویست بەپەلەکردن نەکا، چونکە درەنگ یا زوو هەروەها دەکەوێتەوە. ئەم چەندە دەیهێنا و دەیبرد، هیچ کۆسپێکی نەدەدی کە ئەگەر ئەم ئەوی بوێ، ئەو بەم رازی نەبێ. بۆ جوانی، هیچ عەیبێکی پێوە نابینرێ. بۆ کردار و گفتار و رەوشت، گەردی پێوە نییە. بۆ ئاغری و سەنگینی و تێگەیشتوویی، هەموو ستایشی دەکەن. سەرباری هەمووی، مووچەخۆریشە و ئەمە بۆ ئەو، دەبێتە پاڵپشتێك و ترسی ژیاندنی ماڵ و منداڵی لە کۆڵ دەکاتەوە.

ئەم بەدرێژاییی ئەو پێنج شەش مانگەی دوای یەکەم ساتەکە، وەها بیری لێ دەکردەوە و هیچ پەلەی نەبوو. بەکاوەخۆ بۆی دەچوو. بەتنۆك هەست و نیازی خۆی بۆ دەردەبڕی و رۆژ لە دوای رۆژ لە چاوەڕواندا بوو، بەلێشاو وەرام وەربگرێتەوە، تا وای لێ بێ ئەو بڵێ:

– ئەرێ دڵم شەقی برد! .. من تۆم زۆر خۆشدەوێ و حەز دەکەم ببیتە هاوسەرم .. دەبیت؟!.

ئەمیش ئەگەرچی حەز بکا بڵێ:

– ئەرێ خۆ منیش دڵم تەقی! .. دەبم و پێی شاگەشکە دەبم!.

بەڵام تەنیا بۆی بخنێتەوە و بڵێ:

– بەڵێ.

کەچی ئەوە هەر رووی نەدا و کار هەر ئاسایی رۆیشت .. چۆنیت؟ .. چاکیت؟ .. چی هەیە؟ .. دەنگوباس چییە و ئیتر هیچی تر!.

ئەم وەها .. کەچی مریەم ئەوەتا خۆی گەیاندووەتە باوەشیشی! .. «راست ناکا .. نە حاڵەکەی بەسەردا هاتووە و نە هیچ. لە تەواوی هۆشیاریدا بووە و بەپێی نەخشەیەکی زۆر فێڵبازانە جووڵاوەتەوە!». لە دڵی خۆیدا وای لێکدایەوە و لەگەڵیدا، تەوژمێکی رق و کینە لە ناخیدا بەرامبەری بزوا. لە بەرچاوی، بووە مرۆڤێکی گەلێ بێ وەفا و نەگریس و لەو ساتەدا، حەزی دەکرد داوا لە خاڵی بکا، پشتی ملی بگرێ و لە دەرگەی حەوشەوە

فڕێی بداتە دەرەوە و پێی بڵێ:

– بڕۆ لە کوێوە هاتوویت، بچۆرەوە بۆ ئەوێ!.

بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوە پڕ لە دڵڕەقییەی، زۆری نەخایاند. دوای کەمێ رامان، هەر خێرا بەخۆیدا چووەوە وتی: «.. باشە خۆ من لەخۆڕایی ئەم شاڵاوەی دەبەمە سەر. ئەو چ ئاگایەکی لە حاڵی دڵی منە، تا من ئاوەها گوناهباری بکەم؟!. ئا .. خەتا لە خۆمەوە بووە و خۆم بوودەڵە بووم». دەروونی بەم قسانە، تا رادەیەك ئارامی تێ کەوتەوە. سووکە بزەیەکی گاڵتەهاتن بەخۆ کەوتە سەر لێوی و لە دڵدا وتی: «شەیتان بە لەعنەت بیت!».

ئەم ئەگەرچی بەخۆی دەزانی، کە گرفتەکە بەو شەیتان بەر لەعنەتکردنە نەك کۆتاییی نایەت، بگرە دەچێتە پلەیەکی نوێی ئاڵۆزەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی ناچار کرد کە جارێ وازی لێ بێنێ و لە دڵی خۆیدا وتی: «با بمێنێ .. دەبێ بیرێکی وردی لێ بکەمەوە!».

***

## ٨

ئەو کاتەی حەمەشین خۆی کرد بەچاخانەکەدا، ئاسمانی شار سایەقەیەکی ساماڵ بوو. خۆر بەلای رۆئاوایدا، بەرەو سەر سنگی ئاسمان داخزابوو، تەواوی تیشکی خۆی بەسەردا پەخش دەکرد. سەراپای ناو شاریش، بەگیاندار و بێ گیانییەوە، ئاسایی روو لەوەبوو، عەسری رۆژێکی تر لە تەمەن بەسەر بەرێ و کە ئێوارە داهات و دنیا تاریک بوو، هەتا جارێکی تر رۆژ لە دەم کەلی گۆیژەوە سەر دەردێنێتەوە، بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، ئارام بگرێ و خامۆش ببێ.

ئەو وەختە ئەم، تەنیا بەقسە خۆشی و چاونەترسییەکەیدا حەمەشینەکەی جاران بوو، دەنا وەکی تر بەرەو ئەوە دەچوو، شان لە شانی خورشید بدا. جگە لەوەی کە لە دوو رەفتارە تایبەتییەکەی لەوەبەریشیدا، لە بنەڕەتەوە خۆی گۆڕیبوو. یەکەم: شانی دابووە بەر ئیشکردن و دووەم: وازی لە مەی خواردنەوە هێنابوو. بۆیە هاتنی رۆژانەی بۆ چاخانەکە بەدوای ئەو گۆڕانەیدا، بووبووە کارێکی ئاسایی و بگرە جێگەی خۆشحاڵیی هەمووان.

کە پێی نایە ژوورەوە، کۆڕ جەم بوو. رۆژنامەیەکی (ژین)یان لە بەردەستدا بوو، دەیانخوێندەوە و لە یەکێك لە هەواڵەکانی دەدوان کە رای دەگەیاند: «ژمارەی دانیشتوانی شار بەپێی سەرژمێرییەکەی ئەم دواییە، چل و نۆ هەزار و نۆسەد و پەنجا و حەوت کەسە. لە کاتێکدا بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی (١٩٤٧)، سی و پێنج هەزار کەس بووە کە دووهەزاریشیان جوولەکە بوون.

یەکێ لەولاوە هەڵیدایە و وتی:

– یانی دوو هەزاری لێ دەربکەین، دەمێنێتەوە سی و سێ.

یەکێکی تر وتی:

– سی و سێ تا چل و نۆ، شازدە هەزار. واتە لە دە ساڵدا شازدە هەزارمان زیاد کردووە.

بەرەکەتە .. شار ماشەڵڵا لە زاووزێدا بە پیتە.

یەکێکی تر وتی:

– کار وا بڕوا، ساڵی (١٩٦٧) دەبینە حەفتا و حەوت هەزار و رەنگە زیاتریش. یەکاویەکە .. شار چاك هەڵدەئاوسێ.

کەچی مام ئەمین هەڵیدایە و وتی:

– ئێی ئەحەی جاو .. لە کوێت بێنم وەرامیان بدەیتەوە.

حەمەشین وتی:

– جا بۆچی ئەو مام ئەمین؟! خۆت بۆ وەرامەکە نادەیتەوە؟!.

– چونکە ئەوەکەی ئەو، پڕ بەپێستی قسەکەتانە.

– چۆن؟.

– ئەو دەڵێ: ئەم شارە سەد کەسی تێدابێ بەسە. بەمەرجێك پەنجایان حەسحەس بن!.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین. دوایی حەمە سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و بەخورشیدی وت:

– چارەکی دەوێ بۆ چوار .. درەنگە.

ئەویش سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

– راست دەکەیت .. با بڕۆین.

ئەو رۆژە یارییەکی تۆپی پێ، لە نێوان تیپێکی میوان و تیپی هەڵبژاردەی شاردا هەبوو، کە ئەمان لەوەبەر بڕیاریان دابوو، بچن بۆ سەیرکردن. ئیتر گورج هەڵسان و لە چاخانەکە بەدەرکەوتن.

کە پێیان نایە دەرەوە، بەری ئاسمان هێشتا هەر گەردی پێوە نەبوو .. هەر سایەقە ساماڵە گەش و روونەکە بوو. بەدەم پیاسەوە، کۆڵانە و کۆڵان بەچوارباغدا رێگەیان بڕی. بەبەر قوتابخانەی ئەیوبییەدا، خۆیان گەیاندە سەر شەقامی مەحوی. ئینجا لەوێوە، بەرەو یاریگەکەی قوتابخانەی سانەویی کوڕان. کە گەیشتنە جێ، کات خۆی دابوو لە چوار.

خەڵکێکی زۆر بەچواردەوری یاریگەکەدا، کۆبووبوونەوە و چاوەڕوانی دەسپێکردنی یارییەکە بوون. بەڵام سەرنجیاندا هەندێ کەس، دەڕواننە بەری لای گۆیژە و یەکتریی لــێ ئاگەدار دەکــەن. ئــەمــانــیش ئــاوڕیــان دایــەوە و هــەڵیــان ڕوانــی. حــەمــە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– ئەوە چییە؟ .. کەی وەختێتی؟!.

خورشید وتی:

– وەختی بێ یا نەبێ، زۆر ڕەش و چڵکنە!. ئەگەر بیکا بەڕاست، یارییەکەمان لێ تێك دەدا.

– تۆ باش سەرنجی بدەرێ .. بەخێرایی واوە دێ!.

– سەیرە! .. بەری لای گۆیژەی کردووە بەتاریکستان!. من شتی وەهام قەت نەدیوە!.

– من بزانم نیازی خراپە!.

پەڵە هەورە ڕەش و چڵکنەکە، بەخێرایی خۆی بەرەو داگیرکردنی سەرجەم ئاسمانی شار دەکوتا. هەموو دانیشتوانی شاریش، پێیان زانی و لێی سەرسام بوون!. زۆر کەس کە بەوردی سەرنجیان دایە، هەستیان کرد کە لێشاوی خۆی بەسەر گۆیژە و داوێنیدا دەست پێ کردووە و چەندیش پەل بەسەر ئاسمانی شاردا دەهاوێ، پتر بەری لێشاوەکەی بەرفراوان دەکا!.

یــاریــیــەکــە دەبــوو دەست پێ بــکــا و دەستــی پــێ نــەکــرد. چــونــکــە نــاوبــژیــکــار و یــاریــکــەرەکــانــیش وەك سەیــرکــەران، لــە چــاوەڕوانــکــردن بــەولاوە، هــیــچــی تــریــان بــۆ نەمابووەوە. بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند و مەسەلەکە لای هەمووان یەکالا بووەوە. پەڵە هەورە چڵکنەکە، گەیشتە ئاستی تەوقی سەریان و بەشەستەی بارانێکی زۆر بەخوڕ دایبێژان. ئیتر کوڕ ئەو کوڕە بوو، ساتێك زووتر خۆی بگەیەنێتە ژێر بنمیچێك.

خورشید و حەمە، لەوانە بوون کە خۆیان گەیاندە ناو ساڵۆنی قوتابخانەکەوە. چوون لە سووچی بنەوە، بۆ چاوەڕوانکردنی کۆتاییهاتنی لێزمەبارانەکە ڕاوەستان. قسە و باسی ئەوانەی بنەوە، تەنیا لە ناوەختیی بارانەکە و تێکچوونی یارییەکە بوو. ئەمان هەر هێندەیان پێ دەزانی، کە ڕەهێڵە بارانێکی توندە و وایان دانابوو کە زۆری پێ ناچێ خۆش دەکاتەوە. کەچی لە ناکاو، زرم و هووڕێکی سەیر، دەوروپشتی تەنین!. دەتوت سەدان کەس، لە هەر چوارلاوە، سەربان و دیوار و پەنجەرە و دەرگەی ساڵۆنەکە،

بەردەباران دەکەن!.

ئەوانەی وەك ئەمان لە بنەوە بوون و دەرەوەیان نەدەبینی، تەنیا گوێ قولاّغ بوون و هیچی لێ تێ نەگەیشتن!. تا ئەوەکانی نزیك دەرەوە، هاواریان لێ هەڵسا و وتیان: «تەرزەیە .. سەیرە! .. یەکی بەقەدەر گوێزێکە! .. ئەوە چییە؟!».

ئەمان بەبیستنی قسەکە، تەکانیان دا بۆ پێشەوە. دڕیان بەخەڵکەکە دا و خۆیان گەیاندە نزیك دەرەوە. خورشید کە هەڵی ڕوانی، یەکەم جار حەپەسا و واقی وڕما!. بەلاّم وەك ئان و سات ترسێکی جەرگبڕ لە ناخەوە شالاّوی بۆ بێنێ، دڵی قرچەیەکی کرد و بەپرتاو، لەناو خەڵکەکەوە دەرفرتایە دەرەوە. حەمە نەیدەزانی بۆچ وەهای کرد!. لەگەڵ ئەوەشدا بەدوایدا هەڵمەتی برد و هاواری لێ کرد:

– خورشید .. مەڕۆ .. بۆ کوێ؟ .. ڕاوەستە!.

دەرەوە کۆلاّن و شەقام نەبوو! .. دەرەوە بەهەمووو لایەکدا رووبارێکی خوڕ بوو!.

تەرزە دەنك گوێزییەکانیش، هێشتا لە هەڕەتی تەوژمیدا بوو. ئەو وەها تەکانیدا، کە بەڕاکردن ملی پێوە بنێ و هەتا ماڵەوە نەوەستێتەوە. کەچی هەر دوای پازدە بیست هەنگاوێك، لەژێر زەبری ئازاری دەنکە تەرزەکاندا، کە وەك بەردی هەڵماقۆ لە ئاسمانەوە دەدران بەتەوقی سەریدا، ناچاربوو بگەڕێتەوە و حەمەش لەگەڵیدا هێجگار شپرزە بووبوو. لەناو خەڵکەکەدا هەبوون لەبەر خۆیانەوە وتیان:

– شێت بووە .. دەنا کەس هەیە لە هیچە، خۆی بخاتە بەر ئەو غەزەبە؟!.

تەنانەت حەمەش پێی وت:

– ئەوە چیتە .. نایبینیت؟!.

ئەو سەرێکی کرد و بەتەنگەتاوییەوە وتی:

– با .. باشی دەبینم .. دەزانیت ماڵمان لە کوێیە؟!.

– ئا .. لە مە . . .

ویستی بڵێ لە مەڵکەندی و وشەکە لە قوڕگیدا گیری خوارد!. ئەو زیاتر روونی کردەوە، وتی:

– ئەگەر سەر ئەم جادە بەرزە ئاوابێ، ئاخۆ ئەوێ دەبێ چۆن بێ؟!.

یەکێ لە تەنیشتییانەوە گوێی لە قسەکانی بوو. ئەویش پەشۆکا و وتی:

– وەڵا برا خۆ ڕاست دەکەیت! .. ئێمەش ماڵمان لە کۆڵانێکی قووڵی لێژدایە لە سەرشەقام!.

حەمە ئەو کاتە کەوتبووە چاوگێڕان. لە پاڵ دیوارێکی نزیکیاندا، چەند ساجێکی قوڕی بینی. سێ و دووی لێ نەکرد. بەپرتاو چوو دوو ساجی هێنا. یەکی ساجێکیان قلّپ کردەوە بەسەریاندا و کەوتنە ڕێ کە گەیشتنە سەر جادە، بەسەر شۆستەکەدا کە ئاو ئەویشی داپۆشیبوو، سەرەوژوور تا فولکەکەی دەم شەقامی مەحوی ڕۆیشتن. لەوێدا ڕاوەستان و هەڵیان ڕوانی. هەتا چاو بڕ بکا، هەر ڕووبار بوو بەبێهوودە بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون. تێکەڵ بەیەکتر دەبوون و جودا دەبوونەوە. لق لەخۆ دەگرن و لقیان لێ دەبێتەوە. ڕووبارێك لە کانێسکانەوە، بەشەقامی بەردەمی یانەی مووچەخۆراندا دەهاتە خوارەوە. لە ئاستی فولکەکەی بەرماڵی موتەسەڕیفدا، هەندێ لە ئاوی لقی شەقامی مەولەویی دەهاتە سەر و ئینجا لە ئاستی فولکەکەی لەمەڕ ئەماندا، هەندێکی ئاوی شەقامی مەحویی دەهاتە سەر و بەهاژە بەرەوخوار دەبووەوە، تا ڕۆ دەچووە شیوەکانی ڕۆئاوای گەڕەکی سەرشەقامەوە. لە بەرامبەریانەوە دەیانبینی، چۆن ڕووبارێکی هێجگار تووش و چەتوون، لە شەقامی کاوەوە سەر دەردێنێ و لەگەڵ ڕووبارێکی تردا لە شەقامی سەیوانەوە، خۆیان دەدەن بەفولکەکەی بەر گوومرگە سووتاودا. بەشەقامی مەحویدا تەکان بەخۆیان دەدەن و ڕووەو لای ئەمان دێن. دەشیانبینی کە چۆن، زۆربەی شەپۆلە سامناکەکان، بەجادەی گەڕەکی سەرشەقام و بەکۆڵانە باریك و لێژ و بەپێچاوپێچەکانی ئەملاتریدا، وەردەچەرخێن و تیژ ڕۆدەچنە خوارەوە.

دیمەنێکی هێندە ترسناك بوو کە نەك تەنیا خورشید، بگرە حەمەی جەربەزەش لە ئاستیدا، دڵی لەرزی و لێ دەتۆقی!. وەزعەکە هی ئەوە نەبوو سەیری یەکتری بکەن و بدوێن. ئەمان بەو نیازە هاتن، کە نزیکترین ڕێگە بەرەو ماڵەوە بگرنە بەر. بەڵام کامەیە نزیکترین ڕێگە؟!. لە هەموو لاوە، هەر ڕووباری تووش و چەتوونە و شاڵاو دێنێ!. لەگەڵ ئەوەشدا، حەمە دەست پێشخەریی کرد و وتی:

– لێرەوە .. بەرەو کانێسکان.

پاڵ دیوارە و پاڵ دیوار، بەسەر شۆستەکاندا بەرەوژوور خۆیان بەکێش کرد. کاتێ گەیشتنە لای فولکەکەی کانێسکان، تەوژمی تەرزە نەماو نمەبارانێك جێگەی گرتەوە.

ساجەکانیان لەسەریان لادا و روانییانە ئاسمان. پەڵە هەورە چڵکنەکە، خەریك بوو بەری ئاسمانی بەردەدا و بەرەو گڵەزەردە دەکشا. بەڵام لافاو، هێشتا لە گەرمەی شالاویدا بوو.

لەوێوە بەگەڕەکی شێخ جافردا، بەرەو لای خەستەخانە چوون و پەڕینەوە بۆ پیرمەسوور. ویستیان راستەوخۆ داکشێنە خوارەوە و بۆیان نەکرا. لافاو رووبارێکی خوڕی بێ ئامانی، بەدۆڵە سەرەکییەکەی ناو گەڕەکدا دروست کردبوو. خورشید بەبینینی چەند خانوویەك کە هەرەسیان هێنابوو، بەتایبەتی کە خەڵکەکەشی دەبینی ورووژاون و ڕاکەڕاکەیانە، تەواو لە دڵی چەسپی کە لێیان قەوماوە و شێتگیر بوو. لە تەنگەتاویدا، دووسێ جار خەریك بوو خۆی بخاتە تەهلووکەوە و حەمە نەیهێشت. تا دوای ماوەیەك ئەمسەر و ئەوسەرکردن، توانییان بوار بدۆزنەوە و بەرەو ماڵەوە بکشێن.

***

خورشید بەدرێژاییی ئەو ماوەیە، ئەگەرچی لە دڵی چەسپیبوو کە لافاو هەرەسی بەخانووەکەیان هێناوە، بەڵام دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە دایکی مرۆڤێکی وریایە و دەبێ بەفریا کەوتبێ، خۆی و منداڵەکانی بەسەربانداگەیاندبێتە ماڵی مام رەشید کە دەکەوێتە پشتیانەوە و لە بەرزاییدایە.

کاتێ گەیشتنە جێ، هەر لە دوورەوە هاواری لێ هەڵسا، وتی:

– کاکە حەمە .. لێمان قەوماوە .. هەر خوا بکەم! ..

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا و بەرەو ماڵی مام رەشید تەکانی دا. کە بەردەرگەی لێ دەرکەوت، قەڵەباڵغییەکی زۆری دی بەیەکدا دەهاتن. برووسکەیەك دای لە هەناوی. بەچەند قەڵەمبازێك خۆی گەیاندە ئاستیان. چاوەڕێی دەکرد هەموو لە دەوری کۆ ببنەوە و هەواڵە سامناکەکەی پێ ڕابگەیەنن. کەچی کەس خۆی تێ نەگەیاند!. کە گوێی هەڵخست، تی گەیشت باس لە ماڵی حاجی بارام و مام سمایلە. هەر لەو ساتەدا، دەنگی خونچەی خوشکە بچووکی کەوتە بەرگوێ کە بانگی لێ دەکرد. بەپەرۆشەوە باوەشی پێدا کرد و وەك بڵێی مژدەی سەلامەتیی هەموویانی پێ بێ، کەوتە ماچکردنی و دڵی حەوایەوە. ئینجا لێی پرسی:

– کوا دایە؟!.

– لە ژوورەوەیە.

حەمە گوێی لە قسەکان بوو. ئەویش وەك دڵنیا بووبێ کە سەلامەتن، بەپێویستی نەزانی لەگەڵیدا بچێتە ژوورەوە و لەناو خەڵکەکەدا مایەوە.

خورشید کە خۆی کرد بەماڵدا، دایکی بینی خەسرەوی کۆرپەی گرتبووە باوەش و بەکەساسییەوە، لەگەڵ حەلاوە خانی ژنی مام رەشیددا لە قوڕنەیەکەوە راوەستابوون. ئەویش بەبینینی ئەم، بەهەڵەداوان بەرەوڕووی هات. دەستی راستی کردە ملی و ماچی کرد، وتی:

– ئۆخەیش .. ئەمە یەکێکیان!.

خورشید نەیزانی لە کوێوە قسە دەکا، وتی:

– زۆراب!.

– چییەتی؟!.

– من لە تۆ دەپرسم .. سەلامەتە؟!.

– دڵنیام .. لێی مەترسە.

– ئەی باوکت .. ئەی نەریمان؟!.

– نەریمان؟! .. ئەو بۆچی؟!.

– پێش بارانەکە بەماوەیەکی کەم، ناردم بۆ دووکان بۆ لای باوکت.

خورشید هەر لە سەرەتاوە، خەمی زۆراب و باوکی لە دڵ نەگرتبوو. ئەویان گەنجێکی بەهێز و توانایە و ئەمیشیان، دووکانەکەی دەکەوێتە سەر مەیانی کافرۆشەکان و لافاو نایگرێتەوە. بەڵام دەموەست، خەمی هەرە گەورەی بۆ نەریمان لە دڵدا بزوا و بگرە ترسی لێ نیشت. بۆیە یەکسەر وەرچەرخا و بەرەو دەرەوە تەکانی دا. کە دایکە هاواری لێ کرد:

– خورشید .. بۆ کوێ؟!.

تەنیا وتی:

– دایە نەریمان .. نەریمان.

***

شار ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی. هەتا رۆژ لە دەم کەلی گۆیژەوە سەری دەرهێنایەوە، بەکارەساتە سامناکەکەوە تلایەوە و گینگڵی دا. ئەوانەی خانووەکانیان هەرەسیان هێنابوو خۆیان دەرباز بووبوون، منداڵ و پیریان لەلای دەر و دراوسێ نیشتەجێ کران و گەنجەکانیان بەیاریدەی خەڵکەکە، کەوتنە دەرهێنانی کەلوپەلیان لەژێر داروپەردووی تێکەڵ لە قوڕ و لیتەدا.

ئەوانەی بووبوون بەژێر هەرەسی خانووەوە، لاشەیان دەردەهێنران و کەسوکار بەدیاریانەوە، بەدەم شین و شەپۆڕەوە، شەوگاریان بەسەر دەبرد. ئەوانەی بەبەرچاوی خۆیانەوە، یا بەشایەتیی کەسێکی باوەڕپێکراو، منداڵێکیان یا کەسێکیان لافاو ڕای ماڵیبوو، ئەشکەنجەی هیچ نەبێ بینینەوەی لاشەکەی، دڵ و دەروونی دەپرواندن. ئەوانەی لافاو خانووی پڕ لە ئاو و قوڕ و لیتە کردبوون و لە کاتی خۆیدا فریای هەڵاتن کەوتبوون، بەنیازی دەرکێشانی کەلوپەلەکانیان، ئەوانەی دووکانیان کەوتبووە ناو قەیسەریی وەسمان پاشا و هەندێ شوێنی تری ناو بازاڕەوە، بەردەوام لە هەڵپەی ڕزگارکردنی کەلوپەلەکانیاندا بوون. ئینجا لە هەمووی بەجەخارتر، ئەوانەی کەسێکیان، بەتایبەتی ئەگەر پیرێك یا منداڵێك بووبێ، لە ماڵ چووبێتە دەرەوە و هاتنەوەی نەبووبێ، کەسێکیش هەواڵێکی لەبارەیەوە پێ ڕانەگەیاندبن. ئەوا تا رۆژ بووەوە، هەر لە گەڕان و پشکنیندا بوون بەدوایاندا.

خورشید یەکێك بوو لەمانە و ئەو شەوە تا بەرەبەیان، بەم ئەشکەنجەیەوە تلایەوە. ئەو کە لە ماڵ دەرپەڕیبووە دەرەوە، لەوە دڵنیابوو کە دووکانەکەی باوکی، هیچ مەترسییەکی لێ ناکرێ. بەدەم ڕێوە لە دڵی خۆیدا دەیوت: «هەر هێندەی پێش شالاوەکە گەیشتبێتە ئەوێ، ئەوا ساغ و سەلامەتە». بەلام کە بەدوایدا دەیوت: «ئەگەرنا، دوور نییە ..»، دڵی بەرایی نەدەدا قسەکەی تەواو بکا و تەنیا پتر، تەکانی دەدایە بەر خۆی.

کە گەیشتە جێ، لەو دیمەنەی کەوتە بەرچاوی، واقی وڕما و حەپەسا!. دووکان دەرگەی کراوەیە و کەچی نە باوکی لییە و نە نەریمان! .. سەرەتا بیری بۆ ئەوە چوو کە

ڕەنگە لەلای یەکێ لە دراوسێ دووکانەکە بن. سووڕێکی بەپەلەی بەسەردا خواردن. بەڵام سەیری کرد زۆربەیان داخراون و ئەو تاك و تەرایەشی وەك دووکانەکەی باوکی دەرگەیان بەرەڵایە، چۆڵ و هۆڵن!. بەوە گەلێ شپرزە بوو. نەیدەزانی چۆنی لێك بداتەوە!. تا لە ئەنجامدا، خۆی وەها قایل کرد، کە ئەویش دەبێ تەنگەتاوی ماڵەوە بووبێ، پەلی نەریمانی گرتبێ و تەقەلای دابێ هەر چۆنێك بێ، خۆیان بگەیەننەوە ماڵەوە.

بەم ئەنجامە دڵخۆش بوو. بەرەو ماڵەوە هەی پێی لێ کرد. زۆر نەڕۆیشت و بیر و هۆشی ئاڵایەوە، بارێکی نالەباری تری گرفتەکە. لە دڵی خۆیدا وتی: «دەترسم لە کاتی شاڵاوەکەدا بەرەو ماڵەوە بووبنەوە!». تا گەیشتەوە ماڵەوە، جارانی جار ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد.

هەموو جارێکیش دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە دەیوت: «بڕوا ناکەم .. دەشێ پێش پێی من، بەماوەیەکی کەم ڕۆیشتبن!». لەگەڵ ئەوەشدا، چەندە لە ماڵ نزیکتر دەبووەوە، لە ناخدا پتر دەپەشۆکا و شپرزە دەبوو. تا کاتێ گەیشتە سەری کۆڵانەکە و باوکی و زۆرابی بینی ڕاوەستاون، وەك هیچ گومانێکی لە دڵدا نەمابێ کە دەبێ نەریمانیش بەساغ و سەلامەتی گەڕابێتەوە و ئێستا قوت لە تەنیشتی دایکییەوە دانیشتبێ، تەزوویەکی شادمانی بەدەروونیدا ڕابورد و بەدڵێکی خۆشەوە بەرەوڕوویان چوو. کەچی تەزووەکە، لەو ساتەوەختەی زیاتر نەخایاند و هەرخێرا، برووسکەی ئازارێکی دڵپڕوێن جێگەی گرتەوە. باوکە و زۆراب، هەر هێندەی بەدییان کرد، بەپرتا و بەرەوڕووی هاتن و پێش ئەوەی دەم هەڵبێنێتەوە، ئەوان وتیان:

– ئەی نەریمان؟! .. کوا نەریمان؟!.

ئەم دەمی بەسترا و هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە. ئینجا کە دەمودەست هەواڵ گەیشت بەدایکی و ئاسکۆڵ و ئەوانیش، بەدەم شین و شەپۆڕەوە بەرەوڕووی هاتن، هەستی کرد وردە وردە بیناییی لێ تاریك دەبێ و هیچ نابینێ!. کاتێکیش لێی ڕووناك بووەوە، دایکی بینی سەری خۆی بەقوڕی کۆڵانەکە سواغ داوە و ئاسکۆڵ قژی خۆی دەڕنێتەوە. باوکەش لە پاڵ دیوارێکدا دانیشتووە و بەبێدەنگ، فرمێسك هەڵدەڕێژێ. لە کاتێکدا زۆراب تەقەلا دەدا، دایکی و ئاسکۆڵ هێمن بکاتەوە.

ئەم ئیتر خۆی بۆ زەوت نەکرا، بەنیازی تەیکردنی هەموو کون و قوژبنێکی شار، بەدوای نەریمانی زیندوو یا مردوودا، گەڕایەوە دواوە. لە سەری کۆڵانەکەدا زۆراب گەیشتە سەری.

شانی گرت و وتی:

– بۆ کوێ؟ .. نیازی چیت هەیە؟!.

بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

– دۆزینەوەی .. بەزیندوویی بێ یا بەمردوویی.

– راوەستە .. با بچم باوکم ئاگەدار بکەم .. پێکەوە دەچین.

دوای ئەوە، دووقۆڵی کەوتنە گەڕان. یەکەم جار، لەمپەڕ تا ئەوپەڕی شار، سەریان لە ماڵی نزیکترین تا دوورترین کەسوکار و خزم و ناسیاو دا. خورشید هەر زوو لە دڵی گەڕا کە ئەم جۆرە گەڕانە بێ سوودە و وتی:

– کاکە .. لە هەر ماڵێك بووایە، دوای لافاوەکە دەیانگەیاندەوە ماڵەوە، یا ئاگەداریان دەکردین. ناشێ هێندە کەمتەرخەم یا نەفام بن، نەزانن ئێمە لە چ حاڵێکدا دەبین!.

لە کاتێکدا زۆراب دوورتر دەیڕوانی و وتی:

– راستە .. ناشێ وابێ. بەڵام دەگونجێ کۆسپێك کە ئێمە لێی بێ ئاگاین، بواری ئەوەی نەدابن.

بەهەرحاڵ، کە ماڵ نەما سەری لێ نەدەن، خورشید بەدەنگێکی پڕ لە ناسۆرەوە وتی:

– کاکە .. ئێمە خۆمان گێل نەکەین باشە .. نەریمان فەوتاوە و چاکتر وایە بۆ لاشەکەی بگەڕێین.

– ئاخر لە کوێ؟ .. کوێی بۆ بگەڕێین؟!.

– ئاشکرایە .. ئەو کون و کەلەبەرانەی دەشێ لافاوە لەعنەتییەکە، نێچیرەکانی خۆی تێ ئاخنیبێ.

– وەکو؟!.

– وەکو چاڵ و چۆڵ و شیو و زێراب و کەندەڵان و ئا ئەم بابەتانە.

– جا ئاخر ئەوانە بە سەدانن .. بەم شەوە چۆنمان پێ دەکرێ؟!.

– هێندەی پێمان کرا دەیکەین. کاکە .. من زات ناکەم بگەڕێینەوە ماڵەوە و هیچ ئەنجامێکمان دەسگیر نەبووبێ. دایکم شێت دەبێ!.

زۆراب قسەکەی سەلماند و کەوتنە گەڕان. تا بەرەبەیان، ئەو بابەتە شوێنانەیان پشکنی.

لاشەی منداڵێکی ساوایان دۆزییەوە و چوون سپاردیان بەخەستەخانە. دووجار سەریان دایەوە لە ماڵەوە و بێ ئەوەی بیەڵن دایکە بیانبینێ، باوکیان ئاگەدار کرد کە بەردەوامن لەسەر گەڕان. ئینجا کە ڕۆژیان لێ بووەوە، خورشید وتی:

– کاکە .. لەناو شاردا شوێن نەما بۆی نەگەڕێین. با بچین شیوەکانی خوارووی شاری بۆ بگەڕێین.

ئەو وەختە ناو شار، جموجۆڵێکی تایبەتیی تێ کەوتبوو. خەڵکە خێرخواکە و لە پێشیانەوە، دەر و دراوسێی ئەو خێزانانەی یەکێکیان لێ بێ سەروشوێن بووبوو، کەوتبوونە خۆیان و دەستیان کردبووە پشکنین. لە کاتێکدا ئەمان، لە پشکنینی ناو شار بووبوونەوە و ڕوویان لە شیوەکانی خوارووی شار کردبوو.

ئەمجارە گەڕانەکەیان زۆری نەخایاند. یەکەم جار لاشەی پیرەمێردێکی پەککەوتەیان دۆزییەوە. زۆراب رای وابوو، بچن بیگەیەننە خەستەخانە و ئینجا بگەڕێنەوە بۆ گەڕان بەدوای نەریماندا. بەڵام خورشید وتی:

– نەء .. با لاشەکە ببەینە سەر بەرزاییەك و تۆ بچۆ خەبەر بدە کە بێن ببەن. منیش بەردەوام دەبم لەسەر گەڕان.

زۆراب قسەکەی سەلماند و وایان کرد. ئەو بەرەو ناو شار ڕۆیشت و ئەم بەشیوەکەدا، داگەڕایە خوارەوە و هەنگاو بەهەنگاو، بەهەر چوارلای خۆیدا چاوی دەگێڕا. تا زۆر دوور نەکەوتەوە و لاشەیەکی بچکۆلانەی بەدی کرد. ئان و سات وەك شووژنێك بچەقێنرێتە جەرگی، ئاگر لە هەناوی بەربوو. ئەم لەوەبەر گومانی نەمابوو، کە نەریمان وەك گیانلەبەر بەسەر دنیاوە نەماوە و ئەگەر توانی بیدۆزێتەوە، ئەوا وەك لاشەیەکی بێ گیان دەیبینێتەوە. کەچی جیاوازیی نێوان بینین بەخەیاڵ و بینین بەڕاستی، ئاسمان و ڕێسمان بوو!.

بەپرتاو بەناو قوڕ و لیتەکەدا، قەڵەمبازدی دا و خۆی گەیاندێ. پڕی پێدا کرد و لە باوەشی گرت. نووسانەی بەسنگییەوە و بەکوڵ دەستی کردە گریان. بەدەمییەوە پەیتاپەیتا دەیوت:

– نەریمان .. براکەم .. باوکەکەم .. نەریمان گیان.

***

## ١٠

– تەنانەت ئەگەر دوو ماسی لەناو دەریادا بەشەڕ بێن، تۆ ڕاستەوخۆ پەنجەی گوناهبارکردن، بۆ ئیمپریالیزم درێژ بکە.

– من ئەم قسەیەم لە شوێنێکدا خوێندووەتەوە. وابزانم هی گاندییە.

– ئەوە یا نەهرۆ .. نازانم .. بەڵام قسەیەکی ڕاستە و بەسەرهاتی شارەکەی ئێمە، شتێکە لەو بابەتە. ئەگەر حکوومەتە ئەڵقە لە گوێکەی ئەو ئیمپریالیزمە بەتەنگییەوە بهاتایە، دەیتوانی بیپارێزێ لە لافاوەکە. لە جیاتیی ئەو سەددە شلۆقە تەنگەبەرە، سەددەیەکی قایم و فراوان بووایە، هیچ ڕووی نەدەدا.

گەلاوێژ و خاڵی بەمجۆرە لە بەسەرهاتەکە دەدوان، کاتێ فەرهاد بەپەلە خۆی کرد بەماڵدا. هەر لە ڕێوە وتی:

– خۆ هەموو لایەکتان سەلامەتن؟

وەهاب وتی:

– سەلامەتین .. ماڵی گەلاوێژ کەمێ ئاو گرتبوویەوە و ئەوانیش، هەر شەوێ هاتنە لای ئێمە.

– گەڕەکی ئێوە زۆر باشە. بەڵام زیانی زۆر، لە مەڵکەندی و سەرشەقام کەوتووە.

– دەڵێن خنکاویان زۆرە.

– تا ئێستا ژمارە نازانرێ. لەوە دەچێ زۆر بن.

– نەچوویت بۆ ئەو ناوە؟.

– با .. ئێستا لە مەڵکەندییەوە هاتم. بەداخەوە برایەکی بچووکی برادەرێکمانی تێدا چووە. بەسەر هێنانەوەی لاشەکەیدا چووم. لە شیوەکەی خوار جوولەکاندا دۆزیبوویانەوە.

دوای هەندێ باسوخوازی تر، فەرهاد هۆی هاتنەکەی دەرخست و وتی:

– هەندێ ئامۆژگاری بەرێوەیە بمانگاتێ. با مریەم سەعات دوازدە سەرێکم لێ بدا. بەودا بۆتانی دەنێرم.

ئینجا رووی قسەی کردە گەلاوێژ و وتی:

– بێگومان ئافرەتان، لە کۆکردنەوەی ئازووقە و جلوبەرگ و پێخەفدا بۆ لیقەوماوان، ئەرکێکی گەورەیان دەکەوێتە سەر شان. چاکتر وایە تۆ نەخشەیەك بۆ ئەم کارە دابنێیت. لەگەڵ مریەمدا بۆمی بنێرە، تا دوایی لێی بدوێین.

گەلاوێژ لە وەرامیدا وتی:

– ئەی باشتر وانییە من بێم؟. هەم لە نەخشەکەش دەدوێین، هەم ئامۆژگارییەکانیش دێنمەوە.

فەرهاد تۆزێ لەسەری راوەستا. ئینجا وتی:

– با باشترە .. رێگە کورتکردنەوەیەکە.

ئیتر ئەو هەڵسا بڕوا و لەناو دەرگەکەدا وتی:

– لە تەواوی سەعات دوازدەدا لەوێ بە. ناتوانم لەوەبەدوا چاوەڕوانت بم.

کە ئەو ڕۆیشت، گەلاوێژ ئاوڕێکی بەلای خالیدا دایەوە. سەیری کرد بەوردی سەرنجی دەداتێ و دزە بزەیەکیشی بەسەر لێوەوەیە. پێی خۆش نەبوو. چاوی لێ لادا و لە پەنجەرەکەوە روانییە دەرەوە. مریەمی بینی خۆی کرد بەماڵدا و لەناو دالانەکەدا، چاك و چۆنیی لەگەڵ فەرهاد کرد. ئەویشی هەر پێ خۆش نەبوو. بینایی لە پەنجەرەکەش لادا و روانییە پێش دەمی خۆی. خامۆشی دایگرت و خەیاڵ بردییەوە.

مریەم کە پێی نایە ژوورەوە و سەرنجی دایە ڕووی خاڵ و خوشکەزا، دەتوت لە غەیبەوە پێی ڕادەگەیەنرێ، کە کارێکی نائاسایی کراوە و راست پێوەندیشی بەمەوە هەیە!.

بۆ ماوەی چەند ساتێك، لەسەر ئەو بارەی مایەوە. بەڵام هەر زوو وەك لۆمە لە خۆی بکا، لە دڵدا تەریقی دایگرت و دانیشت. خاڵیش کە گیرۆدەی دنیای بیرکردنەوەی خۆی بووبوو، وریا بووەوە و وتی:

– ها. لەوێ بوو؟

مریەم وتی:

– بەڵێ .. خۆی ئامادە کردبوو بکەوێتە ڕێ و فریا کەوتم. کە نامەکەی خوێندەوە وتی: جا سەفەرکردنی من، پێوەندیی بەلافاوەوە چییە؟!.

– دوایی؟

– دوایی وتی: باشە ناچم.

– کابرایەکی بێ ئەقڵە!

خاڵ ئەم قسەیەی لەبەر خۆیەوە کرد و بێدەنگ بوو. گەلاوێژ هەڵسا و چووە دەرەوە. لە کاتێکدا مریەم، ئەگەرچی بەسەرزاری لە چاوەڕوانیی فەرمانی تری خاڵدا مایەوە، بەڵام لە ناخدا بۆ ئەوە بوو «با بە سووسەیەکیش بێ»، بزانێ ئاخۆ چی لە گۆڕێدایە!. کە هەر چاوەڕوانی کرد و هیچی نەوت، ئەمیش بەهێمنی لە ژوور بەدەرکەوت.

***

هێشتا سەعات یازدە و چارەك بوو، کە گەلاوێژ خۆی ئامادە کرد بکەوێتە ڕێ. خاڵی پێی وت:

– هێشتا زووە!

ئەو وتی:

– هەندێ ئیشی ترم هەیە، دەمەوێ پێش چوونم بۆ ئەوێ، جێبەجێی بکەم.

لەناو حەوشەکەشدا، مریەم هەر بە هانی گومانەکەی لەوەبەری، لێی پرسی:

– باجی بۆ کوێ دەچیت؟!.

گەلاوێژ نەك هەر پرسیارەکەی بەلاوە نابەجێ بوو، بگرە رقیشی لێی هەڵسا. ویستی بەتووڕەییەوە وەرامی بداتەوە، بەڵام گلی دایەوە و تەنیا بەساردییەوە وتی:

– تۆزێ ئیشی خۆم هەیە.

بەدەم ڕێوە بیر و هۆشی، بەتوندی ئالایە باسە ئاڵۆزەکەی ناو دەروونی. ئەم هیچ ئیشێکی تری نەبوو. زوو هاتنە دەرەوەکەی، بۆ ئەوە بوو زووتر بچێ و هەندێ وەختی بەدەستەوە بێ، بۆ قسەکردن لەگەڵیدا.

ئەم بەدرێژاییی ماوەی پێشوو، کە لەگەڵ خۆیدا لێی دەدوا، تا ئەو ساتەی لە ناکاوێکدا ناوی مریەمی لە مێشکدا لێ قووت دەبووەوە، بڕیاری وەها دابوو کە لە

نزیکترین هەلدا، دەس پێشخەری بکا و هەر هیچ نەبێ، تارماییەکی هەست و نەستی خۆی پێ نیشان بدا. کەچی هەر هێندەی ناوەکەی ئەوی لێ راست دەبووەوە، باسەکەی تەواو لێ سەروبن دەبوو!. مێشکی لە ئاستیدا رادەوەستا!. بیر و هۆشی لەگەڵ هەست و نەستیدا، بەیەکیاندا دەدا و بۆی بەئەنجام نەدەگەیەنرا!. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، لایەکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ ببێ و نەدەبوو!. راستە ئەم لەو ساتەوەی، خۆی گورج کردەوە و هەنگاوی ناو ملی رێگەیگرتە بەر، تا بیر و هۆش و هەست و نەستیشی ئالآنەوە باسەکە، بڕیاری هەر دەس پێشخەریکردنەکە بوو، بەڵام لەوەبەدوا، کەوتەوە ناو کوانووی ململانێکە و تیایدا دەسووتا. بەدەم سووتانەکەوە، هێندەی ئاگا لەخۆ بوو کە زووچوونەکەی بیهوودەیە. لەبەر ئەوە رێگەی خۆی دوور خستەوە تا نزیك دوازدەی کردەوە و ئیتر کە گەیشتە جێ، وەك پەیکەرێك خۆی کرد بەژووردا و دانیشت!. ئەو نەخشەیەی ئامادەی کردبوو، دایە دەستی ئەو کەوتە خوێندنەوەی و ئەم کشومات بوو. وردە وردە هەستی کرد کە خەریکە لە پەیکەرییەکە دەکەوێ و دەروونی جۆش دەخوا، بەتایبەتی کە ئەمجاریش فرسەتی لێ هێنا و پڕ بەئارەزوو، پیایدا هەڵڕوانی. لە دڵی خۆیدا وتی: «راست لەو بابەتە پیاوەیە کە خوشکی خۆی حەیرانی دەبێ». لە پڕ کسپەیەك لە هەناوی هەڵسا!. ترسی لێ نیشت و وتی: «جڵەو بەرنەدەم؟!». کەچی دەمودەست رای گۆڕی، وتی: «جا بۆ بەری نەدەم؟!». لەو ساتانەدا، مۆتەکەی ناوەکەی مریەمی لێ بەدوور بوو. دای بەدەممییەوە و وتی: «بەری دەدەم .. راستەوخۆ، چیم لە دڵدایە بۆی هەڵدەڕێژم. بۆ نەء! .. لەو بابەتە پیاوەیە کە خوشکی خۆی حەیرانی دەبێ .. کە منیش و . . .». مۆتەکەکە لە ناخییەوە هەڵتۆقی و لێی قووت بووەوە!. ئیتر باسەکەی لێ ئاڵۆزایەوە و سەری گرۆڵەکەی بزر کردەوە. بووەوە بە پەیکەرەکە.

– گەلاوێژ .. بۆ وا کڕوکاسیت؟! .. چیتە؟!.

فەرهاد ماوەیەك بوو، لە خوێندنەوەی نەخشەکە بووبووەوە و دەیڕوانییە گەلاوێژ.

دیمەنەکەی بەلاوە سەیر بوو!. زەق زەق دەیڕوانییە ئەم و کەچی دەتوت، ئەمی هەر لەبەرچاویش نییە!. تا کاتێ بەو قسەیە وریای کردەوە، پێوەی دیاربوو کە چەندە پێی شڵەژا!. تەنانەت کە ویستی وەرام بداتەوە، دەمی بەیەکدا هات و هیچ وشەیەکی ئاشکرای بۆ دەرنەبڕدرا!. ئەم لەلای خۆیەوە بۆی نارەحەت بوو. وەك لە خۆی بەگلەیی بێ کە نەدەبوو ئاوا ڕایچڵەکێنێ، هەڵسایە سەرپێ و وتی:

– با ئامۆژگارییەکانت بدەمێ.

چوو بەلای تاقێکەوە. کەمێ خۆی خەریك کرد و نووسراوێکی هێنا. کە دانیشتەوە، ئەوی لە بەردەمی خۆیدا دانا و دەستی دایەوە نەخشەکە. بێ ئەوەی سەیری گەلاوێژ بکا، وتی:

– رێکوپێکە و من بەدڵمە. بەڵام چاکتر وایە بڕیاری پێ وەربگرین و ئەوسا جێبەجێی بکەین.

– من نیازم وابوو لە ئەمڕۆوە دەست پێ بکەین.

ئەمجارە دەنگی ئاشکرا و روون و لەسەرخۆ بوو. دیاربوو کە تەواو خۆی هێمن کردووەتەوە ئەمیش وەك هیچ رووی نەدابێ، سەری بۆ هەڵبڕی و ئاسایی وتی:

– لەوانەیە سەرلەئێوارەوە وەرامت لێ بگێڕمەوە.

ئیتر کاتێ ئەو کاغەزەکەی دایە کە ئامۆژگارییەکانی تێدا نووسرابوو، ئەو وەك پەلەی رۆیشتنی بێ، وتی:

– هیچی تر؟!.

کە ئەم وتی:

– نەء.

هەڵسایە سەرپێ. خواحافیزیی کرد و بەپەلە رۆیشت. لە کاتێکدا ئەم، یەکسەر کردەوەکەی مریەمی بیر کەوتەوە. شانێکی هەڵتەکاند و وتی:

– سەیرە!!.

***

## ١١

لە ماوەی چوار پێنج مانگی پێشوودا، خورشید و ئەختەر بەپێی نەخشەیەکی هێندە زیرەکانە دەجووڵانەوە، کە کاك وای لێ هات تەواو لە زاڵبوونی خۆی دڵنیا ببێ و وابزانێ، کە فەرمایشتی لەسەر سەرگیراوە!. یەکتربینینیان لە هەفتانەوە کرد بە مانگانە و شوێنەکەشیان گواستەوە بۆ ماڵی زۆراب، بەمەرجێکیش لە وەختی دەوامی قوتابخانەدا بێ کە ئەختەر، بەهەر بیانوویەکەوە بێ بێتە دەرەوە. ئیتر جگە لەوە، بەهیچ کلۆجێ توخنی یەکتری نەکەون.

هەتا رۆژی دوای لافاوەکە، نەخشەکەیان ئاوەها بەرێکوپێکی بردە سەر و (کاك)یان پێ چەواشە کردبوو. کەچی ئەو رۆژە ئەختەر، کە بەدرێژاییی شەوەکەی، لە تاو خەمی ماڵی خورشید کە باش دەیزانی چ مەترسییەکیان لەسەر بووە، خەو نەچووبووە چاوی و هەر هێندەی رۆژ بووەوە، ئاگری دڵ هەڵی گرت و نەخشەی پێ فەرامۆش کرد. هەوڵی زۆر دا دان بەخۆیدا بگرێ و بۆی نەکرا. لە دڵی چەسپیبوو کە لێیان قەوماوە. ئەم ئەگەرچی قەت رێی نەکەوتبووە ماڵیان، بەڵام بەو وەسفەدا کە لە نێوانی قسە و باسیانەوە بۆی کردبوو، هەر دەگەیشتە ئەنجامە ترسناکەکە و لە ئاستیدا خۆی بۆ زەوت نەدەکرا، بەتایبەتی کە هەر لە شەوێوە، دەنگوباسی زەرەر و زیانی مەڵکەندی و سەرشەقام، بەهەموو ناو شاردا بڵاو بووەوە.

ئەم هێشتا هیچ کەس لە خێزانەکە بەخەبەر نەهاتبوو، کە لە پرێکدا لەناو جێگەکەی راپەرییە دەرەوە و کەوتە خۆگۆڕین. بەدەمییەوە لە دڵی خۆیدا وتی: «خۆ من دڵم تەقی .. چی دەبێ با ببێ!». ئیتر بێ ئەوەی بیەڵێ کەسی لێ بەئاگا بێ، لە ماڵ بەدەرکەوت و بەرەو مەڵکەندی رێگەی گرتە بەر. وەك لەوەبەر چەندان جار هاتوچۆی ماڵەکەی کردبێ، هەرکە پێی نایە سنووری گەڕەکەوە، دوای برینی چەند کۆڵانێك نزیکی بووەوە. خانووەکە بەدەستە راستیدا دەکەوتە لاپاڵێکەوە و تا ڕووبەڕووی نەبووایەتەوە، لێی دەرنەدەکەوت. بۆیە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، ترپەی دڵی بەرزتر دەبووەوە و لەشی قورس دەبوو. تا کاتێ دیمەنی خانووی داتەپیوی کەوتە بەرچاو، بەسەر پێوە خۆی بۆ

ڕانەگیرا و کەوتە سەر چیچکان.

دوو پیاو لەو وەختەدا، بەپەلە بەلایدا رابوردن. چەند هەنگاوێك لێی دوور کەوتنەوە و گەڕانەوە سەری. یەکێکیان لێی پرسی:

– کچەکەم چ خێرتە؟! .. پێمان بڵێ بزانین .. بەڵکو بتوانین یارمەتیت بدەین.

نەیتوانی هەڵسێتەوە سەرپێ. هەر بەچیچکانەوە، ئیشارەتی بۆ خانووەکە کرد و بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

– ئەو ماڵە ..

کابرا لێی تێ گەیشت، وتی:

– خەمت نەبێ .. سەلامەتن .. وان لە ماڵەکەی پشتەوەیان. لێرەوە سەرکەوە و بەدەستەڕاستدا وەرگەڕێ، دەیگەیتێ.

هەواڵەکە تەواوی تین و توانای گەڕانەوە جەستەی. بەدڵێکی خۆشەوە، راست بووەوە و چۆنیان وت وای کرد. کەچی دڵخۆشییەکەی، تەنیا هێندە بوو تا پێی نایە ناو کۆڵانەکەوە.

ئەو ساتە خورشید، هەروا چارەکە سەعاتێك دەبوو، لاشەی نەریمانی گەیاندبووە ماڵەوە و لە تاو شین و شەپۆڕ، هاتبووە کۆڵان و لە پاڵ دیوارێکدا دانیشتبوو بەکپی دەگریا. ئەم بەو دیمەنەی دڵی داخورپا. وتی: «کەواتە سەلامەت نین!». کە گەیشتە ئاستی، قورگی پڕ بووبووەوە لە گریان و نەیدەزانی چی بکا!!. لە تەنیشتییەوە راوەستا و وەك ئەو بەکپی، کەوتە فرمێسك ڕشتن. تا ئان و سات زۆراب پەیدابوو. کە بەدیی کرد، سەرەتا سەرسام بوو!. ئینجا دوای ئەوەی سەرنجێکی لە نێوانیاندا هێنا و برد، وتی:

– نەدەبوو بێیت .. بەتایبەتی بەم بەیانی زووە.

ئەختەر بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی:

– نەمتوانی .. کاکە نەمتوانی .. دڵم وەختابوو بتەقێ.

خورشید بەبیستنی دەنگی، ڕاچەنییە سەرپـــێ و ڕووبەڕووی راوەستا. تاسێك بردییەوە و باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد. کە تەواو دڵنیابوو وتی:

– چۆنت زانی؟!.

ئەختەر بە جوانی نەزانی، ئاشکرای بکا کە هێشتا نازانێ کێیان لێ فەوتاوە. لە وەرامدا وتی:

– دڵم لە مەراقدا بوو. شەو تا بەیانی خەو نەچووە چاوم و کە ڕۆژم لێ بووەوە، هاتم بزانم چیتان بەسەرهاتووە.

ئەوان بێدەنگ بوون. زۆراب  رووی قسەی کردە خورشید و وتی:

– دایکم وا بڕوا خۆی دەکوژێ. با بچین بەفریای بکەوین. با بچینە هەردوو بن دەستییەوە، بەڵکو توزێ سەبووریی بێت و سەروپۆتەلاکی خۆی نەکوتێتەوە. با دڵنیا ببێ کە ئەگەرچی نەریمان چوو، بەلام هێشتا ئێمەی هەین و تێی بگەیەنین کە هیچ نەبێ، لەبەر خاتری ئێمە واز لەو خۆکوشتنە بێنێ.

ئەوسا ئەختەر تێ گەیشت چی قەوماوە. کە ئەوان بەو نیازە خۆیان کرد بەماڵدا، ئەمیش بەدوایاندا چووە ژوورەوە و بەدڵ، تێکەڵ بەشین و شەپۆڕەکە بوو.

***

(کاك) چوونە دەرەوە لە ناوەختەکەی ئەختەری بەلاوە سەیر بوو!. سەرەتا بیری بەلای خورشیددا نەچوو، چونکە هیچ گومانێکی لەم رووەوە نەمابوو. بەلام کە لەگەڵ دایکیدا لێیان بووە مشتومڕ و نەگەیشتنە ئەنجام، ئینجا گومانەکەی لە دڵدا بزوایەوە و تەوژمی ڕقێکی ئەوتۆی لە دەروونی تەقاند، کە وای لێ کرد یەکسەر بەرەو ماڵی ئەورەحمان هەڵمەت بەرێ.

بەو نیازەش کەوتە ڕێ، کە هەر هێندەی دەرگەی لێ کرایەوە، بێ چەندوچۆن خۆی بکا بەماڵدا، ژوور بەژووری بپشکنێ و باسەکە یەکالا بکاتەوە. کەچی بەدەم ڕێوە، دوو شت وردە وردە هێمنیان دەکردەوە . . . یەکەمیان: چۆنی یەکالا بکاتەوە؟!. ئەم خۆی، زەلامی شەڕکردن نەبووە و نییە و دەستی بۆ ناوەشێنرێ. واتە ئەگەر لەوێش بن، لەم رووەوە دەستەوستانی بۆ دەمێنێتەوە. دووەمیشیان: ئەو دیمەنەی لەبەر ماڵی ئەورەحماندا کەوتە بەرچاوی. ئەم هەروا بیست هەنگاوێکی مابوو بگاتە بەردەرگەکە و ژنێکی دی، بەشپرزەییییەوە دەرپەڕییە دەرەوە!. بەدوایدا کچێکی منداڵ و دوو کوڕی ڕواڵ، کە بەپەلە و شڵەژاوییەوە دەرگەیان قفڵ دا و هەموو بەپرتاو ڕۆیشتن!. کە ئەوەی دی، پاشەوپاش گەڕایەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: «بەس نەبوو! ..».

ئەوە تەنیا تەوژمی رقەکەی لە دەروونیدا رەواندەوە، دەنا گومانەکەی لە دڵدا هەر ما.

بۆ نیوەڕۆ، باسەکەی لەگەڵ ئەختەردا بەبارێکی تردا کردەوە. لەسەرخۆ وتی:

– بەیانی زۆر زوو چووبوویتە دەرەوە!..

ئەختەریش وەك ئەو، لەسەرخۆ وتی:

– وابوو .. ترسی ماڵی دەستەخوشکێکم لێ نیشتبوو. پەلەم بوو بزانم سەلامەتن یان نا؟

– نەدەکرا سەعاتە وەختێکی تر سەبر بگریت، تا بزانین بۆ کوێ چوویت؟

– دەکرا .. بەڵام دڵم زۆر لە مەراقدا بوو. خۆم بۆ زەوت نەکرا.

– سەلامەت بوون؟

– ئا.

– کێن؟ .. ماڵی کێیان پێ دەوترێ؟.

– بۆچیتە؟.

– هەروا .. حەز دەکەم بیزانم.

– من حەز ناکەم بیزانیت.

– چۆن حەز ناکەیت؟! .. بۆ تۆ چیت؟! .. دایە .. گوێت لێیە چی دەڵێ؟!

(کاك) ئەگەرچی جارجارێك هەروا بۆ خوێی چێشت، دایکە یا باوکەی بەمجۆرە پرسیارە، تێکەڵ بەململانێکەی نێوان خۆی و ئەختەر دەکرد، بەڵام ئەنجام هەر بەوە دەشکایەوە کە ئەوان تەنیا پەراوێزێك بن!. ئەختەر لەلای خۆیەوە وەهای نەدەویست. ئەم هەوڵی زۆر دەدا، ئەوان بکاتەوە خاوەن دەسەڵاتە باوەکە و چارەنووسی خۆی بخاتە ژێر رکێفیانەوە، چونکە دەیزانی کە دوو مرۆڤی سادە و ساکار و دڵ و دەروون پاك و بێ گرێ و گۆڵن.

کەچی بەردەوام، رەنجی بەفیرۆ دەرۆیشت و هەردەم، قسەی (کاك)ی هەم نۆبەرە و هەم نێرینەیان، بەسەر قسەی ئەمدا زاڵ دەکرد!. بۆیە کە دایکە لێی هاتە قسە و وتی:

– ئێ دە کچەکەم .. کاکت راست دەکا. چۆن حەز ناکەیت بیزانێ؟!. ئەو لە جێگەی باوکتە .. بۆچی نەیزانێ؟!.

ئەم لەو ساتەدا، چەندیش وەك ئەو جۆرە مرۆڤە خۆشی دەویستن، لەلای بوونە دوو

گەمژە و گەلحۆی ئەوتۆ، کە یەکێکی تری دڵ و دەروون بۆگەن، با وەچەشیان بێ، بەئاسانی لە خشتەیان دەبا و دەیانکاتە، ئەموستیلەیەك لە پەنجەی خۆیدا!. لەبەر ئەوە، خۆی بۆ زەوت نەکرا و بە ڕووی دایك و کاکیشدا تەقییەوە، وتی:

– دایە .. یەکەم: قەت و قەت ڕاست ناکا. دووەم: چاك و چاك حەز ناکەم. سێیەمیش: ئەو لە جێی باوکم نییە .. باوکم هێشتا زرت و زیندووە و ئەو هەقی نییە، بەهیچ کلۆجێ دەم هەڵبێنێتەوە. تەواو .. ئەمە منم و ئەویش بۆ خۆی چی دەکا بیکا!.

کاك بەم قسانە، بەچەشنی پڵنگێکی بریندار ناو قەفەزێکی لێ هات. هەموو نیشانەیەك پێیەوە، وایاندەگەیاند کە لە ئان و ساتدایە، پەلامار بدا و کەڵبە و نینۆك بچەقێنێ. پڕ بەدڵیش حەزی دەکرد وەها بکا. کەچی هەرچەندی کرد بۆی نەکرا و بەوە، هێندەی تر پیشی خواردەوە و پەلەپیتکەت لێ بدایە دەتەقی. ئیتر لە ناکاوێکدا، بەشێوەیەکی وەها شێتانە دەرپەڕییە دەرەوە و دەرگەی ئەوەندە بەتوندی بەدوای خۆیدا بەیەکدا دا، کە شووشەکانی پەنجەرەکەی تەنیشتی، هاڕەیان کردە خوارەوە. هەروەها دەرگەی حەوشەشی، لە گرێژەنە برد.

ئەختەر یەکەمجار، هەستی بەجۆرە شانازییەك کرد، چونکە وای بۆ چوو کە توانی، لە رووی زۆر و جەورێکدا وەربگەڕێتەوە کە لێی دەکرێ و پارێزگاری لە مافێکی رەوای خۆی بکا. بەڵام کە خورشید و نەخشەکەیانی بەبیر کەوتەوە، دڵی گوشرا و خەم دایگرت. مێشکی ئالآیە باسەکە و بەسەدویەك باردا هێنای و بردی. نەیدەزانی چۆنی بشکێنێتەوە!. کە هەر لێکی دایەوە و نەگەیشتە ئەنجام، چووە ژوورەکەی خۆی و نوقمی پەژارەی ئەو باسە بوو.

***

## ١٢

شار ورده ورده، تەمی تازیباریی لێ ڕەوییەوە و هەڵمەتی خەمخواریی لێقەوماوان، جێگەی گرتەوە. سەرجەم خەڵکەکە، لە ناخەوە بەتەنگەوە دەهاتن و هەوڵی مەردانەیان بۆ یاریدەدانیان دەدا. هێندەی خۆبەخۆ و بەتایبەتی دەر و دراوسێ بۆیان کرا، درێغی نەکرا.

هێندەی دەستە و تاقمە سیاسییەکان بۆیان لوا، بەکۆکردنەوەی پیتاك لە پارە و پوول و لە ئازووقە، بەنهێنی ئەرکی سەرشانی خۆیانیان بەجێ هێنا. ئینجا بەئاشکرا، لە ڕێگەی دام و داوودەزگاکانی میرییەوە، بەفراوانی دەست کرا بەکۆکردنەوەی پیتاك.

هەرچەندە کارەساتەکە، زامێکی تری کردە دڵی شاری دڵ پڕ لە زام، بەڵام تەوژمێکی تری هۆشیاری و چاوکراوەیی و ڕق و کینەی پیرۆزی، بەرامبەر بەزۆر و جەور پێدا و هەنگاوێکی تر، بەرەو سەرسەختی لە ڕووی زۆرداریدا بردییە پێشەوە. لەو ڕۆژانەدا ئاسایی بوو، گوزەرێکی ناو بازاڕ ببینیت، سەرقاڵی کۆکردنەوەی پیتاك بن، بۆ لیقەوماوێکی خۆیان. یا کەسانی سەر بەپیشەیەك، یا دەستەبرا و برادەرێك، یا هاتوچۆکەرانی چاخانەیەك، یا لە هەمووی دڵگیرتر، قوتابییانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی ببینیت، پیتاك بەپارە و پوول بێ یا بەئازووقە، کۆ بکەنەوە و فریای لێقەوماوێکی بخەن.

خورشید ئەگەرچی لەوانە بوو کە خراپ لێی قەومابوو، کەچی هەر زوو لە پاڵ بەتەنگەوەهاتنی ماڵی خۆیاندا، شانی دایەوە بەر ئەرکە گشتییەکەی سەرشانی. فەرهاد لەلای خۆیەوە وەهای بۆ لە دڵ گرتبوو، کە بۆ ماوەی مانگێك بواری بدا هەر خەریکی خۆیان بێ. بەڵام کە دوای ڕۆژانی پرسەکەیان ئەم نیازەی لا ئاشکرا کرد، ئەو وتی:

– خەمت نەبێ .. هەردوو ئەرکەکەم پێ جێبەجێ دەکرێ.

بگرە خوێندنەکەشی فەرامۆش نەکرد و هەر دوای چەند ڕۆژێك، کەوتەوە دەوامکردن.

ئەو ئەگەرچی بۆ برای فەوتاو و لانەی رووخاو و خێزانی پەرەوازەی، دڵی پڕ لە جەخار بوو، بەڵام وەها شانی دابووە بەر کە بەسات ئارام نەگرێ، تا هەموو شت دەباتەوە جێی خۆی. کەچی لە بۆتەی ئەو دڵ بەجەخارییە و لە گەرمەی ئەو چوست و چالاکییەدا، دیسان لێی قەومایەوە!.

ئەو هەرچەندە لە رۆژانی دوای هەرەشەکەی دووەم جارەوە، چەقۆیەکی یایلی و بۆکسێکی ئاسنی خستنە گیرفان و قەت فەرامۆشی نەدەکردن، بەڵام کە چوار پێنج مانگەکەی بەسەردا تێپەڕی و هیچ دیار نەبوو، ئیتر بێزار بوو لە هەڵگرتنیان و دووسێ هەفتە پێش لافاوەکە، فڕێی دانە سەر رەفەیەکی ژوورەکەی و دوایی، نوقمی قوڕ و لیتەی ژێر هەرەسی خانووەکە بوون. خۆ دوایی تریش، ئەو بارە ناهەموارەی تێی کەوت، هی ئەوە نەبوو بواری بیر و هۆشی بدا بەلایاندا بچێتەوە. بۆیە کە لە جاری سێیەمدا ڕووبەڕووی هەرەشەکە بووەوە و دەمودەست بەبیری هاتنەوە، کاری لە کار ترازابوو! ..

کە لە قوتابخانە هاتە دەرەوە و بەرەو ماڵ بووەوە، دنیا تەواو تاریك بووبوو. ئەو وەختە ئەمان لە نزیك ماڵی زۆرابەوە، بۆ چاوەڕوانکردنی بیناکردنەوەی خانووەکەی خۆیان، خانووچکەیەکیان بەکرێ گرتبوو تیایدا نیشتەجێ بووبوون. لەگەڵ دوو قوتابیی تری پۆلەکەیاندا، تا بەر مزگەوتی گەورەیان پێکەوە بڕی. لەوێدا لە یەکتری جیابوونەوە و ئەم رێگەی خۆی، بەشەقامی کانێسکاندا گرتە بەر. زۆر هێمن و لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا و هیچ جۆرە غایلەیەك، لە مێشکیدا نەبوو. هیچ بارودۆخێکی نائاسایی، لە دەوروپشتی خۆی هەست پێ نەدەکرد. تا لە ناکاوێکدا، هەر هێندەی پێی نایە ناو کۆڵانەکەی تەنیشت قوتابخانەی کانیسکانەوە و چەند هەنگاوێك چووە ناوەوە، وەك لە غەیبەوە ئاگەدار بکرێ، هەستی کرد هەن لە دوایەوەن!. ئا لەو ساتەدا، بیری بۆ چەقۆ و بۆکسەکە چووەوە و دڵی لە خۆی گوشرا!. بەدەمییەوە ئاوڕێکی بەپەلەی بۆ دواوە دایەوە و بینینی. خۆیان بوون .. بەهەنگاوی وەك ئەم لەسەرخۆ، بەدوایدا دەهاتن. ئەم هەنگاوی خێراتر کرد و ئەوانیش .. بێ سوود بوو .. دەیزانی وەها دادی نادا و ئەگەر بیەوێ دەرباز ببێ، دەبێ بداتە چوارناڵە!.

خەریك بوو وا بکا و شەرمێك لە خۆی، لە دڵدا زۆری بۆ هێنا و گیری دا. لە بریی راکردنەکە، وای بەپەسند زانی خەڵکی ناو یەکێ لە خانووەکان خەبەردار بکا. لە ئاستی نزیکترین دەرگەدا راوەستا و کەوتە لێدانی. کە دەستی لێ بەردا و وەرگەڕایەوە،

ئەوان گەیشتبوونە سەری. ئەم لەسەرخۆ وتی:

– گویَ بگرن .. من هیچم لەگەڵ ئێوەدا نییە و ئێوەش، شەرم لێ لادەن باشە، دەنا خراپتان پیَ دەکەم.

ئەوان بەپێی بڕیارەکەی جاری پێشوویان لەگەڵدا کرد و هیچیان نەوت. یەکەمیان کە بۆکسێکی ئاسنی لە مشتدا بوو، هەڵمەتی بۆ هێنا. بۆکسی داهێنایەوە و شوێنی خۆی نەگرت. ئەم فرسەتی هێنا و تیی سرەواند. بەڵام ئەوی تر کە چەقۆیەکی یایلی بەدەستەوە بوو، هەر لەو ساتەدا لەلاوە پەلاماری دا. ئەم ئەگەرچی بۆ ئەویش بەفریا کەوت و خۆی لادا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەرکەوت و چزە لە لاشانی چەپی هەڵسا. بەدوایدا، یەکەمیان لە پشتەوە دەستی خۆی وەشاند و ئەم وای هەست کرد، کە بزمارێك بوو بەسەریدا داکوترا، ئازاری کلکە بۆکسەکە، وڕی کرد و بەری بیناییی لێ تەنی. هەستی کرد خۆی بەپێوە بۆ ڕاگیر ناکریَ و خەریکە دادەڕمێتە سەر زەوی. بەڵام دوا تین و توانای دایە بەر خۆی و شاڵاوی بردە سەر بۆکس بەدەستەکە. کەچی ئەنجام بە جەزرەبەیەکی تر شکایەوە کە ئاراستەی دەم و دانی کرا.

ئیتر کە چەقۆ بەدەستەکە، لە پشتەوە جەزرەبەی چوارەمی گەیاندە ناو شانی ڕاستی، لەوە زیاتر خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و کەوت. لەگەڵیدا گوێی لیَ بوو یەکێکیان وتی:

– کوڕە خێڵە نەکەیت .. دەمریَ .. بەسێتی.

هەروەکو دەنگی کردنەوەی دەرگەی حەوشەی ماڵەکە و زریکە و هاواری ژنێکی کەوتە بەرگویَ و ئیتر، ئاگای لە خۆی بڕا.

***

ئەم کارەساتیان، چەندە دڵ و دەروونی کەسوکار و دۆست و ناسیاوانی خورشیدی پڕ لە ژان کرد، هێندەش لە ناویاندا، بووە مایەی مقۆمقۆیەکی پڕ لە سەرسامی. بۆچی و لە پای چی و هۆی چییە و . . . هتد!. شەڕخوایی و شەلاتێتی بیَ، ئەم لەو بابەتە نییە.

دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە بیَ، نییەتی. خراپەکاری و ڕەوشت چەوتی بیَ، لێیان دوورە. یا تەنانەت ئەگەر هەر کام لەمانەش بیَ، دەبیَ چ نامەردێك بیَ کۆ لەوە نەکاتەوە، کە یەکێکە لە لیقەوماوانی بەسەرهاتە گەورەکە و هەر هیچ نەبیَ، بەوە لە گوناهی خۆش ببیَ!.

ئەوان هەموو، لە دایك و باوکەوە بیگرە تا دوورترین ناسیاو، وەهای بۆ دەچوون و

سەریان لێ دەرنەدەکرد. تەنیا دایکی ئەورەحمان نەبێ کە سوور دەیزانی چییە، یا زۆراب و  نازە کە بەگومان بۆی دەچوون و دڵنیا نەبوون.

چوار پێنج رۆژی دوای کارەساتەکە، بۆ خورشید بووە دۆزەخێکی پڕ لە ئازاری سەختتر، لە ئازاری زامەکانی جەستەی!. سەرەتا وەرامدانەوەی قۆمیسەری پۆلیس کە چون و بۆچی و کێ؟!. کە لەم رزگاری بوو، دایکی و باوکی و کاکی کە گومانەکەی بەئاشکرا لە ڕوودا دەخوێندەوە. ئینجا فەرهاد و داشکاندنی پرسیارەکانی بەبارە سیاسییەکەدا. بەدوایدا دایکی ئەورەحمان و نیشانەی پرسیارەکە لە دەموچاویدا کە ئاخۆ بیدرکێنێ یان نا؟!. بەڵام لە هەموویان کاریگەرتر حەمەشین بوو، کە وەك قیر و زفت پێوەی لکاو لە مەنگەنەی دەدا!.

حەمە وەختێ بەهەواڵەکەی زانی کە خورشید چوار رۆژ بوو لە خەستەخانە کەوتبوو. دەمەدەمی عەسرێکی درەنگ بوو کە رێی کەوتە چاخانەکە و هەواڵەکەی بیست. ئەم بە ڕووە گەشەکەی خۆیەوە، سڵاوی کرد و چوو لە پاڵ مام ئەمیندا دانیشت. هەر بەدەستووری جارانی، بەنیازی تووڕەکردنی، شانێکی دا لە شانی و بەپێکەنینەوە وتی:

– ئحم! ..

کەچی ئەو، بەسەریدا شکایەوە و وتی:

– ئەگەر پیاویت، ئحم بەسەر مندا مەکە .. بچۆ بەسەر ئەو نامەردەیدا بکە، کە چوار زامی کردووەتە جەستەی خورشیدی برادەرت.

حەمە ڕاچڵەکی، وتی:

– خورشید؟! .. چی بووە؟!.

مام لچێکی هەڵقورتاند و وتی:

– چییەتی؟! .. بچۆ بۆ خەستەخانە و ببینە بزانە چییەتی!.

حەمە کە لە زمانی زۆراب و وەستا تایەرەوە، درێژەی کارەساتەکەی زانی، دەستوبرد وەك تێسکەی تفەنگ، لە چاخانەکە دەرپەڕی و خۆی گەیاندە لای خورشید. راستەوخۆ چووە ناو باسەکەوە و وتی:

– لە دەم و دووی کاکت و وەستاوە، بۆم دەرکەوت کە نهێنییەك لە مەسەلەکەدا هەیە.

من ئەوەیانم بەلاوە مەبەست نییە. من تەنیا هێندەم لە تۆ دەوێ کە پێم بڵێیت: کێن؟

خورشید بەدەستووری هەموو جارێکی کە ئەم پرسیارەی لێ دەکرا، وتی:

– نایاننناسم.

حەمە سەرنجێکی بەمانای دایە. وتی:

– نابێ .. چۆن نایانناسیت؟!. ئەی ئەوانیش تۆیان نەدەناسی؟!

– نازانم.

– دەتۆ بۆم باس بکە بزانم چۆن بوو؟ .. چییان وت؟ .. چۆن پەلاماریان دایت؟. چییان لەبەردا بوو؟. سەر و سەکوتیان چۆن بوو.

ئەو لە کورتی بڕاندییەوە و وتی:

– من ئاگام لە هیچ نەبوو. کەسم نەدی. گەیشتمە ناو کۆڵانەکە و لە ناکاو پەلاماریان دام. لە چاوترووکانێکدا، دەستیان لێ وەشاندم و من ئاگام لە خۆم بڕا.

– تەنیا هێندە؟!

– ئا.

– هیچی تر؟!

– هیچی تر.

حەمە سەرنجێکی پڕ لە مەغزای تری لێ گیر کرد. ئینجا بزەیەکی خستە سەر لێوی خۆی و وتی:

– درۆ دەکەیت.

خورشید چاوەڕوانی ئەم قسەیەی لێ نەدەکرد. لێی حەپەسا. حەمە وتییەوە:

– ئا .. درۆ دەکەیت.

بەدوایدا جگەرەیەکی داگیرساند. دووسێ مژی قووڵی لێ دا. ئینجا بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– خورشید .. برام .. ئێمە ئێستا دوو برادەری گیانی بەگیانی یەکترین. تۆ دەبێ بزانیت کە ئەو چوار زامەی کراونەتە جەستەی تۆ، کراونەتە دڵی منیش. هیچ مەبەستم نییە بزانم بۆچی لێ دراویت، چونکە دەتناسم و دەزانم لەسەر خراپەکاری نییە. بەڵام

دەمەویْ و زۆرم لەلا مەبەستە، بزانم کیْ بوون. تۆ دەزانیت من شارەزاییم لەم شتانەدا هەیە. ئەو لێدانە لێدانی شەلاتییانەیە. ئیْ منیش یەك بەیەکیان دەناسم. تکایە .. حەز دەکەم بزانم کام و کامیان بوون. تکات لیْ دەکەم پێمی بڵیْ.

قسەکان هێندە کاریگەر بوون، کە خورشید بەدەمیانەوە، بۆ یەکەم جار بیری بۆ ئەوە چوو کە چاکتر وایە، برادەرێکی نزیکی لە پێچ و پەنای کارەساتەکە ئاگەدار بیْ. لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەو برادەرەش بۆچی هەر ئەم خۆی نەبیْ؟». لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا وتی:

– بۆچی پێتی بڵێم؟.

حەمە وەك مژدەیەکی خۆشی درابێتیْ، قسەکەی قۆستەوە و لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکەوە، تەکانێك لێی چووە پێشەوە. دەستی ئەوی خستە ناو دەستی خۆیەوە و بەپەرۆشەوە وتی:

– پێمی بڵیْ .. دوایی دەزانیت .. تۆ پێمی بڵیْ.

ئەو تۆزیْ بیری کردەوە. ئینجا وتی:

– چاکتر وایە لە پێشدا نهێنییەکەت بۆ بدرکێنم.

– بەپێویستی دەزانیت؟

– ئا.

– بیڵیْ.

کە بۆی باس کرد، ئەم وتی:

– نەموت ئەو لێدانە هی شەلاتییە! .. ناویان؟

– ناویان نازانم. بەڵام دوو شتت پیْ دەڵێم.

– یەکەم.

– ئەوە جاری سێیەم بوو بێنە سەر رێگەم. لە یەکەم و دووەمدا تەنیا هەڕەشەیان کرد.

– سەروسیمای نەگریسیان چۆن بوو؟

– یەکەمیان کورتەبنەیەکی خڕیلەی دەموچاو گووپن، ئەمیان چەقوبەدەستەکە بوو. دووەمیان درێژێکی موورزەرد کە ئەمیان بۆکس بەدەستەکە بوو.

– ناسیمن .. بەڵام دووەمیش بڵێ.

– دوای جەزرەبەی چوارەم کە کەوتم و هێشتا هۆشم بەخۆمەوە بوو، گوێم لێ بوو بۆکس بەدەستەکە بەوی تری وت: «کوڕە خێڵە نەکەیت .. دەمرێ ..».

– یانی خێڵەی بێ شەرەف، ویستوویێتی هەر تەواو بتکوژێ؟! .. ئێ ئاخر خێڵەی خوێڕی، تۆ کەی ئەوەندە ئازا بوویت؟!.

– ئەی خۆ خێل نەبوو؟! .. من نەمدی خێل بێ.

– ڕاست دەکەیت .. خێل نییە .. بۆ گاڵتەوگەپ خۆی خێل دەکا. بەهەرحاڵ من دەڕۆم.

– خۆ نهێنییەکە لای کەس نادرکێنیت؟

– زۆر دڵنیابە.

کە حەمە جێی هێشت و ڕۆیشت، وەك نیمچە نارەزاییيەکی سەبارەت بەدرکاندنەکە لەلا پەیدا بووبێ، لە نووکەوە بەگفتوگۆکەیاندا چووەوە. بەڵام وردە وردە پرسیارێك چووە جێگەی: ئاخۆ حەمە بۆچی هێندە سووربوو لەسەر ناسینیان؟!. ئینجا وەرام پرسیارێکی تریشی لێ راست کردەوە: ئەی ئاخۆ دەبێ نیازی چی هەبێ؟!. لە ئەنجامدا بڕیاری دا کە هاتەوە بۆ سەردانی، بەگیری بێنێ و ساغی بکاتەوە.

نەگەیشت بیبینێتەوە و وەرام بەڕاکشاوی، بەسەر عەرەبانەیەکەوە، خۆی کرد بەقاووشەکەدا!. کات نزیکی یازدەی شەو بوو، واتە تەنیا پێنج سەعات دوای ڕۆیشتنەکەی حەمە، کە خێڵەیان بەخۆی و دوو زامە چەقۆوە بەوجۆرە هێنا. ئەم ئەو ساتە، بەتەواوی هەست و نەست و بیر و هۆشییەوە، لەگەڵ ئەختەردا دەژیا و نوقمی دەریای خەمخواریی ئەو بووبوو. قەڵەم و کاغەزی خستبووە کار و دەیویست، نامەیەکی ئاقڵانەی کاریگەری ئەوتۆی بۆ بنووسێ، کە کارەساتەکەی لەلا بکاتە ڕووداوێکی زۆر ئاسایی و بەتۆزقاڵ خەمی پێ نەخوا!. بەڵام غەڵبەغەڵبی هێنانە ژوورەوەی خێڵە، لە نووسینی خست. یەکەم جار قەڵەمەکەی دانا و بۆ چاوەڕوانکردنی نیشتنەوەی غەڵبەغەڵبەکە، ڕوانییە عەرەبانەکە کە بەرەو ریزە قەرەوێڵەکەی لای ئەمیان دەکردەوە. کە لە ئاستی یەکێکیاندا رایان گرت، سەرەتا لە سەرلا ڕووی کەوتە بەرچاوی و خورپەیەك لە دڵی هەڵسا. خۆی قیت کردەوە و باشتر سەرنجی دایە. دڵنیا بوو کە خۆیەتی و واقی وڕما!. نەیدەزانی چۆنی تێ بگا و چی بڵێ!. بەڵام کە هەر خێرا هەواڵی چۆنێتی و لێدان و شوێن زامەکانی بڵاو بووەوە، دوو نووکە چەقۆ و ڕاست

لەناو هەردوو شانی، ئەم یەکسەر حەمەشین و گفتوگۆکەیانی بیر کەوتەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «تۆ بڵێی ئیشی ئەو بێ؟!». بەدوایدا وتی: «ئاخر چۆن وا زوو؟! .. چۆن وا خێرا دەستی گەیشتێ؟!».

نەگەیشتە ئەنجام. وازی لێ هێنا و کەوتەوە نووسین. نامەکەی تەواو کرد و خستییە ژێر سەرینەکەیەوە. سەرنجێکی تری تێکەڵ لە رق و کینە و سەرسامیی دایەوە خێڵە کە هێشتا لە حاڵی خۆیدا بوو. ئەوسا راکشا بنوێ و زریکە و هاواری ئافرەتێکی کەوتە بەرگوێ، کە بەرەو قاووشەکە دەهات. دوای کەمێ زریکە و هاوار نەما، بەڵام قەڵەباڵغییەك گەیشتە بەردەرگەی قاووش. سیستەر و برینپێچەکان بوون دەورەیان دابوو هێوریان دەکردەوە. کە هاتنە بەرەوە، گوێی لێ بوو پەیتاپەیتا دەیوت:

– ماوە؟ .. توخوا پێم بڵێن .. ماوە؟

ئافرەتەکە ژنێکی سەرەی رووت و رەجاڵ بوو. کە گەیشتە ئاستی خێڵە، بەبێ هاتوهاوار کەوتە رنینەوەی قژی خۆی. ئەم هێندەی رق و کینەکەی بەرامبەر بە خێڵە، هەستی بەزەیی لە ناخدا بۆ دایکە بزوا و هەر بەدەم ئەو هەستەشەوە، خەو بردییەوە.

***

بۆ بەیانی زوو، کاکی پەیدابوو. وتی:

– چووم داوام کرد بتبەمە دەرەوە.

خورشید بەلایەوە سەیر بوو!. وتی:

– بەقسەی دوکتۆرەکان؟!.

– نەء .. بەقسەی خۆمان.

– خۆتان؟! .. تێ ناگەم!.

– دوایی تێ دەگەیت .. کامەیە خێڵە؟!.

بەو پرسیارە، سەرەتایەکی باسەکەی لێ روون بووەوە. پرسیاری تری نەکرد. سەرنجی کاکی بۆ لای خێڵە راکێشا و وتی:

– ئەوەیە.

زۆراب لەسەرخۆ، چوو لە تەنیشتییەوە راوەستا. ئەگەرچی بەجەستە هێشتا بێ جووڵە بوو، بەڵام هەردوو چاوی زیت دەچوونەوە. دایکی وای زانی برادەرێکیتی و

بەسەری دەکاتەوە. بەکرووزانەوە وتی:

– چاوت لێیە چییان لێ کردووە؟! .. توخوا ئەمە کافرسانی نییە؟!. دەك بمرم بۆت ئەحە گیان.

زۆراب هیچی نەوت و کشایەوە دواوە. کەلوپەلی خورشیدی پێچایەوە و لە خەستەخانە بەدەرکەوتن. لە دەرەوە، زۆر دوور نەکەوتنەوە و لەگەڵ حەمە شیندا کە لە چاوەڕواندا بوو، یەکدگیر بوونەوە. یەکسەر بەدەم بزەیەکی پڕ لە شانازییەوە وتی:

– خێڵە چۆنە؟!.

خورشید لیی پرسی:

– تۆ بوویت؟

ئەو سەرێکی بۆ لەقاند. ئینجا وتی:

– بەڵام بەدەستی خۆم نا .. پێویستی بەخۆم نەکرد.

خورشید پێ کەنی و هیچی نەوت. دوای تۆزێ ئەو وتی:

– مەرجەکەمیان جێبەجێ کردبوو؟ .. وتیان کردوومانە.

– مەرج؟! .. مەرجی چی؟!.

– هەردوو ناو شانی .. وەك ئەوەکانی تۆ.

– یانی شوێنەکانیشت بۆ دەسنیشان کردبوون؟!.

– ئەی چۆن؟ .. خۆ گاڵتە نییە!. ئەرێ وەڵا بۆم دەست نیشانکردن .. دوو زام .. سەر هەردوو شانی و بەچەقۆی یایلی. بەمەرجێکیش قووڵاییان لە نیو پەنجە زیاتر نەبێ. لەگەڵ هەندێ شەق و لەقە و مشتەکوڵە. ئەرێ بەڕاست، خۆ ئەوەکانی تۆ لەوە قووڵتر نەبوون؟

سێقۆڵی دایانە قاقای پێکەنین. بەدەمییەوە خورشید وتی:

– یاخوا هەر خۆش بیت کاکە حەمە .. یانی ئەگەر قووڵتر بووبن چی دەکەیت؟

– دیارە .. بۆی تەواو دەکەم.

دوای تۆزێ بێدەنگی، خورشید لیی پرسی:

– ئەی هاتنە دەرەوەکەم! .. تێ نەگەیشتم بۆچی؟!

– وام بەباشتر زانی. من خێلە چاك دەناسم. زۆر خوێڕییە و فێرە دەستی نامەردانە بوەشێنێ. وتم نەوەکو! .. بەتایبەتی کە ئەمڕۆ یا سبەی، ئەوی تریشیان دەبێ بەدوو بۆکسە زامەوە، بچێ لە تەنیشتییەوە رابکشێ. ئەوسا بەرامبەرت دەبوون بە دوو نامەرد.

– یانی ئەویش هەر . . .

– ئەی چۆن . . . خۆ گاڵتە نییە!. جەنابی خۆی شاردووەتەوە. وا دەزانێ کە خۆی لە بەرچاوم ون کرد ئیتر لە بیرم دەچێتەوە و وازی لێ دێنم. نازانێ کە هەر حەوت جێگەکەی پێ دەزانم و لە هەر کامیاندا بێ، ئەمڕۆ هەر دەبێ وەك سەگ دەربکێشرێتە دەرەوە و سزای خۆی بخوا.

خورشید بەقسەکانی دڵی دەحەوایەوە و بۆی بوونە مایەی، ئەوپەڕی ڕێزلێنان و خۆشەویستی بەرامبەری.

***

## ١٣

ئـەختـەر بـەدەستـووری جـارانـی تـری، لەبـەرئـەوەی  بـۆ بـەیـانـیـیـەکـەی دەچووە ژووان، شەوی بەدەم گینگڵدانەوە لێ بەسەرچوو. بەتایبەتی کە ئەمجارەیان، چەند رۆژێك بوو کاکی لە وەزعێکی سەیردا دەبینی!. تا دووسێ رۆژ لەوەبەر، وای دەهاتە بەرچاو کە کاتێ ئەم دەگەڕێتەوە ماڵەوە و رێککەوتی دەکا، ئەو بزەیەکی ژەهراویی بە ڕوودا دەدا .. وەك بڵێی شتێکی لە دڵدا بێ، ئەو شادمان بکا و ئەم ناشاد!. کەچی لەوەبەدوا بـەپـێـچـەوانـەوە، دەیـبـینـی بـە خـێـسـەیـەکـی  ئـاگـرینـەوە تـێی دەڕوانـی  و  تـارمـاییی  دان جـیـڕکـردنـەوەیـەکیشی بـەسـەر دەمـەوەیـە!. ئیـتر  ئـەو شەوە تـا درەنگ وەخـتـێك، بـەدەم لێکدانـەوەیـەوە گینگڵی دا و نەگەیشتە ئەنجام. تا بەئاواتی ژووانەکەی بەیانییەوە، خەو چووە چاوی و نووست.

بۆ بەیانی، بەدڵێکی خۆشەوە بەرەو قوتابخانە کەوتە ڕێ. لەوێ لە بەردەرگەکەدا، قەدەرێ راوەستا و چاوی گێڕا. کە دڵنیابوو، پێچێکی پێدادا و خۆی کرد بەناو کۆڵاندا. تا ئەو کۆڵانەی بڕی، چەند جارێك ئاوڕی دایەوە. کە تەواو دڵنیابوو، ئیتر بێ ترس ملی پێوە نا.

خورشید کە ئەوە رۆژی پێنجەمی دەرچوونی بوو لە خەستەخانە، گەلێ بیری لە ساتی یەکتربینینەکەیان کردبووەوە. چ وەرامێکی بداتەوە و بڵێ چی؟!. چەندە سەری هێنا و سەری برد، هیچی بۆ نەمایەوە بڕیاری دان پیانان نەبێ، بەتایبەتیش کە دەیزانی تا چ رادەیەك سەرنج تیژ و وریایە. بۆیە هەر هێندەی ئەو دەمی هەڵهێنایەوە و وتی:

– خورشید گیان! .. ئەوە چییە؟!.

ئەم زەردەخەنەیەکی گەشی بەڕوودا دا. بەسۆزەوە دەستی گوشی. لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاند و خێرا وتی:

– خۆت سەغڵەت مەکە و دڵت هیچ نەکا. دانیشە با لە نووکەوە بۆتی بگێڕمەوە.

کە لە گێڕانەوەی باسەکە بووەوە، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی کاریگەرەوە وتی:

– ئینجا ئەختەر گیان .. من یەك تكات لێ دەکەم .. تکام وەردەگریت؟

ئەختەر ئەگەرچی بە سەرزاری، تەنیا فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەکپی هەنسکی هەڵدەدا، بەڵام بەناخ دڵی دەرزی ئاژن دەکرا و هەورێکی رەش، ئاسمانی بیر و هۆشی داگیر کردبوو. برووسکەی: «یا بۆ تۆ دەبم یا بۆ گڵ»ەکەی تێدا دەدایەوە و وەك بڵێی روو لە ورەبەردان بێ لە ئاستیدا، ئەویش و پرسیارەکەشی فەرامۆش کرد. وەك شینێکی خامۆش بەسەر تەرمی خۆیدا بکا، ڕووی نایە ناو هەردوو مشتییەوە و بەدەم تەوژمی گریانێکی دڵپڕووێنەوە، بەناو کۆشی خۆیدا نووشتایەوە.

خورشید دەیزانی چی لە دڵدایە. پەشیمان بووەوە و لە دڵدا وتی: «نەدەبوو بۆی باس بکەم .. دەمتوانی حیکایەتێکی بۆ هەڵببەستم». بەڵام بەدوایدا وتی: «باوەڕی نەدەکرد .. بە لەرەی دەنگیشمدا بووایە، دەیزانی راست ناکەم». لەبەر ئەوە بڕیاری دا، هەرچی توانایەکی هەیە بیخاتە کار، بۆ قایلکردنی کە مێشکی خۆی پێوە خەریك نەکا. پێشەکی لێی چووە پێشەوە تا ئەژنۆی نا بەئەژنۆیەوە. بەهەردوو دەستی بەئەسپایی، سەری لە کۆشی دەرکێشا و بەرزی کردەوە. ڕووی رووەو خۆی راگرت. ناوچەوانی ماچ کرد و وتی:

– ئەختەر گیان .. گوێم لێ بگرە .. من نەمویست درۆت لەگەڵدا بکەم و راستییەکەیم پێ وتیت، چونکە دەمزانی حەز ناکەیت درۆت لەگەڵدا بکەم. دەسا لە بەرامبەریدا، دەبێ تۆش بزانیت من حەز بەچی ناکەم و لێم ئاگەدار بیت .. دەزانیت؟.

ئەو مووچرکەیەك بەلەشیدا رابورد و راچەنی. بەقسە هیچی بۆ نەوترا، بەچاو پرسیارێکی پڕ لە سەرسوڕمانیی دەربڕی و لە چاوەڕواندا مایەوە. ئەم سەرلەنوێ لێوی نا بە ئەمچاو و ئەو چاوی پڕ لە فرمێسکییەوە و ماچی کردن. کە سەری لێ کشاندەوە، پشتی دەستی بەسەر لێوی خۆیدا هێنا و وتی:

– حەز ناکەم لە ئاستی ئەم جۆرە کارەساتانەدا، هێندە دڵناسك و بێ ورە بیت. خۆت دەزانیت ئێمە رێگەیەکی سەختمان لەبەرە. رێگەی هەردوو عەشقەکەمان سەختە و ئەگەر بڕینیمان تا سەر مەبەست بێ، دەبێ ئێمەش سەخت بین .. دەبێ کۆڵ نەدەین. من لە پێناوی چیدا لێ دراوم و بۆچی؟. دیارە .. تا چاوترسێن ببم و واز بێنم!. بەڵام سەریان دا لە بەرد و ئەختەر هەر ئەختەری منە. دەبینیت؟ .. دەبێ تۆش وەها بیت.

ئەگەر وەها نەبێت زەفەرمان پێ دەبەن. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟.

ئەو چاکی تێ دەگەیشت و هەمووشی دەسەلماند. لەگەڵ ئەوەشدا قسەی هەبوو بیکا.

دوای خۆهێمنکردنەوە و سڕینی فرمێسکی چاوی، بەدەنگێکی پڕ لە کەساسییەوە وتی:

– خورشید گیان .. هەرچیت وت ڕاست و دروستە. خۆشم لە خۆم ئاگەدارم و دەزانم. بەڵام هەست دەکەم غەدرێکی گەورەمان لێ دەکرێ. یا بابڵێین: من وەك کچێك، جانەوەرێك دەست دەنێتە بینم دەمخنکێنێ و ناشبێ فززە بکەم!. ئەو هەستە لە ناخدا دەمپڕووێنێ .. هەڵمدەقرچێنێ .. بەردەوام پیشم پێدەخواتەوە و هانم دەدا بتەقمەوە، بە ڕووی جانەوەرەکە و هەموو جانەوەرەکانی تریشدا. سا چۆن و بە چ ڕێگەیەك؟ .. زەفەری پێ نابەم و هەر خۆم دەخۆمەوە. ئەوسا بەم بارەدا دەشکێمەوە کە دەمبینیت. ئینجا با پێت بڵێم: گرفتە گەورەکەم، لە گلەییی هەمووکاتی خۆمە لە خۆم لە سەری. واتە بەر لە تۆ، من جارانی جار ئەو قسانەی تۆم بەخۆم وتووە و بێ سوود بووە. خورشید گیان .. من لە گێژاوێکی سەختدام و بیست و چوار سەعاتە دەمخولێنێتەوە.

خورشید بەم قسانە دڵخۆش بوو، چونکە یەکەم جار بوو لێی ببیسێ، ئاوا بە ڕوونی خەم و پەژارەی ناخی خۆی دەرببڕێ و گرێی گرفتەکەی بۆ دەسنیشان بکا. بۆیە فرسەتەکەی لە دەس نەدا و لە وەرامیدا وتی:

– وتت سا چۆن و بە چ ڕێگەیەك و ئینجا وتت: زەفەری پێ نابەم! .. دەزانیت ئەم قسەیەتم بەلاوە سەیرە!.

– بۆچی؟!

– چونکە تۆ زەفەرت پێ بردووە و گرتووتەتە بەر .. لە دوو ڕووەوە گرتووتەتە بەر و هەردووکیش بە کردار نەك بە قسە.

ئەو زوو لە مەبەستی تێ گەیشت. بزەیەکی گەش کەوتە سەر لێوی و هیچی نەوت. ئەم لەسەری ڕۆیشت، وتی:

– ئاگەدار نیت کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانمان چییە؟.

– با ..

– بەدڵ و بەگیان کۆششی بۆ ناکەیت؟.

– با ..

– ئەوە یەك. دووەمیش: چۆنە وێراوتە هاتوویت، لەگەڵ کوڕێکدا لەناو ژوورێکدا دانیشتوویت، ئەژنۆت بەئەژنۆیەوە و دەستت لەناو دەستیدا و بەبێ ترس و سڵکردنەوە، لەگەڵیدا دەدوێیت؟!. چۆن و کام ڕێگ ها! .. لە مەبەستم تێ دەگەیت؟

قسەکان کاری خۆیان کرد و گرێی گرفتەکەیان، لە ئەختەر کردەوە. دڵی تەواو حەوایەوە و سەروسیمای گەشایەوە. دوای کەمێ بێدەنگی، بەپێکەنینەوە وتی:

– دەزانیت هەرچەند دەگەیشتە تینم چیم بڕیار دەدا؟.

– چی؟.

– بچم تەنەکەیەك نەوت بەخۆمدا بکەم و بە بەرچاوی کاکمەوە، ئاگر لە خۆم بەربدەم.

– ئەختەر! ..

خورشید لە قسەکەی بەگلەیی بوو. ئەو باوەشی کرد بەسەریدا، ماچی کرد و وتی:

– هیچ ترست نەبێ .. تەواو .. خۆم بێ ئەقڵ ناکەم. تەنیا تۆ ڕێگەیەکم بۆ دابنێ .. بەرامبەر بەو مێشك بۆگەنە چی بکەم و چۆن هەڵسووڕێم؟.

– تۆ جارێ بەڵێنم بدێ کە ئیتر قەت بەوجۆرە بیر نەکەیتەوە.

– بەڵێن بێ .. دڵنیابە.

– چاکە .. جا با پێت بڵێم: لەبارەی منەوە، دڵنیابە. لەمەودوا توخنی من ناکەوێ، چونکە لە حیسابی خۆی تێ گەیشت و بگرە ڕەنگە ئێستا ئەو، ترسی لێ نیشتبێ. سەبارەت بەتۆش، لە خێسە و دان جیڕکردنەوەی زیاتر پێ ناکرێ. بۆیە تکات لێ دەکەم، کە دان بەخۆتدا بگریت و وەرامی نەدەیتەوە. هەر تەواو پشتگوێی بخە و وا بزانە هەر لەگەڵ تۆشی نییە. باشە؟.

– ئاخر دڵم شەق دەبا. من . . .

– دڵت شەق نەبا و خۆتی لێ گێل بکە. بیر لە دواڕۆژ بکەوە .. دواڕۆژمان کە بەیەکتر دەگەین و ئیتر هەتا مردن، دەست لە ملانی یەکتر دەبین و هیچ هێزێك ناتوانێ جیامان بکاتەوە.

تۆ قەت ئاوا بیرت لێ کردووەتەوە؟.

- ....

- ناشێ بیرت لێ نەکردبێتەوە!. من شەو نییە چاوم بچێتە خەو، ئەگەر بەخەیاڵ باوەشم بەتۆدا نەکردبێ. تۆ باوەش بەمندا ناکەیت؟.

ئەختەر سوور هەڵگەڕا. بەدەم بزەیەکی پڕ لە بەختیارییەوە، سەری بۆ لەقاند و وتی:

- با.

- دەتوانیت بۆمی باس بکەیت، چۆن و چیت بە خەیاڵدا دێ؟.

- نەء.

- من باسی خۆمت بۆ بکەم؟.

- هەر نەء.

- بۆچی؟.. شەرم دەکەیت؟!.

- دەنازانم.. وازم لێ بێنە.

ماوەیەك بۆ یەکتری خنانەوە. تا خورشید وتی:

- با بێینەوە سەر باسەکەمان.. تەواو؟.. گونجاین؟.

- گونجاین.

- دڵنیا بم؟

- دڵنیابە.. چۆنت وت وا دەکەم.

***

ئەختەر لە جیاتیی گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە، وەك هێزێکی ئەفسوناوی پاڵی پێوە بنێ، بەبێ ئاگا بەرەو ماڵەوە ملی نا. تا دەنگی دایکی لەناو حەوشەکەدا، وریای کردەوە کە وتی:

- بۆ وا زوو هاتوویتەوە؟.

ئەم ئەگەرچی پەشۆکا، بەڵام هەر خێرا وتی:

- دەرسمان نەبوو.

ئیتر یەکسەر خۆی کرد بە ژوورەکەیدا و دەرگەی داخست. هەرکە کتێبەکانی دانا، چووە بەرامبەر ئاوێنەکە و لە دیمەنی سەروسمیای خۆی ورد بووەوە. هەستێکی

ڕەزامەندیی لە ناخدا لێ بزوا و بزەیەکی گەشی کەوتە سەر لێو. دەستی برد ئاوێنەکەی داگرت و دانیشت. وەری گێڕا و زۆر بەوریاییەوە، مقەباکەی پشتی لە سووچێکییەوە لادا. خورشیدەکەی بەدەرکەوت و بۆ ماوەیەك، چاوی بەسەریدا ڕووا. بە قسەکانیدا چووەوە: «تۆ قەت بیرت لێ کردووەتەوە؟.. من شەو نییە.. تۆش باوەش بە.. دەتوانیت.. من..».

کە بەری بینایی بەسەر وێنەکەدا لێ ڕوون بووەوە، نەك تەنیا بە ڕوو، بگرە بەسەراپای لەش گەشکە گرتی. وێنەکەی دەرهێنا و نای بە لێوییەوە. ئینجا کەوتە هێنان و بردنی، لە نێوان سەر و سنگ و لێو و ناوچەوانیدا. تا وای لێ هات بینێتە سەر تەوقی سەری و تەقەلای دا، ورده ورده دایبخزێنێتە سەر ناوچەوانی و ئینجا سەر لووتی و بەرامبەر هەردوو چاوی ڕاگیری بکا، بەڵام بۆی نەدەکرا و بەردەبووەوە بۆ ناو کۆشی!. نەیدەزانی بۆ وا دەکا و کەچی دەیکرد!. جارێك و دووان و سیان و هەر بێ سوود بوو. ئەوسا وێنەکەی گرتەوە بە دەستەوە. ڕووی لێ گرژ کرد و وتی: «بۆچی بەقسەم ناکەیت؟!.. لێت بدەم؟!.. ئەح.. ئەح!.».

هەر بەراستی دووسێ جار، پەنجەی شایەتمانی کێشا بە ڕوومەتیدا. ئینجا وەك وەها هەست بکا، کە ئەو بەپێدا کێشانەکە دەگری، وتی: «ئێ دەباشە .. مەگری .. با بیرێکی تری لێ بکەمەوە». ئەمجاریش بەڕاستی بۆ بیر لێکردنەوە، تۆزێ خۆی مت کرد. ئینجا دەستی برد بۆ سنگی خۆی. قۆپچەکانی کراسەکەی کردنەوە. هەردوو مەمکی خۆی لێ دەرهاویشتنە دەرەوە. بەرامبەر بەناوچەوانی، بوونە دوو خڕۆلکەی دیمەن شیرین و لێژاییەکی خنجیلانە لە نێوانیاندا. کە بەوردی سەرنجی دانێ، گەلێ پێیان دڵخۆش بوو. بگرە هەستی کرد هی ئەوەن، لە ڕووی خورشیددا شانازییان پێوە بکا. بەوە گەشکەدار بوو. وێنەکەی چەند جارێك بەسەردا گێڕان. لەمیانەوە بۆ سەر ئەویان و لەویانەوە بۆ سەر ئەمیان. تا لە ئەنجامدا، چەسپاندییە نێوانیانەوە. پاڵی دایەوە و بۆ ماوەیەك، لەسەر ئەو بارە خامۆش بوو. ئینجا دەستی برد لە نێوان مەمانی دەری کێشا. نایە سەر لووتی و دەستی لێ بەردا، بەو نیازەی سەیری بکا. بۆی نەکرا و داخزایەوە خوارەوە بۆ بەینی مەمانی. سووچێکی ڕۆچووە خوارەوە و سەربەرەوخوار گیرسایەوە. بەو بارەدا ماوەیەك تێی ڕوانی. سووکە بزەیەك گرتی. دەستی برد ڕاستی کردەوە و سەرنجی لەسەر ڕاگیر کرد. بەلایەوە بووبووە، خورشیدێکی زرت و زیندووی بچکۆلانە و بەسەر مەمانییەوە ڕاگیر بووبێ. ئینجا ئەو بارەی خۆی گۆڕی و قیت بووەوە.

بەهەردوو دەستی، وێنەکەی نووساند بەسنگی خۆیەوە و وەك بچێتە زیندەخەونێکەوە، بەسەر دنیاوە نەما.

***

## ١٤

– هاتەوە .. ئەوڕەحمان هاتەوە.

وەستا تایەر یەکەم کەس بوو چاوی پێی کەوت و بەدەم راست بوونەوە و بەپیرەوەچوونییەوە، ئەمەی وت. بەدوایدا، خەڵکی ناو چاخانەکەش هەڵسانە سەرپێ و بەرەو ڕووی چوون. هەموو دەورەیان دا و بەپەرۆشەوە بەخێرهاتنەوەیان لێ کرد. تا کاتێ وەستا دەستی گرت بیباتە لای خۆیەوە، ئەو سەرنجی بۆ پۆلیسێك راکێشان کە لە دەرەوە راوەستابوو، وتی:

– ئەو پیاوەم لەگەڵدایە .. ناتوانم دابنیشم.

وەستا پێی سەیربوو! .. وتی:

– یانی چی؟! .. بەرنەبوویت؟!.

– با با .. بەڵام داوای کەفیلێکم لێ دەکەن. جارێ بۆ ئەوە هاتووم.

پۆلیسەکە، کە پێشوازیکردنە گەرمەکەی خەڵکەکە لە ئەوڕەحمان کاری تێ کردبوو، لێیان نزیك بووەوە و وتی:

– برا پەلەمان نییە .. ئەگەر حەز دەکەیت دانیشە.

کە دانیشتن، حەمەشین فرسەتی هێنا، وتی:

– باشە تۆ ساڵە حەپسییەکەی خۆت تەواو کردووە، ئیتر ئەمەیان چییە؟!. ئەمیان خێری دایکی پاشامانە؟!.

هەموو پێکەوە، بەبێ ئاگا روانییانە پۆلیسەکە و دایانە قاقای پێکەنین. پۆلیسەکە لە سەرەتادا خۆی گێل کرد. پیاڵەکەی بەردەمی بەرز کردەوە و سەری بەسەردا نوشتاندەوە قومی لێ بدا. هەر لەو ساتەدا، وەستا بەر لە هەمووان بەئاگا هات. بەئیشارەت ئەوانی کپ کردەوە و وتی:

– کاکی پۆلیس لێیان ببوورە .. ئەوانە ..

کەچی ئەویش، لەلای خۆیەوە، لەوە زیاتر خۆی بۆ زەوت نەکرا و لە پرێکدا، پژمەیەکی وەهای لە دەم و لووت دەرپەڕی کە ئەگەر سەری نەنووشتابووایەوە، قومە چایەکەی دەپرژاندە سەر و ڕووی بەرامبەرەکانی. ئینجا کە بەدەمییەوە پڕی کرد بەسدارەکەیدا و نای بەدەم و لێوییەوە، سەیریان کرد هەڵدەبڵووقێتەوە. ئیتر کە هەر خۆی بۆ زەوت نەکرا، وەك بڵێی قیروسیای لێ بکا، سدارەکەی لادا و بەری بۆ قاقای پێکەنینەکەی بەرەڵا کرد و ئەوانیش لەگەڵیدا تازەیان کردەوە. تا وەستا دەنگی لێ کردن و وتی:

– بوەستن باوکم .. حیسابێك بۆ ئەو پیاوە بکەن.

ئینجا کابرای پۆلیس خوشی، هەڵسا و هەر بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– بابڕۆین برام .. کەفیلەکەت بێنە و بڕۆین .. گرتیگەم پێ خۆش نییە.

ئەوسا وەستاش، خۆی گورج کردەوە و وتی:

– بابڕۆین.

زۆراب ڕاگیری کرد. وتی:

– چاکتر وایە من بچم.

– بۆچی؟.

– لێت پڕن .. ئەمە چەند جار!.

– سەریان بەگۆڕی بابیان.

کە بەرەو دەرەوە هەنگاویان نا، زۆراب بەدەم بزەیەکی گەشەوە تیی دەڕوانین. حەمە لە تەنیشتییەوە بوو، بەدەنگی نزم وتی:

– ئای کە پیاوێکی مەردانەیە.

زۆراب وەرامی قسەکەی لە دڵدا دایەوە، وتی: «ئای کە بەختەوەرم».

خورشید ئەو وەختە لە چاخانەکە نەبوو. دوای ماوەیەك کە پەیدا بوو، وەستا کارەکەی مەیسەر کردبوو. ئاگەداریشی کرد کە چووەتەوە ماڵەوە. بۆیە دانەنیشت و یەکسەر ڕۆیشت. زۆر دوور نەکەوتەوە و حەمە خۆی گەیاندێ. وتی:

– حەز دەکەم بێم .. دەبێ؟.

– بۆ نەء! .. وەرەوە.

لەویٚ، یەکەم قسەی ئەوڕەحمان ئەوەبوو کە وتی:

– زامەکانی لەشت لە چیدان؟ .. تەواو خۆش بوونەتەوە؟!.

خورشید قسەکەی بەلاوە لە ناکاو بوو. حەپەسا و نەیدەزانی چی بڵێ!. حەمە هەڵیدایە و وتی:

– زوو .. هەر زۆر زوو خۆش بوونەوە. تەنانەت پێش هاتنە دەرەوەشی لە خەستەخانە!.

ئەمجارە ئەو عاجباتی ما! .. وتی:

– چۆن ؟! .. وتت چی؟!.

– وتم: تەنانەت پێش هاتنە دەرەوەشی لە خەستەخانە.

– تێ ناگەم!.

خورشید کەوتە قسە و وتی:

– تۆ چۆنت بیست؟.

– دایکم مانگی پێشوو کە هات بۆ لام، گێڕایەوە.

– وتی چی؟.

– وتی خورشید لێ دراوە.

– هەر ئەوەندە؟.

– بۆ هیچی تر هەبوو؟!.

ئەمان سەیرێکی یەکتریان کرد و زەردەخەنەیەك گرتنی. ئینجا کە حەمە دیوەکەی تری کارەساتەکەی بۆ باس کرد، ئەوسا تێ گەیشت و هێندەی پێ خۆش بوو، کە هەڵسا و دەستی کردە ملیان. ئەملا و ئەولای ماچ کردن و وتی:

– دەست خۆش .. ئەئاوا دەبێ .. هەر راست (العين بالعين والسن بالسن).

خورشید کە هەر لە ساتی پرسیارەکەیەوە، لە ناخدا هەستی کرد ئەم ئەوڕەحمان ئەوەکەی پێش بەندکردنەکەی نییە، لەم قسەیەشی راما!. چاوی بەسەر دەمیدا روا و گفتوگۆکەی نێوان خۆی و فەرهادی سەبارەت بە کارەساتەکە بەبیر هاتەوە. ئەو

قسەکانی بۆنی گوناهبارکردنی ئەمی لێ دەهات. ئەمیش بەنیمچە توورەبوونێکەوە وتی:

– یانی گوایە من گوناهبارم؟! .. منێك کە دوو شەلاتیی خوێڕیی بەکرێگیراو لەلایەن کابرایەکی داخ لە دڵەوە، هاتوونەتە سەر ڕێم و لێیان داوم و ئینجا کە برادەرێکم، بەپیاوەتی و مەردایەتیی خۆی و بێ ئەوەی هەر ئاگاشم لێ بێ دەچێ تەمێیان دەکا، گوایە من گوناهبار بم؟.

– خورشید .. کاکە .. تکایە هەڵمەچۆ و بەدڵ گوێم لێ بگرە. راستە .. قسەکانم وایان دەگەیانـد. بەڵام بـا بـۆتی ورد بکەمـەوە. پێشەکی کـەس نکووڵیی لـە ئـەشقـە پـاك و بیگەردەکەت نییە و ئەوە، مافێکی رەوای خۆتە. بەڵام گرفتە سەرەکییەکە لەلای من، لە کاتێکەوە، دەست پێ دەکا کە تۆ وەك شەڕکەرێك لەگەڵ دوو شەلاتیدا، ناوت دەکەوێتە ناوانەوە و بەوە ناوت دەزڕێ. یانی تۆش . . .

– ئاخر تۆ راوەستە .. من وەك شەڕکەرێك؟! .. یانی من چووم شەڕم بەوان فرۆشت و رێگەم پێ گرتن؟!.

– نەء .. قەت نەء .. ببوورە .. وشەی (شەڕکەر)ەکە دەکێشمەوە و (تووشهاتوو)ی دەخەمە جێگە.

– جێی خۆیەتی .. بەڵام دەبێ گوناهی من چی بێ؟!

– نەدەبوو بیەڵێت تووش ببیت.

– چۆن؟ .. سەرم بۆ هەڕەشەکەیان شۆڕ بکردایە؟.

– نەء.

– ئەی چۆن؟ .. چیم بکردایە؟.

– باشە تۆ بۆچی لە وەختی خۆیدا، لە هەڕەشەکە ئاگەدارت نەکردم؟.

چونکە پێوەندیی بە باسێکەوە هەبوو، کە وام دانابوو زۆر تایبەتییە و نادرکێنرێ.

– تۆ راست دەکەیت .. هەقی خۆت بوو بەمەرجێ، کار ئاسایی برۆیشتایە. کەچی وەها نەکەوتەوە و هەڕەشەی تێ کەوت، لەلایەن کێشەوە؟ .. دوو شەلاتیی بەکرێگیراو. بۆیە دەبوو ئاگەدارت بکردمایە، تا نەمانهێشتایە بەو ئەنجامە بگا. وایە یان نا؟

– ئاخر .. نازانم بڵێم چی؟! .. باوەڕم نەبوو .. یا بابڵێین: وای بۆ دەچووم کە

هەرەشەکە بەهۆی شتە تایبەتییەکەوەیە و ئەمیش لە باسکردن نایەت. ئیتر لە دڵی خۆمدا هێشتمەوە . . .

– خورشید .. بۆ وا خامۆشیت؟!.

ئەورەحمان بەم پرسیارە وریای کردەوە. لە وەرامیدا وتی:

– هیچ .. بیرم لە شتێك دەکردەوە.

– چی بوو؟.

– ناهێنێ باسی بکەم .. وازی لێ بێنە.

– وازم هێنا .. بەڵام بۆم باس بکە .. ئێستا وەزعتان چۆنە؟.

– باشە.

حەمە هەڵیدایە و وتی:

– باش نابێ چیی تر دەبێ؟ .. هەر دەبێ باش بێ.

ئەورەحمان وتی:

– ئەمەیە قسەی ڕاست.

– یانی تۆ باوەڕت وایە کە من چاکم کردووە؟.

– بێگومان .. ئافەرینیشت دەکەم.

– کەچی هەن وا نالێن؟.

– ئەی چی دەڵێن؟!.

– وەڵا بڵێم چی! .. دەڵێن گوایە! ..

سەیرێکی خورشیدی کرد. ئینجا وتی:

– ئەم باشتری لێ دەزانێ.

خورشید پێی خۆش نەبوو، ئەم باسە وا زوو لەگەڵ ئەورەحماندا بکرێتەوە، وتی:

– وەختی نییە .. بابمێنێ .. چاکتر وایە تۆ باسی خۆتمان بۆ بکەیت .. باسی تاقیکردنەوەی ئەو ساڵەت. چۆنت بەسەر برد؟ .. چیت دی؟ .. چی فێر بوویت؟ . . .

ئەورەحمان بزەیەك گرتی، وتی:

– باشە .. بەڵام ئێوە نیازتان وایە تاکەی لەلام بمێننەوە؟.

– مەبەستت چییە؟.

– دەڵێم .. چارەکە سەعاتێ .. نیو .. سەعاتێ چەند؟!.

– بابڵێین: سەعاتێ.

– چاکە .. سا من دەبێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ و ڕۆژی دە سەعات قسەتان بۆ بکەم، ئینجا دەتوانم ئەوەی تۆ لێت پرسی، وەرامی تەواوی بدەمەوە.

خورشید و حەمە ڕوانییانە یەکتر. ئەورەحمان وتی:

– کەوابوو، باسی تاقیکردنەوەکەی منیش، جارێ وەختی نییە و با بمێنێ. بەڵام ئێوە پێم بڵێن: زایەر لە چیدایە؟!.

ئەوان بەسەرسوڕمانەوە ڕوانییانەوە یەکتر و هیچیان نەوت. ئەم خۆی وتی:

– مەبەستم هیچ نییە .. هەر تەنیا ویستم بزانم.

حەمە کە وەك خورشید زوو لە مەغزای قسەکە تێ گەیشت، بردییە سەر خۆی و پێی تەنگەتاو بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «ڕاست دەکا .. ئەی ئەویش جاسووسێکی نامەرد نەبوو، لەخۆڕایی بەگرتی دا؟!. ئەی نەدەبوو لە وەختی خۆیدا، ئەویش بەسزای هەقیانەتی خۆی بگەیەنم؟!. ئا .. هەقێتی گلەییی لێم هەبێ». ئیتر بەبێ ئاگا لە خۆی، وتی:

– من ئامادەم .. دەبێ تۆڵەی ئەو نامەردییەی لێ بکرێتەوە.

ئەوڕەحمان کە بەڕاستی، هیچ شتێکی لەو بابەتەی سەبارەت بەحەمە مەبەست نەبوو، لە قسەکەی حەپەسا!. سەیرێکی خورشیدی کرد کە ئەویش واقی وڕمابوو!. تا کاتێ حەمە سەرلەنوێ وتی:

– کاکە ئەوڕەحمان .. بمبەخشە .. دەبوو لە وەختی خۆیدا بمکردایە .. بەڵام نەچووە بچێ.

ئەوسا ئەوڕەحمان لێی هاتە قسە و وتی:

– تۆ بەهەڵە لە قسەکەم تێ گەیشتیت. من ئەوەم مەبەست نەبوو.

کەچی ئەو سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی و وتی:

– من یاغنیش نیم .. دەزانم قسەکەت لە کوێوە کرد. دەشزانم نیازی چیت هەیە.

خورشید وتی:

– لە خۆتەوە ڕەمڵ لێ مەدە.

– ڕەمڵ لێ نادەم و وایە .. بگرە دەشبێ وابێ.

– ئەو باسە ساڵێك زیاتری بەسەردا چووە و کۆن بووە.

– کۆن؟! .. شتی وا چۆن کۆن دەبێ؟!.

ئەوڕەحمان کە لە دڵدا، هەستێکی پڕ لە شانازی و خۆشەویستیی بەرامبەر حەمە دایگرتبوو، بەدەم بزەیەکی بەمەغزاوە وتی:

– بابە مەیکەن بەشەڕ .. ئەم باسەش با هەر جێ بێڵین بۆ وەختێکی تر.

خورشید کە باش سەرنجی دایە ڕووی ئەوڕەحمان و بزەکەی سەر لێوی، دڵنیابوو کە حەمە باشی بۆ چووە.

***

## ١٥

ئەوڕەحمان ئەگەرچی لە گرتیگەش، زوو زوو باسی تۆڵەسەندنەوەی لە زایەر، لە مێشکدا دەورووژا و هەراسانی دەکرد، بەڵام لە دوای بەربوونەکەیەوە، بەردەوام دەیهێنایە سوێ و یەخەی بیر و هۆشی بەرنەدەدا. لە دڵی خۆیدا دەیوت: « .. باشە ئەوا لە سنووری پیشە چەپەڵەکەی خۆیاندا وەك مرۆڤێکی خوێڕی، ئەوەی دەیکەن دەیکەن و قەیناکا لێیان بێدەنگ دەبین، ئەی لەم جۆرە کردارانەیاندا بۆچی؟!. ئەوا لەویاندا بەڕاستی شتم پێ دەگرێ و هی خۆمە و لە گرتیگەم توند دەکا، ئەی ئەمیان چی؟!. گوایە لەمیشیاندا هەر بێدەنگ ببین و بەبێ ئارەق دەربچن؟! .. بەبێ سزادان؟! .. نابێ .. قەت نابێ!».

ئەم پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار دوای بەربوونەکەی فەرهاد ببینێتەوە، بەردەوام باسەکەی وەها دەهێنا و دەبرد و بڕیاریشی هەر ئەوە دەبوو، کە بەبێ ئاگەدارکردنی ئەو کارەکە مەیسەر بکا. کەچی کە یەکتریان بینی، بەبێ حەز و ویستی خۆی، ئەو مەسەلەیە بووە باسی سەرەکیی گفتگۆکردنیان. ئەو کە قسە بەسەر قسەدا هات، ئاسایی وەك سووکە ئامۆژگارییەك وتی:

– حەز دەکەم بەشێوەیەکی تایبەتی، خۆت لە زایەر بپارێزیت. دوای گرتنەکەی تۆ دەستی کەوتە روو. ئیتر لەو وەختەوە لێمان بووەتە سەگێکی هار.

کەچی ئەم هەر بەبیستنی ناوەکەی، دەروونی بووە کوورەیەك ئاگر. زۆری هەوڵ دا، دان بەخۆیدا بگرێ و قسەی تێدا نەکا و بۆی نەکرا. بەسووکە تەوسێکەوە وتی:

– یانی خۆم لە سەگێکی هار بپارێزم .. وانا؟!.

– با ..

– ئەی باشە سەگی هار دەبێ چی لێ بکرێ؟.

فەرهاد زوو بۆی چوو لە کوێوە قسە دەکا. دوای قەدەرێ لێڕامان وتی:

– کورد دەڵێ: چل رۆژی تەمەن دەبێ.

– دەیسا جەنابی، لە دەمێکەوە چلەکەی تەواو کردووە.

– مەبەستت چییە؟.

– دەبوو لە دەمێکەوە بەسەر دنیاوە نەمایە. کەچی هەر ماوە و هەر دەشگەزێ!.

– یانی دەبوو بکوژرێ؟!.

– ئا .. بتۆپێنرێ .. بەپێی قسە نەستەقە، نەك بەقسەی من.

فەرهاد سەرنجی لە ڕووی گیر کرد و بێدەنگ بوو. بیرێکی وردی لێ کردەوە. بۆی دەرکەوت کە نەك هەر قسەکانی، بگرە لەرەی دەنگی و دان نانی بەتوندی بە وتەکانیدا و گرژیی دەموچاوی و تەنانەت بریقەی چاویشی، هەموو ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە دەنوێنن. بەنیازی هێمنکردنەوەی، تا بتوانێ بەزمانی هۆش بدوێ نەك هەست و نەست، زەردەخەنەیەکی گەشی خستە سەر لێوی خۆی و بەخۆشنوودییەوە وتی:

– پرسیارێکت لێ دەکەم پێی پەست مەبە .. نابیت؟.

– بۆچی پەست دەبم! .. پرسیارە و دەکرێ و وەرامە و دەدرێتەوە.

– لە گرتیگە ئەم باسەت دەکردەوە؟.

– کام باس؟.

– تۆڵەسەندنەوە لە زایەر.

– تۆڵەسەندنەوە؟! .. جا کەی من مەبەستم تۆڵەسەندنەوەیە؟!. من مەبەستم تۆپاندنی سەگی هارە کە دەبێ چل رۆژی تەمەن بێ. ئەو راستە گازێکی خراپی لە من گرت، بەڵام خۆ من یەکەم کەس و دوا کەس نەبووم. ئیتر ئەگەر بتۆپێنرێ، بۆچی دەبێ وا بزانرێ بۆ تۆڵەسەندنەوەی منە؟!.

– چونکە تۆی گاز لێگیراو داوای دەکەیت.

– جا ئاخر بەرێککەوت وا هاتووە، دەنا هەر لە بنەڕەتەوە، پێویست ناکا ئەم و ئەو، گاز لێگیراو بێ یان نا، داوای بکا. ئەوە ئەرکێکی ئاساییە و دەبێ بەجێ بهێنرێ.

– تێ گەیشتم .. یانی تۆ مەبەستت هەموو سەگێکە، هەرکە هار بوو دەبێ بکوژرێ. وانا؟.

– بتۆپێنرێ .. با .. قسە نەستەقەکەیە و پڕ بەپێستی خۆیەتی.

– ئەمە بۆ سەگە خوێڕییە بەرەڵاکانی سەر جادە و ناو کۆڵانەکان. ئەی گەماڵە کەتەکانی ناو قەڵا سەختەکان .. ئەوان چۆن؟!. ئەوانیش هەریەکەیان سەگکوژێکی بۆ تەرخان بکەین، فرسەتیان لێ بێنن بیانکوژن و ئیتر تەواو؟! .. ئیتر رژێمێك قڵپ دەبێتەوە و سووك و ئاسان، یەکێکی تر لە جێی دادەمەزرێ؟!.

ئەوڕەحمان خۆی بێدەنگ کرد. تۆزێ بیری کردەوە. تێ گەیشت ئەو بۆ مەبەستێك ئەو قسەیە دەکا، کە ئەم خۆشی نکووڵیی لێی نییە و باوەڕی تەواوی پێیەتی. بۆیە کە بەقسەکانی خۆیدا چووەوە، وتی:

– تۆ هەقتە کە بەوجۆرە لە من تێ گەیشتیت. بەڵام ئەوی راستی بێ، من بەو بارەدا لە باسەکە نەدەدوام. ئێستا وا لە خۆم حاڵی بووم کە دەمویست بڵێم چی!.

– چاکە .. دڵم لەلاتە .. بڵێ بزانم.

– دەمویست بڵێم: گەلێ جار تەمێکردنی سەگە خوێڕییە بەرەڵاکانی سەر جادە و ناو کۆڵانەکان، بەتایبەتی هارەکانیان، پێویستە و ئەنجامی باش دەبێ.

– وەکو چۆن؟! .. ئادەی ..

– وەك ئەوەی بۆ نموونە خولە جاسووس، ئەگەر خراپەکارییەکی زەقی لێ وەشایەوە، لە عۆیەیدا بیرازێکی باش بکرێ. ئەوسا چاوی دەترسێ و بۆ هەر خراپەکارییەکی تر کە بیەوێ بیکا، لە یادی دەبێ.

– تۆ وتت: بەتایبەتی هارەکانیان. خولە هار نییە. بۆ بەسەر ناوی هارەکەدا بازدت دا و ناوی ئەمت برد؟!.

– باشە وا ناوی دەبەم .. ئا .. زایەری هار .. زایەری نامەرد و بێ شەرەف .. ئا .. ئەو .. هەقی خۆی نییە بیرازێکی ئەوتۆ بکرێ کە دۆزەخ بەچاوی خۆی ببینێ؟. ئینجا با بتوانێ وەك ئێستای، بەئارەزووی خۆی ئەو کەڵبە نەگریسانەی بچەقێنێتە گوڵمە گۆشتی لەشمان و پڕ بەدەمی بۆگەنی، گۆشتیان لێ هەڵپچڕێ. دیارە .. کە کەس نەبێ بەری لێ بگرێ .. کەس نەبێ تەمێی بکا، هەر لەسەر گازگرتنی خۆی بەردەوام دەبێ .. بۆ نابێ!.

ئەوڕەحمان وەها بەحیرس و تووڕەیی دەدوا، کە دەنگی نزیك بووبووەوە لە قڕەقڕ!. خوێن هورووژمی هێنابووە ڕووی و سوور هەڵگەڕابوو. چاوی زەق بووبوونەوە و

غەزەبیان لێ دەباری. کە بێدەنگ بوو، فەرهاد بەخۆی زانی کە نەدەبوو ئەو قسەیە بکا. ئەم بڕیاری دابوو کە بەهێمنی لەگەڵیدا بدوێ و هەوڵ بدا، لە بریی هەست و نەستی، بیر و هۆشی بخاتە کار. کەچی وا ئەو قسەیەی لە دەم دەرچوو. لەگەڵ ئەوەشدا بێزار نەبوو. لە ئاستی هەڵچوونەکەیدا، خۆی مت کرد. بڕیاری دا هیچ نەڵێ، تا ئەو خۆی دەکەوێتەوە قسە و ئینجا، راستەوخۆ سەبارەت بە مەسەلەکە لەگەڵیدا بدوێ. بێدەنگییەکەیان زۆری نەخایاند و ئەوڕەحمان وتی:

– لێم ببوورە .. نەدەبوو وەها بدوێم. بەڵام تۆ نازانیت کڵپەی چ ئاگرێك لە ناخمدایە و چۆن بەردەوام، هەناوم دەقرچێنێ!. تکات لێ دەکەم تێم بگە. ئەو سەگە خوێڕییە، دەستێکی نامەردانەی وەهای لێ وەشاندم، کە قەت ناتوانم لێی بێدەنگ ببم. تکایە تێم بگە .. ئەگەر لەسەر سیاسەتەکە بووایە، زۆر ئاسایی وەرم دەگرت و دەمموت: ئەو جاسووس و من تێکۆشەر و دەبڕایەوە. بەڵام ئەوەی لەگەڵ منیدا کرد، لەو بابەتە نییە .. لەو بابەتەیە؟.

فەرهاد ئەم قسانەی پێ خۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکسەر وەرامی پرسیارەکەی نەدایەوە. بگرە چاوەڕێی کرد تا ئەو دووبارەی کردەوە، ئینجا ئەم وتی:

– نەء .. جیاوازیی هەیە. بەڵام تۆ گوێ بگرە .. من حەز دەکەم قسەکردن لەم باسە، بخەینە جارێکی تر.

– بۆچی؟!.

– بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ خۆتدا بیری لێ بکەیتەوە.

– زیاتر؟! .. کام زیاتر؟! .. من ساڵێکی رەبەقە مێشکم پێوەی خەریکە.

– ئاوا؟! .. دەبا شتێکی ترت پێ بڵێم.

– فەرموو.

– من بەچاکی نازانم، لە ئێستادا لەوە زیاتر باسی لێوە بکەین. بۆ تۆش، نەکەیت هیچ بکەیت، تا جارێکی تر باسی دەکەینەوە.

ئەوڕەحمان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئیتر لەو بارەیەوە، هیچی نەوت.

***

فەرهاد دوای ڕۆیشتنی ئەوڕەحمان، هەستی بەدڕژوارییەکی سەیر دەکرد. گفتوگۆکە

لـە مـێشکـیدا گـێژی دەخـوارد. لـە نـووکـەوە پـێداچـووەوە و وردی کـردەوە. پـتر خـەمـی ئەورەحمـانی بوو. ترسی ئەوەی هەبوو، کە رق و کینە خودییەکەی بەرامبەر بەزایەر، رێگەی لێ هەڵە بکا و سەری لێ بشێوێنێ.

لە گێژاوی ئەم بیرکردنەوەیدا بوو، کە بەهێواشی لە دەرگە درا. کاتێ فەرمووی کرد، گەلاوێژ خۆی کرد بەژووردا. ئەم هیچ بەڵێنێکی لەگەڵیدا نەبوو. هەروەکو چاوەڕوان نەبوو، ئەویش هیچ کارێکی بەپەلەی بەم هەبێ. بۆیە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– خێرە؟ .. خۆ هەواڵی ناخۆشت پێ نییە؟!.

ئەو بەدەم لادانی لەچکەکەی سەری و داکەندنی پاڵتۆکەیەوە، وتی:

– نەء .. مەترسە.

فەرهاد لە یەکەم سەرنجەوە، هەستی کرد کە چ بەمەکیاجی سەر و ڕوو و چ بە پۆشاك، بـەشێوەیـەکی تـایـبـەتـی دەستـی بـەخـۆیدا هـێنـاوە. جگە لـەوەی کـە لادانـی لەچکەکەی و داکەندنی پاڵتۆکەشی، بەئەنقەستە!. ئەم لەو هەموو نیشانانەی غافڵ نەبوو کە بەردەوام دەینواندن و دەیزانی چ نیازێکی لە دڵی خۆیدا حەشار داوە. بەڵام دەشیزانی، کە گومان و دوودڵی تا چ رادەیەك لە ناخدا دەیپروێنن. هەروەها ئەم خۆشی، شان بەشانی ئەو، گومان و دوودڵی، بەردەوام لە دەروونیدا گێژیان دەخوارد و بواریان نەدەدا، سەر لە باسەکە دەربکا و تیایدا بگاتە ئەنجام!.

– دەتبینم بەوردی سەرنجم دەدەیتێ .. دەڵێی بەلاتەوە سەیرە؟!.

ئەو وریای کردەوە. ئەم پەشۆکا. وتی:

– چی؟!.

ئەو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، تەنیا بەدەست ئیشارەتی بۆ سەر و ڕوو و بالای خۆی کرد و هیچی نەوت. ئەم پێ کەنی، وتی:

– ئا .. وەك لە ئاهەنگێك بووبیت وایە!.

– بێ کەم و زیاد .. یەکێ لە مامۆستاکانی قوتابخانەکەمان شووی کرد و ئەمرۆ نیشانە کرا. ماڵەکەیان لێرەوە نزیکە. بەفرسەتم زانی. ئەو ڕاپۆرتەی دوێنێ داوات کرد، شەو ئامادەم کرد و وا هێناومە.

– تۆ دوێنێ باست نەکردا!.

گەلاویێژ لە مەغزای قسەکە تێ گەیشت. ئەویش شڵەژا و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. بەڵام هەر خێرا وتی:

– دوێنێ لە سەرزارم بوو بیڵێم و ئیتر قسەی بەسەردا هات و لە بیرم چووەوە.

فەرهادیش لەلای خۆیەوە، زوو بەمەغزادارییی قسەکەی خۆی زانی و لێی ڕازی نەبوو. ویستی شوێنەواری بسڕێتەوە و وتی:

– هەقتە .. منیش زۆرجار وام بەسەر دێ.

بەدوایدا گەلاویێژ، کەوتەوە خۆگورجکردنەوە. بەدەم بەستنەوەی لەچك و لەبەرکردنەوەی پاڵتۆکەیەوە، وتی:

– دەچم بۆ ماڵی خاڵم. هیچ ڕاسپاردەیەکت بۆی نییە؟.

لەرەی پڕ لە پەژارەی دەنگی، هەستێکی تێکەڵ لە خەم و سۆزی، لە دڵی ئەمدا بزواند.

بەدەنگێکی نزم لە وەرامیدا وتی:

– نەء.

کە ڕۆیشت، ئەم بۆ ماوەیەك ڕووەو دەرگەکە، هەر بەڕاوەستانەوە کڕوکاس بوو. بەدەستووری دوای ڕۆیشتنەکەی ئەوڕەحمان، هەستی بەدڵژوارییەکی تەواو دەکرد و بەهەمان دەستووریش، لە نووکەوە پێداچووەوە و هەوڵی دەدا وردی بکاتەوە.

***

## ١٦

ئەگەرچی هەر لە چێشتەنگاوەوە هەور بەری ئاسمانی تەنیبوو، کەچی تەنیا لەو کاتەوەی گەلاوێژ لای فەرهادی جێ هێشت، ئینجا باران دایدا و زۆری پێ نەچوو کردییە رەهێڵە. ئەم بەجۆرێك بەژێر رەهێڵەکەدا هەنگاوی دەنا، کە دەتوت بەسەر دنیاوە نییە!. ئەم سەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستی، گیرۆدەی رەهێڵەکەی ناخی خۆی بوو. راستی نەدەکرد کە گوایە، لە ئاهەنگی نیشانەکردنی مامۆستایەکی قوتابخانەکەیان بووە و بۆ ئەوە دەستی بەخۆیدا هێناوە. راستیشی نەدەکرد کە گوایە، ئەوەی بۆ گەیاندنی ڕاپۆرتەکە بەهەل زانیوە. نەء ..

شەو بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو جێگەکەیدا گینگڵی دا. دەروونی هاتبووە جۆش و بەگرفتەکەوە دەتلایەوە. تا لە پڕێکدا، ئەو پلانەی بەبیردا هات و دەستی دایە قەڵەم و کاغەز، کە لە نووسین بووەوە وتی: «سبەینێ باش خۆم دەڕازێنمەوە. دەزانم قەت وەهای نەبینیوم و سەیری پێ دێ!. قەیناکا .. با وابێ .. منیش ئەوەم دەوێ. ئەگەر پرسیاریشی کرد دەڵێم: لە ئاهەنگێك بووم. تەواو .. بەبەرمەوە نەما! ..». ئەوەبوو وەهای کرد و کەچی، هیچ ئەنجامێکی هەر بەدی نەهێنا!.

لە ناخدا زۆر لە خۆی پڕ بوو. بەژێر رەهێڵەکەدا، بەهەنگاوی لەسەرخۆ، بەرەو ماڵی خاڵی قوڕاوی کۆڵانانی دەشێلا و بەدەروون دەکوڵا: «.. تێ ناگەم بۆچی بەلایەکدا ناکەوێ؟!. یانی دەبێ ئەو دەست پێشخەری بکا؟!. ئێ وا نایکا. جا کێ دەڵێ نەیکردووە؟. نەبوو ئەوجارە وتی: کچێ تۆ زۆر رۆح سووك و جوانیت .. جوانیت؟! ..

نەء وانەبوو. وتی زۆر رۆح سووك و قسە خۆشیت. باشە بابڵێین: ئەمە هیچ ناگەیەنێ و قسەیەکی سادەیە. ئەی ئەوجارەی تر نەیوت: گەلاوێژ .. تۆ لەگەڵ حەز و حەزکاریدا لە چیدایت؟. ئائا .. ئەوجارەی کە باسمان لە گرفتەکەی ئەختەر بوو. من وتم: نیمە. کەچی ئەو وتی: نانا .. هەتە. سا ئەگەر شتێکی بەرامبەرم لە دڵ نەگرتبێ، ئەو پرسیارە بۆ دەکا!. ئا .. کێ دەڵێ نەیکردووە؟. دوور نەڕۆین ئەمڕۆ .. وەها چاوی بەسەرمدا روابوو، هەر ئەوە بوو قووتی نەدەدام!. بەڵام .. بەڵام ئاخر، دوایی خۆی لێ بەهەڵە

بردم. بۆچی؟ .. ها! .. چی تێدایە .. ڕەنگە چەندە لە لایەنەکانی تری ژیاندا هاروهاجە، هێندەش لەم لایەنەیدا شەرمن و دەستەووستان بێ. دەشێ .. هەر مرۆڤە جۆرە ڕەوشت و ڕەفتارێکی هەیە. ئەو شەرمنە و زمانی گۆ ناکا، ڕاست و ڕەوان نیازی دڵی خۆی دەرببڕێ. ئەی من بۆ نەیکەم؟!. دەوترێ: وەڵا دەبێ کوڕ دەس پێشخەری بکا!. بۆچی؟!. ئەمە قسەیەکی هیچ و پووچە. ئەو نایکا من دەیکەم. ئەی ئاخر بەڕاست .. من بۆ نایکەم؟! . سەیرە! .. چی دەقەومێ؟!. یا دەڵێ ئا یا نەء. چی دەبێ ئەگەر بێ پێچ و پەنا پێی بڵێم: من تۆم خۆشدەوێ و حەز دەکەم شووت پێ بکەم .. ڕازی دەبیت؟. ئەویش یا دەڵێ ئا یا نەء. بۆچی نایکەم .. ها .. بۆچی؟! .. کێ؟! .. مریەم؟! . . .».

ئەمە جاری یەکەمی نەبوو ئاوەها خۆی بدوێنێ، بگرە جاری سەدویەك جارەی بوو. ئەو بەخۆی نەدەزانی، کە هۆی سەرەکیی بەئەنجام نەگەیشتنی، ئەم زۆر وتنەوە و پێداچوونەوەیەیە. ئەو ئاگای لە خۆی بڕابوو، کە چۆن خۆی خستووەتە گێژاوی هەردەم پێداچوونەوە و کۆتاییهاتن بەمریەم و ئیتر چەقین!. هەموو جار لە ئاستی مریەمدا دەچەقی. بۆ ماوەیەك بیر و هۆش و هەست و نەستی، وەك لەشکرێك و ببێ بەدوو بەشی دژ بەیەکەوە، تا لە هەلێکی تردا سەرلەنوێ دەس پێ دەکرایەوە!.

کە گەیشتە ماڵی خاڵی، وەك چۆلەکەی لە ئاو هەڵکێشراوی لێ هاتبوو. لە سەر تا پایەوە، بەچۆڕاوگە باراناوی پێیدا دەهاتە خوارەوە. یەکەم کەس بەپیرییەوە هات، مریەم بوو. ئەو وەختە لە هەیوانەکەدا، خەریکی پڕکردنەوەی زۆپایەك بوو لە نەوت. هەرکە بەدیی کرد، خێرا بۆی دەرپەڕییە ناو حەوشەکەوە و بەپەرۆشەوە وتی:

– باجی گەلاوێژ .. ئەوە چییە؟!.

ئەو وەرامی بۆ نەدرایەوە و بەرەو ناو هەیوانەکە، هەنگاوی نا. بێدەنگییەکەی، مریەمی زیاتر شپرزە کرد. لەناو هەیوانەکەشدا، پرسیارەکەی لێ دووبارە کردەوە. کە هەر وەرامی نەبوو، بەپەلە لەچکەکەی لەسەری کردەوە و پاڵتۆکەی لەبەر داکەند. بەپەلەش بەرەو پشت هەیوانەکە بردی کە ئەو کاتە، خاڵۆژنیشی سەری کێشابووە دەرەوە. وازی لێ هێنا بۆ ئەو و خۆی گەڕایەوە بەلای زۆپاکەوە. پڕی پێدا کرد و ڕایفڕاندە ژوورەوە. بەرامبەر بەگەلاوێژ داینا و دایگیرساندەوە. ئینجا ڕای کرد خاولییەکی هێنا و کەوتە سڕینی سەر و قژ و دەموچاوی.

بەلای خاڵ و خاڵۆژن و مریەمەوە، هەموو نیشانەیەك وای دەگەیاند کە شتێکی لێ

قەومابێ. مریەم خۆی پێ ڕانەگیرا. دەستی کردە ملی و وتی:

– باجی .. دڵم شەقی برد .. چی بووە!.

گەلاوێژ تەنیا لەو ساتەدا، وەك لە پرێکدا بەخۆی بزانێ، بە چ حاڵێکی ناهەموارەوە خۆی خستووەتە پێش چاویان، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی و ئینجا سەر و ڕووی ئەوانی کرد. بزەیەکی خستە سەر لێوی خۆی. خاولییەکەی لە مریەم وەرگرت و کەوتە سڕینی دەموچاوی. بەدەمییەوە وتی:

– هیچ نەبووە .. هەر هیچ.

خاڵی وتی:

– نابێ .. لەسەرخۆ نیت ..

– ئەم بارانە لەعنەتییە فرسەتی لێ هێنام.

– لە کوێ بوویت؟.

لەوەدابوو لابکاتەوە بەلای مریەمدا و زوو بەخۆی زانی. نەیکرد و لەسەرخۆ وتی:

– لای فەرهاد .. کە هاتمە دەرەوە نەدەباری.

مریەم دڵی خورپەیەکی کرد. بەبێ ئاگا لە خۆی، هەڵسایە سەرپێ و دووسێ هەنگاو چوو بەولاوە. نەیدەزانی بۆچی وا دەکا!. بۆ ماوەی چەند ساتێك، ڕاوەستا و بەناو ژوورەکەیدا هەڵڕوانی. تا وردە وردە سەرنجی داخـزایـەوە سەر ڕووی گەلاوێژ، کە ئەویش سەری بەرز کردبووەوە و دەیڕوانییە ئەم. ئیتر بەخێرایی بەرەو لای نوێنەکان چوو. بەتانییەکی لێ دەرکێشان و چوو دای بەسەر شان و ملی گەلاوێژدا. خۆشی بەبێدەنگ، لە تەنیشتییەوە دانیشت. لە کاتێکدا خاڵ، بەدەمێکی داچەقاوەوە، سەیری دەکردن و سەرنجی دەدانێ!.

***

بۆ شەوێ، مریەم تا درەنگ وەختێك، خەو نەچووە چاوی. ئەمیش مێشکی ئاڵابووە هەمان باس و پێوەی دەتلایەوە. چەندان جار گەڕایەوە بۆ دواوە، بۆ ڕۆژانی سەرەتای پەیدابوونی فەرهاد و ئینجا بۆ یەك بەیەکی، هەڵسوکەوت و قسە و باسەکانی لەگەڵ ئەمدا، یا گەلاوێژ لەگەڵ ئەودا، یا نێوان ئەم و گەلاوێژ. کەچی هەموو جار ئەنجام، هەر بەچەقین و رامان دەشکایەوە، ئینجا تلانەوە بەدەستییەوە! ..

« .. من دەزانم ئەو منی دەوێ .. ئا .. منی دەوێ. جارێك و دە و سەد، بۆی سەلماندووم کە حەزی لە منە. ئەوە نەبوو دوای حاڵەتە لەعنەتییەکەی بەسەرمدا هات، کە ڕێم کەوتەوە لای، چەند بە سۆزەوە وتی: تۆ لە ئێستاوە، من بەبرایەکی گەورەی خۆت بزانە. منیش تۆ وەك خوشکێکی بچووکی خۆم، بەسەر دڵمەوە دەگرم. ئا .. هەر ئەوجارە وای وت. ئەگینا لەوە بەدواوە، هەموو جار وتوویێتی: ها کچە جوانەکە .. چۆنیت؟. یا دەڵێ: بەخێربێیت کچی جوان. نەبوو من جارێکیان لە دەمم دەرچوو وتم: ئاخر خۆ من کچ نیم!. کەچی ئەو وتی: نا .. تۆ لەلای من هەر کچیت و کچێکی زۆر جوان و شیرینیش.

ئەی ڕۆژی بەستەڵەك و سەرما قورسەکە .. ئەوە نەبوو من کە گەیشتمە لای و کەسیرە بووبووم، چۆن بۆم هەراسان بوو! .. چۆن داینیشاندم و بەتانییەکی تێوە پێچام! .. چۆن چوو دایکی نەوزادیشی بانگ کرد کە یاریدەم بدا. ئینجا کە ئەو جێی هێشتین، چۆن هات بەرامبەرم دانیشت و بەوردی سەیری دەکردم، دوایی دەستی درێژ کرد بەسەر و قژمیدا بێنێ، کەچی جەنابی ناموبارەکم سڵەمیمەوە و ئەویش خێرا، لێم کشایە دواوە. ئێ باشە بۆ وام کرد؟! .. پاڵم نەگەڕێ!. جارێکی تریش ئەو ئەتوارەم لەگەڵدا نواندەوە. ئا .. خۆ شتەکە دیارە .. ئەو منی دەوێ و حەزی لە منە نەك لە گەلاوێژ ...».

ئەمیش لێرەوە ئیتر لێی دەئاڵۆزا و بۆی بەئەنجام نەدەگەیەنرا. دەیوت: «.. ئەی ئاخر، ئەویش فەرهادی دەوێ!. ئا .. ئاگەدارم .. زۆری حەز لە فەرهادە. وا تێ دەگەم هەندێ جار رقیشی لێم دەبێتەوە. دەزانێ فەرهاد منی دەوێ. دەیسا ئاخر من چی بکەم؟! .. نازانم چی بکەم؟!. باجی گیان .. چی بکەم باشە؟ .. ها .. چی؟. ئەگەر ئەوە بکەم، ئیتر چۆن رووم بێ لە ئاستی تۆدا، سەر هەڵبڕم؟. تۆ چیت بۆ نەکردم؟ .. تۆ نەبوویت رزگارت کردم لە دڕندەکە؟ .. تۆ ..».

لەم دوا قسەیەی خۆی ڕاچڵەکی و برووسکەیەك دای لە هەناوی!. هەر جارێك وشەی (دڕندەکە) یا ناوەکەی بەسەر دەمی خۆی یا هەر کەسێکدا بهاتایە، ئەم تەنانەت دوای رزگاربوونیشی لە حاڵەتی زارەترەکبوونەکە، تووشی ئەو ڕاچڵەکین و برووسکەیە هەر دەهات!. بۆیە بەدوایدا هەڵسا و دانیشت. ماوەیەکی زۆر بیر و هۆشی لە کار کەوتن. دەتوت بەسەر دنیاوە نەماوە. تا کاتێ بەئاگا هاتەوە، خۆی خستەوە ناو جێگەکەی و بەکپی دەستی کردە گریان.

***

## ١٧

ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەکە، بەرۆکی ئەوڕەحمانی بەرنەدەدا. هەندێ جار، بەتایبەتی دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژی تری لەگەڵ فەرهاددا، خۆی قایل دەکرد کە کردەوەیەکی هەڵەیە و دەبێ نەیکا. بەڵام زۆری پێ نەدەچوو، ئارەزووەکە وەك ئاگرێك لە دەروونیدا کلّپەی دەسەندەوە و دەیهێنایە سوێ.

دەمەدەمی ئێوارەی رۆژێکی خۆشی بەهار بوو، کە چاخانەکەی جێ هێشت و بەرەو ماڵی خورشید کەوتە رێ. ئەو پێش ئەم بە سەعاتێك رۆیشتبوو. پێشتر ئاگەداری کردبوو کە دایکی دەیەوێ بیبینێ. ئەم دەیزانی بۆ چییە. لەوەبەر زۆراب بەگوێیدا دابوو. باس لە ئاسکۆڵە و گواستنەوەی. لە کاتێکدا لەلای ئەم، باسەکە بەندی گرفتی تۆڵەسەندنەوەکە بوو. لەبەر ئەوە وەرامێکی پەسندی بۆ نەدەدرایەوە.

بەدەم رێوە، بەردەوام بیری لێ دەکردەوە، هەر دەیهێنا و دەیبرد و نەیدەزانی چ وەرامێك ئامادە بکا!. کە گەیشتە نزیك ماڵ و هەر نەبوو، وازی لێ هێنا بۆ کاتی خۆی.

کە خۆی کرد بەماڵدا، ئاسکۆڵ لە حەوشەکەدا بوو. ئەم لێی چووە پێشەوە و وتی:

– ماچێکم نادەیتێ؟.

ئەو بەپێکەنینەوە وتی:

– ماچی چی و تەڕەماشی چی! .. تۆ دادگەت بۆ دانراوە!.

– ئاوا! .. دەعواچی کێیە؟.

– دایکم.

– دایکت یا تۆی جانانە؟.

هەردووکیان پێکەنین و بەرەوژوور بوونەوە.

**

بەدەم نانخواردنەوە، ئەم هێشتا هەر مێشکی خۆی هەڵدەووشی!. تا لە پڕێکدا بۆی

هات و لە دڵی خۆیدا وتی: «باشە بۆچی بەبارە راستەقینەکەدا، بۆ خورشیدی دەرنەبڕم و ئینجا ئەو بەفریام بکەوێ؟!».

وای کرد .. دوای نانخواردن، بەخورشیدی وت:

– شتێك هەیە دەمەوێ پێکەوە باسی بکەین. حەز دەکەم بچینە ئەودیو.

کە دانیشتن، یەکسەر وتی:

– هەر مەگەر تۆ بەفریام بکەویت!. تکایە چارم بکە!.

خورشید قسەکەی بەلاوە سەیر بوو!. وای لە دڵ گرت، کە دەبێ شتێکی بەسەر هاتبێ و بەدەستییەوە دۆش دامابێ!. بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– سەیرە! .. چی بووە؟! .. ئادەی ..

– بەڵێنم دەدەیتێ؟.

– بێگومان .. سەرم لە رێتە .. بڵێ..

– دایکت .. حەز ناکەم دڵی لێم بیەشێ.

خورشید هێندەی تر عاجباتیی لێ هات. دەمی داچەقاند و حەپەسا!. ئەم زوو روونی کردەوە و وتی:

– ئاسکۆڵ .. دایکت دەیەوێ بیگوێزمەوە.

ئەو کە چاوەڕوانی هەواڵێکی زۆر سەخت و دژواری لێ دەکرد نەك ئەم قسە ساکارە، لە سەرەتادا پەستی و بێزاریی نیشان دا و رووی گرژ بوو. کەچی لە ناکاوێکدا، دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– ئەمە هەموو شتەکە بوو؟!.

ئەوڕەحمان وتی:

– بۆ گوایە کەمە؟!.

– ناوەڵا زۆر زۆرە! .. لەوانەیە لە ئەنجامیدا، ئاسمان بەسەر زەویدا بڕووخێ!.

– بۆ من شتێکە لەو بابەتە.

– ئای! .. بۆچی؟!.

– جارێ ناتوانم بیگوێزمەوە.

– ئێ مەیگوێزەرەوە.

– ئاخر دایکت دڵی لێم دێشێ .. بگرە ئاسکۆڵیش. چۆنیان رازی بکەم؟.

خورشید کەمێ لەسەری  راوەستا و بیری کردەوە. ئینجا سەرنجی لە رووی ئەورەحمان گیر کرد و وتی:

– باشە بەڕاست .. بۆچی ناتوانیت؟!. من شتێکی کەمم لە باسەکە بەرگوێ کەوتووە. دایکم رای وایە، بەکراسی بەری خۆیەوە بیبەیت و لەگەڵ دایکیشتدا پێکەوە بن. ئیتر بۆ نەء.

– ئاخر ..

– ئاخر ئەوەی بۆ تۆ لواوە، بۆ . . .

– بزنی دێ لێژە؟!.

– ئا .. هێندەشی من پێ بزانم، ئاسکۆڵە چووەتە بن کڵێشەی دایکمەوە و هانی دەدا. ئیتر لەوە زیاتر چیت دەوێ؟!.

ئەورەحمان بەبیستنی ئەم قسەیە، تاسێك بردییەوە و مت بوو. شریتی باسی تۆڵەسەندنەوەکە، بەخێرایی بەبیر و هۆشیدا تێسکەی کردەوە و گەیاندییەوە دوا بڕیار.

لەوەدابوو هەڵی بسەنگێنێتەوە و خورشید وتی:

– بەڵام من وا تێ دەگەم، تۆ شتێکت لە دڵی خۆتدا حەشار داوە و دەتەوێ دەری ببڕیت .. وایە؟.

– وایە و گوێ بگرە بۆتی باس بکەم.

– فەرموو .. دڵم لەلاتە.

– من دەبێ ئەو جاسووسە نامەردە، بەسزای خۆی بگەیەنم!.

خورشید ڕاچەنی و لێی قیت بووەوە. سەرنجێکی وردی دایە و وتی:

– گوایە هێشتا ئەوەت هەر لە مێشکدا ماوە؟!. ئێمە کەی بوو باسمان کرد؟! .. دەمێکە .. تۆ لەوساوە لێی بێدەنگیت!.

– نەبووم .. لەگەڵ تۆ ئا، بەڵام شوێنی تر نەء.

– وتیان چی؟.

– وتیان نەء.

– یانی تەواو .. کە وتیان نەء، ئیتر دەبڕێتەوە.

– ئاخر نابڕێتەوە.

– مەبەستت چییە؟!.

– دەیکەم .. بە سزای خۆی دەگەیەنم.

– نەیکەیت چاکە .. تاقیکردنەوەکەی منت لە بەرچاو بێ.

– لە بەرچاومە. تۆ خۆت بڵێ: ئەنجامەکەی چۆن بوو؟.

– راستە .. بەڵام دوورتر بڕوانە و قووڵتر بۆی بچۆ.

– وام کردووە .. بۆیە دەیکەم.

هەردووکیان بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوون. تا خورشید وتی:

– با بێینەوە سەر باسەکەی تر .. ئاسکۆڵ .. گواستنەوەی ئەو بۆچی بەم مەسەلەیەوە دەبەستیت؟.

ئەورەحمان وتی:

– جا ئەوە قسەی پێ دەوێ؟!. ئاشکرایە .. رەنگە لە ئەنجامیدا، تووشی گێچەڵ ببم و نامەوێ ..

ئەو نەیهێشت تەواوی بکا. وتی:

– ئێ ئێ .. تێ گەیشتم. مایە سەر ئەوەی بزانم: تۆ چیت لە من دەوێ؟.

– ئا .. من خۆم چەندە سەرم هێنا و سەرم برد، بەهانەیەکی وەهام بۆ نەبینرایەوە، دایکتی پێ رازی بکەم کە چاکتر وایە جارێ نەیگوێزمەوە. ئەوەی لە تۆم دەوێ، رازیکردنێتی.

– وەکو چی؟ .. بڵێم چی؟

– حەی! .. ئەی من بۆچی هاوارم بۆ تۆ هێناوە؟!.

– راست دەکەیت .. دڵنیابە .. جێبەجێی دەکەم. بەڵام دەڵێم ..

– بڵێ ..

– باشتر وایە زیاتر بیری لێ بکەیتەوە. مەسەلەکە بتەوێ و نەتەوێ، دەچێتە قاڵبی

تۆڵەسەندنەوەیەکی تاکەکەسییەوە.

– لای من وا ناکەوێتەوە. ئەگەر وەهاش بێ، هەقێکی ڕەوای خۆمە و کەس ناتوانێ لێمی زەوت بکا.

***

لەوەدابوون هەڵسن بگەڕێنەوە ژوورەکەی تر و دەنگی لێدانی دەرگەی حەوشەیان کەوتە بەرگوێ. زۆری پێ نەچوو ئاسکۆڵ کە چووبوو بەدەنگەوە، لە دەرگای ژوورەکەی دا و سەری کێشایە ژوورەوە، وتی:

– خورشید .. ئەختەرە هاتووە!.

کە ئەختەر بەدەم هەنسك هەڵدان و لرفەی گریانەوە خۆی کرد بەژووردا، بەپرتاو هەڵسا و بەرەو ڕووی چوو. وەها شپرزە بوو، کە نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ!. تەنیا دەستی خستە ناو دەستی خۆیەوە و هەر بەپێوە دۆش داما. ئەورەحمان لەلای خۆیەوە، لێی هاتە قسە و وتی:

– ئەختەر .. چی بووە؟! .. چی ڕووی داوە؟!.

ئەو قورگی پڕ لە قوڵپی گریانی، بواری نەدا وەرام بداتەوە. خورشیدیش هێشتا هەر تاس بردبوویەوە و قسەی بۆ نەکرا. ئەورەحمان وتی:

– دەدانیشن .. با بزانین چی بووە!.

ئەو وەختە جگە لە ئاسکۆڵ، دایکیشی هاتبووە لایان. ئەو ڕووی قسەی لە ئاسکۆڵ کرد و وتی:

– ئەوە چییە؟! .. چی بووە؟!.

ئاسکۆڵیش کە هەر دۆش دامابوو، هیچی نەوت. ئەورەحمان وای بەچاك زانی، بواریان بدەن کە دووقۆڵی خۆیان بدوێن. ئاسکۆڵ و دایکی لەگەڵ خۆیدا برد و چوونەوە ژوورەکەی تر. ئەوسا خورشید زمانی بەربوو. وتی:

– ئەختەر گیان .. بۆ وا دەکەیت؟! .. چیت بەسەر هاتووە؟!.

ئەو بەدەم لرفەی گریانەوە وتی:

– مێشك بۆگەنەکە .. هاتەوە گیانم!.

– چۆن؟! .. چی کردووە؟!.

– دەیەوێ بمدا بە شوو!.

– بتدا بە شوو؟! .. بە کێ؟!.

– نازانم کێیە.

– بەدرێژی بۆمی بگێڕەوە.

– من تا ئەم عەسرەش، ئاگام لە هیچ نەبوو. کە لە قوتابخانە گەڕامەوە، دوو ژنم بینی لای دایکم دانیشتبوون. پێش ئەوەی بەخێرهاتنیان لێ بکەم، دایکم هات بەپیرمەوە و بردمییە ژوورەکەی خۆم. لەوێ وتی: خۆت بگۆڕە و تۆزێ دەست بەخۆتدا بێنە. وتم: بۆچی؟. وتی: ئەو ژنانە هاتوون بۆ بینینت .. دەیانەوێ بتخوازن. من هەر واقم وڕما!. وتم: دایە ئەوە تۆ چی دەڵێیت! .. بەڕاستتە یا گاڵتە دەکەیت؟!. کەچی وتی: گاڵتە ناکەم کچەکەم .. بۆچی گاڵتە دەکەم. تۆ .. خەریك بوو لەسەری بڕوا و نەمهێشت. وتم:

دایە .. دەچیت بەحەیای خۆیانەوە بەڕێیان بکەیت، یا خۆم بچم بەپاڵ بیانکەمە دەرەوە؟!. ئەو ویستی قسە بکا و هەر نەمهێشت. وتم: دەچیت یا من بچم؟. ئیتر وتی: دەچم .. بەڵام کە کاکت هاتەوە، چی لەگەڵدا دەڵێیت؟!. من هەرکە دایکم قسەکەی کرد، زانیم دەستی ئەوی تێدایە.

تۆزێ بێدەنگ بوو. قوڵپی گریانی نیشتبووەوە. بەقۆڵی کراسەکەی، فرمێسکی لە چاوی سڕی. خورشید وتی:

– دوایی؟.

– دوایی کە هاتەوە، قسەی زۆر پێ وتم و لێمان بوو بەدەمەقاڵە. دواجار بەهەڕەشەکردنەوە وتی: چارت ناچارە! .. دەبێ لە سبەینێوە واز لە خوێندن بێنیت و دەبێ لە ماوەی مانگێکیشدا، هەموو شت ببڕێتەوە!.

خورشید وەها رقی هەڵسابوو، کە دەتوت گڕی ئاگرێك لە دەروونیدا کڵپە دەکا و ناخی دەقرچێنێ. بەئاشکرا گوێی لە ترپەترپی دڵی خۆی بوو، کە لە حیرسا کەوتبووە پەلەپەل. دەیزانی دان بەسەر یەکدیدا دەسوێ و لێوی دەلەرزن. ئاگەدار بوو چۆن سەراپای لەشی، نیشتووەتە سەر ئارەقێکی لینجی گەرم. لەگەڵ ئەوەشدا، هێندە هۆشی

بەخۆیەوە بوو، کە بزانێ ئەختەر لە چ بارێکی ناهەمواردایە و دەبێ لەبەر ئەو، دان بەخۆیدا بگرێ و هەڵنەچێ. بۆیە لەوە زیاتر کە بە سۆزەوە دەستی هەڵدەووشی، هیچی تری نەکرد و نەوت. تا کاتێ ئەختەر، بەدوای ئەو قسانەیدا وتی:

– خورشید گیان .. بەفریام بکەوە. ئیتر لە توانامدا نەما. ئیتر بەسە. یا رزگارم بکە، یا خۆم دەکوژم!.

ئیتر هەموو ئەو نیشانانەی پێوە رەوینەوە و ترس و سامێکی کوتوپڕ، جێگەی گرتنەوە.

بەپرتاو بەرامبەری خۆی خستە سەر چۆك. باوەشی کرد بەسەریدا و کەوتە ماچکردنی بەپاڕانەوەوە وتی:

– نەء .. ئەختەر گیان نەء .. ئەو قسەیە مەکە .. قەت ئەو قسەیە مەکە.

ئینجا وەکو وا بزانێ کە ئەورەحمان هێشتا لەوێیە، ئاوڕی دایەوە و هەڵی ڕوانی. کە نەبوو، دەستی لەو بەردا و قەڵەمبازدی دا. چوو بێ هیچ قسەیەك، دەستی گرت و هێنای. کە دانیشتن، بە خەمبارییەکی قووڵەوە وتی:

– خراپ لێمان قەوماوە!.

ئەورەحمان بۆی نەسەلماند. تەنیا وتی:

– بۆمی باس بکە بزانم.

کە بۆی باس کرد، تێ گەیشت چ ئەرکێکی سەختی لەسەر شانە. دەیزانی گرفتەکە ئاڵۆزە. دەشیزانی کە باری دەروونییان ئاڵۆزترە و پێش دەسنیشانکردنی چارەسەر بۆ گرفتەکە، دەبێ کارێك بکا بیانهێنێتەوە سەرخۆ و هێمن ببنەوە. بۆیە بێ نواندنی هیچ نیشانەیەکی گاڵتەجاڕی وتی:

– ئێوە دەزانن چۆلەکە کە دەنوێ چی دەکا؟!.

ئەوان لە پرسیارەکەی دۆش دامان!. ڕوانییانە یەکتر و هیچیان نەوت. ئەم وتی:

– دەڵێن کە دەنوێ، هەردوو قاچی هەڵدەبڕێ بۆ ئاسمان!. دەزانن بۆ وا دەکا؟!.

ئەوان هەر هیچیان نەوت. ئەم لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– دەڵێن: گوایە بۆیە وا دەکا، کە ئەگەر ئاسمان بەسەر زەویدا رووخا، بەقاچەکانی بیگرێتەوە و ڕاگیری بکا!.

ئەوان کە ڕوانییانەوە یەکتر، تارماییی بزەیەك کەوتبووە سەر لێویان. ئینجا کە خورشید بەدەمییەوە، ڕووی بۆ وەرگێڕا و وتی:

– ئێی؟!.

لە وەرامیدا بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی:

– ئێ ئێوەش وابکەن .. دوو چۆلەکەن و دەزانن وا ئاسمانە و بەسەر زەمیندا دەڕووخێ .. وا بکەن!.

خورشید زوو تێ گەیشت. ڕووی گەش گەش بووەوە. دەتوت قەت ئەوە، خورشیدە هەراسان بووە ئۆقرە لەبەربڕاوەکەی تۆزێ لەوەبەر نییە. بەو ڕووە گەشەوە، ڕوانییانەوە ئەختەر و وتی:

– وا بکەین؟! .. لەو باوەڕەدایت کە تەواو! .. ئاسمان بەسەر زەمینماندا دەڕووخێ و کۆتاییمانە؟!. ها؟! .. لەو باوەڕەدایت؟!. تەنانەت ئەگەر وەهاش بێ، ئەوەتا بەهەردووکمان، چوار قاچمان هەیە و دەیدەینە بەری. نایەڵین .. وانا؟!.

ئەختەریش ڕووی ڕوون بووەوە، وتی:

– با .. بەڵام چارەسەر؟!.

خورشید لای کردەوە بەلای ئەوڕەحماندا. ئەم ڕووی قسەی کردە ئەختەر، وتی:

– تۆ خۆت چیت لە دڵ گرتووە؟.

– من؟ .. من ئیتر پێ نانێمەوە ناو ئەو ماڵە.

– ئەی چی دەکەیت؟.

– من لە ئێوە دەپرسم .. چی بکەم؟.

– هەقتە ..

خورشید وتی:

– ماڵی پوورت.

ئەختەر وتی:

– ناچم .. ئەوێش ناچم.

– ئەی کوێ؟.

– ئێرە .. لێرە دەبم.

خورشید روانییەوە ئەورەحمان. ئەم لەسەرخۆ وتی:

– ئەختەر .. خەیالاوی مەبە و ئەقڵ بەکار بێنە. ئەوەی تۆ دەیڵێیت بە قسە ئاسانە. لە کاتێکدا بەکردار، کارێکی زۆر ئەستەمە. راستە ئەمە ئەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییە لە تۆوە بەرامبەر بەخورشید و من دڵنیام کە ئەمیش سەری لە رێتدایە، بەڵام دەبێ ئەقڵی لەگەڵدا بەکار بێنیت. ئیشەکە هەروا ئاسان نییە. گریمان تۆ لێرە مایتەوە. ئێ ئاخر سبەینێ دەچن شکات دەکەن و ئەوسا ..

ئەختەر وەك بەدەم قسەکانەوە خۆی خواردبێتەوە، قسەی پێ بڕی و وتی:

– سبەینێ لە پێش پێی ئەواندا، ئێمە لە بەردەمی قازیدا دەبین. ئیتر با هەر لە ورگی خۆیان بدەن.

ئەورەحمان واقی ورما!. قەت چاوەڕوانی ئەم قسەیەی نەدەکرد. روانییەوە خورشید و سەیری کرد، ئەو دەخنێتەوە. ئەو لایەنی سۆز و خۆشەویستییە پڕ لە فیداکارییەکەی لێ وەرگرتبوو. پێی شاگەشکە بووبوو. ئەم ئەقڵی نەیگرت. بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن. دوای ماوەیەك، رووی قسەی کردەوە ئەختەر و وتی:

– هەر نابێ .. ئەنجامەکەی زۆر خراپ دەبێ .. تووشی گێچەڵ دەبن. چاکتر وایە بەرگە بگریت و کۆڵ نەدەیت.

خورشید کە لەو کاتەدا، مەیلی بەلای پێشنیازەکەی ئەختەردا هەبوو، لە پڕ گفتوگۆکەیانی سەبارەت بە زایەر و سزادانی بیر کەوتەوە و پێی سەیر بوو!. لە دڵی خۆیدا وتی: «مانای بەچی؟! .. خۆ ئەویشیان لەم بابەتە گێچەڵەی لە دوایە!. خۆ هەوێنی ئەویشیان وەك ئەمیانە!. لەولا ئاسکۆڵ و لەملا ئەختەر. ئای! .. بۆ ئەویان دەڵێ ئا و بۆ ئەمیان نەء! .. سەیرە!».

روانییە ئەورەحمان و نیازی وابوو، باسەکەی لەگەڵدا بکاتەوە. بەڵام کە زیاتر بیری لێ کردەوە، رای گۆڕی و خستییە وەختێکی تر. بۆ ئەختەریش، وەك پێویستی بەئامۆژگاریی ئەو نەمابێ، لە شێوەی فەرماندا وتی:

– گوێ بگرە ئەختەر .. جارێ ئەمشەو، هەر دەبێ بچیتە ماڵی پوورت. بۆ لەوەدواش، سبەینێ قسەی لێ دەکەین.

ئەختەر لە شێوە فەرمانییەکەی قسەکە تێ گەیشت. وتی:

– بەمەرجێك سبەینێ ساغی بکەینەوە.

– بەڵێن بێ.

کە خۆیان ئامادە کرد بکەونە ڕێ، ئەوڕەحمان وتی:

– منیش لەگەڵتاندا دێم.

خورشید وتی:

– پێویست ناکا.

کە ڕۆیشتن، ئەوڕەحمان لەلای خۆیەوە، هەستی کرد کە دوا هەڵوێست و قسەکانی خورشید ئاسایی نەبوون!.

***

## ١٨

خورشید ئەو شەوە، تا درەنگ وەختێك بەدەست گرفتەکەوە تلایەوە. چی بکا و چۆنی چارەسەر بکا؟!. هەروەکو بەردەوام لەگەڵیدا، بایەدایەوە سەر هەڵوێستە ناکۆکەکەی ئەوڕەحمان و هەمووو جار دەیوت: «یانی کاتێ باس لە ئاسکۆڵ و زایەر بێ، دەبێ زایەر تەمێ بکرێ. کەچی کە باس لە ئەختەر و کاکی بێ، دەبێ ئەقڵ بەکار بهێنرێ و گوێ نەدرێتێ!. ئەی بۆچی ئەمیش تەمێ نەکرێ، تا واز بێنێ؟!».

ئەم لەو وەختەوەی بەراوردەکە، لە مێشکیدا ئاوەها سەری هەڵدا و لە ئەنجامیدا، گفتوگۆکەی سەبارەت بەئەختەر لەگەڵدا قرتاند، کەوتە گێژاوی ڕاڕاییەکی دژوارەوە. کە ئەختەری گەیاندە ماڵی پووری و گەڕایەوە، ئەوڕەحمان رۆیشتبوو. ئەمەی پێ خۆش بوو، چونکە حەزی لێ نەبوو وا گەرماوگەرم، لەو رووەوە دەمەتەقێی لەگەڵدا بکا. دەیویست جارێ لەگەڵ خۆیدا یەکالای بکاتەوە.

«چی بکەم باشە و چۆنی چارەسەر بکەم؟!». بە بارە دەستوبردەکەیدا، هەر زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێشنیازەکەی ئەختەر، لە جێی خۆیدا نییە و ناکرێ. کەوابێ چارەسەری دەستوبرد، هەر ئەوەیە کە پەنا بەرێتە بەر ماڵی پووری. ئینجا بەردەوامیش بێ لەسەر بەرگەگرتن و کۆڵنەدان. ئەی ئەمە تاکەی و چۆن ببڕایببڕ، رزگاری بکا لە گێچەڵی ئەو کاکە؟!. ڕاراییەکەی لێرەوە دەستی پێ دەکرد و هەر لێرەشەوە، بایەدایەوە سەر هەڵوێستەکەی ئەوڕەحمان.

«چاکە .. منیش وا دەکەم. مرۆڤێکی جانەوەرە و زەرەر دەدا. بیرازێکی باش بکرێ، تەمێ دەخوا و واز دێنێ. ئا .. وا دەکەم». بەلام کە وردی دەکردەوە، بەچەند بارێکدا لێی دەکەوتە گومانەوە. «کارێکی تاکەکەسییە و پێچەوانەی بیروباوەڕمە .. داد نادا و باسەکە ئالۆز دەکا .. هەر چۆنێك بێ برای ئەختەرە ..».

درەنگ وەختێك، بەئەنجامێکی مامناوەندی گەیشت و وتی: «با هەرەشەیەکی لێ بکەین، بزانین چۆن دەبێ!».

بۆ بەیانی، وەك شەوێ لەسەری ڕێك کەوتبوون، لە ماڵی زۆراب یەکتریان بینی، ئەختەر هەواڵی لای خۆی پێ ڕاگەیاند و وتی:

– شەوێ کە خۆم کرد بەماڵدا، دایکم لەوێ بوو. پێش من بەماوەیەکی کەم گەیشتبوو، کە چوومە ژوورەوە، پوورم هات بەپیرمەوە و باوەشی کرد بەسەرمدا. دیاربوو لەسەر من، قسەی پێ وتبوو. لە تەنیشت خۆیەوە دانیام و بە دایکی وت:

– تۆ دەڵێی دایکی نیت! .. دەڵێی دۆزیوتەتەوە!. ئەگەر خۆت بەدایکی نازانیت، وازی لێ بێنە بۆ من. من لە خەجێم زیاتر خۆشدەوێ. بۆ وای لێ دەکەن .. بۆ؟!.

دایکم زۆر شپرزە بووبوو. چاوەڕێم دەکرد بپرسێ: لە کوێ بووم و وەرامیشم ئامادە کردبوو. کەچی لە پەشۆکاویدا نەیکرد و کڕوکاس بوو. دوای تۆزێ، وەك لە ئاستی قسەکانی پوورمدا شەرمەزار بووبێ، وتی:

– ئێستا چی بکەین؟!.

پوورم وتی:

– دەتەوێ چی بکەین؟!. ئەختەر لە ئێستە بەدواوە کچی منە. منیش لەو بابەتە نیم بیەڵم، کچم ئاوەها زەلیل بکرێ وەك تۆ دەیکەیت!.

دایکم وتی:

– ئاخر باجی ..

پوورم بە تووڕەیییەوە وتی:

– ئاخر و ماخری پێ ناوێ. لای من دەبێ و بڕایەوە.

ئەختەر بێدەنگ بوو. خورشید شاگەشکە بووبوو. وتی:

– ئێ .. دوایی؟.

– دوایی دایکم هەڵسا بڕوا و پوورم پێی وت: سبەینێ بە یەکێ لە منداڵەکاندا، جلوبەرگ و کتێبەکانی بۆ بنێرە.

خورشید بەپەرۆشەوە، باوەشی کرد بەسەریدا ماچی کرد. ئینجا وتی:

– کەوابێ پێویست ناکا، ئەوەی بڕیارم دابوو بیکەم.

ئەختەر وتی:

– چیت بڕیار دابوو؟!.

– هیچ .. نیازم وابوو، سووکە هەڕەشەیەکی لێ بکەم کە شەڕمان لێ لادا.

– جا بۆ نایکەیت؟ .. بیکە و بگرە با قورسە هەڕەشەش بێ.

– ئاخر .. هەرچۆنێك بێ کاکتە.

– دەك خوا بیبڕێ بۆ چ کاکێکە!. من حەز دەکەم بیکەیت، چونکە دەزانم واز ناهێنێ. من دەیناسم چ ماڵێکە.

– دەیکەم .. بەڵام دڵنیایت کە پێت ناخۆش نابێ؟. من شەوێ زۆرم بیر لێ کردەوە. کە گەیشتمە ئەو ئەنجامە، بڕیارم وابوو پێش کردنی، پرست پێ بکەم.

– پێم ناخۆش نابێ.

***

خورشید ئەو ڕۆژە نەچوو بۆ ئیش و هەر بیری لێ کردەوە. تا بڕیاری دا کە ئەوڕەحمان ئاگەدار بکا. ئێوارە کە لە چاخانەکە یەکدگیر بوونەوە، ئەو زوو لەمی پرسی:

– چیتان کرد؟.

ئەم وتی:

– با بچین پیاسەیەك بکەین.

نیازیان وابوو، بەرەو دەشتەکەی خوار سانەویی کوڕان بچن. کە گەیشتنە سەر جادە، زۆر نەڕۆیشتن و زایەریان بینی بەرەو ڕوویان دەهات. ئەوڕەحمان لەو ڕۆژەوەی بەربووبوو، ئەوە یەکەم جاری بوو دەیبینی. لەوەبەر کە ناوی دەبرا، یا کە خۆی بەبیریدا دەهات، تەنیا دڵی دەگوشرا و بەنهێنی، سووکە دانەجیرەیەکی دەکرد. کەچی بینینەکەی، تووشی شێوە هیستریایەکی کرد!. سەرەتا کسپەیەك بەهەناویدا تێسکەی کرد و دەروونی ئاگر دا. ئینجا هەموو لەشی داگیرسا و نیشتە سەر ئارەقێکی گەرم. بەدوایدا پێڵووی چاوی و لێوی کەوتنە لەرزین و ددانی بەتوندی، بەسەر یەکتردا جیڕ بوونەوە. بگرە لەرزینی پێڵووەکانی، دیمەنەکەی لە بەرچاوی تەماوی کرد. تا لە دەنگی خورشید وریا بووەوە کە قۆڵی ڕادەوەشاند و بانگی لێ دەکرد:

– ئەوڕەحمان .. ئەوڕەحمان!.

کە ئاوڕی لێ دایەوە، ڕووی ئەویشی تەماوی بینی. بەڵام کە دەنگی کەوتەوە بەرگوێ و دەیوت:

– وریابە .. دان بەخۆتدا بگرە .. نەیقەومێنیت! .. وانابێ.

ئەوسا بەرچاوی روون بووەوە. بینایی لەو لادا و روانییەوە لای زایەر. ئەو کاتە چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە ئاستیان. ئەم سەراپای لەشی کەوتە لەرزین. خورشید توند قۆڵی گوشی و وتی:

– ئاگات لە خۆت بێ .. نەکەیت!.

خۆی زەوت کرد .. هەرچەندە زایەری وا بینی، کە بە کەمتەرخەمییەوە بەلایاندا رادەبووری و بگرە زەردەخەنەیەکی ژەهراویشیان بەڕوودا دەدا، کەچی هەر دانی بەخۆیدا گرت و نەبزوا. کە کەوتنەوە رێ، هەردووکیان بۆ ماوەیەك کشومات بوون. تا خورشید وتی:

– خەریك بوو بیقەومێنیت!.

ئەورەحمان هێمن بووبووەوە. وتی:

– چاك بوو لەگەڵمدا بوویت.

– یانی چاکم کرد؟.

– چاکت کرد .. وەك وتت: وانابێ.

– منیش هاتوومەتە سەر ڕای تۆ.

ئەورەحمان لە قسەکەی راما!. راوەستا و بە سەرسامییەوە سەرنجی دایە. وتی:

– مەبەستت چییە؟.

خورشید وتی:

– دەبێ تەمێ بکرێن.

– بکرێن؟! .. وا زایەرم زانی .. ئەوانی تر کێن؟!.

– کاکی ئەختەر.

ئەورەحمان خنایەوە، وتی:

– یانی پیاسەکەمان بۆ ئەو مەبەستە بوو؟.

– بەڵێ.

– بلێ بزانم.

– سەبارەت بەخۆم. جارێ هەڕەشەکردنم بۆ بڕیار داوە. با ئەمەیان بکرێ بزانم چۆن دەبێ.

– سەبارەت بە منیش، بکوترێ ..

– بکوترێ.

پێویستییان بەدوورتر ڕۆیشتن نەبوو. گەیشتنە ئاستی قوتابخانەی سانەوی و گەڕانەوە.

نیازیان بینینی حەمەشین بوو. کە چاخانەکەیان جێ هێشت، ئەو لەوێ سەرقاڵی دۆمینەکردن بوو. چوون هەڵیان ساند و لەگەڵ خۆیاندا بردیان. نانی ئێوارەیان لە ماڵی ئەوڕەحمان خوارد. ئیتر کە باسەکەیان لەلا درکاند، وتی:

سەرم پێوە نییە.

***

هەڕەشەکە لە کاکی ئەختەر، زوو جێبەجێ بوو. هەر دوای هەفتەیەك، دوو کەس لە کۆڵانەکەی ماڵی خۆیاندا بەگیریان هێنا. ئێوارە وەختێکی درەنگ بوو. کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوو. یەکێکیان لە پشتەوە، نووکە خەنجەرێکی چەقاندە قەبرغەی و ڕای وەستان. ئەوی تریان بەهێمنی پێی وت:

– ئاشقە و ماشقە لە یەکتری نەکرێن چاکە. ئاقڵ بە و لە یەکتریان مەکە.

ئەو تۆقی. دەمی چووە کلیلە و هیچی بۆ نەوترا. تەنانەت کە دەستیشیان لێ بەردا و ڕۆیشتن، بۆ ماوەیەك لە جێی خۆی چەقی و وڕوکاس بوو. ئینجا هەر بەو دیمەنەیەوە، هەنگاوی نا و خۆی کرد بەماڵدا. دایکی و باوکی، هەر لە ڕێوە هەستیان پێ کرد. کە پرسیاریان لێ کرد، یەکەم جار خەریك بوو بۆیانی باس بکا. بەڵام بەفریا کەوت و تەنیا وتی:

– هیچ نییە .. کەمێ ناساغم.

ئیتر چووە ژوورەکەی خۆی. بەبێ خۆگۆڕین، دانیشت و تاس بردییەوە. کەوتە بیر لێکردنەوەی! «یانی چی؟! .. مەبەستیان چییە؟! .. چیم لێ دەکەن؟! .. دەمکوژن؟! .. خۆ

شاری بێ حاکم نییە. من خوشکی خۆمە و نایەڵم پێ خوار دابنێ. نایەڵم خوێڕییەك بێت و دەستی پێ گەرم بکاتەوە. خوشکی خۆمە و دەیدەم بەپیاوێك، پیاو بێ و سەرمانی پێ بەرز ببێتەوە. خۆ شاری بێ حاکم نییە!».

دایکی هات بەلایەوە و ویستی بیدوێنێ. بواری نەدا و دەستی پێوەنا. کەوتەوە خۆدواندن: «ئەختەر وای لێ هات؟! .. ئەنجامت بەوە شکایەوە، کە سەگە خوێڕییەکەت بنێرێ هەڕەشەم لێ بکەن؟!. وای لێ هات؟!. یانی تۆ بچیت بەئارەزووی خۆت، دەست بدەیتە بەدڕەوشتی و بەرەڵڵایی .. تۆ بچیت بەدەستی ئەنقەست، حەیامان بەریت و من بەرت لێ بگرم و کەچی، سەگە خوێڕییەکەتم لێ هان بدەیت بنێرێ هەڕەشەم لێ بکەن؟! .. ها؟! ..».

هەڵسا و بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچکردن. بەخێرایی بەسەرجەمی بەسەرهاتەکەدا چووەوە. ئەوە وەك هەموو جارەکانی تر، هەستکردنی بەزەلیلی لە ئاستیدا، لەلا بزواندەوە. وەك هەموو ئەو جارانەش، رق و کینەیەکی بێ ئامانی لە دەروونیدا ئاگردایەوە و بۆ جاری جاران، چووەوە بەقیردا و وتی: «نەء .. قەت نەء .. نەبووە و نابێ .. نەکراوە و ناکرێ .. نەشیاوە و ناشێ!. نایەڵم .. قەت نایەڵم!».

وەك قسەکان تەسەلای دڵیان دابێ، تۆزێ هێمن بووەوە. دانیشتەوە و پاڵی دایەوە. جگەرەیەکی داگیرساند و کەوتە مژلێدانی. بەگاڵتە پێ هاتنەوە لەبەر خۆیەوە وتی: «هەهە! .. ئاشقە و ماشقە !! .. بۆ ناڵێن تەگە و بەرانی!!. ئا .. ئەمەیان تەواوە. ئێوە ئەمەتان دەوێ. بەڵام نایەڵم. هەر هیچ نەبێ، بۆ خوشکی خۆم نایەڵم. بچن بۆ خوشکەکانی خۆتانی جێبەجێ بکەن. من نایەڵم .. نایەڵم ..».

هەڵسایەوە سەرپێ و ماوەیەکی تر هاتوچۆی کرد. تا لە پرێکدا راوەستا. وەك نەخشەیەکی لە مێشکی خۆیدا ساز دابێ، بزەیەکی خستە سەر لێوی خۆی و لە دڵدا وتی:

«بۆم راوەستن .. خۆتان دەبیننەوە چیتان بەسەر دێنم».

***

## ١٩

خۆیان بینییەوە! .. شەوێکی سەرەتای هاوین بوو کە پۆلیس، دەوری ماڵی خورشیدیان گرت. کە دەرگەیان لێ کرایەوە و چوونە ژوورەوە، بەبینینی زایەر لەگەڵیاندا، زۆر سەرسام بوو!. هەر خێرا لە دڵدا وای بۆچوو، کە ئەوە بێ مەڵامەت نییە!. هەرواش بوو .. لە کاتێکدا کە پۆلیسەکان خەریکی پشکنینی ناو ماڵەکە بوون، ئەو لە خورشید و ئاسکۆڵ نزیك بووەوە کە لە تەنیشت یەکەوە بوون. سەرنجێکی پڕ لە تەوسی ژەهراویی لە نێوانیاندا هێنا و برد. بەدەنگێکی نزم وتی:

– ئاشقە و ماشقەکان، دەبێ هەر سیر بخۆن و زوڕنا لێ بدەن!.

ئەم لە وەختی خۆیدا، لە حەمەشینی بیستبوو کە دوو برادەرەکەی، چییان بە کاکی ئەختەر وتووە. بەڵام یانی چی وا ئێستا دەیداتەوە، نەك تەنیا بەگوێی ئەمدا، بگرە ئاسکۆڵیش؟!. زوو لە مەبەستەکەی تێ گەیشت و ئیمانی لە کەللەدا نەما. ئان و سات بەوپەڕی تووڕەیییەوە، تۆپەڵێك تفی هاویشتە سەر رووی. زایەر لە نێوان دەستوبرد پەلاماردان و سڕینی تفەکەدا، سەری لێ تێکچوو. بەدەستی راستی هەڵمەتی برد و بەدەستی چەپی کەوتە سڕین. ئەمیش لەلای خۆیەوە، فرسەتی لێ هێنا و دوو مشتەکۆڵەی سرەوانده لووت و ناو دەمی. کاتێ موختار و پۆلیسەکان بەفریا کەوتن و لێکیان جیا کردنەوە، دەم و لووتی زایەر خەڵتانی خوێن بووبوو.

کارەساتەکە هەمووانی حەپەساند. پۆلیسەکان و ئەفسەرەکەیان، خورشیدیان باڵبەست کرد. زایەر دەستەسڕێکی دەرهێنا و کەوتە سڕینی دەم و لووتی. ئینجا ئەفسەرەکە بە سەرسوڕمانەوە لە زایەری پرسی:

– مەسەلە چییە؟!.

زایەر وتی:

– گەورەم هیچ نییە... گوێ مەدەرێ. حیسابێکی بەینی خۆمان و خۆیەتی. بابمێنێ بۆ دوایی.

ئەفسەرەکە لای کردەوە بەلای خورشیددا. ویستی پێیدا بکێشێ و زایەر دیسان وتی:

– گەورەم وازی لێ بێنە. دەستی خۆتی پێوە ئەزیەت مەدە. دەستی تر هەیە و دەزانێ، چۆن دۆزەخی پێ نیشان دەدا.

ئیتر پێویستی بە چیی تر پشکنین نەکرد. خورشیدیان دایە پێش خۆیان و رۆیشتن.

***

دەستی کاك هەر زوو ئاشکرابوو. وتەی «ئاشقە و ماشقە» کە، بۆ رۆژی دوایی گەیشتەوە بە ئەورەحمان کە لەوەبەر لێی بێ خەبەر بوو. بۆ رۆژی دواییی تر، گەیشتەوە بەحەمەشین و ئینجا بەئەختەر. هەمووش لە رووی کاکدا، بوونە کڵپەی ئاگرێك و بەئاواتی شاڵاوبردنەوە بوون.

ئەختەر لەلای خۆیەوە، لەسەر ئامۆژگاریی خەجێ، حیکایەتی خۆشەویستییەکەی نێوان خۆی و خورشیدی، لە نووکەوە بۆ پووری گێڕایەوە و لە کارەساتەکەش ئاگەداری کرد.

پوور لەو کردەوە چەپەڵەی مەجی. چاوی پەڕییە پشتی سەری. دەستوبرد عەبای دا بە سەریدا و، چووە وێزەی. گەلێکی فەزیعەت پێ کرد. کەچی ئەو هێندەی تر دایە لایەنی نەگریسی و وتی:

– من دەچم شکاتتان لێ دەکەم. خۆ شاری بێ حاکم نییە.

– شکات؟!.. شکات لە چی؟!.

– لەوەی کە ئێوە، کچی ئێمەتان لەلای خۆتان گل داوەتەوە و ..

– ئێی؟! .. تەواوی کە..

– بواری دەدەن بەدرەوشتی بکا!.

پوور بەم قسەیە، دەتوت شیشێکی سوورەوەکراویان کردووە بە جەرگیدا. دەستی لێ دایە تاکێ پێڵاو و دووسێ جار، گەیاندییە سەروپۆتەڵاکی. تا دایکی بەفریای کەوت. دەستی گرت و وتی:

– باجی .. باجی بۆ خاتری خوا.

ئەم دەیویست بەردەوام بێ، وتی:

– لاچۆ .. دەستم مەگرە .. لەعنەت لە تۆش بێ، بۆ خۆت و کوڕێ کە هەتە. ئەو هەر نەیهێشت و تێکەڵ و پێکەڵ وتی:

– ئاخر باجی .. ئاخر تۆ .. با ئەو ..

ئەوسا پوور تاکە پێڵاوەکەی فڕێ دا. تفێکی لە مەجی کرد و جێی هێشت. کە گەیشتەوە ماڵەوە، هێشتا هەر ئاگر لە چاوی دەباری. لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئای کە بێ ئابڕووە! .. ئای کە نامەردە و ناپیاوە! .. کوڕە خۆ هیچ، هەر هیچ شەرەف و نامووسی نییە!.

خەجێ لێی پرسی:

– چی بوو دایە .. چیت کرد؟.

– جا چیم نەکرد! .. ئەوەی بەوم کرد، بە هەر کەسێکی تر بکرایە، دەبوو سەری حیز بکردایە و قەت بەرزی نەکردایەتەوە. کەچی بێ ئابڕووە، نەك هەر لە روومدا وەرگەڕایەوە، بگرە وتی: دەچم شکاتتان لێ دەکەم!.

– شکاتی چی؟!.

کە قسەکەی ئەوی دووبارە کردەوە، وتی:

– تێ دەگەن مەبەستی چییە؟! .. ئای کە بێ شەرەفە!.

خەجێ روانییە ئەختەر. سەیری کرد تێکچووە. رووی کردەوە دایکی و وتی:

– تۆ بڵێی بیکا؟!

– ڕەنگە .. مرۆڤێکی چەپەڵ و نەگریسە و لێی دەوەشێتەوە. بەڵام منیش دەچم، وەك چۆلەکە ملی هەڵدەکێشم.

ئەختەر سەری نایە کۆشییەوە و دەستی کردە گریان. پووری چوو بەلایەوە. سەری بەرز کردەوە و وتی:

– ئەوە چییە؟. بۆ دەگریت؟!.

بەدەم هەنسك هەڵدانەوە وتی:

– پوورێ گیان .. بۆ ئێوە کە تووشی دەردی سەریم کردوون. بۆ بەدبەختیی خۆشم. دەترسم.. پوورێ دەترسم.

پوور سەری نووساند بەسنگی خۆیەوە و وتی:

– مەترسە کچەکەم .. هیچ مەترسە .. خۆ من نەمردووم .. منت هەم.

خەجێش قورگی پڕ بوو لە گریان. ویستی قسە بکا و هیچی بۆ نەوترا. تەنیا چووە تەنیشتییەوە و دەستی خستە ناو دەستی خۆیەوە.

ئەختەر ئەو وەختە، گرفتێکی گەورەی لە کوڵ بووبووەوە، کە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بوو. لەوەبەر و ڕۆژانی تاقیکردنەوەکەدا. زۆر دەترسا کاکی بێتە وێزەی و سەری لێ بشێوێنێ. بەڵام باش بوو هیچ ڕووی نەدا و لە سەرکەوتوویی خۆشی دڵنیا بوو. بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: «من بۆچی هەر بەیەکجاری، خۆم لەو جانەوەرە حەشار نەدەم؟!. هەموو دووسێ مانگی ترە و ئیتر دەچمە بەغدا و چاوم لە چاوی دابڕ دەبێ».

سەری لە سنگی پووری لادا و چاوی بۆ بەرز کردەوە. ئەو زانی قسەیەکی پێیە، وتی:

– ها؟! .. بڵێ بزانم!.

لەوەدا بوو دەری ببڕێ و گێڕایەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «با چاکتر بیری لێ بکەمەوە».

***

لەولای ترەوە، ئەورەحمان و حەمەشینیش، ئاگر بەربووبووە گیانیان. ڕق و کینەیەکی بێ ئامان، دڵ و دەروونی داگیر کردبوون. گەلێ بەپەلەی زەفەربردن بوون بە زایەر. جگە لەوەی کە حەمە، سوور بوو لەسەر سزادانی کاکی ئەختەریش و بەڵام ئەورەحمان ڕازی نەدەبوو. دەیوت: «دەبێ خورشید ئاگەدار بێ و ڕای لەسەر بێ».

ئەوان لە گەرمەی ئەم پەلەکردنەدا بوون و فەرهاد لێیان بەئاگا هات. ئەختەر دوای بیر لیکردنەوەکەی، بڕیاری دا سەراپای بەسەرهاتەکەی، بۆ گەلاوێژ بگێڕێتەوە و داوای ڕێنیشاندانی لێ بکا. ئەویش بەسەرێك خۆحەشاردانەکەی پەسند کرد و بڕیاریشی دا، کە بیگرێتە لای خۆی. بەسەرێکیش، بەئەرکی سەر شانی خۆی زانی، بەسەرهاتەکە بەفەرهاد ڕابگەیەنێ.

فەرهاد زوو ناردی بەدوای ئەورەحماندا. ڕاستەوخۆ وتی:

– یەکەم: مەکە!. دووەمیش: خۆت بشارەوە!.

ئەورەحمان قسەکەی بەلاوە سەیر بوو!. وتی:

– تێ ناگەم.. مەتەڵە؟!.

ئەو وەك بیەوێ بداتە لایەنی گاڵتەجاڕی، بەپێکەونینەوە وتی:

– با بڵێین: مەتەڵە .. بزانم هەڵی دێنیت؟!.

ئەم بیرێکی لێ کردەوە و وتی:

– بۆم هەڵنایەت.

ئەوسا ئەو، شێوەی گاڵتەجاڕی و پێکەنینەکەی گۆڕی و وتی:

– گوێ بگرە برام .. من وام دانابوو، کە هەست و نەستت لە باسەکە بەلاوە ناوە و بیر و هۆشت لێ خستووەتە کار. کەچی دیارە، هەست و نەستەکە هەر زاڵە و خەریکە پاڵت پێوەدەنێ، بۆ کردەوەی چەوت.

ئەم کە هەر لە سەرەتاوە دەیزانی باسی لە چییە و خۆی لێ گێل دەکرد، لێرەدا حیرس گرتی و وتی:

– کردەوەی چەوت نییە و راست و دروستە.

– واتە هەرکە وتم مەکە، دەتزانی مەبەستم چییە!.

– دەمزانی.

– ئەمەش جێگەی گلەیییەکی ترە.

– ببورە .. قسەکە وا هات. دەنا مەبەستم وا نەبوو.

– چاکە .. وا مەتەڵەکەت هەڵهێنا و دووبارەی دەکەمەوە، یەکەم: مەکە.

– درێژەی باسەکەت ئاگا لێیە.

– ئاگام لێیە.

– من نا .. خورشید.

– ئا ئەو .. ئەو و ئەختەر و کاکیشی و هەتا دوایی.

– چۆن و بە چ رێگەیەك؟!.

– نابێ هەقی کردنی ئەو پرسیارە بەخۆت بدەیت. خۆ لە کەسێکی سەر ئەو جادانەمەوە وەرنەگرتووە.

ئەورەحمان بێدەنگ بوو. هەستی بە رێزێکی تایبەتی کرد بەرامبەر بەفەرهاد. لەو ساتەدا، لە خۆی کەوتە گومانەوە و وای بۆ چوو، کە دەبێ ئەو لەسەر هەق بێ و ئەم

لەخۆڕایی، لە کەلی شەیتانەکەی خۆی، نایەتە خوارەوە. بەڵام کە ناوی زایەر و خورشید و ئەختەر و کاکی، لە مێشکیدا برووسکەی دایەوە، گومانەکەی ڕەوییەوە و لە بۆچوونەکەی پاشگەز بووەوە، وتی:

– ئەی ئاخۆ دەبێ زایەر و کاکی ئەختەر، حەقی کردنی ئەو زۆر و جەورەیان هەبێ؟!.

فەرهاد لە قسەکەی پەست بوو. بەڵام زوو پێی زانی، کە تێکەڵاوییەك لە مێشکیدا رووی داوە. خۆی لە ناشایستەیی بەراوردەکەی گێل کرد و وتی:

– دیارە نەء.

– ئەی دە کەوابێ، پێویستە بەریان لێ بگیرێ.

– چۆن؟!

– بە...

تۆزێ ڕاما. ئینجا وتی:

– لەوەبەر لێی دواوین.

فەرهادیش بیرێکی لێ کردەوە. دوایی وتی:

– برام ئەوڕەحمان .. من دوا قسەم ئەوەیە کە دەڵێم: مەکە. چاکتریش وایە بەقسەم بکەیت.

هەردووکیان خامۆش بوون. فەرهاد چاوەڕوانی وەرامی لەم دەکرد و ئەم بۆی دەگەڕا. تا ئەنجام بەوە شکایەوە، کە ئەم خۆی لە ئاو نەء پاراست و وتی:

– ئەی خۆشاردنەوەکە .. نەمزانی ئەویان بۆچی؟!.

فەرهاد لێی تێ گەیشت. حەزی نەکرد تەنگەتاوی بکا. لە وەرامی پرسیارەکەیدا وتی:

– وای بۆ دەچم کە زایەر، دەیەوێ سەرلەنوێ بە تۆشەوە بداتەوە.

ئەوڕەحمان ئیتر هیچی نەوت: مۆڵەتی خواست و لای فەرهادی جێ هێشت. بەدەم ڕێوە، بە سەرجەم باسەکەدا چووەوە و وردتر بیری لێ کردەوە. گومانەکەی لە دڵدا پەیدا بووەوە و بەدەستییەوە خەریك ما.

***

ئـەختـەر لـە رۆژانـی خۆحەشاردانەکەیدا لـە مـاڵـی گـەلاوێژ، زۆرجـار خـەمگـینـییـەکـی دڵتەزێن دایدەگرت و زۆر کەساس دەکەوتە پێش چاو. بەڵام هەردەم گەلاوێژ، کە خۆی کەم دڵ پڕ لە خەم نەبوو، دڵی دەدایەوە و دەیهێنایەوە سەرخۆ. تەنانەت جارێکیان، کە بەسەردا هات و سەیری کرد سەری ناوەتە کۆشییەوە و دەگری و کە هەر دڵی دایەوە و ئەو ژیر نەبووەوە، ئەم خۆشی قورگی پڕ بوو لە گریان و وتی:

– باشە لە جێی من بوویتایە، چیت دەکرد؟!.

گەلاوێژ قسەکەی بەدەرچوون لە دەم دەرچوو، دەنا حەزی لە کردنی نەبوو. لە کاتێکدا ئـەختـەر، بەقۆستنەوە قۆستییەوە و لـە ئاستیدا واقـی وڕما!. ئان و سات دەردەکەی دڵی خۆی بەلاوە نا و بە حەپەساوییەوە، ڕوانییە ئەو. سەیری کرد ئەو، پشتی لەم کردووە و لە پەنجەرەی ژوورەکەوە، دەڕوانێتە دەرەوە. کە هەڵسا و چوو بەلایەوە، دوو دڵۆپ فرمێسکی بینی، بەچاوانیدا دەهاتنە خوارەوە. ئەم بەدەنگێکی پڕ لە تکاوە وتی:

– بمبەخشە .. نەمدەزانی خەم دەخەمە سەر خەمت!.

ئەو بەپشتی دەستی، فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

– نەء .. تۆ بمبەخشە .. من نەدەبوو ئەو قسەیە بکەم.

ئەم نەیدەزانی چی بڵێ و بێدەنگ بوو. ئەو وتی:

– حەز دەکەم وای تێ نەگەیت، کە منیش وەکو تۆم. من وانیم.

ئەم سەری لە قسەکەی دەرنەکرد. لە چاوەڕوانی بیستنی قسەی تریدا مایەوە. کەچی ئەو، هەر لە بنەڕەتەوە، باسەکەی گۆڕی و وتی:

– حەز دەکەم بچم سەرێکی ماڵی خاڵم بدەم. دێیت لەگەڵمدا؟.

ئـەختـەر باسەکـەی زیـاتـر لـێ ئـاڵـۆز بـوو. بـەڵام کـە سەیری کرد ئـەو، نـەك هـەر

هـاتووەتـەوە سـەر خـۆی، بگـرە بزەیـەکـی شیرینیشی کـەوتووەتـە سـەر لێو، وتـی:

– حەز دەکەیت بێم؟.

– زۆر.

– دێم.

کە کەوتنـە ڕێ، ئـەختـەر مێشکـی ئـاڵابـووە مـەسـەلـەکـە و هـەر لێکـی دەدایـەوە. لـەلای بـووە نهێنییەك و ئارەزووی زانینی، بەتوندی زۆری بۆ دەهێنا. تا وای لیّ هات خۆی بۆ زەوت نەکرا و لە پرێکدا وتی:

– بمبەخشە .. نابێ بیزانم؟!.

کەچی ئەو، وەك بەڕاستی نەزانێ مەبەستی چییە، وتی:

– چی؟!.

– دڵت و خەمەکەی ناو دڵت؟!.

ئەو پێ کەنی، وتی:

– نەء .. چونکە نە سەری هەیە و نە بن!.

– بۆچی؟!.

– نـازانـم .. سـەرم لـیّ دەرنـەکـردووە و نـایـکـەم. لـەبـەر ئـەوە چـاکـتـر وایـە، تـۆش سـەری خۆتی پێوە نەیەشێنیت. قسەیەك بوو کردم و لە بیر خۆتی بەرەوە.

– تۆ لە بیر خۆتی دەبەیتەوە؟!.

– ها؟! .. نازانم! .. تەقەلا دەدەم!.

– پێم سەیرە! .. بۆچی!.

گەلاوێژ ڕوو لە پەستبوون بوو. بەنیمچە رووگرژییەکەوە وتی:

– تکات لیّ دەکەم واز لەو باسە بێنە. قسەیەك بوو نەدەبوو بیکەم و لە دەمم دەرچووا!. حەز ناکەم لەسەری برۆین. ئەختەر ئیتر لەسەری نەڕۆیشت و لێی بێدەنگ بوو.

***

سەرلەئێوارە، لەوەدا بوو بگەڕێنەوە ماڵەوە و فەرهاد پەیدا بوو. پێوەی دیار بوو کە

بەئیشێکی پەلە هاتووە. بەسەر پێوە سەلامی کرد و وەهابی بردە ژوورێك و دانیشتن. دوای ماوەیەك، گەلاوێژ و مریەمیشیان بانگ کردە لای خۆیان. چارەکە سەعاتێکی نەبرد، هەموو هاتنە دەرەوە. گەلاوێژ خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد و بە ئەختەری وت:

– من دەڕۆم و دێمەوە. شەو لێرە دەبین. مریەم دەچێ دایکم ئاگەدار دەکا. ئیتر لەگەڵ فەرهاددا ڕۆیشتن و بەدوایاندا، خاڵە وەهاب و، مریەمیش. ئەم لەو پەلە پەلەکردنە سەرسام بوو!. کە مریەم گەڕایەوە، لێی پرسی:

– مەسەلە چییە؟!.

ئەو وتی:

– نازانم.

گەلاوێژیش کە دوای نزیکەی دوو سەعات ئینجا هاتەوە، لە وەرامی پرسیارەکەیدا هەر وتی:

– نازانم .. لەوە دەچێ شتێك لە کایەدا بێ!.

– وەکو چی؟!.

– نازانم.

– پرسیارت نەکرد؟.

– با .. هەر وتیان: نازانین.

باسەکەیان واز لێ هێنا، بەو هیوایە کە خاڵە وەهاب هاتەوە، شتێکیان لێ روون بکاتەوە. کە ئەویش درەنگ وەختێك گەڕایەوە، هەر هەمان وەرامی دایەوە. بەڵام وتیشی:

– تەنیا هێندەمان لەلا ئاشکرایە، کە دەبێ بۆ رۆژانی داهاتوو، لە حاڵەتی هۆشیاریدا بین. گەلاوێژ وتی:

– دەبێ حکوومەت، شاڵاوێکی گرتن و راونانی بەدەستەوە نەبێ.

وەهاب ئەگەرچی ئاگەدار نەبوو کە ئاخۆ مەبەستی سەرەکی لە وریاکردنەوەکە چییە، بەڵام دەیزانی کە ئامۆژگارییەکە لە پایتەختەوە هاتووە و بۆ هەموو ناوچەکانی وڵاتیشە. بۆیە تەنیا وتی:

– دەشێ.

ئینجا هەر خێرا، لە ترسی چەسپینی ئەو بۆچوونە لەلایان و بڵاوبوونەوەی لە زاریانەوە، وتی:

– دەشگونجێ شتێکی تر بێ.

بە درێژاییی ڕۆژی دوایی و بۆ شەوەکەشی، وەهاب و گەلاوێژ و مریەم سرەوتیان نەبوو. بەردەوام لە هاتن و چووندا بوون. ئەختەر بەخیلیی پێ دەبردن. دەیزانی هەم لە ترسی کاکی نابێ زۆر دەربکەوێ و هەم، بەمجۆرە کار و فرمانانەش ڕانەهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگەلاوێژی وت:

– ئەگەر پێویستتان بە من دەبێ، ئامادەم چ ئەرکێکم پێ دەسپێرن جێبەجێی بکەم ئەو وتی:

– وەزعت بۆ ئەم جۆرە کارانە لەبار نییە. دەنا من وا پڕووکام. بنی پێم ئاگری لێ دەبێتەوە.

کات سەعات نۆی شەو بوو، کە هەموو گرد بوونەوە و لە هاتن و چوون کەوتن. ئەوان ماندوو بوون، پرسیارەکەی لە بیر بردبوونەوە. ئەمیش لە ڕووی ماندووبوونەکەیاندا، لە ڕوودا داما و نەیهێنایەوە کایەوە. تەنانەت کە وەختی نووستنیش هات و سەرکەوتنە سەربان، هەر هیچی نەوت. لە نێوان گەلاوێژ و مریەمدا، لەسەر گازی پشت ڕاکشا و چاوی بڕییە تەختی ئاسمان.

شەوێك بوو لەو شەوانەی هاوین، کە کزترین ئەستێرە بەئاسمانەوە، جریوەی خۆی بەچاوان رادەگەیاند. مانگ لە حەشاردایە و مۆڵەتی بەوان داوە، بەئارەزووی خۆیان بدرەوشێنەوە. لەژێریاندا، شار هێندە کپ و خامۆش بوو، کە دەتوت گیانلەبەری تێدا نییە. بەڵام دەنگی شاوری حەسحەسێك لە دوور، یا وەڕینی سەگێك و میاوە میاوی پشیلەیەك، بەیناوبەینێك پەردەی ئەو کپی و خامۆشییەی دەلەراندەوە و دەیسەلماند کە نەخێر ئاوەدانە.

ئەختەر چاوی بەسەر ئەستێرە گەشەکەی خۆیدا روا و خەیاڵ، هەڵی فڕاند بۆ لای خورشید. لە دڵی خۆیدا وتی: «خورشید گیان .. ئاخۆ ئێستا چی دەکەیت؟. دەبێ خەوتبیت، یا تۆش وەکو من لەسەر گازی پشت راکشاویت و لە خەیاڵی مندایت؟. تۆ بڵێی قسەی خولە جاسووس راست بێ، کە وازیان لە ئازاردانت هێناوە؟!. بگرە ئەو وای

بەوەستا تایەر وتبوو، کە زۆریش ئازاریان نەداویت. بەڵام کێ دەڵێ راست دەکا؟. بەخوا باوەڕ ناکەم. تۆ زایەرت بەو دەردە بردبێ، چۆن دەیەڵێ وازت لێ بێنن؟. خورشید گیان .. کەی ئەم شەوی دەیجوورە کۆتاییی دێ؟. کەی ئەم زوڵم و زۆرە دەبڕێتەوە؟. کەی ئەم رژێمە کۆنەپەرستە، دوای ببڕێ و رزگارمان دەبێ؟. کەی؟.. کەی؟».

بەبێ ئاگا لە خۆی، بەدەم ئۆفێکەوە، هەناسەیەکی ساردی قووڵی هەڵکێشا. گەلاوێژ سەری لێ قوت کردەوە و بە دەنگی نزم وتی:

– ئەختەر.. چیتە؟!.

کە لە دەنگەکەی بەئاگا هات، سەری بەلادا وەرچەرخاند و تەنیا وتی:

– ها؟!.

– دەڵێم چیتە .. بۆ نانوویت؟.

– هیچ .. خەوم نایەت و سەیری ئاسمان دەکەم. دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیرە.

گەلاوێژیش چاوی بڕییە ئاسمان و خامۆش بوو. ئەختەر بەفرسەتی زانی، وتی:

– خۆ تۆش نەنووستوویت!.

– منیش خەوم نایەت.

– تۆ ماندوویت .. دەبوو ئێستا لە شیرین خەودا بوویتایە!.

– ....

– من خەیاڵم لەلای خورشید بوو.

– ....

– دیارە تۆش..

– ئەختەر .. تکات لێ دەکەم .. خۆ کفرم نەکرد .. تکایە ئیتر مەیڵێرەوە.

گەلاوێژ قسەکەی بەپەستی و بێزارییەوە کرد. بۆیە ئەم خێرا وتی:

– بمبەخشە .. بمبەخشە .. نەمدەزانی هێندە پێی سەغڵەت دەبیت.

هەردووکیان لەو ساتەدا، دەنگی هەنسك هەڵدانێکی کچی مریەمیان کەوتە بەرگوێ. گەلاوێژ بەپەلە ڕاپەڕی و چوو بە لایەوە. وتی:

– مریەم .. مریەم خوشکەکەم.

کاتێ ئەختەریش ڕاپەڕی و چوو بەلایانەوە، گەلاوێژ باوەشی کردبوو بەسەری مریەمدا و نووساندبووی بەسنگی خۆیەوە، ئەویش بەکپی دەگریا. ئەم سەری لێیان سوڕما و بێ ورتە بەدیاریانەوە دانیشت. تا وەختێ گەلاوێژ وەك منداڵێك بخەوێنێ، بەبێ هیچ گفتوگۆیەك، مریەمی لەسەر جێگەکەی ڕاکشاندەوە و خۆشی چوو پاڵ کەوتەوە، ئەمیش چوو ڕووەو گەلاوێژ ڕاکشایەوە. بڕیاری وا بوو پرسیاری لێ بکا. کەچی سەیری کرد ئەو لەگەڵ پاڵکەوتنەکەی ئەمدا، وەرچەرخا و پشتی تێ کرد!. ئەو کردەوەیە ئەگەرچی هێندەی تر سەرسامی کرد، بەڵام تێی گەیاند کە چاکتر وایە پرسیار نەکا و بێدەنگ بێ.

***

مریەم لەسەر پیشەی هەموو ڕۆژانی تری، یەکەم کەسی خێزانەکە بوو خەبەری بووەوە و بۆ دەمکردنی چایی و ئامادەکردنی خواردنی بەیانی کەوتە خۆی. وەك هەموو ڕۆژانی تریشی، لە یەکەم فرسەتدا بەلای ڕادیۆکەدا ڕابورد، پەنجەی گەیاندە دوگمەی کردنەوەی و بای دا. بێ چاوەڕوانکردن بەو نیازەی، کە وەك هەر ڕۆژێکی تر دەبێ وەختی قورئان خوێندنی بێ، هەنگاوی نا بچێ بەلای ئیشی خۆیەوە. کەچی هەنگاوێك و دووانی نا و لە جێی خۆی چەقی!. ئاوڕی دایەوە و تێی ڕوانی، ئەوەی دەکەوتە بەرگوێی، ئاوازێکی مارشی سەربازی بوو!. لە یەکەم ساتدا، وای بۆ چوو کە دەبێ بەغدا نەبێ و ئێزگەیەکی تر بێ. گەڕایەوە و خۆی گەیاندەوە ئاستی. لەوەدا بوو دەست بەرێ میلەکەی بگێڕێ، مارش نەما و دەنگێکی زوڵاڵ وتی:

– ئێرە ئێزگەی بیتەلی کۆماری عێراقە.

تەنیا هێندە و مارشەکە دەستی پێ کردەوە. سەرەتا لە جێی خۆی چەقی و تاس بردییەوە. باوەڕی بەگوێی خۆی نەدەکرد. ئینجا کە باشتر زەینی دایە ئاوازەکە، ڕاکە ڕاکەکەی خۆیانی بەبیر هاتەوە کە چۆن لێیان بووبوو بە مە تەڵێك! ئیتر کە سەرلەنوێ دەنگە زوڵاڵەکەی کەوتەوە بەرگوێ کە دەیوت:

– ئێرە ئێزگەی بێتەلی کۆماری عێراقە.

وەك تێسکەی تفەنگ لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە بۆ حەوشە .. وەك باڵندەیەك فڕییە سەربان. چوو شێتانە خۆی دا بەسەر گەلاوێژدا و بە هانەسەبڕکێوە وتی:

– باجی هەڵسە .. خێرا هەڵسە گوێ بگرە.. بزانە چی رووی داوە!.

گەلاویژ و ئەختەریش کە لەلای خۆیەوە بەخەبەر هاتبوو، راست بوونەوە و واقیان ورما!. تا کاتێ ئەو وتییەوە:

– راکەن .. وەرن گوێ بگرن .. رادیۆکە دەڵێ: ئێرە ئێزگەی بێتەلی کۆماری عێراقە!.

گەلاویژ و ئەختەر راپەرینە سەرپێ کە سێقۆڵی خۆیان گەیاندە لای رادیۆکە، دەنگێکی زولاڵی تر، بەیاننامەی یەکەمی شۆڕشی بە گەل رادەگەیاند.

***

*

# بەرگی دووەم

# ١

(هـاوڕێ)ی کـوڕی ئـەحـمـەدی کـوڕی حـەمـەعـەلـی.. یـا بـە دەستـووری خـەڵکـی شار، هـاوڕێی مریـەم.. مریـەمی کچی سابیری حـەماڵ. ئـەوانـە نـاوی سیـانـەی خـۆم و بـاوك و دایك و هـەردوو بـاپیرەمن. نـاون و لێم و لێیـان نراوە. هیـچ کـام بـەپێی حـەزی  خودی خـۆی نـەبووە. سەبـارەت بـەمن، بـاوکم و دایکم وەهـایـان بـەلاوە پـەسند بووە. ڕەنگە بـەر لـە نـاو لێنـانـەکـەم و تـەنـانـەت لـەدایکبوونیشم، مێشکی خـۆیـان زۆر هـەڵگوشیبێ.. لـە گـەلێ نـامێلکە و کتێبدا گـەڕابن.. پرسیـان بـەچـەندین کـەسوکـار و دۆست و نـاسیـاو کردبێ، تـا نـاوێکی هـەم جوان و شیرین لـەسـەر زمـان و هـەم بـەمـانـا و مـەغزام  بـۆ بدۆزنـەوە و ئـەنجـام، لـەسـەر ئـەم (هـاوڕێ)یـە  گیرسابنـەوە. خـۆ ئـەم منـەی ئێستـا لـەوێ نـەبووم، تـا بتوانم قسـەی تێدا بکـەم. پـارچـە گـۆشتێك بووم یـا نـەبووم و نـاو، لـەوساوە پێمـەوە لکـا. سات بـەسات لـەگـەڵمدا لـە نـەشونمـادا بووە و چـەندە من پـەلوپـۆم هـاویشتبێ، ئـەویش شان بـەشان شۆڕەتی پـەیدا کردووە. تـا لـە بـاوەشی دایکمدام، نـاوەکـەم بـەسـەر زاری ئـەو و بـاوکم و کـەسـە نزیکـەکـانمـەوەیـە. کـە دەکـەومـە سـەرپێ و دەچمـە کـۆڵان، دەرودراوسێ و منداڵە هـاوتـەمـەنـەکـانم، قوتـابخـانـە، هـاوپـۆلـەکـانم، حزب، هـاوڕێیـانم و ئیتر بـازنـە لـە دوای بـازنـە فراوان دەبێ، تـا دەگـاتـە لای جـەلادەکـانم. خـۆ دەشیـا هـەر لـە بنـەڕەتـەوە، ئـەو نـاوی هـاوڕێیـەم لێ نـەنرایـە و وەك ئـەوەکـانی بـاوك و بـاپیرم، حـەمـەعـەلیی کوڕی ئـەحـمـەدی کوڕی حـەمـەعـەلی یـا محـەمـەد یـا مـەحمـوودی کوڕی ئـەحـمـەدی کوڕی حـەمـەعـەلی بووایـە. یـا تـەنـانـەت هـەر بـەڕاستی، بـەپێی نـاسنـامـەکـەی گیرفـانم، نـاوم وەحید ڕەشید قـادر بووایـە و ئیتر جـەنـابی عـەقید هیشام، ئـەو دەرفـەتـەی بـۆ نـەدەڕەخسا کـە هـەر لـە سـەرەتـای سـەرەتـاوە، بـەنـاوەکـەم دەست پێ بکـا و تێ هـەڵچێ. دەسـەڵات چییـە کـە ڕێکـەوت وای هێنـابێتـە پێشـەوە، ئـەو لـە ساتی یـەکـەمی گرتنـەکـەمـەوە زانیبێتی، کـە نـاوی ڕاستینـەم هـاوڕێیـە و وەك هـەنگیشی لـە کلۆرە داردا دۆزیبێتـەوە، مـەراقی بداتێ. نێچیرێکی نـەرمـەقووتـە ″ وای وتبوو″ بـەتفێك و جنێوێك و دوو زللـەی مزری بنـاگوێی، تـەنیـا لـەسـەر نـاوەکـەی و هیچی تر نـا ″ وایشی بـەڵێن بـەهـاوکـارەکـانی دابوو″ هـەڵی

دەرێژێ و سەرتان سووک دەکەم. ئیتر بەو هیوایە لە یەکەم پرسیاریدا وتی:

– کێ ئەو ناوەی لێ ناویت و بۆچی؟!.

بگرە دەیبینم بەدوایدا، بەدەم بزەیەکی پڕ لە فیزی لەخۆباییبوونەوە، لاچاوێکیش لە نەقیب رەزوان دادەگرێ، کە لەولاترەوە راوەستاوە و بەدەنکە شقارتەیەك، نێوان ددانەکانی پاك دەکاتەوە. هەردووکیان و رائید سەلیمیش لەگەڵیاندا، زۆر نییە دەستیان لەو سینییە خواردنە هەڵگرتووە، کە بۆیان هات و بەبەرچاوی منەوە، نیشتنە سەری و پاکۆیان دا. سینییەکەشیان بە ئەنقەست لە تەنیشتمەوە داناوە، کە هەندێ قەراغە کولێرە و ترشیات و تەماتە و سەوزەی لەسەر ماون . لە دڵدا دەڵێم: دەویتبابانە دەزانن، برسێتی هەراسانی کردووم. دوو رۆژ و شەوێکە، بە تۆزقاڵ زاد و بە تنۆك ئاو، توخنی ناو زارم نەکەوتوون. تاقیم دەکەنەوە و نایەڵم بەمەرام بگەن...

– لەگەڵ تۆمە... کێ ئەو ناوەی لێ ناویت و بۆچی؟!.

وەڵام لەو جاری یەکەمەی پرسیارەکەدا، چووەتە قەبەڵی خەریکبوونەکەی بیر و هۆشمەوە، بە سینییە خواردنەکە و برسێتییەکەمەوە. ئەمجارەیان وا سینی و برسێتیم بەلاوە ناوە و لێی بەئاگام، بەڵام سەرسامم!.. من لە سەعات دە و نیوی دوێنێ بەیانییەوە، لەو ساتەوەی کەوتمە داویانەوە، بەردەوام مێشکی خۆم هەڵدەگوشم. زەینم لە هەسان دەدەم و ئامادەی وەڵامدانەوەی، جۆران پرسیاری سەخت و ستەمی دەکەم. کەچی کابرا دێ گرگڕ لە ناوەکەم دەپرسێ!. ئەمە چ پرسیارێکی گێلانەیە؟!. ئەمانە من بەچی تێ دەگەن؟!. پەست دەبم و بەقسە هیچ ناڵێم. پێم وایە پرسیارەکە هێندە سووك و چرووکە، کە وەڵامدانەوە بە وشە و رستە هەڵناگرێ. تەنیا بە ڕوخسار، گرژە لاسەرنجێکی بەمانای قێزهاتنەوەی بە ڕوودا دەدەم. بۆ زیاتریش راگەیاندنی مەبەستەکەم، سەرنجەکە بۆ ماوەیەك راگیر دەکەم و ئەوسا، بەمۆنییەکەوە لێی کەنار دەخەم.

عەقید و هەردوو هاوکاری بەبینینی دیمەنەکەم، بەدەردی سەرسامییەکەی من دەچن. قێز لە پرسیارەکەم دەکاتەوە! "سیمای عەقید وا دەنوێنێ". دەڕوانێتە رەزوان کە بەبێ ئاگا لەخۆ، دەنکە شقارتەکە بۆ پشتەوە هەڵدەدا. دەنکە شقارتە بە مەرامی ئەو توورِ ناخوا و دەچێ، بەسەر شانی سەلیمەوە دەنیشێتەوە. بەپەلە بە دوو پەنجە هەڵی دەگرێتەوە و بەپاڵ لاقیدا، رووەو سەر ئەرز فڕێی دەدا. سەلیمیش کە بێ خەبەرە و

خەریکی داگیرساندنی جگەرەیەکە، دەست و چەرخەکەی دادەگرێتەوە و پەلەپیتکەی پێ دانانێ. هەرسێکیان واقیان ورماوە و سەرنجی سەرسوڕمان دەدەنە یەکتر. جەلاد بێ و پرسیار بکا و نێچیر نەك تەنیا وەلام نەداتەوە، بەڵکو قێز و بێزیشیان نیشان بدا!. تۆ بڵێیت هەر بەڕاستی وابێ، یا لە نێچیرە گێژو حۆلەکانە؟! "سیمای حەپەساوی عەقید وا رادەگەیەنێ"...

– پرسیارت لێ دەکەم کوری باش... وەلامم بدەوە.

ئەمجارە بەدەم بزەیەکی ترشاو و بەدەنگێکی گەنیوی تەوساوییەوە، پرسیارەکە دەکا. ئێستا لێی بەئاگام، کە تەرمۆمەتری تووڕەبوونی، هەتا کوێ هەڵکشاوە. پێم دەڵێ: کوری باش!.. جەلاد ناماقوولیی وا ناکا. دیارە کە جنێو و هەڕەشەی تکاپۆشە. ژەهرە بەهەنگوینەوە. سا منیش زووخاوی خۆ کەڕوڵاڵکردنی پێ دەنۆشم. ئەها تۆ بڕوانە چۆن لە داخاندا، خەریکە لێك دەبێتەوە. ئەها وا گەیشتە تینی...

– کەڕیت؟!.. لاڵیت؟!.. لەگەڵ تۆمە!.

لەگەڵ منێتی... دەزانم.. خۆ لەگەڵ دار و دیواری نییە. لەگەڵ ئەو کابرایەشی نییە کە ئەوەتا وا هاتە ژوورەوە. سینییەکی بەدەستەوەیە و قۆری و پیاڵەی لەسەرن. چای دوای نانخواردنەکەی بۆ هێناون. ئەرێ خۆ کابرا زۆر ریوەڵەیە. ئەگەر رووی لێت نەبێ، بە منداڵێکی شەش حەوت ساڵانی لاوازی تێ دەگەیت. کێشی چەند دەبێ؟!. کێشی.. کێشی.. بەرەوڕووم دێ. سینییەکە لەسەر دەستی چەپێتی. قۆرییەکە ئێستا بەدەستی راستییەوەیە و بەرەوڕووم دێ. بۆچی واوە دێ؟!. نیازی چیی هەیە؟! نیازی خراپە.. نیازی...

کسپە لە پێستی تەوقی سەرم هەڵدەستێ. ریوەڵە بە چای لە کوڵ بۆمی داپڵۆخاندووە. هەنگاوێك کشاوەتەوە و هێشتاش لە چاوەڕواندایە. سەرنج دەدەم هیشام بە هێما فەرمانی دەداتێ کە بەس. واز لە سەری من دێنێ و دەچێ، بۆ ئەوانی لە پیاڵە دەکا. ئەمەم بەلاوە لە ناکاو بوو. ئەو ریوەڵە پیسە نەگریسەم لە کوێوە لێ دەرپەڕی؟!.

– ئێستا ئیتر رەنگە، گوێچکە کەڕەکەت ببیسێ و زمانە لاڵەکەت بکرێتەوە... وانا؟!.

– با!..

"با" یەکەم هێندە بەبێ ڕامان و بێ لاساری لە دەم دەرچوو، کە عەقید پێی گەشایەوە. رائید و نەقیب سەری خۆشحاڵییان بۆ لەقاند. ریوەڵە کە هاتبووەوە تەنیشتمەوە و

ڕاوەستابوو، بەجووڵەیەکی سەری هیشام، وازی هێنا و ژوورەکەی جێ هێشت.

– دەفەرموو هەڵی ڕێژە.

لە خۆم ڕادەمێنم. نازانم بۆچی و چۆن وتوومە: با؟! تۆ بڵێیت لە ترسی قۆرێکەی دەستی ریوەڵە بووبێ، کە هاتبووەوە بندەستم و ئامادەی جاری دووەم بوو؟! تەواومان کرد!. سەرەتامان وابێ، ئاخۆ ئاخریمان چۆن دەبێ؟!. لە خۆم تەریق دەبمەوە– ئێستا چی بکەم باشە؟! – پێ بکەنە!. – پێکەنین؟!.. بەچی؟!. – بەهیچ.. هەروا لەخۆوە. وا دەکەم! ئەگەرچی ئازاری پێستی سەرم هەراسانی کردووم، کەچی نەرمە پێکەنینێکی پەپوولە ئاسا، بە ڕووی جەلادەکانمدا هەڵدەفڕێنم.. نەرمە پێکەنینێکی وەها کە مەگەر بەشێتێکی پەتیارەم تێ بگەن، دەنا هیچ لێکدانەوەیەکی تر، نابێ وەڵامی قایلکەریان دەسگیر بخا. سا ئەوەتا بەجۆرێك لێم سەرسامن، کە ڕاست ئەو مانایە دەبەخشێ و تەنانەت هیشام، هەروا لە جێوە وەك لەبەر خۆوە بدوێ دەڵێ:

– بەچی پێ دەکەنیت تەرەس؟!.

من هێشتا جەلادەکانم و بەتایبەتی سەرۆکەکەیانم، باش نەناسیوە. سەرەتای سەرەتامە لەگەڵیاندا و نازانم، چین و چۆنن و بای چەندن. بەڵام خۆم باش باش دەناسم و  دەزانم، چیم و کێم و لە چی و چۆن خوڵقاوم. دەشزانم کەوتوومەتە بەر چنگی، چ جۆرە جروجانەوەرێك و دەبێ چاوەڕێی چییان لێ بکەم. بەکردەوەش ئەوەتا لە یەکەم هەنگاویدام.. یەکەم هەنگاوێك کە هەر لەخۆوە، پێکەنینێکی بەسەیر و سەمەرەی تێ کەوت.

ئێستا هیشام ئاگر لە چاوی دەبارێ. هاتووە دەست لە کەمەر و ڕەق بەرامبەرم ڕاوەستاوە. سەروسەکوتی بووەتە، سەلکە چەوەنەرێکی کوڵاوی پاککراو و هەڵمیشی لێ هەڵدەستێ. لەسەر پیشەی هەر جارێکی، کە دوایی ئاشنای دەبم و پێی ڕادێم، بەری هەردوو چاوی پرتەپرتیان پێ کەوتووە. بەربینی بۆق ئاسا بلّق دەدا و لێوانی لەرزە لەرزیانە. ڕستێك چرچی ئەستوور،  ریزیان بەستووەتە ناوچەوانی. تووڕەیە و  خراپ تووڕەیە!..

– هەڵی نارێژیت و پێش دەکەنیت.. ها.. پێش دەکەنیت؟!.

تێ دەگەم کە جەلادێکی بێ حەوسەڵە و بگرە کەرتڕیشە. تۆ بڕوانە چۆن گیف بووەتەوە. هێشتا لە سەرەتادا بین و وا بکا، دواییمان چۆن دەبێ؟!.

حسابێك بۆ ئەم بێ حەوسەڵەیی و کەرتڕییەی بکەم باشە. کابر وا ڕاوەستاوە دەست بوەشێنێ. جارێ زووە و با لە قاپیدا بمێنێ. با نەرمە پێکەنینەکە کپ بکەمەوە و وەڵامێکی نەرمیشی بدەمەوە..

– نا نا.. ببوورە.

– یانی هەڵی دەڕێژیت؟!.

– ئا بەڵێ.

گەردەلوول دەنیشێتەوە. دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. خۆشحاڵ و ڕووگەشە. هاوکارانیشی چاویان بڕیوەتە دەمم و بەپەرۆشن. من بە ئەنقەست خۆم دوا دەخەم. دوو سێ جار سەیری ئەوان و ئەملا و ئەولا دەکەم. دەمەوێ بیانخەمە ناو گێژەنی، تامەزرۆیی و سرەوت لەبەر هەڵگیراوییەوە. دەزانم بەڕێوەم چی بڵێم. دەبێ جەرگیان ئاگر بدەم. ئەوان پێستی سەریان داپڵۆخاندم. من گوڵمی دڵیان داخ دەکەم. هێمن و لەسەرخۆ، ڕوون و ڕەوان دەدوێم و دەڵێم:

– ئا بەڵێ گەورەم.. بەڵێ بەڕێزان.. ئەو ناوە دایکمی شیوعی و باوکمی شیوعی لێیان ناوم. لەو ساتی ناو لێنانەشمدا بە ئاواتەوە بوون، کە کاتێ فامم کردەوە، لە مانا و مەغزاکەی تێ بگەم. بەفیڕۆی نەدەم و وەك خۆیان، ببمە مرۆڤێکی شیوعی و لە ژیانمدا، هەر ئەو ڕێگایە بگرمە بەر و تەنانەت...

وەرە جەلادێك و بەتایبەتی کە بێ حەوسەڵە و کەرتڕیش بێ، بەتەما بێ نێچیرەکەی بەپێی مەرامی ئەو بدوێ و هەڵڕێژێ و کەچی، زەق و ڕەقوتەق ئاوەها نوتق بدا و پەنجە بە چاویدا بکا، دەبێ بکەوێتە چ حاڵێکی حەلوەلاوە؟! سەرەتا وەك باوەڕ بەگوێی خۆی نەکا، بە دوو چاوی ئەبڵەق و دەمێکی داچەقیوەوە، تاس دەیباتەوە و دەبێ بە بت. ئینجا وەك لە ناکاو دەمەرقاچانێك لە بندەستییەوە بتەقێنرێتەوە، ڕادەچەنێ و بە پەشۆکاوییەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی دەکا. سەلیم و ڕەزوان دەبینێ کە ئەوانیش، بە حەپەساوییەوە تێی دەڕوانن. ئەوسا تەواو لە خۆی بەئاگا دێتەوە و گڕ دەگرێ. دەبێتەوە بەسەلکە چەوەنەرە کوڵاوە پاککراوەکە. ددانی جیڕ دەبنەوە و دەمی کەف دەچێنێ. بە دەستووری پڵنگێك و لە بۆسەوە بۆ نێچیر دەرپەڕێ، بەپێی پەتی بەرەوڕووم شاڵاو دێنێ – بۆچی پێی پەتییە؟!.– نازانم.. ڕەنگە پێڵاوەکانی ناردبن بۆ بۆیاخکردن. – نابێ .. من دەمێکە لەگەڵیاندام و نەمدی – ڕاست دەکەیت.. ئەها

ئەوانەش سەرنجی دەدەنێ و پێیان سەیرە. – دە تۆ واز لەو باسە بێنە.. وا هات ..

ناگەین ساغی بکەینەوە. هێندە کات بەدەستەوە نییە. کابرا شاڵاوە و هێناوێتی. دەبانە و لە کێلان دەرچووە. منی نێچیری دەست و پێ بەستراوی دەستەوستان، لە عاستیدا چیم پێ دەکرێ. دەبێ سەلیم و ڕەزوان بەری لێ بگرن و نەیەڵن. ئاخر خۆ سەری نێچیر، سەرەسۆدە نییە هەرچی بێت و بەئاسانی و بەئارەزووی خۆی، هەڵی پچڕێ و فڕێی بداتە سەبەتەی خۆڵەوە!. دواتر ئەم قسەیە لە خودی ڕەزوان دەبیسم. ئەو شاڵاوەکە وەها دێنێ، کە ئان و سات سەرەکە هەڵبکەنێ. لە کاتێکدا سەرەکە، وەك دواتر ئەم قسەیەش هەر لە ڕەزوان دەبیسم، لە سەرەنوێلك نەدۆزراوەتەوە. سەد ڕەنجی فەرهادی بۆ دراوە، تا ئاوەها هاتووەتە بەردەست. نەخشە و پلاندانانی ورد. سەرفکردنی پارە و پوولی بێ شومار. کۆشش و شەونخوونیی هەزاران، کارمەندی پۆلیس و ئاسایش و موخابەرات و ئیستیخبارات و سوپای میللی و ڕەفیق و نەسیر و ڕاوێژکار و جاش و جاشخۆبەخش و ئی تر، تەنیا مەگەر خۆیان و خوای خۆیان بزانن کێ و کێی تر!. ڕەزوان لەلاوە بە پیاوەتی و بۆ خوا، ئامۆژگاریم دەکا کە کارێك نەکەم عەقیدم لێ هار ببێ. عەقید جەلادێکی بێ حەوسەڵەیە. خۆم بەوەم زانیوە و بۆی تەواو دەکەم کە کەرتریشە. نکوولیی لێ ناکا و دەڵێ: دەم خۆش. دەشڵێ: سەری ئێوەومانانی بەلاوە سەرەسۆدەیە. بەختیشتان هەیە کە من و ڕائید سەلیمتان هەین بەری لێ بگرین. بەڵام بەر لێگرتنەکە تا سەر مەیسەر نابێ. جارێك و دووان و ئیتر ئێمەش بێزار دەبین..

– نا عەقیدم.. تکایە مەکە.. کوڕێکی ئاقڵە و پیاوانە دەدوێ و ڕێگەمان کورت دەکاتەوە.

جاری یەکەمە و بەری لێ دەگرن. جەنابی عەقید وەك جادووی لێ بکرێ، ئەو دڕندە شاڵاوهێنە نامێنێ کە هەبوو. نەرمونیان و هێمن و لەسەرخۆ، وەردەچەرخێ و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. بەچەشنی قوڕمیش لێبڕاوێك دادەنیشێتەوە و لە جووڵە دەکەوێ. ئەمە سیفەتێکی تایبەتییەتی و دەچێتە پارسەنگی پێچەوانەکەیەوە. بەڵام ڕەزوان واتەنی، هێندە هەیە کە تا سەر نییە. دەشێ دوای جگەرەکێشانێك قڵپ ببێتەوە. من دواتر سەر لەم وردەکارییانە دەردەکەم و پێیان ئاشنا دەبم. دەنا لەم سەرەتایەم لەگەڵیاندا، بە تەنیا نمایشێکی بێ تامی بێ بایەخی دادەنێم. من لەوەبەر هێندەم لەبارەی ئەشکەنجەدان و شێوەکانییەوە بیستووە، کە لە دڵدا پێکەنینم بەم جۆرە منداڵبازارییەیان دێ. تەنانەت ئەوەتا دیسان ئەو پێکەنینەی ناو دڵم، بە نەرمی

هەڵتۆقیوەتەوە سەر لێوم. هیشام بەدەردی خۆیدا کەوتووە و لێی غافڵە. هاوکارەکانی ئاگەدارن و خۆیانی لێ گێل دەکەن. ڕەزوان دێتە بەر مەیدان و جڵەو دەگرێتە دەست. ئەو لە هیچ ڕوویەکەوە هیشام نییە. هیشام کەتەیەکی سەروکەللە و جەستە گامێشییە. چوارشانە و تێك سمڕاو و بەگەڵوگیپاڵ. پووزوبازوو کۆڵەکەیی و دەست و پێ زل. بەتایبەتی دەستەکانی دەڵێت مایەن. لە کاتێکدا ئەو، گەنجێکی جوانی ڕووخۆشی دەم بە پێکەنینە. جەلادە بەڵێ و ئاو لێڵ ناکا. بەڵام جەلادێکی سپۆرتە. زەردەخەنەیەکی سروشتکردی هەردەم بەسەر لێوەوەیە. تووڕە نابێ و بە هاتوهاوار نییە. جنێو نادا و گەر بیشیدا، دەیخاتە قاڵبی نوکتە و پێکەنینەوە. وەك هەر جەلادێك دەست دەوەشێنێ و جەزرەبەکانیشی گورچکبڕن. کەچی هێندە کارامانە دەیکا، یەکێك نەیناسێ وا دەزانێ تۆز و گەردت لێ دەتەکێنێ. ئەم زانیارییانەم دوایی لەلا کۆ دەبنەوە و ئێستا، هاتنە بەرمەیدانەکەی هەر بە بەشێك لە نمایشەکە دادەنێم. هاتووە بەرامبەرم لەسەر چۆك دانیشتووە. (من لەسەر زەوییەکە چوارمەشقی دانیشێنراوم). بەدەنگێکی فرە دۆستانەوە پێم دەڵێ:

– ئێی هاوڕێ.. دەم خۆش. تەنانەت چی؟!.

من قسەکەی پێشووم تەواو ناکەم وەك ئەو دەیەوێ. ئەوەندە گێل نیم. نمایش بەرامبەر نمایش دەخەمە گەڕ. کەمەند دژی کەمەند. تای تەرازوومان بەرامبەر نین، ڕاستە. من نێچیر و ئەوان جەلاد، وایە. بەڵام خۆ منیش ئەو دەستەمۆیە نیم ئاسان ملقرتێن بکرێم. منیش پەلەقاژە دەکەم و گازیش دەگرم. بگرە دەتوانم داخیان بکەم..

– بۆچی تەریقی دەکەیتەوە؟!. ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ دێنێ!.

نێچیر جەلاد ئامۆژگاری دەکا. دەرسی وێڵوئوسووڵی پێدا دەدا. حاڵەتێکی دەگمەن و بەسەمەرەیە!.. دەبێ جەلاد بە بیستنی، هار ببێ و دۆ و دۆشاو تێکەڵاو بکا. بەڵام ئەوە ڕەزوان نییە. بە ئاستەم خۆی لێڵ ناکا و تەنانەت، ناشڕوانێتە ئەوانی تر. تەنیا سەری زیاتر لە من نزیك دەکاتەوە و وەك هەوڵ بدا، قسەکەی بەرگوێی هیشام نەکەوێ، بە دەنگێکی نزمی چرپە ئاسا دەڵێ:

– خراپی بەجێ دێنێ.

بزە سروشتییەکەشی لەگەڵدا، تێکەڵ بە نیگایەکی لەخۆ ڕازیبوون دەکا. جەلادانیش ناکۆکییان دەکەوێتە نێوانەوە. ئەم خۆی بە جەلادێکی کارامەتر لەو دادەنێ. قسەکەی

وا دەگەیەنێ و سا منیش ئاگرەکەی خۆش دەکەم..

– ئەی تۆ؟! چۆنی بەجێ دێنیت؟!.

– بە ئەقڵ.. بە گفتوگۆ و قایلکردن.

– من دەخەڵەتێنیت یا خۆت؟! وا نییە.. جیاوازیتان تەنیا لە توێکڵدایە.. دەنا لە کاکڵدا هەر..

– هەر؟!.

من ناترسم بیڵێم. وەك بڵێیت جۆرە شەرمێك لەو ساتەدا، دام دەگرێ و پێمی گل دەداتەوە. من بێدەنگ دەبم و ڕەزوانیش، لە چاوەڕوانیدایە و دەنگ ناکا. سەلیم هەڵدەداتێ:

– من دەیڵێم!.

ئەویش گەنجێکی قۆز و جوانە. جوانترە لە ڕەزوان. بەتایبەتی کە بەلای جوانییەکی ژنانەدا دادەشکێنێ. سوور و سپییەکی پێست تەنکی ڕەنگ و ڕوو ئاڵە. سمێڵ دەتاشێ و قژی زەردێکی خاوە. چەپکە تاڵێکی بەردەوام لێ داخزاوەتە سەر لاتەوێڵی. بەدوای قسەکەیدا دێتە پشتمەوە و بەسەر سەرمەوە ڕادەوەستێ. دەست دێنێ و لە قژم دەنەوێ. سەرم هێندە بە پشتدا دەخا، تا وامان لێ دێ کە ڕوخسارمان بەروپشت، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. – دەبێ نیازی چی بێ ؟!. – دیارە.. دەسرەوێنێتە دەموچاو. – دەستی خۆپاراستن بەرز بکەمەوە؟!. – نەء.. نەکەیت نیشاندانی ترسە. وازی لێ بێنە با تێ سرەوێنێ. کەچی لە بری دەست، بە زمان دەیکا. ئەمیش جنێوفرۆشە و دەڵێ:

– لە کاکڵدا جاشی ماکەرێکین.. دەتەوێ وا بڵێیت.. وا نا؟!. باشە با واز لە پرسیارەکەمان بێنین. با دایکە قەحبەکەت و باوکە گەوادەکەت و ناو لێنانە حیزانەکەت، لەولا بۆ کاتێکی تر بوەستن. کاتی زۆرمان بەدەستەوەیە لە خزمەتی تەرەسێکی وەکو جەنابتا بین. بەڵام بۆ ئێستا پێم بڵێ: تۆ لەوە دەچێ تازەکوورە نەبیت. پێ دەچێ پێشتر بەدیداری ئەم چارە نەگریسەت ناشاد بووبین.. وا نا؟!

***

ئا من... منی هاوڕێی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەمەعەلی، کە خەڵکی شار بەهاوڕێی مریەمیش ناویان دەبردم، ئێستا تەمەنم ڕێك بیست و حەوت ساڵ و یەك مانگ و

چوارده ڕۆژە . من بەهۆی هۆشیاریی دایکم و باوکمەوە، بەختەوەر بووم کە ڕۆژ و بگرە کات و ساتی لەدایکبوونم، دیاری کراوە و نووسراوە. بیست و حەوت ساڵ و یەك مانگ و چواردە ڕۆژ و ئەمەیان ژمارە سەرەکییەکەیە، دەنا ژمارەی تریشم بۆ پێوانەکردنی کاتەکانی ژیانم بەدەستەوە هەن. بۆ نموونە دەشێ بڵێم: وا بوو بە ساڵێك و چوار مانگ و نۆ ڕۆژ کە گیراوم. یا وا بوو بە دە مانگ و شازدە ڕۆژ حوکم دراوم . یا وا بەمڕۆوە، دەبێتە چوار مانگی خشت کە هێنراومەتە ئێرە . چوار مانگ و منێکی حوکمدراو بە لەسێدارەدان، شازادانە دەخۆم و دەخەوم و دەپۆشم. ئەگەرچی هەر لەناو چوار دیوارێکی هەردەم دەرگە داخراودام، بەڵام ژمارەیەك بەردەست و خزمەتچی و پاسەوان، شەو و ڕۆژ دەستەونەزەر لە حزوورمدان. چ قوورەتە کەسێکیان بێ دڵیم بکا. یا لە ئاستمدا رووگرژ و لالووت بێ. یا لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانمدا کەمتەرخەم بێ . کامیان زۆر بەخۆی دەنازێ، بەسووکە سکاڵایەکم رەزیل و ریسوا دەکرێ. ئەی چۆن!.. منی ئەو میوانە گرانبەها ئازیزەی کە هەم، دەبێ پێڵاوم بخرێتە سەر سەر، هەرچییەك داوا بکەم، نابێ نییەی تێ بکەوێ. نابێ گەرد لە دڵم بنیشێ. دەبێ تێر و خۆش و باش بخۆم. بەیانییان سینییە بەرچاییی رازاوەم، لە کات و ساتی خۆیدا بۆ بخرێتە ئەمدیو دەرگەوە. دەبێ نەرمونیان و ئارام بخەوم. ڕادیۆی ترانسستەر، گۆرانی و ئاوازی دڵگیرم بە گوێدا هەڵدا. دەبێ نوێ و چاك و پاك بپۆشم. کراس و دەرپێ و فانیلە و بیجامەم، لە پاکەتدا بۆ بهێنرێن.

من سەرەتا کە دەهێنرێم، بەم کەینوبەینە نازانم. لە کوێوەی بزانم؟!. من هەرکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گوازرابمەوە، لە دۆزەخێکەوە بۆ دۆزەخێکی تر بووە. تەنانەت ئەمەیانم دەبوو بەلاوە، لە هەموو ئەوانی تر بەدۆزەختر بزانیایە. ئێوارەیەکی درەنگوەختە. کاتێکە کە تۆ لە هیچ شتێك ئاگەدار نەکراویت و لە دڵدا دەڵێیت: وا ئەمرۆشمان بەزیندوویی بەسەر برد و بابزانین سبەی چۆن دەبێ!. کەچی ئەوەتا لە ناکاوێکدا دێن دەرگە واڵا دەکەن و دەڵێن:

— وەرە دەرەوە!.

ئەمیان و لەم ناوەختەدا، لە بابەتی وەرە دەرەوەکانی تر نییە. ئەوانی تر خامۆش و بێ تێخۆڕینن. دەرگەیە و دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە و هەموو شت لە جێی خۆیانن. ئەگەر وشەیەك یا ڕستەیەکیش بەدەم کردنەوە و داخستنەوەکەوە بکرێن، سارد و وشك و بێ ڕەنگ و سەنگ دەبن. لە کاتێکدا ئەمیان، هالاوی مەرگی لێ هەڵدەستێ. سامێکی

ئـەوتـۆی مـەرگ دەبـەخشێ، کـە دەشێ تـەنـانـەت دەربـڕەکـەی.. دەرگـەوانـە پـاسـەوانـەکـە خۆیشی، لە خۆی بەئاگا نەبێ و نەزانێ، ئەو لەرەی سامی مەرگبەخشییە، چۆن چۆنی خزاوەتە دوو توێی دەنگییەوە!.. بە تایبەتیش ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە، بێ ئاگا بێ کە ئاخۆ وەرە دەرەوەکە بۆ چ مەبەستێکە! عەریف جەموولییە دەڵێ: وەرە دەرەوە. پیاوێکی بە بەزەییە. بەردەوام توێژاڵێك تەمی گریانتکێن، بەسەر ڕوخسارییەوەیە. بۆ ئێمەیە یا بۆ خۆی؟!.. ڕوون نییە. مەگەر لای خۆی و خوای خۆی، دەنا بۆ کەسی تر ڕوون نابێتەوە. من باوەڕم وایە بۆ هەردوو لامانە. جارێکیان ویستم فێڵی لێ بکەم و لێم پرسی: عەریف جەموولی.. تۆ بۆچی قەت پێ ناکەنیت؟!. ئەویش وەك لە مەغزای پرسیارەکەم حاڵی بووبێ، نووکە شەقێکی بە دەرگەکەدا کێشا و وتی: بچۆ ژوورەوە و کڕ بە، تا دێن و دەتبەن سەرت دەنێنە گۆڕی بابتەوە!. کەوا بێ دەمبەن سەرم دەنێنە گۆڕی بابمەوە. لەرەی سامبەخشی دەنگی عەریف جەموولی وا ڕادەگەیەنێ. خۆ من سەبارەت بەو ساتە سامناکە، قەت خۆم فریو نەداوە بڵێم: خامبام پێدا نەهات. نا قەت وا نەبوو. بە پێچەوانەوە لەو ساتەدا، کسپەیەك وەك دەمە گوێزان، بە هەناومدا تێسکەی کرد. دڵم لـەنـاو قـەفـەزەی سنـگمـدا، بـەچـەشنـی بـاڵـندەیـەکـی سەربـڕدراو، کـەوتـە هەڵبڵووقانەوە. ترپەترپی کاسی دەکردم. ئەو کاتە زۆر نەبوو، لە ژمەمە خۆراکی ئێوارە بووبوومەوە و لە چاوەڕوانی پەرداخە چایەکەدا بووم، کە لە دەلاقە چوارگۆشەکەی سەرووی دەرگەکەوە بۆمی ڕەت بکەن. کەچی ئەوەتا لە بری دەلاقە، دەرگەم لێ دەخرێتە سەرپشت و وەرە دەرەوەم بەگوێدا دەدرێ!.

کسپـە و خـورپـەکـە زۆر نـاخـایـەنـن. خـێرا وریـا دەبمەوە و دەپرسم: کێ دەڵێ بـۆ سەربڕینەکەیە؟!. خۆ سەربڕینی من، هیچ نەبێ لەم بەندیخانەیەدا، لە کەسانی تر جیاواز نییە. ئەوەتەی لێرەم، کەس لەم کاتەدا نەبراوە بۆ لەسێدارەدان، من بۆچی؟!. هێور دەبمەوە و هەنگاو دەنێمە دەرەوە. لە دەرەوە هیچ شتێك نائاسایی نییە. هیچ نیشانەیەکی تەنتەنە و عەنعەنەی بردن بۆ لەسێدارەدان نابینرێ. تەنیا جەموولی و پاسەوانێکی لەگەڵدایە. ریز دەبەستین و دەڕۆین. جەموولی، من، پاسەوان. حەز دەکەم بپرسم و گلی دەدەمەوە. جاران ئەو حەزەم لێ ورووژاوە و کپم کردووە. حەزێك کە نەك تەنیا بۆ بەدیهاتن نەشێ، بگرە گێچەڵیشی لە دوا بێ، بۆچی دەربڕدرێ؟! ئەگەرچی لە جەمووڵییە بەسزمانەکەیشە، بەڵام نایکەم. کوڕێك و برازایەکی لە جەنگدا کوژراون. جارێکیان پێم وت: کوڕەکەت ئەگەر نەکوژرایە، ئێستا دوکتۆر دەبوو. وتی: گوو بخۆ.

تۆی ناپاك و دوژمن بە سەرۆك و گەل و وڵات، بۆت نییە ناوی کوڕی من بەسەر زارتدا بێنیت!. من هیچی ترم نەوت. ئەو خۆی دوای کەمێ هاتەوە بەلامەوە. بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: دەتناسی؟!. وتم: نەخێر.. لە کوێوەی بناسم؟!. وتی: ئەی ئەو قسەیەت چۆن کرد؟!. چۆنت زانی قوتابیی کۆلێجی پزیشکی بوو؟!. وتم: خۆت بۆت باس کردم. وتی: خۆم؟!.. نەعووزوبیللا!.. خۆم ئەم جۆرە باسانە، بۆ ئێوەی تاوانبار و دوژمن بە سەرۆك چۆن دەکەم؟!.

جەموولی و پاسەوانەکە، لە ڕاڕەوەکە دەمبەنە دەرەوە. چەند هەنگاوێك و دەمکەن بەڕاڕەوێکی تردا. بەلای چەپدا ژوورێك و ئەوە جەنابی بەڕێوەبەرە. سەری بەسەر فایلێکی بەردەمیدا شۆڕ کردووەتەوە. سەر بەرز دەکاتەوە و سەرنجێکی خێرام دەداتێ. سەرنجەکەی گێژوویژانەیە. تێکەڵە لە جۆرە ڕاڕاییەکیش. سەر دادەگرێتەوە و ئیمزایەك دەکا. هەڵدەستێتە سەرپێ و سەرێك لە عەریف جەموولی رادەوەشێنێ. عەریفیش لادەکاتەوە بەلای پاسەواندا و هێمایەکی بۆ دەکا. مەسەلە چییە؟!. چییان لە ژێر سەردایە؟!. دەڵێیت زمانیان لە دەمدا نەماوە!. من هێشتا سەرنج لە نێوان بەڕێوەبەر و عەریفدا دێنم و دەبەم و پاسەوان، خەریکی توندکردنی کەلەبچەیەکە لە مەچەکم!. ئەی ئەمەیان چییە؟!. ناگەم وردی بکەمەوە و بەڕێ دەخرێم. دیسان ریزمان بەستووە. بەڕێوەبەر، جەموولی، من، پاسەوان. جەموولی دەزانێ مەسەلە چییە. دەبوو ئەو کاتەی هێنامییە دەرەوە، لێم بپرسیایە کە بۆ کوێیە؟! هیچم لە کیس دەچوو؟! – ئا دەچوو. – چی؟! – قسەکەت. هیچی نەدەدرکاند. خۆ ئەو بەسزمانە سەری خۆی نەدۆزیوەتەوە. – ڕاست دەکەیت. بەڵام تۆ پێم بڵێ.. مەسەلە چییە و بۆ کوێم دەبەن؟! بۆ سەربڕینەکەیە؟! – نا... لەوە ناچێ – ئەی چی؟! سەبر بگرە.. ڕوون دەبێتەوە.

– ڕاوەستە.

ژوورێکی تر و بەڕێوەبەرێکی تر. من لە نێوان عەریف و پاسەواندا، ڕاوەستاوین و بەڕێوەبەرمان دەچێتە ژوورەوە. زۆر خێرا دێتەوە دەرەوە و من بۆ ژوورەوە دەداتە پێش. بەڕێوەبەرەکەی تر و زەلامێك دانیشتوون. دەنگی زەلامەکەم دێتە بەرگوێ ، لەگەڵ بینینی مندا دەڵێ: ئا!. ئایەکەی سەرنجم بۆ لای ڕادەکێشێ و تێی دەڕوانم. لە دڵدا دەڵێم: ئەوا سەرەداوێکم دەسگیربوو. ئەم زەلامەیە منی بەکێش کردووەتە دەرەوە. هەوڵ دەدەم درێژخایەنتر سەرنجی بدەمێ و لێمی دەقرتێنرێ. لە ژوور بەدەر دەنرێمەوە و دەکەومەوە، نێوان عەریف و پاسەوان. حەزەکەم لێ دەورووژێتەوە. ئەو زەلامە کێیەیە

و ئایەکەشی مانای چی بوو؟!. جەمولییەکەی خۆمان، شتێك پێ دەزانێ و ڤیروسیای لێ دەکەم– مەکە.. بیشیزانێ، ناوێرێ و نایڵێ. – ڕاست دەکەیت. بەڵام ئاخر دەبێ چی بێ؟!. چۆن بیزانم؟!. – سەبر بگرە.. ڕوون دەبێتەوە.

ڕوون نابێتەوە و تەمومژاویتر دەبێ. بەڕێم دەخەنەوە و دیسان ریزبەستن. بەڕێوەبەرەکەی تر، جەمولی، من، پاسەوان و دەڕۆین دەڕۆین، تا لە بەردەرگەی ژوورێکی تردا ڕادەوەستین. ئەمەیان یەکەم جارە ڕێم تێی دەکەوێ. بەڕێوەبەر بەخۆی و فایلەوە دەچێتە ژوورەوە و ئێمە، لە چاوەڕواندا دەمێنینەوە. چاوەڕوانکردن درێژە دەکێشێ. عەریف بێزارە و لەژێر لێوەوە دەبۆڵێنێ. – فرسەتە.. با لەم کاتی پەستییەیدا لێی بپرسم. – بێ سوودە و مەکە.– ناکەم...

– بیهێنن.

دەمبەن و لەسەر کورسییەك دام دەنیشێنن. دانیشاندنەکە لەسەر کورسی سەرسامم دەکا!. دەڕوانمە ئەملا و ئەولا. دوو پاسەوان وەك بت ڕاوەستاون.

سەرنج دەدەمە بنەوەی ژوورەکە. دیسان ئەوە زەلامەکەیە. بەدەنگی نزم لەگەڵ بەڕێوەبەری دووەم و یەکێکی تردا دەدوێن. ژوورەکە ڕووناك نییە. وەك ئەوەیە ڕۆژی نیوەڕۆ بێ و پەنجەرەی تێدا نەبێ. یا شەو بێ وگڵۆپی دەرەوە، لە پەنجەرە و دەرگەوە ڕووناکیی بداتێ. لە ناکاوێکدا هەردوو بەڕێوەبەر لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە. دەمێنینەوە من و زەلام و دوو پاسەوانەکە. پاسەوان بەدیارمەوە بتن. زەلام سەری بەسەر فایلدا شۆڕکردووەتەوە و خامۆشە. منیش دەست بە کەلەبچەوە، لەسەر کورسی دانیشتووم و سەراسیمەم!. تەقەلا دەدەم بە ئەنجامێك بگەم و ناگەم. مرۆ لەم ساتانەدا سەرجەم ئەندامانی جەستەی، لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێی، دەبنە ڕادار و خوازیاری پێزانینی، کزترین ورتە و جووڵەی دەوروپشت دەبێ. بەڵام ئێستا لەم ژوورەدا، هیچ.. هەر هیچ ورتە و جووڵەیەك نییە. من خزاومەتە ناو کورسییەکەوە و سەراسیمە دانیشتووم. پاسەوانەکان دەڵێیت لە بەرد داتاشراون. زەلامەکەش لە کەسێك دەچێ، بەسەر فایلەکەدا چووبێتە شیرین خەوێکەوە. هەرچی هەیە لە ژێر سەری ئەمەدایە.. ئا ئەمە. دیمەنێکی سەیری هەیە. نوستووە. پاسەوانەکانیش ئەوانیش دەڵێیت بە پێوە خەویان لێ کەوتووە. عاجباتییە!...

– ئێ هاوڕێ.. چۆنیت؟!.

ئای!.. ئەمەش هەر عاجباتییە!. زەلامەکە سەری بەرز کردووەتەوە و وا دەڵێ!. وەك سالاّنێك بێ بمناسێ!. سەیری ئەو زمانە شیرینەی!. بزەیەکیشی بەسەر لێوەوەیە. ئەمەیان چییە؟!. کێیە و چیی دەوێ؟! ئەوا بەرێوەبەرەکانیش هاتنەوە. کاغەزێك دەخەنە بەردەستی و دوای خوێندنەوەی ئیمزای دەکا. بەهێواشی هەڵدەستێتە سەرپێ. بێرێکەی لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ و دەیچەسپێنێتە سەری. فایلەکەش دەنێتە بن دەستی. تەوقەیەکی گەرم لەگەڵ بەرێوەبەرەکان دەکا و واوە، رووەو لای من دێ. دەگاتە ئاستم و وا دێتە بەر زەینم، هەنگاوی شل کردووە و بەدەم بزەیەکی ترەوە، سەرنجێکی خێرام دەداتێ. منیش هەم لە نزیکەوەتر و هەم وردتر تێی دەروانم و دڵم ختوورەیەك دەکا. نازانم ختوورەکە بۆچی و لەبەر چییە؟!. هەروا لەخۆوەیە و ئانوساتیش لێم دەکوژێتەوە. ختوورەیەکی راگوزاری و بەسەر دەچێ. دەروا و گوێم لێیە بەرێوەبەرەکان دەڵێن:

– خوات لەگەڵ نەقیب سامر.

لە ئێستاوە ئیتر دەزانم، کە ئەو زەلامە نەقیب سامرە. ئەو هیچ بەپاسەوانەکان ناڵێ. ئەمان خۆیان لەگەڵ یەکێك لە بەرێوەبەرەکاندا، کەلەپچەگۆرکێم پێ دەکەن. ئەوەی بەندیخانەم لە دەست دادەماڵن و یەکێکی خۆیانم، لە مەچەك دەچەسپێنن. ئەوسا دوور لە تێخورینی ئاسایی و بگرە زۆر بەلوتفەوە دەڵێن:

– فەرموو!.

عاجباتییەکی تر!.. پاسەوانی بەردین دێتە نوتق و دەڵێ: فەرموو!. ئەمانە کێن و چییان لێم دەوێ؟!. بەنیازی چین و بۆ کوێم دەفەرمووێنن؟! دەکەوینە رێ و سەری لێ دەرناکەم. دیسان ریزبەستن. نەقیب سامر، من، پاسەوانەکان. دەرگەیەك و دووان و سێیەم سەرەکییە. دەرگەکان بۆ نەقیب زوو والاّ دەکرێن. ئێرە دەرەوەی بەندیخانەیە. روو لە ئۆتۆمۆبێلێکی بەرازیلیی سپی دەکەین، کە لە کەناردا راوەستاوە. نەقیب یەکەمەمانە کە دەیگاتێ. وەردەچەرخێ و چاوەروان دەکا. ئێمەیش دەگەین و پاسەوانێکیان، خێرا دەرگەی پشتەوە دەکاتەوە و دەچێتە ناوەوە. دووەم فەرموو لە من دەکا و سەر دەکەوم. پێم لە قەراغی دەرگە دەگیرێ و سەرسمێك دەدەم. گوێم لێیە سامر دەڵێ:

– لەسەرخۆ بن لەگەڵیدا کەربابینە. بۆچی پاڵی پێوە دەنێن؟!.

عاجباتی لە دوای عاجباتی!. کوا پاڵیان پێوە ناوم؟!. دڵنیام ئەو خۆیشی دەزانێ کە وا نییە. ئەی بۆچی وا دەڵێ؟! یا ئەو هەموو نەزاکەت و سەروزمانە شیرینەی بۆ ناڵێیت!. ئەوانەی لە پای چییە؟!. ئەم ماستە بێ موو نییە. دەبێ بە چ نیازێك و بۆ چ مەبەستێك بێ؟!. بۆ کوێم دەبەن و چیم لێ دەکەن؟!. تۆ بڵێیت لێبووردنێك لە ئارادا بێ و بۆ بەردان ببرێم؟!. حەی!. لێبووردن؟!. قسەی هیچ!. لێبووردن بووایە، لەگەڵ خەڵکەکەی تردا حەشر دەکرام. بە چ مانایەك جیا بکرێمەوە؟!. بەپێچەوانەوە.. ئەگەر جیاش بکرێمەوە، بۆ ئەوەیە حەشارم بدەن و نەمگرێتەوە. من خۆم دەزانم چەندە بە خوێنی سەرم تینوون. سەد جاریان بەگوێم داداوە، کە تەنیا بۆ مەخسەرە و ئەشکەنجەدانی زیاتر منیان هێشتووەتەوە، دەنا هیچ حسابێك بۆ داوونەریتە ڕووکەشییەکەی لەسێدارەدانیشم لەگەڵدا ناکەن. یا ڕەنگە بمبەن بەپێی داوونەریتێکی تایبەتی هەڵم بواسن– وەکو چی و چۆن؟! وەکو .. وەکو... نازانم... زەفەری پێ نابەم. باش بۆم ناهێنرێتە بەر زەین. ڕەنگە بمبرژێنن. بمکەن بە شیشێکەوە و بەسەر گڕی ئاگرێکەوە بمخولێننەوە!. جا ئەوە ئەقڵ دەیگرێ؟! – دەیگرێ بۆ نایگرێ!. هەرچییەکت لەم بابەتە بەخەیاڵدا بێت، چەندە سەیروسەمەرە و بێ وێنە و لە ڕادەبەدەر نەشیاو بێ، لەم جرِوجانەوەرانە دەوەشێتەوە. ئەمانە مرۆڤی ئاسایی نین. لە هیچ شتێکیاندا ئاسایی نین. کە بەسەر و سیمایەکی گەشەوە تێت دەڕوانن، ئەوە دڵنیابە مۆڕەت لێ دەکەن. زەردەخەنەیان، ددان جیڕکردنەوەیە. سەروزمانی شیرینیان، هەڵشاخان و جنێودانە. باوەشگرتنەوەی بە سۆزیان، تێکشکاندنی ئێسك و پرووسکە. ئەمانەیان هەموو لێ بینراوە. من خۆم هەمووم لێ بینیون لە یەکەم ساتی دەسگیرکردنمەوە بیگرە، تا پلە بەپلەی ئەشکەنجەدانم و تا، حوکمدانم بە لەسێدارەدان، دەنا باشە فەرموون، ئەمە ملی من و ئەوە پەتی ئێوە و تێی بجەڕێنن و بیبڕێننەوە. کەچی سەیرکە بزانە، ئاخۆ چیی تریان بۆ ئەشکەنجەدانم لەژێر سەردایە!. نا.. ئەمانە قەت مرۆڤی ئاسایی نین. ئاخر منێك کە لە ژووری چاوەڕێکردنی لەسێدارەداندا، سرەوتم گرتووە و بێ خەم پاڵم لێ داوەتەوە، ئەگەر دڕندەی ناو بێشە و دارستان نین، بە چ هەقێك دێن و سەری سووکم ئاوەها جەنجاڵ دەکەن؟!. وەرە سەربارى هەمووی، نەشتوانیت بپرسیت: ئەرێ کابرا بۆ کوێم دەبەن و چ گەمەیەکی جانەوەرانەی ترتان، لەگەڵمدا بەدەستەوەیە؟!. یا ئەگەر بشپرسیت، بەختەوەریت کە وەڵامیان بێدەنگی بێ. دەنا سەد و یەك جۆر وەڵامی مزریان هەیە بیدەنەوە و ئەوسا تۆ، خۆزگە بە نەکردنەکەی

دەخوازیت. بەڵام تۆ ڕاوەستە.. تۆیەك كە لە هەموو جۆرەكانی كردن و نەكردی پرسیار لەگەڵیاندا سیوات بووەتەوە، سڵی چی لە پرسیاری ئێستات لەم كابرایە دەكەیتەوە؟!. بەتایبەتی كە بینیت چ سەروزمان شیرین و دەم بەپێكەنینێكە – حەی حەی!. كەمی لەم بابەتەم لێ بینیون؟! نایانناسم چ ماڵێكن!– با دەیانناسیت. بەڵام چیت لێ دەكەن؟!. ئەوپەڕەكەی هەر لەناو ئۆتۆمۆبێلەكەدا، تۆزێ سەروپۆتەڵاكت دەكوتنەوە. لەوە زیاتر هەیە؟!. كەمیان بۆ كوتاویتەوە؟!. – نەء ڕاستە..

– ئەرێ بۆ كوێ؟!.. دەمەوێ بزانم بۆ كوێم دەبەن؟!.

سەروپۆتەڵاكم ناكوترێتەوە. سامر دەبینم خۆی دەخاتە سەرلا و ڕووم بۆ وەردەگێڕێ. ئێستا شەو داهاتووە. گڵۆپەكانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەكە، ناو ئۆتۆمبیلەكە ڕووناك دەكەنەوە. ڕوخساری سامریش. دیسان گەش و بەخەندەیە و دیسان تروسكە ختوورەكە، تێسكە دەكاتەوە و دەكوژێتەوە. دۆستانە بەناوبردنمەوە دەڵێ:

– هاوڕێ پەلەت نەبێ. ڕێگەمان دوور نییە. زۆری پێ ناچێ دەگەین و تێ دەگەیت.

وەڵامە دۆستانەكە هانم دەدا، ئەمجاریش بپرسم:

– كوێ؟!.. بەكوێ دەگەین؟!.

– كە گەیشتین دەیزانیت.

وەك بیەوێ بڵێ: پرسیاری تر مەكە، ڕووم لێ وەردەگێڕێتەوە. تەنانەت وا هەست دەكەم، كە پاسەوانی لای چەپم بۆ دەمكوتكردنم، سووكێك تێوەم دەژەنێ. دڵنیا نیم. ڕەنگە وابێ و ڕەنگیشە، جووڵەیەكی ئاسایی بێ. بەڵام ئەمانە ئامانیان بۆ نییە. ژەهراوین.. هەموو ژەهراوین.. هەموو جەلادی ژەهراوین. سەری زمانیان هەنگوینە و بنی پڕ لە ژەهر. ئەم جۆرەیان ترسناكن. ئەوانی تر هیچ نین. تڕە جەلادن. بۆ نموونە ئەوە هیشامە كەرەكە. هەرچییەكی لە دڵدا بووایە یا بەخەیاڵیدا بهاتایە، ڕەپوڕاست دەری دەبڕی و دەستی دەخستە ڕوو. كە دەگەیشتە تینی، دەتەقییەوە و دەیوت: ئاخر مەگەزێكی وەك ئەم كوڕی قەحبەی لە قەحبە بووە، كەی هی ئەوەیە یەك ساتەوەختی تر لە ژیاندا بهێڵرێتەوە؟! بۆچی بدرێ بەدادگا؟! دادگای چی و گەوادخانەی چی؟!. ئەوەتا بە دەمی خۆی، بە چنگ گوو دەخوا و دەڵێ: بەڵێ من شیوعیم. بگرە لەوە زیاتر دەخوا و دەڵێ: من ژیانم تا دوا ساتی، بۆ خەباتكردن لە پێناوی سەرخستنیدا تەرخانە.

کوڕە تەنانەت پەنجە بە چاوماندا دەکا و دەڵێ: من بۆ ئەوە خولْقاوم، بەگژ ئێوەی دوژمن و هەموو هاوچەشنەکانتاندا بچم و بۆ هەتاهەتایە، گۆڕ بەگۆڕتان بکەم. دەی باشە ئیتر مەگەزێکی وەها، دادگا و مادگای بۆ چییە؟! . ئەو بەزم و ڕەزمە ڕووکەشییانە لە پای چی؟!. وەرە بیبە بۆ دادگا. بیهێنەوە. بینێرە بۆ بەندیخانە و بیخەرە زیندانەوە. ئالیکی بدەرێ و ئاوی بدە و ئێشکی لێ بگرە. چاوەڕێ بکە تا بڕیاری جێبەجێکردنی تۆپاندنەکەی بۆ دەردەچێ. ئینجا پەتی بۆ هەڵخە و هەڵیواسە و دای گرەوە و نازانم چی و چی!!. بۆ .. ئاخر بۆ؟!.. ئا.. ئاوای دەوت. ئینجا لە هاوکارەکانی لای دەدا و بەلای مندا وەردەچەرخا. لێم دەهاتە پێشەوە و بە دانەکڕێوە دەیوت: باشە کاکە.. کاکەی تەرەسی کوڕی تەرەس..

تۆ شیوعی نیت؟!. دەموت: با – دوژمنی سەرسەختی ئێمە نیت؟!. – با بێگومان. – کار و فرمانت لە ژیاندا، ئەوە نییە تەفروتوونامان بکەیت.. خۆت واتەنی: بۆ هەتاهەتایە گۆڕ بەگۆڕمان بکەیت؟!. – دروست وایە. ئەوسا ڕووی دەکردەوە هاوکارانی و دەیوت: خۆ گوێتان لێ بوو جەنابینە. (جەنابینەکەی بەتەوسەوە دەوت). ئیتر من تێ ناگەم ئەم مەگەزە (زۆریشی حەز لە وتنەوەی ئەم وشەیە بوو) دادگەییکردنی بۆ چییە؟!. ئەم مەگەزە، هی ئەوە نییە پاچ و خاکەنازێکی بدەیتە دەست و بیبەیت، لە سەرە نوێلکێکدا چاڵێکی پێ هەڵکەنیت و بلێیت: فەرموو مەگەزی لە مەگەز بوو، ڕاکشێ و خەوی خۆشی ڕەنگاوڕەنگ ببینە؟!. ها؟!. هی ئەوە نییە؟!. بەدوایدا وەردەگەڕایەوە بەلای مندا و دەیوت: وایە کوڕی قەحبە یان نا؟!. قسەکەم هیچ ناڕەواییەکی تێدایە؟!. من دەموت: نا نەخێر جەناب.. ئەوەی دەیفەرموویت گەردی پێوە نییە. دادگا و مادگای چی!. تۆ لەسەر هەقیت و من بەهەر دە پەنجە بۆتی ئیمزا دەکەم. بۆ چیم دەهێڵنەوە؟!. بەقسەی ئەم زاتانە مەکە. ئەمانە لە خشتەت دەبەن. یا هیچ نەبێ سەرپێچی لە فەرمایشتت دەکەن. چۆن دەبێ وابێ؟!. بە قسەیان مەکە و بە ئەقڵی خۆتی بکە. تا ئەو کاتە هێشتا نۆرەیان نەهێنابووە سەر ئەشکەنجەدانی جەستەیی. هێشتا هەر لە قۆناغی کێشمەکێشدا بووین بە قسە و گفتوگۆ. هیشام لە ئاستی ئەم گفتانەمدا حۆل بووبوو. بە دوو چاوی گێژوویژەوە سەرنجی دەدامێ و پێوەی دیاربوو، کە حسابەکەی بۆ ورد ناکرێتەوە. ئەو وەها و هاوەڵەکانیشی سەرسام بووبوون. ئەگەرچی من وام چاوەڕێ دەکرد، یەکێکیان کەللەیی ببێ و شالاوم بۆ بێنێ. یا هەر لە جێوە تەپڵەکە جگەرەیەك، شووشە مەرەکەبێك، پەرداخێکم تێ بگرێ. کەچی ورتە و

جووڵەیان لێوە نەهات. ئانیشکیان دادابووە سەر مێزەکە و دەستیان نابووە ژێر چەناگە و بە حەپەساوییەوە چاویان تێ بڕیبووم. بۆ من ساتانێکی خۆش بوون.. ساتانێکی پڕ لە هەستکردن بە زاڵبوون بەسەر دوژمنێکدا، کە لەژێر چنگ و نینۆکیدام و کەچی ئەو، لە ئاستمدا زەلیل و زەبوونە. من هەردوو دەستم بە کەلەبچەوەیە و بە پێوە، لە پاڵ دیوارێکی ژوورەکەدا ڕاوەستاوم. هیشام لەلای ڕاستمەوە دوو هەنگاو دوور لێمەوە، بەو حاڵی حۆلییەوە ڕاوەستاوە. سەلیم و ڕەزوان لەلای چەپمەوە، بە دانیشتنەوە شانیان داداوەتە سەر مێزەکە و حەپەساون. ئێستا من کە لە لووتکەی ساتی هەستکردنەکەدام بە زاڵبوون، ڕووم بەلای چەپمدا وەرگێڕاوە کە سەلیم و رەزوانی حەپەساوی لێن. بەڵام لە ناکاوێکی هێجگار لە ناکاوی برووسکە ئاسادا، جەزرەبەیەکی وەها ئاراستەی دەمولێوم دەکرێ، کە مەگەر لە لوولەی چەکێکی ئاگرین بوەشێتەوە!.

چرکەیەك پێش جەزرەبەکە، هەستم کرد ڕوخساری حەپەساوی ڕەزوان دەبینم ڕادەچەنێ!... تەنانەت جەستەشی بە ئاستەمێك دەبزوێ و ئیتر، من ئەوەتام کسپەی ئازارێکی گورچکبڕ، بە هەناومدا تێسکە دەکا. لەنگەرم دەشێوێ و بۆ دواوە ڕەت دەبەم. پشتی سەرم دەدا بە دیواردا و دادەڕمێمە سەر زەوی. هەردوو قاچم درێژ بۆ بەردەمم ڕاکشاون. هەردوو دەستی کەلەبچەکراوم، داخزاونەتە دامێنی سکم. کەچی سەرم قوت و چاوم زیتن و هەڵدەڕوانن. هیشام و ڕەزوان دەبینن بەسەر سەرمەوە زۆرانبازییانە. تێ دەگەم ئەویان سەرگەرمی گورزێکی ترە و ئەمیان ڕێگەی لێ دەگرێ. ئەنجام هیشام خاو دەبێتەوە و دەکشێتەوە. ڕەزوان دەچێتەوە جێی خۆی و دادەنیشێتەوە. منیش لە دەم و ددانم بەئاگا دێم. دەزانم خوێن فیچقەی کردووە و بە چەناگە و لالغاوەمدا، بۆ ژێر چەنە و ملم و بەویشدا بۆ سەر سنگم، چۆڕاوگەی بەستووە. زمان دەگێڕم و کەلێن کەوتووەتە، سەرەوەو خوارەوەی ددانەکانم. ئەوەتان لەناو دەممدا. یەك و دووان و سیانن. من تفیان دەکەمەوە و خۆشیان، بە دەم فیچقەی خوێنەوە، ئاسان دەتفێنە دەرەوە. زمانم بەر دووانی تری لەق دەکەوێ. لەق نا، بەلەبەلیانە. کەڵکی مانەوەیان پێوە نییە. زمانیان لێ گیر دەکەم و یەکێکیان، ئەوەی سەرەوە، بە ئاسانی بەردەبێتەوە و تفی دەکەمەوە. ئەوی تریان خوارەوەیە و گیرە. دەستی کەلەبچەکراومی لێ بەرز دەکەمەوە بەدوو پەنجە، ڕای دەتەکێنمە دەرەوە. وەك بڵێیت نەزانم چی لێ بکەم، هەروا بەدوو پەنجەکەم، بەبەرزەوە ڕای دەگرم. لەگەڵیدا دەڕوانمە ئەوان. هیشام چووەتە شوێنەکەی پێشووی و ڕاوەستاوە. سیمای ترشوتاڵە و هێشتا غەزەبی لێ

دەباریێ. سەلیم و ڕەزوان نەرمەپێکەنینێك گرتوونی و وای تیێ دەگەم بە دیمەنەکەی منە. هیشامە کەرەکەیە قەوماندوویێتی و ئەنجام، ئەو نەرمەپێکەنینەی بۆ ئەوان و شەهیدبوونی پێنج ددانی منی لیێ کەوتووەتەوە. خۆش ئەوەیە هەر ئەم شەهیدبوونی ددانانەم لەو ساتەوە، بووە هۆی (پث)بوونی زمانم و بثبوونەکەش، بەردەوام دەبووە مایەی هەڵچوونی ئەو و پێکەنینی سەلیم و ڕەزوان. تەنانەت بۆ ڕۆژی دوایی هەر بەو بۆنەیەوە، بۆ یەکەم جار ناوی دایکمی هێنا کە وتی: بە فلْتەفلْت قسە مەکە تەرەس. ساف قسە نەکەیت، مریەمە قەحبەکەی دایکت دێنم و زمانتی پیێ ڕاست دەکەمەوە. تۆقیم! قسەکەی تۆقاندمی و شلەژام. من تا ئەو ساتە، خامبای هیچ جۆرە ترس و سامێکم پێدا نەهاتبوو. لە چی بترسم؟. من مردووم و براوەتەوە. یا بە ئەشکەنجەدانە یا بە لەسێدارەدان و یا، بەهەر شێوەیەکی تری لەو بابەتە. بەڵام ئەوەی دایکم بهێنیێ و ئیتر... ئەوەیانم قەت بە خەیاڵدا نەهاتبوو. ئەم جۆرە مراندنەیان زارەترەکی کردم. بەتایبەتیش کە هەر هێندەی قسەکەی دەرفرتاند، ڕاچەنییە سەرپیێ و پڕی کرد بە بێرێکەیدا. بە پەلەپڕووزیێ ئاوەژوو کردییە سەری و دای گرتەوە و کردییەوە سەری. ئینجا بە پرتاو بەرەو دەرەوە هەنگاوی نا و بەدەمییەوە وتی: دەبینیت چۆن دەیهێنم و بەبەرچاوتەوە، تابوورێکی تیێ بەردەدەم و ئەو زمانە بە فلْتەفلْتەتی، پیێ ڕاست دەکەمەوە. ئا.. من لەو ساتەدا ڕاست وام بەزەیندا هات، کە ئەوەتا چوو بیهێنێتە ژوورەوە و ئیتر، ڕووبەڕووی جۆرە مردنە تۆقێنەرە چاوەڕواننەکراوەکە دەبمەوە. ئەو ساتانە هێندە سامناك بوون.. هێندە جەرگبڕ بوون کە هەرچەند بەبیرم دێنەوە، مووچڕکەی جۆرە مردنە چاوەڕواننەکراوەکە، بە لەشمدا تێسکە پیێ دەکەن. بەڵام ئەو ساتانە لە کاتی خۆیاندا، درێژەیان نەکێشا. خێرا وریا بوومەوە و مێشکی خۆمم هەڵگوشی. وتم: باشە چۆن بەردەست کەوتووە؟! کیێ جێگە و ڕێگەی پیێ دەزانیێ؟! لە من خۆم بەولاوە کیێ هەیە؟!. من شوورەیەکی پۆڵاییینم لە نهێنی بەدەوردا کێشاوە. نەمهێشتووە هیچ کەسێك شوێنیان پیێ بزانیێ. تۆ بلێیت لە (حەمید)ەوە بیێ؟! مەگەر ئەو بەسووسە مەزەنەیەکی کردبیێ. ئیێ خۆ ئەویش لە بەدەستەوەدانی من و ئاشکراکردنی ناوە ڕاستینەکەم بەولاوە، فریای هیچی تر نەکەوت. زوو مرداریان کردەوە. نا.. تەنانەت درکاندنی ناوەکەشی لەوەوە نەبوو.. خۆم بووم. کەوابوو هەڕەشەکەی لەخۆوە بەسەرزاردا هات. تۆ بزانە چ ڕێکەوتێکی ناقۆڵا بوو. وتم هەبیێ و نەبیێ ئەو سەگبابە، زەفەری بەکەلێنی لاوازیم بردووە. زانیوێتی کە مریەمی دایکم لەلام، هیچی لە مریەمە

پاکیزەکەی لەمەڕ عیسا کەمتر نییە. وەك چۆن منیش لەلای ئەو، هەردەم عیساکەی لەمەڕ مریەم بووم. ئا.. وتم بەوەی زانیوە. بۆیە ئەو چەکەم لێ دەخاتە کار و هەوڵ دەدا، لەو ڕێگەیەوە زەفەرم پێ بەرێ. زەفەر پێبردن؟!.. دەیبرد؟! قەت نەء. بەو ئامانجە قەت نەدەگەیشت. بەڵام ئازارێکی دەروونیی لە ڕادەبەدەر تیژی دەدام و دەیپڕووکاندم. دایکم بە درێژاییی ژیانی، کەمی دەرد و سزا نەچەشتبوو، تا ئەمەشی بچووایەتە بان. نەنکم کە ئەویش وەك من زۆری خۆش دەویست، گەلێکی لە بارەیەوە بۆ گێڕابوومەوە. نەنکم بە دیارییەوە بووە کە لەبەر دایکی کەوتووەتە خوارەوە. ئەگەرچی میمکە حەلیم مامان و ناوکبڕی بووە، بەڵام بە دەستوپلی ئەم بۆ یەکەم جار، خاوێن کراوەتەوە و ئارامیی پێ بەخشراوە. لەوە بەدواش، تا لە مەملەکەتەکەی میمکە حەلیمدا پێکەوە بوون، بیست و چوار سەعاتەی شەو و ڕۆژی چوار وەرزەیان، لەگەڵ یەکتردا بەسەر بردووە. نەنکم بەو بیرە تیژەوەی کە هەیبوو، دەیتوانی گفتار و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی ئەو ساڵانەی دایکمم بەوردی بۆ بگێڕێتەوە. تاقەتیشی لە گێڕانەوەیان نەدەچوو. بە چەشنی ریکۆردێك لە بارەیەوە دەوا. هەر هێندەی پەنجەت بە دوگمەی زەینیدا بنایە، بەشەوق و سۆزێکی بێ ئەندازەوە دەستی پێ دەکرد و تا تۆ ڕات نەگرتایە نەدەگیرسایەوە. سەرجەم مێژووی مەملەکەتەکەی میمکە حەلیمی لەودا، لە هەڵسوکەوت و قسە و باس و سەرگوزەشتەکانی ئەودا، بەرجەستە دەکردن و دەیگێڕانەوە. غەدری لە میمکە نەدەکرد. ئەوی بەلاوە هەر ژنە شایەکەی مەملەکەتەکە بوو. بەڵام قەت ناوی میمکەی بەبێ ناوی مریەم بەسەر دەمدا نەدەهات. دواتریش، دوای مەرگی میمکە و خاپووربوونی مەملەکەت و پەرەوازەبوونی خەڵکەکەی، نەنکم دووراودوور ئاگای لە باسوخوازی هەر هەبووە. وەك بڵێیت گوایە نیازێك بە پەنهانی، تەنانەت بێ ئەوەی خۆیشی پێ بزانێ چییە، لە قووڵاییی ناخیدا خۆی مەڵاس داوە!. ئا.. ئەوەتا نیازەکە دوای ئەو هەموو ساڵە، خۆی دەردەخا و دەڵێ: دەخوازم ئیللانویللان ئەو مریەمە، ببێتە بووکم و هاوسەری ئەحمەدی کوڕمی هاومەملەکەتی. نەنکم بەشانازییەوە بۆمی دەگێڕایەوە و دەیوت ڕەنجی فەرهادم دا هەتا کردمە بووکم و چ بووکێك؟!. فریشتە بووك.. شێرەژن و زێڕەژن.. کەیبانووی کارامە و میهرەبان و دەستڕەنگین. هێندەم دڵ پێی خۆش بوو.. هێندەم خۆش ویست و هۆگری بووم، کە حەزم نەدەکرد بەسات لێم دوور بکەوێتەوە. زۆر جار یەخەی باوکتم لەسەر دەگرت و من دەموت: لەو تەمەنە کورتەیدا، بەشی حەوت تەمەنی درێژ،

چەوسێنراوەتەوە و ئازاری چەشتووە. گوناحتان دەگا بەسە ئیتر. وازی لێ بێنن با بحەوێتەوە. کردووتانە بە سەگی پێ سووتاو. بە کۆیلە. تۆ بزانە چی پێ دەکەن! ئا.. نەنکم وا باسی دایکمی بۆ دەکردم. ئەو حەلە من فامم کردبووەوە. (هاوتا)ی برا و (هاوژین)ی خوشکمی، لەلای نەنکم جێ دەهێشت و منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. گەڕەکا و گەڕەك. کۆڵانە و کۆڵان و ماڵە و ماڵ دەیگێڕام. عەبایەکی ڕەشی بەسەریدا دەدا و لەژێرییەوە، بەرگی کوردیی دەپۆشی. عەبا سادە و بەرگ سادەتر. بەڵام پاکوتەمیز و بەڕەونەق. بەهەنگاوی خێرا دەڕۆیشت.. زۆر خێراتر لە ڕۆیشتنی ئاساییی ژنانە. لە باوکم و هاوڕێیانم دەبیست، کە هەوڵیان دەدا پێی تەرك بکەن و بۆی نەدەکرا. لە سالآنی زووترەوە لەگەڵیدا ڕاهاتبوو. سالآنێك کە بەتەمەن هێشتا لە ڕیزی مندالآندا بووە و بەو کار و فرمانانەی کردوونی گەورە. من تا ساوا بووم، لەگەڵ بندەستە چاپکراوەکانی ژێر عەباکەیدا، لە باوەشی دەگرتم و دواتر، دەبوو بە نەرمەغار پێی ڕابگەم. لە سەری هەر کۆڵانێکدا پێش پێچکردنەوە، دزە ئاوڕێکی بۆ دواوە دەدایەوە. لەبەر هەر دەرگەیەکدا پێش چوونە ژوورەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولای دەکرد. لە ژوورەوە، قەت زیاد لە پێویست ڕاگیر نەدەبوو. بندەستەکەی دادەنا و ئەگەر شتێك هەبووایە، وەری دەگرت و چۆن هاتبووین وەهاش دەگەڕاینەوە. هەندێ جار نەنکم بە گیری دەهێنا. پێی دەوت: ئێ ئاخر کچەکەم.. تۆ دەبێ خۆت بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە. تۆ دەزانیت چی بەخۆت دەکەیت؟! تۆ سێ منداڵی وردت هەن و خزمەتکردن و پێگەیاندنی ئەوانت بەسە. دایکم دەیوت: نا دایە خان.. دوو ئەرکی جیاوازن. هەردووکیشیانم لە ئەستۆن و دەبێ، شان بەشانی یەکتر بەجێیان بێنم. ئەویان وەك دایك و ئەمیان وەك مرۆڤ. خەمت نەبێ. هەردووکیانم لە توانادا هەن. نەنکم جارێکیان لە وەلآمیدا، گەیشتە تینی و قسەیەکی کرد، کە زۆری نەخایاند وەك ڕەمڵ لێدانێك هاتە دی. نەنکم وتی: ئاخر لە شتی تر دەترسم. من مانای ئەو شتی ترەم لێ بوو بە مەراق. دەمویست لێیان بپرسم و کەچی وەك هەستم کردبێ، کە شتێکە بە قسە ناوترێ، وازم لێ هێنا تا بە ڕوودان ڕووی دا. ڕۆژێکی سەرما و سۆڵەی ئەوتۆ بوو، تفت هەڵبدایە دەیبەست. دایکم بندەستە چاپەمەنییەکەی لەژێر عەباکەوە پێیە. منی باش پێچاوەتەوە و پەلم بە پەلییەوەیە. لە گەڕەکی (سەرشەقام)ەوە کۆڵانە و کۆڵان هاتووین. من یەك بەیەکی کۆڵانەکانم لە زەیندا چەسپن. نییانە جاران پیایدا ڕەت نەبووبم. ئەو ڕۆژانە دەیگۆڕین. ئەمرۆ ئەمیان. سبەینێ ئەویان. دووسبەی ئەوی تر.

بەڵام کۆڵان هەر ئەوانەن کە هەن. خۆ هی ژێر ئەرز یا سەر ئاسمان نین. هەر دەبێ بەوانەدا هاتوچۆ بکەین. من هۆگریانم و خۆشم دەوێن. لە بینینەوەی ڕۆژانەیان بێزار نیم. لەگەڵ دایکمدام و دەیانبینمەوە. نیشانەم کردوون و ناوم لێ ناون. ئێستا دەگەینە کۆڵانی هێلانە کۆترەکان. بە باوەشی دایکمەوە بم یا بە پێی خۆم بڕۆم، سەر بەرز دەکەمەوە و دەیانبینم، بەبن گوێسوانەی ماڵێکەوە، ریزێك هێلانە هەن و بە دەیان کۆتر، بەدەوریاندا فڕکەفڕکیانە. پرسیارم لە زووەوە لە بارەیانەوە لێ کردووە و وەڵامیانم لەلا ڕوونە. وا ئەو کۆڵانە جێ دێڵین و دەچینە ناو، تەنگەبەرە پێچاوپێچەکەوە. ئاودڕێکە بۆ خۆی. پڕ لە کەلێن و چاڵوچۆڵییە. زۆر جار دایکم لێیان هەڵدەنووتێ. منیش و ئەو دەمگرێتەوە. ئەگەرچی گەورەم و بە پێی خۆم دەڕۆم، کەچی تا کۆتاییی پێ دێنین دەمکاتە باوەش. وا دەگەینە کۆڵانی خانووە ڕووخاوەکە. ئەوەتەی من لەگەڵ دایکمدا بەوێدا ڕادەبوورم، ئەویش هەیە. پشتگوێم نەخستووە و پرسیومە: دایە.. ئەو خانووە بۆچی ڕووخاوە؟! – کوڕەکەم.. بەهۆی کۆنی و پەرپووتبوونییەوە. بۆچی دروستی ناکەنەوە؟ –ڕەنگە خاوەنەکەی پارەی نەبێ.– بۆچی پارەی نییە؟!.– چونکە هەژارە.– بۆچی هەژارە؟! دایکم بۆم دەخنێتەوە و گەشکە دەیگرێ. – دوایی تێ دەگەیت. لە کۆڵانی خانووە ڕووخاوەکە ڕەت دەبین و دایکم...

– فەرموو.. جگەرە!.

نەقیب سامرە دیسان خۆی خستووەتە سەرلا. بەدەستی ڕاستی پاکەتەکەی بۆ ڕاگرتووم و بەلوتفەوە فەرمووم لێ دەکا!. لەگەڵیدا شوفێرەکە گڵۆپی ناو ئۆتۆمۆبێلەکە دادەگیرسێنێ. ڕووناکییەکەی ڕاستەوخۆ دەدا دەموچاوی سامر. دەموچاوی لە سەر لای، ئەمجاریش تروسکەی ختوورەکەم لێ دەورووژێنێتەوە. بگرە دەیکاتە گومانێك و لێمی بەزمان دێنێ. – لەوە دەچی لەوەبەر دیبێتم!. لە کوێ؟! – نازانم.– ڕەنگە لە یەکێك لەو جڕوجانەوەرانە بچێ کە لە دوای گرتنەکەتەوە تووشیان هاتوویت. – ڕەنگە وابێ. بەڵام زەینم زیاتر بۆ ئەوە دەچێ، کە خودی ئەم دەموچاوەم دیبێ.. ئەم سەروسیمایەم...

– فەرموو هاوڕێ.. جگەرە..

ئا.. دەنگەکەش.. ئەویشم بەرگوێ کەوتووە!. – چۆن؟!.. لە کوێ و کەی؟!.

– نازانم.. دڵنیا نیم.. دەنگێکی ناسکە.. پیاوانەیەکی ناسك. – باشە جارێ وازی لێ

بێنە. کابرا دەستی ڕاگرتووە. وەڵامێکی بدەوە..

– سوپاس.. جگەرە ناکێشم.

تەنیا ئەو بەلوتف نییە. منیش بەلوتفم!. دنیایەکی چەندە پڕ لە سەیروسەمەرەیە!. جەلاد و نێچیر، لوتفیان بەرامبەر بەیەکتر لێ دەباریێ!. تۆ لە دڵتەوەیە؟! – دیارە نەء. ئەو وانەبێ من بۆچی؟! – کێ دەڵێ؟!.. بەڵکو وابێ!. – ناشێ.. پێچەوانەی سونەتە..

– ئێستا ناکێشیت؟!. یا قەت جگەرەکێش نەبوویت؟!.

– قەت.

دەستی بە پاکەتی دەکێشێتەوە. جەستەی لەسەر لا دەهێڵێتەوە. جگەرەیەك بۆ خۆی دەردێنێ و بەلالێوییەوەی دەنێ. ئاگری دەدا و بوار نادا، دووکەڵەکەی بەلای مندا بێ. سەر وەردەگێڕێ و پفی دەکاتە دەرەوە بەنەزاکەتە..

– ئەی چۆن دوای گرتنەکەت فێر نەبوویت؟!. من وای تێ گەیشتووم کە جگەرە و زیندانی، هاوتەریبن و سەبووریی پێ دەبەخشێ. پێم سەیرە کە تۆ چۆن خووت نەداوەتێ؟!.

منیش دەمودووی ئەوم پێ سەیرە!. ئەوەندە دۆستانە دەدوێ، دەڵێیت هاتووە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیم لەگەڵدا بکا!.– جا کێ دەڵێ وا نییە؟!. دوور نییە هەر بۆ ئەو مەبەستەشت ببا. – دوورە.. من بەمۆخەکەیان ئاشنام و دەزانم چیی تێدایە. واز بێنە با داخی بکەم...

– منیش پێم سەیرە، کە تۆ زیندانییش نیت و کەچی، خووت داوەتێ!.

ئەو خۆیم لێ دەدزێتەوە. بەبارێکی تریدا وەردەچەرخێنێ و بەپێکەنینەوە دەڵێ:

– قسەکەت دروستە. بەڵام لە ژیاندا، زۆر شتی دوودیو هەن. بۆ نموونە: گریان. گریانی خەم هەیە و گریانی خۆشی. جگەرەکێشانەکەی من و زیندانییەکەش لەو بابەتەیە. من لە خۆشیدایە و ئەو لە خەفەتدا.

من دوودڵم لەسەری بڕۆم. جەلادێك نێچیرێکی داوەتە پێش و دەیبا و نازانرێ بۆ کوێ، کەچی دەڵێیت دوو پسپۆڕن دانیشتوون، لە گرفتی جگەرەکێشان دەدوێن. من خۆم بۆ دابین ناکرێ و لە وەڵامیدا دەڵێم:

– خەفەتی زیندانییەکە ئاشکرایە. خۆشییەکەی تۆ لە کوێدایە؟!.

بەتایبەتی ئەو جگەرەیەی، کە ئێستا دات گیرساندووە و مژی لێ دەدەیت!.

ئەو خۆی تێك نادا. پرسیار لە ڕووی پرسیاردا ڕاست دەکاتەوە:

– وتت تایبەتی؟!.. بۆچی تایبەتی بێ؟!.

– نابێ لێت شاراوە بێ.. شاراوەیە؟!.

– نەء.. بەڵام با لە خۆتی ببیسم.

– بادەدەمەوە و دەپرسم: بۆ کوێ و بە چ نیازێك؟!.

– پێشتر وەڵامم دایەوە.

– کە گەیشتینە جێ دەیزانم.. وا نا؟!.

– با.

– کەی دەگەین؟!.

– هێندەمان نەماوە.

گفتوگۆیەکی عاجباتی، لە نێوان جەلادێك و نێچیرێکدا، لە ئۆتۆمۆبێلێکی بەرازیلیدا!. وا جەلادەکە کە هەتا ئێستا جەستەی لەسەرلا بوو، وەردەچەرخێتەوە و بێدەنگ دەبێ. جگەرەکەشی وەك مەرایییەك دەکوژێنێتەوە. من لە نێوان دوو پاسەوانەکەدا، پاڵ دەدەمەوە و دەکشێمەوە ناو قاوغەکەم. وردی دەکەمەوە... ئەمە دەبێ چ جۆرە جەلادێك بێ؟! دەڵێیت داوەتی کردووم و هەوڵیش دەدا تا دەگەینە جێ، شوێنەکەم بە نهێنی لەلا بهێڵێتەوە. وەك ئەوەی شوێنێکی لە چەشنی گفتوگۆکە، عاجباتی بێ و لە ناکاوێکدا بڵێ: ئەمەتا!. ئیتر ئەمەتا چ ئەمەتا؟! وێنەیەکە لە بەهەشتەکەی ئەولا و خواوەندی تەعالا، لەسەر تکا و پاڕانەوەی ئەم جەلادە فریشتەیە، بەتایبەتی بۆمی ڕاهێڵاوەتە خوارەوە. ئیتر دەمبا بەرەلای ئەوێم دەکا و لێم دەگەڕێ. منیش تێی دەکەوم و تۆڵەی بەرودوا دەکەمەوە. هاوڕێ بلەوەڕێ. تا دەتوانیت بخۆ و بخۆوەو رابوێرە. ئەوەتەی هەیت ژەمبووردەیت. ئێستا فەرموو قەرەبووی بکەوە. درێغی مەکە. جەنابی جەلادی خێرومەندی بەبەزەییت، بۆی ڕەخساندوویت و لە دەستی مەدە. ئەی چۆن؟! خۆ هەموو جەلادێك هیشامە کەرترەکە نییە، کە تەنانەت لە قەڵافەتیشم کەللەییی دەبوو، دەیوت: تۆ ئەمەت لە باوکە گەوادە گۆڕ بەگۆڕەکەتەوە بۆ ماوەتەوە، یا لە مریەمە قەحبەکەی دایکتەوە؟!. ئەگەر لەمیانەوە بێ، دەبێ عەجەب

ئەسپەژنێك بێ و من، ملی خۆم لە حەوت جێ بۆ ژنی وەها دەشکێنم و بستی بەقەرز نادەم. ئەوە دوای شکاندنی ددانەکانم.. نانا.. دوای ئەوجارە بوو کە بە پانکەکەوە هەڵی واسیم و لەگەڵ ئیش پێکردنیدا، لە بنوبێخەوە هەڵکەندرا و پێکەوە دارِماین. ئەگەر بە فریای خۆلادان نەکەوتایە، ئەویشی کەلەپاچە دەکرد. من پەرِەکەیەکی پانکەکە، پێستی سەرمی لەلای ڕاستەوە دادرِی. خوێن بەپەناگوێ و لاملمدا چۆڕاوگەی بەست. ئەو ئەوەشی بەلاوە ئەغز بوو. نووکە شەقێکی سرەواندە قەبرغەم و وتی: کورِی قەحبە.. لەسەر خوێن لێ هاتنمان نەکردووە.. بیگیرسێنەوە!. هاوکارەکانی پێ کەنین. منیش سەرەرِای ئەو حاڵەم، پێکەنینم بەقسەکەی هات. ئاخر چۆن نەیەت؟!. پێستە و دەلاقەیەکی تێ بووە. وردە دەمارە و فلیقاونەتەوە. تەوژمی خوێنە و ڕێرەوی ئاساییی لێ شێوێنراوە و فیچقە دەکا. دەستێکی یاریدەریش نییە، بەزەیی بیگرێ و هەوڵێکی لەگەڵدا بدا. ئیتر چۆن چۆنی بگیرسێتەوە؟! دواتر تێ گەیشتم کە جەلادان خوێن لێ هاتنیان لە کاتی ئەشکەنجەداندا پێ خۆش نییە. لە ناویاندا وا باوە، کە ئەوە نیشانەی نەشارەزاییيە. جەلادی کارامە ئەو کەسەیە، بتوانێ نێچیر شلکوتی مەرگ بکا و دڵۆپێك خوێنی لێ نەیەت. لە کاتێکدا ئەم کەرترِە نەك دڵۆپ، بگرە چۆڕاوگەی بە خوێنم بەستووە. ئێستا ئەوەتا بەدوای کەوتنەکەدا، ڕاکشاومەتە لەسەر زەوی. چاوم تێوەیە خوێن لە سەر و لاملمەوە، دەزوولە دەبەستێتە سەر زەوییەکە و بەرەو ژێر پێڵاوەکانی ئەو دەکشێ، کە لە نزیکمەوە ڕاوەستاوە. ئەویش سانتیم سانتیم، دەیانکێشێتە دواوە. سەیرە!.. مێرووڵەیەك بەگژ کێوی قافدا دەچێ. کەچی کێو دەکشێتەوە و لە دەستی ڕادەکا!. تەنانەت دەگاتە تینی و لە ناکاوێکدا دەنەرِێنێ: وەرن ببەن ئەم خوێنە بۆگەنەی بوەستێننەوە. فەرمایشتی بەجێ دێنرێ. برین بە شەش تەقەڵ دەدروونەوە. بەڵام هێشتا جێگەی تەقەڵەکان دەچووزێنەوە و دەنێرێ بە دوامدا. وەرە جەلاد تۆ چی بدا لە کەللەت!. – قەڵافەتەکەت لە دایکتەوەیە یا لە باوکتەوە؟! من سەرەرِای ئەو هەموو ئازارەی پێوەی دەناڵم دەڵێم: لە هەردووکیانەوە. ئەو بیری بۆچی بچێ باشە؟!. – جا دەبێ ئەو نەگبەتەی بە قەنارەکەدا هەڵی واسیوە و دای گرتووەتەوە، چ زەلالەتێکی بووبێ بەدەست ئەو گۆڕ بەگۆڕەوە؟! تا ساتی کردنی ئەو قسەیە، نە من هیچم لە بارەیەوە درکاندبوو، نە ئەوانیش هیچیان پرسیبوو. کەچی ئێستا ئەوەتا ئەو، بەبۆنەی ئەم قەڵافەت و قەڵافەتکارییەوە، دەریدەخا کە لە کارەساتی باوکم ئاگەدارە. پرِ بەدڵ حەز دەکەم، هەرچییەك لە بارەیەوە دەزانێ بۆمی باس بکا. ئێمە لەوەندە زیاترمان بۆ

ڕوون نەبووبووەوە، کە لە سەردانێکیدا بۆ ناو شار، لەگەڵ هاوڕێیەکدا گیران و ئیتر نەبینرانەوە. باپیرم دوای ساڵ و نیوێك سۆراغکردن و بەرتیلدانیش، ئینجا توانی تەنیا وەفاتنامەی لەسێدارەدانی دەسگیر بخا و هات، ئێمەشی ئاگەدار کرد. لە بەرچاومە. کات دەمەدەمی عەسرە. من و هاوتا لە سەربان، بەدەم پیاسەکردنەوە قسە دەکەین. دایکم و هاوژین لە حەوشەکەدان. یەکەم جار من لە دوورەوە بەدیی دەکەم. — هاوتا ئەوە بابەلە نییە؟!. — بۆ نەء.. ڕاست خۆیەتی. بانگیش دەکا: دایە بابەلە هات!. دادەبەزینە خوارەوە و بەرەو ڕووی دەچین. هەرکە دەگەینە ئاستی، ئانوسات هەست دەکەین لەسەرخۆ نییە.. پەژارەوار و غەمگینە. بگرە کاتێ دەگەینەوە لای دایکم و هاوژین و بەدەم لە باوەشگرتن و ماچکردنیانەوە، دەبینین چاوانی پڕ لە فرمێسکن و بەسەر ڕوومەتەکانیدا دڵۆپە دەبەستن. ئێمە هەموو دەورەمان داوە و کڕ و کاسین. ئەو دەست دەبا بۆ گیرفانی و وەفاتنامەکە دەردێنێ. بەدەستێکی لەرزۆکەوە بۆ منی ڕەت دەکا. من دەمخوێندەوە و دەڕوانمە دایکم. ئەو و هاوتا و هاوژینیش، ناوەڕۆکەکەی لە سیمامدا دەخوێندنەوە. خۆ کەسمان هەواڵەکەمان بەلاوە چاوەڕواننەکراو نییە. بەڵام گومان شتێکە و سەلماندنی شتێکی تر. گومان چەندە بەهێزیش بێ، تروسکەیەکی هیوای هەر بە بەرەوە دەمێنێ. لە کاتێکدا سەلماندن بنبڕی دەکا و ئیتر تاریکستانی هەمیشەییە. دایکم بە پێوە خۆی بۆ ڕاگیر ناکرێ. دەچێتە پاڵ نزیکترین دیوار و دادەنیشێ. نایکاتە هاتوهاوار. بە کپی دەگری و هاوژینیش وەکو ئەو. باپیرم باوەش بەسەری من و هاوتادا دەکا و دەمانووسێنێ بە سنگییەوە. هەست بە فرمێسکە گەرمەکانی دەکەم، دەتکێنە سەر تەوقی سەرم. دڵۆپی ئازارە و لە جەرگییەوە دادەچۆڕێن. بۆ منیش نووکە سووژنی ئاگرینن و دەچەقنە پێستی سەرم. هەواڵ بڵاو دەبێتەوە خاڵە خورشید و پوورە ئەختەر، شەوەکەی پەیدا دەبن. خاڵە خورشید بۆ باوکم زۆر بەپەرۆش بوو. بەگرتنەکەی گەلێ نیگەران بووبوو. بەردەوام لێی دەپرسییەوە. سەرباری هاوڕێیەتیی حزبایەتییەکە، بووبوونە دوو برادەری گیانی بەگیانیش. دایکم و پوورە ئەختەریش هەروەها بوون و بگرە، پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا لەوان دێرینتر بوو. تەنانەت ئەوان لە ڕێگەی ئەمانەوە، ئەو برادەرێتییەیان کەوتبووە نێوانەوە. من بەدانیشتنەکانیان زۆر دڵخۆش دەبووم. ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ دراوسێ بووین. پێنج ساڵێکی وەها کە تا ڕادەیەك، ئاسوودە بووین و ترسی گرتن و ڕاونانمان کز بووبوو. لە ژیانی ژێرزەمینییەوە گواستبوومانەوە بۆ سەرزەمینی. بە تەنیا ئەوانەش،

ساڵە ئارامەکانی ژیانی منن. باوکم و خاڵە خورشید، مەیلی خواردنەوەیان هەیە و خۆشمەشرەبیشن. ئەوان بێن یا ئێمە بچین، مێز دەرازێنرێتەوە و دیارە ڕازاندنەوەی پرۆلیتارییانە نەك بورجوازییانە. ماڵە شیوعییەك کە بە خاووخێزانەوە، تەرخانی حزبایەتییەکە بووبن و پیشەیان، خۆبەختکردن بووبێ لە کۆڕی تێکۆشاندا، دەبێ داهاتیان چی بێ تا لە نانە سکییەکەیان زیاد بێ و مێزی خواردنەوەکەی پێ بڕازێننەوە؟! مێزەکەم لە بەرچاوە و ئەوان بێن یا ئێمە بچین هەر ئەوەیە.. بۆ هەریەکەیان چارەکە عارەقە. نۆك و پاقلەی لێنراوی ماڵەوە. زەڵاتەی تەماتە بە خەیار یا بە کاهوو. ئەگەر هەرزان بووبوو هەندێ قاشە لیمۆ و ئا لەم بابەتە شتانە. ئیتر ئەوان دەخۆنەوە و لە هەمەجۆر قسە و باس دەدوێن. دایکم و پوورە ئەختەر، بە بیرەوەرییەکانیاندا دەچنەوە. منداڵی هەردوولا، ڕاکەڕاکە و زرمەزلێیانە. پێشتر من و «تانیا»ش لەگەڵیاندا و بەڵام ئێستا، ئێمە منداڵ نین. من هەڵتۆقینێك بەسەر سنگی ئەوەوە و ئەو، گەندەمووییەکی بۆرکار بەلێوی سەرەوەی منەوە دەبینین. ئێستا ئێمە، دزەنیگای بەمەغزا دەگرینە یەکتر و یەکتریش، غافڵگیر دەکەین و دەخنێینەوە. تەزووی لەزەتێکی تەلیسماوی، بە هەناوماندا تێسکە دەکا. تەنیا زۆر چرپن و عەیارە. هەرچەندە منم کوڕ و ئەوە کچ و زۆڵ و هاروهاجەکە، دەبێ من بم و بەسزمان و دەستەمۆکە ئەو، کەچی سەرلەبەر بەپێچەوانەوەیە!. ئەوە هەموو کات یەخەم دەگرێ و خۆیم تێ هەڵدەسوێ. بە سەد و یەك جۆر هێما و جووڵەی ڕەنگاوڕەنگ، شەڕی پیرۆزی نێر و مێیایەتیم پێ دەفرۆشێ. هەراسانم دەکا و ژیانم لێ دەبێتە ژەهری.. نانا.. هەنگوینی شەمەتلێنکە. ئابڵووقەم دەدا و هێندەی کونی دەرزییەك، بواری دەربازبوونم بۆ ناهێڵێتەوە. تا لە ئەنجامدا ئەوەتا، هەر ئەوە دەگاتە تینی و دەڵێ: حەزم لێتە. دەی خۆ منیش کە لە دەمێکەوەیە دەزانم حەزی لێمە و حەزیشم لێیەتی، قابیلە تا ئەو ڕادەیە گەمژە و بوودەڵە بم، زمانم بۆ هەڵنەهێنرێتەوە و بڵێم: منیش؟! وتم.. ئا.. وتم منیش. بۆ وەڵامدانەوە بەزمان گیرم نەخوارد و وام وت. بەڵام بەناخ ئانوسات وردی دەکەمەوە.. ئاخر ئێمە کەی لە حاڵێکداین، ئەم حەز و حەزکارییەی تێدا مەیسەر ببێ؟. کەس نازانێ چیمان بەسەر دێ. ڕژێم کەوتووەتە شەڕ پێ فرۆشتنمان. بگرە گەیاندوویێتییە ڕادەی، بە ئاشکرا گرتن و لەسێدارەدانی هاوڕێیانمان، بەو بەهانەیەی گوایە، سەربازن و شانەی حزبییان لە سوپادا پێك هێناوە. هەموو نیشانەیەك وا دەگەیەنن، کە نۆرەی پەلامار و شاڵاو دێتە سەر ئێمە و ڕۆژانی ڕەش، ڕەشتر لە هەر سەردەمانێکی تر،

بەرێوەن دابێن. ئیتر دەبێ چ دەرفەتێکی ڕوون، لە بەردەم ئەم حەزەی ئێمەدا والآ بێ!. ئا.. ئەگەرچی لە وەڵامیدا وتم: منیش. بەڵام ئاوام بۆ شی کردەوە. ئەو بەرچاوی ڕوونتر بوو، وتی ئەی دایکت و باوکت و دایکم و باوکم، چۆن وێرایان خێزان پێکەوە بنێن؟! خۆ لە بندەستیانەوەین و دەشزانین چۆنیان گوزەراندووە؟! دەمم سووتا و وتم: ئەوان خۆیان تووش کردووە!. ئەو بەگیری هێنام وتی: قسەی سەیر دەکەیت. بەپێی ئەم فەلسەفەیەی تۆ بێ، دوژمن پێویستی بەقەلاچۆکردنمان نابێ و خۆمان دەیکەین!. تەنانەت بەجۆرە هەرەشەیەکیشەوە وتی: تۆ پێم بڵێ: حزب لەم فەلسەفە ڕزیوەت ئاگەدارە؟!. کە سەیرم کرد وا ئاخنیومێتییە بنی کۆلانێکی داخراوەوە، خێرا پاشگەز بوومەوە و وتم: گاڵتە دەکەم.. باوەڕم وا نییە. کەچی ئەو خراپتر بەسەرمدا شکایەوە و وتی: دە کە وابێ ڕاستت نەکرد کە وتت: منیش. چونکە ئەو قسانەت بۆیە بەدوادا کردن، کە بە بەهانەیەکی نابەجێ، لە کۆڵ خۆتم بکەیتەوە. من لە جێی تۆ بوومایە، بوێرانە دەموت: ببوورە.. من تۆم خۆش ناوێ. ئیتر ئەو ڕاو و ڕێوییەی بۆ چی بوو! یا ڕەوانتر و لە ڕووتر دەتتوانی بڵێیت: تۆ کچێکی ناشیرین و ڕەزاگرانیت و بە دڵم نیت. سڵ بۆ دەکەیتەوە؟! بیڵێ... ئێستاش بیڵێ و من بەلامەوە ئاساییە. ئای لەو هەموو زۆرزانییە! بە حیسابی سیاسەت، لەو تەکتیك و پێچەڵپێچییە شەیتانییە!. ئەم قسانەی هەر بەجارێ حۆلیان کردم!. نەمدەزانی دەم هەڵبێنمەوە لە وەڵامیدا بڵێم چی؟!. ڕاستکردنەوە؟!.. پاکانە کردن؟! عوزرخوایی هێنانەوە؟!. یا.. یا دژە هێرشێك کە ئەو زمانە درێژەی لێی دەرکێشاوم، بیئاخنمەوە ناو دەمی و لە گۆی بخەم؟!. ئەمیانم کرد. گوڕم لێ بەستەوە و شەرموشۆم بەلاوە نا. هەتا هێز لە تەووژمە تازە چرۆکردووەکەی هەرزەکاریمدا هەبوو، شاڵاوم بۆ برد و پەلامارم دا. باوەشم پێدا کرد و بەخۆمەوەم نووساند. دەمم خستە ناو دەمییەوە و زمانە درێژەکەیم کول کردەوە. ئەوەندە بەجۆش و خرۆشەوە جەستەییم بەخۆمەوە هەڵگوشی، تا کەوتە پەلەقاژە و ناچار دەستم لێ بەردا، ئەوسا هەردووکمان بۆ ماوەیەك مت و خامۆش بووین. دەمانڕوانییە یەکتر و دەخنداینەوە. دوا جار ئەو بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: هیچمان لە هیچ.. نە لە تۆ فەلسەفەی ڕزیو و نە لە من قسەی فرتوفێڵاوی. ئێستا ڕاستم پێ بڵێ: چۆنم بیر لێ دەکەیتەوە؟! – هەردەم لە یادمدایت. – لە یادتدا چۆن.. بەچ شێوەیەك؟!. – بەو شێوەیەی کە ڕۆژانە دەتبینم. – کەی زیاتر؟!. – شەوان لەناو جێگەدا. – بۆچی شەوان زیاتر؟! – بواری دەربڕینی خۆشەویستیی تێدا فراوانترە. – بڵێ تێکئالآن. – تێکئالآن.

– ده دەی. – ئێستا ڕۆژە.– با بەگاڵتەوە شەو بێ . کردمانە شەو  و کە ڕۆژمان لێ بووەوە، ڕۆژانی ڕەش و ڕەشتر لە سەردەمانی لەوەبەر داهاتنەوە. نیوەڕۆیەکە و باوکم، بە پەشۆکاوییەوە دێتەوە و دەڵێ: مریەم.. بەپەلە ماڵ بەجێ بێڵن و بڵاوەی لێ بکەن!. دایکم پێویستی بەپرسیارکردن نییە. دەستوبرد لەگەڵ هاوژیندا، هەندێ جلوبەرگ دەپێچنەوە. دەیپەستیونە ناو دوو جانتاوە و بەکۆڵی من و هاوتادا دەدرێن. خۆشیان یەکی بوخچەیەك و تێ دەتەقێنین. من و هاوتا بۆ ماڵی مامە مەحموود و ئەوان بۆ ماڵی پوورە حەپسە. مامە مەحموود ترسنۆکە و بەچوونەکەمان هەراسانە. بەڵام نایداتە ڕوومان و لەسەر ئاگرەکە دادەنیشێ. ئەو ترسنۆکییەی لێ دەرچێ، پیاوێکی تا بڵێیت دەست و دڵ پاك و چاکە. درێغی لە خزمەتکردنمان ناکا. تێروتەسەلین و بگرە خواردنی خۆشتر لە هی ماڵی خۆمان دەخۆین. تەنیا زوو زوو لێمانی دووپات دەکاتەوە، کە خۆمان دەرنەخەین و تەنانەت سەر لە ژوور نەبەینە دەرەوە. دەڵێ: نابێ خەڵکی کۆڵانەکە پێ بزانن و گوایە پیاوی خراپیان تێدایە و دەشمانناسن. بە قسەی دەکەم و هاوتا نایکا. جرتوفرتی ناو حەوشەی زۆرە و تەنانەت، دەیەوێ بچێتە دەریشەوە. ئەو لێی توورە دەبێ و دەڵێ: هاوتا تۆ سەرمان بەفەتارەت دەدەی. مامم هەر لەو وەختەوە بۆی قراند کە سەربەفەتارەتدەرە. من ناچار شەوێکیان دەچم باوکم دەبینم و گرفتەکەی تێ دەگەیەنم. باوکیشم بەو حاڵی ترسنۆکییەی مامم دەزانێ و ڕزگاری دەکا. دەگوێزینەوە ماڵی هاوڕێ جەباری هەژاری دەستکورت. خۆیان بە سکێ تێر و بە سکێ برسین و ئێمەی دوو لۆزندەری تێرنەخۆریشیان دەچینە پاڵ. ئەم وەك مامم نییە و ئازا ئازایە. بەڵام دەڵێیت چی کە بەهەزار ناڵی عەلی، نانەسکییەکەی خێزانەکەی دابین دەکا و ئینجا وەرە، خەمی ئێمەش وەك میوانێك بخوا کە حزب پێی سپاردوون. ئەوەتا گوێم لێیە لەگەڵ ژنەکەیدا ورەوریانە. ژنە دەڵێ: جەبار.. فەرمانی حزبە لەسەر سەرم. ئەی ئاخر ئەوە حاڵەکەیە کە هەیە. من قوڕی کوێ بەسەرمدا بکەم؟!. شەوەکەی خۆم دەگەیەنمە لای دایکم. ئەو باوکم و حزب ئاگەدار دەکا و بڕیاری گواستنەوەمان دەدرێ. کاتی خواحافیزیکردن، پەژارەیەکی ئەوتۆ لە سیمایاندا دەخوێنمەوە، کە ئاگر لە هەناوم بەردەدا. دوایی دایکم بۆم باس دەکا، کە نامەیەکی پڕ لە عوزرخوایی و تکای لێبووردنیان بۆ حزب نووسیوە. ئینجا ئێستا واین لە ماڵی هاوڕێ ڕەحمان و گوزەرانیان لەوان باشتر نییە. ئیتر گواستنەوە لە دوای گواستنەوە و دوای ساڵێك کوناوکونکردن، لە ماڵی هاوڕێ فەرەیدوون دەگیرسێینەوە. کارەساتە

نەگریسەکەی هاوتا لێرەوە دەست پێ دەکا. خۆی و دایکی و ژنەکەی و دوو منداڵن. لەگەڵیاندا لە هیچمان کەم نییە و دڵخۆش و ئاسوودەین. ئەرکە حزبییەکانمان ئاسایی بەجێ دێنین. هاتوچۆمان بۆ دەرەوەی ماڵ بێ گرفتە. هیچ ترسێکمان لە دراوسێکان نییە و لامان ئاشکران کێن. ئەوەی بەرامبەرمان سەر بە خۆمانە. تەنیشتی ئەوان بێلایەنێکی پیاوچاکە و سووکە مەیلێکی بەلای پارتیدا هەیە. هەردوو تەنیشتی چەپ و ڕاستی خۆمان سەر بەیەکێتین. ئەوەی لای چەپ ماڵی (شیلان)ی لەمەڕ هاوتایە، کە کارەساتە نەگریسەکەی لێ دەکەوێتەوە. ئا.. شوێنمان باشە و خەمی هیچمان نییە. هەموو شت ڕێکوپێك بەڕێوە دەچێ. ئێمە سەرەتا لە جموجووڵماندا کەمێ سڵ دەکەینەوە. کۆڵانەکە ئەگەرچی پیاوخراپی تێدا نییە، بەڵام تێکەڵەیەکی حزبایەتییە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێ فەرەیدوون، هانمان دەدا کە ترسمان نەبێ و ئیتر ئاسوودە و بێ خەم، بە ئارەزووی خۆمان هەڵدەسووڕێین. تەنانەت ئەوەتا داستانێکی دڵدارییش، ئەگەرچی ئەنجامەکەی دزێوانە دەشکێتەوە، بە دەمییەوە سەرهەڵدەدا. شیلانی تازە چرۆی دراوسێ، بەڕادەیەك هۆگری باجی گوڵشەن و منداڵەکانێتی، کە ئێرە لە ماڵی خۆیان جیا ناکاتەوە. هەرکات حەزی لێ بێ، بەبێ لە دەرگە دان و مۆڵەتخواستن، خۆی بەماڵدا دەکا. ئەمە لە ڕۆژی یەکەمدا دەبێتە گرفتی گەورەمان. جارێك و دووان دێت و ئێمە کونە مشکمان لێ دەبێ بەعەمبار. باجی گوڵشەنیش نازانێ چی بکا. تا کاتێ شەوەکەی باسی لێ دەکەین، بڕیار دەدرێ کە پێویست بە خۆلێحەشاردانی ناکا، بەتایبەتی کە کیژێکی ژیر و سەنگینە و بۆ نهێنی پۆشینیش، پشتی پێ دەبەسترێ. ئیتر بۆ ڕۆژی دوایی لە یەکتر ئاشکرا دەبین. بەڵام چۆن ئاشکرابوونێك؟!. هێندە لە کات و سات و لە شێوەیەکی نالەباردا، کە نازانیت لە ئاستیدا بڵێیت چی!. ئەوەتا دێت و لەسەر پێشەی خۆی، ڕاستەوخۆ تا کونی ژوورەوە ناوەستێ. ئینجا تۆ بڕوانە لە کونی ژوورەوە، ڕێکەوت چۆنی هێناوەتە پێشەوە؟!. ڕێکەوت نهێنییەکی ئاڵۆزی بەسەیروسەمەرەیەو دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان، زەفەری پێببرێ و مەتەڵەکەی هەڵبهێنرێ. تۆ بزانە ئەم تەڵە نەبینراوە مەڵاسخواردووە، لە ژیانمدا چی بە من کردووە!. نە جارێك و نە دە و نە سەد. ڕێکەوت بە پاشلی ڕێکەوتەوە. تۆ سەخت و ستەمەکان واز لێ بێنە و وەرە سەر ئەم وردانە. شیلان کە دێتە ژوورەوە، نەباجی گوڵشەن دەبینێ و نە خەسووی. ئەمیان لە حەمامە و ئەویان لە پێشاو. لە بریبان، دوو لۆزندەر پاڵیان داوەتەوە کە قەت قەت نەیدیون و دوو منداڵەکە لەگەڵیاندا. دەی باشە کچە چۆن نەبوورێتەوە و بەلادا

نەیەت؟!. کەچی نا.. تەنیا بۆ ساتەوەختێك چاو ئەبڵەق و سەراسیمە ڕادەوەستێ. هاوڕێ فەرەیدوون واتەنی، کچێکی وردبین و دووربینە و خێرا وریا دەبێتەوە. بێ ئەوەی هیچ بکا و هیچ بڵێ، دەکشێتەوە ناو هەیوان و دەست دەکاتە بانگەبانگ لە باجی گوڵشەن. باجی لە پێشاو هاتووەتە دەرەوە و لێی بەوەڵام دێ. گوێمان لێیە تێی دەگەیەنێ، کە خزمی فەرەیدوونین و میوانین. دواتر باجی گوڵشەن دەیدوێنێ و کار ئاسایی دەڕوا. ئەو ڕێکەوتیان وەها. ئەی ئەوی تریان؟! ئەویان بۆچی وا خراپ بکەوێتەوە؟!. ئەم ڕێکەوتە نەگریسە، تا جارێك باشی دێنێ، دە جار چەوتی دەچێنێ؟. دەبا شیلانی نامۆبارەك، لە باتی هاوتا، ئەو مەیلەی بەلای منی برا گەورەدا بشکانایەتەوە. خۆ کفر نەدەبوو. خۆ منیش قیت و قۆز بووم. کەچی دڵە مێشەکەی بەوەوە نیشتەوە و ئەوەی لێ قەوما کە قەوما. لەو ڕۆژەوەی لە یەکتری ئاشکرا بووین، کچە وەك سیحری لێ کرابێ، کەوتە دەور و خولدانی هاوتا. هاتنی جار و دوو جاری ڕۆژانەی لەوەبەری، کرد بە چوار و پێنج. مانەوەی چارە سەعات، بە نیو و بە یەك سەعات. خەریکبوونی لە ماڵەکەدا بوو بە دوو. ئاشکراکەی باجی گوڵشەن و منداڵەکانی و دزییەکەی هاوتا. کەچی هاوتام هاوتا، دەڵێیت مێش میوانی نییە.– هاوتا بۆچی وا؟!. ئاخر عەیبە. – بۆچی عەیبە؟!. – چونکە ئێمە میوانی ئەم ماڵەین و بگرە، هەڵاتووین و داڵدە دراوین. جگە لەوەی حزبیش.. ئاخر حزبیش پێی خۆش نابێ و گلەییمان لێ دەکا. ئەو کاتە، زۆر نەبوو شەرەفی ئەندامێتیم پێ درابوو. دایکم لە ڕۆژی پڕکردنەوەی هەژدەساڵیی تەمەنمدا، بڕیاری بە ئەندامبوونەکەمی بۆ وەرگرتبووم و شەوەکەی، باوکم و هاوژینی لەگەڵ خۆیدا هێنا و هاتنە دیدەنیمان. بە بەشداریی هاوڕێ فەرەیدوون و باجی گوڵشەنیش، ئاهەنگێکی سووکەڵەیان بەو بۆنەیەوە بۆ گێڕام. دەبوو خاڵە خورشید و پوورە ئەختەر و تانیاش، کە من بۆ بینینی زۆر بەپەرۆش بووم، بین و کەچی نەهاتن. باوکم ڕێگەی ڕاووڕێوی هێنانەوەی بۆ نەهاتنەکەیان گرتە بەر. دایکم لە بنی هەمانەکەی دا و وتی، کە تانیا بە بیانووی ناساغییەوە نەیویستووە بێت و دایکە و باوکەش، سەریان لێ شێواوە و نەهاتوون!. من زۆر پێی دڵگران بووم. ماوەیەك بوو حەزی بینینی تانیا هەراسانی کردبووم  و دەبوو، ئەوە لەبارترین فرسەت بێ بۆ ئەو یەکتربینینە و لە دەستیدا.. بۆچی؟! هاوتاش.. ئا.. قسەم لە هاوتایە . وتی: حزبیش پێی خۆش نابێ. وتم: بۆچی؟! وتی: چونکە ئەوان یەکێتین. وتم بەپێچەوانەوە. تۆ یەکێتییەك دەکەیت بە شیوعی. ئیتر ئەو چوار مانگەی

لەو ماڵەدا ماینەوە، بۆ ئەو دووانە زۆر بەعەزاب بوو. ئاگری عەشقێکی نهێنی، سات بەسات دەیانقرچێنێ و دەری نابڕن!. ئەم جۆرە عەشقە سامناکە و زۆر جار، کارەساتی سامناکیشی لێ دەوەشێتەوە. پێش گواستنەوەمان بە چەند ڕۆژێك، نەخشەیەکی باشم بۆ هاوتا دانا و بەقسەی نەکردم. وتم: کارێك بکە نە شیش بسووتێ و نە کەباب. بیدوێنە و تێی بگەیەنە، کە تۆش ئەوت خۆش دەوێ و بە عەشقی گرفتاریت. بەڵام لەبەرئەوەی چارەنووست نادیارە، ناتوانیت دڵتی لەگەڵدا بگۆڕیتەوە. ئەو گاڵتەی پێ هات و وتی: جا مەگەر هەر خۆشت لە باتیی من، بچیتە بەرمەیدانی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە ستەمەوە، دەنا ئەوە قەت بە من ناکرێ!. ئەو ئەگەرچی وەهای وەڵام دامەوە، بەڵام لە دوو سێ ڕۆژی پێش گواستنەوەکەماندا، هەستم کرد خەریکە دەجووڵێ. گوڕ دەبەستێتەوە و هەوڵ دەدا، شتێك بەو مانایە بڵێ و فریا نەکەوت. ئێوارەیەکیان دایکم هات بە دواماندا و وتی: خۆتان کۆ بکەنەوە بڕۆین. هەر ڕاست لەو ساتەوەختەدا، کچە وەك لە غەیبەوە پێی ڕاگەیەنرابێ، پەیدا بوو. بە درێژاییی ئەو ماوەیە، پەژارەوار و چاو بەفرمێسك، لە هاوتای دەڕوانی و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا. دایکم هەستی کرد و لەلاوە لێی پرسیم. وتم: دوایی بۆتی باس دەکەم. ئیتر خواحافیزیمان کرد و دایکم کۆڵانەوکۆڵان بردینی، تا کردینی بەکونەگورگێکدا کە باوکم و هاوژینیشی لێ بوون. بەڵێ کونەگورگێکی بەکرێ و بەڵام چونکە هێلانەی تایبەتیی خۆمانە، دڵمان زۆر پێی خۆشە، بەتایبەتی دایکم کە ئەوەتا لەگەڵ زارۆڵەکانی و باوکیاندا، یەکیان گرتووەتەوە و هەموو لە بەرچاوین. دەڵێیت بووەتە خاوەنی تەلارێك و لە تەك هاوژیندا، بۆ دانانی کەلوپەلەکان لە جێی خۆیاندا فڕکەیان دێ. باوکیشم شادمانە و لە خۆشییاندا، چارەکە عارەقەکەی داناوە و چوارمەشقی بەدیارییەوە دانیشتووە، پێکی مەستیی لێ نۆش دەکا. لە کاتێکدا هاوتا بە پێچەوانەی ئێمەوە، کز و کڵۆڵ خۆی خزاندووەتە قوڕنەیەکەوە و ورتە ناکا. دەچمە تەنیشتییەوە و دەچرپێنم: بیری دەکەیت؟!. – زۆر– لە دەستت دا. – یارە!.. کاك پشتوپەنام بوو، بۆیە وەها بوو. – کاك؟! گلەیی تەنیا لە خۆت بکە.. کاك چی بکردایە؟! لەگەڵ ئەوەشدا دایکم ئاگەدار دەکەم، بەڵکو ئەو... – نا ئیشی قوڕ مەکە. کار لە کار ترازاوە و بەسەرچووە. نەمکرد و سەرنجم دا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوڕەکەی خەستتر دەبێتەوە. پێوەی دەتلێتەوە و گینگڵ دەدا. ئەو ماوەیە باوکم زۆر کەم بەڕۆژ دەچووە دەرەوە. هەر کارێکی هەبووایە، شەوان جێبەجێی دەکرد. لە بریی ئەو من هەڵدەسووڕام و ئەرکەکانم بەجێ دەهێنان. لەگەڵیاندا ئەرکی هاوخەمی و

هاودەمییەکەی مامە وەهاب لە بەسەرهاتە پڕ لە جەخارەکەیدا، کە دوای هەشت نۆ مانگ بێ سەروشوێنکردن، پەیدا دەبێتەوەو بەڵام چ پەیدابوونەوەیەك! ئینجا دەشبوو کێ دەسکەلام بی؟!. هاوتا و کەچی سەیر دەکەم هاوتا، تا بێ کز و کزتر دەبێ و روو لە کوژانەوە دەکا!. سەیرە!.. مرۆڤێك هیچ دەرد و بەڵایەکی نەبێ!. لە هەرەتی هەڵکشان و نەشونماکردندا بێ و ئەئاوا وەك مۆم ڕوو لە توانەوە بێ؟!. عاجباتییە! دواندمەوە: دایکم و باوکم ئاگەدار دەکەم. – باوکم نا.. بە دایکم بڵێ. پێی دەڵێم. ئەو باسەکە و بەڵێنەکەی منی لە بیر نەماوە. کە بەبیری دێتەوە، سەرەتا واقی وڕ دەمێنێ. ئینجا ئەوەتا بەدڵی پڕ لە کەسەرەوە دەڵێ: هاوڕێ گیان.. ئێمە ئەوە حاڵمانە کە دەیبینیت. من چی بکەم و چیم پێ دەکرێ؟! ناهەقی نییە. چیی پێ دەکرێ؟! هەرچەندی دەهێنا و دەبرد، هەر بەباری بێ دەسەڵاتیدا دەشکایەوە. دوا جار وتی: دەچم قسەیەك لەگەڵ گوڵشەن خاندا دەکەم. بزانم ئەو ڕای بە چییە و پێکەوە چی دەتوانین بکەین. هاوتا ئاگەدار دەکەم و ئاهێکی پێدا دێتەوە. – کەی دەچێ؟! . نەیوت.. پێی دەڵێم. پێم وت و بۆی نەکرا. چۆن بۆی بکرێ؟!. نیوەڕۆکەی دەستمان بە کەوچك و قاپەوە بوو، کە هاوڕێیەك بە پەشۆکاوی خۆی بە ماڵدا کرد و وتی: هاوڕێ فەرهاد دەڵێ هەر ئێستا و بەپەلە، ماڵ بەجێ بێڵن و بڵاوەی لێبکەن!. لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا، هەریەکە بەلایەکدا بۆی دەردەچین و لە کونەگورگەکەش هەڵدەکەندرێین. ئەمجارە زۆر ناخایەنێ و حیزب، بڕیاری چوونە دەرەوەمان لە شار دەدا. ئاگری شەڕی نێوان عێراق و ئێران، درویێتییە نێڵەنێڵ و مانەوەمان لە ناو شاردا بووەتە کاری نەکردە. حزبیش ئەوەتا لە شاخ، جێی خۆی کردووەتەوە و شان بەشانی حزبەکانی تر، دژی ڕژێم دەجەنگێ. من زۆرم پێ خۆشە. دەڵێیت لە دۆزەخێکەوە بۆ بەهەشتێك دەچم.. دۆزەخی شارێکی ژێر چەپۆکی ئەژدیهایەکی حەوت سەر، بۆ بەهەشتی چیاوچۆڵێکی کراوەی بەربەرەڵای بێ ترس و سام. من ئەمە جاری یەکەمم نییە ڕوو دەکەمە شاخ.. ئەمە دووەمە. یەکەمم ڕۆژانێکە کە هێشتا بەرمەمکانەم و بە باوەشی دایکمەوەم. لەگەڵیدا بۆ یەکەمجاریشە، ڕووبەڕووی مردن دەبمەوە. من لە بیرم نییە، دایکم دەیگێڕێتەوە.. کودەتای یەکەمی (٦٣)ی هەر ئەم ناموبارەکانەی ئێستا. لە شارەوە هەڵاتووین پەنا بەرینە بەر شاخ. ڕێچکەمان بەستووەتە قەدپاڵێك و هەڵدەکشێین. وا هاتبووین پێش ڕووناکبوونەوە، ئاودیوی قەدپاڵ بووبین. فریا ناکەوین و دەبینرێین. من بە باوەشی دایکمەوەم. گوللە تۆپێك دێت و دەدا بەتەنیشتماندا. شەهید فەرهاد و پوورە گەلاوێژ لە

پێشمانەوەن و باوکم و مامە ئەوڕەحمان لە دوامانەوە. ساچمەیەك گرگرڕ لەناو هەمواندا، منی بەرمەمکانەی باوەشی دایکم دەپێکێ!. جا تۆ بزانە پێوەندیم لە تەك ئەم جرۆجانەوەرەدا چەندە دێرینە!. دەبێ نێوانیشمان لەوساوە و تا ئێستا، چەندە خۆش و دۆستانە بووبێ!. ئاوەهامان لەگەڵ یەکتردا ڕاکێشاوە. هێشتا بەرمەمکانەم و تەڵەزمی گوللە تۆپم پێدا دەچزێنن. من لە زریکەی گریان هیچی ترم دەسەڵات نییە. دایکم هاواری لێ هەڵدەستێ. مامە ئەوڕەحمان لە هەمووان لە پێشتر دەیگاتێ. من لە باوەشی ڕادەپسکێنێ و ڕام دەفڕێنێ. تا ئاودیوی قەدپاڵم نەکا ناوەستێتەوە. لەوێ دەڕوانێتە برینەکەم و دایکم دڵنیا دەکا کە ترسی نەبێ. مامە ئەوڕەحمان تا پێش دووبەرەکییەکە، لەگەڵ باوکمدا برادەری گیانی بەگیانی بوون. لەوە بەدوا بوونە دوژمنی سەرسەختی یەکتر. باوکم دەکەوێتە لای (ل. م) و ئەو و دایکم لای (ق. م). خاڵە خورشید و پوورە ئەختەریش لەگەڵیاندا. لە کاتێکدا شەهید فەرهاد و پوورە گەلاوێژ، کەوتبوونە بەرەی لای باوکمەوە. بۆ من ڕۆژانێکی تەڵخ و تاڵ بوون. دایکم و باوکم هەموو کات دەمەقاڵەیانە. من بە قووڵی نازانم مەسەلە چییە!. تەنیا هێندەی لێ حاڵی هەم، کە حزب بووەتە دوو بەشەوەو ئەمان هەریەکەیان سەر بە بەشێکە. دەبینم نێوانیان ئاساییە. لەناو ماڵەکەدا پێکەوە هەڵدەسووڕێن. پێکەوە دەخۆن و دەخەون. کەچی لە ناکاوێکدا، لێیان دەبێتە مشتومڕ و پێکدا هەڵشاخان. بە تایبەتی زۆر جار، دوای هاتنی شەهید فەرهاد و پوورە گەلاوێژ بۆ لای باوکم، یا خاڵە خورشید و پوورە ئەختەر یا مامە ئەوڕەحمان بۆ لای دایکم، ئەو هەرایە ڕوو دەدا. سەرنجیش دەدەم کە باوکم و مامە ئەوڕەحمان، زیاتر لە هەمووان شیر و تیر لە یەکتر دەسوون. دایکم هاموشۆی دژەکانی ناکا و کە ئەوانیش دێن، ڕوویان ناداتێ. باوکیشم وەك ئەو دەکا. ئیتر شەڕ و ئاشووبێکی جەنجاڵە و منی تێدا سەرگەردانم. بەتایبەتی کە دایکم و باوکم لە دەمەقاڵێوە، دەیگەیەننە شەڕی مەغلووبە. باوکم دەڕوا و جێمان دێڵێ و شیرازە ڕوو لە پچڕان دەکا. دایکم.. دایکە پاکیزە دڵ و گیانەکەم، گرێی دەداتەوە و بوار نادا. بەتایبەتیش کاتێ کە کردەوەکانی مامە ئەوڕەحمان، بێزاری دەکەن و دڵی لە (ق. م) دەڕەنجێنن. ئەو لە توندڕەویدا بێتامی دەکا و تەنانەت، دەیگەیەنێتە ڕادەی هەوڵدانی کوشتنی باوکم. دایکم سەرەتا باوەڕ ناکا. چۆن؟! ئەقڵ دەیگرێ هەروا سووك و ئاسان، دەستی بچێتە خوێنی هاوڕێ و برادەرێکی گیانی بەگیانیی خۆی؟!. تا کاتێ بە بەڵگە بۆی دەسەلمێنن، ئەوسا دەچێ و دەست دەداتە یەخەی و پێی دەڵێ: ئەوڕەحمان (بۆ

یەکەم جاریشە سیفەتی هاورێکەی ناخاتە پاڵ) ئەورەحمان هۆو ئەوە پێت دەڵێم.. یەك دڵۆپ خوێن بە بڕیار و نەخشە و دەسیسەی تۆ لە پەنجەیەکی ئەحمەد بڕژێ، لە عۆیەیدا دێم بەم دەستانەی خۆم دەتکوژمەوە. ئا.. توندوتیژییەکەی مامە ئەورەحمان لەژێر پــەردەی شۆڕشگــێڕیــدا، لــە ڕادە بــەدەر بــوو. لــەوەش خــراپــتــر، خــواست و کــێشە تایبەتییەکانی خۆیشی، تێکەڵ بە حزبایەتییەکە دەکرد. هەروەکو زۆر سەرسەخت و قیرسچمە و ڕقاوی بوو. تەنانەت مردنەکەی بووەتە نموونەیەکی زەقیان. لە بیرمە کە دایکم باوکمی قایل کرد سەردانی بکا. پێی وت: ئاخر ویژدانت هەبێ.. برادەری گیانی بەگیانیت بووە. لەسەر مردنە و با لە دڵتدا نەبێ بە کەسەر. باوکم ڕازی بوو. کەچی ئەو، ڕوون لە بەرچاومە چیی کرد و چیی وت!. ئەوە جاری سێیەم و دوا جار بوو لە ماوەی نەخۆشییەکەیدا، لەگەڵ دایکمدا سەردانی بکەین. وەها نووزەی لەبەر برابوو، کە دەتوت هـا ئـێستـا هـا ساتێکی تر کۆتـاییی دێ. بـەڵام کـاتـێ دایکم وتـی: ئـەحمـەد دەیـەوێ سەردانت بکا. وەك فیشەکەشێتە تەقییەوە و هاواری کرد: نەخێر.. با نەیەت.. حەز نـاکـەم چـارەی بـبـیـنـم!. دوای ئـەوە بـە هــەفـتـەیـەك مـرد. لـەگـەڵ ئـەوەشدا بـاوکم لـە پرسەکەیدا، وەك برایەك بۆی دانیشت. خاڵە خورشید و شەهید فەرهادیش. من ساڵانێك دواتر و کە زیاتر فامم کردەوە، هەرچەند ئەو باسەم بەبیر دەهاتەوە، سەرسام دەبووم کە چۆن مامە ئەورەحمان دڵی بەرایی داوە، دەستی بچێتە خوێنی باوکم؟!. ئەوسا و ئێستاش کە قووڵتر وردی دەکەمەوە، پرسیارێك زەق لێم قوت دەبێتەوە کە تۆ بڵێیت ئـەویش بـە پـەنـهـانـی، بـە تـیری عـەشقی دایکم گرفـتـار نـەبـووبـێ؟!. لـە کـوانـووی ئـەو عەشقەدا نەسووتابێ و لێی نەبووبێتە مایەی، ئەو ڕق و کینە ڕەشە بەرامبەر بە باوکم بـەتـایـبـەتـی دوای شکستـخـواردنـی عـەشقـەکـەی لـەگـەڵ ئـاسکـۆڵـدا؟!. ئـاخـر خـۆ شۆخ و شەنگییـەکـەی دایکم، گـاڵـتـەی لـەگـەڵـدا نـەدەکرا. نـەڵـێم دایکـی خـۆمـە و دەعبـایـەکیش بووبێ، لەلام بووەتە فۆرلیقا!. نا نەخێر.. دایکی من هەر بەڕاستی جوانێکی بێ وێنەیە. بڕوا ناکەم لە سەرانسەری ئەم سەرزەمینەدا، ژنێکی لەو شۆخ و شەنگتر هەبێ. من تانیام بەلاوە زۆر جوان بوو. کیژەکەی لەمەڕ هاوتایش.. کیژە پەرییەکەی ئاسمان.. ئا.. ناویم وەها دەبرد. ئەویش جەنابی لە هیچی نەبوو، گەزگەز باڵای پێدەکرد. من دەمزانی لە دڵدا بۆی شێت و شەیدایە. ئەوسا و دواتریش ناهەقی نەبوو کە وروکاس ببێ. تا لەناو شاردا و لە بندەستییەوە بوو، دەموت: هەقیەتی، چونکە بیست و چوار سەعاتە بیر و هۆش و هەست و نەستی لەلایەتی. بەڵام کە ناوشارمان جێ هێشت و

دامانە شاخ، دڵی خۆم بەوە خۆش کرد کە وتم: ئێستا بۆ دەوای دەردی فرسەتێکی باشە. لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی زۆر جیاواز. خەریکبوونی بە جیاکارییەکانی ئێرەوە و ناچاربوونی بە ڕاهاتن لەگەڵیاندا، ئەندێشەکانی ئەولای لێ دەخەنە پەراوێزەوە و لە ئەنجامیدا، پەرییەکەی ئاسمانیش، ئاسمانی بیر و هۆشی بەردەدا. واتە کۆتایی بەگرفتەکە دێ و کارەساتەکەش ناقەومێ. ئیتر بەو نیازە، کەوتمە گەڕاندنی بەو ناو چیا و دۆڵ و نشێوانەدا. بە هەڵەمووتەکاندا هەڵم دەزناند وسەرم دەخستە سەر لووتکەی ڕەوەزەکان. ناو ئەشکەوت و بن تاوێر و تاشە بەردە زەبەلاحەکانم پێ تەی دەکرد. بەکێشم دەکردە ناو بێشەلان و دارستان و قوولاییی چەم و ڕووباری خوڕەوە. سەرنجیم بۆ ئاژەڵ و دەعبا و مار و مێرووان ڕادەکێشا. بەدیار گژوگیا و گوڵ و دار و درەختەوە ڕام دەگرت و هانم دەدا لێیان ورد ببێتەوە. دەمبردە ناو کێڵگە و مەزراکانەوە و تێکەڵ بە خەڵکەکەم دەکرد و ڕێی دواندنیانم بۆ خۆش دەکرد. ئەگەرچی من خۆشم ئەو دنیادیدەیە نەبووم لەو هەموو ئاوانەم دابێ. بەڵام بەو حیسابەی کە یەکەم کاك بووم و دووەمیش، هەستێك لە قووڵاییەوە پێی ڕادەگەیاندم کە جۆرە مەترسییەك لە مەڵاسدایە، پاڵی پێوە دەنام ئەو دەوری دنیادیدییە ببینم. کەچی هەر چیم دەکرد ئاقیبەت دەتوت ئاسنی سارد دەکوتم. ئەو هەردەم خامۆش و بێ حەوسەڵە و بێ ئاگایە. لەگەڵمدا ئاسایی وەك بەرخێك، مل دەدا و دێت و دەجووڵێ. قەت ناڵێ نەء. قەت بێزاری و ناڕەزایی دەرنابڕێ و یاخی نابێ. هەڵسە– باشە. وەرە – باشە. بڕۆ – باشە و بکە و مەکە – باشە. بەڵام هەموویان بەچەشنی ڕۆبۆتێك دەکا!. یا دەڵێیت بەدەم خەوەوەیە!. جەستەیەکە و بە هەموو ئەندامانییەوە، لە نووکی پێوە بیگرە تا تەوقی سەر، ڕێکوپێك دەبزوێن و کۆك هەڵدەسووڕێن. کەسێك هەست بەخواروخێچییەکیان تێدا ناکا . تەنیا منم کە دەزانم لەو دیویانەوە چ ئاڵۆزییەك هەیە!. چ گرفتێکی جەنجاڵ مەڵاسی خواردووە!. تەنانەت ئەوەتا باوکم بەنیازی ڕاهێنانی، بۆ چالاکییەك لە باتی من ئەو دەبا. باشە ئێستا من چی بە باوکم بڵێم؟!. دوودڵم. ئەگەر دەڵێم ئەوە حاڵێتی، دەترسم باوەڕ نەکا و هەقیشە نەیکا. کوڕە هیچی وای سەرزاریی پێوە دیار نییە، تا بەئاسانی باوەڕم پێ بکا و بڵێ ئێ!. هەوڵێك دەدەم کە منیشیان لە دڵدا بم و باوکم ڕازی نابێ. چۆن ڕازی ببێ؟! باوك و هەردوو کوڕ پێکەوە؟! گوناحە. (خۆ کافرسانی نییە). دایکم بەپێکەنینەوە بەو ڕستەیە، ڕای خۆی بۆ پشتگیریکردنی باوکم دەردەبڕێ. ئیتر ئەوەتا ئەو دەچێ و من دەمێنمەوە. یەکەم جارێتی و ورد سەرنجی دەدەمێ.

بـەسەرزاری هـێنـدەی نـووکـی دەرزیـیـەك خـەوشی پـێوە نـابـیـنـیت. هـیـچ کـام لـەو پێشمەرگانەی خۆیان بۆ چالاکییەکە تەیار کردووە، بەشێوە لەو ڕێکوپێکتر نین. بە لەشولار و قەڵافەت. بەتفەنگەکەی شانی و تاقمەکەی کەمەری و دوو نارنجۆکەکەی ئەملا و ئەولای. بەکۆڵەپشت و کلێتەی سەر و کاڵە و پووزەوانەی پێی. بە هەموو ئەوانە، بەموو لە پێشمەرگەکانی تر جیا ناکرێتەو. بەڵام تەنیا منم کە دەزانم، بەدیوی ناوەوەیدا چەندە جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەسەرێك دڵم بەرایی نادا لەلای باوکم بیدرکێنم. بەسەرێکیش دەڵێم بەڵکو ئەو بەشداریکردنە، بۆی ببێتە مایەی ڕاچەناندنێك و بەری بدا. کەچی بەپێچەوانەوە، هێندەی من لە بارەیەوە پێم دەزانی، لەوێ سڵاویشی دابووەوە. کاتێ گەڕانەوە باوکم ئاگری دەکردەوە. بەتووڕەبوونەوە لێمی پرسی: تۆ دەتزانی وەهایە؟!. – بۆچی؟!. چی بووە؟!. – جا چی نەبووە!. هەموومانی بەخۆیەوە خەریك کرد. هاوتا دانیشە.. هاوتا خۆت حەشار دە.. هاوتا تەقە بکە.. بەسە مەکە.. هەڵسە واو بڕۆ واو ئیتر کردینی بە پەند!. مەسەلە چییە تێم بگەیەنە؟!.

تێم گەیاند و لەوە بەدوا نەبرا. دایکم خەفەتی زۆر پێ دەخوارد. هەموو جار یەخەمی دەگرت: – هاوڕێ چاری ئەو برایەت چییە؟!. دەموت: دەوای دەردی ئەوەتا لەوێ.. بچن بۆی بێنن. دەیوت: ئاخر خۆ پاکەتە حەبێك نییە لە ڕەفەی دەرمانخانەیەکدا و بنێرین بۆی بکڕن!. دەموت: دە دایە گیان من هیچ چارەیەکی ترم لەلا نییە. من ڕێوشوێن نەما لەگەڵیدا نەگرمە بەر. جارێکیان وتی: ئەی تۆ بۆ وا نیت؟! وتم: ئەوە پێوەندیی بە تۆ و باوکمەوە هەیە. دەبێ لە کەرەستەی دروستکردنەکەماندا، هەڵەیەکتان کردبێ. پێ کەنی و وتی: سا منیش دەیخەمە ئەستۆی باوکی خۆم. خۆ نەنکت بۆی باس کردوویت؟! ئا.. بۆی باس کردبووم. بەڵام هاوتا کوا لەو دەچێ؟! کەی وەك ئەو تەمەڵ و تەوەزەلە؟! ئەو بەقسەی نەنکم لەم ڕووەوە بەرباد بووە. من شێوەی دوا ساڵانیم لە بەرچاوە. پەڵاسێکە و لە قوڕنەیەکی ژوورەکەدا کەوتووە. تا نەچیتە نزیکییەوە نازانیت، ئەمە ئادەمییەکە و خۆی لە بەتانییەکەوە، یا بەتانییەکی لە خۆیەوە پێچاوە. هێندە کشوماتە دەڵێیت تاقەتی نووزە و جووڵەکردنیشی نییە. دایکم نە دەیپەرژێتە سەر خزمەتکردنی و نە سیلەی ڕەحمیشی لەگەڵیدا هێندە بەهێزە، کە کاتی لە کار و فرمانە حزبییەکانی بۆ بدزێتەوە. ئەوەی بە تەنگییەوەیە تەنیا نەنکە حەلاوە. ئەو درێغی لە خزمەتکردنی ناکا و دەڵێ: من دەستووری میمکە حەلیمی لەگەڵدا بەجێ دێنم. میمکە داڵدەی دا و خاوەری کردە ژنی و مریەمی لێ بەرهەم هێنا. مریەمیش ئەوەتا بۆ من

بووەتە ئەو بووکە پەرییەی کە هەیە. ئیتر چۆن دەهێڵم لانەواز و بێ دەرەتان و بێ خزمەت ببێ؟!. ئا.. نەیهێشت تا مرد خزمەتی کرد. مردنەکەیم باش لە بیرە. نەنکم چوو بۆ لای و هاتەوە وتی: مرد. کەس بۆی نەگریا. نە دایکم و نە منیش. گریان لە ماڵی ئێمەدا بازاڕی کز بوو. ئەگەر هەموو کات دایك سەرچاوەی بێ ، من دایکمم بەدەگمەن دەدی بگری. دەتوانم بە پەنجەی دەست جارەکانی بژمێرم. دەگمەنتریش ئەو جارانەی دەگەیاندە ڕادەی دەنگ هەڵبڕین. زۆرتر قەتیسی تەنیا فرمێسکڕشتنی دەکرد. تەنانەت بۆ باوکیشم کە دەکرێ بوترێ بەکوڵ بۆی گریاین، زۆر لەو دەستوورەمان تێ نەپەڕاند. ڕۆژەکەی من و هاوتا، بەو شێوەیەی ناوی گریان بێ نەگریاین. شەوەکەی گریانی دایکم و هاوژین و لەگەڵیاندا، خاڵە خورشید و پوورە ئەختەر و تەنانەت بابە حەمەعەلیش، زەیفی لە ئێمەش سەند و بە چۆڕاوگەی فرمێسك و بەدەنگەوە گریاین. بابە حەمەعەلی نەدەگەڕایەوە ناو شار. پێی دادەگرت کە دەبێتە پێشمەرگە و شەڕ دەکا. بەڵام ئاخر ئەو کەی داروباری شەڕکردنی پێوە مابوو. تەمەنی خۆی لە حەفتا دەدا. شەهید فەرهاد بەزەحمەت قایلی کرد نەکاو بگەڕێتەوە ناو شار. شەهید و پوورە گەلاوێژ ئەو وەختە، لە یەکتری جیا بووبوونەوە. من لە منداڵییەوە خۆشەویستییەکی تایبەتیم، بەرامبەر بە هەردووکیان هەبوو. بەلامەوە دوو مرۆڤی نموونەیی و ژن و مێردێکی نموونەییش بوون. کەچی دوای چواردە ساڵ پێکەوە ژیان، نێوانیان درزی تێ کەوت و درز بوو بە دەلاقە و ئینجا لە یەکتر دابڕان!. دایکم خەتای دەدایە پاڵ پوورە گەلاوێژ. لە کاتێکدا نەنکم دەیوت: نەخێر لە فەرهادەوەیە. لە هەر کامیانەوە بووبێ، من زۆرم پێ ناخۆش بوو. من هەردووکیانم خۆش دەویست. ئەوان منداڵیان نەبوو. کە ڕێگەم دەکەوتە لایان، وەك جگەرگۆشەی خۆیان لە ئامێزیان دەگرتم. خواردنی خۆشیان دەدامێ. بە تایبەتی شەهید، نوقڵ و پسکیت و نەستەلەی بۆ دەکڕیم. کە گەورەش بووم، بەکوڕی خۆی دادەنام. لە دوا یەکتربینیندا، ئەو ڕۆژەی بەرەو پشتئاشان کەوتە ڕێ، بە سۆزێکی باوکانەوە ئەملا و ئەولامی ماچ کرد و وتی: ئاگەداری دایکت و خوشك و براکەت بە. بەپێی داوونەریت، ئێستا تۆ سەرۆکی خێزانەکەیت. ڕاستە حزبیشتان هەیە و لە پشتتانە، بەڵام ئەرکەکانی خێزانداری هەر لە ئەستۆی تۆن. ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە و گەڕانەوەی نەبوو. کەوتە ناو شەڕەکەوە و بەرکەوت. دایکم بۆ ئەویش گریا و ناهەقی نەبوو. من بە ئاسانی ناخیم دەخوێندەوە. من جیا لە شەهیدانی ترمان، بەشێوەیەکی تایبەتی بۆی خەفەتبارم و دەزانم بۆچی؟!.

شان بەشانی هەست و نەستی ئەویش ڕوون دەرك پێ دەكەم و دیسان دەزانم بۆچی؟!. مێرد لە دەست چووە و نایەتەوە ژیان. فەرهاد تروسكەی هیوایەكە و دەشێ جێگەی بگرێتەوە. ئەو مەیلەیانم بەلای یەكتردا لێ شاراوە نییە. كەچی ئەویش لە دەست دەچێ و تروسكەكە دەكوژێتەوە. جا شەلا بەوەندەوە بوەستایە. دایكم دەڵێیت لە ئەزەلەوە، لە عەزاب و بۆ عەزاب دروست كراوە!. لەسەر پشتی بێشكەوە بۆ ناو ورگی گۆڕ، هەر عەزاب و هەر عەزاب!. بەوەندەوە ناوەستێ و بەڵایەكی ناگەهانتر یەخەگیری دەبێتەوە!. هاوتا و كارەساتە جەرگبڕەكەی . هەرسێكیان لە ماوەی دوو ساڵێكدا. مەگەر تەنیا ئەو دایكەی من توانیبێتی، بەرگەی ئەو هەموو ئەشكەنجەیە بگرێ. جا بەرگەگرتنی چی؟!. ئەوەتا لە بەرچاومە بە چ دەردێك دەچێ. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەپووكێتەوە. خواردنی بەلاوە ناوە و خووی داوەتە جگەرەكێشان. جگەرە و چا و جگەرە و ئاو. بەڕۆژ چەندین سەعات لە قوڕنەیەكەوە دادەنیشێ. بینایی بەسەر شوێنێكی نادیاردا دەڕوێ و ورتەی لێوە نایە. شەوانیش تا دەكەوێتە وەنەوزدان، هەر بەو جۆرەیە. ئینجا كە ڕادەكشێ بخەوێ، تا ڕۆژ دەبێتەوە گینگڵ دەدا. ئەگەر جار جارێكیش خەو زەفەری پێ ببا، زۆری پێ ناچێ بەدەم هاتوهاوارەوە ڕادەچەنێ. من و هاوژین نازانین چی بكەین! شان بەشانی ئەو، خەفەت ناخمان دەقرچێنێ.. خەفەت سێ سەرە ناخمان دەقرچێنێ. بۆ كارەساتەكان. بۆ ئەو. بۆ دەستەوسانیمان كە هیچمان پێ ناكرێ. كەسیشمان لە دەور نییە. كەسی نزیكمان كە پوورە ئەختەرە، ماوەیەكە هەم بۆ كاری حزبی و هەم بۆ سەردانی تانیا، چووەتەوە ناو شار. خاڵە خورشید لە مانگ زیاترە چووە بۆ جەولە و ونە. بارەگە لە دوو كوڕە لاو و بەمنەوە سێی زیاتر لێ نییە و منیش، ئەوەتەی دایكم ئەوە حاڵێتی بەدەگمەن دەچم. تاقە كەسێك كە لەگەڵ من و هاوژیندا بەدەست حاڵەتەكەوە دەناڵێنێ، پوورە حەباوی دراوسێی لاتەنیشتمانە، كە لە ڕادەبەدەر هۆگری دایكمە. من و هاوژین هەر لە سەرەتاوە، وامان بڕیار داوە نەیەڵین كەس پێبزانێ. بەڵام نەدەكرا لەوی حەشار بدەین و تێمان گەیاند باسی نەكا . ئا.. ڕۆژانێكی تفت و تاڵ بەسەر دەبەین. هەست بە تەنیاییەكی پڕووكێنەر دەكەین. نە كەسوكارێك، نە هاوڕێ و دۆست و ناسیاوێك، تەنانەت نە حزبیش كە لەم ڕۆژە دژوارانەماندا، دەڵێیت وەها لێك دابڕاوین كە حەوت كێو كەوتبنە نێوانمانەوە!. تەنیا پوورە حەباوە كە جێی هەمووانی بۆ گرتووینەتەوە. باشە پوورە حەباو، تۆ ئەو هەموو سۆز و میهرەت لە كوێوە لێ هەڵدەقووڵا؟! پیرەژنێكی تاكوتەنیای هەژبەسەر، خۆت نوقمی دەریای دەرد و مەینەتی

بی و کەچی، ببیتە کانیی خۆشەویستی!.. دەبێ تۆ چ مرۆڤە فریشتەیەك بیت؟!. من سەرم لێت سوڕماوە!. پووره ئەختەریش بەسەردا دێتەوە و سەرسام دەبێ!. دایکم لەوە دەچێ نەیناسێتەوە. هەروا بڵمەبڵمێکی بەڕوودا دەدا، گوایە بەخێرهاتنی لێ دەکا!. شەو و ڕۆژێك بەدەوریدا دێ و هەوڵی دواندنی دەدا و بێ سوودە. کار بەم ئەنجامە گەیشتبێ، مانای وایە حاڵی شڕە. ئەو مریەمە وتووریایە و وای لێ بێ، ئەختەرە دەستەخوشکەکەی تەمەنی نەناسێتەوە؟!. بۆ خاڵە خورشیدیش هەروەها. ئەویش دێتەوە و دەحەپەسێ. من زووتر لە نامەیەکدا ئاگەدارم کردبوو. بەڵام لەبەرئەوەی حاڵەتەکەم بۆ ورد نەکردبووەوە، ئەویش وەك ناساغییەکی ئاسایی وەری گرتبوو. ئێستا وا لە نزیکەوە دەیبینێ و گلەیی لە خۆی دەکا، کە بۆچی دەسبەجێ نەهاتووەتەوە. لە منیشی دەکا کە بۆچی بە ڕوونی بۆم نەنووسیوە؟!. ئیتر بە پەلە دەچێ حزبیش ئاگەدار دەکا. بە هەموو بڕیاری بردنی بۆ ناو شار دەدەن. کە پێ دەزانێ ڕازی نابێ. لە نەئ نەئێکیش زیاتر دەرنابڕێ و بە دەمییەوە، چاو دەبڕێتە من و هاوڕێن و فرمێسك دەڕێژێ. ئێمە تێی دەگەین و دەچین دەست دەکەینە ملی. ماچی دەکەین و لێی دەپاڕێینەوە، کە بڕوا و خەمی ئێمەی نەبێ. من حەز دەکەم هاوژین بۆ خزمەتکردنی لەگەڵیدا بێ. پووره ئەختەر تووڕە دەبێ و دەڵێ: ئەی من چیم؟!. دەشڵێ: وا چاکە هاوژین پێ نەنێتە ناو شارەوە و وەهاش چاکە لەگەڵ تۆدا بێ. دەڕۆن و چوار مانگی ڕەبەقیان پێ دەچێ. چوار مانگ چارەسەرکردنی بەنهێنی لەم ماڵ و لەو ماڵ و دوای هاتنەوە سەر خۆی، دەگەڕێتەوە ناومان. بەڵام بە چ حاڵێکەوە؟!. ئەو دایکە مریەمە نەماوە کە هەبوو. ئێستا گێژەنی ترسێکی بێ ئامان، بەردەوام لوولی دەداو دەیتلێنێتەوە. ترسی نۆرەی لەدەستدانی من. لە کەسە هەرە نزیکەکانی کێ ماوە؟!.. من.. دیارە دەبێ نۆرە لەسەر من بێ و ئیتر، ئەوە زارەترەکی دەکا. هەرچەند تێم دەڕوانێ، بە ئاشکرا لە چاوانیدا دەیخوێنمەوە. زۆر جار بینایی بە چەشنێك بەسەر ڕوخسارمدا دەڕوێ، دەڵێیت باوەڕ ناکا کە ئەوە منم و هەم و ماوم!. کاتێ هاتەوە، یەکەم کرداری هوشیارانەی، قایلکردنی هاوڕێیان بوو، کە لە پێشمەرگایەتی بخرێم و تەنیا کاری حزبی بکەم. من زۆرم پێ ناخۆش بوو. هەستم کرد سووکایەتیم پێ دەکرێ. دەبمە نازداری دایکم بۆم دەبێتە خەوشێك. ملم بۆ بڕیارەکە نەدا و یەخەی حزبم لەسەر گرت. وتم: قەت ئامادە نیم بڕیاری وا ناڕەوا جێبەجێ بکەم. هەوڵیان زۆر لەگەڵم دادا و وتیان: ئەوە داوای دایکتە و بەسەرێك هەقی خۆیەتی و بەسەرێکیش، ئەو لە حاڵێکی

دەروونیی وادا نییە، بە هیچ جۆرێك بتوانین ئەو داوایەی ڕەت بکەینەوە. چووم یەخەی دایکیشمم گرت. بە نەرمونیانی وتم: دایکە.. ئەوە سووکایەتییە بۆ من. وتی: لەسەری مەڕۆ و گوێت لێ ناگرم. دەبێ تۆم بۆ بمێنیت. بە ناچاری ملم دا و وازم هێنا. کەچی سەیرم کرد لە کارە حزبییەکەشدا کاتێ بەلایەکدا دەچم، تا دەگەڕێمەوە سرەوتی لەبەر هەڵدەگیرێ. لە خواردن تەوەلا دەبێ. خەو ناچێتە چاوی، ئارامی نامێنێ و وەك شتێکی لێ بزر بووبێ، بەبێهوودە بەناو ماڵەکەدا دەخولێتەوە. ئەوسا وا بووبێ، ئێستا دەبێ چۆن بێ؟!. ئێستا کە بێ سەروشوێن کراوم و سوور دەزانێ چی دەگەیەنێ؟!.. دایکە.. چی بکەم و چیم دەسەڵاتە؟!. چووم.. وا منیشت چووم و بۆت نەمام. دەزانم ئەم زامەی ترت چیت بەسەر دێنێ. دەزانم چۆنت پێشبینی دەکرد و چەندی لێ تۆقیبوویت. لە نێوان دوو ئاگردا دەسووتایت: حەزی مانم و ترسی فەوتانم. کێشەیەك کە لەنگەر لە نێوانیاندا ڕاگیر ناکرێ. دەست بەکڵاوەوەگرتن یارێی هاتو نەهات؟!. ڕێی هات و نەهات و ئەوەتا بە نەهات شکاوەتەوە. بەڵام دایە هاوژینت ماوە. هاوژین کچێکی ژیر و وریا و میهرەبانە. لێی دەوەشێتەوە کە پارسەنگی ئێمەت بۆ بداتەوە. لە بیرتە لە مەسەلەکەی تانیادا چەند ئاقڵانە بوو؟!. تۆ تووڕە بووبوویت و ئاگرت دەکردەوە. ئەو وتی: کاکە.. هیچ سەغڵەت مەبە و تەنانەت لۆمەی تانیاش مەکە. ئەو قسەی ڕاستی کردووە و پێچوپەنای تێ نەخستووە. دنیای ئەو لە دنیای ئێمە و بگرە دایك و باوکیشی جیا بووەتەوە. ڕێگەیەکی جیاوازیشی لە ڕێگەی ئێمە، بۆ ژیانی خۆی گرتووەتە بەر. هاوژین دروستی بۆ چووبوو. تانیا دوای چوونە دەرەوەمان لە شار، ئەو تانیایە نەما کە هەبوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی دایکی و باوکی، وەك ئێمە شاریان جێ هێشت و ڕوویان کردە شاخ. لەو ماوەیەدا من خەوم بە هاتنە دەرەوەیانەوە دەبینی. شاعیرانە خەیاڵم لێ دەکردەوە و دەموت: وەك دوو مەلی شاد، بەناو ئەم سروشتە ڕەنگینەدا هەڵدەفڕین و هەموو، عەشقەکانی تێدا تێکەڵ بەیەکتر دەکەین. دەموت: دەبینە هاوسەر و کونەگورگێك پێکەوە دەنێین و تیایدا، سەر بە سەر و جەستە بە جەستەی یەکترەوە دەنێین. دەموت: هەردووکمان چەك دەکەینە شان و پێکەوە دەچینە بەر مەیدانی دوژمن و لە ڕوویدا دەجەنگین. دەموت و زۆرم لەم بابەتانە دەوت و کەچی، هەموو بوونە بڵقی سەر ئاو و پووچ دەرچوون. ئا.. تانیا بە نامەیەکی زۆر کورت پووچی کردنەوە. دایك و باوك و خوشك و برا هاتن و ئەویان لەگەڵدا نەبوو. ئەو لە ماڵی خاڵە (خەسرەو)یدا، گلی خواردووەتەوە و نیازی تەواوکردنی خوێندنی هەیە!. نامەیەکی دوور و درێژی پڕ

جۆش و خرۆشیشی بۆ ناردبووم.. جۆش و خرۆشی عەشقێکی تێکەڵ، لە تامەزرۆیی و تاسەی توانەوەی گیان لەناو گیان و بگرە، جەستە لەناو جەستەدا!. بە شێوەیەکی وەها شەرمی تێدا بەلاوە نابوو، کە من لەلای خۆمەوە تەریق دەبوومەوە. بە تایبەتی کە لە دڵدا دەترسام دایکی نامەکەی خوێندبێتەوە. لەژێر پەردەی دوورکەوتنەوە ناچارییەکەماندا لە یەکتر، بە ئاشکرا شین و فوغانی، بۆ حەزی لەبارچووی جووتبوون دەکرد. نامەکە سەرەگێژەی پێ خستم و نەمدەزانی، چۆنی تێ بگەم و چۆنیشی وەڵام بدەمەوە. ئەو ئەگەر ئاگری عەشق بە ڕاستی، لە دڵ و دەروونیدا ئاوەها کڵپەی کردبێ و جەستەشی بەو جۆرە جۆش دابێ، ئیتر دەبێ بەهانەی گلخواردنەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن، چ مانایەکی تێدا بمێنێ؟! تەواوکردنێکیش کە بۆ ئێمەومانان هەر لە بنەڕەتەوە، بەهایەکی ئەوتۆی نییە. من بەپشتبەستن بەو گڕوکفەی نامەکەی خۆی و بە ورووژانەوەی خەیاڵە ڕەنگاڵەییەکانی لەوەبەرم، لە نامەیەکی پڕوچڕدا بەو مانا و مەغزایە وەڵامم دایەوە و لە کۆتاییشدا نووسیم، کە دەرمانی دەردی هەردووکمان هاتنە دەرەوەیەتی و وازهێنان، لە کلاوی بابردووی خوێندن. وەڵامم بەڕێ کرد و کەوتمە چاوەڕوانی. هێندە بە جۆش و خرۆشەکەی ئەو و وەڵامە تۆکمەکەی خۆم پشتئەستوور بووم، کە بەردەوام چاوێکم هەر لە ڕێ بوو ها ئێستا ها تاوێکی تر، وەك ئەستێرە گەشەی بەختم لێم هەڵبێ و شاد و ئاسوودەم بکا. لە من وا بوو کەس پێم نازانێ، کە چۆن بوومەتە قیبلەنما و ڕووم بۆ هەرلا وەرگێڕن، بەبێ ئاگا ڕووەو ڕێگەکەی شار وەردەچەرخێمەوە!. تومەز دایکم و هاوژین بە تایبەتی لەوسەری هاتوونەوە و بەدزییەوە پێم پێدەکەنن. ئا.. هەفتە و دوو هەفتە و مانگ و دوو مانگ تێ پەڕین و نەبوو. بوو بە سێ و نەك هەر خۆی، نامەشی سەری هەڵنەدا. بوو بەچوار و لە پێنجەمیندا، ئەو نامەیەی کە بە وشە و ڕستە زۆر کورت و بەمانا و مەغزا تا بڵێیت درێژ بوو گەیشت. من لە ماڵ نەبووم و درابووە دەست دایکم. ئێوارەیەکی درەنگە و لە چالاکییەکی سەرکەوتوو گەڕاوینەتەوە. گاڵەمان بە قافڵەیەکی دوژمن کردووە و خۆشمان بێ زیانین. هەرچەندە ماندوویتی لە پەلوپۆی خستووین، بەڵام گەشکەی سەرکەوتن بەسەریدا زاڵ کردووین. دایکم مژدە بەمژدەم لەگەڵدا دەکا. – لە ئێوە مژدە و لە منیش مژدە. – چییە؟!. – نامەی تانیا.. بەبزەیەکی گەشەوە دەیداتە دەستم. من ئەگەرچی لە دڵدا لێی پەستم و غەزەبێکی بێ ئامانم بۆ لە زەین گرتووە، کەچی بەوەرگرتنی نامەکە، دەڵێیت قەت ئەوە من نەبووم. گەشکەیەکی وەها داویە لە هەناوم،

کە وەختە لە خۆشییاندا باڵ بگرم. خۆم کەنار دەخەم و نامە دەکەمەوە. خێرا دەبینم و هەست دەکەم کە زۆر کورتە. – بۆچی وایە؟!.– قەیچێکە. – دڵم ختوورە دەکا. – لە چی؟!. – زۆر کورتە. – گرینگ ناوەڕۆکە. تۆ بیخوێنەوە بزانە دەڵێ چی!. دەیخوێنمەوە و تێ دەگەم دەڵێ چی!. پێداچوونەوە و خۆخەڵەتاندنی ناوێ. دایکم وەك من پەرۆشی زانینی ناوەڕۆکەکەیەتی. دێت و ڕەنگی پەڕیو و هەتبزڕکاوم دەبینێ. هەست دەکا نامە شادیهێن نییە و خەمبەخشە. بەدیارمەوە ڕادەمێنێ و دەحەپەسێ. بۆ ماوەیەك نازانێ چی بکا و چی بڵێ. هاوژینیش دێت و لە تەنیشتییەوە ڕادەوەستێ. ئەوسا دەست دێنێ نامەکەم لێ وەربگرێ. نایەوێ بەبێ ئارەزووی من بێ. بەدوو پەنجە سووچێکی گرتووە و چاوەڕوانە. بڕیار دەدەم و بۆی شل دەکەم. وەری دەگرێ و دەیخوێنێتەوە. هاوژینیش لەگەڵیدا. دایکم حیرس دەیگرێ و توورە دەبێ. من هیچ قسەیەکم بۆ ناکرێ. هاوژینیش هیچ نالێ. دواتر ئاموژگارییە جوانەکەم دەکا و بەگوێی دەکەم. فەرمایشتی تانیا خان دەنێمە بان چاو. (ناتوانم ڕێگەم لە تەك ڕێگەتدا یەك پێ بگرمەوە. چاکتر وایە هەریەکەمان بەڕێگەی خۆیدا بڕوا). سا هیچمان لە هیچ و فەرموو ڕێگەی خۆت بگرە بەر!. باشە ئەمە بەچی ناو ببەم و چۆنی لێك بدەمەوە؟!. ئاخر تۆ وەرە گیانی خۆت لە پێناوی ئامانجێکدا بخەرە سەر بەری دەستت. ئەگەریش بەدی هێنرا تۆ دوا کەس بیت تامی بەرەکەی بکەیت. کەچی ئەگەر چێژە لاوەکییەکی ژیانت بەدەم ئەو ڕێگەیەوە بۆ ڕەخسا، ئەویشت ئاوەها لێ بکرێتە زەقنەبووت!. ئاخر کەی ئەمە ڕەوای هەقە؟!. ئا.. تانیا ناهەقییەکی گەورەی لێ کردم. خۆزگە دەمزانی بەچی گەیشتووە؟!. تا ماوەیەکی پێش گرتنەکەم ئاگەداری بووم. بووبووە مامۆستا و هێشتا شووی نەکردبوو. بەیناوبەینێك هەواڵیم دەپرسی.

– بۆچی؟!. –دیارە.. خۆ لە خۆمی ناشارمەوە حەزە دێرینەکە لە ناخمدا هەر بڵێسە دەدا. تەنانەت هەندێ جار، بەتەمابوونەکەشم لێ دەورووژایەوە و بەسەرمدا دەهات هەوڵی بۆ بدەم. دەستم دەدایە قەڵەم نامەیەکی ئاگرینی بۆ بنووسم. نامەیەك لە بابەتی ئەوەکەی پێشووی خۆی. بەڵام دوایی کە گڕوکفەکەم دەنیشتەوە، گاڵتەم بە ئەقڵم دەهات و پاشگەز دەبوومەوە. بگرە بەسەر خۆمدا دەشکامەوە و دەموت: خۆت مەخەڵەتێنە و ئاسنی سارد مەکوتە. گوزەشت. واز لەو بێنەو بەلایەکی تردا مشوور بخۆ. لەم دنیا بەرینەدا ئەو تاقە کچ نییە. کچان زۆرن.. ئا.. ڕاستە. لە دنیای بەریندا زۆرن، نەك لەم کوێرە دێیەدا. ئێرە بە هەموو شەش کچی تێدان. هاوژینی لێ دەرکە

دەمێننەوە پێنج. یەکێکیان مارەبڕی سەر بێشکەیە دمێننەوە چوار. ئەوانیش بەپێی خێزان و وەلی ئەمر، دووانیان سەر بەیەکێتین و یەکێکیان پارتی و بەشیوعی نادرێن. دەمێنێتەوە شەشەم کە سەر بەحزبەکەی خۆمە و سا ئەویش ، تەنانەت ئەگەر بەفەرمانی حزبیش بدرێ بەکوڵمدا، نامەوێ و زەللەی قەبەی وەها ناکەم. ئەو بەسزمانە مەگەر تەنیا مێچکەیەتییەکەی نیشانە بێ کە کچە، دەنا بەهیچ سیفەتێکی تری خۆی نییە!. خۆ لە سەرەتای هاتنماندا بۆ ئێرە، زوو زوو لەگەڵ دایکیدا و زۆر جار بەبێ ئەویش، بەبیانووی سەردانی هاوژین و دایکمەوە دەهاتە ماڵمان. ئاگام لێ بوو چۆن مرخی لێ خۆش کردبووم. بەسەرزاری ئەوانی دەدواند و بەپەنهانی من. لە هەموو قسە و باس و هەڵسوکەوت و جموجۆڵێکیدا بریێتی بوو لە دوو. یەکێکیان لە ڕوو لەگەڵ ئەواندا و دووەمیان بەنهێنی لەگەڵ مندا. وای لێ تێدەگەم کە لە دڵدا بڕاندووێتییەوە. پشتیشی بەوە ئەستوورە، کە باوکی لەناو گوند و ناوچەکەدا، هاوڕێیەکی دێرینی ناسراوی هوشیار و چالاکمانە. ئێمە زیاتر بە پشتی  ئەو لێرە گیرساوینەتەوە. تەنانەت کاتێ کادرێکی یەکێتی (گوایە دڵی بە هاوژیندا چووە) هەراسانی کردین، ئەو و برایەکی کە سەر بە یەکێتیشە، بوونە پشت و پەنامان. کابرا کەللەشەقێکی نەفام بوو. پێی دادەگرت و دەیوت: هەر دەمەوێ و هەر دەبێ بمدەنێ!. ئەو وەختە باوکم زۆر نەبوو گیرابوو. کەچی ئەو تەنیا لە خەمی عەشقە ئاژەڵییەکەی خۆیدا بوو. ناردی داوای کرد و دایکم، وەڵامی دایەوە کە ئێمە ئەوە حاڵمانە. ناردییەوە و دایکم وتی: ئەوە حاڵمانە و کچەش منداڵە. دیسان ناردییەوە و دایکم وتی: ئەوە حاڵمانە و کچە منداڵە و رازییش نییە. بێتامی کرد و ناردییەوە و ئەمجارە، دایکم بانگی کردە لای خۆی و پەنجەی کرد بە چاویدا و وتی: وەحشی... تۆ بریێتیت لە تەنیا ئارەزوویەکی ئاژەڵی... ئێمەش تێکەڵاوی مرۆڤی وەها نابین و لە کۆڵمان بەوە. ئەو لە بریی ئەوەی هۆشی بەبەردا بێتەوە، هەر بەجارێ ئەقڵی لەسەردا نەما. گەیاندییە رادەی هەڕەشە و هەوڵی دەسدرێژیکردن. ئەوسا هاوڕێ ئەمین و براکەی و من و هاوتا، لێی ڕاپەڕین و ڕووبەڕووی بووینەوە. لەوەدا بوو کار بگاتە دەستدانە چەك لە یەکتری و لێپرسراوانی کابرا بەئاگا هاتن. بەفریا کەوتن و دەستوبرد، گواستیانەوە بۆ شوێنێکی دوور. لەو ڕۆژانەدا من زۆرم بەزەیی بەهاوژیندا دەهاتەوە. دەمدی دەچووە قوڕنەیەکەوە و بەکپی دەگریا. ئەم خێزانە تەنانەت گریانیشیان هەر بەکپییە!. کپییان بەمیراتی بۆ ماوەتەوە!. دەچووم.. منیش بکپی.. دەستم بەسەریدا دەهێنا و دڵیم

دەدایەوە. بەبێ ئاگا لە خۆمان.. نازانم بۆچی.. بە چرپە دەدواین. دەیوت: کاکە.. خۆزگە من هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبووم!. دەموت: وسبە بێ ئەقڵ.. وا بیر مەکەوە و ئەم قسە هیچوپووچانەم بۆ مەکە. تۆ ڕاست لە کات و ساتی خۆتدا، هاتوویتە بوون و دەخرێیتە بان چاو و سەر سەر و قووڵاییی دڵەوە. بگرە ئەگەر تۆ نەبوویتایە، بوونی ئێمەش نیوە و نیوەچڵ دەبوو. بەقسەکانم ژیر دەبووەوە. فرمێسکی لە چاوانی دەسڕین و بزەیەکی شیرین، دەکەوتە سەر لێوانی. دەستی لە ملم دەئاڵاند و ماچی دەکردم. دەبووەوە پەپوولەکەی جاران و بەناو ماڵەکەدا، دەکەوتەوە فڕکەفڕك. دوای ئەوە بەچوار پێنج مانگ، هاوڕێ ئەمین بۆ کوڕێکی براکەی داوای کرد. دایکم ڕای منی پرسی. من وتم: با هاوژین خۆی بڕیار بدا. خۆی وتی: نەء و ئەوان وەك کابرا نەبوون. کچ وتی نەء و وازیان هێنا. هاوژین سوپاسی کردم و وتی: تا تۆم هەبێت، گلەییم لە هاتنە بوونم نابێ. هەڵەیەکی گەورەم کرد کە لە وەڵامیدا وتم: بەبێ منیش دەبێ نەتبێ. چونکە من پڕۆژەیەکی هەردەم ئامادەی نەمانم!. ئەو بەقسەکەم زارەترەك بوو. دەتوت ئەوەتا نەماوم و وەك جەستەیەکی بێ گیان، زەقزەق سەیرم دەکا!. ئەوسا وا.. دەی باشە ئێستا دەبێ لە چ حاڵێدا بێ؟!. هەردووکیان دەبێ لە چ حاڵێکدا بن؟!. دایکم لە کاتی خۆیدا بۆ هاوتا بەو دەردە چوو کە چوو. ئەی ئێستا دەبێ چۆن بێ؟!. بەڵام چی بکەم؟!. دایە چیم دەسەڵاتە؟!. من لەبەر خاتری تۆ، لە کانگای دڵەوە حەز دەکەم بمێنم. دەزانم مانت بە مانمەوە بەندە. لە سەرەمەرگیشدا بیت، بە بینینم ڕاست دەبیتەوە. ئاخر چی بکەم؟!. گیرۆدەی چنگ و نینۆکێکم، کە بە موو دەرفەتی دەربازبوونی بۆ نەهێشتوومەتەوە. مەگەر موجیزەیەك ڕوو بدا، کە من خۆم لەوەش هیوا بڕاوم. بیستوومە حوکمدراوانی تر، تا ئەو ساتەی پەتەکە جەڕێنراوەتە ملیان، هەر بە هیوا بوون. ناهەقیشیان نەبووە و ڕووی داوە. هەبووە سبەی نۆرەی بووە و شەوەکەی، بەر لێبووردنێکی گشتی کەوتووە. موجیزەکە لەوێدایە. پێچەوانەکەشی ڕووی داوە. شەوەکەی لەسێدارە دراوە و سبەیەکەی، لێبووردنێکی گشتی دەرچووە. حاڵەتێکی چەند پڕ سەیروسەمەرەیە!. چەندیش پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە!. ها بوو ها نەبوو. ها مرێنرام و ها نەمرێنرام. لە خودی مراندنەکە ستەمترە. من ئەم خۆگۆڕەوشاردانەم پێ قبووڵ ناکرێ. من خۆم یەکچاو کردووەتەوە و بەتەمای چڵەپووشەکە نیم. سوور دەزانم موجیزەکەش ڕوو نادا. ڕووش بدا، نایەڵن توخنی من بکەوێ، چۆن دەیەڵن، لە کاتێکدا من هەر لە سەرەتاوە جارم دا، کە پڕۆژەیەکی ئامادەکراوم بۆ مردن!.. کە سەری خۆیان و منیش نەیەشێنن

و چەقۆکەیان، یەکژەمی بەملمدا بێنن. عەقید هیشام قاقا پێ کەنی وتی: گەلحۆ.. ئەگەر وا بکەین قازانج سەری مایە دەخوا. ژەمژەمی بۆتی پێدا دێنین. ئێمە نانمان لەو ژەمژەمییەدایە!. (حەمید)یان لەو مانگەنەیەدا و منیان پێ کردە قازانج. بەتەما بوون قازانجی تریشی لێ بکەن و دەستیان نەکەوت. من بوومە هۆ. نەمهێشتبوو کەسی تری بەهادار بناسێ. ئەوپەڕی متمانەم پێی هەبوو. هیچ گومانێکم لێ نەدەکرد. گومانی چی؟! تا بڵێیت ئازا و جەسوور. هێندەش گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمان، بتوتایە لەو سەربانەوە خۆت فڕێ بدە خوارەوە دەیدا. بمرە دەمرد و چەندین جار، ڕووبەڕووی مەرگ بووبووەوە و باکی پێی نەبوو. بەڵام مردن بەئەشکەنجەدان.. بەژەمژەمی شتێکی ترە. لە میاندا سەد ئاوات دەخوازیت، ساتێ زووتر پێی شاد ببیت و جەنابی جەلاد پێتی نابەخشێ و سەد جار دەتگەیەنێتە سەر کەنار و دەتگێڕێتەوە. زۆر جار لەگەڵ تۆدا جێگۆڕکێ دەکا. تۆ لەسەر کەناریت و ئەو تەنگەتاو دەبێ. دەتۆقێ و دەکەوێتە هەڵپەی زیندووکردنەوەت. بەپێی دەستوور هێشتا زووە و پرسینەوەی لە دوایە. قازانجەکە لەوەدایە سەری مایە نەخوا. ڕاست لەو بازرگانە دەچێ، کە دەبینێ کاڵاکانی وا خەریکە ئاگریان تێ بەردەبێ و لە حەژمەتدا، دەکەوێتە ڕاکەڕاکە و قوڕپێوان. تا ئەگەر گەیشتە ڕادەی لە دەست دەرچوون، ئەوسا بەناچاری وەك قومارچییەکە کرداری لەگەڵدا دەکا. بۆ من و حەمیدیش وا بوون. لە دوو ڕۆژی یەکەمی گرتنەکەمدا، پەنجەیان تێوەنەدام. تەنیا دەیانبردم بەدیار ئەشکەنجەدانی ئەوەوە دایان دەنام. لە ڕۆژی یەکەمدا، کە دەستیان لێ هەڵدەگرت و دەچوون بۆ پشوودان، بەئەنقەست منیان لەلای دەهێشتەوە. حەمید بەگومانەوە تێمی دەڕوانی. سەری سوڕدەما کە تەنانەت بەبێ بەستنەوەی دەست و پێش، لە قوڕنەیەکەوە لەسەر کورسییەك، دایان نیشاندووم و هیچم لەگەڵدا ناکەن و ناڵێن!. کە بەتەنیا ماینەوە، بەقسەش دەری بڕی و وتی: مەسەلە چییە؟!.. تێم بگەیەنە!. من هەرچەندە ئەو بەگرتی دابووم، هەستم بەهیچ رق و کینەیەك بەرامبەری نەدەکرد. ئەوەتا دەیبینم ونجڕونجڕیان کردووە، ئیتر ڕق و کینەی چی؟!. وتم: هیچ نهێنییەك لە کایەدا نییە و بیرت بۆ هیچ شتێك نەچێ. نۆرەم دێ. هێناویانم ببینم کە چیم بەسەر دێنن.– دەیانەوێ بمکوژن.– بەهەڵە نەچوویت. منیش دەکوژن و بۆی ئامادەم. – ئەگەر پێیان بڵێیت کە بەڕاستی من، لە تۆ زیاتر پێوەندیم بەکەسی ترەوە نەبووە، ڕەنگە... – ئامادەم بیڵێم. بەڵام هاوڕێ دڵنیابە کە دادت نادا. – بەلاتەوە هێشتا هاوڕێم؟! بەگرتم داویت!. –دەتبینم لە چ حاڵێکدایت و بەلامەوە هێشتا، هەر

هاورێکەی جارانیت. دڵم زۆر پێی سووتا. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەوە و خامۆش بوو. منیش بێدەنگ بووم. ئەوسا عەقید هیشام، بەدەم قاقایەکی ژەهراوییەوە خۆی بەژووردا کرد. وتی ئافەرم.. سیناریۆیەکی کۆکتان داڕشت. ئەشهەدوو لێهاتوون. حەمید لە تۆ زیاتر کەسی تر ناناسێ.. وانا؟!. با بزانین. عەسرەکەی و شەوەکەی، دوو ژەمی تر هاتنەوە ویژەی. جەستەی ونجڕی ونجڕتر کرا. داڕمایە سەر زەوی و ورتە و جووڵەی لەبەر برا. لەوە بەدوا منیان لێ جیا کردەوە. بەیانییەکەی بردیانمەوە بۆ لای. هەڵسابووە سەر باری دانیشتن و پاڵی بەدیوارەوە دابوو بە تەنیا جێیان هێشتین. ئەو وەك پێشتر بیری لێ کردبێتەوە و بڕیاری دابێ، یەکەم قسەی وتی: هاوڕێ.. تۆ هێشتا لە تەواوی هێز و توانای خۆتدایت. تۆ دەزانیت و منیش ئێستا دڵنیام، کە لە ئەنجامدا دەمکوژن. تکایە لەم عەزابە ڕزگارم بکە. با ئیتر بەس بێ. بە هەر شێوەیەك لە توانانتدایە، سڵ مەکەرەوە دەست مەگێڕەوە!. لەم بابەتە حاڵەتەم لە کتێبدا زۆر خوێندبووەوە. لە فیلمیشدا دیبووم. بەتایبەتی فیلمەکانی سەبارەت بەشەڕی جیهانیی دووەم. کەچی ئێستا وا بەڕاستی دەیبینم و لەگەڵ خۆشمدا ڕووو دەدا. هاوڕێیەکم داوام لێ دەکا بیکوژم! نەگەیشتم بیر لە کردن و نەکردن بکەمەوە و دیسان عەقید جەللاد قوت بووەوە. جڕتێکی شەلاتییانەی بۆ لێداین و وتی: ماشەڵڵا کە پاڵەوانن!. بۆ قسەتان نەکرد کامێرایەکتان بۆ بێنم و بۆتانی بکەم بە فیلم؟!. ئەو ئەگەرچی وای کرد و وای وت: بەڵام من لە شێوەی هاتنە ژوورەوەکەیەوە بەپەلە و بەپڕتاو، هەستم کرد کە بەڕاستی ترسی ئەوەی لێ نیشتووە، من داواکەی حەمید بەجێ بێنم. دواتر هەرچەند بەبیرم هاتبێتەوە پرسیومە: دەتکرد؟!. ئێستاش، هاوڕێ دەتکرد؟!. نا.. بۆچی من؟!. ئەوەتا جەلادەکە بەدەستییەوەیە بیکا. دێنەوە گیانی و من هەر بەدیارییەوەم. نیوەڕۆکەی کە بەتەنیا دەمێنینەوە، بەدوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، تێم دەڕوانێ و دەڵێ: دەبوو هەر لە سەرەتاوە بەرگە بگرم. – تێپەڕی. – تۆ بەرگە دەگریت؟!. – نیاز و بڕیارم وایە. – دەمبەخشیت؟!. بێگومان. – حزبیش؟! – حزبیش.– بەناپاکم دانانێ؟!. قەت نەء. – وا دەمرم.. دڵنیا بم؟!. – دڵنیابە. هێڵنجێك لە قسەی خست. قوڵپێك خوێنی هێنایەوە و ڕژایە سەر سنگ و بەرۆکی. ڕووی لە من وەرگێڕا و بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. وام زەن کرد کە تەواو بووە. کەچی ڕووی تێ کردمەوە و سەرنجم دا، ئەمجارە تارماییی بزەیەکی بەسەر لێوەوەیە، وەك لێی بزر بووبێ قسە بۆ کێ دەکا!. یا بێ ئاگا بێ کە ئەوەی قسەی بۆ دەکا، زۆری پێ ناچێ بەدەردی ئەو دەبرێ و قسەکانی بە

چەشنی خۆیان بێ سەروشوێن دەبن وتی: گۆنا و نیگا و دایکیان بە تۆ دەسپێرم. ئاگەداریان بەو بەهانایانەوە بچۆ. ئیتر فریای ژەمە ئەشکەنجەدانی عەسری لەگەڵدا نەکەوتن. جەلاد هیشام بەنووکی پێڵاوەکەی، ئەملا و ئەولایەکی بەسەری کرد و وتی: تۆپی. ڕووی لە منیش کرد و وتی: خۆ بەچاوی خۆت بینیت؟!. من نوقمی دەریای خەم و پەژارەی حەمیدم. بەکۆی بیر و هۆش و هەست و نەستم، بەو دوا ساتانەی ئەوەوە خەریکم و لە گێژەنیدا لوول دەخۆم. چ ئاگایەکم لەلای وەڵامدانەوەی جەلادەکەی بێ؟!. کەچی ئەو چەندە هێز لە لاقە کوڵەکەییەکانیدایە، لەلاپییەکیدا خەستی دەکاتەوەو دەیسرەوێنێتە لاشانم و دەڵێ: لەگەڵ تۆمە.. وەڵامم بدەوە.. بینیت یا نا؟! کە هەر بەدەنگ نایەم، بەدەم دوو سێ جەزرەبەی ترەوە دەڵێ: ئینجا نۆرەی تۆیە و ئیتر، بۆ جەللادەکانی ترم جێ دێڵێ. ئێوارەکەی ڕۆیشتن و شەوەکەی هاتنەوە وێزەم. نزیکی بەرەبەیان دەستیان لێ هەڵگرتم و لاشەی حەمیدیشم هەر لەگەڵدایە. من ئەوم لە ڕێگەی حزبەوە ناسی. پێشتر تەنانەت یەکتریشمان نەبینیبوو. لە ڕۆژانی ئەنفالدا، کاتێ خۆمان گەیاندەوە ناو شار، یەکەمجار لە ماڵی ئەودا گیرساینەوە. لە خانوویەکی دوو هۆدە و هەیوانیدا بوون و حزب دەیژیاندن. یەکێ لە هۆدەکانی بۆ دایکم و من و هاوژین تەرخان کرد. دایکم زۆر هۆگری ژنەکە و منداڵەکانی بووبوو. ئەگەر ناچاری و فەرمانی حزب نەبووایە، لێیان جیا نەدەبووینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جیابوونەوەکە بۆ هەردوولامان، یەکێ لە ڕێکەوتە دەگمەنەکانی بەباری باشەدا لێ کەوتەوە.. باری دەربازبوونی هەم دایکم و هاوژین و هەم ژن و منداڵەکانی ئەو، لە چنگی جەلادەکانمان. کاتێ حەمید گیرا و ورەی بەردا و بۆسەکە بۆ من نرایەوە، خانووەکە نەك هەر دایکم و هاوژین کە چەند ڕۆژێك بوو گواستبوومانەوە، بگرە ژنەکەی و منداڵەکانی خۆیشی لێ نەبوون. ئیتر کە من خۆم بەماڵدا کرد و کەوتمە بۆسەکەوە، کردمە هاتوهاوارێکی ئەوتۆ، سەرانسەری کووچە و کۆڵانی دەوروبەرم ئاگەدار کرد و بەوە، ژن و منداڵەکانی لە گرتن ڕزگاریان بوو. حەمیدیان لەسەر ئەوان زۆر ئازار دا و دوایی، منیش لەسەر دایکم و هاوژین. ئەو دوای بەفەوتچوونی، ببڕای ببڕ ئەو ترسەی نەما. لە کاتێکدا من سات بەسات لەگەڵمدا دەژیا و دەیپڕووکاندم. عەقید هیشام بەردەوام بەوە دەیتۆقاندم. دەیوت: بۆ کاتی خۆی بۆم هەڵگرتوویت. لە ساتی کردنی قسەکەیدا وڕ و کاس دەبووم. دوایی کە وردم دەکردەوە دەموت: نا.. بەختمان باشی بڕیوە. دوو ڕێکەوت و هەردوو جۆرەکە.. چاکەکە و خراپەکە!. – باشە بەڕاست حەمید..

خراپەکە چۆن قەوما؟!. فرسەتی لێ دێنم و لێی دەپرسم. – نازانم.. هاوڕێ نازانم.. خۆیشم نازانم و ئەوەیە دەردی گرانم. لە ناکاوێکدا لە پشتەوە پەلامار دەدرێم. ئان و سات هەردوو باڵم بۆ پشتەوە دەجەڕێنرێن و لە جووڵە دەخرێن. لەگەڵیدا دەست بۆ بەرپشتێنەکەم دەبەن و دەمانچەکەی لی دەردێنن!. بواری هیچم نادەن... هەر هیچ!. چۆن.. ئاخر چۆن؟! خۆزگە دەمزانی. هیشام دیسان خۆی بەژووردا دەکا. جرتێکی شەلاتییانەی تر و دەڵێ: دەتانەوێ بزانن چۆن؟!. وەڵامەکەی لەبەر لووتتاندایە و ئێوە گێل وگەلحۆن و تێ ناگەن. سەرکردەکانتان.. ورد و درشتیان، ئەڵقە لە گوێی سەفیل و ڕەزیلی ئێمەن و هەموو شتێکمان پێ دەڵێن. لەلای ئێوەی بەدبەخت، پێشەوای قارەمان و بلیمەتی ئاخرزەمانن و لەلای ئێمە، کۆیلەیەکی زەلیلن و ئەرکی سەرشانیانە، ئێوەی هەرچیوپەرچیمان بۆ بخەنە داوەوە. دەنا هیچوپووچێکی وەك ئێوە، چین و لە چییەوە دیارن، تا ئێمە خۆمانتان پێوە ماندوو بکەین؟!. چەندم حەز دەکرد منیش، لێم بزانیایە و جرتێکی لە بابەتی ئەوەکەی خۆیم بۆ لێ بدایە. ناچار بەقسە وتم: درۆ دەفەرموویت. ماوەیەك لێم ڕاما و خۆی خواردەوە. هەستم کرد دەیەوێ پەلامارم بدا و ددان بەخۆیدا دەگرێ. لە ئەنجامدا تەنیا وتی: سەبر بگرە نۆرەت دێ. دەبینیت چی بەخۆت و دایکە قەحبەکەت دەکەم. ئای ئەو گەماڵ باوکە، بەناوهێنانی دایکم، چەندە دەیتۆقاندم. ئاخر خۆ ناهەقیشم نەبوو. تۆ وەرە بیهێنەرە بەرچاوت.. ئەو مریەمە پاکیزەیە و بکەوێتە بەردەستی گەڕە جەلادێکی وەك هیشام، دەبێ من چیم بەسەر بێ؟!. ناوی هاوژینی نەدەبرد. نازانم بۆچی؟!. تەنیا یەك جار وتی: ئەی ئەوی تر.. ئەوی تریشت و ئیتر نەیوتەوە. لەوە دەچوو ناوی دایکم، سەرجەم پانتاییی مێشکی داگیر کردبێ و شوێنی بۆ هاوژین، تێدا نەمابێتەوە. من هەموو جار کە ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە سامناکەی دەکردمەوە، تەنگەتاو دەبووم و لە دڵدا دەموت: باشە ئاخر هەی نامەردی خوێڕی.. زۆرانبازی ئەوەتا لە نێوان، چەقۆی دەستی تۆو ملی مندا. دە ئەوە ملی من و چۆنی پێدا دەهێنیت بهێنە. ئیتر ئەم دایکەمی بۆچی تێکەڵ دەکەیت؟!. تا دواتر کە وردم دەکردەوە دەموت: چەندە ساوێلکەیت!. ئەوانە سەد و یەك جۆر ئەشکەنجەدان، لە هەگبەکەیاندایە و ئەوەش جۆرێکیانە و دەستەگوڵیانە!. دەنا ئەگەر وا نییە، تۆ بە چ مانایەك مێشکی خۆتت ئەوەندە پێوە خەریك کردووە؟!. بە تایبەتیش کە دەبێ بەهەر شێوەیەك و لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێ، زانیبێتی کە دایکتت چەند خۆش دەوێ. دوور نییە لە کاتی ناوهێنانیدا، ئەو نهێنییەی لە ڕوخسارتدا خوێندبێتەوە. ڕەنگە لە

پرتەپرتێکی چاو.. لەرەلەرێکی لێو.. هەڵبزرکانێکی سیماتدا، بۆی دەرکەوتبێ کە تۆ لە رادەبەدەر هۆگری دایکتی و ئیتر قۆستوێتییەوە. ئا.. دایکیشم بەو حاڵەمی دەزانی. لە منداڵیمەوە لێی بەئاگا بوو. هەردەم پەلم بەپەلییەوە بوو. کون بەکون لەگەڵ خۆیدا دەیگێرام. منیش لەو نەدەبوومەوە. تەنانەت دوای گرتنەکەی و ئەو کارەساتە درندانەیەی بەسەری هێنرا و ئەگەرچی هەراشیش بووبووم، دەبوو شەوانە من هەر لە باخەڵیدا بخەوم. باوکم سەرباری مەینەتییەکە، خەمی ئەوەشی بوو کە نەکوو من، لە گفتوگۆیان لەو بارەیەوە ئاگەدار ببم. دەیویست دوورم بخاتەوە و دایکم رازی نەدەبوو. دەیوت: منداڵە و کە خەو خپی کرد، ئاگای لە هیچ نامێنێ. بەڵام وا نەبوو. ئاگام لە هەموو قسە و باسێکیان بوو. بەتایبەتی هەستم کرد لە گرفتێك دەدوێن، کە نابێ کەس پێ بزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێك لە رۆژان، دوور و نزیك وشەیەکم لە زار دەرنەپەری، بۆنی ئەوەی لێ بێ کە پێم زانیوە. تا منداڵ بووم، بەهەستی منداڵییەکەم دەمزانی نابێ بیدرکێنم. دوای فامکردنەوەشم، بەسەرێك دایکمی لەلا کردمە مریەمە پاکیزەکەی لەمەڕ عیسا. بە سەرێکیش دەروونمی لێ کردمە بورکانێکی رق و کینەی ئەوتۆ بە رووی دوژمندا، کە تا دوا ساتی ژیانم دامرکانەوەی بۆ نەبێ. هەر لەوساشەوە بڕیاری ببڕای ببڕم دا، ببمە پرۆژەیەکی هەردەم لەسەر پێی خۆفیداکردن و شەهیدبوون.. پرۆژەی سڵ نەکردنەوە لە مردن و فەنابوون و بیکەمە، دەستووری سات بەساتی رۆژانی ژیانم. نەشیشارمەوە و لە هەر بۆنەیەکدا کە جێگەی شیاوی خۆی بێ، جاڕ بدەم و بڵێم: من ئەوەم و ئەوە بڕیارمە. حزب و هاورێیان لە سەرەتادا، وەك بڕیارێکی رۆمانسییانە وەریان گرت و تەنیا بزەیەکی ئافەرینی رووکەشییان بە رووما دەدا. کە لە چەند حاڵەتێکدا هەستیان کرد نەخەیر بەراستمە، کەوتنە ئامۆژگاریکردنم کە ئەو ژیانە موڵکی تەنیا خۆم نییە، تا وەها نابەجێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەم و ئاوا ئاسان بەفیرۆی بدەم. کە بەپێی ئەقڵ و لێکدانەوەی ئاقڵانە سەریان دەکردە سەرم، ناچار کۆڵم دەدا و دەموت باشە و وا ناکەم. بەڵام من ئەو بڕیارە تێکەڵ بە خوێنم بووبوو. چەسپی بووە ناو مێشکمەوە و رەگی، بەهەموو پێچوپەناکانیدا بڵاو بووبووەوە. لە قووڵاییی ناخمدا بەردەوام وەك بڵێسەیەك دەگڕا.. بێ و چان بورکانەکەی دەتەقاندەوە. هەر بەو گیانەشەوە لە ساتی یەکەمی گرتنەکەمەوە، رووبەرووی جەلادەکانم بوومەوە. عەقید هیشام و هاوکارەکانی، تا چەند رۆژێکی سەرەتای ئەشکەنجەدانم، کاتێ ئەوەم بەروونی بۆ دوویات دەکردنەوە، گاڵتەیان پێدەهات و دەیاندایە قاقای پێکەنین.

دەیانوت: پێشتر بەدیداری زۆر فسفس پاڵەوانی وەك جەنابت شاد بووین. دوایی بە خۆیاندا ڕیاون و ئەقڵ نایگرێ، جەنابتیان لێ بەدەر بێ. تا کاتێ پێم سەلماندن کە ئەقڵ و بە تایبەتی ئەقڵی ریژگاوی ئەوان دەبێ بیگرێ، سەرسام بوون و لە هەموویان زیاتر هیشامە کەرتڕەکە، کە جارێکیان گەیشتە تینی و وتی: من سەرم لەم کوڕی قەحبەیە سوڕماوە!. تێ ناگەم دایکە قەحبەکەی بە چ جۆرە شیرێك گۆشی کردووە؟!. ئەو ساتە من ئەگەرچی وەك سیپاڵێك لەبەر پێیدا کەوتبووم، بەو جنێوە پیسەی، تین و توانای دێوێکم بە بەردا هاتەوە و لە ناکاوێکدا، پڕم کرد بەهەردوو قاچیدا و بەتەکانێکی هێندە بەهێز ڕامکێشان، کە جەستە کەتەکەی وەك لادیوارێك بەپشتدا کەوت و تەپەی هات. ویستم بەگوڕمێکیش خۆم بهاومە سەری و جەزرەبەیەکی تری لێ بدەم و هاوکارەکانی، بەکۆڵ پەلاماریان دام و ئیتر بۆ جاری جاران بەسەر دنیاوە نەمام. کاتێ بەئاگا هاتمەوە و بیرم کەوتەوە چیم کردووە، زۆرم کەیف بەخۆم هات و پڕ بەدڵ، دەستخۆشی و ئافەرینم لە خۆم کرد، وتم: بڕۆ بێ خەم بە.. ژەمە ئەشکەنجەدانی داهاتووت، بەقەسدی کوشتنت دەبێ و ئیتر کۆتاییتە. کەچی نە ژەمە ئەشکەنجەدانی داهاتووم بینییەوە و نە کوشتیانم. بگرە تەواو بەپێچەوانەوە، کەوتنە تیمارکردنی زامەکانم و خزمەتکردنم. وەرە سەر لەم دێو و درنجانە دەربکە!. دەتەوێ بژیت، نایەڵن بژیت!. ئاوات دەخوازیت بتکوژن، ناتکوژن! هیشام و وردە جەلادەکان، جێ بۆ دوو کەسی تر چۆڵ دەکەن، کە لەوەبەر نەمدیون!. دوو کەسی بەسەر و سیما بە ویقار. بە زمان شیرین. بەدەمودوو بەنەزاکەت. بەهەڵسوکەوت هێمن و لەسەرخۆ!. بەرگی سویلیان لە بەردایە. چاکەت و پانتۆڵ و بۆیمباخ و شیکپۆشن. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەیانیان و عەسران، دێن و دەمدوێنن. شەوانیان بۆ حەسانەوەم واز لێ هێناوە. بەنووسین بەدەستی خۆیان و بەڕیکۆردەر و بەکامێرای ڤیدیۆ، تەواوی گفتوگۆکەمان تۆمار دەکەن. دەزانم ئەوە کارێکی ئاسایی نییە و لەگەڵ هەموو کەسدا نەکراوە. تێ دەگەم کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ منیدا دەکەن. بۆچی؟! .. لێم ڕوون نییە. لە سەرەتادا سڵ دەکەمەوە و وای بۆ دەچم، کە فرتوفێڵێك بێ و دوای دەسکاریکردنی، بۆ ریسواکردنم بڵاوی بکەنەوە. ئەوان پێشم دەکەون و ئەو ترسەم لە دڵدا دەرەوێننەوە. بەکردەوەش دەبینم، دەمەتەقێکەمان سەبارەت بە سیاسەت و فیکر و فەلسەفە و گەردوون و بوون و نەبوون و ژیان و مردنە!. هیچ جۆرە پرسیارێکیان، سەبارەت بە حزب و ڕێکخراوەکانی و نهێنییەکانی نییە. کە ئەوان هیچیان لەو ڕووانەوە نەپرسی،

منیش لەبارەی ئەوان و نیاز و مەبەستیانەوە هیچم نەپرسی. لە کۆتاییی دوا دانیشتنماندا ئەوان وتیان: چ عەجەب نەتپرسی: ئێمە چین و کێین و چیمان دەوێ؟!. – ئا بەڕاست ئەی ئەم!.. ئەم کابرایە چییە و کێیە و چیی دەوێ؟!. تۆ لە یەکەم ساتی بینینیەوە، هەستێك لە ناختدا تروسکەی نەدا، کە سەر و سیمای بەلاتەوە نەناس نییە؟!. – با. –کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، لە شوێنێك لە شوێنان دیوتە؟!. – با. – بەتایبەتیش کە ئەو لە سەرەتاوە پێوەی دیاربوو، چاکت دەناسێ؟! – با.. با.. من لەوەبەر ئەم سەر و سیمایەم دیوە و دەنگیشیم کەوتووەتە بەرگوێ. نامۆ نییە نا.. نامۆ نییە. بەڵام کەی و لە کوێ و چۆن؟! نازانم.. زەفەری پێ نابەم. – لێی بپرسە.– دەکرێ؟!. – بۆ نەء. – بڵێم چی؟!. – بڵێ من لەوەبەر تۆم دیوە و حەز دەکەم بزانم تۆ کێیت؟!. – جا ئەقڵ دەیگرێ بشێ، نێچیرێکی چەقۆ لەسەر مل، پرسیاری وەها لە جەلادەکەی بکا؟!. – نا نەء.. ڕاست دەکەیت و مەیکە. خەیاڵێکی پووچە. بینینی چی و ناسینی چی؟!. کێ دەزانێ چ جۆرە جەلادێکی ترە و بۆ چ شێوە سەربڕینێکی ترت دەبا. دوور نییە بابەتێکی نوێی لەسێدارەدانیان داهێنابێ و بتبەن و پێتی تاقی بکەنەوە. جا بەڕاستی ئەو شێوەیەی کە هەیە، بۆ ئەوان و بۆ نێچیرەکانیش بە ئەرکە. تۆ وەرە ئەو زەلامە بێنە و بیگەیەنەرە بەر سەکۆی سێدارە و سەری بخەرە سەرەوە، کە ڕەنگە هێزی ئەژنۆی شکابێ و خۆی نەتوانێ هەنگاو سەربخا و دەبێ بچنە بن باڵی. ئینجا دەستی لە پشتەوە ببەستە و قاچی جووت شەتەك بدە و کلێتەی سوور بکەرە سەری. ئەوسا پەت بجەڕێنەرە ملی و پێ بەیایدا بنێ، تا جەستە دابتەکێتە خوارەوە و گەردی ملی بشکێ و ڕایەڵی مۆخی بپچڕێ و هەناسەی بۆ نەدرێ و بخنکێ. دوا جار جەستە هەڵکێشەرەوە سەر سەکۆ و پەت لە ملی دابماڵە و دای بگرەوە خوارەوە و دوکتۆر بیبینێ و شایەتی بدا، کە بەڵێ لە ڕیزی مردووانداية و ئیتر بدە بەدەمییەوە و ئەیهووهەیهوو!. ئەمە بەڕاستی ئەرکە و من بەشبەحاڵی خۆم، بۆ ئەوان و بۆ خۆشمی بەئەرکێکی قورس دادەنێم. چیی تێدایە ئەگەر ئەوان ئەوەندە پیاو بن، هەردوولامان لەو بێنە و بەرە دوور و درێژە بێ مانایە ڕزگار بکەن. ئەوانێك کە حەزیان لێیە ڕۆژانە، پەنجا و سەد و دوو سەد و ئەگەر خوا بیدا هەزاریش لەسێدارە بدەن، دیارە دەبێ وێڵی دوای دۆزینەوەی ڕێوشوێنی نوێی لەسێدارەدانیش بن.. ڕێوشوێنێك هەندێکیش زەوق و نەزاکەتی تێدا بێ. من بەشبەحاڵی خۆم، زۆرم لەلا گرانە بەخۆمدا بڕیم. هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە، زۆر پێی پەست و نیگەران دەبم. ئاخر توخوا وەرە، ژیانیشت لێ زەوت بکەن و لاشەکەشت ئاوەها ڕەزیل

و سەفیل بکەن. یا باشە ئەو بەسزمانانەی تر، کە لاشەکەم بەو حاڵەوە دادەگرن.. یا ئەوانەی دەیگوێزنەوە لەملا بۆ ئەولا.. یا ئەوانەی دەیبەن دەیکەن بەژێر گڵەوە.. ئەوانە دەبێ گوناهیان چی بێ؟!.. ئا.. من خەمی ئەوانیش دام دەگرێ. بۆیە هەرچەند وام زەن کردبێ کە سبەی دووسبەیەك نۆرەمە، خواردنم واز لێ هێناوە و تەنانەت ئاویشم نەخواردووەتەوە، تا میزڵڵانیشم بەتاڵ بێ. زوڵمە.. زوڵمێکی گەورەیە و بۆم قبووڵ ناکرێ. ئەی من ئەو هەمووساڵە، لە پێناوی چیدا تێ کۆشاوم؟!. یا لەسەر چی گیراوم و بەخنکاندن حوکم دراوم؟. ئا.. لەگەڵیاندام و بەهەر دە پەنجە بۆیانی مۆر دەکەم. ئەگەر شێوەیەکی نوێیان داهێنابێ، گەلێ خۆشحاڵ دەبم کە بە منی تاقی بکەنەوە. ئەی چۆن!.. منیش بەوانی دەسەلمێنم، کە چەندە ئەوان وێڵی دوای شێوەی خێراترن بۆ ژمارە خێراترەکانیان، منیش خەمخۆری جۆری کزتری عەزابی قوربانییەکانم. من دەزانم ئەم کابرایە، کە لەوە دەچێ لەوەبەر دیبێتم، منی بۆ مەبەستێکی لەو بابەتە هێناوە. دڵنیام کە بۆ سەرلەنوێ ئەشکەنجەدانم نییە، با جۆرێکی نوێشیان تێدا داهێنابێ. بۆچی من؟!.. منێکی خۆشەبوو؟!. منێك کە لێ بوومەتەوە؟!. رۆژانە خەڵك دەگرن و ئەوانیان هەن. ئاشیان بەردەوام دەگەڕێ. ژیان و مانەوەیانی پێوە بەندە. نا.. بۆ ئەوە نییە. هەر دەبێ بۆ شێوازە تازەکەی مراندن بێ. ماوەیەك لەمەوبەر قسەیەکم بەرگوێ کەوت، گوایە کارگەیەکیان هەیە، لەمسەرەوە زەلامی تێ دەهاون، لەوسەرەوە بەقیمەکراوی دێتە دەرەوە. قیمەکەش رۆ دەکەنە رووباری دیجلەوە، تا ببێتە خۆراکی ماسی و ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ. زەلام فووی لێ کرا و غەیب بوو!. ئەمە زۆر رێی تێ دەچێ. کابرا بۆ ئەو مەبەستەم دەبا. دەنا چیی تر لە ئارادایە؟! ئەشکەنجەیە دراوم. دادگاییە کراوم. حوکمە دەرچووە و لەسەر نووکە قەڵەمێك وەستاوە. ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ، ئەی بۆ چییە؟!. – رەنگە گوللە بارانکردن. – بەچیدا؟!. – ئەفسەرە. ئەوەتا دەبینم سێ ئەستێرە بەسەر شانییەوە دەبریسکێنەوە. – ئەفسەری پۆلیسیش ئەستێرەدارن. – ئەستێرەی ئەوان سپین. ئەمانە زەردن. – جا با وابێ.. باشتر نییە؟!. – با.. کاشکی وا بووایە. دەڵێن خۆشترە. – خۆشترە؟!. بەزمەکەی پۆلیسە بەسزمانەکەیە. جار جار دەمدواند . لەم بابەتە گفتوگۆیانە، کەوتبووە نێوانمانەوە. لێم پرسی: کامیان خۆشترە؟!. حەپەسا و باوەڕی بەگوێی خۆی نەکرد. وتی: پرسیت کامیان خۆشترە؟!. وتم: ئا بەڵێ.. کامیان؟!. پیاوێکی ساوێلکەی بێوەی بوو. ویستی بۆمی راست بکاتەوە. وتی: دەبێ مەبەستت ئەوە بێ کە کامیان خێراترە و کەمتر ئازاربەخشە، ئەگینا مردن خۆش و

خۆشترەکەی لە کوێدایە؟!. بەناچاری سەلماندم: – ئا بەڵێ.. وام مەبەستە. – دەڵێن گوللەبارانکردن.– بۆچی؟! – دەڵێن کەمتری پێ دەچێ. – چی کەمتری پێ دەچێ؟!. – مردن.. مراندنەکە. – جیاوازییەکە چەند دەبێ؟!. – دەڵێن سێ چوار دەقیقەیەك. – جا با سێ چوار سەعاتیش بێ. خۆ ئەنجام هەر مردنە. لێم بێزار بوو. وتی: ئەی دەچووزانم.. وا دەڵێن.. خۆ نە هیچیانم دیوە و نە بەسەرم هاتووە. بەڵام من ئەم ئەفسەرەم بینیوە.. ئیللان و بیللان من لەوەبەر ئەم کابرایەم بینیوە. بگرە هەر ئەو ساتەی کە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و وتی: مەرحەبا هاورێ، شێوەیم کرد و وام هاتە بەرچاو، کە سەروسەکوتی لەلام نامۆ نییە. تۆ بڵێیت!.. ئەرێ بەڕاست!.. تۆ بڵێیت حزب!... نە بابە نە.. حزب بەو هەموو زامەوەی کراوەتە جەستەی، لە کوێ دەتوانێ...

– فەرموو دابەزە...

***

پاسەوانی تەنیشتی لای ڕاستمە، دابەزیوە و دەرگەکەی بەکراوەیی ڕاگرتووە و فەرمووی دابەزینم لێ دەکا. تەمێخواردوو بووە و دەبی لوتف بنوێنێ. نایەوێ کەربابێکی تر بخوا. ئەمشەدوو نە ئەو پاڵی پێوە نابووم نە هاوەڵەکەی. خۆم هەڵنووتام و ڕەتم برد. ئێستاش خۆم لە دابەزیندا، بەهۆی دەستبەستراوییەکەمەوە، لەنگەرم شێوا و سەرسمێکم دا. پاسەوانەکە لە تاوا، یالایالایەکی وت و ڕوانییە سامر. منیش خەمم لێ هات نەکو ئەمجاریش لە کەریان بکێشێ. من قەت حەزم نەکردووە کەسێك بەهۆی منەوە، سووکایەتیی پێ بکرێ. سووکایەتی پێکردن مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەخا. لە ناوەڕۆك دای دەماڵێ و تەنیا قاوغی لێ دەهێڵێتەوە. خۆ گوێزی پووت قاوغدارە. کەچی کاکڵەکەی ئەوەیە کە هەیە. چی لەوە نەهامەتیترە، کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی بخرێ؟!.

– فەرموو هاورێ.. فەرموو!.

ئەمەیان سامرە بەگەرمەوە فەرمووم لێ دەکا. لە کەرکێشانەکەی تری پاسەوانەکانی یا بەپێویست نەزانیوە، یا هەر لە بنەڕەتەوە، لەسەر سمدانەکەم بێ خەبەر بووە. هەر چۆنێ بێ دەیسەلمێنێ کە جەلادێکی کارامەیە. جەلادی کارامە کاتێ نێچیر بۆ سەربڕین دەبا، دەبێ لە گەڵیدا بەلوتف بێ و بگرە مەراییشی بۆ بکا. ئاخر خۆ کابرا بۆ زەماوەند، یا بۆ مەولوود و داوەتی پڵاوخواردن، یا بۆ سەیران و بەزمی

سووڕدان و چەقەنەلێدان نابڕێ. کابرا بۆ سەربڕین دەبڕێ سەربڕین. سەربڕینیش پەلەقاژە و لنگەفرتێی لەگەڵدایە. جەنابی جەلاد لەبەر زۆر هۆ، دەبێ لوتف و نەزاکەت بنوێنێ. هێمنکردنەوە و غافڵگیری. لەزەتبینینی دووسەرە لە هەردوو کرداری سەربڕین و نەزاکەتنواندن. بەزاندنی سامی مردن لە خۆدا. دوا جار بەزەیی پێیداهاتنەوە، کە دەشێ هەستی مرۆڤایەتییەکە بەسەریدا زاڵ ببێ. بۆ نەء؟!. سەریش دەبڕێ و بەزەییش دەیگرێ!.

– فەرموو.

ئێستا هەموو لەبەر ڕووناکیی گڵۆپێکی نیۆنداین. دیسان ڕووبەڕوو سەروسیمای سامر دەبینمەوە. حەزێك زۆرم بۆ دێنێ بچم لووت بنێم بەلووتییەوە و وردتر سەرنجی بدەمێ. کەچی ئەو وەك لە غەیبەوە نیازەکەمی پێ ڕاگەیەنرابێ، خێرا ڕوو وەردەگێڕێ و دەڕوا. ئێمەش بە دوایدا کاروان دەبەستینە سەر ڕێگەیەکی کۆنکریتی. زۆر ناڕۆین و ڕێگە بەلای ڕاستدا وەرماندەچەرخێنێتە ناو باخچەیەکی بەرینەوە. بەهەر چوارلایدا شوورەیەکی دار سنەوبەری چلگەزییە. لە پشتیانەوە تارماییی شوورەیەکی بیناکراو دەبینم، کە بەرزییەکەی نیوەی بالای سنەوبەرەکانە. چەپەرێکی مۆردینی هێندەی بالا پیاوێك، لەبەردەم سنەوبەرەکاندا دەبێتە شوورەی سێیەم. لەوەبەدوا بەملا و بەولای ڕێگەکەدا، کەرت کەرتی  چوارگۆشەی چیمەنی دەورە دراوە. بەڕێزە گوڵی جۆرەها گوڵ و لە ناوەڕاستی پانتاییی هەر کەرتێکیشدا، حەوز و فوارەیەکی نەخشینە. ئینجا هەرچەندە کە ئێستا وەرز پایزێکی درەنگە، بەڵام باخچەکە تەنیا ئاوەدانیی ئادەمیی پێوە دیار نییە، دەنا شتێکی ئەوتۆی لە ڕەونەقی بەهار و هاوینی لێ کەم نەبووەتەوە.

سا دەبێ ئێرە کوێ و چی بێ؟!. بەدەم هەنگاونانەوە هەڵدەڕوانم و دەپرسم و سەرسامم!. شوێنێکی مت و خامۆش تەلیسماوییە. سامر لەسەرخۆ و بگرە خاو هەنگاو دەنێ. ئەو لە پێشەوە و من لە دوایەوە و دوو پاسەوانەکە بەدوای مندا. لە سووکە ترپەیەکی پێی خۆمان زیاتر، هیچ ورتە و سرتەیەکی تر نابیسم. تێدەگەم کە سامر هەنگاو خاوییەکەی بە ئەنقەستە.. بۆچی؟!. وەك دڵمی خوێندبێتەوە، ئاوڕێکم لێ دەداتەوە. هەست دەکەم بزەیەکی بەسەر لێوەوەیە. لەوە دەچێ بڵێ: ئەها بۆ کوێم هێناویت؟!. منیش دەڵێم: جەناب بۆ کوێت هێناوم؟!.. بۆ تەلیسمخانەیەکە!. ئەگەر ڕاست دەکەیت پێم بڵێ: ئێرە کوێیە؟! دەبینم.. ئا دەبینم!... لە باخچەی یانەیەکی خواپێداوان دەچێ، کە هاوینان سەری زێڕینیانی تێدا گەرم بکەن. ئەها ئەوەش تەلارە

زستانیەکەیەتی. تەلارەکەش تەلیسماوییە!. گەیشتووینەتە پێش دەمی و ئەگەرچی، چ دەرەوە و چ ناوەوەی چراخانێکن بۆ خۆیان، کەچی ورتە و جووڵەی زیرۆحلەبەریان پێوە هەست پێ ناکەم!. سەرسامتر دەبم و ئەوەتا سامریش دیسان، وەك لە دڵمدا بێ ئاورە بزەدارەکەم لێ دەداتەوە. بگرە ئەمجارە هەڵوێستەیەك دەکا و وام نیشان دەدا، کە بە بەرینیی باخچەکەدا هەڵدەڕوانێ.. بۆچی؟! سەرنجێکی پرسیاراوی دەدەمە ڕوخساری و سەرنج، گومانەکەم لەلا دەورووژێنێتەوە. نایەڵێ بگەمە ئەنجام و دەڕوا و دەڕۆین. کاتێ دەگەینە ئاستی دەرگە، تێدەگەم کە ناوەوە ئاوەدانیی تێدایە. دوو دەست لەو دیوەوە، هەردوو تای دەرگە واڵا دەکەن. سامر بەرێزێکی لە ڕادەبەدەرەوە.. ڕێز لە میوانێکی فرە ئازیز، ئەمجارە دەمداتە پێش خۆی. ئەی چۆن؟!.. ئاخر ئێمە دەمێ ساڵە یەکتر دەناسین و ئەو، لە دەمێ ساڵیشەوە وادەی ئەم سەفەر و داوەتەی پێ دابووم. کون بەکون لێم دەگەڕا. دنیای بەدوامدا تەی دەکرد. شار و گوند و کووچە و کۆڵان نەما، سەری پێدا نەکا و لە هەواڵم نەپرسێ. من دەمبیست و لێی بەئاگا بووم کە نەك تەنیا لەسەر زەمین، بگرە لە ژێر زەمین لە ئاسمانیش بۆم دەگەڕێ!. دەمزانی دیداری منی چەندە لەلا مەبەستە. پێم گەیشتبووەوە کە بەکەفوکوڵەوە وتبووی: دەترسم ئەو ساتەی بەدیداری شاد دەبم، شامەرگ ببم و نەگەم تێر بڕوانمە چاوە جوانە ئەفسوونییەکانی. هەروەها وتبووی: ئەو ساتەی بەدیداری شاد دەبم، لە خۆشییاندا هێندەی هەڵدەگلۆفم، تا گیانی لە گیانمدا دەتوێنمەوە و لەگەڵ هەناسەی ئاسوودەییدا بەبای دەدەم. ئاخر خۆ ئەو بە حەسرەتی دیداری منەوە، خەو و خواردنی لێ حەرام بووبوو. ئۆقرە و ئارامی لەبەر بڕابوو. بۆیە لەخۆڕایی نییە کە ئەوەتا، داوەتی ئەم بەهەشتەی کردووم!.

– فەرمووا!.

دوو زەلام بە بەرگی بەبریقوباقی دەرگەوانی ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەکانەوە، هەریەکە تایەکی دەرگەکەی واڵا کردووە و ڕەق ڕاوەستاوە.. – سەیرە!.. ئوتێل دەرچووا!.. ئوتێلی پلە یەکی خواپێداوان! من و هێنانم بۆ ئوتێلێکی وەها چەندی بەچەند؟!. مەتەڵە!. ئەمانە بەنیازی چین و چ پیلانێکیان بەرامبەرم لەژێر سەردایە؟!. چۆنی لێك بدەمەوە؟! تۆ بڵێیت میوانی بیانییان هەبێ و هێنابێتیانم بۆ.. نانا.. ئەوە نا.. ڕەنگە.. ڕەنگە..

– فەرمووا!.

سامر دەستێکی دۆستانەی بە پشتمەوەیە و ئاودیوم دەکا. دەرگەوانەکان ئەگەرچی دەست بە دەرگەوە بتئاسا ڕاوەستاون، کەچی هەست دەکەم بەدزەتیلەیەکی سەرسامی، دەڕواننە کەلەبچەکەی دەستم. من دەزانم ناهەقیان نییە. بۆ ئەوانیش مەتەڵێکە و لە هەڵهێنان نایەت. کە من نەتوانم زەفەری پێ ببەم ئەوان چۆن؟!. تەنیا سامر زەفەری پێ دەبا و ئەویش، لەوە بەولاوە کە هەر هەنگاوم پێ دەنێ، هیچی تر ناڵێ. ئا.. هەنگاوم لەناو هۆڵێکی خڕدایە. بەبێ سەرهەڵبڕین بۆ بنمیچ، دەمودەست هەست دەکەم کە ڕووناکییەك بە لێشاو، لەوێوە دادەڕژێتە خوارەوە. چلچرایەکی سەد و یەك ورشەییە و شۆڕ بووەتەوە. هەر بە بەرزایی ئەویشەوە بەقەدپاڵی دیوارەوە، زنجیرەیەك گڵۆپی شیری، بەدەوراندەوری هۆڵەکەدا ڕووناکی دەپرژێنن. سامر بەدەستووری دەرەوەی، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا ڕادەوەستێ و جگەرەیەك ئاگر دەدا. تێدەگەم دیسان مەبەستی لە منە و دەیەوێ ببینم. باشە و قەیدی چییە. بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە و هەڵدەڕوانم. کەچی هەڵڕوانین ئەمجارە ڕام پێ دەگۆڕێ. نا.. ئێرە ئوتێل نییە. دەرگەوان نەماون، یا هەر نەبوون، دڵنیا نیم. چلچرا و ڕیزە گڵۆپەکە، ئاسایین ڕووناکییەکی ئاسایی، بە هۆڵەکە دەبەخشن. چاو بۆ ئاوەدانی دەگێڕم و نابینم. پاسەوانەکانیش نەماون. تەنیا خۆمم و هەست بە سامریش دەکەم کە لە پشتمەوەیە. وردتر دەبمەوە و دەژمێرم.. یەکێك و دووان و سیان.. سێ دەرگە لەسەر هۆڵەکەن و پێوەدراون. لەو دیویانەوە چی هەیە؟!.. نازانم!.

— فەرمووو!.

دەفەرمووم و من مەزەنەی یەکێ لەو دەرگەیانە دەکەم. وا دەرناچێ و ئەو دەستی فەرموو لێکردنی، ڕوو لەلایەکی تر دەکا. لایەکەی تر ڕاڕەوێکی چەپەکی تونێل ئاسایە. لەناو هۆڵەکەوە تاریك دیارە. سامر ڕووی تێ دەکا و منیش. دەمگەیەنێتە ناوییەوە و خۆی دەگەڕێتەوە. پێم ناڵێ چی بکەم و چی نەکەم!. بڕۆم.. بوەستم.. لەگەڵیدا بگەڕێمەوە.. ئەی چی؟! خۆم بڕیاردەدەم و ڕادەوەستم و دەڕوانم و دەبینم. ڕاڕەوێکی نیمچە ڕووناکە و ئەوسەری دیار نییە بەکوێ دەگا. هیچ دەرگەیەکیشی لەسەر نییە. بووبوواییە دەموت ژوورە و بەوێم دەسپێرن. سەر بەرز دەکەمەوە بۆ بنمیچ. شێوەی بنمیچی هەر تونێلێکە. مێشکم هەڵدەگوشم تا بزانم ئێرە چ جۆرە شوێنێکە و زەفەری پێ نابەم. کەللەیی دەبم و قەسدمە بیکەمە هاتو هاوار و ددان بە خۆمدا دەگرم. وای لێك دەدەمەوە کە کابرا ئەوەی دەوێ و نایکەم. دەنا ئەگەر وا نییە، بۆ چیم دێنێ و لەم

تونێلەدا ڕام دەگرێ و دەڕوا؟. ئا.. ئەو خۆی..

– فەرمووا!.

جەنابێتی دێتەوە و وا پیشان دەدا، کە ئەوەی لە زەینمدا بووە وا نەبووە. لەبەر کارێکی پێویست بەناچاری، میوانە فرە ئازیزەکەی لە ڕاڕەوە – تونێلەکەدا جێ هێشتوە و ئەوەتا، وا بە پەلە هاتووەتەوە!. ئیتر پێشم دەکەوێ و منیش بەدوایدا. سێ چوار هەنگاو و زەلامێك بەدیار دەکەوێ!. سێ چوار هەنگاوی تر و یەکێکی تریش. سەلامێکی سەربازیی هێمن بۆ سامر دەکەن و بەدواماندا دێن. – من چەندە چاوم داچەقاند نەمدین!. لە کوێدا بوون؟!

– ناو دیوارەکان!. – دەبێ وا بووبێ. تەلیسمخانەیە؟! . پێ دەچێ!.

دەڕۆین. سامر، من، دوو زەلامەکە. چەکدار نین. بەرگی سویلیان لەبەردایە. سەروسیمایانم باش نەبینی. بوارم نەبوو سەرنجیان بدەمێ. زەلام لە دیوارەوە بێتە دەرەوە، لە کوێ پیاو دەیپەرژێتە سەرنجدانی سەروسیما!. بە مەزەنە بەگەنجیان تێدەگەم. بە جەستەش کورتەبالاّ و خڕپلە!.

– وریابە.. پلیکانەیە.. وتم: گڵۆپێك لێرە دابنێن. بۆچی دایان نەناوە؟!

سامرە وا دەڵێ. قسەکانی تێکەڵاون. ڕووی هەموویانی لە منە، یا تەنیا وریاییی لە پلیکانەکان؟!. یەکێ لە دوو زەلامەکە ساغی دەکاتەوە:

– گەورەم دانراوە.

– ئەی بە ناخێرتان بۆچی داتان نەگیرساندووە؟!.

داگیرسێنرا. دوگمەکەی هەر لە پشت دەرگەکەوەیە. بەڵام من ئەو کاتە، لە پلیکانەکە چوومەتە خوارەوە. لەوە بەدوا ئیتر هەنگاونانە بەلای ڕاستدا. پاڵ دیوارێکی بەرزە. دیواری پشتەوەی تەلارەکەیە و بۆ دوور درێژ دەبێتەوە. دەڕوانمە لای چەپم. لەبەر ڕۆشناییی کزە ڕووناکییەك کە نازانم لە کوێوە دێ، حەوشەیەکی بەرین دەبینم. ئێرە بە پێچەوانەی پێشەمی تەلارەکەوە، زیاتر لە چڕستانێکی دار و درەختی پشتگوێخراو دەچێ. کپ و خامۆشە و بنەوەی تاریکستان.. بنەوەیەك کە کۆتاییەکەیم لێوە دیار نییە. بکرێ دیاریش بێ، دەبێ بۆی ڕابوەستم و بەوردی سەرنجی بدەمێ، کە دەسەڵاتی ئەوەم نییە.

دیواره بەرزەکە بەگۆشەیەکی نەوەدی، دەنیشێتە سەر دیوارێکی بەرزتری لە چەشنی خۆی.– تۆ بڵێیت دیواری پشتەوەی تەلارێکی تر بێ؟!.

– وادیارە.. تەلارخانەیە!. – تەلارخانەی زۆر تایبەتیش. دەنا چەقۆ لەسەر ملێکیان بۆچی بۆ دەهێنن؟!. – ئەها... سامریش ڕاوەستاوە، سەری هەڵبڕیوە و بۆی دەڕوانێ..

– بەرزە.. دیوارێکی بەرزە!.

– ئا بەرزە.. بەرزتر لەوەی کەس بتوانێ پیایدا هەڵزنێ!.

دەزانم لە کوێوە قسە دەکا و وەهای وەڵام دەدەمەوە. دەکەوینەوە هەنگاونان و ئان و سات هەست دەکەم، بەدزییەوە پێ دەکەنێ. سەیرە!. بە چی پێ دەکەنێ؟! – بۆ لێی نەپرسم؟!. – مەپرسە.. بەقسەکەی خۆی و وەڵامەکەی تۆیە. – بۆ گوایە بە کابرایەکی ئەوەندە گەمژەم تێ دەگەیشت؟!. نەك تەنیا دیوارەکە.. ئەو چڕستانە بن تاریکستانەش هەر وەهایە. ئەویش کێ دەزانێ چ جۆرە دێو و درنج و ئەژدیهایەکی حەوت سەر، خۆیان تێدا مەڵاس داوە؟!.

– فەرموو..

ئەوا بەپاڵ دیواری بەرز و درێژی دووەمدا، کاروانمان بەڕێ کەوتووەتەوە. حەوشە بەرینە چڕستانەکە، بەلای چەپمانەوەیە. لێرەشەوە سەرنجێکی دەدەمێ. تاریکتر و چڕتر دیارە. بنەوەیم لێ ونە. گڵۆپی سەر پلیکانەکە کوژاوەتەوە. – دەبێ کێ کوژاندبێتییەوە؟!. یەکێ لەم دووانە. یەکەم دای گیرساند و دووەم کوژاندیەوە. – بۆچی؟!. چووزانم!.. بۆ ئەوەی بەرچاوی من لێڵ بکەن.

– حەوشەکەی ئەودیو پشتگوێ خراوە. دەکرێ وەك ئەودیو برازێنرێتەوە.

سامرە لەبەر خۆیەوە وا دەڵێ. بۆ خۆی دەدوێ و بە ناواخن لەگەڵ منێتی. بەڵام من چ دەربەستم؟!. وای لێ دەکرێ ناکرێ بەقیر. بۆ من ڕەنگە ڕابوردنێك و دوا ڕابوردنیش بێ بەلایدا..

– پەنجەرەی ژوورەکەت بەسەریدا دەڕوانێ.

ژوور؟!.. ژووری چی و کام ژوور؟!. – باشت گوێ لێ نەبوو؟!. وتی ژوورەکەت و یانی ژووری تۆ. – من؟!. جا ئەمە مەتەڵە!. هەر بەڕاستی دەڵێیت کابرا داوەتی کردووم!. ژووری تایبەتیی بۆ سازاندووم و بەسەر ئەم چڕستانەشدا دەڕوانێ!. ئینجا کە

هەردوو قسەکە لێك بدرێن و ورد بکرێنەوە، تێکەڵەیەك لە ڕەزامەندی و ناڕەزاییان لێ پێك دێ. ژوورێکی تەرخان بە تایبەتی لەملاوە و دیمەنێکی نالەبار بەرامبەر پەنجەرەکە لەولاوە!. سەیرە! .. ئەم کابرایە.. ئەم کابرا جەلادە زۆر سەیرە!. دەبێ چیی لەژێر سەردا بێ؟!. ئاخۆ چ جانەوەرێکی ڕۆحسووك و نوکتەباز بێ؟! بەپێی ئەو قسەیەی، دەبێ ئاسایی بێ ئێستا داوای لێ بکەم، فەرمان بدا دەستێك بە حەوشە پشتگوێخراوەکەدا بێنن، تا جەنابی ئەم میوانە ئازیزەیان، بەبینینی گوڵ و گوڵزار لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، دڵشاد و کامەران بێ. بیکەم؟!.. داواکە بکەم؟!...

ناگەم بڕیار بدەم و دیوار دێتە کۆتایی. سامر دەبینم پێی ناوەتە ناو تارمەیەکەوە و ڕاوەستاوە. وریا دەبمەوە و دەڕوانم. لە تارمەی کۆنە خانوویەك دەچێ، کە پێش تەلارەکە هەبووبێ و بۆ مەبەستێك هێڵرابێتەوە. ئا.. مەبەستێکی لە بابەتی ئەم هێنانە مەتەڵاوییەی من. – سامر بۆچی ڕاوەستاوە؟!. وام دێتە پێش چاو، قسەیەکی لەسەر زار بێ بۆمی بکا. کەچی کە دەگەمە ئاستی، پاشگەز دەبێتەوە. دەکەوێتەوە هەنگاونان و ئێمە بە دوایدا. دەگاتە ئاستی پەنجەرەیەك و بەدەم ڕۆیشتنەوە دەڵێ:

– ئەمەیە!.

من وای تێدەگەم، ئەمە ئەو قسەیە بوو کە گلی دایەوە. حەز دەکەم بپرسم: ئەمە چی؟!. بوارم نادا و دەڕوا. خۆم ساغی دەکەمەوە. پەنجەرەی ژوورەکەیە.. ژوورەکەم. خۆ هەموو قسەیەك درێژەی پێ نادرێ. ئەگەر وابێ، دەبێتە عەجەب گەڕەلاوژەیەك. نە کەس فریای ڕاگەیاندنی مەبەستەکەی دەکەوێ و نە کەس، بواری تێگەیشتن لە مەبەستەکەی بۆ دەڕەخسێ. دەستووری هێما، بەرهەمی سەدان و هەزاران ساڵە و (ئەمەیە) کەش هێما بوو.

سامر گەیشتووەتە ئاستی دەرگەیەکی ساجی دوولایی. دەرگەکە کۆنە و ڕەونەقی نەماوە. هەوڵی دەست پێداهێنانی دراوە و نەیتوانیوە، بیگەڕێنێتەوە دۆخی هەرەتی تازەیی. گڵۆپێکی زەردی بەسەرەوەیە و بەردەرگە و تارمەکە ڕووناك دەکاتەوە. ڕووناکییەکی کزی خەماوییە و هیچی وای لێ بڕناکاتە، ناو حەوشە بەرینە چڕستانەکە، کە دەکەوێتە بەرامبەری. ناو خانووەکەش خامۆشە. تاریك دیارە و ورتە و جووڵەی تێدا هەست پێ ناکرێ. دەڵێیت چۆڵوهۆڵ و خڕکڵۆمە. یا جانەوەرگەلێکی مەلاسخواردووی تێدان و هەر هێندەی دەرگە کرایەوە، بۆ شالاوهێنان دەردەفرتێن!.

ئا.. خۆیەتی.. ئێرە خۆیەتی. تۆ بڕوانە چۆنیان سازاندووە!. مەگەر هەر خۆیان بزانن، چ دۆزەخێکیان تێدا دامەزراندووە!. کێ دەڵێ کارگەی جنینەکە لێرەدا نییە؟!. یا تاقیگە تایبەتییەکە؟!. تۆ سەیری کە چەندە دڵی خۆشە! بسکەی سمێڵی دێ و دەخنێتەوە.. بەلاچاو سەرنجم دەدا و دەخنێتەوە!. وەك ئەوەیە بڵێ: من لە بنوبێخی ئەرز و لە قووڵاییی ئاسماندا بۆت دەگەڕام و کەچی، ئەئاوا سووك و ئاسان لەسەر زەمین دەستم دەکەویت!. بەپێی حەزی دڵی خۆم دەتهێنم و!. بەڵام.. بەڵام تۆ ڕاوەستە!.. من ئەم دەموچاوە.. ئەم سەروسیمایە و ئەم جۆرە خنینەوەیەشم، قەت لەبەر زەین نامۆ نییە. — بۆ لێی ناپرسیت؟!.. ئێستا لێی بپرسە.. ئێستا کاتێکی لەبارە.

دوودڵیم دوام دەخا و ئەویش، ئەوەتا دەستی بەدوگمەی زەنگدا ناوە. زەلامێك بەدەنگەوە هاتووە و دەرگەی کردووەتەوە. گەنجێکی سمێڵ و چاو و برۆ ڕەشی بەخۆوەیە. وەك خاوەن ماڵ بێ بیجامەی لەبەردایە. بەڵام بەبینینی سامر، بەدەستێك تایەکی دەرگەکە دەخاتە سەرپشت و بەدەستەکەی تری، سەلامێکی نیمچە سەربازی دەکا. چاوەڕێ دەبی تا هەموو بەرودوا، دەچینە ژوورەوە و دەرگە دادەخاتەوە. سامر هیچ قسەیەك ناکا. دەڕوا و گەنجەکەش بەدوایدا. من کە کەس هیچم پێ ناڵێ، لە شوێنی خۆم ڕادەوەستم. دوو پاسەوانەکەش وەك من دەکەن.

وەزعم بۆ لەبارە هەڵبڕوانم. دوو زەلامەکە لێم کەلاکەوتوون . وا خۆ دەنوێنن، کە ڕاوەستانەکەیان بەدیارمەوە، تەنیا ڕۆتینە. نە سەیری من دەکەن و نە یەکتر. ئەوە زیاتر هانی هەڵڕوانینم دەدا. لەوە دەچێ شوێنمەقسەد ئێرە بی. کورتە ڕاڕەوێکە و چەند دەرگەیەکی لەسەر هەن. نزیکەکەیان دوو سێ هەنگاوێك لێمەوە دوورە و شیشبەندێکە. لە دەرگەی ژووری گرتووخانەی مەڵبەندێکی پۆلیس دەچێ. ئەمەیە.. بەقسەکەی سامردا، دەبێ ژوورەکەم ئەمە بێ. یەکەم ژوورە و بەمەزەنە، دەبێ پەنجەرەکەی بکەوێتە سەر تارمەکە. لە ڕیزیەوە دەرگەیەك، نا دووی تر هەن. سامر و گەنجەکە، خۆیان بە یەکەمیاندا کرد. ئەوانە لە دەستی لای ڕاستەوەن. لەلای چەپمەوە بەرامبەر شیشبەندەکە، دەرگەیەکی ترە و لە سەرپشتە. ناوەوەم لێوە دیارە. دوو یا سێ قەرەوێڵەی تێدا دەبینم و نوێنیان لەسەر ڕاخراون. لە ژووری پاسەوانان دەچێ. بەولایەوە ئیتر تا بنەوەی ڕاڕەوەکە، تەنیا دەرگەیەکی لەوسەرەوە تێدا دەبینم، کە بەدەرگەی ئاودەست و حەمام یا مەدبەقی دەزانم. بنەوە دەرگەی بۆ دەرەوە لەسەر نییە، بگرە وام دێتە بەرچاو، کە پلیکانەیەك لەوێوە بەرەوژوور هەڵبکشێ. ئیتر سا بۆ نهۆمێکی سەرەوەیە یا بۆ

هەورەبان؟!.. نازانم!.

ئەوا سامر و گەنجەکە و گەنجێکی تریش لەگەڵیاندا، هاتنەوە دەرەوە. دێن و بەرامبەرم ڕادەوەستن. سامر دەست دەبا، کلیلێك لە گیرفانێکی سەر سنگی دەردێنێ. ئێستا ڕووبەڕوو، لووت بە لووتەوەین. ئەو لەگەڵ کردنەوەی کەلەبچەکەی دەستمدا خەریکە و من، لەگەڵ هەڵگوشینی زەینمدا... – قەت ئەم دەموچاو و ڕەنگوڕووەم بەلاوە نامۆ نییە. مەسەلە لەیەکچوون و لێ تێکچوون نییە. هەر ئەمە کتومت خودی خۆیم بینیوە. چۆن؟!.. نازانم!. کەی؟!.. نازانم!. لە کوێ؟!.. نازانم!. سەروسیمایەکیش نییە لە بیر بچێتەوە. زۆر شتی تێدا بۆ ناسینەوە لەبارە. کەچی نازانم بۆچی ناچمەوە سەری؟!. باشە تۆ بڕوانە ئەوا!.. ئەویش وام پێ ڕادەگەیەنێ، کە دەمناسێ و دەیناسم!. نا.. ناسین نا. ناسین مانای ناسیاوی دەدا. جەلاد ناسیاوی و ماسیاوی کوا دەفامێ؟!. دەبێ بڵێم: کە بینیومی و بینیومە. ئەها ئەوەتا کە هەست دەکا تێی ورد دەبمەوە، بزە دەیگرێ و ڕووی گەشم نیشان دەدا. دەیەوێ بەوە خۆیم لە خانەی دوژمنەوە، لێ بخاتە خانەی دۆستەوە. ئاخر من بەوەش، ئیمانم لە کەللەدا نامێنێ. من حەز بەو دۆستایەتییەی ناکەم. دۆستایەتیی جەلاد بێ مەلامەت نییە. ئاخۆ بزانە چ جۆرە شەیتانبازییەکی لەژێر سەردایە!. دەیانناسم.. تازە کوورە نیم و باشیان دەناسم چ ماڵێکن!. نا نەخێر.. نەفرەت لە دۆستایەتییەکەت و هەر بە بیریشم دێیتەوە. ئێستا نا سبەینێ.. دووسبەی.. هەر بەبیرم دێیتەوە و لە مەرامی گلاوت تێدەگەم...

– هاوڕێ فەرمووو!..

بەدەم فەرمووە ژەهراوییە هەنگویناوییەکەیەوە، دەستی بۆ لای دەرگە شیشبەندەکە بۆ درێژ کردووم. تەنانەت وای دەبینم، کە وەك هەر خانەخوێیەك و فەرموو لە ئازیزترین میوانی بکا، ملی ڕێز لێنانیشی بۆ بەلارەوە ناوم!. ئینجا هەر هێندەی پێ دەنێمە ئەودیو دەرگەوە، گوێم لێیەتی بەسەر و زمانێکی شیرین و لە کانگەی دڵەوە دەڵێ:

– هاوڕێ.. حەز دەکەم ئەوە بزانیت، کە تۆ لە ئێستاوە میوانی ئێمەیت.. میوانێکی زۆر ئازیز و خۆشەویست. ئەمە بەژووری تایبەتیی خۆت بزانە و تەرخانی خۆتە. هەرچی دەخوازیت، سڵ لە داواکردنی مەکەوە و ئێمە لە خزمەتتداین. من سامرم ناوە و ئەمانیش، ئەمیان ئوسامەیە و ئەویان جەمیل. هەرسێکمان لە خزمەتتداین. ئەوان

بەردەوام یەکێکیان لێرەیە. ئەوەشی بەوان نەکرا، منت هەم.

ئێستا من دووجار سەراسیمەم. جارێك بەگرفتی ناسین و نەناسینەکەوە و جارێکیش، مەتەڵی ئەم هێنانەم و ئەو هەموو لوتفە بێ ئەندازەیەی، بەرامبەرم دەنوێنرێ!. هەست بەترس ناکەم و تەنیا سەراسیمەم. بۆچی هەست بەترس بکەم؟! منێك کە ساڵانێك بێ، خۆم وەك پرۆژەیەکی هەردەم لە سەرپێ بۆ مردن ناسیبێ، بە کار و کردەوەش سەلماندبێتم و گەیشتبێتمە سەر لێواری و لە دوا ساتدا لێی گەڕابمەوە، ئیتر دەبی چ سڵێکی لێ بکەمەوە؟!. بەڵام سەراسیمەی ئەوەم، کە ئاخۆ جەلادەکەم نیازی چییە و چیی لێم دەوێ؟!. منێکی چەقۆ لەسەر ملی پوختکراو بۆ سەربڕین، بە چ مەبەستێك دەکرێمە میوانێکی ئاوەها ئازیز و ئاوەها شاهانە، میوانداری دەکرێم؟! دەبی چ جۆرە دۆزەخێکیان بۆ داخستبم، کە عەزابی مراندنی ئاساییم لە چاویدا، لێ ببێتە هەنگوینەمری؟!.

ئێستا من لە ناوەوە و ئەوان لە دەرەوەدان. دەرگە شیشبەندەکە هێشتا کراوەیە. سامر چاوەڕوانە سەبارەت بەقسەکانی نوتقێك بدەم. من زارم بۆ هەڵناهێنرێتەوە. نوتق بدەم بڵێم چی؟!. دەبێ یەکەم قسەم لەم پشت دەرگەی شیشبەندەوە، پرسیارە زەقەکە بێ لەبارەی مەتەڵەکەی هێنانم و میوانداریکردنم، کە جارێ خۆشم لە بەرامبەریدا، سەرسام و واقوڕماوم!. کە هەر چاوەڕوان دەکا و هیچم لێ نابیسێ، بەزمانێکی شیرینتر دەڵێ:

– ژوورەکەت دوگمەی زەنگی تێدایە. هەر کات داوایەکت هەبوو، پەنجەی پێدا بنێ و داوات لەسەر سەرە!.

ئەو دەکشێتەوە و لە بەرچاوم ون دەبێ. ئوسامە دەرگەکە بە هێواشی پێوە دەدا. بەشێنەییش سوورگی و قفڵی لێ گیر دەکا. کردارەکانی نەزاکەتیان لێ دەباری. لەگەڵ جەمیلدا کە بەردەرگەکە جێ دێڵن، دوو هەنگاو پاشەوپاش دەکشێنەوە و ئەوسا، بەرێزەوە دەستی سەلامکردن بەرز دەکەنەوە و وەردەچەرخێن و ڕوو دەکەنە ژوورەکەی بەرامبەرم. ئەی چۆن!. شاگردی ئوتێلی پێنج ئەستێرەیین و دەبێ وابن!.

ئەوان دەڕۆن و من چەقیوم!. و ڕو کاسم. – نازانم چی بکەم؟!. – بۆچی نازانیت؟!. میوانێکی گەلێ ئازیزیت و ژووری تایبەتیت بۆ ساز دراوە. وەرگەڕێ و بچۆ بەلایەوە. وەردەگەڕێم و دەچم. ژوورێکی فراوانە. ئاواوە پێنج و ئاواوە چوار مەتر دەبێ.

پاکوتەمیز و گەشە. هێشتا بۆنی بۆیەی لێ دێ. دیارە کە دەستی نوێکردنەوەی پێدا هێنراوە. دوو گڵۆپی نیۆن، بەدیواری سەر دەرگەکە و دیواری بنەوەن. پەنجەرەیەکی چوار تاکی، لە دیواری دەرەوەیدایە. ئەو پەنجەرەیەیە، کە دەکەوێتە سەر تارمەکە و سامر وتی: ئەمەتا. پەردەیەکی رەنگ زەیتوونیی دوولاییی پێوەیە. دامێنی هەر لایە و بەپەتێکی ئاوریشمینی لە ڕەنگی خۆی، لوول دراوە و بە کەنارەوە بەستراوەتەوە. خوار پەنجەرەکە و لە کەناری بنەوەی ژوورەکەدا، چرپایەکی یەك کەسییە و نوێنی لەسەر ڕاخراوە. هەنگاو هەڵدێنمەوە بۆ لای بچم و هەست دەکەم، ژێر پێم نەرمە. کومبارێکی تووکنی هاوڕەنگی پەردەکەیە. هاوڕەنگییەکە، تەوسە بزەیەکم دەخاتە سەر لێو. – ئەمانە زۆر زیرەك و وریان. دیارە ئاگەدارن کە من لە کۆشك و تەلارەکەی خۆمدا، چەندە بەتێکەڵوپێکەڵیی ڕەنگ تێك دەچووم و کەڵلەیی دەبووم. دیارە باش شارەزای هەوا و هەوەسی ئەریستۆکراتیانەمن.. ئافەرم!.

کومباری تووکنی نفتونوێ، سەرنجم بۆ پێڵاوەکانم ڕادەکێشێ. قوڕاوی نییە. بەڵام پێم جوان نییە، بەتایبەتی کەوا دیارە، دەبێتە ژووری نوستن و حەوانەوە و خواردنم. دایان دەکەنم و بە پێی پەتی، بۆ لای چرپاکە دەچم. لە ئاستیدا ڕادەوەستم و هەڵدەڕوانم. دۆشەك و سەرین و متیل و بەتانی، هەمووی نوێ و بریقەدارن. بۆنوبەرامەی بازاڕیان لێ دێ. دەنوشتێمەوە و دەستیان پێدا دێنم. نەرمونیان و سافولووسن. حەزی خۆ لەسەر گەوزاندنیان لە دڵدا دەجووڵێنن. وەردەچەرخێم و پاشووم بەو نیازە، دەنیشێنمە سەر قەراغی چرپاکە. شەرم دەمگرێ و سەرسام دەبم!. ئاوڕێك بەلای سەرووی چرپاکەدا، سەرسامترم دەکا!. ئەوە کۆمیدییەکە و ڕادیۆیەکی ترانسستەری بچووك و قەڵەم و کاغەزی لەسەرە!. – ئەمە چ گەمەیەکی شەیتانانەیە لەگەڵمیدادەکەن؟!. دەمخەنە چ داوێکەوە و کام کەمەندم  بۆ هەڵدەدەن؟! بەرەو چ هەڵدێرێکی هەزار بەهەزارم ڕاپێچ دەکەن؟!.

سەری لێ دەرناکەم و شەپۆلێکی تێکەڵ لە دەستەوستانی و تووڕەیی، زۆرم  بۆ دێنێ. دەروونم دەکاتە تەنوورێك و گشت گیانم ئاگر دەدا. وەرزی سەرما دەستی پێ کردووە، کەچی من دڵۆپی ئارەق، زەنگوڵەی بەستووەتە ناوچەوان و لاجانگ و لاملم. تەوژمی ڕقوکینەیەکی بێ ئامان، لە ناخمدا تەقیوەتەوە و شاڵاو دێنێ. لەوەدایە وەك گەردەلوولێك دەربپەڕێ و بچێتە وێزەی ژوورەکە و وێرانی بکا. شووشە بەپەنجەرەیەوە نەهێڵێ. پەردە هەلاهەلا بکا. نوێن شڕ و وڕ و ڕادیۆ ورد و خاش. کۆمیدی و چرپا و

کومبار و هەرچی هەیە، بکاتە داروپەردووی کەلاوەیەك. ئینجا بنەڕێنم و بڵێم: ئەمە چ گەمەیەکی نامەردانەیە لەگەڵمیدا دەکەن جانەوەرینە؟!. چ نەخشەیەکی بۆگەنتان لەژێر سەردایە؟!. چ فرتوفێڵێکی نەگریسانە؟!. ئەمە زادەی بلیمەتیی چ ئەقڵێکی ڕێژگاوە؟!. نیاز و مەبەستێکی گڵاوە؟!.

پرسیارەکان لە بریی زیاتر ورووژاندنم، ورده ورده خاوم دەکەنەوە. دەبنە ئاوێك و بەئاگرەکەی دەروونمدا دەکرێن. شان بەشانیکردنیان وێڵی دوای وەڵام دەبم. پرسیار بەتایبەتی کە لە خۆ بکرێ، وەڵامیشی لە خۆ دەوێ. خۆ دروستتر و ڕاستگۆیانەتر وەڵام دەداتەوە. ئەوا لێمی پێچەڵپێچ دەکەن. دەمخەنە گێژەنی توونی باباوە. ڕووی گرژم ڕوون دەبێتەوە. ئارەقی ناوچەوان و لاجانگ و لاملم دەسڕم. بزەیەکی بە مەغزا دەکەوێتە سەر لێوم.. – نا وا ناکەم.. لەگەڵ گەمەکەیاندا بەردەوام دەبم تا دەچمە بنجوبناوانییەوە. دەبێ زوو بزانم چییان دەوێ؟!. وا دیارە ئەمانە لەو ڕاستییە بێ ئاگان، کە من مردووم و ئەوان مامەڵە لەگەڵ مردوویەکدا دەکەن!. ئاخر خۆ من هەر لە سەرەتاوە پێم ڕاگەیاندن، کە من لە دەمێکەوە بوومەتە پرۆژەیەکی ئامادەی مردن. عەقیدە کەرەکەش باوەڕی نەدەکرد. کاتێ وتم: جەناب تۆ وای دابنێ ئەم منەی لە بەردەستتدام، منێکی مردووم و ئەوسا بڕیار بدە چی دەکەیت. دایە قاقای پێکەنین و وتی: دەتۆش وای دابنێ ئەم منەی بەسەر سەرتەوەم، عیزرائیلم و خۆت بدەیت بەدار و بەرددا، گیانت ناکێشم و ئیتر بۆ خۆت، هەر چاوەڕوانی ئەو مردنە بە کە قەدی پێی شاد نابیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاخری پێم سەلماند و بەزاندم. دەی خۆ ئەمان، قەت بەسەرمدا لەو بالادەستتر نابن. بە زووترین کات ئەو ڕاستییە، بەمانیش ڕادەگەیەنم و پێیان دەسەلمێنم، کە هەر چییەك بکەن، لە ئاسنی ساردکوتان بەولاوە نییە.

بڕیارەکەم تەواو هێورم دەکاتەوە. دەست دەبەم بۆ ڕادیۆکە و لە بریی ورد و خاشکردنی، پەنجە بەدوگمەدا دەنێم و میل دەگێڕم. تامەزرۆی بیستنی دەنگوباسم. دەڕوانمە سەعاتەکەی دەستم. نە نیوە و نە سەری سەعاتە. کاتی دەنگوباس نییە و بووبێتیش لێ بووەتەوە. وازی لێدێنم بۆ دواتر و هەڕەمەیی میل دەگێڕم. ئەوە زایەڵەی دەنگی فەیروزە، لە ئێزگەیەکەوە بەرگوێم دەکەوێ. ئەوەتەی فامم کردووەتەوە، شەیدای چریکەی ئەو دەنگە فریشتەییەم. لە قووڵاییی ناخەوە دەمهەژێنێ و دەمخاتە، جیهانێکی تەلیسماویی پەشمەکییەوە. بیر و هۆشم سڕ دەکا و بە هەست و نەست، وەك پەپوولەیەك بەناو بەهەشتی گوڵ و گوڵزاردا هەڵم دەفڕێنێ. هەر بەو دەستوورەش

ئەوەتا وەك خەوێنراوێك، رادەكیشێمە سەرپشت و ڕادیۆكە دادەنێمە سەر سنگم. پێڵووم بەسەر یەكدیدا دەلكێن و ئەندامانی جەستەم خاو دەبنەوە. بەزەین و هەست و نەست لە شەقەی باڵ دەدەم و هەڵدەفڕم...

... سەر كانییەكەی حاجی ولووە.. ژێر پیرە داربەڕووەكەم. فەیرۆز ریزی پێوە گرتووە و تیَ دەچریكێنیَ. بەكڵافە تیشكی شادی دەرژێنێتە هەناومەوە. هەست بەداشۆرانی دڵ و دەروونم، لە خەم و پەژارە دەكەم. گیانم پەشمەكی و جەستەم پەپوولەییە. پاڵم داوەتەوە و قاچی ڕووتم درێژ كردوون. كڵاو و جامانە و پشتێنم، داماڵیون و بالیفێكم بۆ پشتی ملم لیَ پێك هێناون. ئاوی كانییەكە خوڕخوڕ، بەجۆگەلەیەكدا بەرەو ئاوایی شۆڕ دەبێتەوە. ناچێتە ناوییەوە. بەلای ڕاستیدا، دەكشێتە ناو چەند پارچە زەوییەكی بەراوەوە. یەكێكیان ئەوەكەی هاوڕیَ (ئەمین)ە. پارچەیەكی بچووكە و ئەوان و منیش، دڵمان پێی خۆشە. بەروبوومی هەرچییەك بیَ، بەشی ئێمەی تێدایە. بەڕەنجدانیش شان بەشانیان لەگەڵیدا خەریكم. هەروەها پارچە دێمییەكەشیان، كە ئەمساڵ كردبوویان بە گەنم و باشی هێنا، نانەكەمانی دابین كردووە. خراپی كەنەفت كردم. هێشتا جیَ بلۆقەكانی ناولەپی دەستم، خۆش نەبوونەتەوە. پشتم دەقی ڕۆژانی دروێنەی، بەتەواوی بەرنەداوە. قسەی خۆمان بیَ ئەم كارانە، تەنیا لە ڕەزامەندیی خۆمەوە نییە. فەرمانی حزبیشی لەسەرە. ئەگەرچی فەرمانەكە بەچەشنێك تێكەڵ بە ڕەزامەندییەكە دەبیَ، كە ستەمە بتوانریَ لە یەكتری جودا بكرێنەوە. ئەمە لە چییەوە هاتووە؟! خوڵقاندنی مرۆڤێكی نویَ.. نویَ لە هەموو ڕوویەكەوە.. لە كار و گفتار و ڕەفتار و دابوونەریت و ڕەوشت و خوودا. سا ئەوە بە حزب نەبیَ بەكیَ دەكریَ؟!. حزب نەبیَ، من لەم كوێرەدێیەدا چی دەكەم؟!. یا ئەمین و مەمینم لە كویَ دەناسی، بچم دروێنەیان بۆ بكەم؟!. من تا ئەو حەلە، دەستم بەر دەسكی داس هەر نەكەوتبوو. دایانمیَ و وتیان: وای بگرە و وای داوەشێنە و تەنیا، ئاگات لیَ بیَ نەترازیَ و قاچوقولتی پیَ كۆڵەوار نەكەیت. بەلیَ نەمكرد.. قاچوقولمم كۆڵەوار نەكرد. بەڵام ئەی پشتم و ئەی بلقەكانی دەستم؟!. دایكم شەوەكەی بردمی بۆ لای یار خەجیَ.. ئای یادت بەخێر یار خەجیَ، چ دەردێكت دامیَ!. ئەگەر دایكم بەفریام نەدەكەوت، مەگەر هەر خوا بزانیَ، چۆن حەیا و حورمەتم با دەیبردن!. دایكم دەستمی نیشان دا و داوای لیَ كرد، كە بەڵكو داوودەرمانێكی خۆماڵیی لەلا هەبیَ. ئیتر لەو شەوەوە تێم ئاڵا. خۆ ئێمە هەشت نۆ مانگە، دراوسێین و ماڵ بەماڵەوەین و لە نزیكەوە ئاگامان لە یەكترە. ئەو ژنی مێرددارە

و مێرده له سهفهرێکیدا بۆ شار، ڕۆیشتووه و نهگهڕاوهتهوه. دوو منداڵی حهوت و پێنج ساڵانی ههن. ژنێکی چابووك و چالاکه و بهوهندهی مێردهکهی بۆی جێ هێشتووه، خۆی و منداڵهکانی دهژێنێ. خهڵکی ئاواییش درێغی له یاریدهدانی ناکهن. دایکم له سهرهتایهکی زووهوه، ڕاست و ڕهوان وتی: کوڕه هۆو ئاگادار به.. ژنی مێرددارە. ئهو وهخته هێشتا هیچ نهبووبوو. تهنیا خووی دابووه بڵۆقهکانی دهستم و زوو زوو لێی دهپرسینهوه. بهدهمییهوه ههستم دهکرد، ئهگهرچی بهسهرزاری له لهپی دهستم دهڕوانێ، بهڵام بهشێوهیهکی تایبهتی، سهرنج له ڕوخسارم گیر دهکا و که ههست لێی بهئاگام، خێرا بهشەرمەوه سهرنج لادهدا. ئینجا ورده ورده کهوته داواکردنی یاریدهدان.. هاوڕێ گیان قازێکم نههاتووهتهوه.. هاوڕێ بهقوربانت بم، ئهو کۆتهره دارهم بۆ بشکێنه.. هاوڕێ له دهورت گهڕێم، ئهو گیسکه شێتهم بۆ ببهستهوه. تا دوا جار گهیاندییه ڕادهی مهسهلهی باراشهکه.. هاوڕێ گیان، بهساقهی ئهو شان و قۆڵه نازدارهت بم.. ئهم باراشهم بۆ ببه بۆ ئاش. باشه یار خهجێ، تۆ دهبێ چهنده مێشکی خۆتت خهریك کردبێ، تا ئاوهها ههنگاو بهههنگاو بهرهو ئامانج بچیت؟!. حزب ناههقی نییه فێرمان دهکا، که هیچ کهسێك بێ بههره و توانا نییه. کام مرۆڤ زۆر بهکاڵفام و مێشك پووت دادهنرێ، گهر بواری بۆ برهخسێنرێ، دهبێته خاوهنی فام و ئهقڵی پشکوتووی خۆی. ئهی مارکس بۆچی وتوویێتی: مرۆڤ بهنرخترین سهرمایهیه؟!. یادت بهخێر یار خهجێ مرۆڤه بهنرخهکهی مارکس. وهك ئێستا ڕوو بدا لهبهر چاومیت و ئهمه، ڕهنگه سهد و یهك جاره بێ، وتم: کامهیه باراشهکه؟!. وتت: دهتۆ جارێ تۆزێ دانیشه. وتم: ئاخر درهنگ دهبێ – درهنگ نابێ نا.. حهز ناکهیت لهلام دانیشیت؟! – ناتهوێ دوو قسهی خۆشم لهگهڵدا بکهیت؟! – ... – تۆ بۆچی ئهوهنده دڵڕهقیت؟!. بۆچی لام لێ ناکهیتهوه؟!. هاوڕێ گیان.. منت پێجوان نییه؟!. زۆر ناشیرینم؟!. دهپێم بڵێ بزانم.. بۆچی مهیلت بهلامدا نابزوێ؟!. یار خهجێ له خۆی دڵنیا بوو، که نهك ناشیرین نییه، بگره ژنێکی شۆخ و شهنگ و تهڕوبڕی ئهوتۆیه، که دهبوو منێکی له ههڕهتی غوبابیدا، بهدوای ئهو قسانهیدا بهپهرۆشهوه شاڵاوی بۆ ببهم. کهچی بهرامبهری بووم به بت و ورته و جووڵهم بۆ نهکرا. باس باسی گڕی عهشق و تامهزرۆییی جووتبوونه و کهچی من، دهتوت خوێن گرتوومی. هێشتاش ههر ئهو دهجووڵێ و دێت دهست دهکاته ملم. لهشم بهلهشییهوه شهتهك دهدا و بهخۆیهوهم ههڵدهگوشێ. هاڵاوی بۆنێکی خۆش، بۆنی ڕێحانه و مێخهك، له مل و سنگ و بهرۆکییهوه دێ و مهستم دهکا. دهکهومه نێوان دوو

بەرداشەوە... حەز و ترس. حەز شلم دەکا و ڕام دەفڕێنێ و ترس، بەناو خۆدا لوولم پێ دەخوا. حەز قایلم دەکا بەدەنگەوە بچم و ترس، دەمتۆقێنێ و پەشیمان دەبمەوە. حەز گڕم تێ بەردەدا و دەمقرچێنێ و ترس، دەمکاتە پارچە سەهۆڵێکی ناو سەهۆڵبەندانێك. لەو زۆرانبازییەدا ترس، شەرمیشی دەچێتە پاڵ کە لە منداڵییەوە، لێم بووەتە دەردێکی گران و لە کۆڵم نەبووەتەوە و هەردەم بووەتە مێردەزمەی حەزەکانم. ئێستاش ئەوەتا وەك ملۆزم، لێم دەبێتە پاڵپشتی ترس و دووقۆڵی، حەزم لێ زیندەبەچاڵ دەکەن. بەقسە زمانم بۆ ناهێنرێتە گۆ. بەکردەوە دەبزوێم و دەمەوێ، لەشم لە لەشی جودا بکەمەوە و بوارم نادا. توندتر بەخۆیەوەم دەنووسێنێ و دەپاڕێتەوە: هاوڕێ گیان.. بەقوربانت بم.. لە دەورت گەڕێم.. توخوا .. توخوا!. پەرۆشی و پاڕانەوەکەی، زیاتر دەمتۆقێنن. دەست بۆ هەردوو مەچەکی دەبەم و بەنیازی داماڵینیان لە ملم، رایان دەتەکێنم و بەدەستمەوە نایەن. دەڵێیت دوو تای ئەڵقەی کۆتێکن و چەسپێنراونەتە ملم!. بەدوایدا قسە لە نێواندا نامێنێ و هەردوو جەستە، دەکەونە هێنان و بردنی یەکتر. جەستەی ئەو بەخۆوەتر و تۆکمەترە. پەلاماردەر و شالاوهێنە. ئەو گڕی ئارەزوویەکی بێ ئامان تاوی داوە و کۆ لە هیچ ناکاتەوە. لە کاتێکدا من، تۆقیوی ئابڕووچوونم و بەتایبەتیش، لێپرسینەوە و سەرزەنشتکردن لەلایەن حزبەوە. چی هەیە لەمەیان ناخۆشتر؟!. من کە سوور بزانم حزب، لە کار و کردەوەیەکمدا لێم ناڕازی دەبێ و سەرزەنشتم دەکا، چۆنی دەکەم؟! چۆن بوار دەدەم لەلای حزب، لاپەڕەم لەکەدار ببێ.. یا تەنانەت گەردی لێ بنیشێ؟! ئا.. کاتێ هەست دەکەم کە تای تەرازووی ململانێی جەستە و جەستە بەلای ئەودا دەشکێتەوە، واز لە پەلەقاژەکردن دێنم و ئینجا من دەپاڕێمەوە. ئاقڵانە دەڵێم: باجی خەجێ. نایەڵێ تەواوی بکەم و دەڵێ: من بۆ تۆ ئیتر باجی نیم. من خەجێم هاوڕێ گیان.. خەجێی تۆ. بڵێ: خەجێ.. دەی وا بڵێ. بۆم ناوترێ و دەمەوێ خۆمی لێ لابدەم. دەڵێم: تۆ گوێ بگرە. دەڵێ: تا نەڵێیت: خەجێ، گوێ ناگرم. ناچار دەڵێم: خەجێ و ئەو دەڵێ: گیانی خەجێ.. خەجێ لە دەوری سەرت گەڕێ. من دەڵێم: ئاخر بۆچی وەها لە ناکاو؟!. تکایە با کارێك نەکەین خەڵکی پێمان بزانن، کە خۆت دەزانیت چیمان بەسەر دێ. با پێوەندییەکەمان بەشێنەیی و ئاقڵانە بێ. ئەو دەڵێ: تکات لەسەر سەرم. بەڵام ئاخر تۆ نازانیت من لە کەیەوە بۆت دەسووتێم. من خەو و خواردنم نەماوە. ئارامم لەبەر بڕاوە و بەهیچ جۆرێ، خۆم بۆ داناسەکێنرێ. ئەو حەزەی لە ناخمدا بەرامبەرت کڵپەی کردووە، بەسات یەخەی بیر و هۆشم بەرنادا. من حەزت لێ دەکەم حەز.. تۆ

نازانیت حەز چییە؟!. ها.. نازانیت؟!. وتم: با دەزانم و بەسەر چاو و لەسەر سەر. بەڵام با ئێستا نەبێ سبەینێ بێ. یا با ئەمڕۆ عەسرەکەی بێ. تۆ گوێ بگرە.. ئێستا وا چێشتەنگاوە و باراشەکە دەبەم بۆ ئاش. عەسر.. نا نا.. عەسر نا.. وا دەکەم ئێوارە درەنگوەخت بیهێنمەوە. وا باشتر نییە؟!. ئەگەرچی هەوڵم دا قسەکانمی لە ناخی دڵەوە بۆ بکەم، کەچی لە سەرەتادا دوودڵ بوو. نە وەڵامی دامەوە و نە دەستی لێ بەردام. چاوی بڕیبووە چاوم و ڕامابوو. تا وردە وردە دەست و بازووی شل کردن و وازی لێ هێنام. کە کەوتینەوە سەرپێ، سەرنجێکی گوماناویی لێ گیر کردم و وتی: وای دابنێ تا ئێوارە دادێ، من لەسەر مقەڵییەك ئاگر دانیشتووم. نەڵێیت  شەرم دەکا یا دەترسێ و ناوێرێ ها!. نە شەرم دەکەم و نە لە کەس دەترسم و بە بەرچاوی هەمووانەوە، دێم و خۆم دەئاخنمە ناو جێگەکەتەوە. من حەزم لێتە حەز. تۆ نازانیت من چۆن بۆت دەسووتێم و لە کەیەوە، چاوەڕوانکردنت دەمپڕووکێنێ. نەخەڵەتابیت تەفرەم بدەیت. ئێستا من کە گرێی دڵی خۆمم بۆ کردیتەوە، ئیتر کۆ لە هیچ شتێك ناکەمەوە. من لە دڵدا وتم: تۆ جارێ با لەم چورتمە ڕزگارم ببێ، ئەوسا بەشێنەیی بیرێکی وردی لێ دەکەمەوە. چووینەوە بەلای باراشەکەوە. من دەستم دایە دەمی گونیەکە و دووسێ بام پێ دا. ئەویش دەبوو دەست بداتە بنەکەی و بەکوڵمیدا بدا و نەیکرد. ڕووبەڕووم ڕاوەستا و چاوی تێ بڕیم نیگا پڕ لە هەڕەشەکەی کەمێ لەوەبەری، گۆڕدرا بە خەمناکی و تکاکاری. دەنگە پڕ لە سەرسەختییەکەی، لای دا بەلای پاڕانەوە و سواڵکردنی بەزەییدا و وتی: هاوڕێ.. ناپاکیم لەگەڵدا بکەیت، سوێم دەبێتەوە و دەمرم. تۆ نازانیت من لە کەیەوە، بەدەست ئەم حەزەمەوە دەتلێمەوە. چەندە توانیم خەفەم کرد و ئیتر وا لە تواناما نەما. هاوڕێ.. تکات لێ دەکەم. بەدوایدا دەستی کردەوە ملم. بە خۆیەوە هەڵگوشیم و ماچی کردم. ئەوسا بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، دەستی دایە بنی گونیەکە و  بەکۆڵمی دادا. کە لە ماڵ بەدەرکەوتم، من دوو کۆڵم بەکۆڵەوە بوو.. باراشەکە و بەڵێنەکەم بە یار خەجێ. کەچی هەر دوای چەند هەنگاوێك، لێم بوون بە سێ!. سوارەی (پ. م)ی یەکێتی کە بەڕێکەوت بەوێدا ڕادەبورد، هاتە تەنیشتمەوە و لە قاڵبی گاڵتەوگەپدا وتی: خۆزگەم بە خۆت.. حەماڵی بۆ کردنیشی هەر خۆشە. بەینم لەگەڵ سوارەدا خۆش بوو. بگرە وەك دوو برادەرمان لێ هاتبوو. لە وەڵامیدا وتم: دراوسێیە.. دراوسێش خۆت دەزانیت.. ئەو قسەکەی تەواو کرد و وتی: هەقیان بەسەر یەکترەوە هەیە. دیارە.. لە تۆ حەماڵی و لەویش، هەرچی خوا دای!. ئا.. کۆڵم لێ بوون

بە سێ. لاقرتێکەی سوارەش و دەمهێنایە بەر زەینم. ئەگەرچی برادەرین و کوڕی چاکە، بەڵام دەشێ بە بێ نیازی خراپ، بچێ بیگێڕێتەوە. دەی باشە من هێشتا هیچم نەکردبێ و وەها بشکێتەوە، ئەی دواییەکەی چی دەقەومێ؟!. سێ کۆڵ بەکۆڵەوەو دەیانپساندم.. باراش و بەڵێن و جاڕدان. هێشتا هیچیان نەهاوێژرابووە سەر کۆڵم، دایکم زەنگی مەترسیی بۆ لێ دام و وتی: کوڕە هۆو ئاگەدار بە.. ژنی مێرددارە. دەی باشە من دەبێ چی بکەم؟!. ئا.. باراشەکە نابەمەوە. بەڵێنەکە بەجێ ناهێنم. دەشچم تکا لە سوارە دەکەم نەدرکێنێ. چووم بردنەوەی باراشەکەم بە هاوڕێ جەمال سپارد. وام نیاز بوو سەربردەکەشی بۆ بگێڕمەوە و نەمکرد. وتم: با ئەویش نەزانێ، بۆ بزانێ؟!. بەتایبەتیش کە حەزی لە سوعبەت و گەڕوگێچەڵە!. ئەها ئەو ڕۆژەی کە هات، بە چ دیمەنێکەوە هەڵتۆقی و چ بەزمێکی نایەوە؟!. لە ناوقەد بەرەو خوار، بە پانتۆڵ و پۆستاڵە سەربازییەکەیەوە. سەرەوەش، کراس و چاکەتێکی سویل و کلاشینکۆفەکە لە شانیدا. پاسەوان گرتیان و چەکیان کرد. من لەو کاتەدا بەسەردا چووم، کە وەك گومان لێکراوێك بەگیریان هێنابوو. وای بۆ دەچوون کە پیاوخراپە و بەبیانووی خۆشێتکردنەوە، بۆ پیلانگێڕان یا بۆ کوشتنی کەسێك هاتووە. ئەویش بۆیان پێ دەکەنی و بەڕوویاندا دەخنایەوە. تا شەهید فەرهاد هات و گرفتەکەی یەکالا کردەوە. دەرکەوت کە لە بنەماڵەیەکی شیوعییە و خۆیشی، ئەندامی حزبە و لە سەربازییەوە هەلاتووە و هاتووە. ئیتر شەهید فەرمانی دا، کلاشینکۆفەکەی بدەنەوە و خزمەتی بکەن. کوڕێکی قۆشمە و ڕووخۆش و بەدەموپل بوو. بۆ قسە دانەدەما و لە گێڕانەوەی نوکتەشدا، گەنجینەیەك بوو بۆ خۆی و لە بن نەدەهات. وەکی تر بە ئەندازەی قۆشمەیی و نوکتەبازییەکەی، لە کار و فرماندا لەش سووك و چست و چالاك بوو. ماندووبوونی بۆ نەبوو. هەر کارێکت پێ بسپاردایە، نەء و نایکەم لە فەرهەنگیدا نەبوو. وەڵامی هەموو کات بەڵێ و باشە و بەسەرچاو بوو. دەتوت لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە خوڵقاوە، کار بکا و تین و توانای خۆی، بۆ خزمەتکردنی کەسانی تر بخاتە گەڕ. هیچیشی بۆ خۆی نەدەویست و چاوەڕێی هیچ پاداشتێکی نەدەکرد. سادە و ساکار دەیخوارد و دەیپۆشی و ڕۆژگاری بەسەر دەبرد. لە ماوەیەکی کەمدا بووە خۆشەویستی هەموان. هەڵسووڕاندنی بارەگا لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، بێ ئەوەی پێویست بکا کەس بڕیاری بۆ بدا، کەوتە ئەستۆی ئەو. ئەویش ئەگەرچی سۆزی خۆی بەسەر هەمووواندا بەیەکسانی دەبەشییەوە، تەنیا پارسەنگی بەشەکەی هاوڕێ فەرهادی دەدایەوە. کاتێك

دەیاندایە ڕووی، نکوولێی لێ نەدەکرد و دەیوت: ڕەنگە ئەوە ڕەوا نەبێ، بەڵام بڵێم چی.. بەدەست خۆم نییە و وایە. ئینجا وردە وردە هەستم کرد، کە خەریکە پارسەنگی بەشی دایکیشمی لێ دەداتەوە. بۆچی؟!. سەرەتا وتم: لەبەرئەوەیە کە دایکم بەهۆی ئەو خەسڵەتە جوانانەیەوە، ئەوی وەك جگەرگۆشەیەکی خۆی بەدڵدا چووە. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە نەخەیر هەر ئەوەندە نییە. بگرە دووراودوور و بەدزییەوە، بەتیری عەشقی هاوژین گرفتار بووە. من کاتێ بۆ یەکەم جار ئەو مەزەنەیە لە مێشکمدا برووسکەی دا، زۆرم لێ خۆش هات و وتم: کوا وابووایە!. من بۆ هاوسەری چەندە بەتەنگ خۆمەوە بووم، زۆر زیاتر لەو ڕووەوە خەمخۆری هاوژین بووم. گەلێکم بەلاوە مەبەست بوو، تووشی بەختێکی وەها ببێ، کە شایستەی بێ و لە شکستخواردن بەدوور بێ. جەمالم پڕ بە پێست دانا و خۆشحاڵ بووم. کەچی جەمال پێش ئەوەی هیچ کاممان، خۆی، هاوژین، دایکم، من و تەنانەت بەهێماش دەمی تێدا هەڵبێنینەوە و شتێکی لێ بدرکێنین، شەهید فەرهاد لە سەفەرەکەیدا بۆ پشتئاشان، لەگەڵ خۆیدا بردی و لەگەڵیدا شەهید بوو. من هەر کەسێکم لە بیر بچێتەوە، ئەوم قەت لە بیر ناچێتەوە. ئەو بە هەموو پێوانەیەك کە ئەگەر باس لە بەها بێ، دەبوو سەد ساڵ بژی و کەچی، لە بیست و دوودا لێیان فرتاند. باشە بۆچی هەبن هەقی یەك ڕۆژ ژیانیان نەبێ و سەد بژین و جەمالەکانیش!.. ئا.. تۆ بڕوانە... من.. منێکی ئەوەتەی هەم... ئێستا چەندە هەم؟! جا بۆچی ئێستا؟!. دوور نەبوو پێشتر.. زۆر پێشتر بە فەوت بچوومایە. چەند جار؟!. با بژمێرم.. یەکەم جار کە هێشتا بەرمەمکانە بووم. دایکم هەموو جار دەیوت: تۆ گوللە تۆپەکەی لای کلکەسماق نەیکوشتیت.. ئیتر لێت ناترسم. سەیرە!.. ئەویشیان هەر بەدەستی ئەمان بوو. دەڵێیت لە ئەزەلەوە دانراون بەدوای منەوە بن!. من هێشتا بەرمەمکانەم و ئەوان، بەکودەتایەك بۆ ماوەیەکی کورت حوکمڕانی دەگرنە دەست، بەتایبەتی بۆ ئەوەی گوللە تۆپەکە بەمنەوە بنێن!. نا نا.. هاتبوون شیوعییەکان هەموو قەلاچۆ بکەن و منی بەچکەش لەگەڵیاندا. بەباوەشی دایکمەوە بووبووم کە تەڵەزمێکی گوللەکە، قۆڵ و شانی ڕاستمی بەقووڵی چیغ کردبوو. دوای ها مرد ها ژیایەکی چەند ڕۆژە، زیندوو بوومەتەوە. باش بوو ماوەی حوکمڕانییەکەی ئەو جارەیان کورت بوە، دەنا هەر ئەوسا دەیانفەوتاندم و نەدەکەوتمە ئێستا. مێملێکیان لێ پەیدا بوو لە ماوەی چەند سەعاتێکدا، داوودەزگای پێچانەوە و سەرەوژێری کردن.  واش دانرا کە ئیتر ناویان چووە بە کۆڵەکەی ئاشدا و بۆ هەتاهەتایە نغرۆ بوون. کەچی هێندەی نەبرد

دیسان، لەسەر کورسییەکە قوت بوونەوە!. من تا ئێستاش ئەوە بەلامەوە یەکێکە لە عاجباتییەکان. ئاخر ئەوانێك ئەو هەموو کوشتوبڕ و زوڵموزۆرەیان لەو خەڵکە و لەو میللەتە کردبێ، چۆن ئاوەها وەك نە بایان دیبێ و نە باران، سووك و ئاسان دەچنەوە سەر کورسییەکە و خەڵك و میللەتەکەش، زەقزەق حۆلحۆل سەیریان دەکەن؟!. ئینجا لەوەش خراپتر، وەرە بتوانن ئەو حزبە بخەڵەتێنن و بیکەنە هاوپەیمانی خۆیان، کە لە جاری پێشوویاندا، بڕیاری قەڵاچۆکردنیان بۆ دابوو!. من ئەو کاتە ئەوەندە فامم نەکردبووەوە، لە نهێنیی ئەو ناکۆکییە توندە تێ بگەم، کە کەوتە نێوان دایکم و باوکمەوە. دەمزانی کە پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە، نەك ناکۆکیی ژن و مێردایەتی. بەڵام بەوردی بۆی نەدەچووم و خۆشەویستییە تایبەتییەکەشم بۆ دایکم، لە دڵدا بەلای دایکمیدا دەشکاندمەوە. جارێکیان دوای دەمەتەقێیەکی توندوتیژیان، باوکم تفێکی لێ کرد. قەت ئەو دیمەنەم لە بیر ناچێتەوە. دایکم لە جێی خۆی وشك هەڵات و ورتەی نەکرد. تەنیا چاوی تێ بڕی و لێی نەدەترووکاند. باوکیشم وەك بڵێیت ئان و سات پەشیمان بووبێتەوە و بیەوێ لە ڕوویدا هەڵبێت، وەرچەرخا و بەپڕتاو لە ماڵ چووە دەر. ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دوایی و دواتریش نەهاتەوە. دایکم تەنگەتاو بوو. خەم و پەژارە دای گرت. شەوان کە وای دەزانی ئێمە خەوتووین، بە کپی دەگریا. منیش لە دڵدا ئارامم لەبەر بڕا. بەدزیی دایکمەوە چووم نەنکمم ئاگەدار کرد. نەنکم زۆری خۆش دەویست. هات بۆ لای و کە دایکم بۆی باس کرد، تووڕە بوو وتی: ئەو نەگریسە چۆن دڵی هاتووە ئەوەت لەگەڵدا بکا؟!. ڕاوەستە بزانە چی پێ دەکەم. کە ڕۆیشت دایکم دەستی کردە ملم و ماچی کردم. وتی: شەیتان دیارە تۆ ئاگەدارت کردووە.. وا نا؟!. وتم: بەڵێ دایە گیان. وتی: دایە بەقوربانی ئەو ئەقڵەت بی. بۆ ئێوارەکەی نەنکم و باپیرم، باوکمیان هێنایەوە. دەستیان پێ کردە ملی دایکم و ئاشت بوونەوە. منیش گەزگەز بالاًم بەدیمەنەکەیان دەکرد. لەوە بەدوا ئیتر لێم نەدەبیستن، سەبارەت بەو مەسەلەیە تەنانەت دەمەتەقێش بکەن. لەوە دەچوو پەیمانێکیان لەو ڕووەوە بەستبێ. بەڵام ئەشهەدوو دایکم لەسەر هەق بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەردەکەوت، کە حزب بەو هاوپەیمانییە، ڕێگەی هەڵدێرێکی سامناکی گرتووەتە بەر. هەڵدێرێك دۆستە دوژمنەکەی هەنگاو بەهەنگاو، بەرەو تێفرێدانی بەکێشی دەکا. دایکم بەپێی ڕێککەوتنە پەنهانییەکەیان، وازی لە لێدوانی ئەو باسە لەگەڵ باوکمدا هێنابوو. منی دەدواند و بەتایبەتی کە ڕادیۆکەی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنا و گوێی لە دەنگوباس دەگرت،

بیرورِای خۆی بۆ من دەردەبڕی و زۆربەشی، زیاتر لە شێوەی شیکایەتی حاڵ و ڕەخنەگرتندا بوو. حاڵ وا دەگوزەرا تا ئەو کاتەی، باوکم ئێوارەیەکیان هاتەوە و کڵاشینکۆفێکی لە شاندا بوو! دایکم حەپەسا و دەمی لێ داچەقاند. ماوەیەك بەبێدەنگ بەو شێوەیە تێی ڕوانی. باوکم هەستی کرد ئەوە پرسیارە و لێی دەکا. بەدەم داماڵینییەوە لە شانی وتی: بۆ پارێزگاریکردنە لە خۆمان. دایکم وتی: لە چی؟! – گێرەشێوێنان – کێن؟!. – باوکم هەستی کرد گفتوگۆکەیان بەرەو کوێ مل دەنێ. ویستی بیگۆڕێ و وتی: چەکە و لە ماڵدا هەبێ باشە. دایکم بواری پێ نەدا و وتی: باشە با هەبێ. بەڵام نایکەیتەوە شانت و پێوەی ناچیتەوە دەرەوە – مەبەستت چییە؟!. – مەبەستم ئەوەیە کە ناچیت ببیتە پاسەوانی داوودەزگاکان. یا مەفرەزە و بەشەقامەکاندا بسووڕێیتەوە. یا بۆسەی لە دەوروبەری شاردا پێ بنێیتەوە.. دەچیت؟!. باوکم بۆ ماوەیەك ڕاما و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. وەك پەشۆکابێ، چەکەکەی دوو سێ جار لەملا و لەولا دانا و هەڵی گرتەوە. دایکیشم لەسەری نەڕۆیشت. چوو خواردنی لەسەر سینییەك بۆ هێنا و خستییە بەردەمی. ئیتر بەیانییەکەی، باوکم چەکەکەی چۆن هێنابوو، ئاوەهاش بردییەوە و.. ئەرێ بەڕاست!.. من باسم لە چی بوو، کەچی بۆ کوێ چوو؟!. ئەمەیە کە دەوترێ: قسە قسە ڕادەکێشێ. ئەگینا من خەریکی ژماردنی، ئەگەرەکانی لەناوچوونی پێشووم بووم. ئا.. یەکەمیان گوللە تۆپەکە و بەرمەمکانەیییەکەم. ئێ نەمردم و مامەوە بۆ دووەم. ئەمیان ئەوە بوو کە لەگەڵ باوکم و هاوڕێ حەیدەردا، کەلوپەلەکانمان لە شارەوە هێنا و، تووشی مەفرەزەکەی قەراغ شار بووین. ئازایەتیی حەیدەر دەربازی کردین. من و باوکم کەر و هێسترەکەمان دایە پێش و ئەو، بەری لێ گرتن تا تەواو دوور کەوتینەوە. ئینجا خۆی بە برینداری گەیشتە لامان. ئەویش بەو جارە و بە دوو جاری تر برینداری نەمرد. کەچی لە دەمەقاڵەیەکدا لەگەڵ کابرایەکی سەر بە پاسۆك، کە جنێوی بە حزب دابوو، بەفەوت چوو. خۆ منیش جارێکیان تووش بووم. ئەوەی من سەر بەیەکێتی بوو. هەراکەمان لەسەر داربڕین بوو. وتی: داری ئەم قەدپاڵە، قۆرخی منە و نابێ لێی ببەیت. کابرا وەکو من خەڵکی دێ نەبوو. وتم: منیش پێشمەرگەیەکم وەکو تۆ، بۆچی قۆرخی تۆ بێ. وتی: تۆ و حزبەکەشت تا دوێنێ جاش بوون. من چاوم پەڕییە پشتی سەرم. هۆشی ئەوەم نەما کە چەکی پێیە. دەستم لێ دایە بڕە دارێك و بۆی چووم. ئەویش میلی لێ ڕاکێشام و ریزێکی نا بە بەرپێمەوە. ئیتر من دەستم ساردبووەوە و ئەویش، بەوەندە وازی هێنا.

سەیر ئەوەیە دوایی کە ئاشتیان کردینەوە، بووینە برادەر و ڕێزی زۆرمان لە یەکتر دەگرت. بەتایبەتی دوای ئەوەی باسی بەسەرهاتی خێزانەکەی خۆمانم بۆ کرد و وتیشم: ئاخر ئیتر بۆچی دەبێ من جاش بووبم؟! . ئەو لە وەڵامدا وتی: من بەردەوام وا درابوو بەگوێمدا و باوەڕیشم کردبوو. سا بەڕاستی سەیرە!. شیوعییەت ئەم هەموو دوژمنە چییە هەیەتی؟!. دەبێ لە چییەوە هاتبێ و نیشانەی چی بێ؟!. دیارە.. لەوەوە هاتووە کە لە سەدا سەد لەسەر هەقە و هەقیش ڕەقە. هەروەکو نیشانەی ئەوەیە، کە بزووتنەوەیەکی زیندووە و کاریگەرە و بگرە، ژیان لە هەموو ڕوویەکەوە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ. دەنا ئەو هەموو دوژمن و دوژمنکارییەی چۆن تێ دەورووکان؟!. من زۆرم بەلاوە سەیرە، کە بۆچی یەك بەیەکی ئەو خەڵکە نابن بەشیوعی؟! بۆچی سڵی لێ دەکەنەوە؟! شیوعییەت یانی چی؟!. یانی کەسێك کەسێکی تر نەچەوسێنێتەوە.. ئەمە شتێکی خراپە؟!. کەسێك مشەخۆرانە ڕەنجی شانی کەسێکی تر نەخوا. ئەو خەڵکە هەموو لە ژیان و گوزەراندا یەکسان بن. وەك یەك بخۆن و بپۆشن و بحەوێنەوە. یەکێ تێر نەبێ و ئەوی تر برسی. یەکێ پۆشتە و یەکێ ڕووت. یەکێ لانەدار و یەکێ بێلانە. ئەمانە شتی خراپن؟!. ئیتر بۆچی نابن؟!. چەوسێنەر و خوێنمژ و زۆردار و مشەخۆران، هەقیانە نەبن و ئاساییە بەوپەڕی تواناشیانەوە، دژایەتیی بکەن و بەر لە سەرکەوتنی بگرن. چونکە بەسەرکەوتنی، هەر چییان هەیە لە کیسیان دەچێ و بەوە، گەڕوگول دەبـن و وەك سەگـی لـە نـاز و نـیـعـمـەتـکـەوتـووی بـەرەڵای کـووچـە و کـۆڵان و سەرەنوێلکانیان لێ دێ. دەی باشە خەڵکەکەی تر بۆچی؟!. لە هەموو زەحمەتکێشان و ڕەنجدەران و ستەم لێکراوان و بەشخوراوانەوە بیگرە، تا دەگاتە وردە جەلادەکانم. ئەمانیش لە پاسەوانی بەردەرگەی زیندانەکانمەوە بیگرە، تا دەگاتە ئەشکەنجەدارانم و دواجار ئەو بەسزمانەش، کە سەرم دەخاتە سەر سەکۆکە و پەتەکە، دەجەڕێنێتە ملم و دەمهاوێتە ناو گەرووری مەرگەوە!. باشە ئەمان بۆچی؟!. ئینجا سەیرتر ئەوەیە کە هـەیـانـە نـەك تـەنـیـا نـابـن بـەشیوعـی، بگرە دەشبنـە داردەستـی چـەوسێنـەرانـیـان و هاوچینانی خۆیان دادەپڵۆسن!. دەبنە جەلادی جەربەزەی بێ ئامانی ئەوتۆیان، کە ئەقڵ لە ئاستی لێکدانەوەیدا دۆش دادەمێنێ!. دەنا مانای بەچی چەند ڕەشورووتێك، ئەورەحمانێکی ڕەشورووتی وەك خۆیان، بخەنە ناو بەرمیلێکەوە و نەوتی بەسەردا بکەن و ئاگری تێ بەربدەن، تەنیا لەبەرئەوەی شیوعییە؟!. دەبێ نهێنیی ئەم مەتەڵە لە کوێدا بێ؟!. من هەرچەند باس لەم مەسەلەیە کرابێ. بەسەرسوڕمان و گومانەوە لێی

دواوم. بەڵام هەردەم بەو وتەیە دەمکوت کراوم، کە: (ئەوەی بەدرێژاییی هەزاران ساڵ لە مرۆڤدا جیڕ بووەتەوە، لە دەیان ساڵدا نارەوێتەوە). باوکم هەموو جار ئەو وتەیەی بەڕوومدا دەدا و بەدوایدا، ئیتر دەستی دەکردە باسکردنی، پێنج قۆناغەکەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و نەیدەبڕییەوە. تا دایکم کە لەو مەسەلەیەدا وەك من بیری دەکردەوە، هەڵی دەدایە و بۆ گاڵتە دەیوت: کەچەڵ.. بەس سەرمان بە قۆناغەکانت کەچەڵ بکە. باوکم لە سەرڕووتاوەکان بوو. بۆ منیشی بە میراتی بەجێ هێشتووە.

عەقید هیشام وەك هەنگی لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە، بۆ جنێودان لێمی کردە وێردی سەر زمانی. وەك برێشکە لە دەمی هەڵدەوەری و دەیوت: کەچەڵی سەگباب.. کەچەڵی پیس.. کەچەڵی کوڕی قەحبە.. کەچەڵی واووا!.. تا جارێکیان گەیشتە تینم ووتم: ئەرێ کابرا کەچەڵ کەچەڵی چیتە؟!. من سەرڕووتاوم نەك کەچەڵ. دیارە تۆ ئەوەندە نەفامیت، کە جیاوازی لە نێوان سەرووتاوەیی و کەچەڵیدا ناکەیت!. هەموو دایانە قاقای پێکەنین و ئەویش لەگەڵیاندا. کە کوڵی پێکەنینیان نیشتەوە، ئەو هات بەلامەوە و لەپی دەستی، بەشێنەیی بە کەللەی سەرمدا گێڕا و وتی: بەڕاست خۆ تۆ کەچەڵ نیت!.. ئا ڕاست دەکەیت.. تۆ سەرڕووتاوەیت. ئینجا دوای ئەوەی سوورێك بەدەورمدا خولایەوە، بەرامبەرم ڕاوەستا و هەر بەهێمنییەوە وتی: جا کەچەڵی حیز، جەنابت بە هەموو ئەقڵێکتەوە، دەتەوێ من بەدرۆ بخەیتەوە؟!. بەڵێ.. ئەشهەدوو کەچەڵ نیت. بەڵام تۆ وا دەزانیت بەکەچەڵکردنت کارێکی زەحمەتە؟!. نا نەخێر جەناب. دەتکەم بە کەچەڵێکی وەها، کە بتوانیت بۆڕبۆڕێن لەگەڵ هەموو کەچەڵەکانی دنیادا بکەیت و یەکەمیش بیت. ئیتر ئەو دەویتبابە، قەت مەپرسە چی بەسەر پێستی سەرم هێنا. ئەمسەر و ئەوسەرێکی بەژوورەکەدا کرد. دیار بوو مێشکی خۆی هەڵدەگوشێ، تا بیرێکی داهێنەرانەی لێ هەڵتۆقێ. هەڵتۆقی و لە ناکاوێکدا بەرامبەرم ڕاوەستا. دەستی بە گیرفانیدا کرد و مەکینەیەکی نینۆککردنی لەو بابەتەی ستافی لەگەڵدایە دەرهێنا. کولەچەقۆیەکی گەڕی لێ جودا کردەوە و لە پێستی سەرمی خستە کار. لە تەوقی سەرەوە پێدا دەهات و تا سەر ناوچەوانمی دادەخزاند. پێستی سەرمی بەشێنەیی پێ کێڵا. خوێن بە سەر و پۆتەڵاکمدا، بەرەو خوار بۆ سەر سنگ و کۆشم دەزوولەی بەست. ئازار دۆزەخی پێ نێشان دەدام. بەڵام لە خۆجیرکردنەوەیەکی ناچاری بەولاوە، هیچ ئاخ و ئۆف و ناڵینێکم لە دەم دەرنەدەچوو. منم کە ئەو ئازارە گورچکبڕە دەچێژم و کەچی ئەوە بەلەسە دەبێ!. شێتانە بەردەبێتە پێستی سەرم و پەیتا پەیتا دەڵێ: بڵێ

ئاخ.. دەی بڵێ ئاخ کەچەڵی حیزی لە حیز بوو. نەڵێیت ئاخ قورتمتی پێ هەڵدێنمەوە. دیسان تەنیا بوورانەوەکە بەفریام دەکەوێ و دەستیم پێ لێ هەڵدەگرێ. لەوەش بە ئازارتر ئەو دڕندەیە، لە سەرەتای هەر ژەمە ئەشکەنجەیەکی تردا، ئاوێنەیەکی بەرامبەرم ڕادەگرت و دەیوت: ها؟!. کەچەڵیت یان نا؟!. منیش کە لێی چووبووم بە قیردا و دەموت: نەخێر، بەهەردوو لەپە دەستی دەیکێشا بەسەرمدا و خوێن فیچقەی دەکردەوە. ئینجا بە لەپە دەستە سوورەکانییەوە، لێم دوور دەکەوتەوە و بۆ سڕینیان، سەری دنیای لێ دەهاتەوەیەك. هاتوهاواری لێ هەڵدەستا، کە شتێکی بۆ سڕینیان فریا بخەن. چاوەڕێی نەدەکرد و بۆ شوشتنیان، دەردەفرتایە دەرەوە. کە دەهاتەوە ئەوسا، ژەمە ئەشکەنجەدانی ڕاستینە دەستی پێ دەکرد. زۆربەی جار بوورانەوە بەفریام دەکەوت و وازی لێ دێنام. بەڵام زەلالەتی بوو بەدەستمەوە. دەمزانی ئەو چێژ لە هەر جەزرەبە لێدانێکم وەردەگرێ. جا باشە چۆن بهێڵم ئەو، هەروا سووك و ئاسان بەئەشکەنجەدانم، گەشکە بیگرێ و گەزگەز بالای پێ بکا؟!. چۆن بواری بدەم ئازاری من ببێتە لەزەت بۆ ئەو؟!. چۆنی لێ نەکەم بەقورزەڵقورت و بەژەهری مار؟!. نا.. ناهێڵم. با هەرچی شێوەیەکی دۆزەخییانەی ئەشکەنجەدان لە هەگبەکەیدا هەیە، درێغی نەکا و بەکاریان بێنێ. پێستی سەری رووتاوەم پارە پارە بکا. چاوی چەپم نابینا و قۆڵی ڕاستم بشکێنێ. با بمخەسێنێ و لە پیاوەتیشم بخا. بۆ منێکی لە زووەوە ئامادەی شەهیدبوون، هیچ ناگەیەنن و هیچ لەو چارەنووسەم ناگۆڕن . یا من هەبم یا نەبم، شتێکی ئەوتۆ لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی ناگۆڕێ. گرینگ ئەوەیە حزب هەبێ و بمێنێ. شیوعییەت هەبێ و بمێنێ و سەرفراز و سەرکەوتوو بێ. من یەکەم قوربانیی ئەو ڕێگەیە نیم و دوا قوربانییش نابم. ملیۆنانی پێدا ڕەت بوون و ملیۆنانی تریش، بۆ گەیشتن بەدوا سەرکەوتن و بنبڕکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، ڕێچکەی تێ دەبەستن. ملیۆنان قوربانی لە چاو ملیاران مرۆڤدا کە بۆ هەتا هەتایە ئاسوودە دەبن، ئەو ژمارەیە نییە سڵی لێ بکرێتەوە. بە تایبەتیش کە خۆبەخشینە، بە حوسن و ڕەزای قوربانییەکان خۆیان. خۆ من کەس زۆری لێ نەکردووم و قامچیم بەسەر سەرەوە نەبووە. ڕاستە دایکم و باوکم ڕێنیشاندەرم بوون. بەڵام زۆریان لێ نەکردووم. بەوە بووایە دەبوو تانیاش وەك من بێ. کەچی نەك هەر وەك من دەرنەچوو، بگرە ئەو عەشقە پیرۆزەشمانی بەلاوە نا، کە سالانێ بوو بنجی لە دڵ و دەروونماندا داکوتا بوو!. ئەو ئەگەر بە قسە بووایە، دەبوو لە گۆڕیشدا لێم جودا نەبێتەوە. وای

دەوت... هەموو جار وای دەوت. بەساقە و بەقوربانەکانی ئەوەندە لە قووڵاییی دڵەوە و ئەوەندە گەرموگوڕ بوون، کە قەت قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستم لێ بەربدا. سەرەتا لەژێر پەردەی عەشقە ئاگرینییەکەیدا کەوتە ئامۆژگاریکردنم: هاوڕێ بەساقە.. ئەوەندە سەرەڕۆ مەبە. ئاگەداری خۆت بە و حسابێك بۆ من بکە. کەچی لە گەرمەی چاوەڕوانیمدا بۆ پێ شادبوونی، بە نامەیەکی دێر و نیوی، هەرەسی بەو هەموو هیوا و ئاوات و حەز و ئارەزووانەم هێنا، کە ساڵانێك ڕەنگم بۆ ڕشتبوون و تەلارێکی سەد و یەك نهۆمیم لێ بنیات نابوون. باشە ئەوە من و تانیا وەها. ئەی هاوتا و شیلان بۆچی؟!. یا ئەوانیش واز لێ بێنە. ئەی هاوژین و داخوازەکەی، کە لە هەردووك دڵتەزێنتر بوو؟!. ئاخر هاوژینێکی فریشتەی پەپوولە، کەی هی ئەوە بوو بەو دەردە بچێ؟!. بە چەشنی چۆلەکەیەك هات و بەسەر شانمەوە نیشتەوە. بەدەنگێکی شەرمنانەی نزم، بە گوێمیدا چرپاند: کاکە.. تۆ ئەو کوڕە باش دەناسیت؟.. تۆ لێی دڵنیایت و ڕەزامەندییەکەت لە ناخەوەیە؟!. کاروان... یادت بەخێر و هەردەم نەمر بیت.. هیچ حاڵەتێ هێندەی ئەوەی تۆ سەرسامی نەکردبووم!. بگرە بۆم دەردەکەوێ، کە ئەندامی هەرە چالاکی شانەکەیت!. باشە ئێمە سێ ساڵی قوتابخانە کە پێکەوە بووین و دواتریش، ئەو دوو سێ ساڵەی نزیکی یەکتر بووین، کوا تۆ سەرت لە سیاسەت و حزبایەتی دەخورا؟! یا ئەو هەموو کەمەندانەی بۆتم هەڵدەدان و بەگیریان نەدەهێنایت؟! کەچی لە کۆبوونەوەکەدا بۆم ئاشکرا دەبێ، کە جەنابیشت لە چقە دەرکردووەکانیت.. لەو بابەتەیت کە هەر هێندەی سەرت لە هێلکە جووقاوە، ملت بەڕێگەکەوە ناوە و ئێستاش، وا لە شاخیت و پێشمەرگەیت و داوای هاوژینی خوشکمت کردووە، ببێتە هاوسەرت. لێرە لە شاخیش ئەگەرچی پێکەوە نەبووین، بەڵام ئەوە دوو ساڵە وەك پێشمەرگەیەکی ئازا و دلێر، زوو زوو هەواڵت دەبیسم. ئیتر چۆن لە وەڵامی هاوژیندا ناڵێم: ئا و سەد جار ئا. بەڵام داخ کاروان.. هێشتا هەڵمی ئایەکەی من و دایکم و هاوژین نەڕەویوەتەوە، گوللەی دوژمن لە شەڕێکدا دەتپێکێ و هەواڵی جەرگبڕت دەگاتە لامان. هاوژین بەچاوی پڕ لە فرمێسکی تێکەڵ لە سەرسامییەوە، تێم دەڕوانێ و دەڵێ: کاکە.. بۆچی؟!. من سەری بەقژە ڕەشە خاوەکەیەوە، بە سنگمەوە دەنووسێنم و هیچم بۆ ناوترێ. چیم بۆ بوترێ و چیم لە دەست دێ؟!. من خۆشم بە هەمان ڕێگەدا هەنگاو دەنێم. هاوژین بە کوڵ بۆی گریا.. زۆر بەکوڵ. تێگەیشتم پێوەندییەکەیان، بریتی نەبوو لە تەنیا خوازبێنییە ئاساییەکە. دایکم فێری

نەکردبووین شت لە یەکتری بشارینەوە. دواتر لێم پرسی: هاوژین گیان.. خۆشت دەویست. وتی: ئا کاکە.. زۆر.. کوڕێکی زۆر ڕێکوپێك بوو. هاوژین ناهەقی نەبوو... وا بوو. لە بابەتی جەمال بوو. بەوە ئەو دوو فرسەتی باشی لە دەست چوو.. دوو فرسەتی... ئای!.. دیسان لام دابووەوە!. چەندم ژمارد؟!.. دوو؟! ئا.. سێیەمیان کوڵەوەیبابەکە بوو. خەڵکەکە دوایی وتیان: تۆ دەبێ دژە ژەهرێکی سروشتی لە خوێنەکەتدا هەبێ، دەنا بەهەر کەسێکی ترییەوە بدایە، ستەم بوو ڕزگاری ببێ. بەتایبەتیش کە دوو سەعاتی پێچوو، هەتا شرینقە و دەرمانم فریا خرا. من ئێستا و ئەوسا بەچاو نەمبینی، خەڵکەکە باسیان کرد، کە کوڵەوەیبابێکی گەڕی قەف ئەستوور بووە و هەندێك وتیان، شاخیشی هەبووە. سەیر ئەوەیە من خۆم هەر لە منداڵییەوە، لە مار دەترسام و لەو دەشت و دەرەش، خۆمم زۆر لێ دەپاراست. دەستم بۆ ناو گژوگیایەك نەدەبرد.. توخنی ناو دار و دەوەن و قامیشەڵانێك نەدەکەوتم.. هەنگاوم بەناو پوشوپەڵاشێکدا هەڵنەدەهێنایەوە، تا تەواو دڵنیا نەبوومایە. کەچی ئەو نەگریسە، نازانم لە کوێدا خۆی مەڵاس دابوو، لە پشتەوە پەلاماری دام و جەزرەبەی گیاندە پووزم. لە یەکەم ساتەوە زانیم گازی مارە و هاوارم کرد: مار و لە ترسانیشدا بەرەوپێش ڕام کرد. خەڵکەکە دەمودەست، ئابڵووقەیان دا و بەسزای عادیلانەی خۆیان گەیاند. ئا.. عادیلانە، چونکە من هیچم لێ نەکردبوو. هەندێك وتیان: ڕەنگە پێت بەکلکیدا نابێ. من وتم: لەوە ناچێ.. چونکە شوێنەکە ڕەقانی بوو. ئەگەر وا بووایە هەستم پێ دەکرد. دەی سا بەوەش نەمردم، ئەگەرچی ئازارەکەی هێندە تیژ بوو، دۆزەخی نیشاندام.. ئازاری تیژ؟!. یانی تیژتر لەوەی لەمەڕ کەچەڵییەکەی جەلادە کەرتڕەکە؟!. نا.. هەرگیز نا. ئەویان حاڵێك بوو، ئەمیان حاڵێکی تر. جا بۆ؟!. خۆ بۆ ئەگەری مردنەکە وەك یەك بوون. لەمیشیاندا دەشیا وەك حەمید، ئەشکەنجەکوژ بکرامایە. کەچی تەنیا بەچاوێکی کوێرکراو و قۆڵێکی شکێنراو و نینۆکی دە پەنجە دەرکێشراو و پێستەسەرێکی جنراوەوە، لێی دەرچووم و بەوەش نەمردم و ئەوە بوون بە چوار. بەڵام وابزانم پێنجەمیش هەیە و ئینجا شەشەم دواییینیانە. پێنجەمەکە لە هاوتای ناموبارەکەوە بوو. ئەوە پێش مار پێوەدانەکەی من و کارەساتەکەی ئەو، بەچەند مانگێك بوو. نا نا.. بەساڵێك و زیاتریش. وتم: کۆ مەلە نازانیت و لە قەراغەوە بە. نەکەیت بێیتە قووڵاییەوە. وتی: باشە و من چووم بەلای مەلەکردنی خۆمەوە. کەچی لە ناکاوێکدا هاواریم کەوتە بەرگوێ و کە ئاوڕم بەلایدا دایەوە، سەیرم کرد وا هاتووەتە قووڵاییەوە و پەلەقاژەیەتی. خۆم گەیاندێ و ویستم

سەر ئاوی بخەمەوە، لە تاو گیانی خۆی شاڵاوی هێنا و سواری سەرم بوو. ئەوسا من ژێر ئاو کەوتم و منیش بەناچاری، ئەوم لەسەر سەرم هەڵپچڕی و بێ ئەوەی دەستی لێ بەربدەم، دام گرتە خوارەوە. ئێستا من سەر ئاو کەوتوومەتەوە و ئەو ژێر ئاو. ئیتر نازانم چەند جار، ئەم کێشمەکێشەمان دووپات کردووەتەوە. بەڵام هێندە دەزانم کە لە ئەنجامدا، پێم نیشتە سەر زەوی و پەلی ئەویشم هەر بەدەستەوە گرتبوو. من دواتر کە کارەساتەکەی لێ قەوما، بەدەست خۆم نەبوو لە دڵدا خۆزگەم دەخواست، بەو ڕووداوە بفەوتایە و لەوێدا ببڕایەتەوە، نەك ئەو داخەی بە جەرگماندا بنایە کە نای و بەتایبەتی دایکم. من و هاوژین زۆرمان هەوڵ دا کارێك بکەین، نەیەڵین ئەو باسە مێشکی هێندە بکرۆژێ. دەمانویست بەوەی دابمرکێنین، کە ئەوەش کارەساتێکە وەك هەر یەکێ لە کارەساتەکانی تر و بێ سوود بوو. دەیوت: خۆ ئێوە دایکی نین.. من دایکیم.. قسەی هیچوپووچم بۆ مەکە. من خۆم دەزانم، چ شیشێکی سوورەوەکراو دەچەقێتە جەرگم.. چ ئاگرێکی بەکڵپە، هەناوم دەقرچێنێ. ئیتر ئێوە بۆ لێم ناگەڕێن؟!. من هەستم پێ دەکرد و دەمزانی، لە چ حاڵێکی سەخت و ستەمدایە. ڕۆژان و بەتایبەتی شەوانێکی دژوار بوون. نەدەنوست. بۆ ساتێك چییە چاوی نەدەچووە خەو. گریان.. بەکپی گریان و کڕووزانەوە و بگرە، بەکپی خۆ تووناکردن. من و هاوژین چەندان جار، وەنەوز دەیبردینەوە و ڕادەچەنین و دەچووینەوە پاڵی و ئەملا و ئەولامان لێ دەگرت: دایکە گیان.. تۆ کەی ئەوەندە بێ ورە بوویت؟!. تۆ ئێمەت بە چ گیانێك گۆش کردووە و ئێستا، چیت لێ دەبینین؟!. دایکە گیان.. ئاخر خۆ هێشتا ئێمەت هەین و لەبەر خاتری ئێمە، دان بەخۆتدا بگرە و هێور بەرەوە. دادی نەدەدا و دەیوتەوە: ئێوە دایکی نین.. من دایکیم من. ئەو دایکە ئەسپەژنەم کە کێوێك بوو بۆ خۆی، دایە بنێسییەکی ئەوتۆ، تەنیا قاوغێکی وشکوبرنگی لێ مایەوە. باشە ئەوسا وای بەسەر هاتبێ، ئەی ئێستا؟!.. ئێستا کە منی کوولەکەی ڕۆحەکەی لێ ون و بێ سەروشوێنە، دەبێ لە چ حاڵێکدا بێ؟!. دایە گیان.. دایکە مریەمەکەم.. من خەمی تۆ دەمپرووکێنێ. من هیچ گرفتێکم لەگەڵ خۆم و ژیان و مردنی خۆمدا نییە. گرفتی گەورەم تۆیت تۆ. ئێستا لە کوێیت و لە کام کون و کەلەبەردا، گیرساویتەوە و حەشارت خواردووە؟!. دەمەوێ بتبینمەوە دایە.. حەزی بینینەوەت هەراسانم دەکا و دەمبرژێنێ. لە کوێیت.. ئێستا ئا لەم ساتەدا لە کوێیت؟!. خۆ خۆت دەزانیت، یەك بەیەکی ئەوەکانی جاران پێ دەزانم و لە چاوترووکانێکدا دەتدۆزمەوە. لەوانەشدا نەبیت و لە هەر شوێنێکی تردا بیت، بە بۆن و بینایی و

مەزەنەی قودرەتیم، دەتدۆزمەوە و دەگەمە لات... ئا... ئەوەتایت... زرتەبۆزێکم و لە کۆڵ باوەش و سنگ و مەمکانت نابمەوە. بەشی خۆمم لێ نۆشیون و بوومەتە، هاوبەشی هاوتاش. خۆت دەڵێیت: زرتەبۆز بەسە ئیتر. تۆ گەورەیت و بوویتەتە کاك. بەڵام کاك واز ناهێنێ. باوەشێکی گەرمونەرمە. بۆنی ڕێحانە و مێخەکی لێ دێ. ملوانکەیەکی مێخەکبەند، لە ملەوە بەسەر سنگدا شۆڕ بووەتەوە. چڵێك ڕێحانەی ڕەش، لە نێوان هەردوو مەماندا ڕواوە. دوو چڵیش چەسپێنراونەتە هەردوو لاجانگ. ساواکە شیری مەمکەکان دەمژێ و زرتەبۆزەکە، شیلەی سنگ و بەرۆك و مێخەك و ڕێحانە. مێخەك و ڕێحانە لەگەڵمدا گەورە دەبن و لێم نابنەوە. لە هەر کوێ هەبم پێکەوەین. تا لە تەك دایکمدا دەبم، ئەو دایکم و مێخەك و ڕێحانەکەمە. کە بەتەنیا  دەبم، لە گیرفانەکانی خۆمدان. خزم و برادەر و دۆست و ناسیاوان، هەموو لێی بەئاگان و مامۆستاکانیش. بۆ یەکەم جار دەستم لەلای مامۆستای لە یادنەچووم، مامۆستا کامەران کەوتە ڕوو. دوای دوو سێ جار ڕەتبوون بەلامدا، بەسەرسەرمەوە ڕاوەستا و بەدەستووری هەقایەتە ئەفسانەییەکە وتی: بۆن دێ.. بۆنی گوڵ و ڕێحانان دێ، لەم دەورومەکانان دێ!. هاوەڵەکەی تەنیشتم کە پێشتر پێمی زانیبوو، وەك دەرفەتی ئاشکراکردنی نهێنییەکی گەورەی بۆ ڕەخسابێ، هەڵی دایە و وتی: ئەرێ وەڵا مامۆستا.. لەم دێ!. مامۆستا سەری کەمێ بەلامدا شۆڕ کردەوە و سووکە هەناسەیەکی بۆنکردنی هەڵکێشا و وتی: تەواوە.. ئادەی بزانم!. من هەرچەندە لە خۆم دڵنیا بووم، کە ئەوەی کردوومە ڕەفتارێکی نابەجێ نییە. بەڵام پێوەندییەکەی بە دایکمەوە، جۆرە شەرمێکی لە ڕووی هاوەڵە قوتابییەکانمدا لەلا دەبزواندم. لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبەکەی بەردەمم بۆ یەکالا کردەوە، کە چڵە ڕێحانەیەکم تێدا دانابوو. مامۆستا گرتی بەدەستییەوە و بە هەڵمژینێکی قووڵ،  بۆنی کرد و وتی: ئەڵڵا بۆنی چەند خۆشە. ئەمە کێ دەیخاتە ناو کتێبەکەتەوە.!. خۆشحاڵی و سەروزمانی شیرینی، هانیان دام شەرم بەلاوە بنێم و بڵێم: دایکم. ئینجا کە مامۆستا وتی: ئافەرین بۆ خۆت و بۆ دایکیشت، هاوەڵەکەم بەهاندانی ئەو ئافەرینە،  پڕکێشیی کردە درکاندنی نیوەکەی تری نهێنییەکەم و وتی: مامۆستا گیرفانەکانیشی شتی تێدان. مامۆستا وتی: ئادەی بزانم. لە هەریەکێ لە گیرفانەکانمدا، سێ چوار دەنك مێخەکم دەرهێنان و دامنە دەستی. بەکەیفەوە بۆنی کردن و داینانەوە و وتی: دووجار ئافەرین. ئیتر لە زاری ئەوەوە، مامۆستاکان هەموو پێیان زانی. من ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە ماڵەوە، هەقایەتەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە... دایکە

لە بیرتە؟!.. لە بیرتە لە خۆشییاندا چۆن باوەشت پێدا کردم؟!. من باشم لە یادە کە ئەوە، لە حەوشەی خانووە گەورەکەی گەڕەکی مامۆستایاندا بوو. باوکیشم بەسەردا هاتەوە و پەتای شادمانییەکەی تۆ گرتییەوە. وتیشی: مریەم.. ئەم مێخەك و ڕێحانەیەی تۆ، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێتە دروشمێك!.. دایکە مریەم.. دایکە مێخەك و ڕێحانەیییەکەم.. لەو ساتەوەی کەوتوومەتە چنگی دوژمن، هەردەم لایەکی مێشکم لەلای تۆ بووە. سەرەتا ترسی بەردەستکەوتنت دڵمی دەپرواند. کە ئەو ترسەم نەما، خەمی ئاگەدارکردنت دەیپڕووکاندم.. دەمزانی ئازاری بێ سەروشوێنبوونم لەلات، سەد هێندەی ئازاری زانینی گرتنەکەمە. بەڵام ئەو خەمەم ئێستا و ئەوسا لێ نەڕەوییەوە. جەلادەکانم بواریان نەدا و نەدا. لەلای تۆ من هێشتا هەر بێ سەروشوێنەکەم. ئێستاش وا جۆرە جەلادێکی ترم لێ قوت بوونەتەوە، کە سەریان لێ دەرناکەم. بابەتێکی نوێن و بەرگێکی نوێیان پۆشیوە. ئەمانە وام دەدوێنن و بەچەشنێك ڕەفتارم لە تەکدا دەکەن، کە دەڵێت لە پشتاوپشتەوە، نان و پیازمان پێکەوە خواردووە!. ڕووخۆش... سەروزمان شیرین.. خانەدان و میهرەبان و خزمەتگوزار. دروست دەڵێیت لە ساڵان و لە مانگان، لە ناکاوێکدا شەرەفی میواندارییی ئازیزترین میوانیان پێ بەخشراوە!. دەبێ چی بێ دایە.. دەبێ ئەم دەستە جەلادەی ترم، نیازی چییان هەبێ؟!. ئەمان چییان لەژێر سەردایە و نەخشەی چ پیلانێك جێبەجێ دەکەن؟!. ئەمەیان جارێ با لەولا بوەستێ. بەڵام ئەلحەقی خانەخوێن نەگاڵتە!.. میزم دێ و خراپ تاوی داوم. دیارە دەبێ خانەخوێ نەجیبەکانم ئەو حسابەشیان بۆ کردبم. ئا.. کابرا نەیوت: داخوازیت فەرمانە و داوا بکە و جێبەجێی بکەین؟!. ئەوی تریشیان نەیوت: ژوورەکەت زەنگی تێدایە و زەنگمان بۆ لێ بدە و لە خزمەتتدا دەبین؟!. دەی وا دەکەم. نۆکەر و خزمەتکارمن و ئەرکی سەرشانیان پێ بەجێ دێنم!.

قوت دەبمەوە و دادەنیشم. فەیرۆز لە گۆرانییەکەی بووەتەوە. زەلامێك بەدەنگێکی گڕی ناساز، شیعر دەخوێنێتەوە. ڕادیۆکە دەکوژێنمەوە و دەگەڕێم بۆ دوگمەی زەنگ. بەژوور سەرمەوەیە. پێش دەست بۆ بردنی، جەمیل دەبینم هاتووەتە بەردەرگەکە و دەڵێ:

– فەرموو.. چی دەخوازیت؟!.

ساتەوەختێك لێی ڕادەمێنم!. زەنگم لێ نەداوە و هاتووە بەدەنگمەوە!.. چۆن؟! لێکدانەوە و وەڵام، دەبن بەژێر شاڵاوی تەنگەتاوییەوە. دەڵێم:

– دەچمە پێشاو.

دەمودەست دەرگەم بۆ دەخرێتە سەرپشت. ئاودەستم نیشان دەدرێ. وەك لەوەبەر مەزەنەم كردبوو، لە بنەوەی ڕاڕەوەكەدایە. ئاودەست و حەمام بەیەكەوەن. پەنجەرەیەكی هەوایی بەبەرزەوە تێدایە و شیشبەند كراوە. تێدەگەم كە جەمیل بۆچی بێ خەم جێی هێشتم. لە هاتنە دەرەوەمدا بۆم دەركەوت. چووبوو لە بەردەرگەی ژوورەكەمدا چاوەڕێی دەكرد. كە گەیشتمە ئاستی، وەك هەر خزمەتچییەك وتی:

– فەرمانێكی ترت نییە؟!.

من لە ساتی بینینی حەمامەكەوە، خۆزگەی خۆشوشتنم لە دڵ گەڕا. بەفرسەتم زانی و لێم پرسی:

– بوار هەیە خۆم بشۆم؟!.

ئەو بەخەمخۆرییەكی عەنتیكەوە وتی:

– بێگومان.. بەڵام تۆ ئێستا، بەرگی پاكی ژێرەوەت پێ نییە. نەقیب سامر فەرمانی پێ كردووم، سبەینێ زوو بچم، دەرپێ و فانیلە و پێویستیی ڕیش تاشینت بۆ بكڕم. یا هەر شتێكی تر كە داوای بكەیت. جا باشتر وا نییە بیخەیتە سبەینێ؟!.

سەیروسەمەرە!. من خۆم قەت و قەت، شتی وەهام بەبیردا نەهاتووە. تەنانەت لەولا، كە لە ژووری لەسێدارەدان هێنرامە دەرەوە و كاتێك بۆشم دەركەوت، كە بەرەو شوێنێكی نادیار دەبرێم، بە هیچ جۆرێ بیرم بۆ ئەو كەمەكە شڕەوپڕەیە نەچوو كە هەمبوو، تا داوایان بكەم. منێكی چەقۆ لەسەر مل، دەبێ چ دەربەستی ئەو دوو سێ دەرپێ و فانیلە شڕە بم، پێم بن یا نەبن؟! كەچی ئەمانە ئێستا هێندە بە تەنگەوەن، كە نەك تەنیا بیریان لێ كردووەتەوە، بگرە بڕیاریان بۆ داوە و فەرمانی پێ دەرچووە و دەشبێ سبەینێ زوو، جێبەجێ بكرێ!. بەڕاستی سەیرسەمەرەیە!. ئاخر بۆچی و لە پای چی؟!. ئەمانە نیازی چییان لەگەڵمدا هەیە؟!. دیسان پرسیارەكە و لێڕامان و حەپەسان!. لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایی وتم:

– با.

ئیتر ئەوەتا گەڕاومەتەوە ژوورەكەم و سەر جێگەكەم. بەسەرسوڕمانەوە چاوی پێدا دەگێڕم. لە كوێوە بۆ كوێ و بەراوردی لەگەڵ ئەولادا دەكەم.. ئەولای گۆڕە ژوورێكی كۆنكرێتیی ڕەقوتەق و ڕووت. تاریك و نووتەك و شێدار. سیخناخ لە هاڵاوی مەرگ.

گۆڕێکی زیندوو لەخۆگر.. زیندوو تەنیا بەکزە زیتەیەکی چاو، دەنا بەسەراپای جەستە، مردووی پێش مردن!. ئا.. لەوێوە بۆ ئەم ئێرە پەشمەکییە تەلیسماوییە!.. ئێرەی ناو هەقایەتێکی ئەفسانەییی گوێ ئاگردان. ئا بەڵێ هەبێ و نەبێ، ئەمانە ڕووداوەکانی هەقایەتێکی ئەفسانەیی نمایش دەکەن و منیشیان بۆ کردووەتە دەسکەلا. یا بەمانایەکی تر، کراومەتە پاڵەوانی ڕووداوەکان. یا ئەگەر ئەوە نەبێ، ڕەنگە خەریکی دەرهێنانی فیلمێکی لەو بابەتە بن و بەدزییەوە و بەبێ ئاگەدارکردنم، منیان تێدا کردبێتە یەکێك لە نمایشکارانی، یا دوور نییە نمایشکاری سەرەکی: هیچ دوور نییە!. ئەو هەموو سەرزمانشیرینی و لوتف و نەزاکەتەی دەینوێنن، تەنیا لە کەسانێکی هونەرمەند و ڕووناکبیری مرۆڤدۆست دەوەشێتەوە. هەر دەبێ وا بێ. بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، کراومەتە نمایشکاری سەرەکیی فیلمێك. ئەگینا منێکی بەمۆلەق وەستاوی سەر قەراغی مەرگ، بە چ مانایەك لەو گۆڕە تەنگوتارەوە، دەهێنرێمە ناو ئەم ژوورە پەشمەکییە؟!. ها؟!.. بە چ... بەلام تۆ ڕاوەستە.. لەسەر لێواری مەرگیت و داڵغەی، بەئەکتەربوون و فیلم دەرکردن لێ دەدەیت!. هەر لەوەت کەم بوو!.

سەرێکی گاڵتەهاتن بەخۆ بادەدەم و پێکەنینم بەخۆم دێ. دەست دەدەمەوە ڕادیۆکە و قەدەرێ، بەبێ مەبەست میل دەگێڕم. هۆشم بەلایەوە نییە. بەلای هیچ شتێکی دیاریکراوی تریشەوە نییە. بێ لەنگەر و بەرەڵایە. ئەو ساتە دەگمەنانەیە کە مێشك، نە مردووە و نەخەوتووە و نە لە گەڕدایە. ساتانێکی کورتخایەنی برووسکەیین و ئەوەتا، دەستوبرد بە ئاگا دێمەوە و میل لەسەر مۆسکۆ گیرساوەتەوە. باس لە بیریسترۆیکا و گلاسنۆستە. تامەزرۆم شتی نوێیان لەبارەوە ببیسم. بەر لە ساڵێك و چوار مانگ و نۆ ڕۆژ، شەوەکەی بۆ دوا جار، دوا باسم لەبارەیانەوە لەم ڕادیۆی مۆسکۆیەوە گوێ لێ بوو. پێشتریش وەك هەر شیوعییەکی قوڕنە بەقوڕنەی ئەم سەرزەمینە، لە نووکەوە ئاگام لەم باسوخوازە بووبوو. ئەندامێکی تەمەن پەنجا و چوار ساڵە، بووەتە سکرتێری گشتیی حزبەکەی لینین. بەنیازە بەڕێگەی بیریسترۆیکا و گلاسنۆستدا، خوێنێکی نوێ بەورد و درشتی دەمارەکانی حزبدا بگێڕێ. تین و توانایەکی نوێی بەبەردا بکا. لەگەڵیدا دەوڵەت و داوودەزگاکانی ڕادەچەنێنێ. کۆمەڵیان لە هەموو بوارێکدا، پێ دەباتە پلەیەکی نوێی پێشکەوتنەوە. لە ئەنجامیدا یەکەیتی شوورەوی لە هەموو ڕوویەکەوە، تەکان بەرەو پێشەوە دەدا و بە دوایدا، ولاتە سۆشیالیستەکان و ئینجا، بەرەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە هەموو جیهاندا، دەچنە پلەیەکی نوێی

گەشەکردنەوە. بەوەش بەرەی سەرمایەداری، لە دوا هەرەسهێنان و گۆڕ بەگۆڕبوون نزیك دەبێتەوە و ئیتر، مرۆڤایەتی بۆ هەتا هەتایە، لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ڕزگاری دەبێ.

ئا.. ساڵێك و چوار مانگ و نۆ ڕۆژە و تامەزرۆم. کەچی شتێکی ئەوتۆی نوێم بەرگوێ ناکەوێ و دڵتەنگ دەبم. ماوەیەکی تر و تاقەتی گوێ لێگرتنیم نامێنێ و زەینی لێ کەلا دەخەم. دەزانم کاتی دەنگوباسی نزیکە. بەو تەمایە میلی لەسەر دەهێڵمەوە. نا. تەنیا ئەو تەمایە نییە. هۆگرییەکە و تێکەڵ بەخوێن بووە. هەوەسێکە و لە مۆخدایە. ئارەزوویەکە و بنجی ڕۆچووەتە ناو هەناوەوە. میراتییەکیشە و ماوەتەوە... باوکم پاڵی بەدیوارەوەیە و شانی داداوەتە سەر بالیفێك. ڕادیۆی لە بەردەمدایە و دەستی بەمیلەوەیە. دایکم لە نزیکییەوە دانیشتووە و هاوژینی لە کۆشدایە. جلی شۆڕدراو قەد دەکا و دەیانخاتە سەبەتەیەکەوە. هاوتا چووەتە کۆڵی و ئەویش جۆلانەی پێ دەکا. من بەتەنیشت سەبەتەکەوە ڕووەو دایکم و باوکم، سەرم بەسەر دەفتەرێکدا شۆڕ کردووەتەوە و خەریکی، نووسینەوەی ئەو دەرسەم کە دایکم پێمی دەڵێتەوە. باوکم دەست بەمیلەوە لە چاوەڕواندایە و دایکیشم. چاوەڕوانی درێژە ناکێشێ و درنگ.. درنگ.. زەنگە تەلیسماوییەکەیە. زەنگێکە کە سەدای زرنگانەوەی، لە پانتاییی دڵ و دەروونتدا دەنگ دەداتەوە و هەستێکی پڕ لە ئاسوودەییان پێ دەبەخشێ.. هەستی دڵنیابوون لە سەرکەوتنی بەرەی چەوساوان، بەسەر چەوسێنەراندا و بەدیهاتنی خەونە دێرینەکەی مرۆڤایەتی، بەڕزگاربوونی هەتاهەتایی لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. ئا.. درنگ.. درنگ.. درنگ و ئەوەتا باوکم، مەست بووە و ئارامتر پاڵی داوەتەوە و قاچی لێ ڕاکێشاوە. سەراپای جەستەی تامەزرۆی بیستنە. دایکیشم وازی لە قەدکردنی جل و جۆلانە پێکردنی هاوتا هێناوە و خامۆشە. وەك باوکم تامەزرۆی بیستنە. خۆ منیش دەستم لە نووسینەوە هەڵگرتووە و وەك ئەوان گوێ قوڵاغم!... زایەڵەکە وەك ئەوان کەمەندکێشی کردووم!. بۆچی؟!. نازانم! زایەڵەیە و دەدا لە پەرەی دڵ. تەلە هەرە دەزووڵەییەکانی هەست و نەست دەلەرێنێتەوە. مرۆڤایەتی لە مرۆڤدا دەگەشێنێتەوە. زایەڵەیەکە کە گەرای تەنانەت، لە ناخی جەلادەکانیشدا هەیە و کەرترەکەش لەگەڵیاندا. ئا.. ئەویش جارێکیان بۆ ماوەی چەند ساتێك، لێم بووەوە بە مرۆڤی ئاسایی و کەوتە ژێر ڕکێفی، هەستی بەزەییەوە. چوار پێنج سەعات بوو هەڵواسرا بووم و حاڵم زۆر شڕ بوو. وەختی ئەوە نەهاتبوو بۆ لێدان بێتەوە گیانم و

بەرێکەوت بەلامدا ڕابوردبوو. ڕاوەستا و وتی: ها پاڵەوان.. چۆنیت؟!. من تینوویێتی بەچەشنێك هەراسانی کردبووم، کە ئازاری هەموو شێوەکانی ئەشکەنجەدانم لە چاویدا هیچ نەبوو. تا ئێستاش نازانم چۆن لە دەمم دەرچوو، داوای ئاوم لێ کرد. بەدرێژاییی ڕۆژانی لەوەبەری ئەشکەنجەدانم، شتی وەهام لێ نەوەشابووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا داواکەم دوور لە پاڕانەوە بوو. بگرە پەنجە بەچاوکردنیشی تێدا بوو کە وتم: بۆ تەنیا یەك جار، تۆزقاڵێك پیاوەتیت تێدا بێ و کەمێ ئاو بکە بە دەممەوە!. بەبیستنی قسەکەم، بەرامبەرم ڕاوەستا و حەپەسا. ماوەیەك بە سەرسوڕمانەوە تێم ورد بووەوە. من ئەگەرچی داواکەم لە دەم دەرچووبوو، بەڵام لە داپلۆسین بەولاوە، چاوەڕێی هیچی ترم لێ نەدەکرد. کەچی بانگی کردە پاسەوانێك و فەرمانی دایە، کە دۆلکەیەك ئاو بێنێ. پاسەوان دۆلکە ئاوی هێنا و دایە دەستی. ئەوسا هات بەرامبەرم ڕاوەستا و وتی: ئەگەر داواکەت بە ئاستەمێ بۆنی پاڕانەوەی لێ بهاتایە، جێبەجێم نەدەکرد!.. ها زەقنەبووتی بکە!. دۆلکەی بەرز کردەوە بیکا بەدەممەوە و لەوەدا بوو بگاتە ئاستی لێوم و دای گرتەوە. لە دڵدا وتم: تەنیا ساتەوەختێك بڕی کرد و بووەوە بە جەلادەکە!.. کەچی وا نەبوو. هێشتا لە ساتەکانی بەمرۆڤبوونەوەیدا بوو. بە پاسەوانەکەی وت: دای بگرە. پاسەوان هەر هێندەی دەستی هەڵواسینمی کردەوە، دارمامە سەر زەوی. پەرۆشیم بۆ خواردنەوەی ئاوەکە، هانی دام خۆم لەسەر باری دانیشتن بهێڵمەوە. ئینجا ئەو دۆلکەکەی بۆ ڕەت کردم، تا وەری بگرم و بیخۆمەوە. بەڵام هەرچەندم کرد دەستم بۆ نەبزوێنران. دەتوت جەستەم دەستی پێوە نەماون. ئەو هێشتا لە ساتەکانی بەمرۆڤبوونەوەیدا مابووەوە. دانیشتە سەر چیچکان و قەراغی دۆلکەی نا بەدەممەوە. ڕای گرت تا تێر تێرم خواردەوە. لەوەبەدوا داخزایەوە ناو پێستی جەلادەکە و وتی: پاڵەوانی ئاخر زەمان حاڵت شڕە. ئەم پەرۆشییەت بۆ ئاو، نیشانەی دوا لنگەفرتێتە. لەگەڵ ئەوەشدا بواری ڕزگاربوونت هێشتا لە بەردەمدا ماوە. تا نەچووە بچێ بڵێ بەس و دەمێنیت. دەنا تریاویت بەکێری بارگیرماندا. وەڵامی من ڕاکشان و بوورانەوە بوو. بوورانەوە لە کاتی ئەشکەنجەداندا، فریشتەی فریاکەوتنە. کاتێ جەلاد.. جەلادی ڕاستینەی هۆقەلی، سەرگەرمی ئەشکەنجەدانی نێچیرەکەی بەردەستی دەبێ، زۆر جار حاڵی لێ دێ و بەچەشنێ جەزب دەیگرێ، مەگەر بوورانەوەکە بە ئاگای بێنێتەوە و ڕاگیری بکا، دەنا وەستانەوەی بۆ نییە. نهێنییەکەش لەوەدایە وا دەکا، کە جەنابی نێچیر لێ بووەتەوە و ئیتر ئەشکەنجەدانەکە، هیچ لەزەتێکی پێنابەخشێ!. ئینجا کە

دواتر دەردەکەوێ نەخەیر ماوە و هێشتا بەبەرییەوە هەیە، گەشکەی تێهەڵچوونەوە لە نووکەوە دەیگرێ و سوورەکە، دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە. لایەنێکی تری پڕ سەیروسەمەرەی ئەم پێوەندییەی نێوان جەلاد– نێچیر لەوەدایە، کە جاری وای تێ دەکەوێ جەنابی جەلاد خۆیشی ئەشکەنجە دەدا. خۆیشی بەر جەزرەبەی کوێرانەی خۆی، یا لنگەفرتەی نێچیرەکەی دەکەوێ، وەك لە هیشامە کەرەکەی لەمەڕ خۆم قەوما!. مەبەستم لەو جارە نییە کە گەیشتە تینم و پەلاماری قاچیم دا و خستم بەپشتدا.. نا.. باسم لە کارەساتی کێربڕینەکەیە. بەخۆی و چەقۆیەکی میوە خواردنەوە، هاتە وێزەم و وتی: ئیللان و بیللان لە بندا بۆتی دەبڕم و دەشی ئاخنمە پاشووتەوە. من ئەوەتا بەڕووتوقووتی هەڵواسراوم و دەست و پێم شەتەك دراون. ئەوان دانیشتوون پرتەقاڵ و سێو، پاك و لەت دەکەن و مڵچەمڵچ دەیخۆن. هیشام لەگەڵ زەهرکردنی هەر قاشێکدا، گوپی پڕ لە فوو دەکا و دەنکەکانی وەك ساچمە، دەتەقێنێتە دەموچاوی من. منێك کە گەیەنراومەتە کەناری مەرگ، ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە بۆ خۆم، بە سووکایەتی پێکردن دەزانم. لە عۆیەیدا تۆپەڵە تفێك لەناو دەممدا خڕ هەڵدەدەم و بە هەموو هێزێکمەوە تێی دەگرم. تۆپەڵە تف خواوڕاستان، ئامانج دەپێکێ و بەناوچەوانییەوە دەنووسێ. ئەو شێت و هار دەبێ. لە ژوورەکەدا بەهەر چوار پەل سەما دەکا و چەقۆکەشی بەدەستەوەیە. تا لە ناکاوێکدا لێی بەئاگا دێ. وەك ئاوێك بەئاگرەکەی دەروونیدا کرابێ، هێور دەبێتەوە و بەرامبەرم ڕادەوەستێ. بەئارامییەوە، سەرنج لە نێوان چەقۆکە و ڕوخسارمدا ، دەهێنێ و دەبا... نیازی چییە؟!. گوێچکەم دەبڕێ یا زمانم؟!. ڕەنگە زمانم!. وا ناکا. سەرنج بەرەو خوار دادەگرێ. سەرنج لەسەر گەڵوگونم ڕاگیر دەکا!. چەقۆکە بەمەغزاوە، بەمدیو و بەو دیویدا، لە لەپی دەستیدا دەخشێنێ. خوڕپەیەکی تیژ بەسەراپای هەناومدا، تێسکە دەکا و ئازارێکی دەمەگوێزانیم پێ دەبەخشی. خۆ ناشێ بیەوێ..؟!.. تەواوی ناکەم و دەنگیم دێتە بەرگوێ دەڵێ: لە بندا بۆتی دەبڕم و دەشی ئاخنمە پاشووتەوە!. ئەوە یەکێك بوو لەو هەڕەشانەی دڵم لە ئاستیدا لەرزی. ترس و سامێکی بێ ئامان شاڵاوی بۆ هێنام. ترس لە ئازارەکەی نەبوو. لەگەڵ ئازاردا سیوام بووبووەوە. لە لایەنەکانی تری کردەوەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەستوبرد جڵەوی خۆمم گرتەوە. لەسەرخۆ وتم: بیبڕە.. مردوو چ بەتەنگەوەیە بیمێنێ یان نا؟. وتی: هێشتا نەمردوویت. وتم: بەلای تۆوە نەمردووم.. بەلای خۆمەوە لە دەمێکەوە لێ بوومەتەوە. ئەمجاریش دژە هەڕەشەکەم سەری گرت و

گرەوم لێ بردەوە. ماوەیەك بەرامبەرم ڕاوەستا و ددانی لێ جیڕ کردمەوە. لە ئاستمدا سەراسیمە بووبوو. نەیدەزانی چی بکا!. لە ئەنجامدا، شەقێکی لە قنگی خۆی هەڵدا و جێی هێشتم. ئا... ئەوم وەها بۆڕ دا و دەبێ لەگەڵ ئەمانەشدا وەها بم و بەولاوەتریش. ئەگەر ئەو وەختە هێشتا کزە هیوایەکەم هەر مابوو، خۆ ئێستا هیچ هیچم نەماوە. پەتە و لە ملمدایە و تەنیا فەرمانی، (بیجەڕێنن)ەکەی ماوە. ئەویش هەر هێندەی سەرۆکەکەیان پەنجەی پێدانا، ئیتر کۆتاییە و کوژانەوە. ئەمانە دەبێ...

– هاوڕێ...

ئوسامەیە بانگم لێ دەکا. ڕادیۆکە هێشتا نۆرەی نەهێناوەتە سەر هەواڵەکان و باسی هەر لە بیرۆسترۆیکایە. ئاوڕ بۆ لای دەنگەکە دەدەمەوە و هیچ ناڵێم. ئەو دەڵێ:

– نەخەوتوویت؟!.

بێ چاوەڕێکردنی وەڵام، بەخۆی و سینییەکەوە لێم بەژوور دەکەوێ بەدەستووری شاگرد ئوتێلێك، بەڕێز و پارێزەوە نزیك دەبێتەوە. سینییەکە لە ژوورسەرمەوە دادەنێ و بەبێدەنگ دەکشێتەوە، هەر بەپاڵکەوتنەوە سەرنجێکی دەدەمێ. کووپێك شیر و چا کە هەڵمی لێ هەڵدەستێ.. قاشێکی گەورە کێك.. دەفرێکی قەڵاپەچن میوە!. بینایم بەسەریاندا دەڕوێ و سەرسام دەبم!. عەجەب سەیر و سەفایەکە!. لە ژووری لەسێدارەدانەوە، بۆ سەر تەختی پادشایی!. سێ چوار سەعاتێك لەمەوبەر، بەتەمای پەرداخە چایەکی تفتی سووتاو بووم، بۆم ڕەت بکرێتە ژوورە گۆڕەکەمەوە و ئێستاش، ئەم سینییە ڕازاوەیە!.

سەرنجم لەلای سینییەکەیە و وام بەخەیاڵدا دێ، کە لەودیو دەرگەکە لە لاتەنیشتەوە چاودێری دەکرێم. بۆ غافڵگیرکردنی، بەپرتاو ڕووی بۆ وەردەگێڕم. هیچم بەرچاو ناکەوێ و لە دڵدا دەڵێم: جا بۆچی لە دەرگەوە؟!. خۆ کامێرایەکی شاراوەم بۆ دادەنێن. هەڵدەستم و دەکەومە گەڕان. بست بەبستی ژوورەکە تەی دەکەم و نایدۆزمەوە. بزەیەکی گاڵتەهاتن بەخۆ دەمگرێ.. دیارە.. کامێرایەك من وا بەئاسانی بیدۆزمەوە، دەبێ هونەری شاردنەوەکەی لە چیدا بێ؟!. یا هەر لە بنەڕەتەوە، کامێرا بۆچی شاراوە و بۆ ئاشکرا نەبێ؟!. چ مەجبوورن لێمی حەشار بدەن؟!.

واز دێنم و دەڕوانمەوە سینییەکە. شیر و چایەکە هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەستێ. کێکەکە دەڵێیت ئان و ساتە لە فڕن دەرهێنراوە. میوەکان زۆر نییە لە درەختەکانیان

کراونەتەوە. لە ژووی لەسێدارەدانەوە بۆ سەر تەختی پادشایی!. پاشا فەرموو بخۆ!. پاشا تامەزرۆیە و ئاو زاوەتە دەمی. لیکی تێدا هەڵدەقوولێ و پەیتا پەیتا، بەقومی گەورە گەورە بەگەروویدا، ڕۆی دەچێنێتەوە ناو هەناوی. پاشا فەرموو بخۆ و دوودڵە. تامەزرۆیە و بەگومانە. لە گۆڕە ژوورەکەیەوە، بۆ پێنج ئەستێرە ژوورێك و سینییە میوەجاتێکی شاهانە!. شیر و چایەکە هەڵمی لێ هەڵدەستێ. کێکەکە ئان و ساتە لە فڕن دەرهێنراوە میوەکان زۆر نییە لە درەختەکانیان کراونەتەوە. پاشام و تامەزرۆم و دەخۆم. گریمان لەسێدارەدانەکەم، بە پەت نییە و بەژەهرە. خۆ لەوە بەولاوە نییە!..

***

– هاوڕێ ببوورە.. فەرموو داوات دەکەن.

جەمیلە هاتووەتە بەردەرگەکە و، بە ڕێزێکی زۆرەوە وا دەڵێ. بەرچاییم کردووە و ڕۆژنامەکانیشم خوێندوونەتەوە. لەگەڵ چاوکردنەوەمدا دەیانبینم، خراونەتە ئەمدیو دەرگەکەوە و بە ئوسووڵ دانراون. سینییەکی ڕازاوەتر لەوەی شەوێ و برێتییە، لە قەیماغ و هەنگوین و هێلکە و سەموون و کووپێك چا و پەرداخێکیش، شەربەتی پرتەقاڵ. ئینجا ڕۆژنامەکانی سەورەو جمهووریە و قادسیە  و عێراق و لەگەڵیاندا کۆواری ئەلفبا. سەرەتا سەرم سوڕ دەمێنێ و پرسیارەکانی شەوێم لێ دووپات دەبنەوە. دوایی بەدەستووری شەوێش دەڵێم: هەڵسە پاشا بیانهێنە پێش و بخۆو بخۆوەو بخوێنەوە. بەچی و بەکوێ دەگا بابگا.

ئا... بە یەکەم دانیشتنمان دەگا و شانۆگەرییەکە دەست پێ دەکا. حەز دەکەم لە جەمیل بپرسم: کێ داوام دەکا و ناپرسم. پرسی بۆ چییە؟!. دیارە کە جەنابی خانەخوێکەمە و شەیدای بینینمە. ئێ میوانیش ئاشکرایە چیی خانەخوێیە؟!. ڕاست دەبمەوە و بەهێمنی هەنگاو دەنێمە دەرەوەی دەرگە. من بەنیازی دواکەوتنیم و ئەو بۆ ڕێز لێنان، پێش خۆیم دەدا. دوو سێ هەنگاو و فەرمووی لای دەرگەکەی تەنیشتم لێ دەکا. ئەوەی کە شەو سامر خۆی پێدا کرد و هاتەوە دەرێ. جەمیل تەقەیەکی بە ئەسپایی لێ دێنێ و بێ چاوەڕێکردنی وەڵام، دەرگە واڵا دەکات و دەڵێ:

– فەرموو.

دەفەرمووم و دەمودەست، نەقیب سامر بە پیرمەوە دێ. ئێستا بەرگی سویلی لەبەردایە. پانتۆڵ و کراس و بۆینباخ و چاکەتەکەی داکەندووە. ڕوخساری ورشەدار و

دەم بەخەندەیە. سەروسیمای ئەم کابرایە هەر لە بنەڕەتدا، سروشتکرد بەخەندە و پێکەنینە. من دەبوو لە کاتێکی زووەوە، بۆ ناسینەوەی کەڵکم لێ وەربگرتایە. بە لوتفەوە فەرمووم بەرەو لای زەلامێکی تر لێ دەکا. ئەویش بە بەرگی سویلەوەیە و چاکەتی داکەندووە. چاکەت داکەندن نیشانەی گەرما یا سەرقاڵبوونی کارکردنە. ئێستا گەرما نییە و دەبێ، کارکردن بێ و بەتایبەتی لەگەڵ من و لە مندا. وا دیارە ئیتر فیلمەکە دەست پێ دەکا. ئەم زەلامەش هەر دەم بە پێکەنینە و.. ئای!.. خۆ شێوەی ئەمیشیان دەکەم!. لەوە دەچێ لەوەبەر ئەمیشم دیبێ!.

– مقەدەم ئەمجەد.

سامرە وا دەڵێ.

ئەمجەد هەستاوەتە سەرپێ و بە پەرۆشەوە دەستم دەگوشێ. ئینجا سەرنجم بۆ لای مێزێ ڕادەکێشێ، کە دەکەوێتە بنەوەی ژوورەکە و دەڵێ:

– فەرموو دانیشە.

دەچم و دادەنیشم و ئێستا شێوەی دانیشتنەکەمان بەمجۆرەیە: من لەسەر کورسی و مێزی پاڵ دیواری بنەوەی ژوورەکەم. ئەمجەد لە پاڵ دیواری لای ڕاستمدا و سامر، لە پاڵ دیواری لای چەپمدا. ئەگەر بەرگە تایبەتییەکەی بەندیخانەی منی لێ بگۆڕدرێ، بەوەی لەبەری ئەواندایە (کە خۆشیان هەستی پێ دەکەن و ئەمڕۆ بۆمی دەگۆڕن)، ئەوا دیمەنەکە وای لێ دێ کە لەم ژوورەدا، من سەرۆکم و ئەوان کارمەندی بەردەستم!. لە دڵدا پێکەنینم بەبۆچوونەکەم دێ. بۆم ناشاردرێتەوە و لە شێوەی بزەیەکی سەرلێودا، خۆی دەنوێنێ. ئەوانیش لێی بەئاگا دێن و دەڕواننە من و یەکتر. لێمی ناخۆنەوە و ئەمجەد دەڵێ:

– پێت سەیرە؟!.

بزەکەم لێ بەرینتر دەبێ و دەڵێم:

– بێگومان.. لەوە دەچێ لەلای خۆتان داتان مەزراندبم!.

– وەك سەرۆکیش؟!.

– دروست وەها.

ئەوان پێ دەکەنن و منیش. ئەمجەد بەدەمییەوە دەڵێ:

– هیوادارم ژوورەکەت بێ کەموکووڕی بێ.. باش خەوتیت؟!.

لە دڵەوە دەڵێم:

– زۆر باش.

– خۆ گلەییت نییە؟!.

– نا نەخێر.. من پیاوێکی نمەك بە حەرام نیم و سوپاستان دەکەم. بەڵام..

بەئەنقەست کەمێ ڕادەمێنم. سەرنجێکیان دەدەمێ و دەبینم بۆم گوێقوڵاغن. بەعەزرەتی ئاکامی بەڵامەکەمەوەن. ئەوسا دەڵێم:

– بەڵام تەنیا یەك پرسیارم هەیە و دەخوازم، لوتفتان هەبێ و وەڵامیم بدەنەوە.

ئەمجەد چاو دەبڕێتە چاوم و دەیەوێ بمخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەناچاری دەڵێ:

– بێگومان.. فەرموو.

هێمنانە و لەسەرخۆ دەڵێم:

– لە ژووری لەسێدارەدانەوە، بۆ ژووری شازادەیی!.. بۆچی؟!.

مقەدەم ئەمجەد پێوەی دیارە. کە وا زوو چاوەڕێی ئەم پرسیارەی نەدەکرد. سەیرێکی نەقیب سامر دەکا و بۆ ماوەیەك ڕادەمێنێ. ئینجا بۆ خۆدزینەوە لە وەڵام، پەنا دەباتە بەر داش بەداشکردن و دەڵێ:

– هاوڕێ.. ئێمە دەزانین تۆ پیاوێکی زیرەکیت. دڵنیاین کە دەمانناسیتەوە و سوور دەزانیت کێین. کەچی خۆت بەهەڵە دەبەیت.. بۆچی؟!.

کە وابێ بەهەڵە نەچووبووم. لەوەبەر بەخزمەتیان گەیشتووم و ڕاگوزارانەش نەبووە. بەڵام چۆن و کەی و لە کوێ؟!. هێشتا زەفەری هەر پێ نابەم و دەڵێم:

– نا.. پێویستم بە خۆ بەهەڵەبردن نییە. ڕاستە کە شێوەتان دەکەم و دەزانم پێشتر ئێوەم بینیوە. بەڵام چۆن و کەی و لە کوێ؟!. ئەمەیان نازانم و فەرموون بەبیرمی بێننەوە.

– خۆ وەختێکی زۆری بەسەردا ڕانەبوردووە. هەروا ساڵەوەختێك دەبێ.

– ساڵەوەختێك؟!. جا خۆتان ئاگەدار نین بۆ من چ ساڵەوەختێکە؟!. بۆتانی باس بکەم؟!.

– نا.. ئاگەدارین. بەڵام تۆ وەکو خەڵکی تر نیت. وا بوویتایە ئاوەها عەودالْت نەدەبووین.

– قسەکەت تەمومژاوییە. من چ جیاوازییەکم لەگەڵ خەڵکی تردا هەیە؟!. یا ڕەنگە ئێوە من بە دار وبەرد بزانن!.

– نا نا.. بەو مانایە نا.. تۆ با جارێ واز لەو باسە بێنین و خۆمانت بەبیر بێنمەوە. وەختی گرتنەکەت، من و سامر بە تایبەتی هاتینە دیدەنیت. لە چەند دانیشتنێکدا، دەمەتەقێی برایانەمان لەگەڵدا کردیت. ئێستا بەبیرت هاتینەوە؟!.

– زۆر باش.

– سا وای دابنێ ئێستا، سێ قۆڵی هاتووین لێرەدا، درێژە بەدەمەتەقێ برایانەکەی ئەوسامان بدەین!.

بە بیستنی ئەم قسانە، تاسێکی قووڵ دەمباتەوە. دوو نهێنیی قەبە و ئاشکرابوونێکی پڕ سەیروسەمەرە!. ئەمیان بەهەرحاڵ.. ئەمیان پیاو لە ئاستیدا تەقەی سەری دێ. دەمەتەقێی چی و برایانەی چی؟!. منێکی چەقۆ لەسەر مل، دەمەتەقێی برایانە و نابرایانەش لەگەڵمدا، چ مانایەکی هەیە و کام ئاکامی لێ بەرهەم دێ؟!. ئەم زەلامانە، بە چ ئەقڵێکی ریژگاوەوە ئەو قسەیە دەکەن؟!. یا ئەگەر وا نەبن، دەبێ چ نەخشە و پلانێکی چەپەڵیان لەژێر سەردا بێ؟!. نا نایکەم.. نەء...

– نەء!.

بەبێ ئاگا لەخۆ، نەئەکە بەدەنگی بەرز دەردەبرم. ئەمجەد سەرەتا سەری سوڕ دەمێنێ. نەئەکەم لەگەڵ قسەکەیدا یەك ناگرێتەوە. دەپرسێ:

– مەبەستت چییە؟!.

منیش لە پرسیارەکەی ڕادەمێنم. نازانم بۆ چییە و دەبێ چ وەڵامێکی بدەمەوە!. وەڵام پشتگوێ دەخەم و پرسیاری دەخەمە جێ. هەولێش دەدەم دەنگم زوڵاڵ بێ و دەڵێم:

– ڕاست و دروست پێم بڵێن: چیتان لێم دەوێ؟!.

ئەمجەد بێ ڕاوەستان و لە دڵەوە دەڵێ:

– تەواوکردنی دەمەتەقێکەمان.

من بەدەم بزەیەکی گاڵتە پێهاتنەوە دەڵێم:

من دەخەڵەتێنیت یا خۆت؟!.

– هیچمان.. بەڕاستمە و لە دڵەوەیە و بێ غەشوغایلە.

– باشە ئەگەر وتم: من ئامادە نیم.. بۆت دەچێتە سەر؟!.

– بێگومان نەء.. بەڵام..

– ببوورە.. بەڵامەکەت با لەوێ بوەستێ و دەپرسم: ئاخۆ هەگبەکەت، هیچ حوکمێکی لەداردان بەولاوەی تێدایە، کە لە عۆیەی رازینەبوونمدا بەسەرمیدا بسەپێنیت؟! لە وەڵامی بەڵامەکەشتدا دەڵێم: ئەگەر بەڵامی هەڕەشەی ئەشکەنجەدانە، ئەوا...

– دە تۆش ببوورە، کە پێتی دەبڕم و گوێم لێ بگرە. یەکەم: وشەی هەگبەکە، وشەیەکی شەڕەنگێزانەیە و لەسەر شەڕکردنمان نەکردووە. دووەمیش: قەت مەبەستم لە بەڵامەکە، ئەوە نەبوو کە بۆی چوویت. تۆ زۆر لەسەر  هەقیت و دەیسەلمێنم، کە نە سزایەکی لە مراندن بەولاترەوە هەیە بە سەرتیدا بسەپێنین. نە سەرلەنوێ ئەشکەنجەدانیشت داد دەدا. ئەمانە شتێك نین دەرکمان پێ نەکردبن، تا تۆ سەرنجمانی بۆ ڕابکێشیت. ئێمەش بەشی خۆمان زیرەکین. جا هاوڕێ تکایە.. ئەو گومانکردنەت لێمان، هیچ نەبێ لەم ڕووەوە، لە مێشکی خۆتدا بسڕەوە. تۆ قەت بەو نیازە نەهێنراویتە ئێرە.

– ئەی بە چ نیازێك؟!.

– دەمەتەقێ.. تەنیا دەمەتەقێ و هیچی تر.

– ئەو هەموو ئەرك و زەحمەتییەی چووەتە قەبەڵی هێنانەکەمەوە، بۆ تەنیا ئەو مەبەستە سووکەڵەیە؟!. جا خۆ وەك چۆن ئەو هەموو ڕێگە دوورەتان بڕی و جاری یەکەم هاتن بۆ لام، لێرە کە لەبن دەستتانەوە بووم، دەتانتوانی ڕۆژی حەوت جار تەشریف بێنن و بەندە لە خزمەتتاندا بێ. قسەکەم بەجێیە؟!.

– نەء.. لەبەر هۆیەکی ساکار.. چونکە ئێمە دەمانەوێ، بیست و چوار سەعاتە پێکەوە بین.. وەك برادەر و بگرە برا و ئەندامی یەك خێزان، پێکەوە بین و بدوێین و بە دوور و درێژی، دەمەتەقێ بکەین کە لەولا بۆمان نەدەلوا.

سەیرە!. . کابرا هێندە ڕاستگۆیانە و بە سۆزەوە قسە دەکا، کە خەریکە لەم سەرەتایەدا ڕامم دەکا و گرەوم لێ دەباتەوە!.. – نامەردت نەکەن!.. بەفریا کەوە و زەینت لە هەسان

بدەوە. وا دەکەم و دەڵێم:

– ڕستەی بیست و چوار سەعاتەکەت وا دەگەیەنێ، کە بە تەمای ماوەیەکی درێژ بن. لە کاتێکدا من لە هەر ساتێکی ئەو بیست و چوار سەعاتەدا، پرۆژەیەکی ئامادەکراوم بۆ لێبوونەوە. دیاریشە کە بە لێبوونەوەی من، دەمەتەقێکەی تۆش دەقرتێ و لێ دەبێتەوە. وایە یان نا؟!.

ئەو ڕاست دەکا. بەشی خۆی زیرەکە. ئان و سات لێم تێ دەگا. بە دەم زەردەخەنەیەکی بەو مانایەوە دەڵێ:

– نا وا نییە.. تا لێرە بیت ئەوە ڕوو نادا.

لە کۆڵی نابمەوە. دیسان فرسەتی لێ دێنم:

– کە وابێ ئەنجام وا دەکەوێتەوە، کە ئیتر عیزرائیلی من ئێوەن. سا بەڕێز مقەدەم ئەمجەد..

قسەکەم پێ دەبڕێ. سەروزمانی برای گەورەم لەگەڵدا بەکار دێنێ و دەڵێ:

– تکایە هاوڕێ.. نە بەڕێز و نە مقەدەم. ئەمجەد.. تەنیا ئەمجەد و با ئەوەش نیشانەیەکی تر بێ، بۆ دۆستایەتی و نیازپاکیمان.

– چاکە.. با وابێ.. سا ئەمجەد.. منێك کە لە سات بەساتی ئەو بیست و چوار سەعاتەدا، وا هەست بکەم کە عیزرائیلەکەم ئێوەن، چۆن ئەقڵ دەیگرێ بتوانم، وەك برا و برادەر سەیرتان بکەم و ئاسایی لەگەڵتاندا بدوێم؟!. خۆت وەڵامم بدەوە.. ئەقڵ دەیگرێ؟!.

ئەمجارە ئەو پێوەی دیارە، کە خەریکە گرەوی لێ دەبرێتەوە. ماوەیەك مات دەبێ. ئاوڕێك لە سامر دەداتەوە. دەڕوانێتەوە من و دوای کەمێ ڕامان، بەدەنگێکی هێمنی پڕ لە باوەڕەوە دەڵێ:

– ئەشهەدوو قسەکەت بەجێیە و نکوولیی لێ ناکرێ. بەڵام لەم ساتەدا، من تەنیا هێندەم وەڵام پێ دەدرێتەوە، کە بەڵێ دەیگرێ.. بەتایبەتی ئەقڵی من و سامر و کەسانێکی وەکو ئێمە دەیگرێ. تۆ دەبێ باوەڕمان پێ بکەیت و تەنیا، ئەو باوەڕ پێکردنەش لە توانایدایە زامن بێ و هیچی تر نا.

من هەست بە جۆرێك لە ڕاستگۆیی لە قسەکانیدا دەکەم. بەڵام منێکی مارانگاز کە

بەدەم ئەشکەنجەدانمەوە، هەزار و یەك قسەی لووسی لەو بابەتەم لە جەلادەکانم بیستبێ، چۆن بتوانم باوەڕ بەمیان بکەم؟!. بۆیە وەڵامەکەم هەر لە قاوغی گومانکردندا دەهێڵمەوە و دەڵێم:

– گریمان باوەڕم پێ کردیت. ئاخر دیسان دەبێ بپرسم: مەبەستی ڕاستینەتان چییە؟!.. مەبەستی حەشاردراوتان؟!. دەمەتەقێ؟!. بەڵێ باشە و بۆمی ڕوون بکەوە: بە چ نیاز و بۆ چ ئامانجێك؟!. مقەدەم ئەمجەد... با من بۆتی باس بکەم، کە لە هێنانمدا بۆ ئێرە، بەدەم ڕێوە چۆنم بیر لێ دەکردەوە. دەموت: دەمبەن جۆرە مراندنێکی تازەبابەتم لەسەر تاقی دەکەنەوە. دەموت: ڕەنگە بۆ تواندنەوەیەکی جیا لەوەکەی ناو حەوزی تێزابەکە بێ. دەموت: دەشێ مەکینەیەکی تری جنینیان داهێنابێ، کە لە باتیی ئەوەی بمکا بە قیمە، دەمکا بەهەڵمێك و دەچم بە حەوادا. بەدەم ڕێوە وەهام بیر لێ دەکردەوە. لێم حاڵی دەبیت دەڵێم چی؟!.

– جا...

– تۆ ڕاوەستە.. تکایە.. با تەواوی بکەم. ئینجا کە گەیشتمە ئێرە و لەم ژوورە شاهانەیەدا خۆم دییەوە.. کە بەو سەروزمانە شیرینە و بەو شیر و چاو میوەیە پێشوازیتان لێ کردم وتم: نەخەیر.. هێنراوم بکرێمە دابەستەیەك و گۆشت و بەز و پیوتان بۆ بگرم. وتم: ڕەنگە کەسانێکتان تێدا پەیدا بووبن خوویان دابێتە خواردنی گۆشتی مرۆڤ. ئیتر تا خەو بردمیەوە، هەر لێکم دایەوە و نەگەیشتمە ئەنجام. ئێستاش وا هێنراومەتە حزووری جەنابتان و دەردەکەوێ، کە پێشتر دیدار و دەمەتەقێمان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و ئەمە، مەتەڵەکەم لێ دەکاتە دوو سەرە. من بەڕاستی ئەوسا سەرم لێتان سوڕما. وەك ئێستاتان بەلوتف و نەزاکەت بوون. لە وەختی خۆیدا بەوەشم زانی، کە ئێوە بوون دەستی ئەشکەنجەتان لەسەر هەڵگرتبووم. بۆچی؟!. لەلام بووبووە مەتەڵێك و بۆم هەڵنەدەهێنرا. جا ئێستا ئەگەر ئەو لکەشی بخەینە بان، ئەوا دەبێتە مەتەڵێکی سێ سەرە!. بۆیە دەبێ بابدەمەوە و ئەمجارەیش بپرسم: چی لە پشت پەردەوەیە؟!. من قەت بۆ کارێکی ئاسایی نەهێنراومەتە ئێرە. منێکی چەقۆ لەسەر مل، هەقی خۆمە حاڵەتی زۆر سەخت و ستەم.. زۆر ترسناك و تۆقێنەر، بێنمە بەر خەیاڵ و بەرچاوم. تکایە.. وەك چۆن لەوێ، لوتفی ڕاگرتنی ئەشکەنجەتان بەرامبەرم نواند، لێرەش لوتفی ئاشکراکردنی مەبەستە ڕاستینەکەتانم لەگەڵدا بفەرموون.. تکایە.

دوای  تەواوکردنی قسەکانم، هەستێکی شانازیکردن بەخۆوە دای گرتم. بەتایبەتی کە سەیرم کرد ئەوان، بە درێژاییی ئەو ماوەیە، مت و خامۆش گوێیان لێ گرتووم و سەرسامن. من ئیتر پاڵم دایەوە و خۆم بێدەنگ کرد. ئەوانیش شان بەشانی من بێدەنگ بوون. دەتوت هەگبەی قسەیان لە ئاستمدا بەتاڵوحەتاڵە. یا نازانن بڵێن چی و دۆش داماون. یا جۆرە سڵکردنەوەیەك لە قسەکردن گلیان دەداتەوە. ماوەیەکی لە ڕادەبەدەر بەبێدەنگی ماینەوە. تا لە ئەنجامدا سامر دەقی شکاند و وتی:

– شتێ نەخۆینەوە؟!.

ئەمجەد قۆستییەوە:

– با.. دەم خۆش.

ڕووی پرسیاریشی لە من کرد:

– چیت حەز لێیە.. چا.. قاوە؟!.

– هەر کامیان.

بەوە ئەمجەد هەلی هۆنینەوەی قسەی بۆ ڕەخسا و وتی:

– لە قسەکانتدا مەکینەی جنین و بەقیمەکردنم بیست. حەز دەکەم بزانم چۆنت بیستووە و لە کوێوە؟!.

من هەستم کرد کە ئەو مەسەلەیەی بەلاوە سەیر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکەم بەسەریدا شکاندەوە و وتم:

– بۆ گوایە تۆ نەتبیستووە؟!. یا چاکتر وایە بڵێم: ئاگەداری نیت؟!.

– باوەڕم پێ بکە.. نە ئاگەدارم و نە بیستووشمە.

– خۆ منیش لە بەقیمەکراوێکم نەبیستووە. تەنانەت لە هیچ کەسێکیش کە بەچاو دیبێتی. تەنیا واتەواتێکە و بەفراوانی بڵاوە.

– تێگەیشتم.. ئەی تۆ خۆت.. باوەڕت پێی هەیە؟!.

– بۆچی باوەڕم پێی نەبێ؟!. بۆت بژمێرم من خۆم بەم چاوانەم، چی و چیم لەو بابەتە شتانە لێ دیون؟!. چەند جۆر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، کە مەگەر شەیتانە ئەفسانەییەکە زەفەریان پێ ببا؟!. خۆ ڕەنگە ئەسڵی نەبێ و تەنیا، زادەی خەیاڵێکی تۆقیو بێ.. یا خەیاڵێکی بەبڕشتی خۆتان ئاسا و بۆ تۆقاندنی نەیارانتان

بێ و هەر خۆتان بڵاوی بکەنەوە!.

– باشە.. باوەڕت پێی هەبێ و گریمان ڕاستە. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم، ئەشکەنجەدان لە جنێوێکەوە تا بەقیمەکردنەکە، بەکارێکی نامرۆڤانە دەزانم و لەگەڵیدا نیم. پەنا بردنە بەر ئەشکەنجەدان، نیشانەی بەهێزی نییە. ڕاستە کە هێزی بازوو دەنوێنێ. بەڵام وەکی تر مانای ئەوپەڕی لاوازی، لە ئەقڵ و بیر و هۆشدا دەبەخشێ. یەکێ پشتی بە بەهای بیروباوەڕی خۆی ئەستوور بێ و دڵنیا بێ کە لەسەر هەقە، پێویستی بە پەنابردنە بەر ئەشکەنجەدان نابێ. بگرە پەنا ناباتە بەر هیچ کام لە هاوشێوەکانیشی. ئەوەیە بیروڕای ئێمە سەبارەت بەئەشکەنجەدان و...

– ئێوە کێ؟!.

– من و سامر و دڵنیابە و لەو ڕووەوە متمانەمان پێ بکە.

قسەکانی هێندە لە دڵەوە کردن، کە من شێوە دوودڵییەك دای گرتم و ڕامام. نەمدەزانی لە بەرامبەریدا چی بڵێم. ئەویش دوای ماوەیەك بێدەنگی وتی:

– ئەمڕۆ ماندوومان کردیت. دانیشتنی ترمان زۆر دەبن. سامر ئاگەداری کردوویت و منیش دووبارەی دەکەمەوە، کە هەر چیت حەز لێ دەبێ و هەرچی دەخوازیت، بیڵێ و بۆتی جێبەجێ دەکەن. ئێستا فەرموو بچۆ بحەوێوە.

***

دانیشتنی دووەم و پێنجەم و دەیەم و قسە و باسمان هەر گشتییە. ئەوەی زۆر بەدەوریدا دەخولێینەوە، پێداگرتنی منە لەسەر پرسیارەکەم و خۆدزینەوەی ئەوان، لە وەڵامدانەوەی ڕاست و دروست. من لەو بارەیەوە هەرچی بەخەیاڵمدا گوزەر بکا، کۆ لە دەربڕینی ناکەمەوە و دەیڵێم. دواییەکیان ئەوە بوو کە وتم:

– هەبێ و نەبێ ئێوە، مافیایەکی بازرگانیکردنن بە ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە و، بۆ ئەو مەبەستەتان هەڵبژاردووم و بۆ ئێرەتان هێناوم.

من لەوەبەر لەو بابەتە قسانەم زۆر کردبوون و ئەوان، تەنیا بە بزە و زەردەخەنە یا سووکە پێکەنینێك وەڵامیان دەدامەوە. کەچی بۆ ئەمیان، دایانە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵی ئەوتۆ، کە ئۆقرە و ئارامیی منی لە گرێژەنە برد و ناچاری شاڵاوبردنی کردم.. شاڵاوبردنێك کە گشت لوتف و نەزاکەتەکەیانی لە بەرچاو ون کردم و وتم:

– ده کەوا بوو ئێوەش، لە خوێرییە جەلادێك بەولاوە نین کە لە بریی هێز و بازوو، هێزی فرتوفێڵ و کەڵەکبازی و خەڵەتاندن بەکار دێنن.

ئەوسا ئەمجەد بۆ یەکەم جار، جڵەوی خۆی بەرامبەرم لە دەست دەدا و لە بەرنامەکەی دەردەچێ. دەیبینم ڕەنگ و ڕووی ترش و تاڵ بووە و سوور هەڵگەڕاوە. بەبێ ئاگا لەخۆ هەڵساوەتە سەرپێ و سەرنجێکی مۆن، لە نێوان من و سامردا دێنێ و دەبا. دەبینم سامر هێمنە و لە جێی خۆی ناجوولێ. وا هەست دەکەم کە ئەمجەد، بەدیمەنەکەی ئەو خاو دەبێتەوە و دادەنیشێتەوە. بەڵام لە ناخدا هەر دەکوڵێ و ئەوەتا، تۆڵەوەسێن لێم بەقسە دێ و دەڵێ:

– هاوڕێ.. تۆ پێ لەسەر ئەوە زۆر دادەگریت، کە تۆ قوربانی بیت و ئێمە جەلاد و زۆریشی پێوە دەنازیت. لە کاتێکدا تۆ خۆت ڕۆژێك لە ڕۆژان، بوویتەتە دزێوترین نموونەی جەلاد. تۆیەك کە بە فەرمانی حزبەکەت، برای دایکی و باوکی خۆت بەرامبەرت ڕاگرتبێ و گوللەبارانت کردبێ و جەرگی ئەو دایکەتت پێ ئاگر دابێ، کە گوایە لە خۆشەویستیدا دەیپەرستیت، دەبێ بە چ ڕوویەکەوە زاتت هەبێ، باس لە جەلاد و جەلادکاری بکەیت؟. ئاخر خۆ تۆ بەر لەوەی ئەم قوربانییە بەسزمانەی ئێستا بیت، کە فیزی بەسەرماندا پێوە لێ دەدەیت، ئەو جەلادە بێ ویژدانە بوویت کە وێنەت لە مێژوودا دەگمەنە.

من قسەکانیم بەلاوە هێندە لە ناکاو و هێندەش کاریگەر بوون، کە دەتوت ڕستێك تیرن و ئاراستەی گولمی دڵم کراون. ئەوەی قەت و قەت بەخەیاڵمدا نەهاتبوو بەگوێمدا بدرێ، ئەو قسانە بوو. سەرەتا وام هەست کرد، کە ئاگرێك ئاودامان لە بنی پێمەوە تا تەوقی سەرم گڕی تێ ئاڵاندووم و قرچەقرچ دەمسووتێنێ. بەسەر کورسییەکەوە دەمکاتە، تۆپەڵێك چیلکە و چەوێڵی بەخەڵووزبوو. تا کاتێ کڵپەی ئاگری جەستەم لێ دادەمرێتەوە، ئاگرێکی تر لە بیر و هۆشمدا بڵێسە دەدا و شەپۆلی رق و کینەیەکی بێ ئامانی تێدا بەرامبەر بە ئەمجەد و قسەکانی دەبزوێنێ. من لەو ساتەوەی کەوتمە داویانەوە و بە درێژایی، هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان و لەدادگەدان و حوکمدانم، قەت کەسێکیان دوور و نزیك و بە سووسە و بە ئاشکرا و بەڕاست و بەدرۆ، ئەو قسەیەی بەگوێدا نەدام. کەچی ئێستا کاتێ کە لە قۆناغێکدام، ها ئێستا ها ساتێکی تر چەقۆکەم بەملدا دەهێنرێ و بۆشی ئامادەم، ئەمجەدێکم لەلای لابەلاوە لێ پەیدا دەبی و نوتقێکی وەهای لێ دەبیسم، کە ئازاری هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان

و مراندن لە چاویدا، قەترە بەدەریایەك بێ!.

لە ساتەکانی یەکەمدا، بیرم بۆ دەستوەشاندن چوو. هیچ نەبێ دەلاقەیەك دەکەمە سەروسەکوتی. نەقش و نیگارێکی بۆ یادگار تێدا جێ دێڵم. دزە سەرنجێك دەدەمە سەر مێزەکە و هیچی وای لەسەر نابینم. سەیرێکی ئەملا و ئەولا دەکەم و چۆڵەوانییە. دەست لەوە دەشۆم لادەدەمە سەر، بەکارهێنانی چنگ و نینۆك و مەچەك و بازوو. شالاویان پێ ببەم و بڵێم: ئەوە وەلامی قسەکەتە. بەلام ددان بە خۆمدا دەگرم و بیری وردی لێ دەکەمەوە. بێ هوودەیە و بێ ئاکام. یا بابیکەمە هاتوهاوار و بنەڕێنم و بڵێم: وا نییە و درۆیە و من نەبووم. ئەمەش کسپەی ئەو ئازارە جەرگبڕەم لێ ناڕەوێنێتەوە و ئەو تۆڵەوەسێنەش نابێ کە دەمەوێ.

ئێستا ئیتر نازانم چی بکەم و چی بڵێم و جۆری کاردانەوەم چی بێ؟!.. هەروا بە دەمێکی داچەقاو و دوو چاوی ئەبڵەقەوە، تێی دەڕوانم و تاس دەمباتەوە. لە کاتێکدا ئەویش وەك گورج هەستی کردبێ، کە چ جۆرە هەژانێك هەژاوم و ئاکاممان بەرەو کوێ دەبا، خێرا بە نیازی هێورکردنەوەم و سڕینەوەی شوێنەواری قسەکەی وتی:

– هاوڕێ ببوورە.. وابزانم قسەکەم ئازاربەخش بوو. ببوورە و وای دابنێ کە نەوتراوە. دڵنیات دەکەمەوە کە تۆ بۆ ئەوە نەهێنراویتە ئێرە، تەنانەت بە قسەش ئازارت پێ بگەیەنرێ. ئەوەی وترا وای دابنێ لە دەمدەرچوونێك بەولاوە نەبوو... لە دەمدەرچوونێك و هیچی تر!.

داوای لێبووردنەکە، بەرامبەر بە ئەمجەد هێورم دەکاتەوە. بەلام لە ناخدا هەر دەکوڵێم. توانای لەوە زیاتر دانیشتنم نییە. لەسەرخۆ هەڵدەستمە سەرپێ. جێیان دێڵم و دەکشێمەوە ژوورەکەم. ئاگام لێیە بەدوامدا دێن و لە بەردەرگەکەدا رادەوەستن. گوێیان نادەمێ و لەسەر جێگەکەم ڕادەکشێمەوە. ئەوان قەدەرێ ڕادەوەستن و بەبێدەنگ دەکشێنەوە. وەك ئەوە وایە وازم لێ بێنن، بەدەردەکەی هاوتاوە بتلێمەوە. ئا.. دەردەکەی هاوتا.. جەخارە گورچکبڕەکە و خەمە دڵپڕووێنەکەی هاوتا و بەسەرهاتەکەی، کە کۆتاییی بۆ نییە کە لە بن نایەت و ناکوژێتەوە. وتم: دایکە مریەم بە چیت باوەڕە، سوێندت بۆ دەخۆم کە من نەبووم و نیم. وتم: دایکە مریەم بە پیرۆزیی ئەو دایکایەتییەت، سوێند دەخۆم کە نەبووم و نیم. کەچی باوەڕی نەدەکرد و نەدەکرد. خۆ بەدەمی نەیدەوت. خۆزیا هەزار خۆزیا بیوتایە.. پەنجەی بە چاومدا بکردایە..

سەرمی بکێشایە بەدار و دیواردا. بەچڕنووك پێستی ناوچەوان و ڕوومەت و لاملمی شیتاڵ بکردایە و بیوتایە: باوەڕت پێ ناکەم و هەر تۆیت و تۆیت. کەچی نەیدەوت و نەیدەکرد. هەموو جار روخسارێکی گریاناویی بۆ هەڵدەبڕیم و بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، تەنیا نیگایەکی سیخناخ لە گومانی تیژ دەچەقاندە ناو چاومەوە ئیتر، وەك دڵی بەرایی نەدا لەوە زیاتر ئازاری ئەو نیگایەم پێ بگەیەنێ، بەکەساسییەوە لێمی لادەدایەوە. منیش ئەو ساتانە لە دڵدا، لەعنەتی خۆمم بەسەر هاوتادا دەباراند. ئاخر هاوتا.. چیمان لە یەکتر جودا بوو؟!. ئاخر تۆ بەچی لە دایك، باوك، من، هاوژین جودا بوویت، هەتا بەو دەردە بچیت؟!. هەتا خۆت بەو دەردە بەریت؟!. خۆ ئێمە قەت لە یەکتر دانەبڕاوین. یا ئەگەر ڕاونان و ڕاکەڕاکەی ترسی گرتن، یا پێویستیی کاری حزبی و بە فەرمانی حزب بۆ ماوەیەك لە یەکتری دابڕاینایە، زوو یا درەنگ هەموو بەیەکتر شاد دەبووینەوە. ئەها هاوتا ئەو ڕۆژە من و تۆ کردمان بە چ حەشر و حەلەلایەك؟!.. ڕۆژەکەی کە لە ماڵی پوورە حەپسە بووین. دوو هەفتە بوو لەوێ بووین و نەیدەهێشت، تەنانەت سەر لە کونی ژوورەکەی پشتەوە بێنینە دەر، چ جایە ناو حەوشە و کۆڵان دەگا!. کەچی ئەو ڕۆژە هات و وتی: وەرن بەقوربانتان بم وەرنە دەرێ. ڕاکەن بە ئارەزووی خۆتان، بەبێ ترس و سڵەمینەوە، بیکەنە زەماوەند و هەڵپەڕکێ. ئێمە نازانین کە پوورە حەپسە و مێردەکەی پارتین. هێشتا ئەوەندەمان فام نەکردووەتەوە، بتوانین بچینە بنج و بناوانی ئەم جۆرە کارانەوە. پوورە و خوشکی باوکمانە و لەبەرئەوەی دایك و باوك ترسی گرتنیان لەسەرە، براوینەتە لای ئەوان و داڵدە دراوین. ئینجا ئەوەتا بەبۆنەی یازدەی ئادارەوە، نەك ترسی دەرکەوتنی ئێمەیان نامێنێ، بگرە دەچێ دایکم و باوکم و هاوژینیش دێنێ و ژوورێکمان بۆ تەرخان دەکەن. ئا.. ئەوەتا یازدەی ئادار خێری بۆ ئێمەش داوەتەوە. من دەچمەوە قوتابخانە و تۆش وەختت هاتووە. پێکەوە دەچین و پێکەوە دەگەڕێینەوە. کاکە کاکە بەدوامەوەیت. کاکەکەت زۆر خۆش لە دەم دێتە دەرەوە. من زۆرم کەیف پێ دێ. دایکم لەسەری ڕای هێنایت. هەموو جار پێی دەوتیت: کەرانی بڵێ کاکە.. برای بچووك دەبێ بەبرای گەورە بڵێ کاکە. ئیتر ڕاهاتیت و کاکەکانت شاگەشکەیان دەکردم. منیش لە بەرامبەریدا هەستم دەکرد، کە دەبێ، شایستەی نازناوەکە بم. بەتەنگتەوە دەهاتم و وەك بیبیلەی چاوم دەمپاراستیت. تا دەمگەیاندیتە بەردەرگەی پۆلەکەتان، پەلت بە پەلمەوە دەبوو. لە پشووەکاندا نەمدەهێشت لە بەرچاوم بزر ببیت. چ قوورەت بوو پەنجەیەکت تێوە

بدرێ. لە گەڕانەوەشدا بوارم نەدەدا هەتا ماڵەوە، بە بست لێم دوور بکەویتەوە. لە یاریکردنی ماڵەوە و کۆڵانیشدا، هەر دەبوو پەل بەپەلەوە بین. ساڵانێکی خۆش بوون هاوتا.. ساڵانێکی پڕ لە میهر و لە خۆشەویستی و پاکی. پڕ لە سۆزێکی بێگەردی هێمنی دوور لە ڕیاکاری. ئێستا من و تۆ بووینەتە بەرەیەك و حیسابمان بۆ دەکرێ. خاوەنی دەنگ و سەنگی خۆمانین و قسەمان دەبیسترێ. ڕۆژگار وەردەچەرخێ و ئەمجارە، پوورە حەپسە و خاڵە مستەفا و دوو منداڵەکەیان بە دەردی جارانی ئێمە دەچن. من و تۆ دەست پێش دەخەین و زوو بەزوو، دایە و بابە ئاگەدار دەکەین، کە کاتی ئەجردانەوەیان هاتووە. ئێستا ئێمە لەگەڵ حکوومەتداین و ئەوان ڕاونراو. دەستوبرد بڕیاریان بۆ دەدرێ. پوور و منداڵەکان دەهێنرێنە لای ئێمە و خاڵە مستەفا دەچێتە شاخ. ئەو ساڵانە گەلێ بەختیار و شادمان بووین هاوتا. نەدەبوو لێمان تێك نەچووایە؟!. کە چووش نەدەبوو تۆ.. ئاخر تۆ؟!. خۆ خەمە دڵتەقێنەکە، خەمی بەسەرهاتەکەی تۆ یا من نەبوو. خەمی دایکە مریەمم بوو کە ئامادە بووم، کەللەی سەری خۆم لە بەردەمیدا بە بەرد ورد و خاش بکەم، تا باوەڕ بکا کە من نەبووم و دادی نەدەدا. دەگەیشتە تینم لە نووکەوە بۆی بگێڕمەوە و دانم بە خۆمدا دەگرت. دەموت: عوزر لە قەباعەت خراپتر دەبێ. ئەگەر ئەوە بکەم مانای وایە دەمەوێ بیکوژم. دەمرێ.. ئەوەم لێ ببیسێ دەمودەست دەمرێ. دڵی دەوەستێ، یا مێشکی دەتەقێ و دەمرێ. نا نەخێر نایکەم. با تەنیا منی پێوە بتلێمەوە و ئەگەر بەرگەشم نەگرت، با منی پێ بتۆپم!. ئاخر لەوە بەولاوە، چ ڕێگەیەکی تر هەبوو بیگرمە بەر؟!. گێژاوێك بوو هەموومانی لوول دەدا. حزب بە حزبایەتیی خۆیەوە، بەو هەموو دەست و چاو و گوێ و بەو هەموو توانا و دەسەڵاتە تەلیسماوییەیەوە، زەفەری بە گرفتەکە نەدەبرد و نەدەگەیشتە ئەنجام. هەر جارەی جۆرە بڕیارێکی لەسەر دەدرا. بە چەندان باردا هێنرا و برا و هەوڵی یەکالاکردنەوەی درا. لە هەموو ئەو جارانەشدا، لێکدانەوەو بۆچوون و بڕیار هەر چۆنێك بووایە، منی لێ دەردەهاوێژرام و دایکمی لێ ئاگەدار دەکرا. کەچی ئەو سەرنجە گوماناوییەی لێ خاو نەدەکردمەوە و نەدەکردەوە!. دەیزانی شتێك دەزانم و دەری ناخەم. شتێکی زیاتر لە هەر کەسێکی تر و تەنانەت لە حزبیش و لەلای خۆم گلی دەدەمەوە. ئەوەش پتر ئەو گومانە سامناکە کپەی، بەرامبەرم لەلا دەخوڵقاند و خۆی و منیشی لە کوانوویدا دەبرژاند. ئاخر هاوتا.. تۆ ئەگەر لە دەستووری کاکە کاکەکە لات نەدایە و وەك جارانمان لەسەری بڕۆشتیتایە، نە تۆ بەو دەردە دەچوویت و نە من و

دایە مریەممانیشت، دەخستە ئەو حاڵی حەلوەلا سەخت و ستەمەوە. ئاخر خۆ ئێمە هیچمان لە یەکتری نەدەشاردەوە.. بەچاك و خراپ و خۆش و ناخۆش و تەنانەت، بە نهێنییە حەشاردراوەکانی ناخیشمانەوە. دەی باشە تۆ ئەو کارەت بۆ لێشاردمەوە؟!. بۆچی هەر لە سەرەتای سەرەتاوە ئاگەدارت نەکردم، تا بەفریات بکەوتمایە و نەمهێشتایە، لەوە زیاتر بئاڵۆزێ و تەشەنە بکا؟! جا بۆچی بەتەنیا من، باوکم و دایکیشم.. حزبیش. ئەوە باسێك نەبوو شەرموشۆی تێ بکەوێ. یا هەستکردن بەلاوازی و سەرشۆڕی گیرت بدا. لەعنەت لە ″شیلان″. یا چاکتر وایە بڵێم: لەعنەت لە جوانییەکەی. نا.. خۆی هیچ گوناهێکی نییە. هاوتایە و شەیدای جوانییەکەی بووە و جڵەوی خۆی بۆ ناگیرێ. ئا.. من ئاگام لێیە چۆن پێوەی دەتلێتەوە. شەوانە دەیبینم لەناو جێگەکەیدا گینگڵ دەدا. یا هەڵدەستێ جگەرە بەدوای جگەرەدا ریزی پێوە دەگرێ، کە ئەوەتەی تووشی  حاڵەتەکە بووە دەستی داوەتە کێشانی. ڕۆژانیش هەر بە ڕاستی دەداتە کێو. زۆربەی رۆژ دەڕوا ون دەبێ و سەرلەئێوارە پەیدا دەبێتەوە. دایکم و باوکم پێیان زانیوە و بۆی تەنگەتاون. دەیدوێنن و شتێکی وایان نادا بەدەستەوە. سەرسام و سەراسیمەن. هاوار  بۆ من دێنن کە بیدوێنم. من پێشتر دواندوومە و دەشیدوێنمەوە: هاوتا براکەم بەسە.. هۆشت بێنەوە بەر خۆت و هەست و نەستت هێور بکەوە. تۆ داخزاویتە ناو گێژاوی خەیاڵێکی پووچەوە. لە خوتوخۆڕایی خۆت شێت و شەیدای دیمەنێك کردووە، کە لە تراویلکەیەك بەولاوە نییە. ئاخر تۆ بۆچی سەری ئەم دنیایەت، ئاوەها لە خۆت هێناوەتەوە یەك؟!. ئەگەر بەزەییت بەخۆتدا نایەتەوە، دەبێ بزانیت کە کەسانێکی تر هەن و لەسەرت پێویستە، لایان لێ بکەیتەوە و بەتەنگیانەوە بیت. تۆ دەبێ ئاگەدار بیت کە ئەو حاڵەت، مایەی ئازارێکی زۆرە بۆ ئێمە. تکایە ئەوەندە دڵڕەق مەبە و لەوە زیاتر ئازارمان مەدە. چیت دەوێ پێم بڵێ.. چیت لە دڵدایە دەری ببڕە. کەچی دەتوت قەت لەگەڵ ئەوم نییە. زەقزەق  سەیری دەکردم و هیچ وەڵامێکی نەدەدامەوە. یا جگەرەیەکی ئاگر دەدا و دەکەوتە مژ لێدانی. یا دەڕۆیشت و جێی دەهێشتم. ئەوسا من بەڕاستی، ترسی ئەوەم لێ دەنیشت کە تێك چووبێ. لە دوا جاریشدا وەهام بە باوکم و دایکم راگەیاند و وتیشم، کە هۆیەکەی شیلانە.. عەشقی شیلان بە شێوەیەك گیرۆدەی کردووە، کە هەست و هۆشی لەبەر بڕیوە و وەك گێژەنێك، بەردەوام لوولی دەدا و خۆی بۆ لێ دەرباز ناکرێ. باوکم عاجباتیی لێ  هات و وتی: جا ئەو شەیدابوونەی بۆ چییە؟!. قسەی بکردایە و دەچووین بۆمان دەخواست. یا

دەیاندا یا نا و دەبڕایەوە. دایکم وەها ئاسانی نەبڕاندەوە. لە مەنگەنەی پرسیار و وەڵامی دام. ئیتر ئەنجاممان بەوە شکاندەوە، بیدوێنمەوە و قایلی بکەم کە بە هەموو لایەکمان، بە دایك و باوك و کەسوکار و دۆست و ناسیاو و تەنانەت بە حزبیشەوە، بۆی تێ دەکەوین و هەوڵ دەدەین، ئاوێك بە ئاگرەکەیدا بکەین و بە مەعشووقەکەی شاد ببێ. دەمەدەمی عەسری ڕۆژێکی بەهاری بوو، کە ئەم بڕیارەی تێدا درا و من گەلێکی پێ دڵخۆش بووم. دەبوو چاوەڕێ بم ئێوارە بێتەوە و شەوەکەی بیدوێنم. بەڵام لە خۆشییاندا ئۆقرەم نەگرت و حەزم کرد، دەستوبرد پێی ڕابگەیەنم. ڕۆژانی پێشوو ئەوەندە بەدوایدا وێڵ بووبووم، دەمزانی لە کوێی دەدۆزمەوە. چووم و لە کلۆری پیرە داربەڕووەکەی ئالیخاندا بەگیرم هێنا. کە گەیشتمە ئاستی، روانیم خەوتووە. قەدەرێ بەدیاریەوە ڕاوەستام و بە وردی سەرنجم دایە سەروسیمای. پێم سەیر بوو ئەوە هاوتاکەی جارانی لەمەڕ ئێمە بێ!. دەتوت وێنەیەکی لەبەرگیراوەی شیوێنراوێتی و فڕێ دراوەتە ناو ئەو کلۆرە دارەوە!. لەو ساتەدا وام بە خەیاڵدا هات، کە چاکتر وایە پشتی تێ بکەم و جێی بێڵم. بۆچی؟!. چونکە دیمەنێکی ئەوەندە بێ ڕەزای هەبوو، کە لە دڵدا وتم: ئەم زەلامە بۆ وا خۆی بێ ئەقڵ کردووە؟!. ئا وام بە خەیاڵدا هات و نەمکرد. ئاخر چۆن بتوانم وا بکەم؟!. ئەو نەك برا، هەرکەسێکی تریش بووایە نەمدەتوانی وا بکەم. مرۆڤێکی سەرگەردانە و پێویستی بە یاریدەدانە. بەئاگام هێنا و کەوتمە دواندنی. خۆم باش بۆ ئامادە کردبوو. وتارێکی وەهام بۆ هۆنیبووەوە لە دڵدا دەموت: بۆ بەردی بڵێم دەتوێتەوە. دەیسا هاوتا کە بەرد نییە و لە خوێن و گۆشت و ئێسقانە، نەك تەنیا مل دەدا، بگرە شاگەشکەش دەبێ. کەچی بەدرێژاییی قسەکانم، دەتوت گوێزی بۆ دەژمێرم. گەلێکم هەوڵ دا سەرنجی رابکێشم و کاردانەوەیەکی لەلا بخولقێنم. بگرە چەند جارێك ئاوازی دەنگم، بەلای گلەیی و ئینجا جاڕسبوون و دوا جار نەقیزە تێوەژەندندا گۆڕی و هەرمێش میوانی نەبوو!. من ئیتر بە ناچاری جێم هێشت و گەڕامەوە ماڵەوە. باوکم و دایکم بڕیاریان دا کە هاتەوە، ئەوانیش هەوڵێکی لەگەڵدا بدەن. بەڵام وا ئێوارەیە.. وا خۆر ئاوا بوو.. وا دنیا رووی لە تاریکبوون کرد و وا شەوی ئەموستەچاو داهات و هاوتا نییە!. دایکم شێت دەبێ.. دەکەوێتە پەلەقاژە و پەیتا پەیتا دەڵێ: هاوتا فەوتا!. باوکم، بەتایبەتیش بەو حاڵەی دایکم، تەنگەتاو دەبێ. دەست دەداتە چەکەکەی و لایتێك و دەڵێ: هاورێ با بڕۆین. منیش چەك و لایتی خۆمم پێیە و دەڕۆین. دەچینە لای پیرە داربەڕووەکە و نییە. ماوەیەك بەو دەوروبەرەدا

دەسوورێینەوە و بانگ دەکەین و نییە. واز دێنین و دەگەڕێینەوە ماڵ. ماڵ خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە. تا ڕۆژ دەبێتەوە کەس خەو ناچێتە چاوی. ئەوسا من و باوکم دەکەوینەوە سۆراخکردن. سووسەی هەواڵێکمان لە هیچ کونێکەوە ناکەوێتە بەرگوێ. کەسێکی دەوروبەرمان، بەزیندوویی یا بەمردوویی نەیبینیوە. دەڵێیت لە ناکاوێکدا، ئاسمان هەڵی کێشاوە یا ئەرز قووتی داوە!. لە ماڵەوە لێی دەکەوینەوە گفتوگۆ. من دەڵێم: بەرەو ناو شار چووە. باوکم دەڵێ: دەترسم دابێتییە ئەو چیا و چۆڵانە. دایکم دەڵێ: من دڵم ختوورەی ئەوە دەکا، کە ئەوا هاوتا فەوتا!. منیش بەڕاستی لە ناخدا، ترسێکی لەو بابەتەم لێ نیشتبوو. دەموت: دوور نییە لە ساتێکی تەواو بێزاربووندا، دەستی چووبێ یا بچێتە خۆی و کۆتا بە ژیانی بێنێ. کاتێك ئەو ترسەم لەلا دەبزوا، بەسەرێك کزە لە جگەرمەوە دەهات و بەسەرێکیش، هێجگار سەرسام دەبووم کە کەس نا هاوتا بەو دەردە بچێ؟!. چۆن.. ئاخر چۆن و بۆچی هاوتا؟! ئاخر خۆ وتمان بەڵێ عەشق و دڵداری و حەز و حەزکاری هەیە. ئەوە سونەتێکی سروشتییە و نکوولێی لێ ناکرێ. بەڵام خۆ لە ناوچەوانی هیچ نێر و هیچ مێیەك نەنووسراوە، یا ئەم بۆ ئەو و ئەو بۆ ئەم بێ یا مردن!. ئاخر ئەگەر ئەم و ئەوەکان بە ملیۆنەنابن، ئیتر ئەو خۆ بێ ئەقڵکردنەی بۆ چییە؟!. فەرموو جەناب ئەوە من.. ئەوە من و تانیا کە ئەگەر بەگڕوکفەکەی سەرەتامان بووایە، وامان دەزانی تاقە نێر و مێین لە پانتاییی ئەم سەرزەمینەدا، بۆ یەکتر پڕ بەقاڵب بین. کەچی ئەو وەك بۆی دەرکەوتبێ کە نەخێر من نێرە پڕ بە قاڵبەکەی نیم، زۆر ئاسایی وتی: خواحافیز!. هاوتا.. خۆ من پێم خۆش نەبوو، بگرە پێوەی تلامەوە. بەڵام کە ئەو مەیلی بەلای مندا نەمابێ، بە چ هەقێك من خۆمی بەسەردا بسەپێنم؟!. خۆ دەشیا بەپێچەوانەوە بێ.. نەدەشیا؟!. دە ئیتر تۆ ئەم شێتایەتییە چییە دەستت داوەتێ؟!. حەزت لێیەتی بەڵێ و حەزت لەسەر سەر. ئاخر کە نەگونجێ.. نەسازێ.. سەد و یەك کۆسپی لە ڕێگەدا بێ، پەلەقاژەکردن لە پێناویدا لە پای چی؟!. وام دەوت و دەشبوو بجووڵێم و شتێ بکەم. خۆ دەسبەرداری نابم. لەگەڵ باوکمدا وا ڕێك کەوتین، ئەو گوندەکانی دەوروبەر و چیا و چۆڵەکانی بۆ بگەڕێ و من ناو شار. لەلای خۆمەوە زۆر دڵنیا بووم، کە لەوێی دەدۆزمەوە. لەوێش کوێ هەیە بچێ؟!.. ماڵی خزم و کەسوکار، یا دۆست و ناسیاوان. کەچی ئەوەتا یەك بەیەکیان دەچم و نییە. جگە لە خزم و کەسوکار و بەتایبەتی باپیرم، لەگەڵمدا دەکەونە هەڵەکەسەما و هاوتا نییە و نییە!. بیرم بۆ ماڵی هاوڕێ ″فەرەیدون″ دەچێ. بەڵکو لای

ئەوانەوە بێ یا "شیلان"، سەرەداوێکم دەست بکەوێ. من شیلانم بۆ نابینرێ. باجی گوڵشەنی لێ ڕادەسپێرم، کە زیرەکانە بیدوێنێ. دێتەوە و دەڵێ: دڵنیام کە لێی بێ خەبەرە. بێ هیوا دەبم و بەهەگبەی بەتاڵەوە، دەگەڕێمەوە ماڵەوە. باوکیشم هیچ هەواڵێکی دەسگیر نەبووە. دایکم هەر دەیلێتەوە: هاوتا فەوتا. من و باوکم لەو باوەڕە نزیك دەبینەوە، کە بەڵێ دەبێ هاوتا خۆی فەوتاندبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەڵگەیەکمان دەست بکەوێ.. هەر بەڵگەیەك. ئەگەر بە گوللە.. خۆهەڵواسین.. خۆفڕێدان لەسەر لووتکەی شاخێکەوەیە، کوا لاشەکەی؟!. ئەگەر دڕندەیەك خواردوویێتی، ئێسك و پرووسك و جلوبەرگی. ماوەیەکیش بەو مەبەستە، گەڕاین و سۆراخمان کرد و نەبوو. هەر لەو ڕۆژانەدا، باوکم بە کارێکی حزبی، چوو بۆ ناو شار و گەڕانەوەی نەبوو.

ئەو وای باس کرد کە بەفەرمانی حزب دەچێ. لە کاتێکدا من لە یەکەم ساتەوە، گومانم هەبوو کەوا نییە. بۆ سۆراخی هاوتا دەچێ و کار و فەرمانە حزبییەکەی، بۆ ئەو مەبەستە سازاندووە. جگە لەوەی گومانم دەکرد کە دەستی دایکیشمی تێدا بووبێ. باوکم نەدەبوو توخنی شار بکەوێ. لە دوای هاوپەیمانییە شوومەکەمانەوە لەگەڵ بەعسدا، بووبووە سووری بەر لەشکری حزب. نەك تەنیا ئەوان و داوودەزگاکانیان، خەڵکەکەش لەو ڕووەوە دەیانناسی. دایکم ئەم ڕاستییەی باش دەزانی و دەبوو بواری چوونی نەدا. ئا دایکم هانی دابوو. باوکم خۆی و حزبیش بۆ کاری زۆر پێویست نەبووایە، ڕێگەی چوونە ناو شاریان پێ نەدەدا. کەچی هەر هێندەم نەزانی، عەسرێك بەسەردا چووم ڕوانیم، وا ئامادەی ڕۆیشتنە!. هەوڵم دا نەیەڵم و وتم: هەر کارێکە من لە باتیی تۆ جێبەجێی دەکەم و بێ سوود بوو. دایکم هیچی نەوت. هاوژین چاوی پڕ بووبوو لە فرمێسك و خەم دای گرتبوو. وەك ئەویش گومانەکەی منی لە دڵ گەڕابێ، هاتە لامەوە و بە دەنگی نزم وتی: مەیەڵە.. کاکە مەیەڵە بڕوا!. تکام دادی نەدا و ڕۆیشت و ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو. لە دواییدا ئەوەش لە دڵی دایکمدا، بووە گرێیەکی تر و بەسەختی ئازاری دەدا. باوکەی نارد کوڕەی بۆ بدۆزێتەوە. نە ئەوەی پێ کرا و نە خۆیشی گەڕایەوە. مەگەر تەنیا من بزانم بەو ئازارەوە چۆن دەتلایەوە. مەگەر تەنیا منیش بزانم کە کاتێ سەرەداوێکمان سەبارەت بە هاوتا دەست کەوت، چۆن وەك گوڵ گەشایەوە و ئەو ئازارەیانی لێ کپ بووەوە. ئەو وەختە هێشتا هەردووکیان، بەلایەوە دوو ونبوو بوون. یەکێکیان دەزانرێ کە لە کاتی چوونە ناو شاریدا، کەوتووەتە بۆسەیەکەوە و گیراوە و ئیتر بێ سەروشوێنە. لە کاتێکدا ئەوی تریان، بەیانییەك

دەچێتە دەرەوە و ئیتر نایەتەوە و کەس نازانێ چی بەسەر هاتووە؟!. دەسا وا ئەمیشیان هیچ نەبێ، سووکە هەواڵێکی لە بارەوە بیسترا. چێشتەنگاوێکە و لە بارەگەی حیزب دانیشتووم و ملم بەلارەوە ناوە. سەربارى بزربوونى باوك و برا بەو چەشنە دڵتەزێنە، خەمى تلانەوەى دایکە مریەمیشم بەدەست ئازارەکانیەوە دەمپڕووکێنێ. هاورێیان هەموو بۆم بەپەرۆشن و نازانن چۆن دڵم بدەنەوە. تەنیا هێندەیان پێ دەکرێ، وازم لێ بێنن خۆم بخۆمەوەو بەبێدەنگ ناخم بکرۆژم. بەڵام ئێستا ئەوە تەتەرێکى حزبە و لە شارەوە دێ. پۆستەى هێناوە و نامەیەکى بۆ من تێدایە. نامەیەکى چکلێتییە و بە تیپى ئاوى پێچراوەتەوە. لە ناولەپى دەستمدا ئەمدیوو ئەودیوى پێ دەکەم. هەوڵ دەدەم بزانم لە کێوەیە و زەفەرى پێ نابەم. دەیکەمەوە و لە یەکەم دێرەوە، دڵم خورپەیەك دەکا و ڕادەپەڕمە سەرپێ. فرکە دەکەم بۆ لاى دایکم و.. دایکە مژدە!. نامەى هاورێ فەرەیدوونە و بۆى دەخوێنمەوە و رادەگەیەنێ، کە شیلان نامەیەکى لە جەنابى هاوتاکەى ئێمەوە پێ گەیشتووە. ئەوەش ماناى وایە ، کە بەناخێرى گیانى زرت و زیندووە!. دایکە بە شێوەیەك دەگەشێتەوە، وەك ئەوەى هاوتاى فەوتاوى لەناو گۆڕى تارەوە، بۆ هاتبێتەوە دەرەوە. دیاریشە کە دەبێ من بچم بۆ سۆراخکردن و دایکم لێم ڕادەپەڕێ: تۆ ناچیت.. من دەچم. هەوڵ دەدەم قایلى بکەم و نابێ، دەڵێ: دانیشە.. با تۆشم لە دەست نەچیت. دەڕوا. هەفتەیەك و دووان و سیان و دواى مانگێك، بەهەگبەى بەتاڵەوە دێتەوە!. لە هەواڵى نامەکەى لەمەڕ شیلانى بەولاوە دەست نەکەوتووە، کە ئەویش لە تەنیا دێرێك زیاتر نەبووە و نووسیویە: حەز دەکەم بتبینم و لە نامەیەکى تردا، کات و شوێنت بۆ دیارى دەکەم. دایکم لە ماڵى گوڵشەن خان شیلانى بینیبوو. تەنانەت لێى پاڕابووەوە، کە ئەگەر شتێکى ترى لە بارەوە دەزانێ، بۆى بدرکێنێ و ئەو سوێندى خواردبوو، کە ئاگادارى هیچى تر نییە. بەڵێنیشى پێ دا بوو کە هەرچییەکى پێ زانى، بە باجى گوڵشەنى ڕابگەیەنێ. دایکم زۆرى لێ ڕازى بوو. وتى کە کچێکى راستگۆ و دڵ و دەروون پاکە و چاوەڕێى هەواڵى دروستى لێ دەکرێ. وەهاش دەرچوو. مانگ و نیوێکى پێ نەچوو، هاورێ فەرەیدوون داواى کرد، دایکم سەریان لێ بداتەوە. کاتێ چوو، ئەمجارە بەکۆڵێ باسوخوازى سەیروسەمەرەوە هاتەوە. بەڵێ شیلان هاوتاى دیوە و یەکتریان دواندووە. هاوتا خۆشەویستییەکى ئاگرینى دەربڕیوە و ئەم، گلەییى هەڵاتن و خۆشاردنەوەکەى لێ کردووە. کەچى وتوویەتى ئەگەر واى نەکردایە، ڕێگەى گەیشتنى بەم بۆ نەدەگیرایە بەر. ئینجا دەمانچەیەکى لە بەرباخەڵیدا پێ دیوە

و كە لە بارەیەوە لێی پرسیوە، وتوویێتی گوایە بۆ خۆپاراستنە. دایکم لەبارەی جێگە و ڕێگەیەوە، لە شیلانی پرسیوە و وتوویێتی کە هیچی لا نەدرکاندووە و بەڵێنی داوەتێ، ئەو هەوڵی بینینی ئەم بداتەوە. لەگەڵ دایکم و هاوژیندا، ماوەیەك باسەکەمان تاووتوێ کرد و نەدەگەیشتینە ئەنجام. وەڵامی پرسیارە زەقەکەی بۆچی و لە پای چیمان بۆ نەدەدرایەوە. وتوویێتی: ئەگەر وام نەکردایە!!. ئاخر برام خۆ ئێمە بەزنجیر نەماندەبەستیتەوە!. تەنیا بتوتایە وا دەڕۆم و هیچی تر. وەکو بەو جۆرەش ڕۆیشتیت، کەمێك ویژدانت بجوولایە و هەواڵێکت بناردایە. یا هیچ نەبێ بە دەستی شیلاندا، دوو دێرت بۆ بنووسینایە و بتوتایە: حاڵێ یا حیسابێ!. باشە هاوتا تۆ چۆن و لە کوێوە بوویتە ئەو مرۆڤە دڵڕەق و بێ ویژدانەی بتوانیت، ئاوەها ڕەفتارمان لەگەڵدا بکەیت؟!. من رق دای گرتم و ئەم قسەیەم کرد و دایکم پێی ناخۆش بوو. بەدەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە وتی: دێتەوە هۆش خۆی. جا شاڵڵا نەك نەهاتایەوە هۆش خۆی، بەڵکو تەنیا بەوەندەوە بوەستایە. یا باشتر وایە بڵێم: بیتوانیایە بەفریای خۆی بکەوێ و نەیهێشتایە بگاتە ئەو ڕادەیەی، کە دایکم و جەلادەکەشم من بەبکوژی لە قەڵەم بدەن!. دایکم بەوەندە خۆشحاڵ بوو، کە ئەوەتا ماوە و زیندووە و دڵیشی بەوە خۆش بوو، کە لە خۆی بە ئاگا دێتەوە. بەڵام من هەر زوو ترسێك لە دەمانچەکەی بەرباخەڵی، لە دڵمدا سەری هەڵدا و هەراسانی دەکردم. نەمدەزانی بە چ مانایەك و لە چ ڕوویەکەوەیە؟!. هەروا لەخۆوە پێی پەست دەبووم. تا زۆری نەبرد دەرکەوت کە لەخۆڕایی نەبوو. دایکم کە لە سەفەری دووەمی گەڕایەوە، حزبی لێ ئاگەدار کرد و بە هیوا بوو، ئەوان بتوانن بیبینن و کاری تێ بکەن . کەچی یەکەم هەواڵی حزب لە بارەیەوە، پێی ڕاگەیاندین کە بووەتە چەکدارێکی چالاکی یەکێتی لەناو شاردا. پێمان ناخۆش نەبوو. وتمان: قەیناکە... هەر لە سەنگەری دژ بە دوژمنە سەرەکییەکەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبوو پێوەندییە خێزانییەکەی لەگەڵدا ببەستینەوە. من بیرم کەوتەوە کە یەکێکیان لێ دەناسم. وەختی خۆی هاوپۆل و برادەر بووین و باوەڕی زۆر پێم هەبوو. دواتر ئەگەرچی دەیزانی کە بەبنەماڵە شیوعیم، بەڵام هەوڵی زۆری دەدا بەلای خۆیانمدا رابکێشێ. بە تایبەتی کە وەك ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، خۆی بە مارکسی و لینینییەکی پاکتر و دڵسۆزتر دادەنا. مەسەلەکەم لەگەڵ دایکمدا باس کرد و دوای هەندێ بێنە و بەرە قایل بوو. گرفتی دۆزینەوەیم لەناو شاردا نەبوو. ماڵیانم پێ دەزانی و زۆر جار ڕێم تێی کەوتبوو. ئێوارەیەکی درەنگ لە دەرگەم دا وتم: ئێستا دەبێ

لە ماڵەوە بێ و وابوو. بە بینینم گەلێ خۆشحاڵ بوو. ئەو لە وەختی خۆیەوە، لێم ئاگەدار بوو کە ناو شارم جێ هێشتووە. خۆم بۆم باس کردبوو. "وریا" بەڕاستی وریا بوو. کوڕێکی تا بڵێیت زیرەك و بیرتیژ و تێگەیشتوو. دەمەتەقێکانی لەگەڵمدا، سەرسامی دەکردم و زۆر جار دەیبەستمەوە. ئێستاش ئەوەتا هەر هێندەی دادەنیشین، دەست پێش دەخا و دەڵێ: هاوتا.. وانا؟!. من تا ئێستا نازانم بۆچی بە بیستنی قسەکەی، وەك زەمبەلەکێکی نووقاوم لەژێردا بێ و لە پڕێکدا لێمی بەرەڵا بکرێ، ئاوەها راچەنیمە سەرپێ و بەپەرۆشەوە، کەوتمە هەڵڕوانین بە دەوری خۆمدا!. وریاش شان بەشانم، سەری لە کردەوەکەم سوڕما و هەر لە جێوە، بە حەپەساوییەوە سەیری دەکردم. ئینجا کاتێ ئەو بە نیمچە بێزارییەکەوە وتی: دانیشە.. ئەوە چیتە؟!. من هیچی خراپم وتووە؟!. ئەوسا بە ئاگا هاتمەوە و تەریق بوومەوە. دانیشتمەوە و وتم: نا نەء.. قەت نەء.. بەڵام قسەکەت بۆ من، وەك تەقینەوەی بۆمبێك بوو لەناو گوێمدا!. ئەو پێی سەیر بوو. ئیتر بۆچی لەو و بۆیە لە من و چووینە ناو درێژەی باسەکەوە. درێژە دەری دەخست، کە لە کاتێکدا ئێمە بە سەد و یەك باردا چارەنووسیمان تاووتوێ دەکرد، ئەو بەپێی زانیاریی لەوەبەری سەبارەت بە برادەرێتیی من و وریا، یەکسەر هاتووەتە لای و داوای کردووە بیگرنە خۆیان. من تەنیا گوێم لێ گرت و بە چاکم نەزانی هیچ بدرکێنم. ئەو لێمی پرسی: بۆچی؟!. من پرسیارەکەم بەڕوویدا پەرچ دایەوە و وتم: لە خۆیت نەپرسی؟!. وتی: با.. وای تێ دەگەیاندم کە ئێوە شۆڕشگێڕ نین و لەو ڕووەوە، باوەڕی بە ئێمە زیاترە. من ئەو لایەنەم مەبەست نەبوو. لەسەری نەڕۆیشتم و داوام کرد ببینم. ڕێك کەوتین بۆ شەوی دوایی، لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتە ماڵەوە و منیش بچم. کاتێ چووم، وریا لە من زیاتر سەری سوڕمابوو، وتی: نەهات و دەڵێ حەز بەدیداریان ناکەم!. پێم سەیرە هاوڕێ!.. دەبێ خراپتان عاجز کردبێ، ئاوا لێتان بەلەسە بووە!. بەچاکم نەزانی هیچ شتێ لەبارەی ڕووداوەکەوە بدرکێنم، بەتایبەتی کە هەستم کرد خۆیشی هیچی لێ نەبیستووە. ناچار درۆیەکی مەسڵەحەتم کرد و وتم: لەگەڵ باوکمدا کەمێ ناخۆشییان بووبوو. ئەویش سەلماندی و وتی: ئەوە بۆیە کە هەواڵی گرتنەکەیم پێ ڕاگەیاند، پێی سەغڵەت نەبوو!. وازم لە بینینەکەی هێنا و تەنیا داوام لێ کرد، ئاگەداری بێ و هێندەی پێی دەکرێ، بۆ دڵنیاکردنی دایکم دەنگوباسیمان پێ ڕابگەیەنێ. بەڵێنی دا و جێم هێشت. بەیانییەکەی ڕووم کردە ماڵی هاوڕێ فەرەیدوون و دەستەودامێنی باجی گوڵشەن بووم، کە شیلانم بۆ بانگ بکا تا بیدوێنم. سەرەتا

قـایل نـەبوو بێت و کە پێم داگرت، بەچەشنێك هـات کە من خۆم لێی پەشیمـان بووم. دایە کوڵـی گریـان و تکـای کرد، کە لـەوە زیـاتر ئـازاری نـەدەین و لـە کۆڵـی ببینـەوە. لـەسـەری نـەڕۆیشتم و هـەستم کرد، کە بـەڕاستی دەبـێ بـەرۆکی ئـەو و بـاجی گوڵشـەنیش بـەربدەین. شەوەکەی لەگەڵ بـاپیرمدا کەوتینە لێدوانی کێشەکە. دایکم لـەوەبـەر بـەدرێژی بۆی بـاس کردبوو. ئـەویش لـەلای خۆیـەوە، هـەوڵێکی زۆری بـێ ئـەنجـامی دابوو. ئێستـا کـاتـێ من ئـەم زانیـارییـە تـازانـەم پـێ ڕاگـەیـاند، لـە سـەراسیمـەییدا پـەیتـا پـەیتـا دەیوت: دڵنیـان... ئێوە دڵنیـان کە ئـەو کوڕە شێت نـەبووە؟!. ئینجـا کە هێور بووەوە وتـی: دەی بـاشە چی بکـەین؟!. بیرم کـەوتـەوە کـە لـەگـەڵ وریـادا ڕێ نـەکـەوتبووین، دەنگوبـاسـەکـەم بـە چ ڕێگـەیـەك پـێ بگـەیـەنـێ. وتم: ئـەم بۆ ئـەو کـارە گونجاوە. چووم وریـام قـایل کرد و مـەرجی ئـەوە بوو، کە بـاپیرم نـەینـاسـێ کێیـە و ئـەو بێت بۆ لای ئـەم بۆ مـاڵـەوە. بردمـە مـاڵـەوە و بـاپیرمم پـێ نیشـان دا. وریـا کوڕێکی قسـەخۆشیش بوو. وتـی: ئـەرێ بـاشە بۆچی تۆش وەکو هـاوتـا ناکەیت و بێیت، سـێ قۆڵـی وەك کڵپـە ئـاگرێك بچینـە گیـانـی دوژمن؟!. من دەزانم تۆش لـە نـاخدا، شۆڕشپـەرستێکیت وەك من. ئـەو قسـەکـەی لـە شێوەی گـاڵتـەدا کرد و من لـە دڵـەوە وتـم: بـۆ گـوایـە شۆڕش بـەلای تـۆوە خـواوەنـدە؟!. وتـی: نـا.. وا نـا. ئـەوە گـرینـگ نییـە هـەرچییـەك بـێ. گرینگ خۆمم کە دەبی عـابیدێك.. یـا چاکتر وایـە بڵێم: دەروێشێکی بم. ئـەی تـۆ؟! وتم: بـەو مـانـایـە لێتـەوە نزیکم. بـەڵام من بیروبـاوەڕپـەرستم نـەك شۆڕش. چونکە ئـەویـان ڕەگ و ڕیشـەیـە و ئـەمیـان لق و پۆپ. بـەڵێنی گـەیـاندنی هـەر هـەواڵێکی بۆ دووپـات کردمـەوە و جودا بووینـەوە. کە گـەڕامـەوە مـاڵـەوە، بـاسی سـەرەکیی سـەفـەرەکـەم، لـە دەوری وریـا و قسـەکـانی دەخولایـەوە. لـە ئـەنجـامیدا وتم: دایکـە.. هـاوتـا ئـاوای لـەوان تـێ گـەیـاندووە!. ئـەو وتـی: ڕووی ڕەش بـێ. هـاوژین وتـی: دایـە بۆچی وای پـێ دەڵێیت؟!. من وتم: دەبـێ لـەو خراپتریشی پـێ بوترێ. کورد لـەخۆڕایی نـەیوتووە: ڕێوی لـە کونی خۆی هـەڵگـەڕێتـەوە گـەڕ دەبـێ. ئـەویش بۆ کوێ دەچـێ؟!.. دەیبینم چۆن گـەڕوگول دەبـێ. دایکـم دوایـی ئـەم قسـەیـەمـی لـەسـەر کـردم بـەمـاڵ. کـاتـێ وتـم: دایکـە.. بـەپیرۆزیـی دایکایـەتیت من نـەبووم و نیم. وتـی: ئـەی تۆ نـەبووی وتت: بۆ کوێ دەچـێ؟!. دەیبینم چۆن گـەڕوگول دەبـێ؟!. بـاشە ئـاخر هیواخواستنی گـەڕوگولبوونی کـەسێك، چۆن مـانـای کـوشتـنـی دەگـەیـەنـێ و بـەدەستـی کـێش؟! مـنـی بـرای و مـنـی کـاکـی؟!. بـەڵـێ ڕاستـە.. ئـاواتـەخواز بـووم گـەڕوگول ببـێ بـەمـانـای، نـەفرەت لێکردنـی و بـوغزاندنی لـەلایـەن هـاوبیروبـاوەڕانمـانـەوە. نـەك بـەو مـانـا چەپەڵـەی کە قـەت و قـەت بـەخـەیـاڵمدا گوزەری

نەکردبوو. ئەو ساتەی دایکم وتی: بۆچی؟!. من بەهیچ کلۆجێ بۆی نەچووم، لە کوێوە قسە دەکا و مەبەستی چییە؟!. کە وتم: بۆچی چی و کە وتی: بۆچی کوشتت؟!، ئیتر من بۆ ماوەیەك لە ئاستیدا زمانم لاڵ بوو. هەرچەندم دەکرد، بۆم نەدەهێنرایە گۆ. بیهێنمە گۆ بڵێم چی؟!. بە چ وشە و ڕستەیەك دەست پێ بکەم و بتوانێ، هەزاریەکی ئەو گێژەڵووکەی سەرسوڕمانە دەرببڕێ، کە لە ناخمدا هەڵی کرد؟!. من!.. دەستم!.. بچێتە!. خوێنی هاوتا؟!. من!.. ببمە.. جەلادی!.. هاوتا؟!. تەنانەت ئەگەر وەك ئەرکێکی پیرۆزیش پێم بسپێردرێ؟!. دایکە.. هاوتا هەرچییەکی لێ وەشابێتەوە، نە بەخودی خۆم پێم دەکرا، نە وەك ئەرك و فەرمانیش دەمتوانی جێبەجێی بکەم. ماوەیەکی زۆر بەوەوە تلامەوە، کە ئاخۆ دایکم ئەو گومانەی لە چییەوە لەلا پەیدا بووە و چۆنیش، وەك ڕاستییەك چەسپاوەتە مێشکی؟!. خۆ من هیچم سەبارەت بەهاوتا، لێ نەدەشاردەوە و هەرچییەکم لە بارەیەوە دەبیست، ڕاست و ڕەوان بۆم دەگێڕایەوە. هەرچیم لە ڕێگەی وریاوە پێ دەزانی و هەرچم لەملا و لەولاوە بەرگوێ دەکەوت، بەوردی پێم ڕادەگەیاند. وتم: دایە.. چووەتە لای یەکێتی و وای تێ گەیاندوون و وامان پێ دەڵێ. وتی: ڕووی ڕەش بێ وتم: بووەتە چەکدارێکی چالاکی ناو شاریان و شێتانە چالاکی دەنوێنێ. وتی: تەنیا لە بەڵا بەدوور بێ، هیچی ترم ناوێ. وتم: دایە... ئەو کوڕە مل لە چەقۆ دەسوێ و سەری خۆی بەفەتارەت دەدا. بەڕاست و چەپدا دادەپاچێ و دەست ناپارێزێ و کوشتنی لەلا بووەتە ئاوخواردنەوەیەك. ئێستا لە چەندان لاوە بەخوێنی سەری تینوون و تەنانەت، تاقمەکەی خۆیشی لێی کەوتوونەتە گومانەوە. دوا جار وتم: دایە.. دەچم دوا هەوڵ دەدەم. چووم بەسەر پەشۆکانێکی لە ڕادەبەدەری باپیرمدا چووم. وتی: بەبێ وەستان بگەڕێوە دواوە. وتم: بۆچی؟!. وتی: کون بەکون بەدوای هاوتادا دەگەڕێن. – کێ؟! .– تاقمەکەی خۆی. – لەبەرچی؟!. – دەڵێن دەرکەوتووە کە ناپاکە و چەند برادەرێکیانی بەگرت داوە. بە بیستنی ئەو قسانە، وەختابوو مێشکم بتەقێ. بەدرێژاییی ماوەی پێشوو، چاوەڕێم دەکرد لە هەر ساتێکدا، هەواڵی کوشتنی ببیسم. بەڵام ئەمەیانم قەت و قەت بە خەیاڵدا ڕانەبوردبوو. باپیرم وتی کە دوو ڕۆژ لەوەبەر، وریا چووەتە لای و داوای لێ کردووە من ئاگەدار بکا. هەروەکو وتی کە لە حزبی خۆشمانەوە، هەر بەو مانایە وریا کراوەتەوە. وتم: دەچم وریا دەبینم. وتی: مەچۆ.. چونکە وای تێ گەیاندم کە بەخاووخێزانەوە، ماڵەوەیان چۆڵ کردووە و خۆیان حەشار داوە. وازم لەو هێنا و هاوڕێیانی خۆمانم بینی. ئەوان سەرەداوێکی نهێنییەکەیان

دامێ. وتیان: قسەیەکی وا هەیە کە دوو سێ مانگێك بەر لە ئێستا، گیراوە و لەوەوە ئیتر کەوتووەتە داویانەوە و تەنانەت، دوو هاوڕێی ئێمەشی بەگرت داوە. من لەو کاتەوە هەستم کرد کە لەلای هەرسێ لا، یەکێتی و خۆمان و دەزگای ئەمنیش، خوێنی خۆی کردووەتە کاسە. ئەمنیش لەسەر پیشەی خۆیان، هەر کاتێ تڵپی تەڕی تێدا نەما فتی دەکەن. من وەختێ بەرامبەر بەپرسیاری (بۆچی کوشتت)ەکە زمانم بە گۆ کەوت، هەوڵم دا باسەکە ئاوەها بۆ دایکم شی بکەمەوە و بێ سوود بوو. وا چەسپێنرابووە مێشکی، کە بەبڕیاری حزبی خۆمان بووە و جێبەجێکردنیشی، بە من سپێردراوە!. ئەمەی بە ئاشکرا نەیدەوت و تەنیا لە دەمودوویدا بۆم دەردەکەوت. تەقەلای زۆرم لەگەڵدا دا، تا بزانم لە کێی بیستووە و دەری نەبڕی. کاتێکیش هاوارم بردە بەر باپیرم کە بەفریام بکەوێ و هات پاکانەی لە سەدا سەدی بۆ کردم، تەنیا باوەڕی بەوە هێنا کە بەڵێ من نەبووم. بەڵام ئێستا و ئەوسا دەری نەخست، کە ئەو هەواڵەی چۆن و لە کێ و لە کوێوە بیستووە؟!. هەر لەو ساتەشەوە ئیتر، لە منی لادا و چووە گیانی باپیرم. هەڵی پێچا بزانێ، وەك لایەن کام لا و وەك بکوژ کێ بووە؟!. باپیریش زانیاریی زیاتری لە من لەلا نەبوو. تەنیا هێندەی سەربار لەلا هەبوو، کە بەیانییەکی زوو کوڕە لاوێك، دابووی لە دەرگە و بەڕێزەوە وتبووی: لاشەکەی هاوتا لەژێر پردەکەی قلیاساندایە، بچۆ بیهێنەوە!. باپیرم چوار مانگ لەوەبەر بوو، کە وەفاتنامەکەی باوکمی بۆ دایکم هێنا. ئێستاش وا دەچێ لاشەکەی هاوتا، لەژێر پردەکەی قلیاسان هەڵدەگرێتەوە و لە پشتی پیکابێکدا دەیهێنێتەوە. ڕێکەوت وای هێنابوو کە ئەمجارەیان بۆ کارێکی حزبی لەناو شاردا بم و ئەو ڕێکەوتە لەعنەتییە، دڵی دایکمی ئاوەها لێ کرمێ کردبووم و بوختانەکەی لەلا کردبوو بەڕاست. تا کارم نەگەیاندە هاواربردنە بەر باپیر و شایەتیی بۆ نەدام، کە بەڵێ ئەو شەوە من لەلای ئەوان خەوتووم و هاوتاش، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی لە شەودا کوژراوە، دڵی لێم پاك نەبووەوە. لەوە بەدوا ئیتر چ لەو یا لە هەر کەسێکی تر و تەنانەت، لە ڕۆژانی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەشدا، قەت لە کەسێکم نەبیست دوور و نزیك بەلای ئەو باسەدا بچێ. کەچی وا ئێستا ئەمانە لە ناکاوێکدا، ئەو کۆنە زامەم لێ دەکولێننەوە و ئازارە لە خوتوخۆڕاییيەکەیم لێ دەورووژێننەوە!.. بۆچی و بەچ مەبەستێك؟! چییان دەوێ و بەرەو کام!.. باشە تۆ ڕاوەستە.. ئەمە بۆچی بەڵگەی ئەوە نەبێ، کە خۆیان بکوژی هاوتا بوون وەك لەوەبەریش بۆی دەچووم؟!. بۆچی هیشام و هاوکارانی، بە درێژاییی ڕۆژانی ئەشکەنجەدانم، هیچیان لە بارەیەوە لەگەڵدا

نەدرکاندم؟!. کەچی ئەمانە وا ئێستا، بە ڕوومیدا دەدەن و ئاوەهاش بەزەقی؟!. بێ مەلامەت نییە و نیشانەی ئەوەیە، کە ئەمانە زانیارییەکی زۆریان لە بارەمەوە هەیە. وریا لە کاتی خۆیدا بەنامەیەك ئاگەداری کردم، کە ئەوان بکوژی نین. حزبی خۆشمان هەر وەهایان وت و قسەی هەردوولاشم سەلماند. دەی خۆ نەدەکرا بچم دەمودووی دەزگای ئەمن تاقی بکەمەوە. بەلام ئێستا فرسەتە و دەیانخەمە بەر گیروگاز. خۆیان دەرگەیان خستووەتە سەرپشت و منیش ئامبازیان دەبم. جەنابی مقەدەم بە ئەقڵی ریژگاوی، گوایە بەتەڵەوەم دەکا!. گوایە دەمارم دەگرێ و لە گرێژەنەم دەبا!. ئێستا.. هەر ئێستا دەچم یەخەی دەگرم!.. بەدەمییەوە ڕادەپەڕمە سەرباری دانیشتن. سەرنجێکی خەواڵووانە دەگێڕم. ژوورەکەم تاریك دێتە بەرچاو. گومانی داهاتنی شەوی لێ دەکەم. بەلام کوێرا؟!. من کە گەڕامەوە هێشتا چێشتەنگاو بوو. خۆ نەخەوتبووم. لە کوێوە بوو بەشەو. لا دەکەمەوە بەلای پەنجەرەکەدا. پەردەکان لادراون. مەتەڵەکەم بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەور بەری ئاسمانی تەنیوە. ڕاست دەبمەوە و دەچم هەڵدەڕوانم. هەورێکی دێزی تووڕەی ئاوسە. ها ئێستا هەڵدەڕێژێ ها ساتێکی تر. ماوەیەك چاوەڕێ دەکەم و نییە. بەرەژانە و پێی دەچێ. هەور و ژن لە یەکتر دەچن. دایکم وای دەوت. برووسکەکانیان وەك یەکن. ئەو بارانی دەبێ و ئەم منداڵ. دەگەڕێمەوە لای جێگەکەم و پەنجە بە دوگمەی زەنگدا دەنێم. ئوسامە دێ بەدەنگمەوە. داوای بینینی ئەمجەد و سامری لێ دەکەم. یەکەم جارە ئەم جۆرە داوایەم لێ دەبیسێ و سەری سوڕ دەمێنێ. بەلام خێرا دەڵێ: بەسەرچاو و بەپەلە دەڕوا. سامر دێت و ئەویش سەرنجێکی سەرسامیم دەداتێ. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پرسیارێکم لێ ناکا و تەنیا دەڵێ:

– مقەدەم ئەمجەد لەوبەرە.. هەر ئێستا دەچم بانگی دەکەم.

دەڕوا و زۆری پێ ناچێ هەردووکیان دێنەوە. بەگەیشتنیان دەرگەم لێ دەکەنەوە و دەچین دادەنیشینەوە. لەگەڵ جێگیربوونماندا من یەکسەر ڕووی پرسیار لە ئەمجەد دەکەم:

– حەز دەکەم بزانم هاوتای برامتان بۆچی کوشت؟!.

ئەمجەد دەبینم زیت دەبێتەوە و دەحەپەسێ. دیارە کە پرسیارەکەی بەلاوە لە ناکاوە و دەڵێ:

– هاوتای برات!.. ئێمە؟!.

من بەسووربوونەوە دەڵێم:

– بەڵێ ئەو و بەڵێ ئێوە. من هەتا ئەم بەیانییە.. هەتا ئەو ساتەی تۆ باسەکەت ورووژاند، تەنیا لە خۆم بەتەواوی دڵنیا بووم کە بکوژی نیم. دەنا گومانم لە ئێوە و لە هەردوو حزبەکە هەبوو. کەچی وا ئەمڕۆ تۆ بۆت سەلماندم، کە بکوژی تەنیا ئێوەن و کەسی تر نا.

– بەچیدا بۆم سەلماندیت و من چیم وت وەها بگەیەنێ؟!.

– بەوەدا کە تۆ زۆر لە نزیکەوە، ئاگەداری ئەو باسە و خودی کارەساتەکەیت.

– جا بۆچی ئەوە بەڵگە بێ؟!. خەڵکی شارەکەت هەموو ئاگەدارین. زۆریش هەن بەتۆی تێ دەگەن و تەنانەت دایکیشت. ناچارت کردم ئەو قسەیە بکەمەوە.. ببوورە. تۆی زیرەك و وریا و زۆرزان، هەندێ جار زۆر ساوێلکەیت و ئەم پرسیارەت لەو بابەتەیە. تۆ بڵێیت نەتبیستبێ کە بۆ ماوەیەك، بووبووە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانی ژنانی شارەکەت؟!.

– وا نییە.

– با وا نەبێ.. لە ڕێگەی ڕاپۆرتی چاو و گوێیەکانی خۆمانەوە زانیمان.

– درۆیان فەرمووە.

– ئەمیش با وابێ و دەپرسم: بۆچی ئێمە بکوژی بووبین؟!.

– چونکە کارتان پێی نەما و دەبوو، بەخۆی و نهێنییەکانییەوە خەفە بکرێ.

ئەمجەد بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. لەوە دەچوو کە وێڵی دوای وەڵامێکی تۆکمە بێ. یا وەڵام ئامادەیە و لە دەربڕینیدا دوودڵ بێ. دەیبینم هەردوو دەستی ڕەت کردوونەتە سەر مێزەکە و پەنجەکانیان، بەناو یەکدیدا دەهێنێ و دەبا. بەچاویش سەرنجی لەسەر ڕاگرتوون و دەڕوانێتە بزووتنیان. دەڵێیت خەریکی جۆرە ژمارە و ژمارەکارییەکە. تەنانەت سووکە جووڵەیەکیش بەلێوانییەوە دەبینرێ. تا کاتێ لە ناکاوێکدا دوا بڕیار دەدا، بۆمبایەکم لێ دەتەقێنێتەوە و دەڵێ:

– هاوڕێ گوێ بگرە با ڕاستییەکەیت پێ بڵێم.. ڕاستییەکەی کە دەزانم دڵت خۆش دەکا و تەنانەت، خۆزگە دەخوازیت بتوانیت دایکیشتی لێ ئاگەدار بکەیت. هاوڕێ دڵنیابە کە هاوتا، نە تۆ کوشتووتە و نە دوو حزبەکە و نە ئێمەش. هاوتا زەلامێکی سەر

بە دەزگای ئەمنی ئێمە، بەبێ ئاگەداری و بڕیاری دەزگا، بۆ مەبەستێکی تایبەتیی خۆی کوشتوویێتی. هاوتا نە گیراوە و نە پێوەندیشی بە ئەمنەوە هەبووە. بگرە رێکەوت وای هێناوەتە پێشەوە، کە داوا لەو زەلامە بکرێ هەوڵ بدا بیخاتە داوی گرتنەوە، بەهەیوای سوود لێ بینینی. کەچی ئەو لەلای خۆیەوە، نەخشەی کوشتنەکەی بۆ داڕشتووە. دیارە دەپرسیت بۆچی؟!. دەڵێم شیلان. ئەویش جەنابی شەیدای شیلان بووە و ئەو کوشتنەی، بەباشترین ڕێگە داناوە تا مەیدانی بۆ چۆڵ ببێ. نەخشەکەشی ورد داڕشتووە. یەکەم جار بۆی لە قاو داوە، کە گیراوەو بووەتە پیاوی ئەمن، بەو تەمایەی حزبەکان بیکوژن. ئینجا کە ماوەیەك چاوەڕوانی کردووە و نەبووە، ئۆقرەی نەگرتووە و خۆی کوشتوویێتی و ئەمجارە، بۆ تۆی لە قاو داوە کە بەفەرمانی حزب کوشتووتە و تەنانەت، بەنامەیەك دایکیشتی وا لێ تێ گەیاندوویت و هەر ئەویش، باپیرتی لە شوێنی لاشەکەی ئاگەدار کردووە. ئەمەی بۆم باس کردیت، پوختەیەکی زۆر کورتی، گێڕانەوەیەکی دوور و درێژی ئەو زەلامە خۆیەتی، دوای ئەوەی خرایە بەر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەوە، کە بەوێنە و دەنگەوە بە ڤیدیۆ تۆمار کراوە و بەنووسینیش، بەخەتی خۆی نووسراوە و ئیمزا کراوە. من و سامر لەو سەفەرەدا کە هاتین بۆ لات، دیومانە و خوێندوومانەتەوە.

چۆنی وت وەهام لێ هات!.. گەشکەیەکی خۆشی و شادی، سەراپای هەست و نەستمی داگیر کرد. خۆزگەی ئاگەدارکردنەکەی دایکم، هێندەی تر هەژاندمی. سەرنج دە!.. گرێکوێرەیەك و لە ناکاوێکدا بکرێتەوە.. کەسەرێك لە دڵدا و لە پڕێکدا بپووکێتەوە.. حەسرەتێك لە ناخدا و لە کفلەیکوونێکدا برەوێتەوە!. دەبێ چی لەوە ئاسوودەبەخشتر بێ؟!.. هاوتا هەرچییەکی کردبێ، دانەخزاوەتە ناو زەلکاوی گوناهە گەورەکەوە و ئەوەندەمان بەسە. بەڵام.. بەڵام لە خۆم بەئاگا دێمەوە کە ئەوان، بە چوار چاوی زەقەوە تێم دەڕوانن و بەوردی، سەرنجم دەدەن!. ئاخر تۆ بڵێیت!..

ئەمجەد لێم غافڵ نییە و دەستبەجێ وەڵامم دەداتەوە:

– گومانت نەبێ... دەتوانین داوا بکەین کاسێتەکەمان بۆ بنێرن. لەو باوەڕەدام زەلامەکەش ببینیت دەیناسیت. یا هیچ نەبێ دەزانیت کێیە و چی بووە!.

من وا باوەڕی تەواوم بەگێڕانەوەکە هێنا و هیچ ناڵێم. بەڵام خۆ دەبێ لەسەر ئەو بوختانەی بەیانی بۆی کردم یەخەی بگرم:

– ئەی تۆ بەیانی داتە پاڵ من.. بۆچی؟!.

– بەیانی درۆم فەرموو.

– قبووڵمە و قەیناکا.. ئەی درۆکردنەکە بۆ چ مەبەستێك؟!.

– بەبێ مەبەست.. بەسەر دەممدا هات.

–جا تۆ لە جێی من بیت، باوەڕ بەو بێ مەبەستییە دەکەیت؟!.

– هاوڕێ.. ئێمە دەزانین کە تۆ، پیاوێکی وریا و زیرەکیت و ئەوە بۆ خۆی، یەکێکە لە هۆیەکانی هەڵبژاردن و هێنانت بۆ ئێرە و دەبێ دەرك بکەیت. تۆ خۆت قەت قسەی بێ مەبەستت بەسەر دەمدا نەهاتووە؟!.

– با بڵێین با.. وتت هەڵبژاردەم.. ئەمەیان بۆچی؟!.

– ئەی نەموت؟!.. لەبەرئەوەی کە وریا و زیرەکیت.

– ئەوە نا.. هێنانەکەم؟!.

– هەروا دەگرێتەوە.. وریایی و زیرەکی.

– گەمەی مریشك و هێلکەکەم لەگەڵدا دەکەیت؟!

– نەخێر.. گوێ بگرە بۆتی ڕوونتر بکەمەوە. تۆ جگە لە وریایی و زیرەکییەکە، چەندان سیفەتی ترت تێدا هەن، کە وامان لێ دەکەن ئێمە مەبەستمان بێ بمێنێ و بەفەوت نەچیت. سا بۆ تۆش، ئەمە هەلێکی زێڕینە و تکایە لە دەستی مەدە!.

لە لەرەی دەنگیدا و بەتایبەتی لە دەربڕینی وشەی تکایەکەدا، هەستم بەجۆرە ڕاستگۆییەتم کرد و سەرم سوڕما!. تەنانەت لە بریقەی چاو و شێوەی ڕەنگوڕووشیدا دەردەکەوت!. ئەگەر تکاکەی هەڕەشەئامێز بووایە، ئاسایی بوو بڵێم: کابرا شەرمی میوانداریيە گەرمەکە گرتوویێتی لەو لوتفەیەوە دەپێچێ. یا بەزار تکاکە دەردەبڕێ و بەچاو، کڵپەی ئاگرم تێ دەگرێ. سا من ئەم نهێنییە چۆن یەکالا بکەمەوە؟!. بەرامبەر بەم مەتەڵە چی بکەم و چی بڵێم؟!. دەڵێن: سیفەتی ترت تێدا هەن.. دەبێ چی بن؟!. دەڵێ: ئێمە.. دەبێ کێ بن؟!. دەیبینم بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی وەلامە و سامریش!. هەردووکیان چاویان بەسەر دەممدا ڕواوە. وەك بەتەما بن هەڵی بێنمەوە و ئاسوودەیان بکەم. ئاخر کە نەزانم سیفەتەکانی ترم بەلایانەوە چین، ئەوان کێن، بۆچی مەبەستیانە بمێنم، چ وەلامێکیان بدەمەوە؟!. نا.. تا وەلامی ئەو پرسیارانەم

نەدەنەوە، ئەو هەلە زێڕین و تکایەم پێ قووت ناچێ. ئا.. ناچار دەڵێم:

– لەلای منیشەوە تکایە بۆمی ڕوونتر بکەنەوە: ئەو سیفەتانەی تر چین و ئێوە کێن و بۆچی مەبەستتانە بمێنم؟!.

ئەمجەد چاوم لێ کەلا دەخاو بەهێواشی، سەرێکی بێزاربوون بادەدا. خۆی دەخاتە سەرپێ و سامریش لەگەڵیدا. ماوەیەك بەبێهوودە ڕادەوەستن. تا ئەمجەد بەدەنگێکی هێمن دەڵێ:

– ئەمڕۆش ماندوومان کردیت. لێمان پەست مەبە. تامەزرۆی دواندنتین. گەلێك باس و خوازی تر هەن لێیان بدوێین. ئێمە تەنیا هێندەت لێ دەخوازین، کە لێمان بێ تاقەت نەبیت. ئەگەر قسەیەکی خواروخێچیش کرا، لێمان ببووریت.

## ٢

دانیشتنی تر و ئەمجەد ڕوونتر قسە دەکا. یەکەمجارە دەیبینم ڕۆژنامەکانی خۆی، هێناونەتە سەر مێزەکەی و ریزی کردوون. تاووتوێیان دەکا و پەڕەکانیان هەڵدەداتەوە و بەدەمییەوە، زوو زوو دەڕوانێتە من، بەوەدا کە ئەو دەزانێ منیش پێشتر خوێندوومنەتەوە، دیارە کە لەو جموجووڵە منی مەبەستە. ئان و سات هەستی پێ دەکەم و تێ ناگەم بە چ نیازێکە. بیری لێ دەکەمەوە و بۆم بەگیر نایەت. ئەو دوای ماوەیەك دەڵێ:

– لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەدا، چ بابەتێکت بەتایبەتی مەبەستە؟!.

گێژەنێکی سەخت و پرسیارێکی ئاسایی!. چۆنی بۆ بچم؟!. دەبێ چیی لە پشتەوە بێ؟!. ناگەمە ئەنجامێك و دەڵێم:

– هەواڵ و سیاسەت.

دەڵێ:

– منیش.. چیی تر؟!.

– وەرزش.

– وەرزش؟!.. پێم سەیرە!.. هێندەی من بزانم تۆ بۆت نەڕەخساوە، بەکردەوە بەشداریی تێدا بکەیت.

– ڕاستە.. بۆیە بەخوێندنەوە لە بارەیەوە، پارسەنگی دەدەمەوە. ئەی تۆ.. چیی تر؟!.

– ئەدەب و هونەر و دەشنووسم.

– نووسینیش؟!.. چ بابەتێك؟!.

– شانۆگەری.

منیش بە سەیری دەزانم!. کابرا ئارەزوومەندی ئەدەب و هونەرە و دەشنووسێ!!.. هیچیش نا شانۆگەری!!.. بینایيم بەسەر ڕوخساریدا دەڕوێ. شەهید فەرهادیش

شەیدای شانۆ بوو.. ژیان شانۆگەرییەکی بێ کۆتاییە. وای دەوت و قسەکەی لینینیشی زۆر دووپات دەکردەوە، کە شانۆ قوتابخانەی گەلە. بەشانازییەوە باسی دەکرد کە لە سالآنی قوتابێتیدا، لە چەند شانۆگەرییەکدا بەشدار بووە. هەر ئەوەش هانی داوە بۆ نووسین و ماوەیەك، خۆی پێوە خەریك کردووە. بەڵام حزبایەتییەکە و لە ئەنجامیدا گرتن و ڕاونان و دەربەدەری، ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی لێ گرتووە و تەنیا، خۆشەویستییەکەی بۆ شانۆ بۆ هێشتووەتەوە. لەو وەختانەدا کە حزب بواری هەناسەدانی ئاشکرای بۆ هەڵدەکەوت، هیچ شانۆگەرییەکی لە بینینی نەدەبوارد. هێندەی ڕێکەوتی بکردایە، منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. دەیویست وەك خۆی هۆگری شانۆم بکا. پوورە گەلاوێژ لێی خۆش نەدەهات و پێی توورە دەبوو. ڕۆژێکیان بەمیوانی لەلامان بوون کە شەهید بەمنی وت: ئەمڕۆ شانۆگەری هەیە هەڵسە با بچین. کەچی ئەو لەلای خۆیەوە ئاگری گرت و هەرایەکی نایەوە. بەخاڵە فەرهاددا هەڵشاخا و وتی: ئەم شتە هیچوپووچە چییە تۆ خووت داوەتێ؟!. کاتێ ڕۆیشتن هۆیەکەیم لە دایکم پرسی و ئەو، وای ڕوون کردەوە کە لە منداڵنەبوونیانەوەیە. پرسیم: بۆچی منداڵیان نابێ؟!. وتی: پوورە گەلاوێژ نەزۆکە. من خەفەتم زۆر بۆ خواردن، بەتایبەتی کە هەر ئەوەش دوایی بووە هۆی جیابوونەوەیان. تا هێشتا منداڵ بووم، لەلام ڕوون نەبوو خەتا لە کێوەیە. گەورەکان سەرەگێژەیان پێ دەخستم. من هەردووکیانم وەك یەك خۆش دەویست. گەورەکان لێیان لاسەنگ دەکردم. یەکێك دەیوت لە خاڵە فەرهادەوەیە و ئەوی تر دەیوت پوورە گەلاوێژ. سەریان لێ دەشێواندم. چاوەڕێم دەکرد دایکم بۆمی یەکالآ بکاتەوە و ئەویش، وەك من هەردووکیانی خۆش دەویست و بەلای هیچیاندا دای نەدەشکاند. تەنیا نەزۆکییەکە نەبێ، هیچیانی خەتابار نەدەکرد. تا منیش کە گەورە بووم و فامم کردەوە، سروشتم خەتابار کرد و وەك زوڵمێك خستمە پاڵ ئەو. دەنا ئەو دووانە دەبوو تەنیا مردن لە یەکتریان داببڕێ. دایکم سەلماندی و خاڵە فەرهادیش. ئەوە کاتێك بوو کە کار لە کار ترازابوو. ئەوان حەوت فرسەخ لە یەکتری دوور کەوتبوونەوە و زۆری پێ نەچوو، دوو حەوتیی تریشی بەسەردا هات. یەکەمیان شەهیدبوونی باوکم و بێ مێرد مانەوەی دایکم. ئینجا دووەمیان شەهیدبوونی خاڵە فەرهاد خۆی و دابڕانە هەتاهەتاییەکەی. من لە وەختێکی زووەوە لە زمانی تانیاوە، بەهەقایەتی پێوەندییە تێکەڵەکەی نێوان هەرسێکیانم پێ دەزانی. تانیا بە زۆڵێتی بۆی باس کردبووم، کە دایکم و پوورە گەلاوێژ لە یەك کاتدا، مەیلیان بەلای شەهیددا

هەبووە و ئاواتەخوازی شوو پێکردنی بوون. بەڵام دایکم لەبەر ڕێز و خۆشەویستییە لە ڕادەبەدەرەکەی بەرامبەر بە پوورە گەلاوێژ، ئەو ئاواتەی خۆی خنکاندووە و مەیدانی ئەو ململانێیەی چۆڵ کردووە. من دڵنیام کە باوکیشم بەم باسەی دەزانی و وا مەزەنە دەکەم، کە دایکم خۆی بۆی ئاشکرا کردبێ. تەنانەت من هەستم دەکرد کە شوێنەواری ئەو کێشەیە لە نێوان هەر چواریاندا، با زۆر بەپەنهانیش بێ، هێشتا هەر ماوە. هێشتا دایکم و خاڵە فەرهاد لە قووڵاییەکی زۆر قووڵدا، دڵیان بۆ یەکتری هەر لێ دەدا. هێشتا پوورە گەلاوێژ و باوکیشم لە ناخێکی زۆر ناخدا، هەر بەگومانن و سڵ دەکەنەوە. خۆ تەنیا من بووم کە وەك دەزوولە تیشکێك و سەرەتاتکێ لە خاکی ژێر چرە درەختێك بکا هەستم پێ دەکرد، دەنا قەت و قەت ئەوان پێیانەوە دیاریی نەدەدا و نەیاندەهێشت هیچ کەس بەسووسەش بەلایدا گوزەر بکا. بەڵام دوای جیابوونەوەی خاڵە فەرهاد و پوورە گەلاوێژ لە یەکتر و بەتایبەتیش دوای شەهیدبوونی باوکم، ئیتر ئەوە ئارەزوویەك نەبوو بتوانن بەدەستووری پێشوو، سەرکوتی بکەن و لە یەکتری و لە ئێمەشی لە حەشاردا بهێڵنەوە. یا بۆچی بیکەن؟! من بەش بەحاڵی خۆم، ئەو خاڵە فەرهادەم هێندەی باوکم خۆش دەوێ. وا باوکێکم فەوتا و باوکێکی ترم جێگەی دەگرێتەوە و دەبێتە، هاوسەری ئەو دایکەم کە دەیپەرستم . ئاخر خۆ دایکی من دایکێکی ئاسایی نییە. دایکی من فریشتەیەکی ناڵێم ئاسمان، دەڵێم سەر ئەرزە و لە پیرۆزیدا وێنەی نییە. شەرم ڕێگرم نەبووایە، وام بەهەردووکیان ڕادەگەیاند و دەستیانم لە ملی یەکتر دەئاڵاندن. کەچی تۆ بزانە چەرخی چەپگەرد چی بەو دایکە پیرۆزەم دەکا!. ئاخر باشە من ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕانەی بەسەری هاتن چی ناو بنێم؟!. کەڵەکەبوونی ئەو هەموو جەخارە، لەو دڵ و دەروونە پاك و بێگەردەی ئەودا بۆچی؟!. هێشتا زامی شەهیدبوونی ئەویان سارێژ نەبووە، ئەمیشی بەسەردا دێ!. بەیانییەکی خەماوییە کە ڕێگە دەگرێتە بەر و دەڕوا. خەمەکە یەکەم جار دایکم دادەگرێ و ئینجا ئێمە. دێت دەڵێ: سبەینێ لە پشتئاشان کۆبوونەوەمان هەیە. دەچم سێ چوار ڕۆژێکم پێ دەچێ و دێمەوە. دایکم دەڵێت دڵی خەبەری داوەتێ، کە ئەو سەرەی دەیبا نایهێنێتەوە. هەموو بیستوومانە کە گرژییەك لەو دەوروبەرە هەیە و ڕوو لە تەقینەوەیە. بەدایکم و بەمن بی، پێمان باش نییە بچێ. بەڵام ئەوە بڕیار و داوای حزبە و بۆ ناو ئاگری دۆزەخیش بێ، دەبێ بچێ. وامان وەڵام دەداتەوە و دەڕوا. دایکم لە دڵی چەسپیوە کە ڕێی هات و نەهاتی گرتووەتە بەر. نیوەڕۆ و ئێوارەکەی نانی بۆ ناخورێ. شەوەکەی

کزۆڵە و خەمبار کەنارگیر دادەنیشێ. هاوژین بەیانیی ڕۆژی دوایی بۆم باس دەکا، کە هەتا ڕۆژ بووەتەوە لە جێگەکەیدا گینگڵی داوە. دەمەوێ بچم بیدوێنم و قسەیەکی هاوتا، وەك تیرێك دەچەقێتە جەرگم. تێدەگەم کە ئەویش، شتێك لەبارەی پێوەندییە کۆنەکەیانەوە پێ دەزانێ.. شتێك و بەبارێکی نابەجێ و ناڕەوادا!. دوایی لەسەر ئەوە بەخۆمدا هەڵدەشاخێم، کە بۆچی لە ساتی خۆیدا بەگیرم نەهێنا و لەگەڵیدا یەکالآم نەکردەوە؟!. لەوساوە من ئەوەم لێ بووە بەگرێیەك و مێشکم دەکرۆژێ. ئاخر هاوتا تۆ ئەو بۆچوونەت لە کوێوە لەلا پەیدا بوو؟!. ئاخر خۆ من کوڕی دایکم بووم و بیست و چوار سەعاتە، پێوەی نووسا بووم نەك تۆ. من دەمزانی دایکە مریەم چ جۆرە دایك و چ جۆرە ژن و چ جۆرە مرۆڤێکە نەك تۆ. ئا.. دەمەوێ بچم بیدوێنم تا کەمێ سەبووری بەدڵی بدەم و قسە تیرئامێزەکەی هاوتام دێتە بەرگوێ کە دەڵێ: بۆی سووتاوە!. بەئاوازێکی تەوساویی ئەوتۆشەوە دەری دەبڕێ، وەك لە سۆزانییەك بدوێ نەك لە دایکی!. من چاوم دەپەڕێتە پشتی سەرم. دەچم هەتا هێز لە لەپی دەست و بازوومدایە، دەسرەوێنمە پەناگوێی و ڕوخساریشی بە تف سواغ دەدەم. دایکم لێمان بە ئاگا دێت و سەرسام دەبێ. قەت کردەوەی وەهای لێ نەدیوین. من هەوڵ دەدەم ڕووداوەکە لە حزووری دایکمدا پەردەپۆش بکەم و ئەو نایکا!. وەك ئەوەیە شەیتانێك زەفەری پێ بردبێ و چووبێتە ناو گیانییەوە. بێ شەرمانە بە دایکم دەڵێ: خۆ کفرم نەکرد وتم: دایکمان بۆ مامە فەرهاد بە پەرۆشە!. تۆ بزانە لێرەشدا چ زۆڵێتییەك دەنوێنێ!. ئێمە لە منداڵییەوە شەهیدمان بەخاڵە ناوبردووە نەك بە مامە. ئینجا بۆی سووتاوەکەش دەگۆڕێ بە بۆی بە پەرۆشە!. دایکم تێ دەگا چی قەوماوە و خۆی لێ نەبان دەکا. بگرە بۆ شوێنەونی سەرزەنشتی من دەکا کە نەدەبوو دەستی لێ بکەمەوە. شەوەکەی لێی دیاری دەدا کە چ ئازارێکی پێ بەخشیوە. درەنگوەختێك دەنگی گریانیم دێتە بەرگوێ. هاوتا پرخەی خەوی دێ و من دانیشتووم دەخوێنمەوە. گریانەکەی بە کپییە. دەنگی هاوژینیش بەکزی دەبیسم کە دەیدوێنێ. دوایی گریانی ئەویشی دەچێتە پاڵ. ئارامم لەبەر دەبڕێ و هەڵدەستم بچم بەلایانەوە. کەچی پێش ئەوەی بگەمە ئاستی دەرگەکە، هاوتا وەك بەدەم خەوەوە ببزرکێنێ دەڵێ: هەموو بۆی سووتاون!. من لە جێی خۆم دەبم بە بەرد.. ئەم هەتیوە دەبێ چ گێژەڵووکەیەك لە مێشکیدا هەڵی کردبێ و خول بخوا؟!. بیر و هۆشی بوونەتە دەفری چ بۆگەناوێك؟!. چۆن؟!.. ئاخر چۆن و لە کێ و لە کوێوەی هێناوە؟!. دەگەڕێمەوە و بەنیازم بە لەقەوە بچمە سەر ورگی. دەیگەمێ و

مـــاوەیـــەك بـــەسەر سەریـــیـــەوە ڕادەوەستـــم. لـــەقـــەكـــوتـــكـــردنـــەكـــەی دەخـــەمـــە دوای خەبەرکردنەوەی. بەنووکی پێ لە قەبرغەیەوە دەژەنم و دەڵێم: هەستە. کەچی بەدەم پرخە و قرخە و مڵچەمڵچی خەواڵوویەکی ئەوتۆوە کە لە شیرین خەو بەئاگا هێنرابێ، خۆی ڕادەچەنێنێ و دەڵێ: ها ها؟!. چییە؟!. چی بووە؟!. دەڵێم: هەڵسە بزانم چیت وت؟! بێ هیچ کاردانەوەیەك، مت دەبێتەوە و دەست دەکاتەوە بەپرخەپرخ. من بەڕاستی پێی دەخەڵەتێم و دەڵێم: دەبێ قسەکەی بەدەم خەوەوە لە دەم دەرچووبێ و وازی لێ دێنم. بگرە چوونەکەی لای دایکم و هاوژینیش فەرامۆش دەکەم. چونکە دەنگی گریانیان نەماوە و وای بۆ دەچم، کە ئەوانیش لە ئێمە بەئاگا بوون و خۆیان بێدەنگ کردووە. بەیانییەکەی هاوژین بەگیر دێنم و بۆم دەگێڕێتەوە، کە بەڵێ دایکم شەوێکی پڕ لە جەخاری بەسەر بردووە. ئەمجەد ئیتر لە ڕوو دەدوێ. پێش دەم هەڵهێنانەوەشی دەزانم چی دەڵێ. ئەو هەواڵەی پێمی ڕادەگەیەنێ و دەیەوێ قسەی لێ بکەین، پێش بانگکردنم بۆ دانیشتنەکە، من بە دەستووری ڕۆژانی تر خوێندوومەتەوە. سەرەتا هەوڵی هەندێ شێلەوبێلە تێخستنی دەدا. یا ڕاو و ڕێوی بۆ هێنانەوەیەك. یا پێچانەوەی لە یەك دوو هەواڵی لاوەکییەوە و ئینجا، لەنگەری لەسەر سەرەکییەکە دەگرێت. بەڵام کە سەیری کرد من بزەی گاڵتە پێهاتن دەمگرێ، وازی هێنا و ئێستا وا ناکا. ئێستا ئەوەتا هەرکە دادەنیشین دەڵێ:

– سەد و پەنجا هەزار کەس لە دانیشتووانی بەرلینی ڕۆژهەڵات، هێرش دەبەنە سەر دیواری بەرلین و دەیڕووخێنن.. چۆنی تێ دەگەیت؟!.

مـن پـێشتـر کـە هـەواڵـەکـەم خـوێندووەتـەوە، دڵـم پـێی گـوشراوە و لـە خـەفـەتـدا بەرچاییەکەم بەباشی بۆ نەخوراوە. نەك بۆ دیوارەکە، بگرە بە سەد و پەنجا هەزار خۆنیشاندەرەکە کە ژمارەیەکی کەم نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە وەڵامیدا دەڵێم:

– بەفیتی ئیمپریالیزمە.

ئەو دەڵێ:

– ژمارەکە زۆرە.

خۆشم دەزانم وایە و کەچی دەڵێم:

– نۆکەرانیش هێشتا زۆرن و لە دەمێکەوە، لە تاریکیی شەودا کاری بۆ دەکەن...

ئا.... دایکم و شەوێکی تری پڕ لە جەخار.. دایکم و شەوان و ڕۆژانێکی زۆری پڕ لە

جەخار!. ئاخر ئەو تا شەو و ڕۆژێکی ئاسایی بەسەر بردووە، سەدی پڕ لە ئەشکەنجە و دەرد و سزای تێ پەڕاندوون. تۆ بزانە چەندی دڵ بەچوونە دەرەوەکەمان خۆش بوو، کەچی چۆن کەوتەوە!. ئەو ڕۆژە دەتوت باڵندەیەکی دایکەیە و بەخۆی و بەچکەکانیەوە، دەرگەی قەفەزی دیلێتییان لێ واڵا کراوە، تا بەرەو چیا و چۆڵێکی بەرین هەڵفڕن. بە درێژایی ڕێگە لە خۆشییاندا دەتریقایەوە. ئەگەرچی سوور دەیزانی کە ڕێگەی سەختی پێشمەرگایەتی دەگرینە بەر، کەچی ترسی مانەوەمان لەناو قەفەزەکەدا هەراسانی کردبوو. ئاگام لێ بوو چۆن بەتوندی یەخەی باوکمی، بۆ چوونە دەرەوەمان دەگرت و دڵنیاش بووم کە زیاتر، تەنگەتاوی ئێمە بوو نەك خۆی و باوکم. ئا.. ئەو ڕۆژە دەتوت بۆ سەیرانێکی بەهارەمان دەبا. هەر هێندەی لە سنووری مەترسی دەرچووین و پێمان نایە ناوچەی ئازادکراوەوە، دڵی کام سەرکانی و ئاو و دیمەنی شیرینی بگرتایە، پێی دادەگرت کە لابدەین و وچانێکی بۆ بگرین. تەنانەت جارێکیان سەرچۆپیی گرت و کۆڕی هەڵپەڕکێیەکیشی پێ گەرم کردین. بۆ دایکم دەبوو هەموو ڕۆژانی ژیانی وەها بوونایە. لەو جارە دەگمەنانەدا کە بواری بۆ دەرەخسا بکرێتەوە، هێندە گەشاوە و بەکەیف و نەشئەدار دەبوو، کە دەتوت قەت نابێ خەم و پەژارە توخنی ئەم ژنە بکەون. کەچی زۆر و جەور و چەوساندنەوە بەدەردێکیان بردبوو، کە هەتا جارێك دەرگەی سووکە شادییەکی لێ کرابێتەوە، سەد جار نەهەنگی دەرد و مەینەتی، دەمی لێ داپچڕیوە و قووتی داوە. گەشترین ماوەی دەرگەی شادی کە لێی کرابێتەوە، ئەو دوو سێ ساڵەی سەرەتای چوونە دەرەوەمان بوو لە شار. پەپوولە ئاسا و لە گوڵزارێکدا بێ، هەڵدەسووڕا. باکی بەکەمدەرامەتییەکەشمان نەبوو. کارامەیییەکەی لەوەبەری، بەچڕی خستبووە کار و دەستی بەفلسێکەوە دەگرت، هەر زووش خۆی لەگەڵ ژنانی دەرودراوسێ و ئاوایدا گونجاند و وەك، دەستەخوشکێکی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. ئەوێکی شاری و وا بەزوویی ببێتە دێهاتییەك کە لێیان جیا نەکرێتەوە، جێگەی ئەوپەڕی سەرسوڕمانم بوو. من لە بیرم چووبووەوە کە کچی کێیە و باوکی لە کوێوە هاتووە. جارێکیان پێم وت!. دەڵێیت پشتاوپشت لادێیی بوویت. ئەو پێ کەنی و وتی: لە بێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات!.. هەروا قەڵەمبازدێك بدەیتە سەر ئەو شاخەی پشتەوەمان و کەمێ دوور هەڵبڕوانیت، تیلەکۆی مەڵبەندی باو و باپیرانم دەبینی!.. بەڵێ... سابیری باپیرم و داستانەکەی. دایکم خۆشی نەدەویست و حەزی بە باسکردن لە بارەیەوە نەبوو. مەگەر قسە قسەی بهێنایە و ناچار بووبووایە. زیاتر نەنکم لە

بارەیەوە دەدوا. دەیوت: لە تیلەکۆدا بنەماڵەیەکی بووە بوون و وردە وردە لێ کەوتوون. تا لە ڕۆژگاری باپیرە سابیرمدا، کە کابرایەکی بێ نموود و تەوەزەل بووە، تەواو پووکاونەتەوە و کەوتوونەتە سەر ساجی عەلی. ئینجا جەنابی باپیر ماوەیەك بووەتە شوان و وەرزێری ئەم و ئەو و دوایی، بەرەو ناو شار هەڵاتووە و ئەم دایکە مریەمەی منی لێ کەوتووەتەوە. ئا بەڵێ.. دایکە مریەمی شاری، گەڕاوەتەوە سەر ئەسڵە لادێییەکەی و ئەوەتا بۆڕیشیان دەدا. خاوەنی هیچ زەویوزار و مەڕوماڵاتێك نین و کەچی، دۆ و شیر و ماست و کەشك و دۆینە و سووکە ئازووقەیەکیش، لە نیسك و نۆك و ساوەر و قەرەخەرمان، دەبنە دیاریی دەستی دەستەخۆشکانی، لە پاداشتی هاوکاریکردنیاندا و بەوە باری کەمدەرامەتییەکەمان سووك دەبێ. باوکم لەو خۆڕەتاندنەی ناڕازی بوو. دەترسا نەخۆش بکەوێ. ئەو گاڵتەی پێ دەهات و دەیوت: تۆ خۆت بپارێزە و خەمی منت نەبێ. مەبەستیشی خۆپاراستن لە نەخۆشکەوتن نەبوو. باوکم پیاوێکی بەمانای وشە سەرەڕۆ بوو. کۆی لە هیچ مەترسییەك نەدەکردەوە. هەر ملی پێوە دەنا. دایکم ئەوەی لێ خۆش نەدەهات و سەرزەنشتی دەکرد. بەتایبەتی ئەگەر ئێمەی منداڵەکانیشی بگرتایەتەوە، لێی نەدەخواردەوە و دەیوت: بڕۆ بۆ خۆت چی دەکەیت و سەری خۆت چۆن بەفەتارەت دەدەیت بیدە، بەڵام منداڵی من واز لێ بێنە و بەخۆتەوە مەیانسووتێنە. من منداڵی خۆمم لە سەرەنوێلکدا نەدۆزیونەتەوە. باوکم لەم حاڵەتی تووڕەبوونانەیدا، ملی بۆ دەدا و بەقسەی دەکرد. بەڵام لە مەسەلەکەی هاوتادا، پێچەوانە کەوتەوە. دڵنیا نیم و قەت بۆم ساغ نەبووەوە کە وەها بووبێ و تەنیا، مەزەندەیەکە و بەردەوام لە مێشکمدا خۆی مەڵاس داوە. ئا... چوونەکەی باوکم بۆ شار بەبیانووی کاری حزبییەوە و تووشبوون و بەفەوتچوونەکەی. لەوساوە من گومان دەکەم، کە دایکم هانی دابوو بۆ سۆراغکردنی هاوتا بچێ و ئەو چوونەی چوو، هاتنەوەی نەبوو. دایکیشم ئیتر لەو وەختەوە دایە کزی. ئەو چنگەی حەسرەت و خەم و خەفەت گیریان کرد لە یەخەی، بەردانی نەبوو. زام بەدوای زامدا و لێی کردە تیراوێ. بەدوای باوکمدا ئەوەتا نۆرە لەسەر خاڵە فەرهادە. من وا هەست دەکەم کە ئەم ئاهێکی پێدا دێنێتەوە. نازانم کە ئاخۆ گەیشتوونەتە ڕادەی ڕازدەربڕین بۆ یەکتر یان نا؟!. ڕەنگە هاوژین بزانێ، یا هاوتا شتێکی لێ دیبن. بەڵام من تەنیا بەناخ هەستی پێ دەکەم، دەنا هیچ گفتار و ڕەفتارێکم لێ بەرگوێ و چاو نەکەوتوون. تەنیا ڕۆژی ڕۆیشتنەکەی بەرەو پشتئاشان، لێی دەبیسم کە لەبەرئەوەی بارودۆخ لەوێ دژوارە، وا چاکە

چوونەکەی دوا بخا. کەچی بە قسەی ناکا و دەڕوا و ئیتر هاتنەوەی نابێ. دایکم وا زامی تیراوێی لێ بوون بەدوو. زەوق و ڕەونەقی تێدا کوژاونەتەوە. چالاکی و تێکەڵاوییە پڕ لە جۆش و خرۆشەکەی لەگەڵ ژنانی ئاواییدا، پووکاوەتەوە و خزاوەتە ماڵەوە. ڕووە گەش و چاوە بریقەدار و دەمە بەخەندەکەی جارانی، تروسکەیان تێدا نەماوە و پەردەیەکی ئەستووری پەژارەیان بەسەردا کشاوە. ئینجا کاتێ کارەساتە لە ڕادەبەدەر جەرگبڕەکەی هاوتای بەسەردا دێ، هەر بەجارێ بڕستی لێ دەبڕێ و لە پەلوپۆ دەکەوێ. نە نوتق دەمێنێ و نە بیر و هۆش و نە هەست و نەست. دەبێتە زیندوویەکی مردووی ئەوتۆ، کە تەنیا کزە هەناسەدانێك و جووڵەیەکی خاوی چاو، دەبنە نیشانەی مان و ژیانی. بەدیارییەوە دادەنیشم و ترسی لەدەستدانی دەمپڕووکێنێ. شەش ڕۆژی ڕەبەق بەو جۆرە و بەرگە دەگرێ. دەکەوێتەوە نوتقدان و بیر و هۆشی دەبووژێنەوە و دەمێنێ. ئەی ئێستا؟!. ئەمجەد مانشێتی هەواڵەکە دەخوێنێتەوە کە دەڵێ: پەلامارданی پەیکەرێکی لینین لە شارێکی پۆڵەندەدا و تێکشکاندنی!. کار بگاتە تێکشکاندنی پەیکەری لینین و وا بەئاشکرا، دەبێ بارودۆخ بەخێرایی بەرەو خراپی چووبێ. ئەو وا دەڵێ و هەوڵیش دەدا، قسەکە بێ غەرەز دەرببڕێ. من یەخەی دەگرم و دەپرسم: پێت خۆشە؟!. دەڵێ: ڕای من بایەخێکی نییە. گرینگ ڕای تۆیە. – ڕای من ئەوەیە کە کارێکی وەها، بە سێ چوار بەکرێگیراو یا داخ لە دڵ دەکرێ. – سێ چوار کەس نەبوون و جەماوەرێك بوون. – جەماوەری ساوێلکە هان دەدرێ. ناشێ جەماوەری وریا لینین ببوغزێنێ... ئا دایکە.. ئەی ئێستا دەبێ لە چ حاڵێکدا بێت؟!. من دەزانم تۆ تەنیا ئەوەت لەلا ڕوونە کە گیراوم. گیران؟!. بەچیدا لەلای ڕوون بێ؟!. لە حەمید بەولاوە کێی تر ئاگادارە؟!. ئەویش هەر زوو زەویقووتیان کرد و شوێنەواری لەسەر زەمین نەما. نا.. لای دایکم تەنیا بێ سەروشوێنێکم و هیچی تر. ئازاری بێ سەروشوێنبووش، بۆ ئەو لە ئازاری گرتن و لەسێدارەدان سەختترە. ئەمجەد جارێکیان وتی: دەزانین کە تۆ دایکتت زۆر خۆش دەوێ. ئەگەر خۆت بەلاتەوە پەسند بێ، ڕەنگە بتوانین بەیاریدەی خۆت ئاگەداری بکەین و نەمکرد. کاری وا بێ ئەقڵانە چۆن دەکەم. لە مەسەلەی تانیاش ئاگەدارن. نازانم چۆن و سەری لێ دەرناکەم. لێم پرسی و دەری نەبڕی. تەنیا وتی: ئەو لە تۆ باشتر لە ژیان تێ گەیشتبوو. دیارە وا نییە. ئەو هەر ئەوەیم هەتا ئێستاش لەلاجێگەی ڕێزە، کە ڕاست و ڕەوان ڕای گەیاند ئەو، کەری بارەکەی من نییە و ڕێگە ئاساییەکەی ملیۆنانەکەی تری لە ژیاندا

هەڵبژاردووە. گرتنەبەری ڕێگەی مردن لە پێناوی ژیاندا، کاری مرۆڤی هەڵبژاردەیە و بە هەموو کەس ناکرێ. یا هەموو کەس زەفەری پێ نابا. تانیا وا کە یەکەم هەنگاویشی نەنایە سەر ڕێگەکە و بەزی و دایکیشم وا، کە قەت کۆڵدانی بۆ نەبوو. لە شەوە ئەموستەچاوەکانیشماندا ورەی بەرنەدەدا و پەشیمانیی نەدەنواند.. شەوانێك کە کونەگورگێکمان چنگ نەدەکەوت خۆمانی تێدا حەشار بدەین. یا کە دەشکەوت، دەبوو هەر چاوێکی تێدا بکەین بەحەوت. لە کەسانی هەقایەتەکانی گوێئاگردان دەچووین. دایکم هیچی وای لێ لەبەر نەبوون. من بەمنداڵی زۆریانم لە نەنکم بیستبوو. لە ناویاندا هەقایەتی گازەردم زۆر حەز لێ بوو، کە هەر شەوەی شۆقێکی لە پاڵەوانی هەقایەتەکە دەدا و کابرا، لە وڵاتێکی تر خۆی دەبینییەوە و ئیتر بەسەرهاتەکەی لەو وڵاتەدا دەستی پێ دەکرد. ئێمەش دەتوت گازەرد شۆقمان لێ دەدا و گەڕەکا و گەڕەك دەمانگێڕێ. ئەمشەو لەسەر شەقامین. سبەی شەو مەڵکەندی و ئینجا دەرگەزێن– کانێسکان – خانووە قوڕەکان – قەرەجاوا و دیسان دووبارەبوونەوە. چەندیش لە کەناری گەڕەکەوە، یا لە کۆڵانی تەنگەبەر و پێچاوپێچدا بین چاکترە. یا ئەگەر ناچار نەبین، نابێ پێ بنێینە سەر شەقامە سەرەکییەکان. نابێ بچینە چاخانە و گازینۆ و ناو بازاڕ. بینینی برادەر و دۆست و ناسیاو گێچەڵی لە دوایە. یانە و سینەما و باخچەی گشتی جێگەی مەترسین. ڕوو لە هەر کوێ بکەین، دەبێ حیساب بۆ ئەو بۆسە و تەڵە و داوانە بکەین کە بۆمان نراونەتەوە. شار پڕە لە جۆران دڕندە و ئەژدیهای حەوت سەر. لە جنۆکە و مێردەزمە و دێو و درنج. ئا.. شەوێکە لە شەوە ئەموستەچاوەکان. ژێرزەمینێکی بێ پەنجەرەی کونبڕە. بە پلیکانەیەکی کووڕی بێ محەجەرەدا بۆی دەچینە خوارەوە. ناو چوار دیوار و سەر ئەرز و ژێر بنمیچێکی کۆنکرێتیی شێدارە. شڕە کومبارێك و دوو دۆشەکی ئیسفەنج و دوو بەتانیی تەنك. کۆنە زۆپایەکی عەلادینی گڕ سوور و باوکم، هەر زوو لە ترسی غازەکەی دەیکوژێنێتەوە. دەرەوە سەهۆڵبەندانە و تف هەڵدەیت دەیبەستێ. خۆمان دەئاخنینە ژێر بەتانییەکانەوە. دایکم لەم سەرپەڕ و باوکم لەویان و ئێمەش لە نێوانیاندا. هاوتا و هاوژین خەو خەپی کردوون. من بە خەبەرم گوێم لێیە، دایکم بە دەنگی نزم دەڵێ: لێرە بمێنینەوە منداڵەکانم نەخۆش دەکەون. باوکم دەڵێ: خۆشمان.. بەڵام چی بکەین مریەم.. چی؟!. دایکم دەڵێ: سبەینێ بچۆ یەخەی هاوڕێیان بگرە و تێیان بگەیەنە. باوکم دەڵێ: ئاخر تۆ خۆت دەزانیت حزب لە چ حاڵێکی ناهەمواردایە. دایکم دەڵێ: بەڵێ دەزانم.. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ

چارەسەرێکیان لەلا هەبێ. من خەمی منداڵەکانمە. لێرەدا بمێنینەوە دەمرن. ئەوان هێشتا هەر دەدوێن و من خەو دەمباتەوە... لوورەلوورێکی سامناکم دێتە بەرگوێ. خۆم لە باوەشی دایکم توند دەکەم. لوورەلوورەکە لێم نزیك دەبێتەوە. چنگ و نینۆکێکی درێژی تیژی لێ دەبینم بەرەورووم دەکشێ. تێدەگەم دێ لە جەستەم گیر ببێ. لێم روونە بمگاتێ لەتوپەتم دەکا. هەوڵ دەدەم دایکمی لێ بەئاگا بێنم و داد نادا. دایکم لەشێکی بێ گیانە. هاوار دەبەمە بەر باوکم و ئەویش جووڵەی تێدا نییە. دەڕوانمە هاوتا و هاوژین و ئەوانیش مردوون. ئێستا تەنیا خۆم زیندووم و خۆشم، چنگ و نینۆکە سامناکەکە گەیشتووەتە سەرم. نینۆکە تیژەکان دێن بچەقنە لەشم و لە ترساندا، پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم. بە ئاگا دێمەوە و گوێم لێیە دایکم دەڵێ: لە تەمەنی سێ ساڵییەوە میزی بەخۆیدا نەکردووە. ئەمە نیشانەیە و دەبێ بە فریا بکەوین. باوکم دەڵێ: سبەی دەبێ چارەسەرێك هەر بدۆزمەوە. دەیدۆزێتەوە و گای زەرد و شۆقێك و دووان و سیانی تر و ئێرە، کارگەیەکی دروستکردنی بلۆکە. هاوینە و ژووری پاسەوانی کارگە. پاسەوان ئەندامی حزبە و خاوەنیش دۆست. ژوور تەنوورێکە بۆ خۆی. ئەرز کۆنکرێت. دیوار بلۆك. بنمیچ چینکۆ. دایکم هەوڵ دەدا بیکاتە ڤییەلایەکی قەشەنگی دەورەدراو بەگوڵزار. ژوورەوەی بەبێ دیواربەند دەکاتە سێ ژوور. کە لە دەرگەوە پێ دەنێیتە ناوەوە، دەبینیت لای ڕاست هۆڵی دانیشتنە، ڕاخەرێك و بەسەریدا دۆشەکێکی ئیسفەنجی تەنك و پشتییەك بەپاڵ دیوارەوە. لای چەپ گەنجینە و مووبەقە و تەنیا ئاگردان لە دەرەوەیە. بنەوەش ژووری هەم نووستنە و هەم کارکردن. ئێستا کە هاوینە لە دەرەوە دەخەوین و ئێرە، تەنیا جێی کارکردنە. ڕۆنیۆیەك و تایپێك و پێویستییەکانی چاپکردن. کەس هاموشۆمان ناکا و ئێمەش لای کەس ناچین. ئەوانەی دەیانبینین پاسەوانەکە و سێ کرێکارن، کە هەموو سەر بە حزبن. خاوەنیش هەفتەی جارێك دێ. هەرچیمان پێویست بێ، پاسەوانەکە بۆمانی دەکڕێ. بەیناوبەینێك دایکم، پەلی من دەگرێ و دەچین بۆ بازاڕ. باوکم لە کارگە دوور ناکەوێتەوە. بۆ شوێنەونی، خۆی کردووەتە یەکێك لە کرێکارەکان. بەڵام ئەگەر شتێك هەبێ بۆ چاپکردن، لەوان دادەبڕێ و بەسوودبینین لە فرەفڕی دینەمۆ و تاقوتۆقی خەباتەکە، تایپ و ڕۆنیۆکە دەخاتە گەڕ. کرێکارەکان و خاوەن کارگە بێ خەبەرن. حزب بواری نەداوە پێ بزانن. تەنیا هاوڕێی پاسەوان ئاگەدارە. هەر ئەویش لە نێوان ئێمە و حزبدا تەتەرە. لە کاتێکدا گەیاندنی چاپکراوەکان بەشوێنی خۆیان، لە ئەستۆی دایکم و منە. چاپکراوەکان

حەشاری ژێر عەباکەی دەدرێ و، پەلی منیش بەپەلییەوە بۆ شوێنەونی. شاد و بەختیارین. ژیانێکی کولەمەرگییە و کەچی، دڵخۆش و ئاسوودەین. دایکم و باوکم دەم بەخەندە و پێکەنینن. ئاگام لە سوعبەت و قسەی خۆشیانە. لەگەڵ هاوڕێی پاسەوان و کرێکارەکانیشدا وەهان. منیش شان بەشانی ئەوان دڵخۆشم. لە هەمووان زیاتر خۆم سەرقاڵ دەکەم. لەگەڵ کرێکارەکاندا دەستم لە لم و چەو و چیمەنتۆدایە. لە نانکردن و چێشت لێنان و جل شتندا یاریدەری دایکمم. بەدیار باوکیشمەوە کاتێ تایپ و ڕۆنیۆکە ئیش پێ دەکا، بۆ ساتێ لە ملەقوتێ و قونەقون ناکەوم. هێندە هۆگری کارەکەم، کە حەز دەکەم لەگەڵ هەر پەڕەیەك لە کاغەزەکاندا، لەمسەرەوە خۆمی پێدا بکەم و لەوسەرەوە بێمەوە دەرەوە. جیهانێکی تەلیسماوییە. باوکم لێمی تەلیسماویتر دەکا، کە زوو زوو وریام دەکاتەوە و دەڵێ: هاوڕێ لای کەس باسی نەکەیت. کەس کێیە؟!. هەر کرێکارەکان نین؟!. من کێی تر دەبینم؟!. دایکم ئەو زۆر وتنەوەیەی لێ خۆش نایەت. لەسەرم هەڵدەداتێ و بەباوکم دەڵێ: بەسی بڵێوە. ئەوەندە نەفام نییە. ئەقڵی هەیە و تێ دەگا و دەزانێ. باوکم دەیسەلمێنێ و منیش باڵای پێ دەکەم کە ئەقڵم هەیە و تێ دەگەم. ئەمجەدیش دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ و خۆی ریژگاو نەکا. نا خۆی ریژگاو ناکا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوونتر قسە دەکا. ئەوەتا ئێستا ئەو لە من دەپرسێ: هەواڵی ئەمڕۆ زۆر ناخۆشە.. لێی بەئاگایت؟!. دەڵێم: بەڵێ.. بەیەکدادانی خوێناوی لە ڕۆمانیا و کوژرانی دوو هەزار کەس. دەڵێ: وا بەخۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینەوە نەوەستا و خوێنڕژانی تێ کەوت. دەڵێم: ئاشووبێکە و بەسەر دەچێ. شەوەکەی دێت و لە دەرگەوە بەسەرپێوە دەپرسێ: دوا هەواڵی ڕۆمانیات بیست؟!. دەڵێم: بەڵێ.. شەڕی دەستەویەخە لە شەقامەکانی بۆخارستدا. بەیانییەکەی ئەو دەڵێ: شاوشیسکۆ و ژنەکەی گیران و گوللەباران کران. من ئەگەرچی بەرپەرچی دەدەمەوە و دەڵێم: شکستێکە و سەرکەوتنی بەدوادا دێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەقڵم هەیە و تێ دەگەم و دەزانم. کەچی هاوڕێی پاسەوان وا نییە!. حزب ئاگەداری کردووە کە نەکا لەو کارەی بەولاوە، خۆی لە قەرەی هیچ چالاکییەکی تر بدا. دەبێ خۆی بکا بە مەڕی پێغەمبەر و هەقی هیچی نەبێ. دەبێ ئەگەر پێ بەورگیشیدا نراوە ورتەی لە دەم دەرنەیەت. کەچی جەنابی لەسەر جنێودانی زەلامێکی خوێڕی بە هاوڕێ فەهد، هەڵدەچێ و دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا و لە ئەنجامیدا دەگیرێ و ئینجا فەرموو گای زەرد، دیسان نۆرە شۆقە و لێدەرەوە!. نۆرە شۆق هەڵمان دەداتە پیرمەسوور. کۆنە خانوویەکی پەرپووتی قنگەجنۆکەیە و تێی دەخزێین.

خاوەنەکەی کە ئەویش دۆستی حزبە، ڕەبەنێکی چقە دەرکردووە. بەبێ کرێ دەمانداتێ و خۆی دەچێتە ماڵی برایەکی. پایز و زستانێکی نەرموگەرمی تێدا بەسەر دەبەین. من وەختی چوونە قوتابخانەمە و بگرە تێ پەڕیوە. بەڵام چۆن بچم؟!. ئێمە بەلای داوودەزگاکانی میرییەوە، دەبێ لە ڕیزی نەبووان بین. ئەگەر هەشبین، دەبێ لە چەشنی ژێرزەمینی بین. بۆمان نییە بێینە سەرزەمین. هاتنمان قەلاچۆکردنی لە دوا دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا باوکم و دایکم لێی دوان. بیریان بۆ ماڵی باپیرم چوو، کە ئەوان بمخەنە قوتابخانە و لەسەری نەگیرسانەوە. باوکم دەیویست و دایکم نەء. لە ناخدا حەزی نەدەکرد لێی دوور بکەومەوە و بڕوبیانووی تری دەهێنایەوە. ئەو دوو ساڵ بوو ورده ورده ئەلفوبێی فێر کردبووم. بەتایبەتی لە چەند مانگەکەی کارگەی بلۆکدا، ڕۆژانە وەك مامۆستایەك دەرسی پێ دەوتم. بۆیە لە دوا بڕیاریدا وتی: پێویست ناکا.. خۆم لەگەڵیدا خەریك دەبم. باوکم خەمی شێوە ڕەسمییەکەی خوێندنەکەمی بوو. دایکم وتی: خرۆشۆف بەمنداڵی شوان بووە. دوایی بووە بەوەی کە بوو. لە کاتێکدا ئەم ئەوەتا چاپکارە و دیاریشە کە چاپکاری، زۆر لە شوانی لە پێشترە. ئا.. من ئێستا شاگردێکی چالاکی باوکمم. شان بەشانی ئەو، بەدەوری تایپ و ڕۆنیۆکەدا دەخولێمەوە. وەکو ئەو دەستوپلم مەرەکەباوی دەبن و بەبێ ئاگا لە خۆم، بەدەموچاومیاندا دێنم و تێوە دەچن. دایکم بە پێکەنینەوە ئاوێنەم بۆ ڕادەگرێ و دەڵێ: ئەها چەند جوانیت!. بەشانازییەوە وام پێ دەڵێ. سیمای کرێکارێکی چکۆلانەی تێکۆشەرە. ماچم دەکا و دەمبا بە ئاوی گەرم و سابوون، دەستوپل و دەموچاوم دەشوا. هەست دەکەم هێندە شادمانە، کە وەختە لە خۆشییاندا باڵ بگرێ. ئا.. پایز و زستانێکی نەرموگەرم و بەجێهێنانی ئەرکی سەر شانیش بەرامبەر بە حزب بەزیادەوە. تایپ و ڕۆنیۆکە گاڵە دەکەن. لێرەش کەس هاتوچۆمان ناکا. باوکم بیست و چوار سەعاتە لە کونی ژوورەوەدایە. هەردوو ئەرکەکە، پێوەندی لەگەڵ حزب و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانمان، لە ئەستۆی دایکمدایە و منیش هەردەم پاشکۆکەیم. ناچاری نەبێ ناچێتە بازاڕی گەورە. هەرچیمان پێویست بێ، لە بازاڕی لاوەکی یا لە دووکانی لاکۆڵان دەیکڕێ. من و باوکم بەڕۆژ کار دەکەین. شەو دەنگی مەکینەکان لە دەرەوە دەبیسرێ. شەوانمان ناخۆشن. باوکم بەدیار ڕادیۆکەیەوە دادەنیشێ و کات بەسەر دەبا. ئێمە هیچمان نییە پێوەی خەریك بین و دایکم بۆ دەرس پێ وتنم بە فرسەتی دەزانێ. لە ناکاوێکدا خاوەن خانوو پەیدا دەبێ. لەو ڕۆژەوەی خانووەکەی داوینەتێ، ئەمە یەکەم جارە دێ. حزب

ئاگەداری کردبوو هاموشۆمان نەکا. نایەتە ناو ماڵ و تەنیا لە بەردەرگە باوکم دەدوێنێ. باوکم دێتەوە و نیگەرانە. دیسان نۆرە شۆقە. کابرا لە بەدبەختیی ئێمە، دوای ئەو هەموو ساڵە، بڕیاری ژنهێنانی داوە. ئا.. دیسان شۆق و ئێرە، کێڵگەیەکی سەوزەی خوارووی شارە. سڵق و توور و کەوەر و کەرەوزو مەعدەنووس و تەرەتیزە و کوختێکیش، بەسەر تەپۆڵکەیەکەوەیە. ژوورێکی بچکۆلەی بەبلۆك دروست کراوە و لە بنەڕەتدا، بۆ حەوانەوەی جەنابی باخەوانە. بەڵام ئێمە لە ماوەی هەفتەیەکدا، لای چەپ و ڕاستی تەخت دەکەین و بەدوو کەپرۆکە بەسەریاندا، دوو جێگە بۆ دانیشتن و بۆ مووبەق دەسازێنین. بەردەمەکەشی دەکەینە تەختانییەك و دەبێتە، باڵکۆنێکی سەر بەرەڵای بێ دیوار. ئێستا کوختی باخەوانەکە، بووەتە ڤییەلایەکی ناو کێڵگە و باخاتێك بۆ خۆی. تەنیا هێندە هەیە کە دانیشتووانەکەی، دەرەبەگ و بورجوازی نین و باخەوان و وەرزێرن و بگرە، هەڵاتووی دەستی دەرەبەگ و بورجوازییەکانیشن. دایك و باوکی باخەوان و وەرزێری هەڵاتووی خۆحەشاردەر، سەرسامم دەکەن و لێیان دەحەپەسێم!. نەك ئێستا و ئەوساش، کە هێشتا منداڵم و فامم نەکردووەتەوە. ئەمانە چین و لە چ زێڕ و گەوهەرێك پێك هاتوون؟!. بۆ هیچ شتێك دانامێنن. لەگەڵ سەختترین بارودۆخدا خۆیان دەگونجێنن. لە هەموو بوارێکدا دەستڕەنگینن. تۆ سەرنجیان بدەرێ!.. دەڵێیت لە حەوت پشتەوە باخەوان و وەرزێر بوون. لە کارەکەدا هیچیان لە باخەوانی خاوەن کێڵگە و ژنەکەی کەمتر نییە. باخەوانی خاوەن، هاوڕێیەکی حزبیی دێرین و چالاکە. دانیشتووی گەڕەکی سەرشەقامە و ماڵەکەی، زۆر لێمانەوە دوور نییە. لە سەرەتادا لە داواکەی حزب و لە ڕازیبوونەکەی ئێمەش، بەژیان لە شوێنێکی وەهادا سەرسام بووبوو. دوایی کە لێمان تێ گەیشت، لەلای بووینە فیداکار و پاڵەوان و درێغیی لە یاریدەدانمان نەدەکرد. ئێستا ئیتر هەڵسووڕاندنی کاروبارمان ئەئاوایە: بەڕۆژ دایکم و باوکم و منیش لەگەڵیاندا، شاذ بەشانی ئەوان ئاودێری و رنین و کێڵان و پاچەکۆڵە و چاندنەوە دەکەین. شەوانیش من و باوکم چاپخانەکە دەگێڕین. لە کاتێکدا ئەمجارە، هێنانی دەسنووس بۆ چاپکردنی و بردن و گەیاندنی چاپکراوەکان بەشوێنی خۆیان، لە ئەستۆی خاوەن کێڵگەکە و ژنەکەیەتی. سا ئێستا دیسان بەختیار و شادمانین. بەهارێکی پڕ لە سەر سووکی، لە باوەشی سروشتێکی ڕەنگیندا بەسەر دەبەین. هاوینێکیش کە شەماڵی فێنکی ژێر کەپرەکان، لە قرچەی گەرما بەدووری گرتووین و نیوەی پایزەکەش و کە ئیتر لەوە بەدوا، مانەوە لەناو بەفر و باران و سەرما و سۆڵەی

زستاندا، دەبێتە کارێکی سەخت و ستەم و چی بکەین باشە؟. هاوڕێی خاوەن کێڵگە جوامێرانە بەدەنگەوە دێ. ئێمە و حزبیش قایل دەکا، کە ژوورێکمان لەلای خۆی بداتێ. بڕیار دەدرێ و دەچین. خانووەکەی برێتییە لە دوو هۆدە و هەیوانێك. هەر لایەمان دەکەوینە هۆدەیەکەوە و هەیوانیش، هاوبەش لە نێوانماندا. لێرە تەنیا زستانەکەی تێدا بەسەر دەبەین و خراپ لێمان دەقەومێ. – هاڤل دەبێ بەسەرۆکی چیکۆسلۆڤاکیا. ئەوا فەرمانڕەواییی وڵاتێکی تریشتان لە دەست چوو. ئەمجەد ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ و ڕووی مانشێتەکە لە من دەکا. دەزانێ منیش خوێندوومەتەوە و کەچی وا دەکا!. بۆچی؟!. گوێی نادەمێ و دەڵێم: وڵاتی تر زۆر ماون و ئەمانیش دێنەوە مەدار. دواتر دەیبینم چاوەڕێی کاتی دانیشتنەکانی ڕۆژانەمان ناکا. هەرکە هەواڵێکی نوێ دەبیسێ یا دەخوێنێتەوە، دێ بەپەرۆشەوە، بەڵام بێ تیر و توانج و لاقرتێ، پێمی ڕادەگەیەنێ: خۆنیشاندەران لە شاران جەلیل ئابادی ئازربایجان، بارەگەکانی حزبی شیوعییان تاڵان و وێران کرد. – شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئەرمینیا و ئازربایجاندا – ئاشووب هەموو ناوچەی قۆقازی گرتووەتەوە. ئەمجەد دەڵێ.. ئەوەتا لە بندەستەوە دەقەومێ!.. ئا.. دایکم هێنان و بردن و دابەشکردنی چاپەمەنییەکانی گرتووەتەوە ئەستۆی خۆی. بەبوخچەیەك بەیاننامەوە دەگیرێ و منیش لەگەڵیدا. ئێستا و ئەوسا بۆمان ساغ نەبووەوە چۆن چۆنی بوو!. لە ناکاوێکدا وەك لە ژێر ئەرزەوە هەڵتۆقن، دوو پۆلیسی ئەمنمان بەبەرگی سویلەوە لێ دەرپەڕین. پەلاماری دایکمیان دا و ڕاستەوخۆ، بوخچەکەیان لە بندەستی دەرکێشا!. دایکم ویستی بیکاتە هاتوهاوار و دەمیان گرت. لە چاوتروکانێکدا خراینە ئۆتۆمۆبێلێکەوە و براین. کات دوای نیوەڕۆ بوو. خستیانینە ژوورێکەوە و دەرگەیان لەسەر کلیل داین.  دایکم گرتمیە باوەش و بەپەرۆشەوە ماچی کردم. بەهەڕەشەیەکی تێکەڵ لە ئەوپەڕی سۆزەوە وتی: هاوڕێ.. کوڕیە تێکۆشەرەکەم.. نەخەڵەتابیت قسە بکەیت. هەرچییەکیان لێ پرسیت بڵێ: نازانم. تەنیا بڵێ: نازانم و هیچی تر. ئەو ڕۆژە تا ئێوارەکەی پێکەوە بووین. کە دنیا تاریك داهات دایکمیان برد. دوای تۆزێ منیشیان برد و وام زانی بۆ لای دایکمە. کەچی بۆ ژووری پاسەوانەکان بوو. یەکێکیان  لێی پرسیم: ناوت چییە؟. وتم: نازانم. کابرا دایە قاقای پێکەنین و بەهاوەڵەکانی وت: وەرن گوێ بگرن و بزانن ئەم زۆڵە شیوعییە، چ دەرسێکی دادراوە!. دەپرسم ناوت چییە، دەڵێ نازانم. ئینجا کە لێی پرسیم: تەمەنت چەندە و دیسان وتم: نازانم، بەکۆمەڵ دایانە قاقای پێکەنین. شەوانی پڕ لە ناسۆر لە ژیانمدا زۆرن کە لە

بیر ناچنەوە. بەڵام ئەوەیان هەرە بەجەخارەکەیانە. ئەوەیان زەقزەق و تیژتیژ، بەردەوام لێم زیندوو دەبێتەوە و وەك چقڵ دەچەقێتە مێشکم.. پۆلیسەکان وازیان لە دواندنم هێناوە. بەتانییەکیان لە بنەوەی ژوورەکەدا بۆ ڕاخستووم و لەسەری ڕاکشاوم. سەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستم لای دایکمن. لەوەبەر لە نێوان دەمودووی دایکم و باوکم و هاوڕێیانەوە، زۆرم لەبارەی گرتن و ئەشکەنجەدانی تێکۆشەرانەوە بیستبوو. بەوەدا دەمهێنایە بەر زەینم، کە دەبێ دایکم لە چ حاڵێکدا بێ و پێی زارەترەك دەبووم. هێندەم بیر لێ کردەوە کە لە ناکاوێکدا، ڕاپەڕیم و بەدەم گریانەوە هاوارم کرد: دایە گیان.. دایکە.. دایکە. پۆلیسێکیان بەپاڵێك خستمییەوە سەر بەتانییەکە و وتی: داسەکنێ.. چییە .. چیتە؟!. ئینجا کە وتم: دایکم لە کوێیە؟!.. چی لێ دەکەن؟!. وتی: هیچی لێ ناکەن نا... خەمت نەبێ.. تەنیا سەلکە زۆڵێکی تری وەکو تۆی تێدا دەچێنن!. هێندەم فام کردبووەوە کە تێ بگەم قسەکە چی دەگەیەنێ و مێشك و دڵی ساکارمی دەپرواند. ماوەیەك پیشم پێ خواردەوە و لە پڕێکدا، ڕاچەنیم و بەرەو دەرەوەی ژوورەکە هەڵمەتم برد. دەرەوە حەوشەیەکی بچووکی کۆنکرێتی بوو. دەمزانی لە هێناندا، لە خانوویەکی ترەوە بەوێدا بۆ ئێرەیان ڕەت کردم. بەمەزەنە دەمزانی کە دایکم دەبێ لەوێ بێ. دەبوو ڕاڕەوەکە بدۆزمەوەو نەبوو. دوو سووڕ بەحەوشەکەدا و ئینجا پێی هەڵاتنم تێ نا. پۆلیسیش بەدوامەوە و هاوار دەکا: بیگرن.. ئەو زۆڵە ڕادەکا.. بیگرن. نەیتوانی و لە ڕاڕەو ڕەت بووم و چوومە ناو حەوشەی خانووە گەورەکەوە. لەگەڵیدا کەوتمە هاوارکردن: دایە گیان.. دایکە.. لە کوێیت؟!. لە هاوارهاوار و ڕاکەڕاکەی من و پۆلیسەکە، سێ چوار کەس دەرپەڕینە ناو حەوشەکەوە. ئەوانیش وەك پۆلیسەکە کەوتنە دوام و دوای کەمێ گرتیانم. بەزللە و سیخورمە و نووکە شەق تێم بەربوون. دایانمەوە دەست پۆلیسەکە و ئەویش بەدەم لێدانەوە، بردمیەوە ژوورەکە و بە پەتێك، هەردوو دەستمی پێکەوە شەتەك دان و بەقاچی قەرەوێڵەیەکەوە بەستمیەوە. ئەوسا شەپۆلێکی گریانی ئەوتۆ زۆری بۆ هێنام، کە ژیربوونەوەم بۆ نەبێ. کابرای پۆلیس چەند جارێك بەزللە و چەپۆك دای گرتم بەدەمییەوە دەیوت: بێدەنگ بە کوڕی قەحبە.. خەوم دێ.. دەمەوێ بنووم. کە هەر دادی نەدا، ژوورکەی جێ هێشت و دەرگەی لەسەر کلیل دام. منیش ئیتر هەر گریام و هەر گریام، تا خەو زەفەری پێ بردم و بێدەنگی کردم. بەیانییەکەی پۆلیسەکە بەنووکە شەق خەبەری کردمەوە و وتی: هەڵسە کوڕی قەحبە.. هەڵسە وەلبە و لە کۆڵمان بەوە. پەتەکەی لە دەستم کردەوە و بردمیە ژوورێکی

خانووەکەی تر. لەوێ پیاوێکم بە بەرگی کوردییەوە بینی دانیشتبوو. بەگەیشتنم هەڵسا دەستمی گرت و وتی: وەرە کوڕم با بڕۆین. سەرەتا سڵم لێ کردەوە و خۆم گیر دا. بەڵام کە وتی: باوکەکەم ترست لێم نەبێ. من پۆلیس نیم. من موختارم و دەتبەمە ماڵی خۆمان. ئەوسا هەنگاوم بۆ شل کرد و لەگەڵی کەوتمە ڕێ. لە ماڵەوە ژن و منداڵم بینین و هیچ ترسێکم نەما. بەتایبەتیش کە ژنەکە بە سۆزێکی دایکانەوە، بردمی دەست و دەموچاوی پێ شۆردم و سەروپۆتەڵاك و لەشولاری شێواومی پێ ڕێك خستمەوە. ئینجا دوای برسێتیی بیست و چوار سەعاتی پێشوو، تێری کردم و تەنانەت جێگەی بۆ ڕاخستم و خەواندمی. دەمەدەمی عەسر بوو کە بەخەبەر هاتم موختار وتی: کوڕی خۆم.. تۆ دراویتە دەست من تا بتگەیەنمەوە لای کەسوکارت. ئێستا پێم بڵێ: ناوت چییە و کوڕی کێیت و ماڵتان لە کوێیە تا بتبەینەوە؟!. من لەو ساتەدا ئامۆژگارییەکەی دایکم لە گوێمدا زرنگایەوە و خێرا وتم: نازانم!. ئەو وەك لێم تێگەیشتبێ، بە پێکەنینەوە وتی: مەترسە باوکەکەم.. مەترسەو گومانم لێ مەکە.. من دەبێ بتدەمەوە دەستی کەسوکارت. ئێ ئاخر کە نەزانم کوڕی کێیت و ماڵتان لە کوێیە، ئەو کارە چۆن بتوانم بکەم؟!. ئەوسا قسەیەکی زلترم لە تەمەنی خۆم بۆ هات و وتم: بەرمدە خۆم دەڕۆمەوە. وتی: خەڵکی شاریت؟!. شارەزایت؟!!. وتم: بەڵێ.. گەڕەك بەگەڕەك و کۆڵان بەکۆڵان. وتی: دیارە تۆ کوڕێکی زیرەکیت. بەڵام ئاخر ئەوە بۆ من نابێ کوڕەکەم. تۆ دراویتە دەست من کە بتگەیەنمەوە لای کەسوکارت. ئەگەر بەرەڵات بکەم خۆت بڕۆیت و شتێکت بەسەر بێ، گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆی من. ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێیت، ناچار دەبم لێرە لەلای خۆم بتهێڵمەوە.. وەك منداڵێکی خۆشم دەتهێڵمەوە. بەڵام نایەڵم پێ لە ماڵ بەریتە دەرەوە. کە وای وت و کە هەستم کرد لە دڵەوە قسە دەکا، بڕیارم دا خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم و بەڵام دیسان، زۆرزانانەتر لە تەمەنی خۆم، ناونیشانی باپیرمم دایە و وام تێ گەیاند کە لەگەڵ ئەودا دەژین. کەچی ئەو بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی: نا.. ڕاست ناکەیت گوێرەکە. ئێستا باشم ناسیت. لەگەڵ ئەودا ناژین و با وابێ. تۆ گوێرەکەیەکی زۆر زیرەکیت!. موختار ڕۆیشت و سەعاتیکی پێ نەچوو، لەگەڵ باپیرم و نەنکمدا خۆیان بەماڵدا کرد. نەنکم ڕۆیشت و سەعاتێکی پێ نەبوو، لەگەڵ باپیرم و نەنکمدا خۆیان بەماڵدا کرد. نەنکم بە پەرۆشییەکی تێکەڵ لە ترس و سامەوە، باوەشی پێدا کردم و کەوتە ماچکردنم. منیش بەرامبەر بەو پەرۆشییەی، حەزم دەکرد هاوار بکەم: نەنە گیان دایکم.. دایکم و نەمکرد. دەمویست قسەی پۆلیسەکەی بۆ بڵێمەوە و زاتی

دەربڕینیم نەبوو. ساتانێکی ئاڵۆز بوون و سەرەگێژەم پێ کەوتبوو. بەهەرحاڵ گفتوگۆی باپیرم و نەنکمی لەگەڵ موختاردا بەسەردا دێ و وریا دەبمەوە. باپیرم لە ناسیاوییەوە هەواڵی دایکمی لێ دەپرسێ و دەڵێ: شتێك لەبارەی مریەمەوە نازانیت؟!. موختار لە دڵەوە دەڵێ: نەء.. باوەڕت هەبێ نەء. ئینجا بەدەم ڕێوە لە من دەپرسن. منیش هەموویان لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە و تەنیا، قسە پیسەکەی پۆلیسەکەی لێ دەردەهاوێژم. دایکم هیچ نهێنییەك نادرکێنێ و ڕێکەوتیش، باشی دێنێتە پێشەوە. بەر لێبووردنێك دەکەوێ و بەردەدرێ. هەموو لە ماڵی باپیرم یەکدگیر دەبینەوە. کاتی بەربوونەکەی پێ دەزانین و من و باپیرم دەچین بۆ پێشوازی. باوکم هێشتا خۆی دەرنەخستووەتەوە. شوێنەکە هەر ئەوەیە کە منیشی لێ بووم. ئەوە دایکمە لە دەرگەوە دێتە دەر و پێ دەنێتە سەر شەقام. ئەگەر دڵنیا نەبوومایە کە ئەوە دەبێ دایك بێ، قەت باوەڕم نەدەکرد کە ئەو بێ. دایکی من باڵابەرزێکی تێکسمڕاوی دەموچاو پانی ڕەنگوڕوو گەشە. کەچی ئەمە داهۆڵێکی لاوازی روومەت قوپاوی ڕەنگ پەڕیوە!. یەکەم جار ئەویش ئێمەی گورج نەناسییەوە. کاتێ باپیرم لێی نزیك بووەوە و چاکوچۆنیی لەگەڵدا کرد، ئەوسا سەرنجی داینێ و تەنانەت بێ وەڵامدانەوەی باپیرم، بەشێوەیەك پڕی بە مندا کرد و لە باوەشی گرتم، کە دەتوت دوای ونبوونێکیساڵانی دوورودرێژ دۆزیومێتییەوە!. لەوە بەدوا تا ماڵەوە، کەسمان ورتەمان لە دەم دەرنەهات. لە ماڵیشەوە ئەگەرچی هاوتا و هاوژینی بەپەرۆشەوە گرتنە باوەش و ماچی کردن، کەچی لە چاکوچۆنییەکی ئاسایی بەولاوەی لەگەڵ باوکمدا نەوت. من دڵم لەو ساردییەی گوشرا و لەو ساتەوە بێ ئەوەی بزانم بۆچی، کەوتمە سەرنجدانی گفتار و رەفتاریان لەگەڵ یەکتریدا. ئێستا هەموومان لە ژوورێکی ماڵی باپیرمداین. من بەم یەکدگیربوونەوەیەمان شادمانم و کەچی دایکم نەء. نا وا نا.. ئەویش شادمانە. بەڵام تەمومژێك بەسەر روخسارییەوەیە. پەژارەیەك لەناو چاوانیدایە و نهێنییەك، لە ناخیدا حەشاری خواردووە. هەرچەند سەرنج دەدەمە ئەو روخسارەی و تێی ورد دەبمەوە، قسە پیسەکەی پۆلیسەکەم بەبیر دێتەوە و حەزێکی بەجۆش زۆرم بۆ دێنێ لێی بپرسم: دایە چییان لێ کردیت؟!. بەڵام زات ناکەم و گلی دەدەمەوە. تەنانەت هەر لەبەر ئەوە، زات ناکەم هیچ شتێکی تریشی لەبارەی گرتنەکەمانەوە لێ بپرسم. بگرە ناوێرم بەسەرهاتەکەی خۆشمی بۆ بگێڕمەوەو چاوەڕێ دەکەم، ئەو بپرسێ و ناپرسێ!. بۆچی ناپرسێ؟!. تۆ بڵێیت ئاگەدار بێ و پێویستی بەپرسیار نەبێ؟!. ناشێ.. لە کوێوە؟!.

گریمان پێیان وت: وا زۆڵەکەتمان بەر دا، کە ئەوەندە بەویژدان و بە بەزەیی  نین دڵنیاییەکی وەهای پێ ببەخشن و پێچەوانەکەی زیاتر ڕێی تێ دەچێ، خۆ ناچن بەدوور و درێژی بۆی بگێڕنەوە. کەچی  ئەم ئەوە سێ چوار سەعاتە پێکەوەین و ورتەی لەم بارەیەوە لە دەم دەرنەهاتووە!. دەڵێیت منیش بەلایەوە وەك هاوتا و هاوژینم. نە لەگەڵیدا گیراوم و نە لە یەکتر جودا کراوینەتەوە و نە من پێش ئەو بەردراوم و نەو.. نەو.. نە!. وەکی تر ئەوەتەی پێمان ناوەتە ماڵەوە، بە سات لێی دانەبڕاوم تا بڵێم: ڕەنگە باوکم یا باپیرم یا نەنکم بۆیان گێڕابێتەوە. دە حەز دەکەم خۆم باسەکە دامەزرێنم و بیدوێنم. قسەی پۆلیسەکە نا.. زاتی ئەوەیان قەت ناکەم. چۆن بەزارمدا دێ بیڵێم؟!. نا ئەوە نا.. کارەساتەکانی تری بۆ دەگێڕمەوە و بەتایبەتی هەڵاتنەکەم. بەمەزەنەی خۆم ئەو هەر لەو دەوروبەرە بوو.. لە یەکێك لە ژوورەکانی خانووە گەورەکەدا. رەنگە هەراوهوریاکەی بەرگوێ کەوتبێ و قیژە و هاواری منیشی بیستبێ. ئەی چۆن ئەو نەیکردووە بەهاتوهاوار؟!. دیارە دەبێ بەسترابێتەوە و دەنگی خەفە کرابێ. دەنا دایکە مریەمم ئەو شین و فوغانەی من ببیسێ، چۆن شێت و هار نابێ؟! ئاخر بۆیە حەز دەکەم بمدوێنێ، یا من بیدوێنم و بۆم روون ببێتەوە. بەڵام چەندە لە سەروسیمای ورد دەبمەوە، تروسکاییی توانای بەدیهێنانی ئەو حەزەی تێدا بەدی ناکەم. خامۆش خامۆش و مت متە. ریشاڵێکی گەشکەی تێدا نییە. دەزوولەیەکی شادیی پێوە نابینرێ. تاڵ و ترش و گرژ و مۆنە. لە ئێمە تووڕە نییە. ئەو ساتانەی یەکێکمان رووی قسەی لەوە، یا ئەو لە یەکێك لە ئێمە، هەوڵ دەدا رووی گەش و دەم بەخەندە بێ. کەچی ئان و سات بەدوایدا، هەورە رەشەکە باڵی بەسەردا دەکێشێتەوە. ئەگەر لەوەبەر وەها بووایە دەموت ئاساییە. مرۆڤی لەو بابەتە زۆرن بەدەست خۆیان نییە، کە سەروسیمایان مڕومۆچ هەڵکەوتووە و بە میراتی بەنسیبیان بووە. بەڵام ئاخر دایکم وا نەبوو. ڕەنگوڕووی هەردەم ورشەدار و ڕووی هەموو کات گەش و دەم بەخەندە بووە. چەندە کات ئەئاوا بە ئاڵۆزی و تەمومژاوی تێ دەپەڕێ، من زیاتر نیگەران و تەنگەتاو دەبم. سەرنج دەدەمە هەڵسوکەوتی باوکم و ئەویشم ئاسایی نایەتە بەرچاو. ئەو کاتەی گەیشتینە ماڵەوە لەگەڵ ئێستایدا جیاوازە. ئەوسا بە شەوقەوە باوەشی بۆ دایکم گرتەوە و دەستی کردە ملی و ماچی کرد. بەڵام کە دایکم ساردوسڕ وەڵامی دەست لەملانەکەی دایەوە، ئیتر گفتار و رەفتاری لەگەڵ دایکمدا سڵکردنەوەی تێ کەوت. هەستکردن بەو حاڵەتەیان بۆ من زەحمەت نەبوو. ئەوان کەم شتیان هەبوو لە من شاراوە بێ. من

هۆگرییەکی تایبەتیم سەبارەت بە هەموو هەڵسوکەوتێکیان و بەتایبەتی لەگەڵ یەکتردا هەبوو. بەپێکەنین و سەروزمانی شیرینیان گەشکەدار دەبووم و بەرووگرژی و دەمەبۆڵەیان خەمگین. ئێستا ئەوەتا دایکم نەك تەنیا رووی گرژە، بگرە جەخارێك دەیپرووکێنێ. باوکیشم لە بەرامبەریدا، سەرسام و تەنگەتاوە. کات تێ دەپەڕێ و من سەرنجیان لێ خافڵ ناکەم. نیوەڕۆیە و خواردنی خۆش و بەتایبەتی، بۆ دایکی ژەمبوردەم ئامادە کراوە. کەچی دەبینم دوو سێ پاروو، کە بەزۆر بە گەروویدا دەیانباتە خوارەوە، دەخوا و دەست هەڵدەگرێ. نەنکم و باپیرم سەر دەکەنە سەری و بێ سوودە. باوکم چاوی بەسەریدا رواوە و دەنگ ناکا. منیش دەستم بە پاروووەوە وشك دەبێ و تێی دەڕوانم. حەز دەکەم قسەیەکی تێدا بکەم و گلی دەدەمەوە. ئەوا عەسرە و نەنکم لەژێر دارتووەکەدا چای دەم کردووە. باوکم و باپیرم لە دەرەوەن. هاوتا و هاوژین لەولاوە یاری دەکەن. نەنکم خەریکی چا تێکردنە. دایکم لاونیو دانیشتووە و پاڵی بەدیوارەوە داوە. منیش وەها خۆم خزاندووەتە تەنیشتییەوە کە دەڵێیت لە باوەشیدام. نەنکم چای بۆ رەت دەکا و لێ بێ ئاگایە. من دەڵێم: دایە.. چا. وەری دەگرێ و لە تەنیشتییەوە دای دەنێ. لە بیری دەچێتەوە و من دەڵێم: دایە.. سارد دەبێتەوە. بەبێ تاقەتییەوە هەڵی دەگرێ و قومێکی لێ دەدا و دای دەنێتەوە. نەنکم دەیەوێ لە کۆڵیم بکاتەوە و دەڵێ: هاوڕێ باوکەکەم.. بچۆ لەگەڵ خوشك و براکەت یاری بکە. مەزەنەی ئەوەش دەکەم کە دەیەوێ دایکم بدوێنێ. کەچی دایکم سەرم بەسنگییەوە دەنووسێنێ و دەڵێ: نا.. با بەتەنیشتمەوە بێ. بۆ ئەمیش مەزەنە دەکەم کە حەز ناکا نەنکم بیدوێنێ. ئێوارەیە و باوکم و باپیرم هاتوونەتەوە. شێو دەکرێ و خواردنی دایکم بە چەشنی نیوەڕۆیە. سا لەخۆڕایی نییە کە ئەو کەتەژنە، بووە بەم داسکودەرزییە. ئێستا وا شەوە و لە ریزەوە نوستووین. من و باوکم هەریەکەمان لە سەرپەرێکەوە و دایکم و هاوژین و هاوتاش لە نێوانماندا. چرا ماوەیەکە کز کراوە. هاوتا و هاوژین دەمێکە خەو خەپی کردوون. دەبێ بەدوایاندا منیش چووبمە شیرین خەوەوە و ئیتر ئاگام لە هیچ نەبێ. بەڵام وا نییە و تەنیا بەچاو نوستووم، دەنا بەپەرۆشەوە لە چاوەڕوانی بیستندام و ئەوەتا دەنگی نزمی باوکمم دێتە بەرگوێ کە دەڵێ: مریەم گیان دڵم وەختە بتەقێ.. پێم بڵێ چ خێرتە؟!. دایکم لە وەڵامیدا دەڵێ: باسی دەکەم.. سەبر بگرە.. دەترسم هاوڕێ.. ئینجا بەدەنگی نزم بانگ دەکا: هاوڕێ.. هاوڕێ گیان. من ورتە و جووڵە لە خۆم دەبڕم. باوکم دەڵێ: خەوتووە. دایکم ماوەیەك خامۆش دەبێ و ئەوسا، بەدەنگێکی

خنکاوی پڕ لە ناسۆرەوە دەڵێ: ئەحمەد سکم هەیە.. چیم لێ دەکەیت و قوڕی کوێم بەسەردا دەسوویت؟!. من کە ڕووم لێیانە، خۆم پێ ڕاناگیرێ و درزێك دەکەمە پێڵووەکانی هەردوو چاوم. تارماییی باوکم دەبینم ڕادەچەنێتە سەر باری دانیشتن. وای هەست پێ دەکەم کە زمانی چووبێتە کلیلە و تاس بردبێتییەوە و گێژووێژ بڕوانێتە دایکم. خۆشم کە دەمودەست قسە پیسەکەی پۆلیسەکەم بیر دەکەوێتەوە، لەو حاڵەی باوکم لادەدەم و بەدەردی خۆمدا دەکەوم. ئاگر بەر دەبێتە هەناوم و لە کەڵەموستی پێمەوە تا تەوقی سەرم هەڵم دەقرچێنێ. دەبێ هەڵبلۆوقێمەوە و پڕ بەگەروو هاوار بکەم: دایکە.. دایکە.. دایکە مریەمەکەم. دەبێ وا بکەم و بەڵام نا.. ئەو دەردەکەی کەم گران نییە تا منیش گرانتری بکەم. دان بەخۆمدا دەگرم و ئەوەتا هەر مت و خامۆشم. گوێم لێیە دایکم بەکپی هەنسك هەڵدەدا و لە درزەکەوە دەبینم، باوکیشم بە هۆش هاتووەتەوە و باوەشی بەسەریدا کردووە. ماچی دەکا و دەیلاوێنێتەوە و دەیەوێ، هێندەی گرفتەکە پێوەندیی بەوەوە هەبێ دڵنیاییی پێ ببەخشێ. دایکم وەك لەو ڕووەوە دڵنیا بووبێ دەپرسێ: چی بکەم ئەحمەد.. ئێستا چی بکەم؟!. وەڵامی باوکمم نایەتە بەرگوێ. تێ دەگەم کە نازانێ چی بڵێ. دایکم دەڵێ: دەبێ فریێی بدەم و لێی ڕزگار ببم. تکایە ئەحمەد فریام بکەوە. باوکم دەپرسێ: تەمەنی چەندە؟!.. دایکم دەڵێ: چوار مانگ. ئەوان هەر دەدوێن و من گوێچکەم ڕوو لە کپبوونە. دەمودوویان وەك ورتەورتێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەبیسم. دواتر خامۆشی و ئیتر بەیانییە. کاتێ چاو دەکەمەوە، بیر و هۆشم هێشتا لەلای گفتوگۆکەیانە. بەدزە دەڕوانمە جێگەکەیان و نەماون. هەڵدەستم و دەزانم باوکم چووەتە دەرەوە. سەرنج دەدەمە دایکم و دەبینم ڕەنگوڕووی کەمێ کراوەتەوە. دانیشتووە نان و چا و ماست دەخوا و کە دەمبینێ، بانگم دەکاتە تەنیشتییەوە و بەخۆیەوەم دەنووسێنێ. بیرم بۆ گفتوگۆکەیان دەچێتەوە و لە خۆم دەپرسم، کە ئاخۆ بەچییان گەیاندبێ؟!. سەرزەنشتی خۆم لەسەر خەو لێکەوتنەکەم دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەبینینی دایکم بەو شێوەیە دڵخۆشم و دەڵێم کە دەبێ، بەبارێکی باشدا کەوتبێتەوە. وەهاشە و ئەوەتا باوکم نیوەڕۆ دێتەوە و دەچن لەلاوە دووقۆڵی بەدەنگی نزم دەدوێن. باوکم دەچێتەوە دەرەوە و دەبینم دایکم، ڕەنگوڕووی باشتر کراوەتەوە. ئەگەرچی جێ بەخۆی ناگرێ و دەڵێیت لەسەر ئاگر دانیشتووە. حەز دەکەم لە بارەیەوە پرسیاری لێ بکەم و بە جوانی نازانم. دڵنیام پێوەندیی بەگفتوگۆکەی شەوێ و هاتوچۆکەی باوکمەوە هەیە. تێ دەگەم کە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنەوەشی

دەکا. ئا.. عەسرێکی درەنگە و دێتەوە. دایکم عەبا بەسەریدا دەدا و دەڕۆن. باپیر و نەنکم وای لێ دەدوێن، کە گورچیلەی ئازاری دەدا و بۆ ئەو مەبەستە، چوون بۆ لای دوکتۆر. بەوەدا تێ دەگەم کە گرفتە ئەسڵییەکەیان لێ حەشار دراوە. ناهەقیان نییە. ئەوانیشی بۆچی پێوە بتلێنەوە؟!. وا ئەوان ڕۆیشتن و ئێستا من دەڵێیت  لەسەر ئاگر دانیشتووم. سەعاتێك و دووان و سیان و هەر نەهاتنەوە. بۆ کوێ چوون و چی دەکەن؟!. دایکم وتی: دەبێ ڕزگارم ببێ لێی. دیارە بۆ ئەوە چوون و بەڵام چۆن چۆنی؟!. لێم بووەتە مەراق. – لە نەنکم بپرسم؟!. – نا نەکەی.. نەمانوت ئەوان بێ ئاگان؟!. کەچی نەنکم لە من بەئاگایە و دەپرسێ: هاوڕێ چ خێرتە؟!. بۆ داناسەکنێیت؟!. من پەرۆشیی هاتنەوەیانم بۆ ناشاردرێتەوە و دەڵێم: دەمێکە ڕۆیشتوون.. بۆ نەهاتنەوە؟!. لەگەڵ دەرچوونی قسەکەمدا لە زارم، پەیدا دەبنەوە. نەنکم لە ڕێوە لێیان دەپرسێ: ها.. چی بوو؟!. باوکم دەڵێ: شتێکی ئەوتۆ نییە... گورچیلەیەکی هەوی کردووە. من لە بریی پرسیارکردن، وەڵامم لە سەورسیمایاندا دەست دەکەوێ. دایکم ڕەنگوڕووی گەشە و باوکیشم، بێ گرێوگۆڵ تێی دەڕوانێ. ئەمجەدیش بێ گرێوگۆڵ دەدوێ. ڕۆژانی پێشوو شتێکی هەر تێدا دەهێشتەوە. ئێستا لە بنی هەمانەکە دەدا. مانشێتەکە بە حونجەوە دەخوێنێتەوە کە دەڵێ: سەرکردە و کارگێڕەکانی حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆهەڵات، واز لە حزبەکانیان دێنن. ئینجا سەرنجێکی ورد دەداتە من و چاو دەبڕێتە چاوم. دەزانم وتەیەکی جیاوازی لە ڕۆژانی پێشوو لەسەر زارە و دەیەوێ دەری ببڕێ و بەدوای ڕستەی لەبار و کاریگەردا بۆی دەگەڕێ. ڕستەی لەبارو کاریگەر دەبێ کامە بێ؟!... هاوڕێ.. تۆ لەوان زیرەکتر و تێگەیشتووتر و دووربینتر نیت. ئا.. وا دەڵێ و لە قاڵبی سووکەڵە پرسیارێکیشدا دەڵێ: بۆچی تۆش واز ناهێنیت؟!. ئا... پێش هەڵکەوتنی ئەم فرسەتە، لە شێوەی هیوا پێ بەخشینی دۆستانەدا، دەور و خولی لێبووردنی لەگەڵدا دەدام و جۆراوجۆریش بۆمی دەنەخشاند: هاوڕێ.. سەدانی وەکو تۆ بەر لێبووردن کەوتوون و لە ژووری لەسێدارەدانەوە. بەرەو ئاسمانی ئازادی لە شەقەی باڵیان داوە.. هاوڕێ.. کێ دەڵێ سبەی دووسبەیەك هەردوو حزبمان ئاشت نابنەوە و ژیانی تۆش ناکرێتە دەستەگوڵی ئاشتبوونەوەکە؟!. هاوڕێ.. دوور نییە بەیانییەك خەبەرت بکەینەوە و بڵێین: فەرموو کاکە.. دەرگەت لێ والآیە و بەخێرچیت.. وا بەلێبووردنێکی تایبەتی ئازاد کرایت!. – لێبووردنی تایبەتی؟!.. چۆن چۆنی؟!. – هەروا بە خاترانە.– من و خاترانە؟!. چۆن چۆنی؟! – خۆ من ناڵێم دەبێ. دەڵێم دوور نییە و ڕەنگە. حەز

ناکەیت؟!. – بۆ نەء؟. خۆ من مردنپەرست نیم. بەڵام پرسیارەکەم ڕوونە. – تۆ خۆت ئەو ڕەنگەیەت با وەك تروسکەیەکیش بێ، قەت بەخەیاڵدا نەهاتووە؟!. – نەء.. چونکە سوور دەزانم لەسەر ئیمزایەك ماوم، کە لە کفلەیکوونێکدا دەکرێ و ئیتر کۆتاییمە. بەدیوەکەی تریشدا هەر وەهایە. ئیمزایەك و لە چرکەساتێکدا دەکرێ و ئیتر، ژیانت لێ نوێ دەبێتەوە. لەو کاتەدا هەستم دەکرد کە ئەو ئەگەرچی بەسەر زاری، باسی لە ئیمزای جێبەجێکردن و نەکردنی لەسێدارەدانەکەمە، بەڵام ژێراوژێر مەبەستی لە خودی ئیمزای منە. ئەو ئیمزایەی کە ئەوەتا، لە بنی هەمانەکەی بۆ دەدا و ڕاست و ڕەوان لێمی داوا دەکا. واتە ئیمزای بەزین و وازهێنان و ئینجا بەدەردەکەی مامە وەهاب بچم!. سا کام مردنیان سووکەڵەتر و جوانتر و تەنانەت بەویقارترە.. ئەمەی من کە ماوەی جگەرەکێشانێکی زیاتر پێ ناچێ، یا ئەوەکەی ئەو کە ساڵێکی ڕەبەق بەدەستییەوە ناڵاندی؟!. ئەو مامە وەهابەی کە زەوی لە ژێر پێیدا زەلالەتی بوو، کە ئاسمان خۆی بۆ خشاندن لە تەوێڵی نەوی دەکرد و خۆر بۆ بریسکاندنەوەی ناوچەوانی هەڵدەهات، لەو ماوەیەدا بوو بە تۆپەڵە چیلکە و چەوێڵێکی تێکچڕژاوی هەڵقرچاو. دەنگی زوڵاڵ و بەزایەڵەی کە وەك دەنگی زەنگی کڵێسا دەزرنگایەوە، بوو بە کزە نووزەیەکی بنی بیرێکی  وشکی تەریك. شیکپۆشێکی بەبریقوباق.. پاکوتەمیزێکی سەروسیما هەردەم گەش.. سەرەڕای تەمەنی شەست و سێ ساڵەی، لەشولارێکی بەخۆوەی تۆکمەی قنجوقیت و لەو ساڵەوەختەدا، بوو بەدەعبایەك کە بشێ منداڵی پێ بترسێنرێ. سی و  پێنج ساڵی بێ دابڕانی یەك بەدەم یەکەوەی، بە تێکۆشان لە ڕیزی حزبدا بردبوونە سەر. بەدرێژاییی ئەو ساڵانە، هیچ کام لە جۆرەکانی ئەشکەنجە و ئازار و دەرد و سزای ئەو ڕێگە سەختە نەمابوو نەیچەشتبێ. سامناکترینیان کە مردنە، چەندان جار ڕووبەڕووی بووبووەوە و نەمردبوو. ئا.. مردن بەدەستی دوژمن لە عۆیەی نەهات، کەچی بەدەستی خۆی بەخۆی بەخشی. ئێستا وەك دوێنێ بێ ڕوون لە بەرچاومە. ڕێکەوت وای هێناوەتە پێشەوە کە من دوای بەربوونەکەی، یەکەم بینەری دیمەنی یەکەمین ساتەکانی هاتنە ماڵەوەی بم. لە دە مانگ لەوەبەرەوە، کاتێ کە لە سەرەتاییی دەستپێکردنەوەی شاڵاوی ڕژێمدا بۆ سەر حزبمان بەردەستیان کەوت و گیرا، ئیتر هیچ کەس هەواڵێکی لە بارەیەوە نەزانیبوو. تەنانەت وا دادەنرا، کە نێچیرێکی بەو بایەخدارییەوە و لە شاڵاوێکی وەها دڕندانەدا بەرچنگ بکەوێ، دیارە دەبێ بستی بەقەرز نەدرێ و بفەوتێنرێ. کەچی ئەوەتا من کە بۆ کارێکی حزبی لەو

کاتەدا لە ماڵیانم، دەبمە یەکەمین کەس بەزیندوویی دەیبینمەوە. ماڵ تەنیا دایکی نەبەز و منی لێین. ئەو خەریکی کار و فرمانی ناو ماڵە و من لە چاوەڕوانی هاوڕێیەکدام، کە بێت و کارە حزبییەکەم ڕایی بکا. لە دەرگە دەدرێ و بەو نیازەی کە ئەو بێ، دەچم بەدەنگەوە. لەگەڵ کردنەوەیدا واقم وڕ دەمێنێ و دەست بەدەرگەوە وشك دەبم. مردوویەکی گۆڕ – ون و لە ناکاوێکدا، بەزیندوویی لە بەردەممدا قوت دەبێتەوە!. کە بە ئاگا دێمەوە، ئینجا گەشکەیەك بەسەراپای هەناومدا دەتەنێتەوە. مامە وەهابە و زرتوزیتە و هاتووەتەوە ناومان!. من شادمانم و بەڕوویدا دەخنێمەوە. باوەشی یەکتر لە ئامێزگرتن و ماچومووچی بۆ والا دەکەم و ئەو، دەڵێیت داهۆڵی ناو مەزرایەکە و ڕەقوتەق و بێ هەست و خوست، چەقێنراوەتە ناو دەرگەکە. ساتێك و دووان و سیان و کە دەبینم ئەو لە بەرامبەرمدا بتە، ناچار خۆمی  بۆ کەنار دەخەم و ئەوسا، وەك ڕۆبۆتێك هەنگاو دەنێتە ئەمدیو دەرگەوە و بەرەوژوور دەبێتەوە. ئێستا وا دایکی نەبەزیشی لێی بەئاگا هاتووە و بەهەڵەداوان بەپیرییەوە دێ. وەك من باوەشی بۆ دەگرێتەوە و بەدەردەکەی من دەچێ. ڕۆبۆتەکە بەرەوژوورتر هەڵدەکشێ و تا ژووری نووستنەکەی بنەوە ناوەستێ. لەوێ دادەنیشێ و پاڵ بەدیوارەوە دەدا و قاچ ڕادەکێشێ. ئێمە بەدوایدا لە ژوورەوەین و حەپەساو و سەراسیمە، ئەملا و ئەولامان لێ گرتووە. زمانمان لە ئاستیدا بۆ نایەتە گۆ و کەڕولاڵ بەدیارییەوە ڕاوەستاوین. ئەو بەپەرۆشەوە دەست بۆ گیرفانەکانی دەبا و دەگەڕێ. بە نائومێدییەوە دەست دەردێنێ و بەدوو چاوی پڕ لە تکاوە، دەڕوانێتە من و ئینجا دایکی نەبەز، تێ دەگەم ڕوانین و تکای داواکردنی جگەرەیە. ماڵ لە دوای ئەوەوە جگەرەکێشی تێدا نەماوە و جگەرەی حازری لێ دەست ناکەوێ. دایکی نەبەز سەیرێکی من دەکا و حاڵی دەبم و فڕکە دەکەمە دەرەوە. لە دووکانێکی لاکۆلانی نزیك پەیدای دەکەم و دەگەڕێمەوە.

دەکەوم بەسەر مشتومڕیاندا و سەرسامتر دەبم. دایکی نەبەز بەگیری هێناوە جلەکانی لەبەر دابکەنێ و ئەو رازی نابێ. وازی لێ دێنێ و بەدیارییەوە دۆش دادەمێنێ. لە کاتێکدا ئەو بەپەرۆشەوە پاکەتە جگەرەکە لە من وەردەگرێ و وەك ژەمبوردەیەکی  هێجگار تامەزرۆ، جگەرەیەکی لێ دەردێنێ و دەینێ بە لێوییەوە و ئاگری دەدا. مژی وەهای لێ گیر دەکا کە قەسدە بە دوو سێ نەفەس، چەندەی دووکەڵ لێ بەرهەم دێ، قانگی بداتە ناو سییەکانیەوە. ئێستا دایکی نەبەز لەسەر چۆك بەدیارییەوە دانیشتووە و چاوانی پڕ لە  فرمێسکن. من بەپێوەم و نازانم چی بکەم.

دایکی نەبەز سەرنجێکم دەداتێ و هەڵدەستێ و دەچێتە دەرەوە. تێ دەگەم دەیەوێ بە دوایدا بچم. لەوێ لێم دەپرسێ: هاوڕێ.. دەبێ چی بێ؟!. دەڵێم: نازانم و سەری لێ دەرناکەم. دیسان دەپرسێ: چی بکەین باشە؟!. دەڵێم: دەبێ حزب ئاگەدار بکەین. دەڵێ: باشە.. بەڵام پێشتر بچۆ شەونمم بۆ ئاگەدار بکە و بڵێ هەر ئێستا بگاتە لام. لەوەدام هەنگاو بەرەو دەرگەی حەوشە بنێم و بۆ یەکەم جار، دەنگیم دێتە بەرگوێ بەحیرسەوە بانگم لێ دەکا. دەچم بەدەنگییەوە و لەبەرئەوەی زمانی هاتووەتە گۆ، بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم: بەڵێ مامە.. فەرموو. ئەو سەرنجێکی تێکەڵ لە تووڕەیی و تکام دەداتێ و دەڵێ: کەس ئاگەدار مەکە.. هیچ کەس. نامەوێ کەس بمبینێ و کەس ببینم. ماندووم و حەز دەکەم بحەسێمەوە. من ڕادەمێنم و گیر دەخۆم. ئەو دەڵێ: تکایە... بەقسەم بکە. دەڵێم: بەسەرچاو و دەگەڕێمەوە لای دایکی نەبەز. گوێی لە قسەکانمان بووەو بەدەنگی نزم دەڵێ: ئەی چار؟!.. ئێستا چی بکەین؟!. من وەڵامم پێ نادرێتەوە. ئەو دەڵێ: حزب واز لێ بێنە و تەنیا شەونمم بۆ ئاگەدار بکە. وا دەکەم و دەچم لەگەڵ خۆمیدا دێنم. کچ بە پەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەرەوە دەچێ دەست دەکاتە ملی باوکی و بەملا و بەولایدا ڕادەمووسێ. کەچی باوك لە ئاستیدا ورتە و جووڵەی لێوە نایەت!. ئیتر ئێمە سەعاتێك و دووان و سیان، بەردەوام بەدەوریدا دەخولێینەوە و بەسەد و یەك باردا تەقەلا دەدەین بیبزوێنین شتێك بدرکێنێ و ئەو، کشومات لە شوێنی خۆی دانیشتووە و تەنیا، پەیتا پەیتا داوای چا دەکا و بەدەمییەوە جگەرە بەجگەرە دادەگیرسێنێ. من لەلاوە دادەنیشم و تێی دەڕوانم و لێکی دەدەمەوە: تێکۆشەرێکی دێرینی سەرسەختی قاڵبووی کۆڕی تێکۆشان و بۆ جاری چەند جارە، کەوتە بەرچنگی دوژمن و وا وەك هەر یەکێك لەو جارانە بەسەلامەتی ڕزگاری بوو، ئیتر بۆ دەبێ ئەمە حاڵی بێ؟! تۆ بڵێیت  لەژێر ئەشکەنجەدا ئەقڵی لە دەست دابێ و ئاگەدارییەکەی جارانی، لەگەڵ دەوروبەردا لێ پووکابێتەوە؟!. یا جۆرە دەرمانێکی دەرخوارد درابێ، کە تووشی خەمۆکیی بکا و دنیای لە بەرچاو تەمومژاوی ببێ؟!. ئا.. دەبێ وابێ. ئەم مامە وەهابەی ئێستا ئەوەکەی جاران نییە. ئەمەیان خاوەنی خۆی نییە و دەسەڵاتی بەسەریدا لێ زەوت کراوە. گیان و هەست و سۆزی تێدا نەهێڵراوەو لە بیر و هۆش دامالڕاوە. کاوەتە تەنیا قاوغێکی بەتاڵوحەتاڵ. ئەگەرنا، ئەو مامە وەهابە هۆشمەند و وریا و زمانپاراو و ڕووگەش و بگرە چست و چالاك و جەربەزەیەی جاران، بۆچی بووەتە ئەم مرۆڤە سیپاڵە داتەپیوەی ئێستا؟!. لەم جۆرە پرسیارانە لە بارەیەوە زۆر کرا. بەزۆر باردا هێنرا

و برا و کەس زەفەری بەوەڵامی دروست نەبرد. تەنانەت حزبیش هیچ زانیارییەکی لە بارەیەوە لەلا نەبوو. لە ساتی گرتن و بردنەکەیەوە، ئیتر کەسێك بەچاو نەیدیبوو. یا وتەیەکی لێ نەبیستبوو. تەنیا دەوترا کە بێ سەروشوێنە و چارەنووسی نادیارە. ئێستاش ئەگەرچی بەپێچەوانەی خواستی خۆیەوە، هاوڕێ فەرهاد خۆی گەیاندێ و تەقەلای زۆری دا، زاری پێ بکاتەوە و بیدوێنێ و بێ سوود بوو. دەستی لێ بەردا و منی ڕاسپارد بەشێنەیی هەوڵی لەگەڵدا بدەم. ئەو کاتە ئەگەرچی ئێمەش کەوتبووینەوە کوناوکونکردن، بەڵام دەرفەتی زوو زوو سەردانیم بۆ دەڕەخسا و هاوشانی دایکی نەبەز، بەدەوریدا دەهاتم. خۆشم ئەو حاڵەیم لێ بووبوو بە مەراق و بە پەرۆشەوە، دەمویست بزانم بۆچی وایە؟!. وەك ئەوە بوو ڕووبەڕووی مەتەڵێك بووبمەوە و سوور بم لەسەر هەڵهێنانی. ئامادەکردنی جگەرە و چایەکەی بەتایبەتی لە ئەستۆی من بوو. ڕۆژانە سێ تا چوار پاکەتی دەکێشا. ئێمە لەبەر کەمدەرامەتی، جگەرەی هەرزانبەهامان بۆ دەکڕی و ئەویش دەنگی نەدەکرد. تەنیا دووکەڵەکەی مەبەست بوو. دوایی تێ گەیشتم بۆچی؟!. ئەو وەختە وای بۆ دەچووم کە حیساب بۆ کەمدەرامەتییەکە دەکا. کەچی وا نەبوو. ڕۆژێکیان کاتێ پەرداخە چایەکەم خستە بەردەمی، لە گرتنەکەیەوە فێر بووبوو بە پەرداخ دەیخواردەوە، زمانی لێ هێنامە گۆ و وتی: چا ناخۆمەوە. من وای تێ گەیشتم کە تەنیا لەو ساتەوەختەدا حەزی لێی نییە وا نەبوو. بەدەمییەوە لە شێوەی فەرماندا وتی: عارەق دەخۆمەوە.. عارەقم بۆ بێنە. من حەپەسام و هیچم بۆ نەوترا. ئەو سەرنجێکی دامێ و شێوە فەرمانییەکەی داواکەی، گۆڕی بە نیمچە پاڕانەوەیەك و وتی: هاوڕێ.. قاپێ عارەقم بۆ پەیدا بکە. کە من دیسان ڕامام و وەڵامم نەبوو، ئەو وتی: بچۆ بەشێرزاد بڵێ قاپێکم بۆ بنێرێ. لە دڵدا وتم: سەیرە!.. هۆشیار و ئاگەدارە. لە باتی چا عارەقی دەوێ. دەشزانێ عارەق بەمن ناکڕدرێ و بۆ لای مێردی کچەکەیم دەنێرێ. واتە لەوەش بەئاگایە کە شێرزاد، ڕاونراو نییە و گوزەرانی باشە و مەیخۆریشە. نا.. ئەم مامە وەهابە بێت و بەو بارەدا کە ئێمە گومانمان لێ کرد، ساغ و سەلیمە و بیر و هۆشی گەردی لێ نەنیشتووە. هەڵدەستم بچم فەرمانەکە بەجێ بێنم و بەپێویستی دەزانم دایکی نەبەز ئاگەدار بکەم. ئەویش سەرەتا سەری سوڕ دەمێنێ. دوایی دەیبینم زۆر گوێ ناداتە داواکەی مامە وەهاب و خەمی شێرزاد دای دەگرێ. من دەزانم کە لە ڕووی گوزەرانەوە، ئەو لە حزب زیاتر بەتەنگیانەوە هاتووە و یاریدەی داون. جگە لەوەی کە خۆی بۆ ماڵ و منداڵی تەرخان

کردووه و ئەم نایەوێ بوار بدا شانی ئارداوی ببێ. بۆیە دەڵێ: نا.. تۆ مەچۆ.. من دەچم. دەچێ و قاپە عارەق دێنێ و لەگەڵ هەندێ مەزەدا، دەیخەینە بەردەمی. لەوەبەدوا سەری تێ دەکا و ئیتر جگەرە و عارەق و جگەرە و عارەق. ورده ورده دەشبێتە مەسرەفێکی قەبە و ناچارییشە. ئەگەر نەیدرێتێ ئەو پیاوە سەنگین و بەویقارەی پێش گرتنەکەی و ئەو ماتوخامۆشەی دوای بەربوونەکەی، دەبێتە کابرایەکی بازاڕیی دەم بەهاتوهاواری درێو و تەنانەت دەستوەشێنیش. ئا.. جارێکیان گەیاندییە داپڵۆسینی شەونم و دایکی. ئەو وەختە بەجۆرێ سەری کردبووە خواردنەوەکە، کە شەو و ڕۆژی بەولاوە نەمابوو. دەبوو قاپەکەی بەردەوام لە تەنیشتەوە بێ و بەسەرییەوە بنێ. لەوەدا نەمابوو ڕێوڕەسمی پەرداخ و ئاو و بەفر و مەزەی تێدا بەجێ بێنێ. قاپەکەی دەنا بەسەرییەوە و مەزەش تەنیا جگەرە بوو. ئەوجارە شەونم دواکەوت. هێنانی عارەقەکە کەوتبووە ئەستۆی ئەو. سەرباری دواکەوتنەکەی نەشیهێنابوو. بەوە ئاگری گرت و کەوتە جنێو پێدانی. کاتێ دایکی ویستی لەسەری بکاتەوە، ئەویشی داگرتەوە و نەخێر بەوەشەوە نەوەستا و گەیاندییە پەلاماردان. سەرەتا شەق و مستەکۆڵە و ئینجا دەستی لێ دانە چەقۆ. من زۆر ترسام. دیمەنی وەك شێتێکی بەلەسەی دەنواند. وتم ئێستا هەردووکیان دادەپاچێ و ڕەنگە منیش. ناچار لە پشتەوە پەلامارم دا و دابینم کرد. ئەویش لەلای خۆیەوە بەم کارەی من، خاو بووەوە و چەقۆکەی لە دەستی بەردایەوە. کاتێ ئەمم دامرکاندەوە و بردمەوە جێی خۆی، سەیرم کرد ئەوان ڕۆیشتوون و ماڵوحاڵیان بەسەر مندا جێ هێشتووە. دەی باشە من ئێستا چی بکەم؟!. بیرم بۆ ئەوە چوو کە چاکتر وایە عارەقەکەی بۆ پەیدا بکەم و بەڵام پارەم ئەوەندە لە گیرفاندا نییە داد بدا. من ئاوەها دۆش داماوم و سەری تێدا دەهێنم و دەبەم و کەچی دەڕوانم، ئەو هاتووە بەرامبەرم ڕاوەستاوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێ، پێنج دیناریییەکی بۆ ڕەت کردووم!. من هیچ ناڵێم و لێی وەردەگرم و لە ماڵ دەردەفرتێم. بە دەم ڕێوە دەپرسم: لە کوێی بوو؟!. وردی دەکەمەوە و دەڵێم: دەرفەتی لە دایکی نەبەز هێناوە و لێی دزیوە. دیارە ڕۆژێکی ڕەشی وەهای لە بەرچاو بووە و زەخیرەی بۆ خستووە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە ئەم مامە وەهابە، بە ئەقڵ و بیر و هۆش ساغ و سەلیمە دەبێ نهێنییەك لە گۆڕێدا بێ و بەو دەردەی بردبێ. ئا بەڵێ.. وا ئەوەتا چووم بای هەر پێنج دینارەکەم بۆ کڕیوە و هێناومەتەوە بەردەستی. قاپێکی لێ دەنێتە بەردەمی و دەست بەخواردنەوەی دەکا. شەو داهاتووە و دنیا کشوماتە. من عەسرەکەی وا هاتم کە شەو

گل نەخۆمەوە و بگەڕێمەوە کونە گورگەکەی لای دایکم و باوکم و بەڵام ڕۆیشتنە هەڵاتنەکەی شەونم و دایکی، ناچاری مانەوەی کردووم. دەزانم دایکم حاڵی پەشێوە و چارم نییە. دەکرێ مامە وەهابم بەو وەزعەوە بەجێ بێڵم؟!. پێشتر لە دایکی نەبەزم بیستووە، کە ترسی ئەوەی لێ دەکا دەستی بچێتە خۆی و منیش لەلای خۆمەوە، ئەو ترسەم لە دڵ گەڕاوە. ئیتر چۆن بتوانم بەجێی بێڵم؟!. قەیناکا.. دایکم دەزانێ لێرەم و حیسابێك بۆ مانەوەم دەکا. تەنیا ڕەنگە لەسەر ئەوە لێم تووڕە ببێ کە وەك جارەکانی تر ئاگەدارم نەکردووە کە دەمێنمەوە. ئاخر چی بکەم؟!. ئەوەتا مانەوەکەم بەو شێوەیە بوو. ئاخر حەیفە بوار بدرێ ئەو پیاوە مەردە.. ئەو هاوڕێ تێکۆشەرە دێرینە کۆڵنەدەرە سەرسەختە بە فەوت بچێ. ئەمەی بەسەری هاتووە، حاڵەتێکی کاتییە و تێ دەپەڕێ ، دەبێتەوە، بە مامە وەهابەکەی جاری جاران. ئا.. شەوە و دنیا کشوماتە و ئەو دانیشتووە دەخواتەوە و من سەیری تەلەڤزیۆن دەکەم، کە سەری باس و بنی باسی لەبارەی شەڕەوەیە. ئەو بەپێچەوانەی سالانی لەوەبەرییەوە کە سەرباری سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆیەکی ترانسستەریشی دەنا بە بناگوێیەوە، ئێستا کە باس لە شەڕێکی دۆزەخییە و خۆشمان لە ناوجەرگەیداین، تەنانەت بەلاچاوێکیش تێی ناڕوانێ!. لە بریی ئەوە لە پڕێکدا، دەنگی هەنسکهەڵدانیم دێتە بەرگوێ و ڕادەچەنم. ئاوڕی بەلادا دەدەمەوە و دەبینم، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەتەوە و چۆڕاوگەی فرمێسك لە چاوانیەوە، دادەڕژێتە کۆشییەوە. ڕادەپەڕم و دەچم بەلایەوە. – مامە گیان چ خێرتە؟!. بۆچی دەگریت و... وەڵام نییە. تەنانەت لەوە ناچێ، ئاگای لە بوونی من لە تەنیشتییەوە هەبووبێ و هەبێ. کاتێکیش لێم بە ئاگا دێ، تەنیا چاوێکم بۆ هەڵدەبڕێ و ئیتر، دای دەگرێتەوە و لەسەر ئەو حاڵەی بەردەوام دەبی. منیش سەرم سوڕماوە و نازانم چی بکەم!. دۆش دادەمێنم و خامۆش بە تەنیشتییەوە دادەنیشم. گوێ بۆ هەنسکە بە کوڵەکانی ڕادەدێرم و چاو دەبڕمە فرمێسکە داباریوەکانی ناو کۆشی و سەرسام دەبم. بگرە تاسێکی قووڵ دەمباتەوە و هەرچەند بیر و هۆشمی بۆ هەڵدەگوشم، زەفەر بەهۆی ئەو حاڵە دڵپرووێنەی نابەم. تا ئەو خۆی وەك وڕێنە بکا، لە نێوان هەنسکەکانیەوە لەبەر خۆیەوە پچڕپچڕ دەڵێ: دۆڕاوم.. من بەزیوم.. من خۆم دۆڕاندووە!. ئینجا بێ ئاوڕدانەوە بەلای مندا، دەست دەبا و قاپەکە دەنێ بەسەرییەوە. قومێکی پڕ بە گووپی لێ دەقلپێنێتە ناو دەمییەوە و یەکژەمی، دەیبلقێنێتە گەروویەوە. قاپەکە دادەنێتەوە و بەدوایدا، جگەرەیەك ئاگر دەدا و مژێکی قووڵ.. هێجگار قووڵی لێ

گیر دەکا. وەك بەو قومە قەبە و مژە قوولە سوکنایی هاتبێ، کوڵی هەنسك و چۆڕاوگەی فرمێسکی دەگیرسێنەوە. تەنیا بەدەنگی نزم لەبەرخۆوە دەڵێ: دۆڕاوم.. من دۆڕاوم.. من بەزیوم!. ئێستا ئیتر من شتێکی لێ حاڵی دەبم و وەهاشی تێ دەگەم، کە ئەو ئاگای لە من براوە و وا دەزانێ، بەتەنیایە و بۆ خودی خۆی دەدوێ. کەچی نا نەخێر.. ئەوەتا ئەمجاریش بێ لاکردنەوە بەلامدا، ڕوون و ئاشکرا دەڵێ: هاوڕێ بمناسە.. من مامە وەهابەکەی جارانت نیم. هاوڕێ تف و لەعنەتم بکە.. من خۆم پیس کردووە. من کۆڵم داوە و بەزیوم و سەرم بۆ دوژمن شۆڕ کردووە. هاوڕێ من.. من.. دیسان قوڵپی گریان زۆری بۆ دێنێ و دەنگی خەفە دەکا. سەری بەسەر سنگیدا دەخەوێنێتەوە. بەر لە چۆڕاوگەی فرمێسك بەرەڵا دەبێتەوە و دادەڕژێتەوە ناو کۆشی. دیمەنێکی پڕ لە ناسۆرە و دڵم دەگوشرێ. دیمەنی سەروسیماشی دەچێتە پاڵ کە لە شێتێکی پەتیارە دەچێ. دوای بەربوونی تا ماوەیەك، بەیناوبەین سەروڕیشی دەتاشی. بەیناوبەینێکیش خۆی دەشوشت و جلی دەگۆڕی. بەڵام ئەوە نزیکەی سێ مانگە، مانی گرتووە و هیچیان ناکا. سەر و ڕیشێکی چڕی بژ کە دووکەڵی جگەرە، ڕەنگە ماش و برنجییەکەی گۆڕیوە، بەڕەنگێکی دێزی زەردباو. ملێکی باریك و لەناو شان و شەپیلکێکی پووکاوەدا. قۆڵ و لاقێکی قالۆری و لەشێکی ڕەقوتەقی وشکهەڵاتوو. واتە تۆپەڵە چیلکە و چەوێڵێکی تێکچرژاو. ئا.. دڵم بۆی دەگوشرێ و نازانم چی بکەم!. تەنانەت قسەیەکی لەباری ئەوتۆشم بۆ نایەت، کە شایستەی ئەو حاڵە بێ. بڵێم چی؟! . ئاخر بەرامبەر بەو حاڵە و بەو دیمەنە و بەو قسانە بڵێم چی؟!. من هەر کڕوکاسم ورتەم لە دەم بۆ دەرناهێنرێ و ئەو، ئەمجارە دوای گیرسانەوەی کوڵی هەنسك و فرمێسك ڕشتنی، سەر بەرز دەکاتەوە و ڕووبەڕوو تێم دەڕوانێ و دەڵێ: هاوڕێ.. ئێوە لەخۆڕایی حیسابی زیندوو بۆ من دەکەن. من مردووم مردوو. من لەو ساتەوەی بەزیم و نووچم دا و کڕنووشم برد ئیتر مردم. تەنیا بە قاوغ لە ژیاندا ماوم، دەنا بە بیر و هۆش و هەست و نەست و بەدڵ و دەروون و بە گیان، هیچ پێوەندییەکم لەگەڵیدا نەماوە. قاوغێك و ناوی وەهابە. ناوێکی بەتاڵ لە ناوەڕۆك. هاوڕێ. . زۆر جۆر ئەشکەنجە دراوم.. زۆر جۆری سەخت و ستەمی گەیاندن بەلێواری مەرگ. بەڵام هیچ کامیان هێندەی ئەمیان گورچکبڕ نەبووە. لەو ساتەوە من ئیتر ڕۆژانە، سەد ئاوات بە جۆرەکانی تر دەخوازم. بگرە ئاواتخواستن بەوەی کە بەیەکێك لەو جۆرانە، بەفەوت بچوومایە و تووشی ئەمیان نەبوومایە.. ئەمیان کە ئازارەکەی لە بنهاتنی بۆ نییە.

هاوڕێ.. ئێستا من جگە لەویان، ئازارێکی سەختی تریش دەمپڕووکێنێ.. ئازاری ئەوەی کە دەستم ناچێتە خۆم و رزگارم ببێ و ئەویشیانی پێ بنبڕ بکەم. هەوڵم دا و بێ سوود بوو. ئێستا ئەمیان کۆکە و باشم دۆزیوەتەوە. هەرچەندە ڕێگەیەکی خاووخلیچکە و کەمێ درەنگی پێ دەچێ، بەڵام مسۆگەرە. عارەق و جگەرە و عارەق و جگەرە. بەشێنەیی دوو کۆئەندامی سەرەکیم بۆ دادەڕزێنن. تێم دەگەیت هاوڕێ.. دوو کۆئەندامی سەرەکی.. هەرس و هەناسە. بەدەمیانەوە دڵ و سووڕی خوێن و نەرمە گۆشت و ماسوولکەکانیش، گەندەڵ دەبن و دەپووکێنەوە. ئیتر چیم لێ دەمێنێتەوە؟!. ئێسك و پێست بە دیوی دەرەوەدا و هەناوێکی نەرمەلیقەی گەنیو بەدیوی ناوەوەدا. سا وابزانم چاکم نزیك کردووەتەوە. من زوو زوو سەیری لەش خۆم دەکەم و دڵنیا دەبم. ئەها تۆ بڕوانە هاوڕێ.. تۆ سەرنج بدە باسك و لاقم. نەبوونەتە قالۆر و قامیش؟!. ئەها تۆ لە قەفەزەی سنگم ورد بەروە. پەراسووەکانمت یەکە یەکە بۆ ناژمێردرێن؟!. تۆ.. تۆ.. تا ئەو کاتە تەنیا بەدانیشتنەوە، قۆڵی چاکەت و دەرەلنگی بیجامەکەی هەڵدەکشاندن و باسك و لاقی نیشان دەدام. کەچی کە ویستی دیمەنی سنگیم بخاتە بەرچاو، بەلەقەلەق خۆی خستە سەرپێ و چاکەتەکەی داکەند. ئینجا فانیلە و پانتۆڵ و بەتوێی تەنیا دەرپێوە، بەرامبەرم راوەستا و وتی: هەموو رۆژێك دەیانژمێرم. تۆ سەیری ملیشم بکە ملم و کاسەی سەرم و هەردوو شانم. لە چی دەچن؟!. بەرەو خوار داکشێ و بڕوانە قەفەزەکە و خوارتر، بۆ لوولاق و قاچم. لە چی دەچن؟!. پەیکەرە ئێسکەکەی ژێر خاك و هێشتا بەسەر خاکەوەیە.. هێشتا لەسەر باری ستوونییە و نەچووەتە سەر باری ئاسۆیی. نەچووە و هێندەی نەماوە بچێ هاوڕێ. پێنج و دوو ڕۆژێك و ئەو دەچێتە سەر ئەو بارەی، کە نەخشەم بۆ کێشاوە و منیش ببڕای ببڕ رزگارم دەبێ. نە هەبووم و نە هەم و نە دەبم. بێ ئاگای بێ ئاگام لە هەرچییەك بووە و دەبێ و بۆ هەتاهەتایە حەساومەتەوە. دەردی دڵیشم بۆ کەس هەڵنەڕشتووە. کەس نەیزانیوە چی بووە و بۆچی وەهام لێ بەسەرهاتووە؟!. ئەو هاوڕێ وەهابە شێرەی کە کون لە جەرگیدا نەبوو، چۆن بوو بەم ڕێوییە گەڕە نەفرەت لێکراوە؟!. هاوڕێ تکایە و دەستم دامێنت.. ئەو دەردەدڵەی هەڵم ڕشت تەنیا بۆ خۆتە.. بۆ خۆتێك کە هۆگری و خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەرم بۆت، هانی ئەو هەڵڕشتنەی داوم و تۆش خۆت و ویژدانت. تکایە وای دابنێ کە من نە هەبووم و نە هەم و نە دەبم. هەبوویەك کە بەدرێژاییی ساڵانێك، جارانی جار بەویستی خۆی هەبوونی خۆی سەلماندبێ، کەچی یەك جار بەویستی

کـەسانـی تـر نـەبـوونـی بسەلمێنرێ، ئـیـتـر بـۆچـی هـەبـووبـێ و هـەبـێ و ببـێ؟!. ئـیـنـجـا هـاورێ.. بـەلایـەك ئـەوە من و بـەسـەرهـاتی من و بـەلایـەکیش لـە پـاداشتی گوێ لێگرتنیدا، ئـەم پـەند و ئـامـۆژگـارییـەی لـێ دەسگیر بـخـە: نـەکـەی بـوار بـدەی، بکـەویـتـە داوی شـای ئـەشکـەنجـەکانـەوە. ئـەشکـەنجـەی بـە زینـدوویـی لـەت لـەتکـردن، لـەچـاو ئـەشکـەنجـەی دوای خۆدۆڕاندندا پـەشمـەکـە. بـێ خـەم تـا دوا تنـۆکی ئـەویـان بـنـۆشـە و لـە تـۆزقـاڵی ئـەمیـان مـەچـێـژە و هـەر تـۆ بـراوەیت. ئـەویـان زوو یـا درەنگ دەتـفـەوتـێـنـێ و دەبـرێـتـەوە و ئـەمیـان، نـە زوو لـە فـەرهـەنگیدا هـەیـە نـە درەنگ.. هـەر دەیـچـێـژێت و هـەر دەیـچـێـژێت و نـابـڕێـتـەوە. هـاورێ نـابـڕێـتـەوە.. بـەمـردن نـەبـێ نـابـڕێـتـەوە، کـە ئـەوەتـا من بـەو دەردیسـەرییـەی دەیبینی دەسگیری دەخـەم کـاتێ قسـەکـانی تـەواو کـردن و بێدەنگ بـوو، ئـەوسـا لای کـردەوە بـەلامدا و سـەرنجی لــەسـەر ڕاگــیـر کـردم. بـریسکـەیـەکی دڵـئـارامـیـم لـە چـاوە پـووکـاوە بـەقـوولاچـووەکانیدا بینی. بـریسکـەی حـەوانـەوەی دوای تـەقـانـدنـی دوومـەڵێك. لـە نـێـوان ریش و سمێڵە چـڕە دێزەکـەشییـەوە، هـەستـم کـرد کـزە زەردەخـەنـەیـەکـم بـەڕوودا دەدا. تـەنـیـا هـێنـدە و ئـیتر وەرچـەرخـایـەوە بـەلای قـاپـە عـارەقـەکـەدا. قـومێکی تـر و جگـەرەیـەکی تـر و دوای دووسـێ مـژی قـووڵ ، بـەدەنگێکی بـڕ لـە کـەسـەرەوە وتـی: بـەزیـوم و بـەزیـو هـەقـی ژیـانـی نـامێنێ. تـێکۆشـەر بـۆ بـەدیهـێنـانی ئـامـانجێك دەژی. کـە بـەزی ئـیـتـر لـە ئـامـانـج بـەدیهـێنـان دەکـەوێ و لـەگـەڵیدا، ژیـانیشی دەبێتـە کـەفـاوێکی چـڵکن.. بڵقێکی سـەر ئـاو.. بـۆگـەنـاوێك. من ئـەگـەر بـژیم بـۆ لـەمـەودوا، بڵێم چـی و چـی بکـەم و چۆن هـەڵبسووڕێم؟!. بـەیـانـی ڕوو لـە کـوێ بکـەم و عـەسـر بـۆ کـام و کـام لا بـچـم و شـەو لـە کـوێ بگیرسێمـەوە؟! سڵاو لـە کـێ بکـەم و بـۆ کـێ بـدوێم و کـێ وەڵامـم دەداتـەوە؟!. بیـابـانێکی کـاکـی بـەکـاکـی و بـێ پـەروا بـە بـازنـەیـی تـیـایـدا بـخـولـێمـەوە!.. نـا.. وەهـاب یـەکـجـار بـێ غیرەتی دەنوێنـێ و دووبـارەی نـاکـاتـەوە. ئـا بـەڵـێ وەهـا.. کـەچـی جـەنـابـی مقـەدەم ئـەمـجـەد وا نـاڵـێ. لای ئـەو من بـە ئـایـەك دەژیـم و بـە نـەئێك دەمـرم. نـەئـەکـەم لـەوەبـەر وتـووە و مـردنـەکـەی بـە بـالا بـڕیـوم. مـاوەتـە سـەر ئـایـەك کـە هـەر هێندەی لـە زارمـم دەرفـرتـانـد، ژەهـری نـەئـەکـە لـە کـار دەخـا و هـەنگوینـی ژیـانـەوەم دەتـکـێنێتـە نـاو دەمـەوە. کـەوا بـێ ئـێستـا عـیـزرائـیلی من ئـەوە. لـە حـزووریـدا بڵێم ئـا دەژیـم و نـەیڵێم، مـردنـەکـە لـەسـەر پـێیـە. چـوار مـانگـە کـراوەتـە ئـەو عیزرائیلـەم. ئـاخـۆ لـەو مـاوەیـەدا ڕاپـۆرتی چـۆن چۆنیی لـە بـارەمـەوە نووسیبـێ؟!. چـەنـد جـار هـاتـبێتـە سـەر گـیـانـکـێشـانـم و دوای خستبـێ؟!. ئـەو سـاتـەی بـۆ یـەکـەم جـار دەرگـەی لـەسـەر ئـا و نـەئـەکـە کـردەوە، من پـێکـەنـیـنـم بـەدیمـەنـەکـەی هـات. هـەردوو ئـانـیشـکـی

نیشاندبووە سەر مێزەکە. هەردوو قۆڵ و مەچەکی بەرز کردبوونەوە. پەنجەکانی هەردوو دەستی، بەجۆری چنگاڵەکەی کابرا لە یەکتری ئالاندبوون وەهای دەجووڵاندن، کە دەتوت هەڕەشەی گیانکێشانمی پێ دەکا. دیمەنەکە وای لێ کردم بەبێ ئاگا لە خۆم بڵێم: جەنابی عیزرائیل نەء!. ئەویش وەك ئان و سات هەستی کردبێ، خێرا پەنجەکانی لە یەکتر بەردان و قۆڵ و مەچەکی بردنە دەرەوەی سەر مێزەکە. یەکەم جار خستنییە کۆشییەوە. ئینجا بردنی جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی پێ دەرهێنان و پێی ئاگر دان. بەدوایدا ئیتر تاقەتی قسەکردنی نەما و کۆتاییی بەدانیشتنەکە هێنا. کەچی وەك کێچ چووبێتە کەوڵی، سەعاتێکی پێ نەچوو ناردییەوە بەدوامدا. هەوڵی دەدا ئارام خۆی بنوێنێ و شپرزە بوو.. شپرزەی هەستکردن بە بەزین لە بەرامبەر نەئەکەمدا. وتی: هاوڕێ.. وابزانم باوەڕت پێ نەکردووم. حەز دەکەم راستم پێ بڵێیت: باوەڕت بە بەڵێنەکەم هەیە، یا بەلاتەوە تەنیا فرتوفێڵێکە؟!. من هیچم نەوت. ئەو وەك خۆی ئامادە کردبێ، بینی گرت و وتی: ناهەقت نییە باوەڕ نەکەیت.. قەت ناهەقت نییە. دوژمنێکی سەرسەختی رژێم و حوکم دراوە بەلەسێدارەدان. کابرایەك دێ پێی دەڵێ ئەگەر تەنیا ئایەك لە زارت دەربیری، من لەو مراندنە رزگارت دەکەم!. دیارە کە ئەمە ئەقڵ نایگرێ. بە تایبەتی ئەقڵی یەکێکی وەکو تۆ. ئەقڵی پیاوکوژ و دز و جەردەیەك و تەنانەت نەیارێکی ساکاریش دەیگرێ و تۆ نەء. تۆ تەواو هەقتە. بەڵام ئاخر منیش لەلای خۆمەوە، کە لەخۆڕاییی تۆم نەهێناوەتە ئێرە و بگرە بەبێ مەڵامەت تۆم پێ نەسپێردراوە، هەقمە دڵنیا بم کە درۆت لەگەڵدا ناکەم و فریوت نادەم. ئەوە چەند جارێکە دەیڵێمەوە کە تۆ پیاوێکی زیرەك و وریایت. تۆ دەبێ ئەوە بزانیت کە دوو ئەفسەری پلە نزمی وەك من و سامر، لە خۆمانەوە و وا سووك و ئاسان ئەو بەڵێنە نادەین. هاوڕێ.. سەرەتا من تۆم بەکابرایەکی ئەوەندە بێ ئەقڵ... ببوورە.. سەرسەخت نەدەهاتە بەر زەین. من زۆرم بەلاوە سەیرە!.. زەلامێك حوکم دراوە بەلەسێدارەدان و ها ئەمڕۆ ها سبەینێ، ئیمزایەکی بۆ دەخرێتە سەر پارچە کاغەزێك و ئیتر لە ماوەی سێ چوار دەقیقەیەکدا، دەبێتە جەستەیەکی بێ گیانی بەخۆدا ڕیاو و لە چاڵێکدا حەشار دەدرێ و ساڵ نابا، ریزێك ئێسك و پرووسکی لێ دەمێنێتەوە. بەڵام لە دوا ساتی پێش ئەو ئیمزایەدا، دەستێکی رەحمەتی بۆ پەیدا دەبێ و پارچە کاغەزێکی بۆ رەت دەکا و دەڵێ: تەنیا بنووسە ئا و ژیانێکی نوێت بۆ دەنووسرێتەوە، کەچی لەقەی لێ دەدا و ئەو هەلە زێرینەی لەدەست دەچێ!. هاوڕێ تۆ بێتامی دەکەیت!.. بیروباوەڕ؟!.. ئامانجی

پیرۆز؟!.. وەفاداری؟!.. خۆڕاگری و نەبەزین و فیداکاری و نازانم چی و چی؟!. هاوڕێ مەسەلە مردنە مردن.. خۆ خۆت لە من باشتر لەو راستییە ئاگەداریت، کە مرۆڤ یەك جار دەژی و یەك جار دەمرێ و کە مردیش، ئیتر ببڕای ببڕ هاتنەوەی بۆ نییە. تۆ بە مۆڵەتێك ناچیتە ئەودیوی مردنەوە و دوای ماوەیەکی نزیك یا دوور بێیتەوە. ئەو رۆیشتنەی رۆیشتیت گەڕانەوەت بۆ نییە. دڵنیاش بە کە لە دوای مردنت، لە دوو قسەی هیچوپووچت بەولاوە بۆ ناکەن. ئەویش تەنیا ماوەیەکە و لە بیر دەچێتەوە. تا وای لێ دێ کە کەس نازانێ رۆژێك لە رۆژان تۆیەك هەبوویت. یا وا گریمان پەیکەرێکی زەبەلاحیان لە مەیدانێکی فراوانی ناوجەرگەی شارەکەتدا بۆ کردیت و دەوروبەریان بە گوڵ و گوڵزار رازاندەوە. ئەوە بە تۆیەکی بەئێسك و پرووسکبوویەکی رزیوی ناو گۆڕێکی رەنگە ونیش چی؟!. چ جۆرە چێژ و خۆشییەك بەو جۆرە تۆیە دەبەخشێ؟!. تۆ رەنگە ئێستا لە دڵدا بپرسیت: ئەی خۆت؟!. خۆ تۆش خۆت بەخاوەن بیروباوەڕ و بەهای پیرۆز دەزانیت. لە وەڵامدا دەڵێم: دڵنیابە بۆ خۆشم وەهای تێ دەگەم و لە جێی تۆ بوومایە، یەك چرکەسات لەسەری نەدەوەستام و دەموت ئا. بەلای منەوە پاڵەوان ئەو کەسە نییە کە خۆی بە دەردی تڕی بنگۆم دەبا. بگرە ئەو کەسەیە کە بەهەر شێوەیەك بووە، بتوانێ مردن لە خۆی دوور بخاتەوە و لە ژیاندا بمێنێ. من بۆچی و لە پای چی بەمردنێکی ناوەخت بمرم؟!. من کە لە نەبوونەوە هاتوومەتە بوون، بۆ ئەوە نەهاتووم هەروا بەئاسانی مل بدەم فڕێ بدرێمەوە ناو توونێلی نەبوون. دەبێ خولی سروشتیی خۆم تەواو بکەم. گوایە دەتەوێ منێك کە تەمەنم هێشتا سی و پێنج ساڵە و رەنگە خولە سروشتییەکە، بمگەیەنێتە حەفتا و هەشتا و ڕەنگە سەدیش، بوار بدەم لەوێدا لێمی بقرتێنن؟!. یا لە حاڵەتی وەك ئەمەی تۆدا، عیزرائیل سواری سنگم بووبێ و بەوتنی (ئا)یەك، بۆ سالآنێکی دوور و درێژ وازم لێ بێنی و کەچی بڵێم (نەء)؟!. ئاخر ئەمە کەی رەوای حەقە و بگرە ئەمە چ ئەقڵێکە؟!. ئەو لێرەدا خۆی بێدەنگ کرد. پێوەی دیار بوو کە لە قسەکانی خۆی رازییە. من وتم: گریمان تۆ راست دەکەیت و تەفرەم نادەیت. ئەی کێ دەڵێ تۆ خۆت تەفرە نادرێیت و هەر هێندەی ئایەکەت لێ وەرگرتم، پشت لەو بەڵێنە ناکەن کە بەمنت داوە؟!. وتی: نا.. ئەوە روو نادا. چونکە خودی ئایەکەت گەرەنتییە و پەتەکەت لە مل دادەماڵێ. کەمێ بۆ وەڵام ڕامام و بیرێکی وردم لێ کردەوە. ئینجا ریزم بەقسەوە گرت و وتم: گوێ بگرە ئەمجەد.. با پێشەکی بۆت روون بکەمەوە کە ئەو پەتلەملنانە، بۆ فەوتاندنی خودی ئەم کەللەسەر و ئەم لەشولارە و ئەندامەکانی

نییە، بگرە بۆ تووناکردنی ئەو هێزە زەبەلاحەیە کە تیایاندا جێگیرە و دەبزوێ و توانای تەقینەوە و تەقاندنەوەیەکی ئەفسانەییان هەیە. ئینجا وەکی تر تۆ هەرچۆنێکی بهێنیت و ببەیت، هیچ لەو راستییە زەقە ناگۆڕێ کە تۆ ڕاوچیت و من نێچیر. تۆ جەلاد و من قوربانی. تۆ بەدەسەڵات و من بێ دەسەڵات. خۆ ئەگەر مەسەلەش دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون بێ، ئەوا من تەواو بەپێچەوانەی تۆوەی تێ دەگەم. ئەمە ئەگەر گریمان تۆ راستگۆیانە و لە دڵەوە کردووتن و کە باوەڕم نییە وابێ. چونکە تۆش خاوەنی بیروباوەڕێکیت کە بۆی دڵسۆزیت و ئەوەتا، ئەو هەموو ئەرك و ماندوویێتییە لە پێناویدا، بەدەست منەوە دەکێشیت. ئامانجیشت دەرکێشانی ئایەکەیە لە گەرووم و ئەوسا ئیتر، قاقایەکی گاڵتە پێهاتنم بە ڕوودا دەدەیت. یا دەشێ لەوە گورچکبڕترم لەگەڵدا بکەیت و بۆ ئەتککردن، بمهێڵیتەوە و وەك مەیموونێك هەڵم پەڕێنیت. ئەمجەد.. ئەگەر لە ڕاستگۆیی قسەکانت دڵنیا بوومایە، ئامۆژگارییەکی برایانەم دەکردیت، کە دەمت بدروویت و ئەو جۆرە قسانە لەلای کەس نەکەیت، چونکە سەرت بەفەتارەت دەدەن. ئێوە لوتفتان بەرامبەرم زۆر نواندووە و من لە عۆیەیدا، هیچ توانایەکی ئەجردانەوەتانم نییە ئەوە نەبێ تکاتان لێ بکەم، کە لەوە زیاتر ئازاری گیانی منیش و خۆشتان مەدەن. تکایە لێم تێ بگەن کە من لەلای خۆمەوە، مردووم و بڕاوەتەوە. تەقەلادانی ئێوە بۆ زیندووکردنەوەم، مەحاڵە و ئاسنی ساردکوتانە. یا وا گریمان بەڵێ لە دڵەوەیە و گوێ بگرن بۆتانی شی بکەمەوە. ئێوە بەو کارەتان داهاتووم پێ دەبەخشن و لە بەرامبەریدا، رابردووم لێ زەوت دەکەن. زەوتکردنی رابردوو بۆ من، مانای لیخنکردنی داهاتووەکە و بگرە بۆگەنکردنێتی. سا من چ دڵێك بەوەها داهاتوویەك خۆش بکەم و لە پای چی، ئەو رابردووە گەشەمی لە پێناودا رەزیل و ریسوا بکەم؟!. ئەمە جگە لەوەی کە وەك وتم، هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕم بە بەڵێنتان نییە. من بێدەنگ بووم و ئەویش، وەك قسەی نەمابێ بیکا خامۆش بوو. کەچی لە ناکاوێکدا قوت بووەوە و سەرنجێکی درێژخایەنی دامێ. دەتوت نیازی درکاندنی نهێنییەکی هەیە و دەیەوێ، لە نیگای مندا باری گونجاوی دەربڕینی بۆ بدۆزێتەوە. کەمێ سەری هێنا و برد و ئینجا وتی: هاوڕێ.. تۆش گوێ بگرە روونکردنەوەیەکت بخەمە بەر زەین و ئەوسا دوا بڕیارت بدە. تۆ خۆت لە سەرەتادا کە هێنامانیت، ترسێکی وەهات لە دڵ گەڕابوو، کە ڕەنگە جۆرە تاقیکردنەوەیەکی کوشندەت لەسەر بکەین و تەنانەت باسی بە قیمەکردنت کرد. ئێستا حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە ئێمە، سەر بەسەنتەرێکی

لێکۆڵینەوەی تایبەتین لە بواری سایکۆلۆجیادا. ئینجا ئێمە کە ئەو دەزگای بەقیمەکردنە نەبین، هەڵبەت دەبێ دەسەڵاتی پێچەوانەکەیمان پێ درابێ. واتە بەقیمەنەکردنت و واتە، داماڵینی پەتی سێدارەکە لە ملت. تکایە هاورێ.. تێم بگە دەڵێم چی!. من نەرمە پێکەنینێك گرتمی و وتم: تێت دەگەم ئەمجەد.. بەڵام رژێمەکەی تۆ لەو بابەتەیە، کە لە پێدانی ئەو دەسەڵاتیاندا تا بڵێیت بەخشندەیە و لەمیاندا، تا بڵێیت رەزیل و پیسکەیە. من بە دووری نازانم تۆ نیازپاك بیت و بەڵام، هێشتا ئەم راستییە هەرە زەقەت سەبارەت بە ڕژێمەکەت لە لا ڕوون نەبێ. ئەوسا سەرنجێکی قووڵیتری دامێ. ئیتر بەدەم سەر بادان و ملچەیەکی ناڕەزاییەوە، هەڵسا و جێی هێشتم و سامریش بەدوایدا.

***

لە بەیانیی زووەوە بە بەرپەنجەرەکەدا دێم و دەچم. ڕۆژانی پێشووش دەمکرد. لەوێوە چکێك لە جیهانی دەرەوەم دەبینی. تیلماسکێك لە ئاسمان، بە هەورەی یا ساماڵ. تیشکی خۆر و هەتاو کە تارمەکە بەری گەیشتنی بۆ ناو پەنجەرەکە لێ دەگرت و قەت، بەشی منی ڕاستەوخۆ تێ نەدەکەوت. باران بەلێزمە و تاو و بەنەرمە و شنەی شەماڵ و گڤەی با و ڕەشەبا. دار و درەخت و گژوگیای ناو حەوشەکە و چۆلەکە و بلبلی تیژفڕ و کۆترەشینکە و کوکوختیی سەر دارخورماکان. هاتوچۆی ئەمجەد و سامر و ئوسامە و جەمیل لە نێوان ئەمبەر و ئەوبەردا. ئا بەڵێ... ڕۆژانی پێشووش دەمکرد. بەڵام ئەمڕۆ جیا لە ڕۆژانی پێشوو، لە شێوەی چاوەچاو و سەرەتاتکێدایە.. شێوەی چاودێریکردن و چاوەڕوانی و (نایشارمەوە)، تێکەڵ لە جۆرێکیش دڵەڕاوکێ و نائارامی!. ئەگەرچی ئەمڕۆش بەدەستووری ڕۆژانی پێشوو، سینییە بەرچایی و ڕۆژنامەکان بۆ خراونەتە ژوورەوە و بەهەمان دەستووریش، دەچم دەیانهێنمە بەردەمم و بۆیان دادەنیشم، کەچی نە مەیلم دەچێتە سەر خواردن و نە ئارەزووی خوێندنەوەشم لەلا دەبزوێ. بەلایانەوە دەنێم و ڕێچکەی هاتوچۆ دەبەستمە بەرپەنجەرەکە. بگرە زۆربەی کاتمی بەچاودێریکردن و چاوەڕوانییەوە لەبەردا بەسەر دەبەم. – بۆچی ئەمڕۆ وەهایت و وا دەکەیت؟!. – قسەکەی دوێنێی ئەمجەد. خۆ عەیب نییە.. تەنانەت ئەویش بەجۆرە بێ ئارامییەکەوە دەری بڕی و وتی: هاورێ.. سبەینێ دێن دەتبەنەوە. ڕاست بەچەشنی (وەرە دەرەوە)کەی ئەو ئێوارەوەختەی، لە ژووری لەسێدارەدانەوەیان دەرهێنام بۆ ئێرەم بێنن. خورپەیەکی تیژ بەهەناومدا تێسکەی کرد و جەستەمی ڕاچەناند. من تا

ساتی کردنی قسەکە، هیچ نیشانەیەکی پێشینەیم هەست پێ نەکردبوو. ئەوانیشم وا هاتنە بەرچاو کە بۆیان لە ناکاو بووە. دانیشتنەکەی بەیانیمان ئاسایی بوو. باسمان هەر لە ڕووداوەکانی یەکەتیی شوورەوی و وڵاتە سۆشیالیستەکان بوو. ڕۆژانێك بوو دەمەتەقێمان لەو ڕووەوە گەرم بووبوو. ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە شیوعییەت نەك تەنیا  لەو وڵاتانەدا، بگرە وەك بزووتنەوەش لە سەرانسەری جیهاندا، ڕوو لە هەرەسهێنان و تووونابوونە. ئینجا بەسەر منیدا دەشکاندەوە و دەیوت: کە ئەوە ئاکامەکەی بێ، ئیتر تۆ بۆچی لە خوتوخۆڕایی خۆت بەفەوت دەدەیت؟!. لە وەڵامیدا من دەموت: ڕاستە کە شیوعییەت وەك هەر بزووتنەوەیەکی تر شکست دەخوا و نووچ دەدا، بەڵام بەپێچەوانەی هەمووانەوە، محاڵە بفەوتێ و تووونا ببێ. چونکە گەراکەی لە بەرەبەیانی مێژووەوە.. لەو کاتەوەی چینایەتی لە ژیانی مرۆڤدا سەری هەڵدا هەیە. مرۆڤایەتی بەدرێژاییی هەزاران ساڵەی تەمەنی، لەگەڵ خۆیدا بەکێشی کردووە و بەردەوام لە ڕووی زۆر و جەور و چەوسانەوەدا و هەر سەردەمەی بەشێوەیەك، دەنگی نارەزایی و بەگژداچوونی بەرز کردووەتەوە. خۆ لەم شێوە تازەیەشیدا کە ئێستا تۆ دەبینیت و بەشادمانییەوە بانگی تووونابوونی بۆ هەڵدەدەیت، تەنیا لە نیوەی دووەمی تەمەنیدا، لە چەند وڵاتێکدا لێرە و لەوێ بەکردەوە کاری پێ کراوە. تۆ دەبێ ئەوە بزانیت کە ڕەگی شیوعییەت هێندە لە قووڵاییدایە، بەم جۆرە شکستانە هەڵناکەندرێ. تا چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بمێنێ ئەویش دەمێنێ، ئەگەرچی شێوەکەشی بگۆڕدرێ. چونکە ڕەگی لەگەڵ ڕەگیدایە. ئاخۆ دەتەوێ نەیهێڵیت.. ببڕای ببڕ بیفەوتێنیت.. لە ڕەگ و ڕیشەوە تووونای بکەیت؟!. چاکە و ئاسانە!.. زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە لە ڕەگ و ڕیشەوە تووونا بکە و ئیتر ئێوەش، ئێوەی مقەدەم ئەمجەدەکانی سەر بەسەنتەری لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆجی و چەندان و چەندان سەنتەری لەم بابەتە و بابەتانی تر، لە سەرئێشەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمەومانانداا ڕزگارتان دەبێ و بەدوایدا سەرتان و سەرمان سووك. ئەمجەد.. قەت دڵت بە هەرەسهێنانی وەك حوکمڕان خۆش مەکە. تۆ سەرنج بدە و بزانە لە کوێوە قسە دەکەم. گریمان تەنانەت لە یەکەتیی شوورەویشدا کە قەڵا سەختەکەیەتی، وەك حوکمڕان هەرەسی هێنا. باشە و من لێت دەپرسم: ئەو ڕژێمەی دێتە جێگەی ئەو، کۆتاییی بەچەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دێنێ؟. دەزانیت من خۆم چ وەڵامێك دەدەمەوە؟. دەڵێم: ئەگەر کردی ئەوا ئەم دەبێتە شیوعییەتێکی ڕاستەقینە و ئەوەی پێشوو درۆینە. لە کاتێکدا من دڵنیا دڵنیام،

کە ئەنجام بەپێچەوانەوە دەبێ و ڕژێم و حوکمڕانییەکی هار جێگەی دەگرێتەوە. ئا... بەیانییەکەی وەها دەدواین و تەنانەت وتم: لە ڕاپۆرتی ئەمڕۆتدا بۆ سەنتەرەکەت بنووسە، کە هاوڕێ ئامۆژگاریتان دەکا: بەدەلالەتی ڕووداوەکانی ولاتانی سۆشیالیستی، دڵ بەنزیکیی توونابوونی بزووتنەوەی شیوعییەت خۆش نەکەن. ئەوەی ڕوو دەدا، لە نووچدانێکی سەر ڕێگەیەکی دوور و درێژ بەولاوە نییە و نووچدانیش، قەت مانای تووناب‌وونی نەبەخشیوە و نابەخشێ. ئا... بەیانییەکەی وەها و کەچی دەمەدەمی عەسر کە بڕیار نەبوو دابنیشین، ناردی بەدوامدا و دوای ماوەیەکی زۆر ڕامان و حەپەسان، بەدەنگێکی پڕ لە پەژارەوە وتی: هاوڕێ سبەینێ دێن دەتبەنەوە. من دەمودەست بیرم بۆ دواین قسەکانی بەیانیم چوو. لە دڵدا وتم: دەبێ بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی لێ نووسیبم و ئەوانیش، کەللەیی بووبن و داوای ناردنەوەمیان بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکە کردبێ!. لە دڵیشمدا نەهێشتەوە و دامە ڕووی و وتم: دیارە ڕاپۆرتەکەت نووسیوە و بردنەوەکەشم لەسەر پێشنیازی تۆیە. کەچی هێندەم نەزانی بەبیستنی قسەکەم، مستەکۆڵەیەکی توندی کێشا بەسەر مێزەکەدا و ڕاچەنییە سەرپێ. بە توورەییەکی لە ڕادەبەدەرەوە وتی: نەخێر جەناب... لە کەللەپووتیی خۆتەوەیە.. لە ڕۆح زلی و لووتبەرزی و سەرسەختیی پووچ و بێ مانای خۆتەوەیە!. بەدرێژاییی چوار مانگی پێشوو، قەت هێندە توورەم نەدیبوو. بەدوایدا ماوەیەکە بە دوو چاوی ئەبڵەقەوە تێمی ڕوانی. ئینجا سەیرێکی سامری کرد کە هێمن و کشومات لە جێی خۆی دانیشتبوو. وەك دیمەنەکەی ئەو وریای کردبێتەوە، خاو بووەوە و لەسەرخۆ دانیشتەوە. لەبەرخۆش وتی: هاوڕێ.. ئێستا ناچارم ئەوەشت لا ئاشکرا بکەم ماوەکەمان چوار مانگ بوو، کە ئەوەتا سبەینێ دێن و دەتبەنەوە و بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەشت دەبەنەوە. من سێ ڕۆژە هەوڵی درێژکردنەوەی ماوەکەت بۆ دەدەم و هێشتاش بەردەوامم. هاوڕێ.. باوەڕم پێ بکە کە ئێستا من و سامریش لەگەڵمدا، لە دڵەوە و بەدەر لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی پێمان سپێردراوە، حەز بە ڕزگارکردنت لە مردن دەکەین. پێمان حەیفە بەفەوت بچیت. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر کورتمان لە بەردەمدا ماوە، بەڵام هێشتا هیوابڕاو نین و تکایە خۆشت یاریدەمان بدە. ئەگەر بە تەنیا ئێمە خۆمان بکرایە دەمانکرد. بەداخەوە ناکرێ.. بێ هاوکاریی تۆ لەگەڵماندا ناکرێ. تکایە لە کەلی ئەو شەیتانە نەگریسە وەرە خوارەوە و ئێمەش و خۆشت ڕزگار بکە. ئێمە لە خەفەتخواردن بۆت و خۆشت لە مردن. ئەمجەد قسەکانی هێندە بە سۆزەوە دەکردن، کە

لەو ساتەدا هیچ گومانێکم لە ڕاستگۆییان لە دڵدا نەما. بەڵام ئان و ساتیش خەیاڵم بۆ لای مامە وەها چووەوە. دیمەنەکەی ئەو شەوەیم هاتەوە بەرچاو، کە وەك پەیکەرە ئێسکێك و تەنکە پێستێکی مەلمەلیی تێوە پێچرابێ، هەڵسابووە سەرپێ و بەرامبەرم ڕاوەستابوو. خۆشحاڵیی خۆی بۆ دەردەبڕیم کە ئەوەتا خەریکە، لە عەزابە دەروونییە گورچکبڕەکەی ڕزگاری دەبێ. جا گوایە من بهێڵم بەو دەردە بچم؟!. بۆ من خۆم ناناسم چیم و کێم؟! – نا ئەمجەد نا.. ناهێڵم بەو دەردە بچم. – کام دەرد؟!. – دەردی .. دەردی ها؟!... لە خۆم بە ئاگا دێمەوە و پێ دەکەنم و ئەوانیش!. ناهەقیان نییە. ئەوەی بۆ سەربڕین دەبرێتەوە پێ بکەنێ، ئەوان بۆچی نەء؟. ئەمجەد زووتر لە من پێکەنینە نابەجێکەی گیرساندەوە. چاوەڕێی کرد هەتا منیش کپ بووم و ئەوسا وتی: دەبوو زووتر دەرکم بکردایە کە تۆ کابرایەکیت، بنبڕ لە هەست و نەست و سۆز شۆراویتەوە!. دەبوو بمزانیایە کە تۆ لە مرۆڤێکی بەردین بەولاوە نیت! . دەنا فەرموو خۆت تاریفی خۆتم بۆ بکە و تێم بگەیەنە، تۆ چیت و چ جۆرە مرۆڤێکیت؟. لەوەدا بووم بەدوور و درێژی وەڵامی بدەمەوە و لە دڵدا وتم: زۆرم بۆ رستوون.. چ دادێك دەدا؟. نەمکرد و تەنیا وتم: وەك خۆت وتت: مرۆڤێکی بەردین. یا وەك خۆم دەڵێم: مرۆڤێکی مردوو. دەشکرێ هەردووکیان لەیەك بدەین و بڵێین: مرۆڤێکی مردووی بەردین. ئیتر بۆ ماوەیەك بینایی بەسەر سەروسەکوتمدا ڕوا و هەستم دەکرد، کە لە ڕادەبەدەر لە ئاستمدا سەرسام و سەراسیمەیە!. لە کاتێکدا من بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئاسوودە و دڵنیا بووم و وەك لە ڕوخساریشمدا خوێندبێتییەوە، بەبێزارییەوە هەڵسا و جێی هێشتم. چاوەڕێ بووم سامریش لەسەر پیشەی جارانی، وەکو ئەو بکا و نەیکرد. لە جێی خۆی مایەوە و دوای کەمێ، هێمن و لەسەرخۆ وتی: هاوڕێ.. حەز دەکەم لە منیشی ببیستی، کە هەردووکمان لە کانگەی دڵەوە پەرۆشی یارمەتیدانتین، بەڵێنت دەدەینێ دوای ڕزگاربوونەکەت، چۆنت حەز لە ڕێکخستنەوەی ژیانت بێ وا دەکەین. تکایە واز لەو سەرسەرختییە بێنە و بەقسەمان بکە. لە وەڵامیدا وتم: سامر .. منیش لە دڵەوە سوپاسگوزارم و حەز دەکەم ئەوەتان لەلا ڕوون بێ، کە کێشەکە تەنیا بەندی چوارچێوەی خودی خۆمە.. بەندی کەناڵەکانی ناخی خۆمە و بواری تێدا نییە هیچ کەسێك، بتوانێ توخنی بکەوێ و کاری تێ بکا. ئێوە کێشەکەی من تەنیا بە بارە رووکەشییەکەیدا دەبینن و دەیدەنە پاڵ، رۆح زلی و لووتبەرزی و سەرسەختی. لە کاتێکدا زۆر لەوە ئاڵۆزتر و قووڵتر و هەمەلایەنەترە. بە کورتی کێشە کێشەی من و

منە، نەك من و ئێوە.. ئێوەیەك كە دەتانەوێ یارمەتییەكی دڵسۆزانەم بدەن. ئێوە لەوەدا سەرتان سوڕ دەمێنێ، كە مەسەلە ژیان و مردنە و چۆن دەبێ لە ئاستیدا ئاوەها كەمتەرخەم بم. بەڵام لای من كەمتەرخەمی نییە و حاڵەتێكی ئاساییە، چونكە لە منداڵییەوە بەكۆڵمەوەیە و لەگەڵیدا راهاتووم و بگرە تێكەڵ بەخوێنم بووە. لەبەر ئەوە تكایە لەوە زیاتر خۆتان ماندوو مەكەن و وازم لێ بێنن بە ئەقڵ و بیر و هۆشێكی سافەوە بەرەو چارەنووسی خۆم بچم. من بێدەنگ بووم و ئەویش وەك دڵنیا بووبێ كە ئیدامەدان بە قسەكردن بێ سوودە، هەڵسا و ژوورەكەی جێ هێشت. شەوەكەی دوا هەوڵیان لەگەڵدا دام. ئەوان هاتنە لام درێژەی بدەنێ و من لە كورتی بڕیمەوە. ئیتر شێوەی دانیشتنی ماڵاوایيكردنی وەرگرت. برایانە بەدەم دەربڕینی خەم و پەژارەی پڕ لە سۆزەوە، ئەملا و ئەولایان ماچ كردم و جێیان هێشتم.

***

بەیانی كە بۆ یەكەم جار چوومە بەرپەنجەرەكە، هەورێكی دێزی چڕ بەری ئاسمانی كونبڕ كردبوو. شریخەی برووسكەدانیم لە شوێنێكی نزیكەوە دەهاتە بەرگوێ. وای بۆ چووم كە لەوێ دای ڕشتبێ و وتم: هەوری لێزمە و ڕەهێڵەیە و ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە، لێرەش لە ئان و ساتدایە. وەهاش بوو. بەجۆرێك دای دا كە دەتوت كوندەی سەر بەرە وخوار كردووەتەوە. لێشاوی باراناویی ناو حەوشەكە، سەری كردە ناو تارمەكەو تا بەرپەنجەرەكەی گرتەوە. بە تاو و نمە ریزی پێوە گرت و ماوەیەكی زۆری خایاند. ئێستا كە بۆ جاری چەند جارەیە هاتوومەتەوە بەرپەنجەرەكە، خۆشی كردووەتەوە و لێشاویش نیشتووەتەوە. كەمێ لەمەوبەر ئوسامەم بینی فڕكەی كرد بۆ ئەوبەر و ئەوەتا دێتیشەوە. وام دێتە بەرچاو دەستێكی نابێتە بەرباخەڵی كە شتێكی پێ گرتبێ و بەدەستەكەی تری، لایەكی چاكەتەكەی بەسەردا هێنابێتەوە هەتا تەڕ نەبێ. دەگاتە تارمەكە و بەبەرپەنجەرەكەدا تێ دەپەڕێ. دەستی لاچاكەتگرتووەكە بەردەدا و شتەكە وا دەبینم كە كاغەزە. دەزانم كە چوون و هاتنەوەكەی و كاغەزەكەش، سەبارەت بەمنە. بگرە هەر چوون و هاتنەوەیەك بۆ ئەوبەر و تەنانەت، هەر قسە و باسێكیش لەمبەر بكرێ، هەر سەبارەت بەمنە. ئاوڕ بەلای دەرگەكەدا نادەمەوە و لێم عایەنە، كە سامر لە ڕاڕەوەكەدا لە چاوەڕوانیی ئوسامەدایە.  ئەوەتا دەگاتە ئاستی و گوێم لە دەنگیانە دەدوێن. پێم عەیبە بەرپەنجەرەكە بەربدەم و بچمە نزیكیانەوە. هەر لە جێی خۆمەوە بە پەرۆشەوە گوێ هەڵدەخەم و لەبەر نزمیی دەنگ و دوورییان لێمەوە،

هیچیان لێ تێ ناگەم. خۆ گومانم نییە کە باسیان لە من و لە بردنەوەکەمە. کەچی حەز دەکەم بزانم دەڵێن چی!.. وا دەنگ و ڕەنگیان نەما و وا مەزەنە دەکەم، چووبنە ژوورەکەی ئەمجەد کە دەزانم لەوێیە. لەوەبەر کەم جار ڕێك کەوتووە چ ئەو چ سامر، شەو بمێننەوە و شەوی ڕابردوو یەکێك بوو لەو کەمە. ئەگەرچی لە سەردانەکەی شەوێدا ماڵاواییان لێ کردم و بەو حیسابە، دەبوو هیچ قسەیەکیان نەمابێ لەگەڵمیدا بکەن، کەچی بەیانی زوو هاتن و لە دەرگەوە ڕۆژباشیان لێ کردم. ئەمجەد بە جۆرە دوودڵییەکەوە، وتی: مەیلت لێ نییە کەمێ بدوێین؟. بێ ڕاوەستان وتم: نەء.. ببوورە. ئیتر ڕۆیشتەوە ژوورەکەی و لەوساوە دەرنەکەوتووەتەوە. بەڵام ئێستا ئەوەتا دەبینم لەگەڵ سامر و ئوسامەدا دێن و بێ ئاوڕدانەوە بەلامدا، تێ دەپەڕن و بەهەنگاوی خێرا بۆ ئەوبەر دەچن. کە بە بەرپەنجەرەکەشدا ڕادەبوورێ، هەر ئاوڕم بەلادا ناداتەوە. زۆری پێ ناچێ سامر و ئوسامە دێنەوە و دوو سەربازی چەکداریان بەدواوەیە. کەلەبچەیەك بەدەستی یەکێکیانەوە دەبینم. من هێشتا لە بەرپەنجەرەکەدام. هەورە تاڵە چڕەکە بەری ئاسمانی بەرداوە. پەڵەپەڵەیەکی لۆکەیی جێگەی گرتووەتەوە و ناوەناوە خۆرەتاو، لە نێوانیانەوە خۆی دەگەیەنێتە ژێریانەوە. کە دەگەنە ئاستی پەنجەرەکە، وا هەست دەکەم سامر ساتمەیەکی ڕاوەستان دەکا و پەشیمان دەبێتەوە. بەردەوام دەبێ و ئەوانی تریش بەدوایدا. ئێستا ئیتر ئەوەتان لە بەردەرگە شیشبەندەکەی ژوورەکەمدان. ڕوویان بۆ وەردەگێڕم و دەیانبینم. ئوسامە دەرگە دەخاتە سەرپشت و خۆی کەنار دەخا. سامر بەرەو ڕووم ڕاوەستاوە و سەیر دەکا و هیچ نالێ دوو سەربازەکە لە پشتییەوە لە چاوەڕوانیدان. وام دێتە بەرزەین کە تابووتێکیان لەبەر پێیاندا لەسەر زەوی ڕاکشاندبێ. سەرنج لە نێوان سامر و مندا وەها دێنن و دەبەن، کە دەڵێیت چاوەڕێی فەرمانی وەرگرتنی تەرمەکەی لێ دەکەن. تەرمەکە هێشتا لەبەر پەنجەرەکەدا لەسەر باری شاقووڵییە. ئەمیش وەکو تابووتەوانەکان چاوەڕێیە، سامر ببزوێ و فەرمان بدا. ئا.. دەبزوێ و ئەوەتا بەرەو ڕووم هەنگاو دەنێ. دێت و بەرامبەرم ڕادەوەستێ. بەدەنگی نزم و بە پەژارەوارییەوە دەڵێ: ئەگەر داخوازییەکت هەیە و ئەگەر دەزانیت، بەمقەدەم ئەمجەد و من دەکرێ بیڵێ. منیش بەدەنگی نزم دەڵێم: تەنیا بەجێهێنانی بەڵێنەکەتان، بە ئاگەدارکردنی دایکم سەبارەت بەچارەنووسم. ئا دایکە.. دایکە مریەمە پیرۆزەکەم. ئەوەتا لە دوا ساتەکانی ژیانمدا، باس تەنانەت لەگەڵ دوژمنی خوێنڕێژیشماندا هەر لە تۆیە. ئەمجەد پێشتر لە دوا

هەوڵیدا وتی: هیچ نەبێ لەبەر خاتری دایکت بڵێ ئا و هەر وتم: نەء. ئاخر چۆن بڵێم: ئا.. لە کاتێکدا تۆ خۆتی پیرۆز، چێنەری ئەو نەئە پیرۆزە بوویت لە گیانمدا. چ قوورەتە جەسارەت بکەم، لە فرمانی پیرۆزی تۆی پیرۆز دەربچم. دایە.. تەرمەکەم هێشتا لە بەرپەنجەرەکەدا، لەسەر باری شاقووڵییە و ئەوەتا دەڕوانێتە سیمای غەمگینی سامر. روانین لەو لادەدا و بە دوا مەڵبەندی دواین چوار مانگی تەمەنیدا دەگێڕێ. لەوێوە دەیگوازێتەوە بۆ لای تابووتەوانەکان، کە قنج لە چاوەڕوانیدا راوەستاون. دایکە.. تەرمەکە بەرەو لای تابووتەکە هەنگاو دەنێ و بەگەیشتنی، ئیتر لە باری شاقووڵییەوە دەچێتە سەر باری ئاسۆیی. لەوەبەدوا ئیتر بۆ هەتاهەتایە لە بزووتن دەکەوێ. بۆ هەتاهەتایە ورتەی لێوە نایە. ناکەوێتەوە سەرپێ و هەنگاو بەسەر زەویدا نانێتەوە. نە هەناسەی هەواهەڵمژین و نە هی ئاخ و ئۆف ، نە هی شادی و خۆشی هەڵدەکێشێ و نە دەیانداتەوە. نە دەخوا و نە دەخواتەوە. نە دەخەوێ و نە بەئاگا دێ. نە قسە دەکا و نە دەبیستێ. نە دەبینێ نە دەبینرێ. ناکڕێ و نافرۆشێ. ناپۆشێ و ناخرۆشێ. گازندە ناکا و لێی ناکرێ. خەفەت ناخوا و لێی ناخورێ. راونانرێ و ناگیرێ و ئەشکەنجە نادرێ. حوکم نادرێ و پەتی سێدارەی بۆ هەڵناخرێ. ئەمجەدەکان و سامرەکان نایهێنن گەمەی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆجیی لەگەڵدا بکەن. دایکە مریەمە پاکیزەکە.. تەرمەکە قەت پەشیمان نییە. ئەوەتا بە دڵ و دەروونێکی بێ گرێوگۆڵەوە.. بە بیر و هۆشێکی هێمن و هۆشیارەوە.. بەباوەڕێکی پتەوەوە بەدواڕۆژێکی رووناکی نزیك، یا دوور، یا تەنانەت زۆر دووری ئەو بزووتنەوەیەی خۆی لە پێناویدا دەکاتە قوربانی، بەرەو ناو تابووتەکە هەنگاو دەنێ. دەگاتە ئاستی و رادەوەستێ. بەر لەوەی تابووتەوانەکان رای بکێشنە ناوی، ئاوڕێك بەلای سامردا دەداتەوە و دەڵێ: تکایە ئەگەر توانیتان بەڵێنەکە بەجێ بێنن، ئەوەشی پێ ڕابگەیەنن کە یەکێ لە حەسرەتە گەورەکانی، نەبینینەوەی تۆ و شار بوو!.

مارتی ١٩٩٩ بۆ مایسی ٢٠٠١